PDF 4 KURD

پاش سینوهە

گەڕانەوەی خودای ئاتوون

کرستین ژاک و هوارد فاست

وەرگێڕانی: عیمران هاواری

کرستین ژاك و هوارد فاست

پاشسینوهه

گەڕانەوەی خودای ئاتون

ابو علي الكردي
تايبەت- منتدي اقرأالثقافي

وەرگێڕانی: عیمران هاواری
بەرگی سێیەم

چاپی یەکەم
2011

PDF 4 KURD

لەبڵاوكراوەكانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
زنجیرە: (٣٤٨)

ناسنامەی كتێب

پاش سینوهە/ گەڕانەوەی خودای ئاتون

- نوسینی: كرستین ژاك و هوارد فاست
- بابەت: ڕۆمانی مێژویی
- وەرگێڕانی: عیمران هاواری
- بابەت: ڕۆمانی مێژوویی
- نەخشەسازی و بەرگ : فواد كەوڵۆسی
- بەرگ: بەرگی سێیەم
- نۆبەت و ساڵی چاپ: یەكەم ، ٢٠١١
- شوێنی چاپ: چاپخانەی كەنج
- تیراژ: ١٠٠٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەگشتییەكان ژمارە سپاردنی: ١٣٨٧ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە.

ناونیشان: سلێمانی ـــ بازاڕی سلێمانی ـــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.
ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣), (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

PDF 4 KURD

پێرست

ڕونکردنەوەیەك لەبارەی فیرعەونەکانەوە ٧
ڕوداوێکی مێژوویی: ٨
میوانی ناوەخت ١٦
سینۆهە بەچ شێوەیەك ڕازی بوو..٢١
ناوچەی کپ ٢٥
"چەند نفر"دەردەکەوێت!! ٢٩
موتیە لەباتی سینۆهە ... .٣٩
"شنار و ڕامسیس" کوڕەکانی"ست هوس" لەگۆڕەپانی تاقیگادا ٤٠
موسا و ڕامسیس ٥٠
ئیزت یەکەمین عیشقی ڕامسیس ٥٨
موسا لەبارەگای گەشەدا ٧٦
جەنگی نێوان ڕامسیس و موسا لەگۆڕەپانی تیر هاوێشتندا ... .٨١
دیداری ئاشقانە و تۆڵەی ڕکابەریانە ٨٤
ڕامسیس لەپلەی نوسەری"کاتب"فەرمانڕەواییدا ٩٠
ئیزت وەڵامی نەخێر دەدات بە شنار ٩٤
دڵنەوایی ڕامسیس و دەستەڵات نواندنی موسا ١٠٠
موسا و کاهینی کۆشك..١٠٦
کچێك بەناوی"نفر تاری" ١١٣
فیرعەون لایەنگری"ڕامسیس"ی کرد ١٣٠
جێگری سەرۆك دڕکێکە لەچاوی"شنار"ی برایدا.................................١٣٣
موسا و جیهانێکی نوێ ١٦٦
هاتنی داگیرکەری"ترۆی"بۆ میسر ١٧٣
خودای ست یان ئەهریمەن ١٨٢

PDF 4 KURD

ئاشکراکردنی نهێنیەکانی "ئنخاس ئامون" ١٨٤
داگیرکەری "ترۆی" و شنار لەپلانگێڕیدا ١٩١
نفر تاری و "ڕامسیس"ی جێنشین ١٩٥
ئەو دیمەنەی "موسا"ی ڕاوەشاند ١٩٨
فیرعەونی نوێ ٢٠٤
جەنگی شمشێر و گۆچان ٢٠٦
موسا دور دەخرێتەوە ٢١٥
موسا لەشار و بازاڕدا ٢٣٥
ڕۆشتن بەرەو "کوش" ٢٤٦
بزیسکەیەك لەکۆتایی شەودا ٢٦٦
کاتێك دوو نامۆ بەیەکتر ئاشنا دەبن ٢٨٨
موسا لە وڵاتی "کوش"دا ٣٠٦
گـەڕانەوە ٣١٨
شاری زێڕین ٣٤٣
موسا و ماڵی "موسا ئاتون"ی پزیشك ٣٥٨
لەپایتەخت و لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا ٣٧٤
لەنیشتمانی دایکدا ٣٩٣
کاتێك موسا ڕوبەڕوی فیرعەون دەبێتەوە ٤٠٤
موسا و ژیانێکی نوێ ٤٢٨
فیرعەون لەترۆپکی خوێنخواریدا ٤٣٥
کۆیلەکان میسر بەجێ دەهێڵن ٤٥١

PDF 4 KURD

ڕونکردنەوەیەك لەبارەی فیرعەونەکانەوە:

فیرعەون نازناوی پادشایانی کۆنی میسرە کە زنجیرەی یەکەمی لەڕێی "رامسیس"ە وە بنیاتنرا تا ڕوخانی دوایین فیرعەونی زنجیرەی سییەم لەسەردەمی "بتاسە"دا.

میسریە کۆنەکان ناوی پادشاکانیان بە فیرعەون بانگ دەکرد و دەشیان پەرستن، لەم جۆرە پادشایانە سی زنجیرە فەرمارەوایی خۆیان بەڕێو برد وەك ئەمەی لای خوارەوە:

زنجیرە ١ و ٢ : ٣٢٠٠ –٢٩٨٠ی پ . ز، زنجیرەی سێیەم: ٢٩٨٠ –٢٩٠٠پ. ز، زنجیرەی چوارەم: ٢٩٠٠–٢٧٥٠ پ. ز، زنجیرەی پێنجەم: ٢٧٥٠–٢٦٢٥پ. ز، زنجیرەی شەشەم: ٢٦٢٥–٢٤٧٥پ. ز، زنجیرەی حەوتەم تا زنجیرەی دەیەم: ٢٤٧٥–٢١٦٠پ. ز، زنجیرەی یانزەیەم ٢١٦٠–٢٠٠٠ پ. ز، زنجیرەی دوانزەیەم: ٢٠٠٠–١٧٨٨ پ. ز، زنجیرەی سیانزەیەم تا زنجیرەی هەفدەیەم: ١٧٨٨–١٥٨٠ پ. ز، زنجیرەی هەژدەیەم: ١٥٨٠–١٣٥٠ پ. ز، زنجیرەی نۆزدەیەم(ئەو سەردەمەی کە سینۆهەی تێدا ژیاوە): ١٣٥٠–١٢٠٥ پ. ز. { هەروەها سەردەمی دوای سینۆهەش پەیگیری دەکەین}.

زنجیرەی بیستەم: ١٢٠٥–١٠٩٠پ. ز، زنجیرەی بیست و یەکەم: ١٠٩٠–٩٤٥پ. ز، زنجیرەی بیست و دووەم: ٩٥٥–٧٤٥پ. ز ، زنجیرەی بیست و سێیەم، و چوارەم و پێنجەم٧٤٥–٦٦٣پ. ز، زنجیرەی بیست و نۆیەم: ٣٩٨–٣٧٩پ. ز، و زنجیرەی سییەم: ٣٧٩–٣٤٢پ. ز .

PDF 4 KURD

ڕوداوێکی مێژوویی:

ناوم"موتی"یە، هاوڕێی"ست"ی هاوسەری"ست هوس"[1]م کە بەفیرعەون بانگ دەکرێت، "ست"ە لەمیسردا بەو کەسانە دەوترێت کە پیس و نەفرەت لێکراون بەواتا ئەو کەسەی کوڕ یان نەوەی ئەهریمەنە، بەڵام بۆچی فیرعەونەکان کە هەمیشە ناوی خوداکانیان لەخۆیان ناوە و هەڵگری ناوی خوداکان بون ناوی"ست هوس"یان لێ ناوە؟ چونکە شێوازی ئەم ناو لێنانە لەگەڵ ئەو ڕوداوانەی کە من دەمەوێت لێرەدا باسیان بکەم، هەروەها لەگەڵ پاڵنەر و هۆکاری نوسینی ئەم یادگاریانەدا پەیوەندیەکی زۆر بەهێزیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە کە ناچارم لێرەدا ئاماژەی پێبدەم. بۆ پەیبردن بەڕەگ و ڕیشەی ئەم ڕوداوانە پێویست بەوە دەکات کەمێك بگەڕێمەوە بۆ دواوە و ئەوەی لەزڕ دایکەکەم"موتی"ەوە بیستومە لێرەدا باسی بکەم. سەرەتا ئاماژە بەوە بدەم کە ناوی من لەناوی زڕدایکەکەمەوە سەرچاوە دەگرێت، لەڕاستیدا ئەو منی"بەکیپا"بانگ دەکرد، چونکە لەخۆشی خاوەنەکەیەوە ئەم ناوەی لێ ناوم، هەڵبەت بۆئەوەی بەهەڵەدا نەچن و وا نەزانن کە دایکم کەنیزەك بووە، دەبێت بڵێم ئەو-بەواتا موتی- خزمەتکار و یار و هاوڕێی پزیشکێکی پایەبەرز بووە کە چەندین قۆناخ و سەردەمی فەرمانڕەوایی فیرعەونەکانی بینیوە و ڕۆڵێکی گرنگیشی لە ژیانیاندا گێڕاوە. ئەو کەسەش"سینۆهە"ی زڕباوکی منە. ئەو ناوە بەواتا"سینۆهە" ئەویش زڕ دایکەکەی ئەو ناوەی لێناوە: "کیپا" ناوی دایکی هەمان ئەم"سینۆهە"یە بووە. "سینۆهە" بە"موتی"خزمەتکاری دەڵێت:

---

[1] بەواژە و زاراوەوە و چەمکی ئەم سەردەمە"ست هوس" واتای "ئەهریمەن زادە" دەگەیەنێت.

PDF 4 KURD

حەزدەکەم نـاوی خـۆت لـەم کـچە بنێیـت، چـونکە تـۆش وەك"کیپـا"بەسـۆز و میهرەبان و هەستیاریت و ئەوەش مافی خۆتە کە ناوی تۆ لەم کچە بنرێت و ناوت بۆ هەمیشە لەسەر زمانم بمێنێتەوە، بۆئەوەی کاتێك"موتیە"ی کچم بانگ بکەم تۆم بخاتەوە بیر.

"موتی"زڕدایکیشم هەرگیز سەرپێچی فەرمانەکانی"سینۆهە"ی نەکردووە بۆیە بێ ئەملاولا فەرمانەکەی جێبەجێ دەکات و ناوی"موتی"م لێ دەنێن! بەلاَم من بەچ شێوەیەك "موتی"و"سینۆهە"م بەجێ هێشت، ئەوەش بۆ خۆی ڕوداوێکە لەدواییدا باسی دەکەم.

بابـەتێکی تـر پەیوەسـتە بـەناوی"سـت هـوس"ی{ئەهریمـەن زادە}ەوە کـە مـن بەناونیـشانی هـاوڕێی و هـاودەم لەخزمـەتی هاوسـەرەکەیدا بـوم و لەمبارەیەشـەوە دەبێـت ئامـاژە بـدەم بـە گوتـەکانی"مـوتی"زڕ دایکـم: زڕ دایکەکەشـم لەشـەوە درێژەکانی وەرزی زستاندا داستانگەلێکی زۆری بۆ دەگێڕامەوە بۆئـەوەی خـەوم لـێ بکەوێت. بەکورتیەکەی ئەو چیرۆکانەی کە بۆی دەگێڕامەوە هەموویان ڕاستەقینە بون و ئەوانـەی ڕۆڵیـان لـەم داسـتانانەدا دەبینـی بەلایـەنی کـەم هـەموویان لەژیانـدا بـون. زڕ باوکەکەشـم گـوێی لـەم داسـتانانە دەگـرت و لـەکۆتایی داستانەکەشـدا هەندێکیانی بۆ ڕاست دەکردەوە و دەیوت: بۆئەوەی نەوەك هزری ئەم کچە پڕ بێت لەبابەتگەلی نادروست و هەندێکاتیش لەدوای ئەم قسانەی قاقا پێدەکەنی.

"مـوتی" زڕدایکیـشم وا لێکـی دەدایـەوە کـە"سـینۆهە"بـەجۆری گێڕانـەوەی داستانەکانی ئەو پێدەکەنێت و دەویت: مەگەر خۆت ئەم بابەتـەت بۆ نەگێڕامەوە؟ خۆ من هیچم تێهەلَکێش نەکردووە.

"سینۆهە"ی زڕ باوکیـشم لەوەلاَمـدا پێـی وت: نـەخێر وانیـە مـوتی! تـۆ ژنێکـی بێوێنـە و هۆشـیاریت و تـەواوی ئـەو بابەتانـەی مـن لەپـەرتوکی یادگاریەکانمـدا یاداشـتم کـردوون زۆر بەباشـی دەیانهێنیتـەوە یـاد خـۆت، هـیچ گومانێکیـشت لـەمن نەبێت چونکە من بەڕۆژگار پێدەکەم، لەبیرمە کاتێك زڕدایکەکەم"کیپا" -کـە هـیچ کەسـێك لەگێڕانـەوەی چیرۆك و داسـتانەکاندا ناگاتـە ئاسـتی ئـەو- هەنـدێك جـار چیرۆکگەلێکی بۆ دەگێڕامەوە کە وا دەهاتە بەرچاو ئەفسانەیی و زیادەڕۆیی زۆری

PDF 4 KURD

تێدا کرابێت و باوکیشم کە پزیشکی هەژاران بوو ڕەخنەی زۆری لێدەگرت و دەیوت ئەم جۆرە چیرۆکانە بۆ ئەم کورە مەگێڕەرەوە!نەوەکو هزری پڕ بێت لە بابەتگەلی نادروست.

زۆر باوکەکەم دەیویست ئاماژە بەو بابەتە بدات کە ئەکرێت بابەتگەلی زۆر دەگمەنیش ئەگەری دوبارە بونەوەیان هەیە، نمونەی ئەو جۆرە ڕوداوە بەرجەستانەش شێوازی دۆزینەوەی"سینۆهە"و منە لەسەر ڕوباری"نیل"ە کە دوای شیکردنەوە و باسکردنی ناوی"ست هوس"و هۆکاری ناولێنانی بۆتانی باس دەکەم.

ناوی"ست هوس" شازادە"باکتامون" لەکوڕەکەی خۆی ناوە، "ست هوس"یش کاتێك بوو بە فیرعەون، خۆشی بەدوای هۆکاری ئەم ناولێنانەدا گەڕا و پەیگیری کرد و دوای ئەوەی زانی چ ڕوداوێکی سەیر و شەرمهێنەر لەژێر پەردەی ئەم ڕوداوەوە شاردراوەتەوە ناوی خۆی گۆڕی بە"ورزای داگیرەکەر".

"ورزای کێوی"جۆرێك گایە کە بۆ نمایشی زۆرانبازی گا پەروەردەیان دەکەن. گیانەوەرێکی زۆر بەهێز و شەڕەنگێزە. "ست هوس"ناوی خۆی گۆڕی بە"ورزا" بۆئەوەی خەڵکی"تبس"ناوە ڕاستەقینەکەی فەرامۆش بکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش خەڵکی"تبس"هەرگیز کۆشکی بەردینی"باکتامون"یان فەرامۆش نەکرد، "باکتامون" بەهۆی ئەو ڕقەی لەبەرامبەر باوکی"ست هوس" بەواتا"هورم هب"دا هەیبوو، ئامادە نەبوو لەگەڵیدا بخەوێت و هەمان ئەم ڕێگریەی"باکتامون"یش، "هورم هب"ی-فیرعەونی ئەو سەردەمە-کە بەهێزترین فەرمانڕەوای میسر بوو تامەزرۆتر دەکرد و گەشتە ئەو ڕادەیەی لەبەرئەوەی لەبێداریدا نەیدەتوانی لەگەڵیدا هاوخەو بێت، ناچار بەدەرخواردانی جۆرێك دەرمانی خەوهێنەر لەکاتێکدا کە خەوی لێکەوتووە لەگەڵیدا ڕایدەبوارد و هەمان ئەم"ست"ەش بەواتا"ورزای داگیرکەر"بەرهەمی ئەم جۆرە پەیوەندیەیە. "باکتامون" کە هەڕەشەی ئابڕووبردنی لەباوکی"ست هوس"بەواتا هورم هب کردبوو، قسەی خۆی هێنایە جێ و بەئەندازەی ڕێژەی ئەو بەردانەی کە لەکۆشکێکدا بەکار دەهێنرێت پیاوانی پەلکێشی جێگە خەوەکەی خۆی دەکات و لەگەڵیاندا دەخەوێت و ڕوداوی

PDF 4 KURD

بنیاتنانی کۆشک و هۆکاری بەرپابونی ئەو کۆشکەی دوبارە بۆ "هورم هب" دەگێڕێتەوە.

"هورم هب"یش لەدووڕیانی نێوان ئیرەیی و فەرمانڕەواییدا گیر دەخوات و بەو کێردەی کە لەکەمەریەوە هەڵیدەکێشێت دەیەوێت "باکتامون"بکوژێت، کاتێك"هورم هب" بەدوو دڵیەکەوە دەڕواتە پێشەوە بۆئەوەی بیکوژێت، "باکتامون" ئەوەی دەهێنێتەوە بیر: لێیدە، بەڵام دەبێت دەستەڵات و فەرمانڕەوایی لەهزری خۆت پاك بکەیتەوە و فەرامۆشی بکەیت! چونکە بەهۆی ئەوەی ژیانی هاوسەریت لەگەڵ "باکتامون"ی شازادە و فیرعەون زادەدا پێك هێناوە دەتوانێت لەڕوی یاساییەوە ببێت بە فەرمانڕەوا و فیرعەونی میسر.

زڕ دایکەکەم هەندێك وردەکاری تری لەمبارەیەوە بۆ گێڕامەوە و وتی: "هورم هب"دوای دوو ساڵ جەنگ لە دەور و بەری باشوری میسردا بەدەستکەوتێکی فراوانەوە گەڕایەوە بۆ"تبس"و لەو دەستکەوتانەی کە بەدەستی هێنابوو دیاری پێشکەشی خەڵکەکەی خۆی دەکات کە ڕەشپێست بون و بەبۆنەی گەڕانەوەی"هورم هب"بۆ"تبس" بەناونیشانی سەرکردەیەکی سەرکەوتوو و داگیرکەری مەزن دە شەو و ڕۆژ ئاهەنگیان بۆ گێڕا و لەوماوەیەدا"تبس"نوقمی عەیش و نۆش و خۆشیەکان بوو، سەربازە مەستەکان لەبەیانیەوە تا ئێوارە و لەشەوەوە تا سپێدەی بەرەبەیان لەگەڵ ژنانی"تبس"دا لەعەیش و خۆشی و بێئاگاییدا تێپەڕاند. لەئەنجامدا لەساڵی دواییدا ژمارەیەکی زۆر لەمندالی دوو ڕەگ لەو شارەدا بەدی کرا. "هورم هب"دیاریگەلێکی گرانبەهای بۆ"باکتامون"ی هاوسەری هێنابوو کە باسکردنی ئەو دیاریانە کاتێکی زۆرمان لێ دەگرێت-لەپەڕی "نەعامە"وە بگرە تا بەردی بەنرخ و گرانبەها و دەگەمەن-بەڵام شازادە خانم بگرە سەیری دیاریەکانی نەکرد و وتی:

ئەگەر من ئەم دیاریانەت لێ وەرگرم خەڵکی وا دەزانن من هاوسەری تۆم! من هەر ئەوەی کە کورێکم بۆ وێناویت بەلامەوە بەسە، چیتر لەمەودوا جارێکی تر لەم ژورەی مندا چاوم پێت نەکەوێت، چ بگات بەوەی بتەوێت لێم نزیك ببیتەوە و بەخەیاڵی خاوت لەگەڵمدا هاوخەو بیت، ئەوەشت لەبیر بێت ئەوەی پێشتر لەگەڵ تۆدا کردم نەفرەتبازی بوو نەك عیشقبازی. ئەگەر جارێکی تر وەك ئەو شەوەی

PDF 4 KURD

لەپەرستگا بتەوێت بەزۆر لەگەڵمدا ڕابوێری، بەشێوەیەك تۆڵەی خۆمت لێ دەکەمەوە کە نەتوانرێت لەمێژودا هاوشێوەی تۆمار بکرێت، لەبەرئەوەی زۆر ڕقم لێتە و بینینت هەستی هێڵنجدانم پێدەبەخشێت.

بەرنگاربونەوەی شازادەخانم"هورم هب"ی تامەزرۆتر دەکرد، ئەوکات داوای لە"سینۆهە"ی زڕباوکم کرد دەرمانێکی خەو هێنەری پێبدات زڕباوکەکەشم ئەو داوایەی ڕەت کردەوە، بەڵام"هورم هب"دەرمانی خەوهێنەر لەپزیشکەکانی تر وەردەگرێت و بێئەوەی"باکتامون"بزانێت بەشێوەیەك دەرخواردی دەدات! دوای ئەوە باکتامون خەوی لێدەکەوێت و"هورم هب"یش لەوکاتەی کە خەوی لێکەوتووە لەگەڵ جەستەی بێهەست و بێئاگای"باکتامون"دا ڕادەبوێرێت. کاتێك شازادە لەخەو هەڵدەستێت پەی بەوە دەبات کە"هورم هب" پەنای بۆ فێڵێك بردووە بۆیە لەجاران زیاتر ڕقی لە"هورم هب"دەبێتەوە و لەوەش خراپتر شازادە خانم "باکتامون" دوای چەند هەفتەیەك پەی بەوە دەبات سکی پڕە. دوای ئەوەی ئەو منداڵەی بوو ناو"ست هوس"لێ نا! و دوای ئەوەش ئەهریمەن زادە یان "ست هوس"یش ناوی خۆی گۆڕی بە"وەرزای داگیرکەر"، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە لەبارەی نهێنیەکەوە بەواتا لەبارەی خۆمەوە هەندێك شت بنوسم:

هەروەك پێشتر ئاماژەم پێدا من"موتی"م و هەڵگری ناوی زڕدایکەکەی خۆمم. زڕدایکی من"موتی"بەگەواهی زڕباوکەکەم یەکێکە لەهەستیارترین و وەفادارترین مرۆڤ کە باوکم تا ئەو کاتە ناسیویەتی. ئەویش بەڕاستی خاوەنەکەی خۆی بەواتا"سینۆهە"ی بەهەموو بونایەتیەکیەوە خۆش دەویست، ئەم خۆشەویستیەشی گەشتە ڕادەیەك کە ئامادە بوو ژیانی خۆی لەدورخراوەدا لەپێناو"سینۆهە"دا بکاتە قوربانی بۆئەوەی ئەو تەنها نەبێت. شایەنی باسە پزباوکەکەشم بەسزای مەرەبانی و خزمەت و وەفاداری دورخرایەوە، ئەوەیش لەڕێی پیاوێکەوە کە هیچ ڕەسەنایەتیەکی خێزانی نیە، لەباتی قەرەبوی وەفا و خۆشەویستی و هاوڕێیەتی"سینۆهە" کە هەر لەسەرەتای چونە ناو ژیانی و بگرە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی، بێ هیچ گومانێك ئەو کاتانەش کە لەسەرتەختی فەرمانڕەواییدا دانیشتبوو پشتی بەهاوڕێیەتی بێخەوشی ئەو دەبەست، بەڵام"هورم

PDF 4 KURD

هب" پیسیەتی و ناڕەسەنی خۆی لەبەرامبەر پشتکردنە هاوڕێیەتی"سینۆهە"وە نیشان دا.

زڕباوکەکەشم دەیوت: "هورم هب"بگرە لەگایەکی کێویش دڕەندەتر و بێسۆزترە.

"هورم هب" دوای ئەوەی دەستەڵاتی فیرعەونی بەدەست هێنا زڕباوکەکەمی بۆ شوێنێکی دور دورخستەوە، بۆئەوەی بەگوتەی خۆی بەتەواوی فەرامۆشی بکات، بەڵام بێئاگا لەو ڕاستیەی کە ڕەوتی ڕوداوەکان سەیرترین شت لەخۆ دەگرن، چەنێك باش دەبوو گەر تەنها بۆ ساتێکیش بێت ئەوە بهێنێتەوە یاد خۆی کە تەنها یەك شەهێن بەلاسەریەوە لەحاڵی فڕیندا بوو کاتێك خۆی کرد بەناو شاری"تبس"دا و ئەم زڕباوکەشم نەیهێڵا بیکوژن. "هورم هب" کە بینەری نەخۆشی پەرکەمی فیرعەون بوو بەپێی یاسای فەرمانڕەوایان دەبێت یەکسەر بڕیاری مەرگی بەسەردا بدرێت، بەڵام بەهۆی دەست تێوەردانی زڕباوکەکەمەوە لەمەرگێکی ڕاستەقینە ڕزگاری دەبێت. لەدواییشدا بەهۆی هەندێك کارەسات و ڕوداوەوە زێڕ و زیو و گەنمی لەباوکم و نۆکەرە پێشوەکەی بەقەرز وەرگرت. من لەوباوەڕەدام بەو شێوەی ڕزباوکەکەم دەیگێڕێتەوە"کاپتا"ڕاستی دەکرد چونکە ئەو ئەم کابرا کێوی و ناڕەسەنەی باش دەناسی و ڕێی لەسینۆهە دەگرت هاوکاری ئەم پیاوە بکات.

هەڵبەت"کاپتا"لە دواییدا لە"تبس"دا ژیانێکی فیرعەونی و شکۆمەندی بۆخۆی پێکهێنا و کۆشکەکەی لەپاڵ کۆشکی"هورم هب"دا بوو و لە"تبس"یشدا لایەنگرانێکی هەبوو کە بەیەك هێمای پەنجەی ئاژاوەیەکی لەناو شاردا دەنایەوە، "هورم هب"لەم کاریگەریانەی زۆر دەترسا. بەڵام"کاپتا" بەو هەموو دەستەڵاتەوە بۆچی ڕێی لەدورخستنەوەی"سینۆهە"نەگرت؟ ئەم بابەتەش بەسەردەمانێکەوە پەیوەست دەکرێت کە "کاپتا" لە"تبس"دا ئەو دەستەڵاتەی ئێستای نەبوو، لەلایەکی تریشەوە"هورم هب"خۆی بۆ دەستەڵاتی فیرعەون ئامادە دەکرد و ناوبانگی داگیرکەری سەرکەوتووی لەخۆی نابوو. لەدواییدا کەمێك گۆڕانکاری بەسەر ئەم هاوسەنگیانەدا هات، هەروەها هەندێك گۆڕانکاری بەسەر بارودۆخی "تبس"یشدا هات و کەمێك لەجاران باشتر و گونجاوتر بوو، بۆیە "کاپتا"هەوڵی ئازاد کردنی خاوەنەکەی دەدا و هەر بەوشێوەی خۆی باسی دەکرد، بگرە بۆ

PDF 4 KURD

ساتێكیش"سنیۆهە"ی فەرامۆش نەكردووە، بگرە شەوانەش ئەوكاتانەی دەیوست بخەوێت بەبەرجەستەكردنی ڕوخساری "سینۆهە"وە خەوی لێدەكەوت، بگرە زۆرجاریش ڕۆژانە دەڕۆشتە هەمان ئەو شوێنەی كە"سینۆهە"یان لەئاودا-لەبەشی"نیل"ی خوارو -گرتبووەوە.

نۆكەری پێشووی زرباوكەكەم بەمشێوەیە بۆ زڕدایكەكەمی باسدەكرد:

-كاتێك بەسەر بەرزاییەك كە زاڵ بوو بەسەر ڕووباری"نیل"دا دروست لەبەرامبەر هەمان ئەو شوێنەی كە"سینۆهە"دەیوت-لەناو سەبەتەیەك كە گرێی پەڕەسێلكە بازەكانی پێوە بووە گرتویانەتەوە-دادەنیشتم و تەماشای خێرایی و توانای ڕەوتی ڕووباری"نیل"م دەكرد، لەوكاتەدا سەرم لەوە سوڕمابوو كە ئەو منداڵە بەچ شێوەیەك توانیویەتی لەم ئاوە ڕزگاری ببێت و نەبووەتە ژەمە خۆراكی تیمساحە چڵێسەكانی ئەو ڕووبارە! بەڵام ڕۆژێكیان سەرەڕای ئەوەی دەمزانی گریان زیانم پێدەگەیەنێت، لەبەرئەوەی تەنها یەك چاوم هەبوو، بەئارەزوی دڵی خۆم گریام، لەوكاتەدا شەرابێكی زۆرم خواردبویەوە و بەنۆكەرەكانم وت: هەر ئێستا كەژاوەكەم بۆ ئامادە بكەن.

ئەوانیش وتیان: گەورەم بۆ كوێ بڕۆین؟

وتم: بۆ بەشی خواروی ڕووباری"نیل" هەندێجار چیتر نەمدەتوانی بەرگەی خەمی دوری كە - لە نەبینینی گەورەم"سینۆهە"وە سەرچاوەی دەگرت - بگرم، بۆیە پێویستم بەكەسێك یان شوێنێك بوو كە بەگێڕانەوەی یادگاری سەردەمی ڕابردوو یان سەردانی شوێنێك كە یادگاری سەردەمی ڕابردوم بهێنێتەوە یاد، بۆیە سەردانی گەڕەكی هەژارانی ڕزباوكەكەم"سینۆهە"و دوای ئەوە سەردانی شوێنی نیشتەجێ بونی"سینۆهە و موتی"ی خزمەتكارە بەوەفاكەی بكەم هەروەها بەبینینی ڕووباری"نیل" ئەو شوێنەی كە"سینۆهە"وتبوی ئەویان لەهەمان ئەو شوێنەدا گرتووەتەوە، پەیوەندیەكی ڕۆحی و سۆزداریم لەگەڵدا بەرقەرار كردبوو، كەمێك لەخەمەكانم لەوێدا بڕەوێنمەوە. من زۆر بەم خەیاڵ و بەرجەستەكردن و ڕەهاییە ڕاهاتبوم و تا ئەوكاتەی ڕۆژێكیان لەكاتی خۆرئاوابوندا، كاتێك سەبەتەیەك كە بەهەمان شێوەی ئەو سەبەتەیەی كە"سینۆهە"بۆی باسكردبوم-سەبەتەیەكی

PDF 4 KURD

حەسیری کە گرێی پەرەسێلکەبازەکانی پێوە بوو- لەکەنار نەیجەلانی ڕوباری "نیل"دا چاوم پێی کەوت و وامزانی ئەو دیمەنە لەخەیاڵمدا دەبینم یان لەبەرئەوەی من لەیەك چاو زیاترم نیە ئەو شتەی کە لەناو نەیجەلانەکەدا گیری خواردوە وەك سەبەتیەك دێتەبەرچاوم، چاوم نوقاند-هەڵبەت یەك چاویانم چونکە چاوەکەی ترم پێویستی بەداخستن نەدەکرد و هەر لەسەردەمی منداڵیمەوە نوقابوو- دوای ئەوە چاوم کردەوە و بینیم سەبەتەیەك بەنەیجەلانەکەوە گیری خواردووە و ئاویش بەردەوام فشاری بۆ دەهێنێت. ئەوکات زانیم کە بەڕاستی ئەوە سەبەتەیەکی ڕاستەقینەیە بۆیە یەکسەر بەرەوڕوی ڕۆشتم گرتمەوە و تەماشای ناویم کرد کچێکی ڕوتم تێدا بینی بەئارامی لەناویدا خەوتبوو و نەدەگریا. لەدڵی خۆمدا وتم بەدڵنیاییەوە مردووە و لاشەکەیان فڕێداوەتەوە ناو ڕوبارەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ساڵها لەپاڵ"سنیۆهە"دا بەناونیشانی هاوکار دەیانجار لەکۆنکردنی سەری کەسە دوڵەمەند و هەژارەکاندا هاوکاریم کردووە، بۆیە دەمتوانی جیاوازی نێوان منداڵێکی مردو و منداڵێکی زیندوو بەئاسانی دەستنیشان بکەم. کچە- فریشتەئاساکە-زیندوو بوو! سەیر لەوەدا بوو ئەم سەبەتەیەم لەهەمان ئەو شوێنەی"سینۆهە"چەند جارێك منی بردبووە ئەوێ و ئەو شوێنەی پێنیشانداوم دۆزیەوە. ئێستا دەبێت چی لەم کچە بکەم؟ من تا ئەو کاتە خاوەنی منداڵی خۆم نەبوم و نەمبووە، بەڵام شتێکی نادیار ڕویدا! سۆز و پەیوەست بونم بەو کچەوە هەر لەیەکەم تەماشاکردنەوە لەناو دڵمدا چرۆی کرد. یەکسەر بەرەو ڕوی کەژاوەکەم ڕامکرد و وتم: زۆر بەخێرایی بگەڕێینەوەی بۆ کۆشکەکەم و بەیەکێك لەو کەنیزانەی کە دەمزانی توانای چاودێریکردنی ئەو منداڵی هەیە هەروەها کەسێکی زۆر پاك و خاوێن بوو وت: ئەو منداڵە جوان بشۆرە، بۆئەوەی لەدواییدا بڕیارێکی لەسەر بدەین.

PDF 4 KURD

میوانی ناوەخت

دوای ئەوەی"کاپتا"منداڵەکەی بەو ژنە"دایەنە" سپارد، یەکێك لەنۆکەرەکانی کە ناوی"ئاتوم"بوو بانگکرد و پێی وت: دەمەوێت کارێکی گرنگت پێ بسپێرم، هەرچەنێك ئەو کارە گرفت ئامێز دێتەبەرچاو، بەڵام تا ئێستا ئەوە ڕوینەداوە کارێك بەتۆ بسپێرم و تۆ بۆم ئەنجام نەدەیت، تۆ توانایەکت هەیە کە چەندجارێك نوقمی هزری خۆمم دەکەیت و لەدڵی خۆمدا دەڵێم"ئاتوم"بەچ شێوەیەك توانی چارەسەری گرفتێکی ئاوا بکات.

"ئاتوم"یش وتی: نۆکەرەکەت تۆی خۆش دەوێت، هەموو کارێك ڕێگەچارەیەکی هەیە و منیش دەگەڕێم بۆئەوەی ڕێگەچارەیەك بدۆزمەوە.

"کاپتا"وتی: پێشتر پزیشکێکم دەناسی نۆکەرێکی وەك تۆی هەبوو کە هیچ کاتێك خۆی لەهیچ کارێك نەدەدزیەوە و لەکۆتاییدا لەئەنجامدانی ئەو کارەشدا سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا. -"کاپتا"ناسنامەی نۆکەرایەتی خۆی لەکەنیز و نۆکەرانی خۆی شاردبویەوە و بە بەرپاکردنی پەیکەرەکەی ناسنامەیەکی تازەی بۆ خۆی دارشتبوو- بۆیە باسی ئەمانەم بۆ کردی بۆئەوەی لەکاتی ڕودانی هەر گرفتێکدا باسی هیچ شتێك نەکەیت.

"ئاتوم"سەری ڕاتەکاند و چاوەڕێی کرد. دوای ئەوە"کاپتا"بۆی ڕونکردەوە: ساڵهایە"سینۆهە"م نەبینیوە، بەڵام ئێستا پێویست بەوە دەکات چاوم پێی بکەوێت، لەبەرئەوەی"هورم هب"مەحاڵە ڕێم پێبدات سەردانی ئەو دورخراوەیە بکەم، بگرە ئەگەر بیشڕۆم ئەوا ڕێی گەڕانەوەم لەو چوارچێوەیە لێ دەگرێت، دەمەوێت بەشێوەیەك کەسێك بنێرمە ئەو دورخراوەیە کە بچوکترین جێ پێ لەدوای

PDF 4 KURD

خۆی بۆ سەربازەکانی"هورم هب" بەجێ نەهێڵێت. تۆ دەتوانی بە بەدەست هێنانی مۆڵەتی چونە دەرەوە لە"تبس"و چونە ناو دورخراوەکەوە ئەم خواستەم بەدی بهێنیت، لەبارەی زێڕ و زیویشەوە بەهیچ شێوەیەك نیگەران مەبە، سەرمایەکەی هەرچەنێك بێت من لەئەستۆی دەگرم و بۆتی دابین دەکەم. ئێستاش بەو کەسایەتی و هاوڕێیانەی کە هەتە دەتوانی ئەو داوایەم بەدی بهێنیت.

"ئاتوم"هەردوو دەستی خستە سەر ئەژنۆی و سەری بۆی دانەواند و وتی: لەئێستادا ناتوانم هیچ قسەیەك بکەم، بەڵام ئومێدی بەدی هێنانی هەیە، ئەگەر لەبیرت بێت ئەو کاتەی"هورم هب"لەسەردەمی"ئەخناتون"دا پێش شۆڕشەکان لەپلەوپایەکەی لایان برد و لەباتیدا"پیپیت"ئەو پیاوە قەڵەوەیان لەجێگاکەیدا دانا کلیلی ئەم گرفتەیە.

"کاپتا"پرسی: مەگەر تۆ ئاشنایەتیت لەگەڵ ئەو پیاوە کۆتر باز و باڵندەبازەدا هەیە، ئەو لەپلەوپایەیەکدا نیە کە تۆ بتوانی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەیت.

"ئاتوم"وتی: گەورەم تۆ ڕاست دەکەیت، "پیپیت"فەرماندەی دورخراوە لەکارەکانی بەو تالانیەی کە لەپەرستگاکانی"ئامون"دا کردی باخچەیەکی ئاژەڵانی خۆشی لەتەنیشتماڵەکەی خۆیەوە دروست کردووە، منیش هەر لەسەردەمی منداڵیەوە سەروکارم لەگەڵ ئاژەڵدا هەبووە و بەو هۆیەوە بومەتە هاوڕێی نۆکەرەکەی و چەندجارێکیش پێی شکاوی چەند ئاسکێکم بۆ گرتووەتەوە و چەند باڵندەیەکیشی کە دانیان نەدەخوارد پشکنینی چیلەدانیانم بۆکردن و بەدەرخوارد دانی کەمێك ڕۆنی تایبەت بەو جۆرە نەخۆشیانە چارەسەرم کردن، بۆیە "پیپیت"لەڕێی نۆکەرەکەیەوە جارناجارێك بۆ ئەم جۆرە گرفتانە بانگم دەکات، لەوانەیە لەڕێی ئەم فەرماندە کۆتربازو باڵندەباز و دورخراوە لەپلەوپایە و کارەکەیەوە بتوانین کارێك ئەنجام بدەین.

ئەم پێشەکیەی"ئاتوم"بو بە مایەی دەستخۆشی"کاپتا"و دوبارە لێی پرسیەوە: ئەمە نیوەی ڕێگاکەی ئێمەیە، لەبەرئەوەی تا ئەو شوێنەی ئاگادارم ئەویش خراوەتە ژێر چاودێریەوە، بەڵام بەهۆی دژایەتی کردنی لەگەڵ"هورم هب"دا هاوکاری ئێمە دەکات.

PDF 4 KURD

"ئـاتوم"وتـی: دەبێـت ئـەوەش بـە خاوەنـە مەزنەکـەم ڕاگەیـەنم کـە"پیپیـت" لـە"تـبس"دا خـاوەنی مـەزنترین سـۆزانیخانەیە و خـەڵکانێکی جۆراوجـۆر سـەردانی ئـەم مەیخانەیـە دەکـەن و سـۆزانیەکانیش لـەپێناو دوو یـان سـێ ئەنگوسـتیلەدا دەتوانن مەزنترین و گرفتنامێزترین گرێمان بۆ بکەنەوە.

لەوکاتـەدا"کاپتـا"هەناسـەیەکی ئاسـودەیی هەڵکێـشا و وتـی: ئێـستا خـەیاڵم بەتەواوی لەوە ئاسودە بوو کە بەدڵنیاییەوە تۆ لەدورخراوە لەتەنیشت"سینۆهە"دا دەبینم کە پەیامی منی پێ دەگەیەنیت، بەشـەکانی تـری ئـەم کـارە دوای ئـەوەی مۆڵەتەکەت بەدەست هێنا پێت ڕادەگەیەنم.

بەیانی ئەو ڕۆژە"ئـاتوم"ڕۆشـت بـۆلای"کاپتـا"ی خـاوەنی و وتـی: مـژدە مژدە دەسـتم کـەوت، هـەر بەوشـێوەی پـێم ڕاگەیانـدی ئـەو سـۆزانیخانەیە نێوەنـدی کۆبونـەوەی پیاوگـەلێکی جیـاوازە، بەتایبـەت جێگـای کۆبونـەوەی دەریـاوان و ئەفسەرانی لەنگەرگایە، یەکێك لەو ئەفسەرانە چاودێری هات و چۆی کەنارەکانە کە خۆشـی هەنـدێجار لەشـوێنی دورخراوەکـەی"سـینۆهە"وە تێدەپـەڕێت، دیـل و شـەیدای یـەکێك لەژنـە سـۆزانیەکانی ئـەو سـۆزانیخانەی"پیپـت"ە، ئـەم زانیاریـە نۆکەرەکەی"پیپیت" پێ ڕاگەیاندم.

"کاپتـا"وتـی: لـەوە باشـتر نابێـت، هـەم دەتـوانی مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو ئەفسەرەدا بکەیت، هەم مامەڵە لەگەڵ ژنی سۆزانی ئەو سۆزانیخانەیەدا.

"ئـاتوم"وتـی: لـەڕێی ئـەو ژنـە سـۆزانیەوە باشـتر دەتـوانین بەمەبەسـتی خۆمـان بگەین، خۆم ئەم کارە ڕێك دەخەم، بۆئەوەی خاوەنی مەزن و بەڕێزم لێم ڕازی بێت.

"ئـاتوم"چـەند ڕۆژێـك دیـار نـەما، دوای چـەند ڕۆژێـك بـە"پـاپیرۆس[2]"ێکـی لولکراوەوە بەڕووژانێکەوە هات بۆ لای"کاپتـا": سـڵاو لـەخاوەنی گـەورە و بـەڕێزم، هـەم مۆڵەتەکـەم بەدەسـت هێنـا و هـەم نەخـشەی شـوێنی ڕاگـرتن یـان هـەمان ئـەو دورخراوەیە.

[2] بەکاغەزی ئەو سەردەمەی میسر وتراوە"پاپیرۆس".

PDF 4 KURD

دوای ئەوەی"پاپیرۆس"ەکەی کردەوە و ئامارەی بەمۆڵەتی سەردانی ئەو شوێنە کرد، وتی: نۆکەرێکی بچوک و هیچی وەك من خوێندەواری نیە بۆیە وەك کوێر وام، بەڵام دەزانم تۆ دەتوانیت بخوێنیتەوە و بزانیت چی لەو لاپەڕەیەدا نوسراوە!!

دەنگی قاقای پێکەنینی"کاپتا"ئاتومی نۆکەری نیگەران کرد و وای زانی لێی بەگومانە بووە، بەڵام کاتێك"کاپتا" بەسەختی هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی لەپێکەنین بپارێزێت وتی: ئەگەر تۆ بەهەردوو چاوی تەواوی خۆت دەڵێیت نابینا، من کە لەچاوێك زیاترم نیە چی بڵێم!

"ئاتوم"بەسەرسوڕمانەوە وتی: ئەی ئەو هەموو پەیکەرە زۆرەی لەکۆشکەکەتدا کە تۆ لەحاڵی نوسین و خوێندنەوە و ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانەدا نیشان دەدات هەموو ساختەیە؟

"کاپتا"وتی: پەیکەرەکان نەخێر، تەنها ئەم پەیکەرانە خوێندن و نوسین دەزانن نەك من! ئێستا دەبێت کەسێك بەدەست بهێنین بۆئەوەی لەخوێندنی ئەم لاپەڕەیەدا هاوکاریمان بکات.

"ئاتوم" وتی: گەورە و بەڕێزم: تۆ چەند نوسەرێکت هەیە...

"کاپتا"وتی: بەشێوەیەك چوبومە ژێرکاریگەری گوتەکانتەوە، ئەوەم لەبیرچوبوو چەند نوسەرێکی لێهاتوم هەیە کە بگرە ئاشنای بوار و ژینگەی جوگرافیاییشن، دوای ئەوە بانگی کرد: ڕافسا! ڕافسا! ڕوداونوسی تایبەتی"کاپتا"بوو، لەو ڕۆژەوەی"سینۆهە"نێردراوەتە ئەو دورخراوەیەوە، بەفەرمانی"کاپتا"ڕوداوەکانی یاداشت دەکرد.

"کاپتا" بە"ڕافسا"ی وت: چاوێك بەم مۆڵەتنامە و نەخشەیەدا بخشێنە و ڕاست و دروستی نامە و نەخشە و شوێنەواری دورخراوەکەمان بۆ بخەرە ڕوو.

"ڕافسا"وتی: ئەو کەسەی ئەم بەڵگەنامەیەی پێداون بەرپرس بووە، چونکە "مۆر"ەکەی مۆری فەرماندەییە، هەروەها نەخشەکەش زۆر بەباشی کێشراوە و زۆر بەئاسانی ڕێنمایی ئەو کەسە دەکات کە پێی دەڕوات.

"کاپتا"ڕویکردە"ئاتوم"و وتی: ئێستا نۆرەی تۆیە، هەرکاتێك ویستت بڕۆیت ئاگادارم بکە بۆئەوەی ئەمانەتێکی تایبەتت پێ ڕاسپێرم، بۆئەوەی لەوێ بیدەیت

PDF 4 KURD

بە"موتی"خزمەتکار"سینۆهە"، هەروەها پەیامێکی ژیانبەخشیش بگەیەنیت بە"سینۆهە"

ئەوەی بەشاراوەیی مایەوە جۆری ڕێکەوتنی نێوان ئەفسەری بەرپرسی مۆڵەتنامە و "ئاتوم"ی نۆکەری کاپتا بوو. "ئاتوم"لێهاتوانە نەیهێڵا"کاپتا"بەو هەموو زیرەکیەوە سەر لەم ڕێکەوتنە دەربهێنێت، تەنها ئەوەی بە"کاپتا"وت: ئامادەی ڕۆشتن و جێبەجێکردنی فەرمانەکەی تۆم.

"کاپتا"بڕێك زێڕ و پێویستیەکانی تری دا بە"ئاتوم" و وتی: لەڕێدا پێویستت بەم بڕە زێڕە دەبێت، ئەم پێویستیانەش پێشتر"سینۆهە" لێی داوا کردبوم، لەبەرئەوەی کەسێکم بەدەست نەهێنا کە لەڕێیەوە ئەم پێویستیانەی بۆ بنێرم تائێستا لەلای خۆم هەڵمگرتووە، تۆ ئەمانە بدە بە"سینۆهە"منداڵەکەش بسپێرە بە"موتی" و پێی بڵێ جگە لەناردنی ئەو منداڵە بۆ لای تۆ هیچ ڕێگەچارەیەکی ترم بەدەستەوە نەبووە.

"ئاتوم"پرسی: ئایا تەواوی ئەو هەوڵانە تەنها لەپێناو گەیاندنی ئەم منداڵە بەدەستی"موتی"خزمەتکاری "سینۆهە"لەدورخراوەدا ئەنجام درا؟ ئەگەر تەنها گرفتی تۆ ئەم منداڵەیە، زۆر بەئاسانی دەمانتوانی لەڕێی یاساوە ئەم کارە ئەنجام بدەین.

"کاپتا"وتی: ئەم منداڵە تەنها بیانویەکە، تۆ دەڕۆیت بۆ ئەوەی بۆئەوەی "سینۆهە" بهێنیتە سەر ئەو باوەڕەی کە لەو دورخراوەیە هەڵبێت.

"ئاتوم"لەجێی خۆی ڕاوەشا و وتی: ئەم بابەتەیان لەڕیزی فەرمانەکانی تۆدا نەبوو، لەوباوەڕەدا نیم ئەفسەری لەنگەرگا بەوە ڕازیبێت.

"کاپتا"لەوکاتەدا بەدەنگێکی بەرز پێکەنی و وتی: چارەسەرکردنی گرفتی ئەم پێشنیارەش بسپێرە بەم ئەنگوستیلە زێڕانە، تا ئێستا چەندجارێك پێم وتویت کە لەم وڵاتەدا زێڕ هەموو گرفتێك چارەسەر دەکات.

PDF 4 KURD

سینۆهە بەچ شێوەیەك ڕازی بوو بەوەی دورخراوەکەی بەجێ بهێڵێت؟

دوو هۆکار بوو بەهۆی ئەوەی"سینۆهە"ی سەرسەخت بهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی دورخراوەکەی بەجێ بهێڵێت، یەکەم: ئەو منداڵەی کە لەڕوباری"نیل"گیراوەتەوە کەسەردەمی منداڵی دەهێنێتەوە بیری"سینۆهە"، دووەم: ئەوەی"ئاتوم"لەبارەی شوێنی نیشتەجێبونی سینۆهە باسی"کلکی تیمساح"ی بۆکرد و پێی ڕاگەیاند کە باشترین شوێنە تێیدا نیشتەجێ ببێت: مەیخانەی"کلکی تیمساح" لە"تبس"دا هێمنترین و ئارامترین شوێنی نیشتەجێبونە، چونکە ئەم مەیخانەیە نەك تەنها مەیخانەیە، بەڵکو لەهەمانکاتدا میوانخانەشە!"سینۆهە" بەبیستنی ئەم هەواڵە بەسرسوڕمان و لەرزەوە "مریت"ی هاوسەری هێنایەوە یاد کە پێی وتبوو، شێوازی دروستکردنی مەیی"کلکی تیمساح"وەك میراتێك لەباوکیەوە بۆی ماوەتەوە!

"سینۆهە" لەدڵی خۆیدا وتی: تۆ بڵێی"مریت" کەس و کار و خۆشك و برای هەبێت کە ئەوانیش بەهەمان شێوەی خۆی شێوازی دروستکردنی مەیی"کلکی تیمساح"یان لەباوکیانەوە بۆ مابێتەوە، ئەگەر بەڕێوبەری مەیخانەی"کلکی تیمساح"یش بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە خوشکی"مریت"ە.

"سینۆهە"پرسی: کێ بەڕێوبەری مەیخانەی"کلکی تیمساح"ە؟

"ئاتوم"وتی: ڕاستیەکەی ئەوەیە ماوەیەکی زۆر بەسەر کردنەوەی مەیخانەی "کلکی تیمساح"دا تێدەپەڕێت، چونکە خۆم یەکێکم لە کڕیارە سەرسەختەکانی مەیخانە و زۆر سەردانی ئەم جۆرە مەیخانانە دەکەم، ئەم مەیخانەیە لەسەرەتادا ناوی"ستە هوس"بوو، بەڵام لەدواییدا بەهەڵواسینی تیمساحێکی وشك کە

PDF 4 KURD

چاوێکی سوری هەیە بەدوو ناو ناوبانگی دەرکرد، "کلکی تیمساح" کە شەرابێکی زۆر قورس و مرۆڤ وەك مردوو لێدەکات و بووەتە هۆی ئەوەی ئەو مەیخانەیە هەموو شەوێك پڕ بێت لەکڕیاران کە خاوەنەکەی بانگەوازی ئەوە دەکات هەرکەسێك بیەوێت بێت بۆ مەیخانەی"کلکی تیمساح" دەبێت سەرەتا پێشوەخت شوێن بۆخۆی بگرێت.

"سینۆهە" بەسەختی کەوتە گومانەوە و چیتر دڵنیابوو لەوەی خاوەنی ئەو مەیخانەیە خوشکی"مریت"ە کە بەزانینی شێوازی ئامادەکردنی ئەو شەرابە تایبەتە مەیخانەی"کلکی تیمساح"ی دوبارە زیندوو کردووەتەوە.

ئەوەی بوو بەهۆی ئەوەی مەیخانەی"ستە هوس"–کە لەبنەچەدا بەواتای ئەهریمەن زادە دێت– ناوێکی تری لەپاڵ ئەم ناوەدا هەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پلانەی -خاوەنی مەیخانەکە ئاگادار چالاکی هەڵهاتنی "سینۆهە"بوو- داڕشت و بەهۆی ئەو ئاشنایەتیەی کە لەگەڵ"ئاتوم"دا هەیبوو پێی وتبوو: تۆ تەنها بەیەك ڕێگا دەتوانیت"سینۆهە"لەدورخراوەکەی بجوڵێنیت و وای لێ بکەیت ئەوێ بەجێ بهێڵێت.

"ئاتوم"وتی: ئەگەر بتوانم کارێکی ئاوا ئەنجام بدەم ئەوا خاوەنەکەم نوقمی زێڕ و زیوم دەکات.

خاوەنی مەیخانەش وتی: بۆیە ئەگەر دەتەوێت ئازادی و زێڕ و زیو بەدەست بهێنیت، ئەوا هەموو ئەو مەیەی کە لەگەنجینەکەیدا کۆیکردووەتەوە بەهەر نرخێك بێت بۆم بکڕیت. "کاپتا"دوای داخستنی مەیخانەی"کلکی تیمساح"بڕێکی ئاکۆتا مەیی"کلکی تیمساح" لەناو گۆزەی تایبەتدا گواستوەتەوە بۆ کۆشکەکەی خۆی.

"ئاتوم"پێکەنی و وتی: بەڕێکەوت هەر لەم ماوەیەدا خاوەنەکەم پێی وتم، کاتێك شەوانە سەردانی مەیخانەکان دەکەیت ئەگەر خوازیاری"کلکی تیمساح"ن پێیان بڵێ بڕێکی زۆرمان هەیە. ئێستاش"کاپتا"ی خاوەنم بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ دەبێت و تۆش بەمەبەستی خۆت دەگەیت، کاتێك خاوەنی مەیخانە مەیی"کلکی تیمساح"ی بەدەست هێنا تیمساحێکی وشك کە چاوەکانی سور و بریسکەدار بوو بەسەر مەیخانەکەیەوە هەڵواسی، دوای ئەوە وردە ورده

PDF 4 KURD

مەیخانەی"کلکی تیمساح"بەهۆی ئەو پێشینە ڕاوشێنەی لەڕابردوودا هەیبوو زۆر بەزوویی لەنێو مەیخۆراندا ناوبانگی دەکرد، بەڵام کەسانێکی زۆر کەم چاویان بەخاوەنی مەیخانەکە دەکەوت، ئەو مەیخانەیە کچێکی لاو بەناوی"ستە هوس"بەهاوکاری چەند پیاوێکی کەتە و بەهێز بەڕێوە دەبرا. وردە کاریەکانی مەیخانەی"کلکی تیمساح"و ناردنی ئەو منداڵە تازە لەدایك بووە بۆ دورخراوەکەی"سینۆهە" بەتایبەت"موتی"خزمەتکاری بەتەواوی سەرسوڕماند و وای لێکرد ڕۆبچێتە بیر و هزری خۆیەوە، "سینۆهە و موتی" بەلایەنی کەم لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا ڕاهاتبون و جۆرێك ژیانی ئارام و دور لە دەنگە دەنگیان تێدەپەڕاند. ئەو هێزە سەربازیەی کە لەو دورخراوەیەدا بەناونیشانی پاسەوانی خزمەتیان دەکرد بەڕادەیەکی زۆر بە"سینۆهە و موتی"خزمەتکارەکەیەوە پەیوەست بوون هەروەها ژیانێکی زۆر خۆشیان هەبوو، بۆیە ئارەزوی ئەوەیان دەکرد"سینۆهە"و خزمەتکارەکەی هەر لەو ناوچەیەدا بمێننەوە. ئەوانە بەڕادەیەك هەستیان بەهێمنی و ئارامی و خۆشگوزەرانی کردبوو کە بووە هۆی ئەوەی خێزانەکانیشان بگوازنەوە بۆ ئەو شوێنەی خزمەتی تێدا دەکەن.

چیتر ئێستا نۆرەی ئەوەیە باسی"موتی"بکەین کە بە ئەزمون و هونەرەکانی کاریگەرەیەکی تەواوی خستبووە سەر بارودۆخی ناوەکی کەسانی دەوروبەری: نانی شیرین و جۆرەکانی تری شیرینیەکان، بێ لە شێوازی لێنانی جۆرەکانی خواردن بەرنامەی ڕۆژانەی فێرکردنی ژنانی پاسەوانەکان بوو کە وەك کەنیزەك بێ ئەملاولا فەرمان و ڕێنماییەکانی"موتی"ان جێ بەجێ دەکرد. خودی"موتی"مەشقی لەسەر نوسین و خوێندن دەکرد. بەکورتیەکەی ئەو کۆمەڵە خەڵکە لەشێوەی کۆمەڵگایەکی بچوکدا هەموو هیوایەکیان"سینۆهە و موتی"بوو، کە بەبیستنی ئەو هەواڵەی ئێمە ناچارین ئەو دور خراوەیە بەجێ بهێڵین هەمویان لەنێوان دوریانێکدا گیریان خواردبوو. پیاوەکانی"هورم هب" کە بەلایەنی کەم لەو ناوچەیەدا بەفەرامۆشی سپێدرابوون، لەبەرئەوەی پێویستیان بەموچەی بەردەوامی دەوڵەت نەبوو، بگرە خۆیان چەند نۆکەرێکیان بۆ کاروباری کشتوکاڵ کڕیبوو بۆیە لەو ڕووەوە هیچ نیگەرانیەکیان نەبوو، لەلایەکی ترەوە حەزیان نەدەکرد"سینۆهە"و

PDF 4 KURD

خزمەتکارەکەی"موتی" ئەو دورخراوەیە بەجێ بهێڵن، هۆکارێکی تریش هەندێکیانی ئازار دەدا و ئەو هۆکارەش ئەوەیە کە ڕۆژێك دێت ڕۆشتنی"سینۆهە"لەدور خراوە ئاشکرا دەبێت و دەبێت لەلایەن دەوڵەتەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

بەڵام"سینۆهە"زۆر بەباشی پەیی بەم حاڵەتە بردبوو بۆیە وتی: نامەوێت ڕۆشتن و ئازادی من بەبەهای گرفتاری هیچ یەك لەئێوە کۆتایی بێت، بۆیە سەرەڕای ئەوەی دەتوانم بڕۆم، بەڵام کارێکی وام نەکرد، چونکە ڕێگەچارەیەکی باش بەهزرمدا هاتووە کە هەم ئەم منداڵە تازە لەدایك بووە بەئاستێك بگەیەنم کە بەشێوەیەکی باش پەروەردە بکرێت و هەڵگری هەلومەرجگەلێکی باشتر بێت و هەم ئێوەش بەهۆی ئێمەوە لێپرسینەوەتان لەگەڵدا نەکرێت، هەواڵێکی ترمان پێیە کە"هورم هب"دەیەوێت ئێمە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، لەوانەیە چەند کەسێك بۆ لەناوبردنمان بنێرێت بۆ ئێرە. هەر لەبەرئەوەش باشترین ڕێگا ئەوەیە بیانخەیتە نێوان ترس و ئومێدەوە: پێیان بڵێن خۆ ئێمە کوت و زنجیرمان لەدەست و پێی دورخراوەکان نەبەستووە، هەر ئەمڕۆ بەیانیەکەی دیار نەمان. بۆیە بەهۆی ئەو دانپیانانەتانەوە بەهیوای دۆزینەوەمان لەئێوە دەبورن.

PDF 4 KURD

ناوچەی کپ: فێرگای کەسە دۆڵەمەندەکان و دەمی تیمساح مەیخانەی کەسە پایە بەرزەکان....

فێرگای کپKAP لەو سەردەمانەی من لەخزمەتی هاوسەری فیرعەوندا بوم لەڕێزی ڕێکخراوە زانستیە دیارەکانی وەك"ماڵی ژیان"دا بوو، بەڵام خوێندکارانی ماڵی ژیان بەئەنقەست وانەی پزیشکیان دەخوێند، بەڵام لە فێرگای"کەپ" وانەی جۆراوجۆریشیان دەوتەوە. واژەی"کەپ"واتای شوێنێکی داخراو دەگەیەنێت، لەو ناوچەیەدا کۆمەڵێك فێرگای پسپۆڕی جیاواز هەبوو کە تەنها کوڕانی کەسایەتیە سیاسی و بڵند پایەکانی دەوڵەت ڕێیان پێدەدرا لەو شوێنەدا بخوێنن، بەتایبەت منداڵی کەسە خانەدانەکانی فیرعەون هەروەها خزم و وابەستەکانیان. ئەم شوێنە یاسا و بڕیارگەلی تایبەت بەخۆی هەبوو، بگرە کاری کردبووە سەر ژینگەی دەورووبەریشی، کاریگەریەکەشی گەشتبووە ڕادەیەك کە چەند ساڵێك لەوەوپێش تاکە مەیخانەی ئەو ناوچەیەیان بەهۆی ئەوەی دراوسێی فێرگای"کەپ"بوو داخست. ئەو مەیخانەیە لەناوچەیەکی چڕ و پڕ لەدرەخت و لەدیدگایەکی دڵڕفێندا لەسەر تەپۆڵکەیەك کە دەیڕوانیە ڕوباری نیل بنیات نرابوو و شەوانی خەون ئاسا و فەرامۆشنەکراوی لەهزری مەیخۆراندا دروست دەکرد. لەسەردەمی فەرمانڕەوایی "ئامی" خەسوی "ئەخناتون"دا "تبس"دوچاری ئاژاوەیەکی زۆر مەزن بوبو، بۆنمونە مەیخانەکان هەر لەیەکەمین هێرشدا کەوتنە بەر پلاری هێرشبەران، مەیخانەی"کەپ"بەهۆی دوری و دور لە پلار و پەلامارەکان بەپارێزراوی مایەوە، سەرەڕای ئەوەی مەیخانەیەکی ناچالاك و بەوشێوەیەش بازاڕی نەبوو، دوای ئەوەی"هورم هب"بەناونیشانی فیرعەون هاتە سەرکار لەناکاو ئەو مەیخانەیە

PDF 4 KURD

دوبارە زیندوو بۆیەوە و بازاڕی گەرم بوو. سەرلەبەیانی ڕۆژێکیان دەرگای مەزنی ئەو مەیخانەیە لەگەڵ دەنگی جیڕەیەکی وشکدا کرایەوە، چەندین کرێکار و ئەندازیار خۆیان کرد بەژووردا. چیتر دوای ئەوە دراوسێ پەنجەژمێرەکانی ئەو مەیخانەیە بینەری چالاکی و هەوڵی بەرچاوی کرێکار و وەستادیوار و کرێکارەکانی تر بون کە بەشێوەیەکی شکۆمەندانە سەرقاڵی نۆژەنکردنەوەی ئەو مەیخانەیە بون، تا ئەوەی چاویان بەتابلۆیەکی مەزن کەوت کە وێنەی ئەهریمەنێکی لەسەر کێشرابوو بەناوی"ستە هوس"-بەواتا ئەهریمە زادە- کە بەسەر دەرگای مەیخانەکەوە هەڵواسرابوو. ئەم مەیخانەیە هەم مەیخانە و هەم میوانخانە بوو هەروەها بە مەزنترین و جوانترین مەیخانەی تبس ناوبانگی دەکردبوو، بەڵام خۆشەویستی و ناوبانگی خێرا و برق ئاسای مەیخانە سەردەمانێك بریسکەی دایەوە کە لاشەی تیمساحێکی وشکراویان لەتەنیشت تابلۆی ئەهریمەن زادە"ستەهوس"دا هەڵواسی و ئەو بادە نایابەی ناو"کلکی تیمساح"ە مەیخانەی پڕکرد لەکڕیاران، بەڵام"ستە"ی کچی خاوەن مەیخانە بەفەرمانی دایکی تەنها پێشوازی لەڕێژەیەکی کەم دەکرد کە پێشوەخت جێگایان بۆخۆیان گرتبوو، "ستە"جوانیەکی بێوێنەی هەبوو کە شەوانە لەژێر ڕوناکی چرای مەیخانەدا ئەوەندەی تر کڕیارەکانی شەیدای خۆی دەکرد. شێوە سەرنجڕاکێشەکانی مەیخانە کە لەتختەدارێکی تایبەت تاشرابوو لەگەڵ ئەو دارانەی لەبنیاتنانی ئەو تەلارەدا بەکار هاتبوو تێهەڵکێش و هونەرێکی تایبەت بەخۆی لەخۆ گرتبوو، تەختەدارەکانیان لەپاشماوەی کەشتیە نوقمبووەکان کە دواتر هەڵیانوەشاندبون ئامادەکردبوو کە هەم زۆر توندوتۆڵبون هەم زۆر گران و بەرگەیەکی زیاتر دەگرێت. ڕوناکیە ئاوێزانەکان"سورەیا"و پەردەی ڕەنگاوڕەنگ و کاسەی مەیخانە کە هەریەکێکیان لەجۆرایەتی خۆیدا تەنها هاوشێوەی لەکۆشکی فیرعەوندا بەدی دەکرا، بگرە هەندێك بەشی ئەو مەیخانەیە لە کۆشکی فیرعەونیشدا بەدی نەدەکرا.

شێوازی ناولێنانی"مەیخانە"هەربەوشێوەی ئاماژەی پێدرا، لەناوی"ستە هوس"ی کچی خاوەنی مەیخانەکەوە وەرگیراوە، ئەم کچەش سەرەڕای تەمەنی لاویەتی زۆر هۆشیار و چالاکبوو و دایکیشی تەواوی کارەکانی بەو سپاردبوو،

PDF 4 KURD

سەرەڕای ئەوەی لەدورەوە چاودێری کاروباری ناو مەیخانەکەی دەکرد و لەڕاستیشدا بڕیاری کۆتایی هەرکارێك خودی خاوەن مەیخانە دەیدا، بەتایبەت دەربارەی ئەو میوانانەی کە دەیانویست لەمیوانخانەی "ستەهوس"دا بمێننەوە وردبینیەکی زۆریان لەسەر دەکردن، تەنها ئەو کەسانەی بەناونیشان دەهاتن بۆ ئەوێ دەیانتوانی شەوی تێدا بەسەر بەرن. هەرلەبەرئەوەش نێردراوەکانی "کاپتا"کە سواری کەژاوەیەك بوبون و لەبەردەم"ستە هوس"دا دابەزین نائومێد لەوەی نەیانتوانی جێگایەکی تایبەت بۆ"کاپتا"بگرن ڕێگای کۆشکیان گرتەوە بەر و گەڕانەوە.

"کاپتا"پرسی: پیان نەوتن بۆچی شوێنێکیان بۆ مێوانەکانم بەئێوە نەدا؟

نۆکەرەکان وتیان: پێیان وتین دەبێت خودی سەرگەورەکەتان بێت و شوێنێك بۆخۆی بگرێت، بۆیە پێویست بەبونی ئێوە ناکات. "کاپتا"لەدواییدا شێوازی مامەڵەکردنی خۆی و خاوەن مەیخانەکە و چۆنایەتی هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی شوێنێکی باش و ئارام بەم شێوەیە بۆی باسکردم:

کاتێك نۆکەرەکان بە"کاپتا"دەڵێن پێیان ڕاگەیاندین دەبێت خودی خاوەنەکەتان بێت، سەرەتا ویستی پشتگوێی بخات، بەڵام کاتێك ئەوەی هاتەوە یاد یەکێك لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی ئەوەی"سینۆهە"دورخراوەکەی بەجێ بهێڵت ناوی هەمان ئەم"کلکی تیمساحە"بووە، هەر لەبەرئەوە فەرمان دەدات بەکەژاوەیەك بیبەن بۆ مەیخانەی"کلکی تیمساح" هەر ئەوکاتەی خۆی دەکات بەمەیخانەدا"کاپتا"وەك ئەو کەسانەی هەورە بروسکە لێیداون لەجێی خۆیدا وشك ڕادەوەستێت، بۆ ساتێك سەری بۆ دواوە وەردەگەڕێنێت و تەماشایەکی چواردەوری خۆی دەکات بۆئەوەی بزانێت ئایا لەناوچەی"کەپ"ئەو شوێنە دورەدایە یان لە لەنگەرگا و مەیخانەکەی خۆیدایەتی، هەمان بۆن، هەمان ڕوناکی، هەمان تەختەدار و هەمان مەیی"کلکی تیمساح"! تەنها جیاوازی مەزنی نێوان ڕابردوو و ئێستای"کاپتا"دا ئەوەبوو کە نەیدەتوانی ئەو جۆرە مەیە بخواتەوە! "کاپتا"ڕوبەڕوی ژنێك بویەوە کە ناوی چەند"نفر"ێکی لەخۆی نابوو! سەرەتا وای دەزانی خزمەتکاری مەیخانەکە دەڵێت: دەتەوێت چاوت بەچەند کەس بکەوێت.

PDF 4 KURD

"کاپتا"ش لەوەڵامدا وتی: من کارم بەتەنها کەسێکە و ئەویش خاوەنی ئەم مەیخانەیە.

بیستی کەسێك وتی: فەرموو گەورەم جەنابی"کاپتا"!!من هەمان ئەو چەند"نفر"م.

کاپتا بەهۆی ئەوەی خاوەنی مەیخانەکە دەیناسی سەری سوڕما، بەڵام"چەند نفر"ئەوی لەو گومانە ڕزگار کرد و وتی: سەرت سوڕ نەمێنێ گەورەم! لەشاری"تبس"دا کەسێك بەدی ناکرێت"کاپتا"کە خاوەنی کۆشکێکە کەسەری دەدات لە کەشکەلانی فەلەك نەناسێت. بۆچی بەنۆکەرەکانت نەوت کە تۆ پێویستت بەشوێنێکە؟

"کاپتا"ش وتی: من پێویستم بەشوێن نیە، تۆ خۆت دەزانی خاوەنی کۆشکێکی مەزنم، چەند میوانێکم هەیە کە دەیانەوێت بۆماوەیەك، لەوانەشە بۆماوەیەکی درێژخایەن، لەم میوانخانەیەدا نیشتەجێ بن.

"چەند نفر" یەکسەر وتی: بەخێر بێن هیچ ڕێگریەکم لەهاتنیان نیە.

"کاپتا" کونجکاوانە پرسی: بۆچی چواردەوری ئەم مەیخانەیە ئەوەندە پاسەوانی چەکدار و کاربەدەستی دەوڵەتی لێیە، بونی ئەم جۆرە کەسانە زیان بەجوانی ئەم مەیخانەیە دەگەیەنێت.

"چەند نفر"وتی: نەخێر بەڵکو بەهۆی بونی هەمان ئەم کەسانەوەیە کە کڕیارەکانم بێ هیچ ختوکە و ئاسودەخەیاڵ هەرچی خۆیان حەزی لێ بکەن لەم شوێنە دور خراوەدا ئەنجامی دەدەن، ئەم جۆرە کەسانە ئاسایشی ئەم ناوچەیە دابین دەکەن، مەگەر خۆت تێبینی ئەوە ناکەیت کە"کەپ"شوێنێکی دورخراوەیە؟

"کاپتا"یەکسەر لایەنگری ئەو قسەیەی کرد و وتی: تۆ ڕاست دەکەیت منیش سەردەمانێك لە لەنگەرگایەکدا مەیخانەیەکم هەبوو کە بادە و خواردنەوەی خۆڕام دەدا بەپاسەوانی مەیخانەکەم، تەنها بۆئەوەی پارێزگاری لەمەیخانەکەم بکەن.

PDF 4 KURD

"چەند نفر"دەردەکەوێت!!

"کاپتا"خۆشحاڵ بوو بەوەی سەرکەوتنی لەڕزگارکردنی خاوەنە کۆنەکەیدا بەدەست هێناوە و بەبینینی لەشوێنێکی نامۆ و دورخراوەدا ئەوی هێنایە گریان.

"موتی"وتی: "کاپتا"مەگری نهێنیەك لەپشت ئەم کارەوەیە.

"ئاتوم"وتی: ئەگەر گەورەم ڕێگام پێبدات من ئەم نهێنیە ئاشکرا دەکەم، چونکە لەم مەیخانەدا ئەوەم بەرگوێ کەوتووە کە هەرکەسێك بەدوای ئاشکراکردنی نهێنی"ستە"دا بگەڕێت توشی بەڵایەك دەبێت.

"موتی"وتی: لەوانەیە لەبەرئەوەی"ستە"واتای ئەهریمەن دەگەیەنێت، ناوی کورەکەی هورم هب"ست"ە –ئەهریمەن زادە–یە.

"ئاتوم"وتی: بەڕێکەوت ناوی"ستە"ش هەمان ستە هوسی"ئەهریمە زادەیە" شەوی پێشوو بیستم کە کەسێك ئەوی بە"هوس"بانگکرد!! دوای ئەوەی بەگاڵتەوە وتی: لەوانەیە دایکی"ستە هوس"یش لەگەڵ پیاوگەلێکی زۆردا خەوتبێت و دایکیشی لەباوکی منداڵەکەی زۆر بێزار بوبێت، هەرلەبەرئەوەش ناوی"ستەهوس"ی لێنابێت!

بێدەنگیەکی قوڵ دوای ئەو قسە گاڵتەئامێزە باڵی بەسەردا کێشان.

"ئاتون"وتی: خۆم ئەو نهێنیە بەبڕێك زێر ئاشکرا دەکەم، مەگەر"کاپتا"نەیوت لە"تبس"دا هەموو گرفتێك بەزێر چارەسەر دەکرێت.

"کاپتا"وتی: لە"ممفیس"دا زیو بەئەندازەی زێر دەسەڵاتی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم بابەتە پڕ بەهایە، هیچ زیانێك نابینی گەر لەپێناویدا زێر بەفیڕۆ بدەیت.

PDF 4 KURD

"ئاتوم"لەشەوێکی تردا بەداواکردنی گۆزەیەکی بچوك"کلکی تیمساح"-کە لەچەند پیاڵەیەك زیاتر ناگرێت-لەنزیك پێشخوانی مەیخانەکەوە دانیشت و زێڕێکی گەورەی خستە ناومشتی"ستە"وە. "ستە"ش سەرسوڕماو لەو بەخشندەییە بەدەم ڕاکردنەوە خۆی کرد بەژورێکی ئەو مەیخانەیەدا، بەڵام بەڕوخسارێکی گوماناوی و دڵگرانەوە هاتەوە پشت پێشخوانەکەی بێئەوەی تەماشای ڕوخساری"ئاتوم"بکات. "ئاتوم"یش سەرسوڕماو لەگۆڕانی حاڵەتی دەرونی"ستە"ویستی هۆکارەکەی لێ بپرسێت. "ستە"ش دوای ماوەیەك لە"ئاتوم"نزیك بویەوە بەگەرمیەکەوە کە لێی چاوەڕێ نەدەکرا پرسی: تۆ لە"تبس"ەوە دێیت؟

"ئاتوم"وتی: بەڵێ، بۆچی؟

دوای ئەوە لێی پرسی: تۆش لەگەڵ ئەو ژنەدا هاتویت کە منداڵێکی بچوکی لەباوەشدایە؟

"ئاتوم"وتی: من نۆکەری نۆکەری خاوەنی ئەو ژنەم!

"ستە" لەوکاتەدا بەدەم بزەیەکەوە وتی: لەباتی نهێنیەك بوبە چەند نهێنیەك.

"ئاتوم"وتی: دەتوانم بپرسم ئەم مەیخانەیە هی کێیە؟

"ستە"وتی: ئەم مەیخانە و میوانخانەیە هی"چەند نفر"- بەاتا هی نفر نفر نفر-ە!

"ئاتوم"سەرێکی ڕاوەشاند و وتی: ئاوا، وام لێکدەدایەوە کە... دوای ئەوەی بەرتیلێکی تری دا بە"ستە" گەڕایەوە بۆ لای هاوڕێکانی و وتی: ئەم مەیخانە و میوانخانەیە هی"چەند نفر"ە.

"سینۆهە"پرسی: لەکوێوە زانیت؟

"ئاتوم"وتی: ئەو کچەی کە بەڕێوەبەری ئەم مەیخانەیە پێی وتم.

"کاپتا"وتی: من قسەم لەگەڵدا کرد بەڵام لەوکاتەدا ڕوخساری داپۆشیبوو، بەڕاستی سەرم لەوکارەی زۆر سوڕمابوو.

PDF 4 KURD

لەوشەوە پڕ ڕووداوەدا"ستە"بەوەرگرتنی چەند ئەنگوستیلەیەکی زێڕ کە لە"تبس"دا خەرجی مانگانەی چەند خێزانێکە، داوای لە"ئاتوم"کرد سبەی شەو لەمیوانخانەدا میوانی ئەو بێت.

کاتێك"ئاتوم"گوێ لەم میواندارییە بوو ڕاوەشا و وتی: ئایا من و تۆ....

"ستە"پێکەنی و وتی: هاوڕێکانت و من و "چەند نفر"ی خاوەنی مەیخانە!

شەوی دوایی"کاپتا و موتی و سینۆهە" بەڕێنمایی"ئاتوم"لەباشترین و ڕازاوەترین ژووری مەیخانەدا دانیشتن. ڕازانەوەی تەلار بەلای"سینۆهە"وە زۆر سەیر دەهاتە بەرچاو، سەرستوونەکانی"ئامون"ی و لەهەمووی گرنگتر بەسەر تەلارەکەشەوە پەیکەری ڕەشی"خودای بەدی هێنەری ئارەزووەکان"کە سەری لەشێوەی پشیلە هەڵکۆڵرابوو.

لەوکاتەدا"موتی"بە "کاپتا"ی وت: تۆ ئەمڕۆ دەبێت خۆشحاڵ بیت کە توانیوتە خاوەنی پێشوت ڕزگار بکەیت و منداڵێکی تازە لەدایك بوشت وەك ئەو لەئاو گرتووەتەوە و تێکەڵی ژیانی ئێمەت کردووە.

لەوکاتەدا"سینۆهە"هیچ قسەیەکی نەدەکرد و بێدەنگ ڕۆچوبوە هەزری خۆیەوە.

"موتی"زیرەکیشم پرسی: مەگەر خاوەنی مەزنم خۆشحاڵ نیە، هیچ نەبێت لەپێناو ئایندەی ئەم منداڵە خۆشحاڵ بە.

"سینۆهە"وتی: لەڕاستیدا دڵگرانی ئایندەی ئەم منداڵەم، من کە لەلای کەسانی وەك فیرعەون زادە، پزیشکی تایبەتی فیرعەون، هەروەها کەسێکی دۆڵەمەند ولەگەڵ چەند هاوڕێیەکی وەك"کاپتا و مۆتی و مریت"دا بوم، بەڵام ئێستا تەماشا کە توشی چ ڕۆژێکی ڕەش بووم، لەبەرئەوەی خۆشم وەك ئەم منداڵە نۆزادێکی سەر ڕێ بوم، هەروەها کوڕ بوم، بەڵام ئێستا قوڕ بەسەری ئەم کچە بێدەرەتانە.

"کاپتا"وتی: من تادواین ئەنگوستیلەی زێڕ و مسم خەرجی خۆشبەختی"موتیە" دەکەم.

"سینۆهە"لەناکاو سەری هەڵبڕی و وتی: من نیگەرانی ئەم گواستنەوە و هەڵهاتنەم، چونکە لەوانەیە پاسەوانەکانی کەنار دەریای ڕۆژهەڵات بەبۆنەی ئێمە توشی سزا ببن.

PDF 4 KURD

"کاپتا"وتی: گەورەی بەڕێزم لەبارەی نیگەرانی پاسەوانەکانیەوە خەیاڵی ئاسودە بێت، چونکە دوای ئەوەی ئێوە ئەوێتا بەجێهێشت، بۆئەوەی ئەوەکو "هورم هب" ئازاریان بدات بۆئەوەی ڕاستیەکانیان بۆ بگرێنەوە، من شوێنێکی پڕ لەرامەتم لەسوریادا بۆ دیاری کردون و بەناونیشانی کارگوزار و خزمەتکار ناردونم بۆ ئەوێ، چونکە دەمزانی لەوانەیە خاوەنە بەڕێزەکەم نیگەرانیان بێت.

"سینۆهە"وتی: ئێستا کەمێك خەیاڵم ئاسودەم، ئێستا با بڕۆین لەو مەیخانە بخۆینەوە کە دەڵێن مەیی"کلکی تیمساح"دەدەن بەکڕیارەکانیان، سەرەڕای ئەوەی پیر بوم بەڵام بەباشی دەتوانم تامی"کلکی تیمساح"جیابکەمەوە و دەستنیشانی بکەم، هەروەها دەمەوێت بزانم چ کەسێك ئەم مەیەی هێناوە بۆ ئێرە و زۆریش حەز دەکەم خاوەنی ئەم مەیخانەیە کە دەڵێن ژنە ببینم.

"موتی"وتی: دەتوانم بپرسم پێداگری خاوەنی بەڕێزم بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ خاوەنی مەیخانەدا کەناوی"ستە"یە چیە؟

"سینۆهە" دەڵێت: یەکێیان لەبەرئەوەی بپرسم بۆچی ناوی"ستە"یان لەم مەیخانەیە ناوە، دووەمیان ئەم مەیی"کلکی تیمساح"ەی لەکوێ ئاشکرا کردووە.

"کاپتا"کە بینی"سینۆهە"سورە لەسەر کارەکەی خۆی، وتی: ئەگەر نۆکەر لەیەك کاتدا وەڵامی هەردوکیان بداتەوە، سەرەڕای ئەو وەڵامەش هەر سور دەبیت لەسەر ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ خاوەنی مەیخانەدا بکەیت؟

"سینۆهە"وتی: تەنها کاتێك کە بزانم خوشکی"مریت"نیە، چونکە تەنها خوشکی"مریت"دەتوانێت مەیی"کلکی تیمساح"ئامادە بکات.

"کاپتا"وتی: کاتێك نۆکەر وەڵامی ئەو دوو پرسیارەی دایەوە، خۆی لەخۆیدا ئەم نهێنیە ئاشکرا دەبێت.

"سینۆهە"ش کە ئەم بابەتە بەلایەوە سەرنج ڕاکێش بوو، وتی: هیچ کاتێك وەك ئێستا بەوشێوەیە نهێنی پارێز نەبویت دە زوو پێم بڵێ، بۆئەوەی بزانم بەچ شێوەیەك ئەو هەموو بابەتە ئاڵۆزانەم بۆ چارەسەر دەکەی.

"کاپتا"وتی: لەبارەی مەیی"کلکی تیمساح"ەوە دەبێت خەیاڵی خاوەنی بەڕێزم ئاسودە بکەم کاتێك دروستکەرەکەی ئاگری گرت و بوبە خۆڵەمێش، شێوازی

PDF 4 KURD

دروستکردنی ئەم جۆرە مەیەشی لەگەڵ خۆیدا بردە گۆڕەوە. ئەم مەیی"کلکی تیمساح"ە من لەناو خەزێنەکەمدا هەڵمگرتبوو و بۆ پەلکێشکردنی تۆ بۆ ئێرە پێشکەشی خاوەنی مەیخانەکەم کرد بۆئەوەی ناوی"کلکی تیمساح"بەسەر مەیخانەکەوە هەڵواسن بۆئەوەی وا لەتۆ بکات جارێکی تر سەرنجت بەلای"ئامون"دا پەلکێش بکرێتەوە!

"سینۆهە"وتی: بەڕاستی پێشەکیەکی کاریگەر بوو. کەواتە هیچ دروستکەرێك بونی نیە کە خوشکی"مریت" بێت! بەڵام لەبارەی ناوی"ستە"، ئەم ناوە بۆچی لەکچی خاوەنی مەیخانە نراوە و ناوبانگی جوانی لەناوشاردا بڵاو بووەتەوە و دەڵێن لەجوانیدا وێنەی نیە.

هەروەها"سینۆهە"وتی: هەر لەبەرئەوەش زیاتر خوازیاری ئەوە بوم چاوم بە"ستە"و مەیخانەکە بکەوێت، دەبێت نهێنیەك لەپشت ئەم ناوەوە شاردرابێتەوە...

سەرەڕای ئەوەی ناوی"ست"هەزری"سینۆهە"ی سەرقاڵکردبوو، وتی: ئەم سەری پشیلەیەم لەشوێنێکدا بینیوە، بەڵام لەبەرئەوەی نەیتوانی بیهێنێتەوە یاد لە"ستە"ی پرسی: سەری پشیلەی"خودای بەدی هێنەری ئارەزوەکان"م لەشوێنێکدا بینیوە.

"ستە"وتی: نازانم تۆ سەری ئەم پشیلەیەت لەکوێدا بینیوە، دوای ماوەیەکی تر"چەند نفر"بۆتی ڕوندەکاتەوە.

"سینۆهە"وتی: مەبەستت خاوەنی مەیخانە و میوانخانەکەیە.

"ست"وتی: ئەگەر بۆماوەیەك دان بەخۆتاندا بگرن پەی بەهەموو ئەو نهێنیانە دەبەن، ئێستاش ڕێم پێبدەن بۆ زیاتر کردنی سەرسوڕمانتان چراکان خامۆش بکەم، هەرکاتێکیش وتم چاوتان بکەنەوە، چراکانیشتان بۆ دادەگیرسێنم، دوای ئەوە دەتوانن چاوتان بکەنەوە.

ئەو بێدەنگیە کە لەو ماوە کورتەدا بەلای"سینۆهە و موتی"کە منداڵەکەی بەباوەشەوە بوو هەروەها"کاپتا" کە بەدڵەڕاوکێوە چاوەڕێی بینینی"چەند نفر" و "ئاتوم" کەوای دەزانی"ستە"ی شۆخ و شەنگ حەزی لێکردووە، بەدەنگی تریەی پێی ژنانە شڵەقا، دوای ئەوە بیستیان کە کەسێك وتی: چراکان داگیرسێننەوە و

PDF 4 KURD

"نفر نفر نفر"یش وتی: داستانی دور و درێژی پیاوێکە کە عاشقی ژنێك دەبێت و ژنیش لەوکاتەدا چەند مەرجێکی بۆ دانا و پیاویش یەکسەر هەمووی جێبەجێکرد.

"سینۆهە"وتی: تاوانی ئەم ژنە بوو کە ئەو پیاوەی هانی ئەو جۆرە کارانە دا.

"نفر نفر نفر"وتی: پیاوانی بەهێز و توانا ژنان ورد و هان دەکەن، مەگەر هەر"هورم هب"نەبوو لەیەکەمین مەرجدا دەرگای ماڵەکەمی بەلەقە کردەوە و بەدەم جنێودانەوە بێئەوەی هیچ گرنگیەکم پێبدات بەجێی هێشتم، بگرە ئەنگوستیلەیەك میسشی پێنەدام، چ بکات بەگۆڕی دایك و باوکی. من لەهەموو مامەڵەیەکدا مەرجم لەگەڵدا دەبەستی، تۆم لەخۆم دور دەخستەوە، بەڵام بگرە تۆ ئەم نۆکەرەشت پێ فرۆشتم، ئێستاش لەڕوی یاساییەوە دەتوانم هەر ئێستا بانگەشەی ملکداری"کاپتا"بکەم و بیکەمەوە بەنۆکەری خۆم بۆئەوەی پاك و خاوێنی مەیخانەکەم لەئەستۆ بگرێت و بەردەوام گسکی بدات! لەئێستادا ئەو بەنۆکەرێکی هەڵهاتو لەقەڵەم دەدرێت و منیش بەهای ئەوم بەخاوەنەکەی داوە.

"کاپتا"ش کە خاوەنی کۆشکێکی مەزن بوو، بەم قسانە زۆر دڵگران بوو و وتی: لە"تبس"دا "هورم هب"یش ناتوانێت بێ مۆڵەت خۆی بکات بەناو کۆشکەکەمدا، چ بکات بەوەی تۆ بتەوێت من بکەیت بەهی خۆت.

"نفر نفر نفر"وتی: لە"تبس"دا بەڵی تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام ئێستا تۆ لەماڵ و مەیخانەی من و لەنێو پاسەوانەکانی مندایت، بێهودە بەپرسیارگەلی بێبنەما خۆت لەم ڕاستیانە مەدزەرەوە، چونکە دەزانم"سینۆهە"زۆر تامەزرۆی ئەوەیە بزانێت لە"مردوخانە"دا چی ڕویداوە و بەچ شێوەیەك لەئێستادا لێرەم!چونکە ئاگاداری ئەوەبوم کاتێك کچەکەم"ستە"منی بادایکی خۆی بانگکرد، لەوکاتەدا کونجکاوانە تەماشایەکی ئەوی کرد و هەر لەوساتەدا بێندەنگی باڵی بەسەر ئەو ژورەدا کێشابوو، دوای ئەوە "نفر نفر نفر"بێپەردە هەموو بەسەرهاتەکانی لەبەردەم کچەکەی خۆی"ستە هوس"دا باسکرد:

ئەو شەوەی تۆ منت بە"مردووخانە"سپارد، بەپێی خواستی تۆ، ئەوەی تۆ پێت پێوتن لەوە خراپتریان بەسەر مندا هێنا و چەندین مانگ هەموو ڕۆژ و شەوێك

PDF 4 KURD

تـەواوی کرێکارەکـانی مردووخانـە وەك کەرەسـتەی یـاریکردن لەگـەڵ خۆیانـدا دیانبردمـە جێگەخەوەکـەیان یـان بەسـەر بـەردێکی مۆمیـایی یـان هەرشـوێنێك کـە خۆیان حەزیان لێبێت لەگەڵمدا ڕایاندەبوارد، بەکورتیەکەی..... ئەم حاڵـە بەردەوام بوو تـا ئەوکاتـەی سـکم پڕبوو، کاتێکیش سکم پڕبوو، ویستم خـۆم بکوژم، بـەڵام کاتێـك ئـەوەم بەهزردا هـات گـەر ئـەم کۆرپەیـە لەسـکمدا بپارێزم دەتـوانم خـۆم لـەم نەهامەتیە ڕزگار بکەم، بۆیە لەهەمان ئەو شوێنەدا بڕیارمدا هەم خۆم لە مردووخانـە ڕزگار بکەم و هەم تۆڵەی خۆم لـەتۆ بکەمـەوە، لەوکاتـەدا هەسـتی تۆڵەکردنـەوەم زۆر بـەهێزبوو، ئالێرەدا بووکـە چیتر فێڵ و تەڵەکەی ژنانە و هۆکاری سەرنجڕاکێـشی پیـاوانم بەدەسـتەوە نـەمابوو بۆیە پـەنام بۆ زێڕ و زیـو برد. سـەرنجی سەرپەرشتی مردووخانەکـەم بـەلای خۆمـدا ڕاکێشا و پـێم وت: بـەدوو مـەرج بڕێك کـانزای زەرد، هەروەها یەکێك لەکەنیزەکانی خۆمـت پێدەدەم بۆئـەوەی بەئارەزوی خـۆت لەگەڵیـدا ڕابوێریـت، یەکـەم ئـەوەی من لـەم مردووخانەیـە ببیەتـە دەرەوە، دووەم بەڵگەنامـەی مـەرگم کـە مـۆری پزیـشکی پێوەیـە بدەیتـەوە بـەخۆم، بۆئـەوەی سـکاڵا دژی بـەرز بکەمەوە. سەرەپەرشتی کرێکارەکانی مردووخانە کە تۆی باش دەناسـی و زۆریـش خۆشـی لـەتۆ نـەدەهات، منیش لەهـەمان ئەوکاتـەدا چاویم بە زێڕ و زیـو بەسـت و بەڵگەنامەی مەرگەکەمی دایەوە بەخۆم، منیش یەکسەر ڕۆشتم بۆ لای"هورم هب" و وتم: ئامـادەم هاوکـاری دارایـی بکـەم بەمـەرجێك تـۆ بـۆ شـوێنێك دور بخاتـەوە کـە نەتوانی هەناسەش بدەیت!

"هورم هب"یش وتی: من قەرزاری"سینۆهە"م، چونکە ئەو پیاوێکی میهرەبانە و سودێکی زۆریشی بەمن گەیاندووە.

منیش پێم وت: منیش دەتـوانم سـودت پـێ بگەیـەنم و زێـڕت پێدەدەم، هـەروەها بۆئـەوە هـاتوم بـۆلات کـە سـکاڵای خۆمـت لا بکـەم، تـۆ دەبێـت لەدیـدی دەسـتەی پزیشکان و دادوەرانی دادگاوە"سینۆهە" لەپزیشکی بێبـەش بکـەیت، دوای ئـەوەی بەڵگەیەکی مۆرکراوی کەسێکی مردوم خستە بەردەستی وتم: بەناوی ژنێك سکاڵام لەپزیشکی تایبەت هەیە!... بەبۆچونی من سوکترین سزای بەسـەرتۆدا سـەپاندووە و سـزایەکی ئاسـانی وەك ئـەو دورخـستنەوەیە لەبەرامبـەر کارێـك لەبەرامبـەر منـدا

PDF 4 KURD

ئەنجامت دا بەسەر تۆدا سەپێنراوە. بۆچی؟ چونکە تۆ لەئاستی ڕەقەبەرایەتی و لاوازیدا بەزۆری دەستەڵاتت تۆڵەت لێکردومەتەوە، ئەو خاڵەی زۆر دوپاتم کردەوە و وام لە"هورم هب"کرد بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەم کێشە بدات، ئەوەبوو پاسەوانانی ئەو شەوەشم دۆزیەوە کە تۆ بەناوی"هورم هب" و بەفەرمانێکی ساختە هانت دابون ئەو تاوانە لەبەرامبەر مندا ئەنجام بدەن. "هورم هب"یش بەبیستنی ئەم قسەیە زۆر تورە بوو و وتی: چیتر ئەم بابەتەیان بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت چاوپۆشی لێبکرێت، بەلایەنی کەم لەبەرئەوەی سینۆهە هەلومەرجی هاوڕێیەتی منی قۆستووەتەوە بۆ کاری تایبەتی خۆی، دەبێت بەسزای خۆی بگات.

نابێت ئەوەش فەرامۆش بکەیت دوای دورخستنەوەشت پیاوەکانم چاودێریان دەکردی، تەواوی گواستنەوو ئەو کەسانەی هاوکاریان کردن هەروەها ئەم"ئاتوم"ەی لەتەنیشتەوە دانیشتووە، بۆ "چەند نفر"کاریان کردووە، بەواتا"یەك نفر"بەواتا"نفر نفر نفر" من"کاپتا"دەبەخشم و ئازادی دەکەم! ئێستا دەبێت بەپەلە دووبارە هەڵبێتەوە، جاری پێشوو لە"تبس"هەڵهات، ئێستا بەپێچەوانەوە دەبێت بەرەو"تبس" هەڵبێت. "سینۆهە"ش دوای چەند ساتێکی تر بەکەژاوەکەی ڕوانەی لای پیاوەکانی"هورم هب"ی دەکەم بۆئەوەی بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەڵام"موتی"و ئەم منداڵە تازە لەدایك بووە دەتوانن لەهەمان ئەو ژورەی کە بەکرێتان گرتووە و کرێکەیتان ڕاستەخۆ داوە بژین، چونکە دیار نیە چارەنوسی"سینۆهە"ی هەڵهاتوو چی دەبێت، تۆ لەئێستادا بحەوێرەوە و چاودێری لەو منداڵە بکە، بەچاوی خۆت دەبینی"نفر نفر نفر"بەزۆر هیچ شتێك بەسەر هیچ کەسێکدا ناسەپێنێت! ئەگەر ویستت بمێنیتەوە ئەوا هەموو پێویستیەك بۆئەم منداڵەش دابین دەکەم، ئەگەر حەزیشت نەکرد بمێنیتەوە، ئەوا دوای ئەوەی"هورم هب"بڕیاری دا بەچ شێوەیەك ڕەفتار لەگەڵ"سینۆهە"دا بکرێت و شوێنی دور خستنەوەی دەستنیشان کرا دەتوانی پەیوەندی پێوە بکەیت، خۆزگە"سینۆهە"کتێبەکەی تەواو نەکردایە و ئەم بەسەرهاتەشی بۆ زیاد بکردایە...

PDF 4 KURD

موتیە لەباتی سینۆهە

ناوم"موتیە"یە، من نە دایك و نە باوكی ڕاستەقینەم خۆم بینیوە، بەڵام لەسەردەمی منداڵیمدا زڕدایكەكەم كە ئەم ناوەی من -ناوی ئەو بووە-و بەداوای زڕباوكەكەم ئەو ناوەی لێناوم، من ڕوداوەكانی سەردەمی منداڵی تا دەگات قۆناخەكانی سەردەمی لاویەتیم زانیاریەكی بڕواپێكراوم هەیە، دەزانم لەسەردەمی منداڵیمدا لەگەڵ زڕدایكەكەمدا گواسترامەوە بۆ مەیخانەیەك، لەو شوێنەدا كچی خاوەنی مەیخانەكە گرنگیەكی زۆری پێدەدام، و من و ئەو پەیوەست بونێكی زۆر بەهێز لەنێوانماندا دروست بوو، هەروەها منیش بومە هۆی ئەوەی ئەو ببێتە هاوسەری جێنشینی فیرعەون كەلەدواییدا بوو بەفیرعەون. "ستە" كە نەیدەتوانی بەرگەی دوریم بگرێت، هەفتەیەك دوای ئەوەی ژیانی هاوسەری پێك هێنا منی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ بارەگای فیرعەون و لەپێویستیەكانی بارگا بۆنمونە مامۆستایانی پلە یەك وانەیان پێدەوتمەوە، هەروەها"ستە"حەزی دەكرد یادگار ڕاستەقینەی ئەو بارەگایە بەیاداشتكراوی بمێنێتەوە و منیش بەپێی خواستی ئەو دەستم كرد بەنوسینی بابەتەكانی ڕۆژانە...

كەسایەتیە سەیرەكانی مێژوو[3]

---

[3] ناوی"ژان فرانسرالیون"لەمێژوودا بەجاویدانی بمێنێتەوە، چونكە ئەو بەوەرگێڕانی شێوازی نوسینی"هیروگلیفی" ڕۆشنبیرانی بە نوسراوە هەڵكۆڵراوەكانی میسری دێرین ئاشناكرد.

پەیوەندی هاوسەری "ست هوس" و "ستەهوس" ئەمریمەن زادە لەگەڵ ئەمریمەن زادە"دا لەوشوێنەی كە ڕەوتی ڕوداوی دور و درێژی ئەم بەسەرهاتە كە لەگەڵ ئەم پێك هێنانی ژیانی هاوسەریە سەیرەدا دەگێڕدرێتەوە، بەكورتی دەبێت بزانن كە "ست" لە تبسدا لە"كەپ"دا كەنێوەندی زانستە دەیخوێند و شەوانە بەدزیەوە دەڕۆشت بۆ"كەپ" و عاشقی"ستە هوس"دەبێت و ژیانی هاوسەری لەگەڵ یەكدا پێك دەهێنن، لەو قۆناخەدا"موتیە"ش كچێكی لاو بوو و "ستە هوس" زۆر پێیەوە پەیوەست بوو، بۆیە ئەویش لەگەڵیدا دەڕوات بۆ بارەگای فیرعەون، "ستە هوس"ی شاژن "موتیە" دەبێت بە هاودەم و هاوڕێی... "ستە هوس" سێ منداڵی لە"ست هوس"بوو كچێك بەناوی"دولانت"دوو كوڕیش بەناوی"شنار و ڕامسیس"

PDF 4 KURD

"شنار و ڕامسیس" کوڕەکانی"ست هوس" لەگۆڕەپانی تاقیگادا

گای کێوی"وەرزای" چاوی لە"ڕامسیس" هەلنەدەبڕی، گیانەوەرێکی ئەندام کەتە و زل و بەهێز و هێرشبەر کە لاقێکی وەك پایەی هەبوو، گوێکانیشی درێژ و پان و بەلایەکدا شۆڕ بوبون، لەلایەکەوە چاوانێکی گەورە و ڕاماو، شاخەکانیشی هێنابووە خوار و لەجێی خۆیدا نەدەجولا، تەنها تەماشای دەکرد. نەژادی"وەرزای کێوی" لەلای تەواوی ڕاوچییەکان ئاشکراو و تۆقێنەر بوو. "گای کێوی"ترسناك و شەڕەنگێز و زۆر هەستیار لەگەڵ لەشێکی بزوێنەر کە لەپلار و تەکانێکی شێتانەدا خۆی بۆ هێرشکردن ئامادە دەکرد، کلکی زۆر لەسەرخۆ ئەمبەرەوبەری پێدەکرد. لەمەودایەکی زۆر کورتدا لەنێوان باوك و کوڕی نیگەرانیدا، نیگەران لەچاوەڕوانی بەرگری تاقیکردنەوەدا چاویان لە گا کێویەکە هەڵنەدەبڕی: فیرعەون لەسەردەمی"ست هوس"و کوڕەکەی "ڕامسیس" بۆماوەیەك لەهەلومەرجی بەرگریکاریدا ساتژمێریان دەکرد. "ست هوس"کە لەسەر بنەمای چەند بەڵگەیەکی نەخوازراو و شومدا ناوی"ست هوس"یان لێنابوو، بەلام ئەو ناوی"وەرزای داگیرکەر"لەخۆی نابوو، فیرعەون کوڕەکەی لەگۆڕاپانێکی ڕاستەقینەدا لەبەرامبەر ڕکابەرێکی بەهێز و پێداگردا ڕاگرتبوو. "ڕامسیس" کە گایەك لەبەرامبەریدا ڕاوەستابوو و باوکیشی لەپشتیەوە بوو، بەبارودۆخێکی دەرونی و جەستەیی سەختدا تێدەپەڕی. کوڕە نەیدەتوانی لەجێگای خۆی تەکان بخوات، چونکە "گا"کێویەکە سەد مەتر لێیەوە دور بوو، لەناکاو بەپەلە هێرشی بۆ برد. "ست هوس" – وەرزای داگیرکەری–میسر کە هەمان ڕوکار و بونیایەتی ئامادەی بەس بوو بۆئەوەی دژمنەکەی بهێنێتە لەرزین، لەپشتی "ڕامسیس"ەوە ڕاوەستا و تەماشای

PDF 4 KURD

دەکرد. دەیزانی جوڵەیەکی هەڵە ئەکرێت بگۆڕدرێت بەکارەساتێکی چاوەڕوان نەکراو. "ست هوس"گۆڕا بوو بە ئەندامێکی باریك، ڕوخسارێکی جدی، نێوچەوانێکی درێژ و کەسایەتیکەی شکۆمەند، بەشێوەیەك کە کەسانی چواردەوری زیاد لەگا کێویەکە لێی دەترسان. لەو ساتەدا ئەم پرسیارە هات بەهزری"ڕامسیس"دا کە ئایا "ست هوس" زیاتر دڵی مرۆڤ دەهێنێتە لەرزین یان ئەم گا کێویە؟ چونکە "ست هوس"یش وەك ئەو گا کێویە هەمان ئەم دڵەڕاوکێیەی لەدڵی مرۆڤدا دروست دەکرد. "ڕامسیس"ی لاو بەدودڵیەکەوە بیری لێکردەوە کە نابێت بترسێت، لەوکاتەدا ئەوەی هاتەوە یاد کە"ساری" ڕاهێنەرەکەی پێی وتبوو گای کێوی گیانەوەرێکی ئاسانە، ئاگری ئەو جیهانەکەی تر لەجەستەیدا لەحاڵی خرۆشاندایە و هاوڕێی خودایانە! زیان بە فیرعەون و فیرعەون زادەکان ناگەیەنێت! بەڵام ئەمانە تەنها گوتەگەلێك بون کە ڕاهێنەرەکان بۆ بەرزکردنەوەی ورەی نەوجەوانان بەگوێیاندا دەیانچرپاند. گای کێوی لەپێڕەوی خۆیدا فیرعەون و کەسوکار و خوداکانی نەدەناسی، "ڕامسیس" لەڕوی ئەزمونەوە پەیی بەم ڕاستیە برد و زۆر ئاگای لەخۆی بوو و چاوەڕوانی هێرشی خێرا و لەناکاوی گا کێویەکەی دەکرد بۆئەوەی هەلی بێئاگایی نەقۆزێتەوە. "ڕامسیس"دەربرینێکی بەگوێدا چرپاند: ئەوە چ گایەکی کێو و "وەرزای"مەزنە! و دەنگێکیش پرسی: ئەی تۆ چۆنیت؟"ڕامسیس"مات و خافڵگیر و بێدەنگ مایەوە، لەوکاتەدا گا کێویەکە بەدەستی چەپی دەستی کرد بە سمکۆڵان و زەوی بەردەمی کێڵا و تەپ و تۆزی بەئاسماندا بڵاوکردەوە شکۆمەندی و دەنگی خرۆشانی گای کێوی باڵندە ماسیخۆرەکانی چواردەوری ترساند و بەخێرایی دەستیان کرد بەفڕین و سەکۆی نمایشیان چۆڵکرد. دەنگی"ست هوس" دوبارە پرسیارێکی تری کرد: تۆ ترسنۆکتری یان کوڕی فیرعەون ؟. دوای ئەوەی"ست هوس"لەهزری خۆیدا لەو پرسیارە ڕاما، نیگاکانی وەك نیگای مار کوڕی لاوی ئەفسوناوی کرد.

"ڕامسیس"وتی: دەمەوێت لەگەڵیدا بجەنگێم.

"ست"وتی: لەم جۆرە گۆڕەپانانەدا پیاوی ئازا و بەتوانا لە ترسنۆك و لاوازەکان جیادەکرێنەوە، بەڵام فیرعەونەکان ڕەهەندی ئەم هێزانەن، ئەگەر توانا و دەستەڵات

PDF 4 KURD

ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، لەم جۆرە حاڵەتانەدا نابێت پێشبینی بابەتی چاوەڕواننەکراو بکەیت، نابێت بیر لەدەستەڵاتت بکەیتەوە، سەرەتا دەبێت پاڵ بەم هێرشە زووتێپەڕەوە بنێیت. لەسەردەمی فەرمانڕەواییدا ئالەم جۆرە هێرشە لەناکاوانە زۆرن، هیچ تاقیکردنەوەیەك نابێت تۆ بترسێنێت، ئێستا دوو ڕێگات لەبەردەستادایە، یان دەبێت لەگەڵ ئەم گا کێویەدا بجەنگێیت یان پاشەکشە بکەیت، دەستەڵاتی هەڵبژاردن لەدەستی خۆتدایە.

ڕامسیس هەوڵی دا بەسەر خۆیدا زاڵ بێت. لەوکاتەدا هەموو توانایەکی بەپێکانی بەخشی و خۆی ئامادەی ڕۆشتن کرد و هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە نا و وتی: دەڕۆم بەلام تۆ ڕەوانەی مەرگم دەکەیت، چونکە دەزانی هێرشی ئەم گا کێویە، گابازە بەهێزەکانیان ڕەوانەی مەرگ و نابوتی کردووە، چ بکات بەمن کە لەباتی مەشق تەنها فێری جۆرێك دەربڕینیان کردوم کە گای کێوی دۆستی فیرعەون و خوداکانە.

"ست هوس"وتی: ڕۆژێکیان"هورم هب"ی باوکم پێی وتم، کوڕەکەم وەك گای کێوی بەهێز و شاخێکی تیژ و دڵێکی ئازای هەیە، چاونەترس بە تا ئەوکاتەی چۆك بەهەموو دژمنەکانت دادەنوێنیت، ئێستاش من ئەوەت بۆ دوپات دەکەمەوە: تۆ"ڕامسیس"کوڕی"ست هوس"کوڕی"وەرزای داگیرکەر" خۆت وەك"وەرزا[4]"یەك لەدایك بویت، دەزانی ئایندەی میسر لەدەستی تۆدایە، بۆیە دەبێت وەك خۆر لەپێناو خەڵکیدا هەڵبێیت و ڕوناکیان پێ ببەخشیت بۆئەوەی لەتیشکی ڕوناکیەکانت بەهرەمەند بن. تۆ تا دوێنێ ئەستێرەیەك بویت لەپشت هەورەکانەوە شاردرابویتەوە، بەلام ئەمڕۆ لەم ئاسمان و بارەگای تاقیکردنەوەیەدا یان دەدرەوشێیتەوە یان خامۆش دەبیت....بەلام لەوکاتەدا دەنگی بۆڕەی گای کێوی ئاگاداریەك بوو کە ئاڕاستەی"ست هوس و ڕامسیس" کرا، وەك بڵێی"گا"لەتێکەڵ بونی فیرعەون و فیرعەون زادە تورە و دڵگران بوبێت، بۆیە بەخێرایی دەستی کرد

[4]ڕامسیس لەبەر نالەباری ناوەکەی و هۆکار ناونانی ناو خۆی گۆڕی بە "وەرزای داگیرکەر"، "وەرزا"جۆرێك گایە کە زیاتر بۆ زۆرانبازی گا پەروەردە و ئامادە دەکرێت، کاتێك دەڵێت تۆ وەك"وەرزا"یەك لەدایك بویت مەبەستی ئەوەیە تۆش وەك ئەو گایە بەهێز و دڕەندە و چاونەترسی... ,وەرگێڕ

PDF 4 KURD

بەڕاوەشاندنی کلکی و بانگەوازی جەنگی دەست پێکرد. "ڕامسیس"یش بڕیاری دا بەپێی گوتەکانی باوکی"ست هوس"یان بدرەوشێتەوە یان خامۆش بێت. هەڵبەت"ساری" ڕاهێنەری"ڕامسیس" بەشێوەیەکی سەرزارەکی یان هەندێجار خۆی ڕۆڵی گای کێوی دەبینی و هونەری زۆرانبازی گای فێری"ڕامسیس" کردبوو، بەڵام ئەو لاوە لەهەرەتی لاویەتیدا بەهیچ شێوەیەك ڕووبەڕوی دیمەنێکی ئاوا جدی لەبەرامبەر گایەکی کێوی تورەدا نەبووەتەوە.

"ستە هوس" گوریسێکی دا بە"ڕامسیس" و تی: ئاگات لەخۆت بێت هەموو هێز و توانای ئەو گا کێویە لەسەر و شاخەکانیدا چڕدەبێتەوە، دەتوانی ئەم هێزە بەگرتنی شاخەکانی پوچەڵی بکەیتەوە. دەبێت هەوڵی بدەیت دەستت بگاتە شاخەکانی.

"ڕامسیس"سەرەڕای ئەوەی تەمەنێکی کەمی هەبوو بەڵام بەهەڵدانی گوریس نامۆ نەبوو هەروەها باڵایەکی کەمێك کورت بەڵام جەستەیەکی وەرزشەوان و ماسولکەداری بەهۆی چەند وەرزش و مەشقێکی زۆر قورسەوە لاوێکی شایستەی و خێرای لێدەرچوبوو، بەتایبەت لەکاتی لێخوڕینی گەمی"بەلەم" لەدەریاچەی کۆشکدا، ڕۆژی دەیان جار مەشقی لەسەر چۆنایەتی جۆری بەکارهێنانی گوریس کردبوو.

"ست هوس"بەگوێی"ڕامسیس"دا چرپاند و وتی: هەر ئەوکاتەی گوریسەکە بەدەستەوە بسوڕێت، دەنگی ئەو گوریسە گای کێوی دەبزوێنێت، چیتر چاوەڕێی هیچ شتێکی تر ناکات، بۆیە دەبێت ئاگات لەهێرشکردنی بێت. تۆ دەبێت تەنها و تەنها یەکجار ئەو چەند ساتە ماوەت هەیە خۆت بەشاخەکانیەوە هەوڵواسی و هەمان ئەو هێزەی کە پێم وتی لەسەریدا کۆبووەتەوە گیرۆدە بکەیت، ئەگەر یەکەمین هەلت لەدەست بدەیت، چیتر دوای ئەوەی هیچ هەلێکی ترت بۆ نارەخسێت، ئەوکات نۆرەی گا کێویەکەیە بۆئەوەی بەو شاخە تیژ و هێزە وێرانکەرەیەوە بەیەك قۆچ لەناوت ببات. "ڕامسیس"زۆر بەوردی گوێی لەڕێنماییەکانی باوکی"ست هوس"دەگرت، سەرەڕای ئەوەی گا کێویەکەی لەبارەگای هێرش بردندا بینی. لەوکاتەدا"ڕامسیس"توند گوریسەکەی لەدەستیدا گوشی بۆئەوەی ئەگەر گا

PDF 4 KURD

کێویەکەی دیلی دەستی کرد گوریسەکە لەناو دەستیدا توند بگرێت و لەدەستی دەرنەپەڕێت و بەهەموو هێز و توانایەکی ڕوبەڕوی گای غولپەیکەر ببێتەوە. "ڕامسیس"دەیزانی لەکاتی گرتنی ئەو گا کێویەدا توانای گیرۆدەکردن و ڕوبەڕوبونەوەی ئەو گایەی نیە بەڵام هیچ ڕێکەچارەیەکی تری لەبەردەستدا نەبوو، بەگوتەی"ست هوس"یان دەبێت بدەرەوشێتەوە یان خامۆش بێت، "ڕامسیس"یش لێی ورد بویەوە دوای ئەوە هێرشی بۆبرد. "ڕامسیس"هیچ کاتێك بەچاوی خۆی ئەوەی نەبینیبوو کە گای کێوی چ خێراییەکی هەیە، لەچاو تروکانێکدا گاکەی لەدوری یەك دوو هەنگاوێکدا لەبەرامبەر خۆیدا بینی، "ڕامسیس"بەسەختی واقی لەم خێرایی و خافڵگیریە ورما و بەخێرایی ئەو گوریسەی کە بەدەستیەوە دەیسوڕاندەوە یەکسەر بۆی هەڵدا، گوریسەکە لەپشتی گا کێویەکەوە هاتە خوار، لەکۆتایی ئەم جوڵانەشیدا پێی خلیسکا و کەوت. هەمان ئەم کەوتنەی بویەهۆی ئەوەی شاخی ئەو گایە لەباتی ئەوەی بچەقێتە جەستەیەوە تەنها بەڕوشانی بەشێك لە سینەی کۆتایی بێت، بەڵام"ڕامسیس"بەچاو کراوەیی تەماشای گاکەی دەکرد. ئەو گا کێویەش بۆ دوایین هێرشی و قۆچی بەجوڵەیەکی سەربازانە کەمێك گەڕایە دواوە بۆئەوەی بتوانێت خێراییەکی زیاتر بەپێکانی ببەخشێت، لەم ماوەیەدا"ڕامسیس"بەخێراییەکی چاوەڕواننەکراو هەستایە سەرپێ و تەماشای نێوچەوانی گا کێویەکەی دەکرد، بەتیژبینی چاوەکانی ئاگاداری ئەوەبوو کە گوریسەکە لەشاخەکانی پێچراوە و گیری کردووە و گاکەش هەموو هەست و ئاگاییەکی خۆی تەرخانی لێکردنەوەی ئەو گوریسە لەشاخی کردبوو، بۆیە سەری بەخێرا بەلای ڕاست و چەپدا دەسوڕاند. بۆ ماوەیەك گۆڕەپانی زۆرانبازی و ڕکابەرەکەی لەبەرچاو نەگرت، هەمان ئەم چەند ساتەش بۆ "ڕامسیس" بەس بوو کە بەخێراییەکی چاوەڕواننەکراو خۆی بگەیەنێتە لای سەرێکی ئەو گوریسەی لەسەر زەوی کەوتبوو بۆئەوەی بەتوندی ڕایکێشێت. "ست هوس"لەم کاتەدا بۆ شڵەژاندنی گا کێویەکە ڕۆشتە ناو گۆڕەپانی زۆرانبازیەکەوە و بەشێوەیەك ڕاوەستا کە گا کێویەکە ڕوو لەو بکات. "ست هوس" لەوکاتەدا هاواری کرد: کلکی گاکە بگرە! پەروەردەکاری گاکان بەشێوەیەك کلکی گاکانیان دەتاشی کە تەنها لەکۆتایی

PDF 4 KURD

کلکیاندا کەمێك توکیان دەهێلأیەوە بۆئەوەی لەکاتی گرتنیدا لەدەست نەخلیسکێت و بتوانێت ئەو گیانەوەرە گیرۆدە بکات، "ڕامسیس"یش زۆر باش ئاگادار ئەو حاڵەتە بوو و کلکی گاکەی گرت. "ست هوس"بە گرتنی گوریسەکە و گرفتارکردنی گا لەسریەوە، ئەو گیانەوەرەی لەناوچەی سەر و کلکەوە گرفتار بینی، گای کێوی شکستی بۆخۆی پەسەند کرد و دەستی لەهەوڵدان بۆ خۆ ڕزگار کردن هەڵگرت و لەدوا ساتەکانیدا هێور بویەوە و دەستی بەهەناسە بڕکێ کرد.

"ست هوس"بە "ڕامسیس"ی وت: دروست لەپشت ئەو ئاژەڵەوە ڕاوەستێت! چونکە گای کێوی هەرگیز بەو ئاسانیە هێور نابێتەوە، هەرئەوەی هەلێکی بۆ بڕەخسێت بەهەموو توانایەکی هەوڵی لێدانی دەدات، دوای ئەوەش ست هوس بەردەوام بوو و وتی: خۆم بەچاوی خۆم بینیومە گا کێویەکان بۆ هێرش و قۆچ لێدان وەك دز و چەتەکان لەپشت دار و درەختەوە خۆیان حەشار دەدەن بۆئەوەی بەباشی بتوانن دژمنکانیان خافڵگیر بکەن. گیانەوەر کەمێك سەری ڕاوەشاند و بتەوی گوریس و هێزی ڕکابەری تاقیکردەوە، بەڵام پەیی بەوە برد توانای ڕوبەروبونەوەی ڕکابەری نیە، بۆیە دوای ئەوە ئارام و لەسەرخۆ سەری گەڕاندەوە بۆ شوێنی سەرەتای خۆی! فیرعەون چەقۆکەی خۆی دەرهێنا و گوارە بچوکەکەی گوێی"ڕامسیس"بەیەك تەکان بڕی!"ڕامسیس"بەسەرسوڕمانەوە ڕاوەستا و تەماشای"ست هوس"ی کرد.

"ست هوس" کە واتای ئەم تەماشاکردنەی دەزانی، وتی: ڕامسیس!لەم ساتە بەدەواوە قۆناخی منداڵی و هەرزەکاریت تێپەڕاندووە و لەمەودوا بویت بەپیاو.

ڕامسیس وتی: بەڵام ئەوە من نەبووم ئەم شکستەم بەم گا کێویە هێنا.

ست هوس وتی: بەڵام تۆ بوێری و ئازایەتی ئەوەت هەبوو ڕوبەڕوی ئەم گیانەوەرە بیتەوە و لەمەرگ نەترسی، تۆ مەزنترین دژمنی خۆت کەوەك ترس وایە شکست پێهێنا و بەسەریدا زاڵ بویت، چونکە ترس لە گاکێوی بەهێزتر و هەرەشئامێزترە.

کوڕەکانی ست هوس بە"شنار و ڕامسیس"بانگ دەکران، خۆی ئەو ناوانەی لەکوڕەکانی خۆی ناوە، خۆشی کە"وەرزای داگیرکەر"بوو کە لەوەوپێش

PDF 4 KURD

بە"ست"ئەهریمەن زادە لەلایەن دایکیەوە ئەو ناوەی لێنرابوو، بەلاّم ناوی"ست"ی گۆڕی بە"وەرزا" بۆئەوەی هەم توانای خۆی پیشانی هاوسەرەکەی بدات، هەم ئەو ناوە پۆخڵە و پیسەی خۆی بگۆڕێت[5].

"ساری"ڕاهێنەری"ڕامسیس" بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژە نەبوو، چونکە لەڕاستیدا بەپێی بەرنامەی ئەو ڕۆژە"ڕامسیس"لەوساتەدا دەبوو لەپۆلدا لەوانەی بیرکاریدا ئامادە بووایە، بەلاّم"ساری" ئاگاداری ئەوەیە کە"ڕامسیس" نە لە پۆل و نەقوتابخانەدایە، نیگەرانی تەواوی ئەو شوێنانە بوو کە ئەگەری ئەوەی هەیە"ڕامسیس"لەوێدا ببینێت، سەردانی ئەو شوێنانەی کرد بەلاّم "ڕامسیس"ی لەوێدا نەبینی. "ساری"لەدوو ڕووەوە لەبارەگای کۆشکی فیرعەوندا بونایەتیەکی تەواوی خۆی دەسەلماند، یەکێکیان ئەوەی ڕاهێنەری"ڕامسیس"بوو دووەمیان هاوسەری خوشکە گەورەکەی "ڕامسیس"بەناوی "دولانت"بوو، لەبەرئەوەش هەوڵی دەدا ئەو تایبەتمەندیانەی کە لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا بەدەستی هێناوە بەئەنجامدانی هەڵەیەك لێی زەوت نەکرێتەوە. هەڵبەت"ساری لە"دولانت"زۆر گەنجتر بوو، "ست هوس"بەناونیشانی فیرعەون لەبارەگادا دەست تێوەردانی لەشێوازی نەریتی پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا نەدەکرد، بەڵکو ئەو تەنها چاوەڕێی ڕۆژێکی دەکرد کە"ڕامسیس"لە هەرزەکاریەوە ببێت بەپیاوێك، بۆئەوەی تاقی بکاتەوە و بیباتە گۆڕەپانی تاقیکردنەوەوە و بزانێت ئایا"ڕامسیس" توانای بەڕێوبردنی کاروباری ولاّت یان بەلایەنی کەم سەرکردایەتی لەشکری هەیە! لەو کاتەدا براگەورەکەی"ڕامسیس" بەواتا"شنار"جێنشینی فیرعەون بوو. سەرەڕای ئەوەش فیرعەون حەزی دەکرد منداڵەکانی بەشێوەیەك پەروەردە بکات کە هەردوکیان توانای بەردەوامی و بەڕێوبردنی دەوڵەتیان هەبێت. لەدیدی ڕاهێنەری بارەگای فیرعەون بەواتا ساری"ڕامسیس" بونەوەرێکی ماندونەناس و بەتوانا و شایستەی جێنشینی فیرعەونە، چونکە"ڕامسیس"لەڕوی گەشەی هزریەوە گەشتبووە ئاستی گەشەی جەستەیی و"ساری"ڕاهێنەریش لەخۆی دەپرسی: ئایا

---

[5] هەڵبەت خوێنەرانی ڕۆشنبیر ئاگاداری ئەم بابەتەن، ئەوەی لە برگەی ئەم کتێبە و کتێبەکەی"سینۆهە"دا نوسراوە، واژە و ناوی ئەهریمەن نەهاتووە و بونی نیە و واتا ئەهریمەن نزیکترین واتایە لە واژەی"ست"ەوە.

PDF 4 KURD

تـۆ بڵێیـت ڕۆژێـك بێـت"ڕامـسیس"ی سـەرکێش و نائـارام دێیـی و مـاڵی بکرێـت؟ چونکە"ڕامسیس"زۆر بزێـوو و پرسـیارکەر و سـەرکێش بـوو. شـاژنی میـسر"ستە هوس"زیاد لە"شنار"گرنگی دەدا بە"ڕامسیس" "ستە هوس"شاژنێکی هۆشیار و قوڵبین و زانابوو و ئاشنایەتیەکی تـەواوی لەگـەڵ فـەرمانڕەوایانی خورەوشت باشدا هـەبوو، "سـت هـوس"ی شـاژن هێـز و دەسـتەڵاتێکی زۆر بـەرفراوانی بـۆ خـۆی دەسـتەبەرکردبوو، بەتایبـەت بەسـەر کەسـانی خانـەدانی دەوڵـتـدا دەسـتەڵاتێکی نکوڵی لێنەکراوی هەبوو.

لەو ڕۆژەدا تـەنها گومـانی سـاری لـەبارەی ونبـونی"ڕامـسیس" لـە"سـتەهوس"ی شـاژن دەترسـا، بۆیـە بەهاوڕێکـەی وت: لەدەسـتدانی کارەکـەم بەلامـەوە وەك کارەساتێك وایـە، چونکە من لـەبارەگای فـەرمانڕەوایی دەردەکەن دوای ئـەوەی بـۆ دابینکردنـی بـژێوی ژیـانم دەبێـت لەماڵانـدا جـل بـۆ خـەڵکی بـشۆرم. هاوسـەرەکەم "دولانــت"یــش لــێم جیادەبێتــەوە، بۆیــە دەبێــت بەهــەر شــێوەیەك بــووە "ڕامسیس"بدۆزمەوە.

بــەڵام دوای تێپــەڕبونی دوو ڕۆژی تــریش"ڕامــسیس"نەدۆزرایــەوە. تــرس سەرتاپای"ساری"ڕاهێنەری"ڕامسیس"داگرت و بۆ دوایین جار ڕۆشت بۆ شوێنی هەمیشەیی خـۆی-بـەواتا فێرگەکـەی- و چـاوەکانی داخـست و لـەدڵیـدا خۆزگـەی ئـەوەی دەخواسـت جـارێکی تـر"ڕامـسیس" لەهـەمان شـوێندا ببینێـت! "سـاری" دەستەپاچە و داماو چاوەکانی داخست و ئارەزوی دوو شتی کرد یان دۆزینـەوەی "ڕامسیس"یان مەرگی خۆی، دوای ئەوە بەدەنگێکی بەرز بەخۆیی وت: یـان مـەرگ یان ڕامسیس، لەوکاتەدا گوێ لەدەنگێك بوو وەڵامی دایەوە: ساری، نەخۆشی؟

ساری وتی: ئای خوایە گیان شازادە ئەوە تۆی؟ نەخۆشم نیم وابزانم شێت بوم. لەکوێ بویت؟

"ڕامـسیس"یـش وتـی: تاقیگـای جێنـشینی. بـاوکم بـۆ پلـەی جێنـشینی تاقیکردمەوە. ئەو منی لەگەڵ گایەکی کێویدا بەشەڕ دا ، نەمتوانی بەتـەواوی ئـەو گا نێرە گیرۆدە بکەم بەڵام لەگەڵیدا جەنگام. بۆیە باوکم وتی: تۆ چیتر بویت بەپیاو،

PDF 4 KURD

لەفەرمانڕەواییدا ئەم جۆرە هێرشە لەناکاوانە زۆرن، دەبینی ئەو ئاماژەیی بۆ دەستەڵاتی من کرد.

"ساری" کە هێور بوبویەوە وتی: بەڵام ئەوەی هەموان بەباشی لێی ئاگادارن ئەوەیە کە"شنار"ی برات جێنشینە!

"ڕامسیس"پرسی: تۆ کە فێرکاری و ئاگاداری هەموو کاروبارێکی ئێمەیت، ئایا تائێستا"شنار"لەگەڵ گای کێویدا تاقیکراوەتەوە؟

ساری وتی: تا ئەو شوێنەی ئاگادار بم"شنار"ی برات بەم ئەزمونەدا تێنەپەڕیوە، تۆش تێتنەپەڕاندووە چونکە"ست هوس"ی باوکت ویستویەتی لەنزیکەوە تۆ ڕووبەڕووی گۆڕەپانی جەنگ و هەڕەشەکان بکاتەوە.

"ڕامسیس"وتی: تۆ وا دەزانی باوکی فیرعەونم کاتەکانی بەم کارە پڕ و پوچ و بێنرخانەوە تێدەپەڕێنێت.

"ساری"وتی: خەیاڵ پڵاوی بۆ خۆت دروست مەکە، ئەم گەمژەییەت وەلاوە نێ!

"ڕامسیس"دڵگران لەبیستنی دووبارەکردنەوەی وشەی، گەمژەیی؟ خرۆشا و وتی: "ساری"دەزانی کە لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا نە ئەوەندە خۆشەویستی و نە ئەوەندەش ڕێزت لێدەگیرێت، زۆریش ڕەخنەت لێدەگرن.

"ساری"وتی: ڕەخنەی چیم لێدەگرن، دەتوانی پێم بڵێیت؟

"ڕامسیس"کەمێك ماتی کرد، دوای ئەوە وتی: پەیوەندی تۆ بە خێزانەکەی ئێمەوە پەیوەندیەکی نالەبارە، تۆ هێشتا ئاشنایەتی تەواوت لەبارە نەریتی کۆشکی فەرمانڕەواییەوە نیە، هێشتا لەهەمان چوارچێوەی ژیانی ئاساییدا ژیان بەسەر دەبەیت، بون بەزاوای فیرعەون پێویستت بەچاودێری کردنی هەندێك خاڵە کە تۆ ڕەچاویان ناکەیت یان هەر نایزانیت.

ساری وتی: بەدڵنیاییەوە نایزانم بۆیە لەڕەفتار و گوتارەکانمدا ڕەچاویان ناکەم، بەڵام دەمەوێت فێرم بکەیت!

ڕامسیس وتی: بەڵام تۆ بێئەوەی لەگوتەکانت وردبیتەوە دەیانهێنیتە زمان.

ساری وتی: هەندێك لەگوتەکان بەلای هەندێك خەڵکەوە لەبەرئەوەی خۆشیان لەبیستنی نایەت بە بێبنەما لێکی دەدەنەوە، بەڵام من لایەنگری ئەو خاڵە دەکەم کە

PDF 4 KURD

تۆ گونجاو نیت بۆئەوەی فەرمانڕەوایی و دەستەڵات بگریتە دەست، "شنار"ی برات کە چەند ساڵێك لەتۆ گەورەترە، بۆ بەدەست هێنانی ئەم دەستەڵاتە ساڵهایە مەشق دەکات و خەڵکی ئەو بە جێنشین لەقەڵەم دەدەن و لەهەموو گرنگتریش بەڕێزەوە گوێ لە گوتەکانی دەگرن!

ڕامسیس پرسی: دەتوانی مەبەستی خۆت ڕونتر بکەیتەوە؟

ساری وتی: تۆ دەتەوێت دەست و پەنجەت لەگەڵ گایەکی نێردا نەرم بکەیت، گەر"شنار"لەخۆت هاندبەیت دەم و دەست لەناوت دەبات، من هاوڕێی تۆم حەز بەچاکە و خۆشیت دەکەم، بۆیە داوات لێدەکەم خۆت لە"شنار"دور بگرە.

لەوڕۆژەدا"شنار"ئارەزویەکی تری لەسەردا بوو، بۆماوەیەك لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانیدا گفتوگۆی کرد، بابەتی گفتوگۆیان ئەوەبوو کە بەچ شێوەیەك خۆیان لەپاسەوانەکانی "کەپ"دەرباز بکەن و بڕۆن بۆ مەیخانەی"کلکی تیمساح". کلکی تیمساح لەسەرتاسەری"تبس"دا بەتایبەت لەنێو مامۆستایانی نێوەندی زانستی"کەپ"دا ناوبانگیەکی نمونەیی پەیدا کردبوو و گەشتبووە ڕادەیەك کە هەرکەسێك لەشەودا داوای ناونیشانی مەیخانەیەکی بکردایە یەکسەر مەیخانەی"کلکی تمیساح"یان پێدەدا. مەیخانەی"کلکی تیمساح" پێشتر ناوی"ستە هوس"ی شازنی هەبوو، بەڵام لەدواییدا"کلکی تیمساح"یشان بۆ ئەو ناوە زیاد کرد، بەڵام بەهۆی ئەو مەیە تایبەتەوە زیاتر بەو ناوەوە ناوبانگی دەرکرد.

"ڕامسیس" پرسیارێك لەهزریدا وەك چەکوش دەنگی دەدایەوە، دەیویست لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانیدا لەگۆشەیەکی خەڵوەتی وەك مەیخانەی"ستە هوس"دا گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات. شەو بڕیاربوو هەریەکێکیان بەشێوەیەك لەخەوگای قوتابخانەکەیان هەڵبێن و لەکاتژمێرێکی دیاریکراودا لە"کلکی تیمساح"دا کۆ ببنەوە!ژوری"ڕامسیس"لەنهۆمی یەکەمی ئەو تەلارەدا بوو، بەڵام لەخوار پەنجەرەوەکەوە باخچە و خۆڵێکی نەرم بوو، "ڕامسیس"لەسەر خۆ خۆی شۆڕ کردەوە و بەجوڵەیەکی لێهاتوانە بازی دایە سەر خۆڵە نەرمەکە، گەڵای باخچە و نەرمی خۆڵ ڕێی لەدەنگی کەوتنە خوارەوە گرت. لەسەرخۆ لەسەر پەنجەی پێکانی دەڕۆشت تا ئەوکاتەی گەشتە بەردەم دەرگای پاسەوانی. بەسنگەخشێ

PDF 4 KURD

تەماشایەکی شوێن و بارودۆخی پاسەوانەکانی کرد، بێ لەدوو کەس کە زۆر بەسەختی سەرگەرمی زارزارێن بون، ئەوانی تر خەویان لێکەوتبوو. "ڕامسیس" دوای ماوەیەك ڕۆشتن خۆی گەیاندە بەردەم دەرگای چونە دەرەوە و بینی سەگی هەوشاری قوتابخانەکە لەبەردەم دەرگاکەدا ڕاکشاوە. ناوی ئەو سەگە"بیدار"بوو، "ڕامسیس"هەموو ڕۆژێك پاشماوەی خواردنەکەی دەهێنا بۆ"بیدار"ی جوان و هۆشیاری قوتابخانەکەی و بۆماوەیەکیش یاری لەگەڵدا دەکرد. ئەو شەوە"بیدار"هەر ئەوەی چاوی بەبێدار کەوت دەستی کرد بەکلکە لەقێ و سەری خستە سەرزەوی و خۆی بۆیاری ئامادە کرد، "ڕامسیس" بەپەلە ڕۆشتە پێشەوە و دەستی هێنا بەسەر"بیدار"دا و لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ لای دەرگای چونە دەرەوە. "ڕامسیس"ملوانکەی چەرمی پان و سوری"بیدار"ی بەدەستەوە بوو، بۆئەوەی نەوەك بۆ یاریکردن تەکانێك بەخۆی بدات و بیبێتە هۆی ئەوەی سەرنجی پاسەوانەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت. دەرگای چونە دەرەوەی"کەپ" کە کوڕی تەواوی کەسە مەزنەکانی میسر لەوێدا پەروەردە دەکران، لەسەرخۆ کرایەوە و"ڕامسیس"سەرکەوتوانە لەقوتابخانەی"کەپ"هەڵهات! بۆئەوەی بڕوات بۆ مەیخانەی"کلکی تیمساح" شار لەو ساتی شەوەدا چۆڵ بوو. شارێك کە نێوەندی زانکۆکان و کۆمەڵگای زانستی ئەو سەردەمەی میسر هەروەها"کەپ"ی شازادە و کەسە مەزنەکانی تێدا بنیات نرابوو. ئەو شارەش"تبس"بوو: تبس بەکۆنترین پایتەخت لەقەڵەم دەدرا. لە"تبس"دا بوو کە شازادە و کەسانی تر بۆ بەدەست هێنانی پلەوپایەیەك ناویان تۆمار دەکرد، هاوڕێکانی"ڕامیسس"یش لەکەسە وەجاخزادەکان بون. ڕۆشتنی ئەو لاوانە بۆ مەیخانەی کلکی تیمساح لەو تەمەنەدا قەدەغە بوو، بەڵام ئەمانە بەئاگاداربون لەو سنوورداریەتیە بەلێهاتویەکی زۆرەوە خۆیان دەکرد بەناو ئەو مەخانەیەدا و لەشوێنێکی تاریکدا دادەنیشتن، یەکەمین کەس"ڕامسیس"بوو کە بەو کڵاوە گەورەی بەسەریەوە بوو زۆر خێرا خۆی کرد بەناو ئەو مەیخانەیەدا. بۆنی شەراب، بۆنی عەرەقی خورما، بۆنی ئاوجۆ، گۆزە فریودەرەکان کە لەدەوڵەتای یۆنانەوە دەهات، هەموویان چاویان لەو کوڕە لاوە دەگرت، خزمەتکار هات بۆ لای مێزەکەی"ڕامسیس" و پرسی: چی دەوێت؟

PDF 4 KURD

رامسیس وتی: لەئێستادا هیچم ناوێت، چونکە چاوەڕێی هەندێ کەس دەکەم.
خزمەتکاریش وتی: چ چاوەڕێ بکەیت یان نا دەبێت داوای شتێك بکەیت، سەرەرای ئەوەش لەبەرئەوەی کەسێکی بیانیت دەبێت پێشوەخت پارە بدەیت.
"ڕامسیس"دەسبەندی زێڕینی گرانبەهای خۆی کرد بەگیرفانی خزمەتکارەکەدا و وتی: ئێستا ئەکرێت چاوەڕێ بکەم و هەرکاتێك خۆم بمەوێت بانگت بکەم؟
خزمەتکار ئا لەو جۆرە دەستبەندانەی تەنها لەدەستی دۆڵەمەندەکاندا بینیبوە، بەگومانێکەوە بەرجەستەی کرد و وتی: دڵنیایت لەوەی دەتەوێت لەبەرامبەر بەهای خواردنەوەدا خەرجی بکەیت؟
رامسیس لەوکاتەدا تەنها بەهێمای دەستی پێی وت: بڕۆ و لەهەمان ئەوکاتەدا چاوی بڕیبووە دەرگاکە و چاوەڕێی هاتنی هاوڕێکانی دەکرد. خزمەتکار لەوکاتەدا دور کەوتەوە، بەڵام زۆر زوو بەگۆزەیەك ئاوجۆ گەڕایەوە و وتی: تۆ لەڕێی ئەم گۆزە ئاوجۆیەی کە پێشکەشتی دەکەم دەتنێرم بۆ ئاسمان. ئەم ئاوجۆیە باشترین و دەگمەنترین ئاوجۆیە هەروەها لەگەڵ تەمەنی تۆدا زۆر دەگونجێت، تەنها زیادەڕەوی تێدا مەکە! ڕامسیس کەمێك ئاوجۆی ڕشتە ناو کاسەیەکەوە و خستیە بەردەم"بیدار"سەگی قوتابخانەکەیان لەوکاتەدا پۆزەی ڕاوەشاند و حەزی لێ نەدەکرد. لەماوەیەکی کورتدا هاوڕێکانی دانە دانە خۆیان کرد بەناو مەیخانەدا" ستائو، ئەمنی، عاشە" و دوایین کەسیشیان"موسا"بوو... هەرپێنجیان دەستیان کرد بەخواردنەوەی ئاوجۆ و"ڕامسیس" دەستی کرد بەباسکردن و پرسیارکردنی بابەتە تایبەتەکەی خۆی: بەچ شێوەیەك دەستەڵاتی ڕاستەقینە بەدەست دێت؟
"ئامنە"کە شارەزای بواری ئەدەب هەروەها شارەزای ناسینەوەی نوسین بوو وتی: شارەزایی لەبواری نوسینی"هیروگلیف"یدا، بەواتا دەستەڵات لەداناییدایە.
"ستائو"پێکەنی و"ئامنی"لەپێکەنینەکەی پەرێشان بوو و پرسی: بەبۆچونی تۆ دەستەڵات لەچیدا بەدی دەکرێت؟
عاشە وتی: دەستەڵاتی ڕاستەقینەی وڵات، لەبواری ڕامیاریدایە، هەرلەبەرئەوەش دەمەوێت گەشت بۆ وڵاتانی تر بکەم.

PDF 4 KURD

"موسا"تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو و ئەویش ڕویکردە"ڕامسیس" و وتی: حەزدەکەم گوێم لەبۆچونەکانی تۆ بێت.

"ڕامسیس"وتی: باوکم من بۆ فیرعەون بون ئامادە دەکات.

"عاشە"وتی: مەگەر"ست هوس"ی باوکت برا گەورەکەتی بۆ جێنشینی هەڵنەبژاردووە؟ کەواتە بەچ شێوەیەك تۆ دەکات بەفیرعەون؟

"ڕامسیس"وتی: باوکم ئەگەر بیویستایە برا گەورەکەم ببێت بە فیرعەون، ئەوا ئەوی دەبردە گۆڕەپانی تاقیکردنەوە و لەگەڵ ئەو کایەدا دەیدا بەشەڕ.

"موسا"وتی: نەهێڵێت خەیاڵپلاویەکانت بەسەرتدا زاڵ بن، "ست هوس"ی باوکمان هێشتا هیچ کەسێکی دەستنیشان نەکردووە.

"ڕامسیس"پرسی: دەمویست بزانم ئێوە لایەنگری کامان دەکەن؟

"ستائو و ئامنی"وتیان: ئێمە لایەنگری تۆین.

بەڵام"عاشە"وتی: من لایەنگری فیرعەون دەکەم، بەواتا هەرکەسێك ببێت بە فیرعەون بەرگری لێدەکەم!

"موسا"هیچی نەوت بەڵام بەهێمای سەری لایەنگری کرد.

سبەی ئەو شەوە تەواوی قوتابخانەی"کەپ"پڕ بوو لەپڕوپاگەندە و گوتەگەلێکی جۆراوجۆر لەبارەی پێشێلکردنی یاسای کوڕی هەڵبژێردراو. تا ئەو بەرەوارە هیچ کەسێك نەیدەوێرا شەوانە پێ بنێتە دەرەوەی قوتابخانەی"کەپ"ەوە، چ بگات بەوەی خۆی لەمەیخانەی "کلکی تیمساح"دا ببینێتەوە! ئەم ڕەفتار و دوو ڕۆژ ونبونی"ڕامسیس"ساری ڕاهێنەری قوتابخانەی بەسەختی خستبووە تەنگانەوە بۆیە بە"ڕامسیس"ی وت: ئەو ڕەفتارەی تۆ نواندت شایستەی فیرعەون زادە و کەسێك کە لەئایندەدا لەمیسردا پەرپرسیاریەتی لەئەستۆ دەگرێت نیە.

ڕامسیس لێی دەپرسێت: لەسەر چ بنەما و بەڵگەیەك ئەم قسانە دەکەیت؟

ڕاهێنەر و سەرپەرشتی"کەپ"دەڵێت: لەبەرئەوە گلەییت لێ دەکەم کە شەوانە ئەو کاتانەی لەساتێکی دیاریکراودا دەبێت هەموو خوێندکارێك بەشداری لە نانخواردنی ئێوارەدا بکات و بەیانی ئەو شەوە لەکاتی خۆیدا لەخەو هەستن، تۆ و چەند کەسێکی تر دەڕۆن بۆ شوێنێك کە ڕۆشتنتان بۆ ئەوێ قەدەغەیە، بەبۆچونی

PDF 4 KURD

من ئێوە لەیەك كاتدا دوچاری چەند تاوانێك بون... دوای ئەوە وتی: ئەویش لەچ كاتێكدا؟ لەكاتێكدا كە"موسا"ی برات لەماڵی میرئور"MER ur" كە دەكەوێتە ناوچەی"فایوم"٦ەوە وەك بەرێوبەر دامەزراوە، ئەم ئەركە بۆ كورێكی لاوی وەك ئەو بەوشێوەیەش ئاسان نیە.

رامسیس وتی: "موسا"ی برام لەو ناوچەیەدا كاریگەری خۆی نیشان دەدات.

دوای ئەوە"ساری" بەردەوامی دا بەقسەكانی: "ئامنی"یش بەرپرسیاریەتیەكی فورمی پێدەسپێدرێت ئەویش ئەنجامدانی كاروبارەكانە لە لەنوسینگەی كۆشكی نوسەران، بەڵام"ستائو" بەرپرسیاریەتی كۆكردنەوەی ژەهری پێدەبەخشم بۆئەوەی دەرمانی لێ دروست بكەن، ئەویش ئەگەر سزاكان رێمان پێبدات.

رامسیس وتی: ئەی هیچ بڕیارێكت لەبارەی"عاشە"وە نەداوە؟ بواری وەرگێڕیم لە"بیبلوس"دا بۆ لەبەرچاو گرتووە، بەڵام دوای فێربونی زمانی"لیبیایی و شامی"و بگرە...

رامسیس پرسی: چ كەسێك ئەم زمانانە فێری"عاشە"دەكات؟

ساری وتی: من و مامۆستاكانی قوتابخانەی"كەپ"، بەڵام سەرەتا دەبێت بڕیارێك لەبارەی ئەم رەفتارە هەڵەیەی كە ئەنجامتان داوە دەربكەم.

رامسیس وتی: بهێڵە لەبارەی ئەو هەڵەیەی من و براكەم و هاورێكانم ئەنجاممان داوە بەشێوەیەكی دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بكەین. لەراستیدا هۆكاری سەرەكی ئەم روداوە من بوم، ئەوە من بوم موسای برام و هاورێكانم بانگێشتی مەیخانەی كلكی تیمساح كرد هەروەها ئەوە من بوم كە بە بەخشینی دەسبەندێكی زێرین خزمەتكاری مەیخانەكەم هاندا ئاورجۆمان بۆ بهێنێت. خودی من ئەو پلانانەی دارشت و سەپاندم بەسەر ئەوانیشدا، ئەگەر من یەكێك بوایەم لە خوێندكارە ئاساییەكانی قوتابخانەی"كەپ"، ئەوا بەدڵنیاییەوە هاورێكانم لەگوێیان نەدەگرتم، لەبەرئەوەی كوری فیرعەون بوم ئێوە لەگوێتان كردم.

ساری وتی: لەئێستادا هەواڵی باش و بەرپرسیاریەتیەكانیان پێ راگەیەنە، بۆئەوەی بڕیارێك لەبارەی رەفتارە هەڵەكانت دەربكەین.

---

[6] سەد كیلومەتر دەكەوێتە باشوری خۆرئاوای میسرەوە.

PDF 4 KURD

"ڕامسیس" بەپێی ئەو ڕاوێژەی شورای پەروەردەی فێرگاکە لەنێوان خۆیاندا ئەنجامیان دا لەماوەی پشودا لەقوتابخانەدا دەمێنێتەوە بۆئەوەی لەو ماوەیەدا وانەی بیرکاری و وێژە بخوێنێت. سەرەڕای ئەم سنورداریەتیەش"ڕامسیس"ماوەی نەبوو لە تەویلەکان نزیك ببێتەوە. ئەمە بەو واتایە دێت لەهاویندا لە جەژنی ساڵی نوێدا-لەجەژنی هەڵچونی ڕوباری نیل کە لەلایەن فیرعەونی ئەو سەردەمەوە ئەنجام دەدرا-کە لەو سەردەمەدا"ست هوس"بوو نەیدەتوانی ئامادە بێت. لەوانەیە ئەم تەمێ و ئامادە نەبونە لەو ئاهەنگەدا بەورشێوەیەش گرنگ نەبێت، بەڵام بۆ"ڕامسیس" کە ڕکابەری لەگەڵ براکەیدا"کوس"دەکرد بۆئەوەی پلەوپایەی جێنشینی فیرعەون بەدەست بهێنێت، ئەم ئامادە بون و خۆنواندنەش بەلای ئەوەوە گرنگیەکی لەڕادەبەدەری هەبوو، بە نەبونی"ڕامسیس"و بەسود وەرگرتن لەئامادەنەبونی بەناو سزا، "شنار"لەتەنیشت"ست هوس"هەلومەرجی خۆی هەنگاوێك بەرەوپێش دەبات و ئامادەنەبونی ڕامسیس پەلەی ئامادەبونی ئاشکرای"شنار"لەتەنیشت فیرعەون و کەسە مەزنەکانی میسردا بەرز دەکردەوە.

پێش دەستپێکردنی قۆناخی گۆشەگیری ڕامسیس، "ساری"ڕاهێنەری"کەپ" وتی: ڕێت پێ دەدەم ماڵئاوایی لەهاوڕێکانت بکەیت.

"ئامنی"بەوشێوەیەش دڵگران نەبوو، چونکە شوێنی کاری ئەو لە"تبس"دا لەتەنیشت دورخراوەکەی"ڕامسیس"دا بوو بۆیە بە"ڕامسیس"ی وت: سەرەڕای ئەوەی ناهێڵن سەردانت بکەم، بەردەوام لەبیری تۆدام.

"موسا"ش تەنها خۆی بە لەئامێزگرتنی"ڕامسیس"ی برای ڕازی کرد و وتی: نیگەرانی من مەبە میرئور"MER-ur" بۆمن وەك جۆرێك مەشق و تاقیکردنەوە وایە.

بەڵام هاوڕێکەی تری"ڕامسیس"بەواتا"عاشە" کە لەو باوەڕەدا بوو هەرکەسێك ببێت بەفیرعەون ئەو بەرگری لێدەکات، ڕەفتارێکی زۆر سارد و وشکی لەخۆی نواند. "ستائو"ش زۆر ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ ئەو سزایەدا کرد و بە"ڕامسیس"ی وت: دوای تەواو بونی ئەم تەمێیە یەکتری دەبینینەوە.

PDF 4 KURD

ڕامسیس سەرەتا قۆناخی گۆشەگیریەکەی بەساردی و دانبەخۆداگریەکەوە دەست پێکرد و وتی: سەرئەنجام دەبمە فیرعەون... دوای ئەوە بۆ هاوڕێکانی ڕونکردەوە: باوکم هیچ کارێك لەخۆیەوە ئەنجام نادات.

سەرەڕای ئەوەش"ساری" ئەو هەواڵەی بە"ڕامسیس"ڕاگەیاند: بەلایەنی کەم ناوت لە لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا فەرامۆش کراوە، "شنار"چیتر تۆ بەرکابەری ڕاستەقینەی خۆی نازانێت.

ئەو بە بەردەوامی سەردانی"ڕامسیس"ی دەکرد تا ئەو کاتەی شەوی ئازادبونی"ڕامسیس"نزیك بویەوە، "ساری و ڕامسیس"-ڕاهێنەر و شاگرد-لەتەلاری قوتابخانەدا لەسەر مێزێك پێکەوە نانیان خوارد، ئاوجوی سارد و ماسی سوێر و پاقلەی ئاوێتە بەدەرمانە جۆراوجۆرەکان ژەمی ئێوارەیان بوو.

ساری وتی: خۆڕاگریەکەت شایەنی ستایش کردنە.

ڕامسیس وتی: دەزانم کە سەرئەنجام سەرکەوتن بەدەست دەهێنم و شکست بە"شنار"ی برام دەهێنم.

دوای ئەوە"ڕامسیس"لێی پرسی: چ پلەوپایەیەکیان بۆ دەستنیشان کردوم؟

ساری بەبیستنی ئەم قسە دڵگران بوو و وتی: وتیان با بۆماوەیەك شازادە بحەوێتەوە.

ڕامسیس پێداگریەکی زیاتری کرد و وتی: پرسیم دەبێت چ کارێك ئەنجام بدەم؟

ساری وتی: بەپێی ئەو فەرمانەی دەرکراوە هیچ!

ڕامسیس پرسی: کێ ئەو فەرمانەی دەکردووە؟

ڕاهێنەرەکەش بەدڵنیاییەکەوە وەڵامی دایەوە: بەفەرمانی فیرعەونی باوکت"ستهوس"

ڕامسیس لەیەکەمین هەلی دەرچونیدا ڕۆشت بەدوای"ستائو"دا، ستائو شارەزاییەکی تەواوی لەمار و دژە ژەهر و ژەهر ناسیدا هەبوو و پێشنیاری ئەوەی کرد لە"ڕامسیس" کە: دەتەوێت ئاشنای چەند هێمایەکت بکەم کە چیتر مارەکان نەتوانن هیچ زیانێکت پێ بگەیەنن.

PDF 4 KURD

ڕامسیس پرسی: مەگەر مار هۆش و ئەقڵی هەیە، مەگەر مار سەگە تا بتوانێت خاوەنەکەی بناسێت، مار چاوی بەهەر کەسێك بکەوێت دەیگەزێت.

ستائو وتی: منیش دەمەوێت ڕێگری لەهەمان شت بکەم، دەرمانێکت دەرخوارد دەدەم بۆئەوەی ئەگەر مارێك تۆی گەست، بەگەستنی ئەو مارە ژەهراوی نەبێت.

دوای ئەوەی خواردنەوەیەکی تاڵ و بێتام کە لەپیشکی گیای گەزنە ئامادەکرابوو پیشانی "ڕامسیس"دا و وتی: ئەم خواردنەوەیە سوڕی خوێن خاو دەکاتەوە و بۆ هەندێك کەسیش دەبێتە هۆی ڕاوەستانی سوڕی خوێن. ئەگەر بیڕشێنیتەوە دەبێتە هۆی لەناو چونت، ئایا دەتوانی بەرگەی تاڵیەکەی بگریت تا من بڕێك لەو دەرمانەت دەرخوارد بدەم، ئەم کارەمان وەك ئەزمونێك وایە. بیخۆرەوە!

"ڕامسیس"یش پێکەکەی لەدەستی گرت و وتی: سەرەتا تامی دەکەم! ڕامسیس کەمێك لەو ئاوێتەیەی خواردەوە و وتی: لەسەرتاپای جەستەم هەست بەسەرما دەکەم، دڵم خەریکە لەسینەم بێتە دەرەوە.

ستائو وتی: تۆ کە دەتەوێت ببیتە فیرعەون دەبێت لەم تاقیکردنەوەیەدا دەرچیت، خۆت ڕابگرە!

"ڕامسیس"یش وتی: ڕیخۆڵەکانم پێچ دەخۆن، هەست دەکەم خەریکە دەڕشێمەوە.

ستائو وتی: دان بەخۆتدا بگرە، چاوەکانت بکەرەوە، هەیڵە چاوەکانت دابخرێن.

وردە وردە ئازاری ڕامسیس کەم بویەوە و دوای ماوەیەك دوبارە گەڕایەوە باری ئاسایی خۆی و پرسی: ئایا لەتاقیکردنەوەی ژەهری مارەکەدا سەرکەوتنم بەدەست هێنا.

ستائو وتی: بەڕاستی تۆ کەسێکی بەهێز و چاونەترسی، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بەکەڵکی فیرعەون بون نایەیت.

ڕامسیس دڵگران بوو و وتی: متمانەم پێت هەبوو بۆیە دژە ژەهرەکەم خواردیتەوە.

PDF 4 KURD

ستائو وتی: هەر لەبەرئەوەش پێت دەڵێم بەکەڵکی فیرعەونی نایەیت، چونکە حەتوانی بەم ئاوێتەیە ژهراویت بکەم و بتکوژم، لەم جۆرە حاڵەتانەدا فیرعەونێك نەیت متمانەی بەهیچ کەسێك هەبێت.

ڕامسیس وتی: تۆ هاوڕێی منی، هاوڕێیەکیش دەبێت متمانەی بەهاوڕێکەی تری ھکات، بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتەوە چیتر دۆستی پێ ناوترێت.

ستائو وتی: ئەی ڕامسیس تۆ شازادەی و بانگەشەی ئەوە دەکەیت ببیتە فیرعەون، لەکوێوە زانیت من دۆستی تۆم؟

ڕامسیس وتی: دەزانم. دوای ئەوە لە"ستائو"ی پرسی: بەبۆچوونی من مارەکان جێی متمانە نین.

ستائو وتی: لەبەرئەوەی تۆ مارەکان ناناسیت لەخۆتەوە ئەم قسانە دەکەیت، مارەکان تەنها پەیڕەوی لەسروشتی خۆیان دەکەن، بگرە بەئەندازەی گەردێکیش نەرموتی سروشتی خۆیان لا نادەن، بەڵام مرۆڤ وانیە! کەسێکی هەمیشە گۆڕا و متمانەی پێ نەکراو و بەردەوام بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیدا دڕەوات.

ڕامسیس پرسی: ئایا تۆش بەو شێوەیەیت؟

ستائو وتی: لەباتی قسەکرد وەرە با بتبەم بۆ بیابان، بۆئەوەی بەچاوی خۆت ببینی بیابان لەشەودا چ جۆرە شوێنێکە..... دوای ئەوە کراسێکی تایبەتی دا بە ڕامسیس و هەردوکیان ڕۆشتن بۆ ئەو شوێنەی ستائۆ باسی کرد. ئاسمان سایەقە و بەمانگ ڕوناك بوبویەوە. ستائو دارێك بەدەستیەوە بوو و بەردەوام بەو دارە دەیدا لەزەوی و بەرەو تەپۆڵکەیەك ڕۆشتن کە بەبەردی بچوك هەڵچنرابوو. "ڕامسیس"یش بەپێدەنگی بەدوای ستائو دا هەنگاوی دەنا، "ستائو"ش دەرمانێکی دژە ژەهری بەکەمریەوە هەڵواسیبوو. ئەو لەبنی ئەو تەپۆڵکەیەدا ڕاوەستا و وتی: گەورەی من لێرەدا ژیان بەسەر دەبات! خۆی لەبێگانەکان شاردووەتەوە. سەرەتا لەبەرامبەر بەرگای نادیاردا نزا بکەین، بەشکم مارێکمان بۆ ئاشکرا بکات. "ستائو و ڕامسیس"چەمانەوە و لەسەر زەوی دانیشتن.

ستائو پرسی: هەست بەچ دەکەیت؟

PDF 4 KURD

ڕامسیس وتی: هەست بەسوکی و خۆشی دەکەم، هەوای بیابان وەك دەرمانی ڕۆحبەخش هەڵدەمژم و لەقەفەس و دیواری فێرگای"کەپ"ڕزگارم بووە و هەست بەئازادی دەکەم، لەناکاو لەم کاتەدا شتێکی ئەڵقە ئەڵقەدار دەرکەوت: ماری کوبرا، بەدرێژی میتر و نیوێك و بەپولەکەیەکی درەوشاوە داپۆشرابوو. سەری لەسەرخۆ بەلەقەلەق هێنایە دەرەوە، تریفەی مانگ ئەوەندەی تر شکۆمەندتری دەکرد، سەری بۆچەند جارێك ڕاوەشاند و خۆی بۆ هێرش و گەستن ئامادە کرد. ستائو لەسەر خۆ بەرەو ڕوی ڕۆشت، کوبرای ڕەشیش بەزمانی کیفەکیفێکی ترسناکی دەکرد.

لەوکاتەدا"ستائو"وتی بە ڕامسیس لەجێی تەکان نەخوات، ماریش لەوکاتەدا کونجکاو بوو و لەجێی خۆیدا بێ جوڵە مایەوە.

ستائو وتی: دەیەوێت یەکێکمان هەڵبژێرێت، من یان تۆ! بەڵام تۆ هەر لێرەدا بمێنەرەوە، منیش دوو هەنگاو بۆ پێشوازی کوبرا دەڕۆمە پێشەوە... دوای ئەوە لەدوری یەك متر لەبەرامبەر کوبراکەدا ڕاوەستا و بە"ڕامسیس"ی وت: دەقاودەق لەدوای منەوە ڕاوەستە و وێرد و نزایەکی دە جار دوبارە کردەوە و دوای ئەوە بە"ڕامسیس"ی وت: تۆش لەدوای من بیڵێرەوە! ئاوازی وێرد خوێندنی ئەو دوانە ماری لەحاڵەتی هێرش بردن پاشەکشە پێکرد، بەڵام دوای چەند ساتێك دوبارە خۆی بۆ هێرش و گەستن ئامادە کردەوە و سەری سوڕاندەوە، لەنزیك ڕوخساری"ستائو"دا پاشەکشەی کرد، "ستائو"ش دەستی خستە سەر سەری کوبراکە بەڵام کوبراکە هیچ جوڵەیەکی نەکرد! ڕامسیس بەسەرسوڕمانەوە بیستی کە ستائو پێی وت: ئێستا نۆرەی تۆیە. لەهەمان ئەو کاتەدا"ڕامسیس"یش دەستی درێژکرد، بەڵام کوبرا پەلاماری"ڕامسیس"ی دا. ڕامسیس لەوکاتەدا هەستی بەوەکرد کە کوبراکە گەستبێتی، بەڵام بۆنی پیاز هێرش بەری بەڕادەیەك ئازاردا کە بکرە نەشی توانی دەمیشی دابخاتەوە!!

ستائو وتی: مەترسە دەست بخەرە سەر سەری! کوبراش لەوکاتەدا پاشەکشەی کرد... . ستائو بەخێرایی"ڕامسیس"ی کێشایە دواوە و ماریش هێرشێکی لەناکاوی بۆکرد، بەڵام لەباتی ئەوەی بەریەکێکیان بکەوێت بەهاوا و بۆشاییدا فڕی، چونکە لەوکاتەدا ئەودوانە زۆر بەخێرایی پاشەکشەیان کردبوو.

PDF 4 KURD

ستائو وتی: هاوڕیٚ بەڕێزەکەم زۆر بەخاوی جولاّیتەوە، نابێت ئەوە فەرامۆش بکەیت کە هێز و توانا تاریکەکان بەهیچ شێوەیەك شکست ناخۆن، مەگەر"ئورایوس[7]"بەسەرە تاجی فیرعەونەوە نیە، ئەگەر کەمێك درەنگتر بجولاّیەیتەوە بەدڵنیاییەوە ئێستا زیندوو نەبویت.

ڕامسیس لەوکاتەدا هەناسەیەکی هەڵکێشا و تەماشای ئاسمانی کرد و بیستی: هیچ دژە ژەهێرێك بۆ ژەهری ئەم مارە نیە، بۆیە تۆ بەختێکی زۆر مەزنت هەبوو.

---

[7]ئورایوس: ڕەگەزی مێیینەی ماری کوبرایە و لەمیسری کۆندا هێمای هێز و دەستەلاّتی میسر بووە.

PDF 4 KURD

موسا و ڕامسیس

ڕامسیس بێ لە شنار"موسا"ش برای بوو. "ست هوس"ی فیرعەون ژنێکی زۆری هەبوو، دایکی"ڕامسیس" هەر بەوشێوەی دەزانین"ستە هوس"بەواتای"ئەهریمە زادە"دێت سێ منداڵی لەڕامسیس بوو"دولانت و شنار و ڕامسیس"، هەڵبەت ئەم سێ منداڵەی لەهاوسەرە جوان و خۆشەویستەکەی بوو، فیرعەون تا دوایین تەمەنی نزیکەی سەد کوڕ و کچی هەبوو. "موسا"ی کوڕی فیرعەون لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا دەژیا لەگەڵ منداڵەکانی تری فیرعەوندا لەڕوی شێوە و ناسنامەوە جیاوازیەکی زۆری هەبوو، لەڕوی ڕەفتار و شێوازی بیرکردنەوە و شێوازی ژیان، بەهیچ شێوەیەك لەمنداڵەکانی تری فیرعەون نەدەچوو. لەتەمەنی دە ساڵیدا ئەو بەقژێکی ڕەش و بالایەکی بەرز و ڕێك هەروەها تایبەتمەندیەکی بەرجەستەی هەبوو ئەویش ئەوەیە کە لوتێکی درێژ و چەماوە و گەورەی هەبوو. بەهاوسەنگی ئەم لوتەی گەشە و گەورەبونی جەستەیی"موسا"ش زۆر بەخێرایی دەردەکەوت، ئەویش بەڕادەیەك کە سەرەڕای ئەوەی تەمەنی دە ساڵان بوو، بەلام بە کوڕێکی سیانزەساڵان یان چواردەساڵان دەهاتە بەرچاو. دایکی"موسا"ی هاوسەری فیرعەون زۆربەی کاتەکان سەردانی پزیشکە تایبەتەکەی خۆی دەکرد، پەیوەست بونێکی زۆری لەگەڵ ڕوکاری دەرەوەی جەستەی خۆیدا هەبوو و بەردەوام گلەیی لەوە دەکرد کە خەریکە پیر دەبێت، بۆیە"سنی"پزیشکی دەخستە تەنگانەوە بۆئەوەی ڕێگری لەپێشڕەوی پیریەکەی بکات. ناوی پزیشکی تایبەتی هاوسەرەکەی فیرعەون"سنی"بو، سنی کەسێکی بالاکورت، قەڵەو و کەتەبوو هەروەها شێوەیەکی لادێیانەی هەبوو، ئەرناوەی کە لەخۆی نابوو لەڕەسەنایەتی و

PDF 4 KURD

ڕەچەڵەکی خۆیەوە تاڕادەیەك دور بوو، چونکە"سنی"لەمیسری کۆندا بەناوێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرا بۆیە لادێییەکان ئەم جۆرە ناوە بۆ منداڵەکانیان هەڵنابژێرن، لەکاتێکدا کە پزیشکی تایبەتی دایکی فیرعەون"سنی"لادێی بوو. هەڵبەت مایەی سەرسوڕمانە کە بەچ شێوەیەك لەو سەردەمەدا کە لادێییەکان توانای خوێندنیان نەبوو، بەڵام"سنی"توانی نەك تەنها ببێتە پزیشك، بەڵکو جێگەیەکی لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا بۆخی کردەوە. هۆکاری ئەم ڕوداوە دەگمەنە پەیوەندی یەکێك لەکاهینەکانی بە دایکی "سنی"وە بوو و لەگەڵیدا هاوخەو بوو و ژنیش بەهۆی ئەم پەیوەندیەوە سکی پڕ دەبێت، بەڵام دوای لەدایك بونی منداڵەکەی دەمرێت. جەستەی دایکی "سنی"بەپێچەوانەی نەریتی زۆر بەهێز و پایەداری میسر بێئەوەی مۆمیا بکرێت بەخاك دەسپێردرێت، منداڵیش بەواتا کوڕی کاهین و ژنی کوچکردوو لەئەستۆی کاهیندا دەمێنێتەوە، ئەویش ئەو منداڵە دەسپێرێت بەدایەنێك، بۆئەوەی گەورە و پەروەردەی بکات، دوای ئەوە کاهین ناوی "سنی" لەباشترین قوتابخانەدا تۆمار دەکات. سنی هاوکات لەگەڵ گەشەی زانستی پزیشکیدا دەیزانی کە مرۆڤ لەهەژارەوە بگرە تا دۆڵەمەند بونەوەرێکی لەناوچووە و ئەم مۆمیا دۆڵخۆشکەرەش هەمیشەیی و جاویدان نیە.

ئەو بەدایکی موسای وت: تۆ هەڵەیت کە واهەست دەکەیت پیر بویت، هەرئێستا مەفرەغی ئاوێنەکە بەدەستمەوە دەگرم بۆئەوەی باش تەماشای خۆت بکەیت و بۆت دەردەکەوێت جوان و لاو و تەڕ و تازەیت.

دایکی فیرعەو وتی: دەزانم کە جوانم، بەڵام تۆ کە پزیشکی تایبەتی منی دەمەوێت دەرمانێکم بۆ دیاری بکەیت کە وەك کچی پانزەساڵە پێستم لوس و ساف و گەرمی جەستەشم سوتێنەر بێت.

پزیشکی دایکی فیرعەون بۆی دەرکەوت جگە لەوەی دەرمانی ساختەی پێبدات هیچ ڕێگەچارەیەکی لەبەردەستدا نەماوە و وتی: بۆ ئەو دەرمانەی کە شاژن داوای دەکات دەبێت مەڵهەمێکی تایبەت دروست بکەم بۆ ئەم کارەش پێویستم بەکاتێکی زۆرە.

PDF 4 KURD

دایکی فیرعەونیش بەپێداگری و بێئۆقرەییەکەوە پرسی: بۆنمونە پێویستت بەچەنێك کاتە؟

پزیشك وتی: بەلایەنی کەم تا بەیانی ئەم مەڵهەمە پێویستە کاری لەسەر بکرێت، ئێستاش هەرچی زوترە بڕۆم بۆئەوەی بتوانم زوتر ئەم مەڵهەمەت بۆ دروست بکەم.

دایکی فیرعەونیش لەوکاتەدا فەرمانی دا میوەی تازەی بۆ بهێنن، لەهەمان ئەم کاتەدا"موسا"ی کوڕی هات، دایکیش گلەیی ئەوەی لێکرد: بۆچی ئەوەندە درەنگ درەنگ سەردانم دەکەیت؟ بەو خێراییە دایکت فەرامۆش کرد؟

موساش بەزمانێکی نەرم و ئاوازێکی ڕەوشتانەوە بەدایکی وت: هەر ئەوەی هەلێکم بۆ برەخسێت سەردانت دەکەم.

دایکیشی وتی: باشە وەرە و ماچم بکە! موسا کەمێك سور وەرگەڕا و لەجێی خۆی هەستایە سەرپێ...

دایکی زانی کەموسا ئێستا جیاوازی نێوان ژن و پیاو بەباشی دەستنیشان دەکات، هەرلەبەرئەوەش دوپاتی کردەوە: من دایکی تۆم وەرە با ماچێکت بکەم.

دوای ئەوە ژنی فیرعەون-ئنخاس ئامون-ڕۆشتە پێشەوە و کوڕەکەی ماچ کرد.

پێشتر باسی ئەوە کرا کە فیرعەون ژنێکی زۆر هەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم شاژنەی میسر بەواتا"ستە هوس و ئنخاس ئامون" پەیوەندیان لەگەڵ ئەم بەسەرهاتەی ئێمەدا هەیە بۆیە زیاتر باسی ئەوان دەکەین، ئێستا موسا بۆچی گومانی لەماچ کردنی"ئنخاس ئامون"دا هەبوو؟ ئەمە خۆی بۆخۆی بابەتێکی زۆر گرنگە، چونکە موسا لەخەڵکی"تبس"ی بیستبوو کە ئەو کوڕی فیرعەون نیە! هەروەها"ئنخاس ئامون"یش دایکی نیە، فیرعەون بەیەك یان چەند ژنێك ڕازی نەبوو و زۆری ژنەکانی بوبە وێردی زمانی هەموو خەڵکی. ژمارەی ژن و منداڵەکانی فیرعەون"وەرزای داگیرکەر"خەڵکی میسر بەهێلانە مۆریانەیان شوبهاندبوو، لەناو هێلانەی مۆریانەدا هەموو مۆریانەکان لەیەك دایك دەبن و ست هوس-وەرزای داگیرکەر-یش دەیەوێت ئەوەی داهاتوی میسر هەموی لەخۆی بێت، فیرعەون بەڕادەیەك منداڵی هەبوو کە ناوی هەندێکیانی نەدەزانی، بگرە ڕوخساری هەندێکیانیشی نەدەناسیەوە، ئەو بەردەوام ژمارەی منداڵەکانی لەزیاد بوندا بوو.

PDF 4 KURD

هەڵبەت لەبەرئەوەی"شنار و ڕامسیس" لەهاوسەری یەکەم و سەردەمی لاویەتی فیرعەون بوو، هەلومەرجی ئەوان لەوانی تر زۆر جیاوازتر بوو. بەپێچەوانەی"شنار و ڕامسیس"کە پەیوەست بونێکی زۆریان بەفیرعەونی باوکیانەوە هەبوو، موسا زۆر ڕقی لەفیرعەون بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناچار بوو لەتەمەنی دە ساڵیدا بڕوات بۆ لای فیرعەون. ڕقی موسا لەفیرعەون دەقاودەق لەبەر لەخۆبایی و توندوتیژی ئەوەوە سەرچاوەی دەگرت، فیرعەون"ست هوس"کە ناوی گای کێوی داگیرکەری لەخۆی نابوو، لەڕاستیدا هەمان ئەو ترس و ڕقەی کە گای کێوی لەمرۆڤدا دروستی دەکات لەدڵی میسریەکاندا دروستی کردبوو. لەمیسردا لەترسی فیرعەون خەڵکی هەوڵیان دەدا ناوی خوداکان لەمنداڵەکانیان بنێن. میسریەکان کاتێك ناوی فیرعەونیان دەهێنا هەردوو ناوەکەیان دەهێنایە زمان، بەدەنگێکی بەرز و سەرزارەکی دەیانوت: "خودا پادشا"بەڵام لەدڵیاندا دەیانوت"خودای شەڕ"موسا بگرە بەشێوەیەکی سەرزارەکیش ئەو ناوەی نەهێنایە زمان، موسا لەوباوەڕەدا نەبوو یان بەهیچ شێوەیەك ئەوەی پەسەند نەدەکرد کە فیرعەون باوەڕی بەخودا هەبێت و ئەم نکوڵی کردنەش لەنەفرەتێکەوە سەرچاوەی دەگرت کە لەبەرامبەر فیرعەوندا هەیبوو، بەئەندازەی ئەم نکوڵیەش خودای فیرعەونی موسا نەیدەویست ناوی خودا لەدایکی بنێت. موسا برایەکی زۆری هەبوو، بێ لە"شنار و ڕامسیس" کە فیرعەون ڕێزێکی زۆری لێ دەگرتن کوڕەکانی تری بۆ نمونە خودی موسا بەو شیوەیەش گرنگی پێ نەدەدان. لەسەردەمی منداڵیەوە بەم منداڵانەیان وتبوو کە فیرعەون و منداڵەکانی فیرعەون نامرن، بەڵام چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی موسا بەبۆنەی گەشتنی بەتەمەنی دەساڵی بڕوات بۆ لای فیرعەون، لەگەڵ چەند برایەکی تریدا لەتەلاری کۆشکدا یاریان دەکرد و یەکێك لەوانە پێشنیاری ئەوەی کرد چ کەسێك دەتوانێت بەم پایە بەرزانەدا سەربکەوێت؟ پایەکانی کۆشك زۆر بەرزبوون و بەرزیان بەلایەنی کەم دەگەشتە سیانزە یان چواردە میتر، موسا لەوکاتەدا کشایە دواوە بەڵام یەکێك لە کوڕەکان بەسەر یەکێك لەپایەکاندا سەرکەوت، بەڵام لەنیوە ڕێدا ماندووبوو، دەستی بەردا و سەرەوخوار کەوتە سەر زەوی و لەهەمان ئەوکاتەدا مرد.

PDF 4 KURD

موسا کاتێك پەنجەی لەدەمیدا بوو وتی: کەواتە ئەوەی کە دەڵێن فیرعەونەکان نامرن درۆیە، ئەم خودای ئایندەیە بەکەوتنە خوارەوەیەك کۆچی دوایی کرد. ئەوانەی لەکۆشکدا نیشتەجێ بون بەهۆی مەرگی فیرعەون زادەوە زۆر دڵتەنگ بون و ماتەمینیان بۆ گێڕا، بەڵام فیرعەون بەهیچ شێوەیەك گرنگی پێنەدا. موسا لەو ڕۆژەدا کەلە لای دایکی بوو ئەو ڕوداوەی گێڕایەوە بۆ دایکی، دایکیشی بەبیستنی ئەو هەواڵە دەستی کرد بەگریان.

موسا وتی: بەچ شێوەیەك کە تۆ دایکی ئەو کوڕە نیت بۆی دەگریت، بەڵام فیرعەون کە باوکی ئەو کوڕە بوو هیچ گرنگیەکی پێنەدا!

دایکی نەیهێڵا موسا بەردەوامی بەم قسانە بدات و وتی: سبەی سەرتاشە تایبەتەکەم دەنێرم بۆئێرە بۆئەوەی ئارایشتی قژەکانت بکات، و گەردی زێڕ بەسەر قژەکانتدا بپرژێنێت بۆئەوەی ڕەنگی قژت ئاڵتونی دەربکەوێت، ملوانکەیەکی ئاڵتونیشم هەیە دەیکەمە ملت، چونکە تۆ چیتر گەورە بویت و بویت بەپیاو، لەدواییشدا دەسبەندی "ئامون"ت بۆ دەنێرم، ئەو دەستبەندەش لەلایەن دایکمەوە بۆم هاتووە، دوایئەوەش پێڵاوی زوینیشت لەپێ دەکەم دوای ئەوە پێکەوە دەڕۆین بۆلای فیرعەون..... موسا لەوکاتەدا بێدەنگ بوو.

ئنخاس خاتون پرسی: خۆشحاڵ نیت بەوەی دەڕۆین بۆ لای باوکت؟

موسا دوبارە بێدەنگ بوو.

ئنخاس خاتونیش وتی: ئایا دەزانی وەڵام نەدانەوەی پرسیاری دایکێك بە بێڕێزی لەقەڵەم دەدرێت، لەوانەیە تۆ منت خۆش نەوێت.

موسا نەیتوانی خۆی بگرێت و وتی: من تۆم خۆش دەوێت، بەڵام لەچونم بۆ لای فیرعەون دەترسم چونکە لە خوداپادشا دەترسم.

ئنخاس خاتونیش پرسی: بۆچی لەفیرعەون دەترسیت، پێم بڵێ بۆئەوەی دایکشت بزانێت.

موسا وتی: دەترسم خوداپادشا دوجار بمخاتە ناو ڕوباری نیلەوە!

ئنخاس خاتون لەرز کەوتە گیانیەوە و بە ترەترێکەوە وتی: تۆ ئەم قسەیەت لەکێ بیستووە؟

PDF 4 KURD

موسا وتی: مەپرسە لەکێم بیستووە.

ئنخاس خاتون بەتوڕەیی و دەنگێکی بەرزەوە وتی: ئێستا دەزانم چ نەفرەت لێکراوێك ئەم درۆیەی بۆ کردویت، بێگومان کاهینی مەزن ئەم درۆیەی بۆ دروست کردویت.

موسا وتی: لەخۆڕا خەڵکی تاوانبار مەکە.

چیتر دوای ئەوە ئنخاس خاتون ئۆقرەی لێبڕا و پەلاماری موسای دا، بەڵام لەناکاو تورەییەکەی گۆڕا بەنەوازش و وتی: کوڕم تەماشام کە خەڵکی قسەی بیهودەی دەکەن، تۆ چیتر گەورە بویت.

موسا وتی: ئەگەر من گەورە بوم کەواتە تۆ ڕاستیەکەم پێ بڵێ!

ئنخاس خاتون بەپەرێشانیەکەوە وتی: تۆ تێکەڵاوی کەسانێکت کردووە کە مێشکتیان بەوشێوەیە تێکداوە.

موسا وتی: تۆ کە دایکمی خەریکە میشکی من تێکدەدەیت چ بکات بەخەڵکی!

ئنخاس خاتون وتی: قسەی پیاوانە و بکرە لەتەمەنی خۆت گەورە تر دەکەیت.

موسا وتی: خۆت وتت کە من بوم بەپیاو.

ئنخاس خاتون هیچ ڕێگەچارەیەکی تری بەدەستەوە نەما و وتی: من تا ئەم ساتە نهێنیەکم لەتۆ شاردووەتەوە، ئەو نهێنیەش ناسنامەی باوکتە، بەڵام بەهەموو کەسێکم وتووە تۆ کوڕی ست هوس"ئەهریمە زادە"ی کە نازناوی ورزای داگیرکەری لەخۆی ناوە، بەڵام ئێستاش پێت ناڵێم باوکت کێیە، لێم دڵگران مەبە، چونکە هۆکارێکم بۆ ئەم نەگوتنەم هەیە کە هەم لەبەرژەوەندی تۆ و هەم لەبەرژەوەندی مندایە. ئێستا دەتوانی بڕۆیت و هەریاریەك کە خۆت حەزت لێیەتی بیکەیت! بەڵام موسا نەڕۆشت.

ئنخاس خاتون وتی: مەگەر پێم نەوتی بڕۆ یاری بکە.

موسا وتی: دوای ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەمت دایەوە هەرچیم پێ بڵێیت ئەنجامی دەدەم.

ئنخاس خاتون بێدەنگ بوو و موسا پرسی: دەمەوێت بزانم ئایا ئەو فیرعەونەی هاوسەری تۆیە، هەمان ئەو باوکەی منە؟

PDF 4 KURD

ئنخاس خاتوون وتی: تەنها شتێك تۆ دەبێت لەمبارەیەوە بیزانیت ئەوەیە جارێکی تر ئەم پرسیارەم لێ نەکەیت، بەڵام ئەوە بزانە کە من دایکی ڕاستەقینەی تۆم، هەر ئەوە بۆتۆ بەسە، لەم کۆشکەدا ئەوە تەنها منم پارێزگاری لەتۆ دەکەم. ئێستا لەکاتگای دڵمەوە حەز دەکەم تەنها بم.

موسا بێدەنگ لەو ژوورە ڕۆشتە دەرەوە و بەکینە و دڵگرانیەکەوە ڕۆشتە هەیوانی کۆشکەوە بۆئەوەی کەمێك پیاسە بکات و دەنگێك بانگی کرد: موسا! موساش تەماشای دواوەی کرد و کاهینی کۆشکی بینی کە بەدەم زەردەخەنەوە دەڵێت: بۆچی دەموچاوت داوە بەیەکدا شازادەی مۆن!

موسا وتی: ئەی کاهینی پیرۆز تکات لێدەکەم بەم ناوە بانگم مەکە.

کاهنیش وتی: تۆ چیتر من بەکەسی پیرۆز بانگ مەکە، چونکە تەنها بەمردووەکان دەڵێن پیرۆز، ئەویش ئەو مردووەی کە جەستەی بۆ هەتاهەتایی و جاویدانی مۆمیا کرابێت، ناوم"ئامون تپ"ە.

"ئامون تب"وتی: من"ئنخاس"خاتونم پێش ئەوەی شوو بەفیرعەون بکات دەناسی، ئێمە پێکەوە پەیوەندیەکی دۆستانەمان لەگەڵ یەکدا هەبوو، لەبەرئەوە هەموو نهێنیەکی خۆتم بۆ بگێرەرەوە!

موسا وتی: تۆ وتت لەڕابردوودا دایکمت دەناسی هەروەها دەشزانی کە شوی کرد بەفیرعەون، ئایا دەتوانی بەرواری لەدایك بونم بەبیر بهێنیتەوە؟

"ئامون تب"ی کاهن سور وەرگەڕا و بەدڵگرانیەکەوە وتی: بۆچی تۆ من بە"مامان"دەزانی، ئەوە چ پرسیارێکی منداڵانەم لێ دەکەیت!

موسا زۆر لەم شێوازی مامەڵەیە دڵگران بوو، ڕۆشت بۆئەوەی پلیکانەی کۆشك بڕوات خوارەوە، بەڵام لەوکاتەدا دوبارە دەنگی کاهین بەرز بویەوە: موسا ڕاوەستە.

لەوکاتەدا خۆی گەیاندە لای موسا و وتی: من ئەم نهێنیەت لەکاتی خۆیدا بۆ دەگێڕمەوە.

موسا پرسی: بۆچی ئێستا پێم ناڵێیت، لەکاتی خۆیدا چ کاتێکە کە تۆ و دایکم دەستنیشانتان کردووە!

PDF 4 KURD

کاهینی کۆشك دەستی خستە سەرشانی موسا و لەچاوەکانی موسا ڕاما و بەجێگیر و یەکلایی کەرەوە وتی: پێداگیری مەکە، کاتێك کاتی خۆی بێت ناچارم پێت بڵێم، بگرە ئەگەر خۆشت حەز نەکەیت. لەوکاتەدا موسا گوتەی"ئامون تب"بەجدی وەرگرت و چیتر دوای ئەوە پێداگری نەکرد.

PDF 4 KURD

ئێزت یەکەمین عیشقی ڕامسیس

"ڕامسیس"ی کوڕی فیرعەون، بەناونیشانی کوڕی دووەم بۆ بەدەست هێنانی پلەوپایەی فیرعەون لەسەردەمی نێوجەوانیدا دەبێت ڕاکابەری لەگەڵ برا گەورەکەی"شنار"دا تێپەڕێنێت، بێ لەو تاقیکردنەوانەی کە ساتی نا ساتێك لەلایەن فیرعەونەوە ئەنجام دەدرێت، خودی خۆشی بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە مەشقی دەکرد. سەوڵ لێدان لەنێو نێجەواناندا کە خودی"ڕامسیس"ڕێکی خستبوو، ئەویش لەنێو کچانی جواندا کە چاویان بڕیبووە سەوڵ لێدەرەکان، بۆ ڕامسیس – کە بەگوتەی فیرعەون بووە بەپیاو و ئارەزوی ڕەگەزی بەرامبەر لەودا دەرکەوتبوو– لێوانلێوی ورووژان بوو. لەکاتێکدا ئەوانی تر بۆ خۆنواندن لەبەرامبەر ئەو کچە جوانە تەماشاچیانەدا هانی پێشبڕکێ دەدا، ڕامسیس دوو پاڵنەری هەبوو ئەویش یان ڕەهەندی سێکسی یان خۆ نواندن بوو ، ئەو دەیویست خۆی تاقیبکاتەوە. ڕامسیس لەو پێشبڕکێیەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و هەر ئەوەی لە"گەمیٚ[8]"کەی دابەزی، کچێکی جوان و باڵابەرز و پێستێکی قاوەیی و نزیکەی پانزە ساڵانە هاتە پێشەوە و پارچەیەکی خستە سەرشانی ڕامسیس و ئەم ڕستەیەی هێنایە زمان:

---

[8]گەمیٚ: وشەیەکی پاراوی کوردیە کە هەم بەواتای بەلەمی گەورە "کەشتی" دێت و هەم بەواتای قەیاخ و بەلەمی بچوکیش دێت، بەکەشتیە گەورەکان دەوترێت گەمێی باری و بە بەلەمە بچوکەکانیش تەنها دەوترێت"گەمیٚ" لەکتێبی سەرئەنجامی "ئەهلی حەق"دا کە کتێبی پیرۆزی ئەو ئاینەیە و لەساڵی ١٣١٦ بۆ ١٣١٧ زاینی بەزمانی هەورامی سەری هەڵداوە و نوسراوەتەوە، کەشتی و بەلمیان بە وشەی"گەمیٚ"تۆمار کردووە، وشەیەك کە بەلایەنی کەم حەوسەد ساڵ تەمەنی بێت جێی ستایشە بەرێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەنوسراوە مێژوویی و ئەدەبیەکانماندا بەکاری بهێنین.... وەرگێڕ.

PDF 4 KURD

سلاو لەشازادە ڕامسیس، ئارقت كردووە ڕێبدە بەم پارچەیە داتپۆشم بۆئەوەی سەرمات نەبێت.

ڕامسیس زەردەخەنەیەكی كرد و تەماشایەكی كچەی كرد و پرسی: ناوت چیە؟

كچەش وتی: ناوم"ئیزت"ە. زۆر خۆشحاڵ بوم بەوەی تۆ لەم پێشبڕكێیەدا یەكەمیت هێنا، بەخۆشی ئەم سەركەوتنەتەوە ئەمشەو لەگەڵ هاوڕێكانمدا ئاهەنگێك بەرپا دەكەم بۆئەوەی پاڵەوانی مەزنی سەوڵ لێدان ئەو شەرەفەیان پێ ببەخشرێت.

ڕامسیس وتی: سەرەڕای ئەوەی دەزانم ئەو ئاهەنگە زۆر سەرنج ڕاكێش دەبێت، بەڵام دەبێت داوای لێبوردن بكەم.

ئیزت وتی: من لەو شوێنەدا ماڵێكم هەیە- دوای ئەوەی ناونیشانی ماڵەكەی پێدا-پێی وت ئێمە لەوێ ئاهەنگێك بەرپا دەكەین ئەگەر ڕات گۆڕی پەیوەندیمان پێوە بكە، دوای ئەوە بەدەم زەردە خەنەوە دور كەوتەوە و چیتر دوای ئەوەی تەماشای دوای خۆی نەكرد.

"دولانت"خوشكی ڕامسیس لەتەنیشت"ساری"هاوسەری لەباخی ماڵەكەیاندا لەژێر سێبەری درەختی هەنجیرێكی عەرەبی گەورە و بەرزدا خەوتبون. "ڕامسیس"یش لەو دەوروبەرەدا پیاسەی دەكرد و جارجارێكیش تەماشای ئەو كورسیە درێژەی دەكرد كە "دولانت"ی بەسەرەوە ڕاكشابوو. دولانت ژنێكی نە جوان و نە ناشیرین، تەنها شتێكیش كە بیری لێدەكردەوە ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی بوو. هاوكات لەگەڵ هەلومەرجی"ساری"هاوسەری كەسەرۆكی قوتابخانەی"كەپ"هەروەها لەبەرئەوەی كچی فیرعەونە داوای هەرچی بكردایە دەیانخستە بەردەستی. "دولانت"كچێكی بالابەرز بەڵام پێستێكی چەوری هەبوو هەر لەبەرئەوەش هەموو ڕۆژێك مەڵهەمكەلێكی جۆراوجۆری دەدا لەجەستەی و بەبەردەوامی چاودێری پێستی دەكرد.

دولانت شانازی بەوەوە دەكرد كە ئاگاداری هەموو نهێنیەكی خێزانە وەجاخزادەكان بوو. لەوحاڵەتەدا چاوی بە ڕامسیس دەكەوێت و بەدەم زەردەخەنەوە وتی: لەخزمەتی برا خۆشەویستەكەمدام.

PDF 4 KURD

ڕامسیس وتی: ئایا تا ئێستا ناوی"ئیزت"ت بەرگوێ نەکەوتووە؟
دولانت وتی: کەمێك باسی ئەوم بۆ بکە و بۆم ڕونبکەرەوە! دوای ئەوە وتی: بەڵێ ئەو کچێکی جوان و بەنازە، دەڵێن لە"تبس"دا لەجوانیدا بێوێنەیە، سەرەڕای ئەوەی تەمەنێکی کەمی هەیە بەڵام خوازبێنی زۆرە.
ڕامسیس وتی: ئەی هیچ شتێك لەبارەی خێزانەکەیەوە دەزانیت؟
دولانت وتی: بەڵێ ئەتوانی بڵێیت خێزانێکی پڕ بەواتای وشە دۆڵەمەندن، چەند نەوەیەکی وەجاخزادەکەیان لەم کۆشکەدا بۆچەند جارێك پێشوازیان لێکراوە، دەتوانین بڵێین خێزانێکی وەجاخزادەن. دوای ئەوە بەردەوام بوو: بەدڵنیاییەوە تۆی خستووەتە تەڵەوە؟
ڕامسیس وتی: ئەمڕۆ کاتێك لە"گەمێ"کەم پیادە بووم کچێك پارچەیەکی دا بەشانمدا و دوای گفتوگۆیەکی کورت ئەمشەو میوانداری کردم.
دولانت وتی: ئەو هەموو شەوێك میوانداری هەیە، هەموو شەوێك لەماڵەکەیدا ئاهەنگ دەگێڕێت، ئەریێ بەڕاست سەرنجی ڕاکێشاویت؟
ڕامسیس وتی: منی وروژاندووە.
دولانت وتی: سەرەڕای ئەوەی جیاوازیەکی ئەوتۆتان لەگەڵ یەکدا نیە، بەڵام ئەو لەم جۆرە بوارانەدا زۆر لێهاتووە، بەدڵنیاییەوە تۆ سەرنجت ڕاکێشاوە ئەگینا میوانداری نەدەکردی، بەدڵنیاییەوە بەشداری ئەو میوانداریەی بکە.
میوانداری"ئیزت"میوانداریەکی ئاسایی نەبوو، لەو میوانداریەدا کچانی وەجاخزادە کە لەسەمادا لێهاتوو بون، چەند سەمایەکی بەکۆماڵیان کە بەلای "ڕامسیسە"وە چوست و چالاکیەکی نوێ بوو ئەنجام دا. گروپێکیش گۆرانیان دەوت و گروپێکیش دەیانژەند! "ئیزت"لەتەنیشت "ڕامسیس"ەوە ڕاوەستابوو و تازە دەستی لەسەمایەکی هەناسەبڕ هەڵگرتبوو، بەدەم هەناسە برکێوە و بەشێوەیەك خۆی بە"ڕامسیس"ەوە چەسپاند کە ڕامسیس گوێی لەهەناسەبڕکێکەی بوو. کچانیش بەشێوەی میسریەکان نیوە ڕوت سەمایان دەکرد. ئاهەنگ تا نیوە شەو بەردەوام بوو و"ئیزت"کاتێك وردە وردە دەوروبەری بەچۆڵی

PDF 4 KURD

بینی، بەدوو پێك مەیەوە خۆی لەڕامسیس نزیك كردەوە و لێی پرسی: ئێستا پێم بڵێ كام یەك لەم كچانە زیاتر سەرنجی ڕاكێشایت.

ڕامسیس لەوكاتەدا شەرم گرتی و سەری دانەواند، بەڵام"ئیزت"كە وەك ئەوەی لەگەڵ ماردا یاری بكات زەردەخەنەیەكی كرد و وتی: پێكێك مەی كەمێك لەم شەرمەت كەم دەكاتەوە.

دوای ئەوە وەك مامۆستایەكی لێهاتوو پێكە شەرابەكەی بەچواردەوری سەری "ڕامسیس"دا سووڕاندەوە و كوڕی لاوی ئەفسوون كرد، دوای ئەوە پێكە شەرابەكەشی نا بەلێویەوە و وتی: بیخۆرەوە بۆئەوەی شەرابی ترت پێبدەم.

ڕامسیس نەیدەزانی بەچ شێوەیەك ئەم كچە بەسەریدا زاڵ بووە، وەك منداڵێكی دێیی فەرمانەكانی جێبەجێ دەكرد، دوای ئەوە دەستی"ڕامسیس"ی گرت و وتی: پێم بڵێ چ كچێك لەمانە زیاتر سەرنجی ڕاكێشاویت بۆئەوەی مژدەیەكی مەزنت پێبدەم.

ڕامسیس كە سەری بە مەی گەرم ووژانی لەسەرتاپای بونایەتیدا هێنابووە جۆش وتی: لەكچی دەریا كە نیوە تێری كردم.

"ئیزت"دای لەقاقای پێكەنین، دوای ئەوە قژە درێژەكانی كردەوە، بەڵام لەناكاو پرسیارێك بەهەزری"ڕامسیس"دا هات: بیستومە كە تۆ دەستگیرانی"شنار"ی برای منی.

"ئیزت"یش كە چیتر خۆی هەڵدابووە باوەشی"ڕامسیس"ەوە تەماشایەكی چاوانی كرد و وتی: لەئێستادا سەرتاپای بونایەتیم هی تۆیە، تینوی خۆت بشكێنە! دەستگیرانداری قەرزە و تینو شكاندن و تێربونیش نەقدە...

ڕامسیس بۆ یەكەمین جار تامی عیشقی كرد ، خەون نەبوو، بۆماوەیەك لەدڵی خۆیدا قسەی لەگەڵ خۆیدا دەكرد، لەوانەیە خەوم بینیبێت، بەڵام هەموو ساتەكانی لەبێداری ڕابردوو و ئێستاش لە تەویلەدا ناچار بوو هەندێك فەرمانی"ساری" ڕاهێنەری قوتابخانەی"كەپ"ئەنجام بدات. ئەو كەسە بەتەمەنانەی كە لە تەویلەدا كاریان دەكرد لەبەرخۆیانەوە گاڵتەیان بەو دەكرد كە یەكێك لە وەجاخزادەكان بووەتە پاككەرەوەی تەویلەی ئەسپەكان! سەبەتەیەكی پڕ لە پەین و قەرسەقوڵی

PDF 4 KURD

ئەسپ و گوێدرێژەکان بەسەر سەری یەکێك لەهاوڕێکانی "ڕامسیس"ەوە بوو کە بەو ڕادەیەش جەستەی بەتوانا نەبوو، ئەوی زۆر بێزار کرد، "ڕامسیس"یش لێی نیزك بویەوە و"ئامنی"هاوڕێی ناسیەوە!

ڕامسیس بانگی کرد: ئامنی؟ دوای ئەوە بەدەم هاوار و توڕەییەوە وتی: کێی وای لەتۆ کردووە!

لەناکاو دەستێکی بهێز شانی ڕامسیس گرت: تۆ کێیت کە بێ مۆڵەت دەست لەکاروباری ئێمەوە وەردەدەیت؟ ئەم تەویلەخانەیە لەژێرچاودێری جێنشینی فیرعەونی ئایندە"شنار"دا بەڕێوە دەبرێت.

ڕامسیس بێئەوەی سەرزارەکیانە وەڵامی بداتەوە بەهەموو هێز و توانایەکی ئارنجێك دەدات لەسینەی کابرا و تەختی ناو تەویلەکەی دەکات.

پیاویش هەستایەوە سەرپێ و هاواری کرد: ئەم کوڕە لاوە دەبێت تەمێ بکرێت! هاوڕێیانی سەرپەرشتیاری تەویلەکان بێ هیچ ترسێك پەلاماری "ڕامسیس"یان دا، "ڕامسیس"یش فەرمانی دا بە"ئامنی": هەڵبێ و خۆشی بەپەلە لەتەویلەکان ڕۆشتە دەرەوە. یەکێك لەکرێکارەکان لەدەرەوەی تەویلەکان توانی خۆی بگەیەنێتە ڕامسیس، بەڵام لەناکاو ڕامسیس ڕاوەستا و پاشەقولەیەکی دا لەو پیاوە و تەختی زەوی کرد. هاوڕێیانی کابرای کرێکاری تەویلەکان خۆیان گەیاندە ئەو شوێنە و "ئامنی"ش ڕاوەستا. پیاو و هاوڕێکانی کە شەش کەس دەبون تیخی چەقۆیان بەدەستەوە گرت.

ئامنی هاواری کرد: ئەوائەو کەسە!شازادە "ڕامسیس"ە!

لەوکاتەدا"شنار"یش گەشتە ئەوێ و پرسی: ڕامسیس دوبارە لێرەیت؟ وەك بڵێی ئەو گیانەوەرانە باشترین هاوڕێی تۆ بن؟

ڕامسیس پرسی: "شنار"ی برام لێرەدا چی دەکەیت؟

شنار وتی: بەفەرمانی فیرعەون سەرقاڵی پشکنینم، فیرعەونی ئایندە دەبێت ڕێڕەوی خۆی باش بناسێت! من فیرعەونی ئایندەم، بۆیە فەرمان بەتۆش دەدەم نەك تەنها چواردەوری ئەم ناوچەیە و نە دەورو و خولی ئەو کچە بدەیت! چونکە ئەو هاوسەری ئایندەی منە.

PDF 4 KURD

رامسیس پێکەنی و وتی: نە تۆ دەبیتەی فیرعەونی ئایندە و نە"ئیزت"دەبێتە هاوسەری ئایندەت. چونکە لەگەڵ مندا هاوخەو بووە!

"شنار"بەدڵگرانیەکەوە هاواری کرد: ئەم قسە هەلەق و مەلەقانە چین دەیکەیت؟

رامسیس وتی: ئەمانە قسەی هەلەق و مەلەق نین، بەڵکو ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە، "ست هوس"ی باوکم ئەو مژدەیەی پێبەخشیم کە من دەبمە فیرعەون، شەوی ڕابردوش"ئیزت"لەلای من بوو...

ستە هوس-ئەهریمەن زادە-کە هاوسەری"ست هوس" و بە دایکی"شنار و ڕامسیس"لەقەڵەم دەدرا خۆی وەك فیرعەونێکی فەرمانڕەوای ڕەهای میسر لەقەڵەم دەدا. ئێمە کە ئاشنایەتیەکی تەواومان لەپێشینەی"ستە"هەیە و دەزانین"نفر نفر نفر"ی دایکی لەو شەوە ترسناکەدا کە بەفەرمانی"سینۆهە"بێهۆش سپێدرا بە مردووخانە و لەو هەموو کرێکاری مردوخانەیە نەیزانی لەکامیان سکی پڕ بووە، کچێکی دەبێت کە ناوی"ستە هوس" بەواتا -ئەهریمەن زادە-ی لێنا. دەقاودەق وەك"ست هوس"ی هاوسەری کە دیار نەبوو شازادە"باکتامون" لەنێو ئەو هەموو پیاوەی بەردیان بۆ دەهێنا بۆئەوەی لەگەڵیدا ڕابوێرن لەکامیان سکی پڕ بووە.
لەڕاستیدا"شنار و ڕامسیس و دولانت"سێ ئەهریمەن زادەی پڕ بەواتای وشە بوون. "ستە هوس"ی شاژن بەهۆی بێشەرمی و هەندێك تایبەتمەندی تایبەت بەخۆیەوە لەکۆشکدا دەستەڵاتێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، ئەو بەلەش و لارێکی باریك و چاوێکی بادامی و تیژ و کاریگەر و لوتێکی جوان و ناسك و بەلەخۆباییەك کە هیچ کەسێك نەیدەتوانی بۆساتێکیش بەرگەی بگرێت ترس و تۆقان و دڵەڕاوکێی دەخستە نێو دڵی خەڵکیەوە. "ستە هوس" لەڕادەبەدەر بە"ڕامسیس"ەوە پەیوەست بوو و لەوساتەدا "ڕامسیس"ی زۆر بەدڵگرانی بینی، ئەویش بەم دیمەنە زۆر دڵگران بوو بۆیە هۆکاری دڵگرانیەکەی لێپرسی...
لەوکاتەدا ڕامسیس بەڕێز و مەزنیەکەوە دایکی لەئامێز گرت.

دایکی وتی: دایکت زۆر باش دەتوانێت هەست بەوە بکات کە کوڕەکەی دڵگرانە. ئایا دوبارە لەگەڵ"شنار"ی براتدا شەڕت بووە؟

ڕامسیس وتی: هیچ کارێکم بەوەوە نیە.

PDF 4 KURD

ستەهوس–ئەهریمەن زادە–وتی: شنار لەتۆ دەترسێت.

ڕامسیس وتی: ئەو فەرمانی ئەوەم بەسەردا دەدات کە دەبێت یەکسەر "تبس" بەجێ بهێڵم.

ستە هوس وتی: وادیارە هۆکارەکەشی"ئیزت" بێت، تۆ بەقۆرخ کردنی"ئیزت"و "ئیزت"یش بەبەخشینی پەردەی کچێنی بەتۆ تووڕەیی و کینەی"شنار"ی وروژاندبێت!

ڕامسیس بەسەرسوڕمانەوە پرسی: چۆن بەو خێراییە ئاگادار ئەم نهێنیە بویت؟

ستە هوس وتی: "ئیزت"یەکێکە لەکچە خانەدان و وەجاخزادەکان، لەم کۆشکەدا هەرکەسێك هەناسەیەك بدات من یەکەمین کەس دەبم کەئاگام لەو هەناسەیە دەبێت. ئەم نزیك بونەوەی تۆ و"ئیزت"بۆ"شنار"کە دەیەوێت"ئیزت"بهێنێت سەرشۆڕیە، بەڵام تۆ کە نیازی ئەوەت نیە ژیانی هاوسەری لەگەڵدا پێك بهێنی؟

ڕامسیس دوپاتی کردەوە: بەهیچ شێوەیەك!ژیانی هاوسەرەی؟مەحاڵە!

بەڵام دایکی وتی: تا ئەو شوێنەی من"ئیزت"بناسم، لەبەرئەوەی پەردەی کچێنی بەتۆ بەخشیوە، بەم زوییە و ئاساییە دەستبەردارت نابێت.

ڕامسیس دەستی دایکی گرت و وتی: تەنها کەسێکیت کە دڵنیام خیانەتم لێ ناکەیت، دەمەوێت کار و بەرپرسیاریەتیەك بدەیت بە"ئامنی"هاوڕێم.

ستە هوس–ئەهریمەن زادە–وتی: ئایا بە نوسەری بارەگای فەرمانڕەوایی ڕازی و خۆشحاڵ دەبێت؟

ڕامسیس پرسی: چ کەسێك دەبێتە بەڕێوبەر و ئەو دەستەڵاتەی پێ دەبەخشرێت کە"ئامنی"نوسەرەکەی بێت.

ستە هوس کوڕەکەی ماچ کرد و وتی: لەم ساتە بەدواوە تۆ بەڕێوبەری و ئەودەستەڵاتە بەتۆ دەبەخشرێت و دەتوانی"ئامنی"هاوڕێت بەناونیشانی نوسەری بارەگای فەرمانڕەوایی هەڵبژێریت، بەڵام بۆئەوەی ببیتە بەڕێوەبەری دەستەڵات بەناچاری دەبێت بەچەند ئەزمون و تاقیکردنەوەیەکدا تێپەڕیت، بۆیە بڕۆ و خۆت ئامادەی تاقیکردنەوەکان بکە، بەڵام ڕێ بەترس مەدە ڕۆ بچێتە دەرونتەوە، تۆ هەڵدەبژێردرێیت.

PDF 4 KURD

ڕامسیس بۆ تاقیکردنەوەکان خۆی بە بەڕێوەبەری دەستەڵات و فەرمانڕەوایی ناساند، بەڵام ئەو بەپێی پێویست ئامادە نەبوو. ئەزمون و تاقیکردنەوەکان لەژووری بەرپرسەکەدا ئەنجام دەدرا. مەراسیمی تاقیکردنەوەی بەڕێوەبەری لەهەیواندا ئەنجام دەدرا، دەبوو کەپریان بۆ ئامادە بوان ئامادە بکردایە، بۆئەوەی لەڕوناکی و گەرمی خۆر پارێزراو بن. لەم تاقیکردنەوەیەدا بەروکەش هیچ جیاوازیەك لەنێوان ڕامسیس و خۆبەخشەکانی تردا بەدی نەدەکرا، لەڕاستیدا ڕامسیس زانیاری پێویستی بۆ تێپەڕاندنی ئەو تاقیکردنەوەیە نەبوو. پەنجا کەس لەلاوانی ئامادە بۆ تاقیکردنەوە بەشداری لەم ئەزمونەدا کرد، لەم پەنجا کەسە تەنها دوو کەس دەیانتوانی ئەو پلەیە بەدەست بهێنن. پیرمێردی بەتەمەن، بەڕێوبەری بارەگای فەرمانڕەوایی سەر و تەختەیەکی دا بە هەریەك لەو لاوانە-تەختەیەکی لەداری "ئاقاقیا"ی دا بەهەر یەکێکیان کەرپۆشی تونێژێکی کەچی کرابوو و لەناوەڕاستی ئەو تەختەیەدا چاڵێك هەبوو کە پێنوسێکی قامیشیان تێدا دانابوو. تاقیکردنەوەکە لەچەند نهێنیەك پێك دەهات: ڕامسیس لەنهێنی چوارەمیاندا گیری کرد، نهێنیەکەش ئەوەبوو کە بەچ شێوەیەك مەرگ بگۆڕن بۆ ژیان! ڕامسیس بیری بۆ هیچ شتێك نەدەڕۆشت، نەیتوانی هیچ شتێك لەمبارەیەوە بنوسێت...

دەنگێك بەگوێیدا چرپاند: بەڕێوەبەر بەتیغێك کە لەڕەگەزی لمە لایەکی ئەو تەختەیە هەندێك شتی لەسەر نوسراوە دەتاشێت بۆئەوەی تەختەیەکی نوێ ئامادەی نوسین بکات، ئەم کارەش ڕێی پێدەدات بەسود وەرگرتن لەتەختە، تەختە لەحاڵەتی مەرگەوە بگۆڕێت بۆ حاڵەتی ژیان.

دوای ئەوە ڕامسیس لە"ئامنی"هاوڕێی نزیك بویەوە و وتی:

-من گەناوم"ڕامسیس"ە وەك فەرمانڕەوایەك تۆ دەکەم بەنوسەری خۆم.

PDF 4 KURD

موسا لەبارەگای گەشەدا

لەوکاتەدا دەبوو موسا و دایکی لەلایەن فیرعەونەوە پێشوازیان لێ بکرایە. فیرعەون لەو ساتەدا لەسنوری چل ساڵی تێپەڕیبوو، لەبەشێکی ئەو کۆشکەدا پێشوازی لە موسا و دایکی کرد کە موسا تا ئەو ساتە چاوی بەو شوێنە نەکەوتبوو. موسا خۆی کرد بەناو تەلاردا بەبینینی زۆر تۆقا، زەوی ئەو تەلارە بەبەردی ڕەشی ناوچەی میسری سەرو داپۆشرابوو، درێژی و پانی ئەو تەلارە زۆر فراوان بوو، تەختی فیرعەون لەسەروی ئەو تەلارەدا دانرابوو، لەهەردوو لای تەختەکەوە دوو پایەی درێژ و زۆر ئەستور هەبوو کە بەسەر ئەو پایانەوە باسی جەنگ و داگیرکاریەکانی فیرعەونی لەسەر تۆمار کرابوو. لەپشتی ئەو تەختەشەوە وێنە جەنگەکانی لەسەر کێشرابوو. موسا چاوی بەفیرعەون کەوت کە بەسەر تەختەکەیەوە دانیشتبوو و ناو تەلارەکەش پڕبوو لەخەڵکی. هەموو ئامادەبوانیش بەپێی پلەو و پایە و هەلومەرجیان لەپاڵ یەکتردا دانیشتبوون. موسا بەبینینی کەسانی جیاواز، بگرە کەسە بیانیەکانیش بیری لەوە کردەوە کە دایکی بۆچی لەڕۆژێکی ئاوادا کوڕەکەی هێناوە بۆ لای فیرعەون، ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەموو کەسێك بوو. سەیرترین شت جلوبەرگی فیرعەون بوو کە هیچ کەسێك وەك ئەو جلی سادەی لەبەر نەکردبوو. فیرعەون چاوی بە"ئنخاس ئامون"ی هاوسەری کەوت، هەروەها چاوی بە"موسا"ش کەوت. فیرعەون بەدەستی ئاماژەی بەوەدا کە ژن و کوڕەکەی بڕۆن بۆ لای. لەهەمان ئەم ساتەشدا ئەو کاهینەی کە لەگەڵ فیرعەوندا سەرقاڵی گفتوگۆ بوو لەخۆی دور خستەوە و چیتر دوای ئەوە خۆی بەتەنهایی مایەوە و

PDF 4 KURD

لەسنوری دوری شەش مەترەوە هیچ کەسێك ماوەی ئەوەی نەبوو لەوە زیاتر لەفیرعەون نزیکتر ببێتەوە. "ئنخاس ئامون"دەمی لەگوێی موسا نزیك کردەوە و وتی: کاتێك گەشتینە شوێنی دیاری کراوی فیرعەون کڕنوشی بۆ بەرە.

"موسا"ش کڕنوشی برد و فیرعەون بەدایکی دەڵێت: ئەی شاژن تۆ هێشتا جوان و چوست و چالاکیت.

شاژن"ئنخاس"یش سوپاسی کرد و ئاماژەی بۆ موساکرد و وتی: ئەمە کوڕی ئێمەیە کە ئەمڕۆ تەمەنی بوو بە دەساڵ، ئەوم لەبەرئەوە هێناوە بۆ ئێرە تا پادشا بەرەکەتی پیٚ ببەخشێت.

فیرعەون تەماشایەکی سەراپای"موسا"ی کرد، وەك بڵێی ڕوبەڕوی کوڕێکی بێگانە بووەتەوە، چونکە ئەوە یەکەمین جاربوو فیرعەون چاوی بە موسا بکەوێت..... دواى ئەوە پرسی: ناوی چیە؟

"ئینخاس" خانمیش وتی: ناوی "موسا"یە.

فیرعەون وتی: موسا هەر ناو نیە.

"موسا"ش هاتە گۆ و وتی: ئەگەر موسا ناو نیە، ئەی کەواتە چیە؟

فیرعەون وتی: کوڕەکەمان زمانی وەك بوبول وایە، دوای ئەوە لەوەلامی موسا دا وتی: موسا نیوەی ناوە و بەواتای "بەخشراو"دێت! بۆ نمونە ئەگەر ناوت ئامون موسا"بەواتا خودا بەخش"بوایە ئەو کات ڕون و ئاشکرا دەتزانی واتای چی دەگەیەنێت.

ئنخاس ئامون وتی: ئەی فیرعەون تۆ ناوێك لەم کوڕەمان بنیٚ!

فیرعەون وتی: چیتر بۆ گۆڕینی ناوی درەنگە، شازادەیەك کاتێك لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دادەنیشێت دەتوانێت ناوی بگۆڕێت، بۆ نمونە خۆم ناوم لە "ست هوس"ەوە گۆڕی بۆ "وەرزای داگیرکەر"، هەروەها کاتێك کە تەرمی مومیاکراوی ڕەوانەی جیهانی خۆرئاوا دەکرێت دەتوانیت ناوی بگۆڕێت. دوای ئەوە بە موسای وت: وەرە پێش! و دەستی خستە سەر سەری موسا و وتی: من بەرەکەتت پیٚ دەبەخشم و لەبەرئەوەی بەرەکەتت پیٚ بەخشراوە ئەگەر نێزەیەك بۆ ملت بهاوێژن بەهیچ شێوەیەك بەرت ناکەوێت، هەرکاتێکیش خەنجەرێك بدەن لەسینەت ئەو

PDF 4 KURD

خەنجەرە بەهیچ شێوەیەك كارت تێناكات، ئەگەر هەڵیشت دەنە ناو بیرێكەوە ناخنكێیت، هەركاتێكیش مارێك پەلامارت بدات یەكسەر لەهەمان كاتدا پاشەكشە دەكات و ناتگەزێت، ئەگەر بكەویتە ناو ڕووباری نیلەوە و تیمساحەكانی نیل چاویان پێت بكەوێت پەلامارت نادەن، من كە پادشا و فیرعەونی میسرم تۆ لەبەرامبەر هەموو بەڵایەك دەپارێزم و بەركەتی خۆمم پێ بەخشیت.

دوای ئەوەی لەكۆشكی فەرمانڕەوا هاتنە دەرەوە"ئنخاس"بەخۆشحاڵی و لەخۆباییەكەوە بە "موسا"ی كوڕی وت: چاوت بەمەزنی فیرعەون كەوت؟

موسا هیچی نەوت: جیاوازیەك لەنێوان هەلومەرجی ژیانی كچان و كوڕانی فیرعەوندا هەبوو. ئەم جیاوازیەش پەیوەست دەكرا بەخۆشەویستی و كاریگەری دایكیان لەسەر فیرعەون. كاتێك كەنیزەكێك سكی لەفیرعەون پڕ دەبوو و لەدایك دەبوو لەكۆشكی فەرمانڕەواییدا جێگیر دەكرا. شوێنی خەوتنی ئەم جۆرە دایكانە و ئەوانی تر لەیەك شوێندا بوون، شەوانیش لەیەكێك لەتەلاری كۆشكە مەزنەكاندا دەخەوتن. ئەگەر ئەو منداڵەی لەدایك دەبێت كوڕ بوایە، دایكی تا تەمەنی حەوت ساڵی لەلای خۆی دەیهێڵایەوە، دوای ئەوە دەسپێدرا بەیەكێك لەكاهینەكان بۆئەوەی بەچاودێری كردنی كاهین پەروەردە بكرێت، بەڵام ئەگەر ئەومنداڵەی لەدایك دەبێت كچ بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا دایك نەیدەتوانی منداڵەكەی لەلای خۆی بهێڵێتەوە، چونكە منداڵەكەیان دەسپارد بەدایەنێك تا ئەو كاتەی گەورە دەبوو، بەڵام ژنەكانی فیرعەون هەریەكێكیان جێگایەكی تایبەت و سەربەخۆیان هەبوو و منداڵەكانیشیان لەگەڵ ئەواندا دەژیان، هەڵبەت لەڕۆژدا لەلای دایكیان نەبوون، بەتایبەت كوڕەكانیان چونكە دەبوو فێری زانستی جۆراوجۆر و وانەگەلێكی جۆراوجۆر بونایە، هەروەها فێری بەكارهێنانی چەكە جۆراوجۆرەكان بونایە، بەدرێژایی ڕۆژ لەقوتابخانەدا و شەوانیش لەلای دایكیان دەمانەوە. پلەی دایكی موسا"ئنخاس"خانم پلەوپایەیەكی دیاری هەبوو، ڕاستە كە شاژن"ستە هوس"بۆخۆی فیرعەونێك بوو و كوڕەكانی"شنار و ڕامسیس"لەسەرووی هەموو كوڕەكانی ترەوە بون، بەڵام لەچاو ژنەكانی تردا بەخۆشەویست و هەڵبژاردە لەقەڵەم

PDF 4 KURD

ئەدرا. لەبەرئەوەی "ئنخاس ئامون"لەکەسانی نزیکی فیرعەون بوو، پلەوپایەیەکی تایبەتی هەبوو زۆریش موسای خۆش دەویست.

بەڵام موسا دەیوت: دەبێت ئەو نهێنیە ئاشکرا بکەم! چونکە کاهینی مەزنی کۆشك باسی شتێکی بۆ کردم...

موسا لەنێو کورەکانی فیرعەوندا سەرەڕای ئەوەی کەسێکی بێدەنگ و مات بوو، بەڵام زۆر ئازا و بەهێز بوو، لەچەند مەشقێکی جیاوازدا ئەم توانایيەی خۆی نیشان ئەدا. لەناو کۆشکدا شوێنێکی تایبەتیان بۆ مەشقی بواری جەنگ دیاری کردبوو، کورەکان لەو گۆڕەپانەدا مەشقیان دەکرد و کچەکانیش لەدەرەوەی ئەم گۆڕەپانە تەماشای ئەم دیمەنەیان دەکرد، مەشقەکانی جەنگ تا نیوەڕۆ بەردەوام بوو. دوای تەواوبونی مەشقەکانیان کورەکانی فیرعەون بەفەرمانی ڕاهێنەر خۆیان هەڵدەدایە ناو هەسێرەوە[9] بۆئەوەی پاك خۆیان بشۆرن، دوای ئەوەی پاك خۆیان شۆری، نۆرەی خواردنی نانی نیوەڕۆ دەهات. نانی نیوەڕۆی شازادەکان برینتی بوو لە لەهەنجیر، تریَ، گویزی هندی تازە و خواردنەوە. لەقوتابخانە و مەشقەکاندا خواردنەوەی باوی میسری بۆنمونە ئاوجۆیان بە شازادەکان نەدەدا. یەکێك لەڕاهێنەرانی سەرداری جەنگ کە لەگەڵ دەستیارەکانیدا کە لەچەند ئەفسەرێك پێك هاتبون مەشقیان بە کورەکانی فیرعەون دەکرد. ئەم دەستیارە زۆر سەختگیر و بەڕادەیەك وردبین بوو کە کورەکانی فیرعەونی لەکاتی مەشقدا بێزار دەکرد و دەیگریاندن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش نەیاندەتوانی ناڕەزایی خۆیان دەربڕن، چونکە ئاگاداری ئەوەبوون فیرعەون دەستەڵاتێکی تەواوی دابوو بە ڕاهێنەرەکان و گوتە و فەرمانی ڕاهێنەر دەقاودەق وەك گوتە و فەرمانی فیرعەونە. ئەم پشتگیریە دەستی ڕاهێنەرانی بۆ ئازادی کارکردن دەکردەوە. لەبابەتێکدا هەستی کرد کە کورەکانی فیرعەون بەدوای هۆکاری ئەم سەختگیریەدا دەگەڕێن بۆیە پێی وتن: ئێوە دەبێت پێشوازی لەم سەختگیریانە بکەن و خۆشحاڵ بن، چونکە ئەم جۆرە مەشقانە و ئامادە بون بۆ جەنگ، بۆتان دەسەلمێنێت کاتێك دەڕۆنە گۆڕەپانی جەنگەوە نوکی

[9] هەسێر: وشەیەکی پاراوی کوردی پەتیە کە بەواتای "حەوز" دێت، هەروەها لەهەندێك ناوچە کورد نشینەکاندا دەڵێن "ئەستێل"... وەرگێر.

PDF 4 KURD

تیژی نێزەیەك هیچ جیاوازیەك لەنێوان سینەی سەربازێکی ئاسایی و فیرعەونێکدا ناکات، چونکە بەشێوەیەکی یەکسان ڕۆدەچێتە هەردوو سینەکەوە، شازادە و هەژار زادەیەك لەگۆڕەپانی جەنگدا بونی نیە، ئەگەر لەگۆڕەپانی جەنگدا ئاگاتان لەخۆتان نەبێت سنگتان بەنوکی چەقۆ هەڵدەدڕن! نوکی شمشێرێك بێئەوەی مۆمیا بکرێن ڕەوانەی جیهانی خۆرئاواتان دەکات، چونکە جەستەتان لەپێناو ئامێرە ڕازاوەکان هەڵدەدڕن و پارچە پارچەی دەکەن!!موسا ئەم گوتانەی کە ڕاهێنەرێکی لێهاتوو باسی گۆڕەپانی جەنگی بۆ دەکردن، لەگەڵ گوتەکانی ئەو ڕۆژەی فیرعەون کاتێك بەرکەتی پێ بەخشی هەڵسەنگاند! لەبەرئەوەی فیرعەون زۆر حەزی لە تیرهاوێشتن بوو، لەکاتی مەشقدا تیروکەوانی بەیەکێك لەچەکە هەستیارەکان لەقەڵەم دەدرا. میسریەکان لەبارەی تیرهاوێشتنەوە بیروباوەڕێکی تایبەتیان هەبوو و ڕاهێنەری کوڕەکانی فیرعەونیش لەمبارەیەوە هەموو هەوڵێکیان دەخستە گەڕ. موسا لەم مەشقانەدا زۆر لێهاتوو بوو و تەنها ڕامسیس دەیتوانی لە موسا باشتر تیر بهاوێژێت، هەرکاتێك تیری موسا بەهەڵدا بڕۆشتایە، ڕامسیس قەرەوڵی لەو نیشانەیە دەگرت و بێ هیچ ئەملاولایەك دەیپێکا.

PDF 4 KURD

جەنگی نێوان ڕامسیس و موسا لەگۆڕەپانی تیر هاوێشتندا

پێشەنگی ڕامسیس لە موسا لەبواری تیرهاویشتندا وردە وردە گۆڕا بەجۆرێکی تری لایەنی نهێنی ئامێزی نیوان ئەو دوانە، چونکە ئەو دوانە بەهۆی هەرزەکاری و لاویەتی و هەوڵدانیان بۆئەوەی یەکێکیان ببێتە پێشەنگی ئەوتریان کە ئەمەش هەڵگری جۆرێك ڕووبەڕووبونەوەی تایبەت بەو تەمەنیە کە ناچار دەبێت بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن.

ڕاهێنەری تیرهاوێشتن کە ناوی"ستی هوپ"بوو بەخوێندکارە فێرخوازەکانی وت: جوان لێی ورد بنەوە، من تەنها شێوازی کەوان گرتن و کەوان کێشانتان دەکەم، بەڵام قەرەوڵگرتن و پێکانی ئامانج دەکەوێتە ئەستۆی ئێوە هەروەها پەیوەستە بەئامادەکاری و توانای بەهرەی ئێوەوە. دەبێت ئەوەندە تیر بهاوێژن تا دەبنە تیر هاوێژێکی لێهاتوو. موسا بەوردی و دانبەخۆداگیریەکەوە تیر ئەندازی دەکرد، بەڵام ڕامسیس بەپەلە تیرەکانی دەهاویشت.

"ستی هوپ" بۆی دوپاتکردنەوە: خێرایی تیرهاویشتن دەستپێشخەری خۆی لەدەستپێکردنی جەنگدا دەکات، لەگۆڕەپانی جەنگدا تیرهاوێژێك بەزیندویی دەمێنێتەوە کە پێش هەموویان تیری خۆی بهاوێژێت. موسا لەکاری تیرهاوێشتندا زۆر خاو بوو، لەو ڕۆژەدا تیرێکی هاوێشت کە ئاسایی وەك جاران کەمێك خواری گرت و ئامانجی نەپێکا. ڕامسیس بەخێرایی کەوانەکەی کێشا و قەرەوڵی خۆی گرت، بۆئەوەی بیسەلمێنێت لەکەوان کێشان و تیرهاوێشتندا چەنێك خێرایە، لەهەمان ئەو کاتەی ڕامسیس کەوانەکەی کێشا منداڵێك لەبەرامبەریدا سەری دەرهێنا. منداڵی کەنیزەکان لەوبەری گۆڕەپانەکەوە چاودێریان لێ دەکرا و سەرپەرشتێك لەو نزیکانەدا چاودێری لێدەکردن بۆئەوەی لەسنوری گۆڕەپانەکەمان

PDF 4 KURD

نزیك نەبنەوە، بەڵام ئەو منداڵە هارە خۆی لەنیشانەی تیر هاویشتنەکە نزیك کردبویەوە، موسا کە بیر و هەستی لەلای نیشانەکە بوو بینی ئەو منداڵەی بەسەر درختەکەدا سەرکەوت و لەپاڵ نیشانەکەدا خۆی ڕاگرتووە، لەوانەیە بەهۆی تیری"ڕامسیس"ی برایەوە تەختی زەوی بکرێت، بۆیە بەخێرایی و بەهەموو توانایەکیەوە مشتێکی دا لەکەوانەکەی ڕامسیس، ئەم لێدانە نەك تەنها بو بەهۆی ئەوەی کەوانەکە لەدەستی ڕامسیس بکەوێتە سەر زەوی، بەڵکو خۆشی بەهۆی ئەم لێدانە لەناکاوە تەختی زەوی بوو!! ئەم کەوتن و دیمەنە تەواوی تەماشاچیان کە کچانی فیرعەون هەروەها کوڕانی فیرعەونی سەرگەردان کرد.

ڕامسیس هەستایە سەرپێ و بەتوڕەییەوە وتی: موسا ئەوە چیت کرد؟

موسا وتی: مەبەستی ئەوەم نەبوو سوکایەتیت پێ بکەم، تەنها شتێك کە بوبەهۆی ئەوەی بێئاگایانە ڕێ لەتیرهاویشتنت بگرم بونی یەکێك لەمنداڵی کەنیزەکەکان بوو بەسەر یەکێك لەدرەختەکانی نزیك نیشانەکە، ئەگەر تیرەکەت بەهەڵەدا بڕۆشتایە بەدڵنیاییەوە ئەوی دەکوشت...

هەموویان گوێیان لەم گفتوگۆیە دەگرت و چاوەڕێی کاردانەوەی ڕامسیس بوون. وەڵامدانەوەی موسا بەهەمان ئەندازەی کەوتنی کەوانی تیر و کوڕی فیرعەون چاوەڕواننەکراو و سەیر بوو! چونکە خستنی کوڕی فیرعەون-کەسێك کە ئومێدی ئەوەی لێ دەکرا ببێتە فیرعەونی ئایندە-سوکایەتیەکی نەبەخشراوبوو، ئەگەر کەسێکی ئاسایی ئەم کارەی بکردایە یەکسەر بڕیاری مەرگی بەسەردا دەدرا، بەڵام لەبەرئەوەی لەلایەن براکەی ڕامسیس"موسا"وە ئەم هەڵەیە ئەنجام درا ئەوا بابەتەکە بەشێوەیەکی تر لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. موسا ڕوخساری سپی وەرگەڕا، چونکە تازە ئاگاداری ئەوە بوو کە چ هەڵەیەکی ئەنجام داوە، لەکاتێکدا هیچ کەسێك نەیدەتوانی بگرە ماوەشی نەبوو بەهۆی ئەو ڕەفتارەیەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکات، بەڵام ڕامسیس کە هەموانی لەچواردەوری گۆڕەپانەکەدا بینی لەبەرامبەر ئەو ڕەفتارەی موسا نواندی زلەیەکی بەهێزی کێشا بەڕوخساری موسای برایدا. "موسا"ش لەدوای ئەو زلەیە سور وەرگەڕا و زۆر توڕە بوو، بەڵام بۆئەوەی بەسەر خۆیدا زاڵ بێتەوە چاوەکانی داخست و بۆماوەیەك نەیکردنەوە، بەڵام دوای

PDF 4 KURD

ئەوەی چاوی کردەوە لەو گۆڕەپانەدا بێ لە ڕاهێنەری تیرهاویشتن"ستی هوپ"هیچ کەسێك لەوێدا بەدی نەدەکرا. "موسا"ش بۆئەوەی ڕاهێنەرەکەی چاوی بەفرمێسکەکانی نەکەوێت پشتی تێکرد.

"ستی هوپ"یش لەسەرخۆ بەرەو ڕوی موسا ڕۆشت و لێی پرسی: شازادە موسا لەبیری کە، زۆر خۆشحاڵ بوم بەوەی بینیم توانیت بەسەر تورەیی خۆتدا زاڵ بیت. ئەوەت بۆ سەلماندم کە تۆ شایستەی فەرمانڕەواییت، بەڵام تەنها پرسیارێك ماوە لێتی بکەم ئەویش ئەوەیە بۆچی لەپێناو گیانی منداڵی کەنیزەیەکدا ئامادە بویت شازادە تەختی زەوی بکەیت؟

موسا وتی: من مەبەستم ڕامسیس نەبوو، بەڵکو ویستم کەوانەکەی لێ وەرگرم و ڕێنەدەم تیرەکەی بهاوێژێت.

"ستی هوپ" هەستی بەوەکرد لەوانەیە دژایەتی نێوان ئەو دوانە بارودۆخی گۆڕەپانی مەشقی تیرهاویشتن تێکبدات، بۆیە کردنی بەدوو بەشەوە و لەدوو کاتی جیاوازدا مەشقی پێدەکردن.

موسا لەناوچەیەکی شار بەناوی"شاری ڕامسیس"کە دەکەوێتە ناوچەی باکور نزیك دەلتای ڕوباری نیل-نزیك قاهیرەی ئێستا-نیشتەجێ بوو. کۆشکی فەرمانڕەوایی"شاری ڕامسیس" بەیەکێك لە کۆشکە مەزنەکانی میسر لەقەڵەم دەدرا، "موسا"ش هەموو سەر لەئێوارەیەك لەکاتی خۆرئاوابوندا لەناو کۆشکدا پیاسەی دەکرد. کاتێك تیشکی خۆر بەر ستونی کۆشکی بەردینە سواقدراوەکان دەکەوت، دیمەنێکی ئەفسوناوی دروست دەکرد، موسا بۆماوەیەك تەماشای ئەو دیمەنەی دەکرد، تا ئەو کاتەی بەتەواوی ئاو و هەوا تاریك دەبوو. ئەم تەماشاکردنە یەکێك بوو لەکاتی خۆش بەسەر بردنەکانی ڕۆژانەکانی موسا.

PDF 4 KURD

دیداری ئاشقانە و تۆڵەی ڕکابەریانە

لەکەنار گیلگەیەکی گەنمدا لەناو"کەیەڵ[10]"ێکی قامیشی و چۆڵ و دوردا ژوانی شەوانەی ڕامسیس و "ئیزت"بوو.

ڕامسیس لێی پرسی: هۆکاری ئەوەی تۆ منت هەڵبژارد چی بوو؟ من لەئێستادا نوسەری فەرمانڕەواییم، هەر لەبەرئەوەش ناتەوێت بۆنمونە لەگەڵ جێنشینی برامدا ژیانی هاوسەری پێك بهێنیت؟

"ئیزت"وتی: تۆ فیرعەونی ئایندەی میسریت!سەرەڕای ئەوەش سەرەتا من و شنار نێوانمان بەوشێوەیەش باش نیە، کاتێك ئەوە دەهێنمە بەرچاوم کە دەیەوێت دەستم لێبدات، زۆر دڵگران دەبم، بەڵام شنار کەسێکی ئاشق و هەڕەشەئامێزە...

"شنار"بەسەر کەژاوەکەیەوە کە کۆڵبەرەکان بەسەر شانیان هەڵیانگرتبوو سڵاوی لەو ڕاوچیانە دەکرد کە خۆیان ئامادەی ڕۆشتن بۆ ڕاو دەکرد. دوای ئەوە ڕامسیس سواری گالیسکەیەکی تاڕادەیەك سوك بوو کە سەربازە کۆنەکان لێیان دەخوڕی، بەخۆشحاڵیەوە ڕێگای بیابانی گرتەبەر. "شنار"بەچاوەکانی کەوتە شوێنی بەڵام خۆی بەشداری لەو ڕاوەدا نەکرد. بەرنامەڕێژی لەئەستۆی میری ڕاوچیاندا بوو. سەگە ڕاوەکیەکان بەچواردەوری گالیسکەکەدا ڕایاندەکرد. هەموو کەرەستەیەکی چەند ڕۆژ ڕاوگرن بگرە چادریشیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ خەوتن هێنابوو.

لێخوڕی گالیسکەکە لە"ڕامسیس"ی پرسی: ئایا دەتەوێت بەگوریس نێچیرەکانت گرفتار بکەیت یان دەیانکوژیت؟

---

[10] کەیەڵ: وشەیەکی کوردی ڕەتیە کە کەواتای"خانە باخ"دەگەیەنێت ئەو ژورە یان ئەو خانووە بچوکەی لەپاڵ یان لەناو باخێکدا دروست دەکرێت پێی دەوترێت "کەیەڵ"... وەرگێڕ.

PDF 4 KURD

ڕامسیس وتی: ئەوە بەباش دەزانم کە نێچیرەکەم بەگوریس بگرم.

لێخوڕی گالیسکەکە وتی: کەواتە گوریسەکەت بەدەستتەوە بگرە.

لەوکاتەدا ڕامسیس سێ گەلە ئاسکی لەدورەوە بینی، ئەو و گالیسکەوانەکە کەوتنە دوای گەلە ئاسکەکە و سێ دانە لەئاسکەکان کە بەتەمەن و بێهێز بون لە گەلەکەیان جیابونەوە، بەڵام گەلە ئاسکەکە بەخێرایی خۆیان کرد بەنێو دۆڵێکی تاشەبەردیندا، گالیسکەکە ڕاوەستا و گالیسکەوانەکە پێشنیاری کرد: چیتر نابێت بەگالیسکە بڕۆین، بەڵکو دەبێت بەپێ دوایان بکەوین.

ڕامسیس لێی پرسی: بۆچی بەپێ؟

گالیسکەوانەکە وتی: بەهۆی ئالەباری و ناڕێکی زەوی، ئەم بەردەڵانە دەبێتە هۆی شکاندنی چەرخی گالیسکەکان.

ڕامسیس وتی: بەم شێوەیە ناتوانین خۆمان بگەیەنینە گەلە ئاسکەکان.

گالیسکەوانەکە وتی: زۆر باش شارەزای ئەم ناوچەیەم، ئەم ئاسکانە پەنا بۆ ئەشکەوتێك دەبەن لەمکاتەدا کەوتونەتە داوی ئێمەوە. نزیکی تا نیوەڕۆ ڕێیان کرد بۆئەوەی خۆیان بگەیەننە گەلە ئاسکەکان. قورسی چەك و کەلوپەلەکانیان توانای لێ بڕیبون، بەڵام فشاری تاوی گەرما لەماندویەتیەکەیان زیاتر بوو، ناچار بۆئەوەی کەمێك بحەوێنەوە پاڵیان دا بەتاشە بەردێکەوە.

گالیسکەوانەکە پرسی: ماندوو بویت؟ ئەگەر حەز دەکەیت بەردەوامی پێدەدەین ئەگەر حەزیش ناکەیت دەگەڕێینەوە.

ڕامسیس وتی: بەردەوامی پێدەدەین، بەڵام هیچ بونەوەرێك بگرە مار و دوپشکیش لەم بیابانەدا ناژیت چ چۆڵەوانی و وێرانەیەکی سەیرە!

لەناکاو گالیسکەوانەکە وتی: پێی چەپم بەهۆی برینێکی کۆنەوە ئازارم دەدات، ئەگەر ڕازی بیت کەمێك بحەوێینەوە؟

ئەو دوانە لەوشوێنەدا مانەوە تا شەو داهات. گالیسکەوانەکە وتی: تۆ بخەوە، چونکە ئەم برینەم ناهێڵێت بەو ئاسانیە خەوم لێ بکەوێت، ئەگەر ویستیشم بخەوم، ئەوا هەڵتدەستێنم.

PDF 4 KURD

رامسیس خەوت، دوای کاتژمێرێك چاوی کردەوە، خۆی بەتەنهایی بینی. گالیسکەوانەکە خۆی بەکەسێکی بێهز و توانا نیشان دابوو، بەڵام هەڵهاتبوو! ئەو بەتەنها خۆی نەڕۆشتبوو بەڵکو چەك و شتومەکەکەشی لەگەڵ خۆیدا بردبوو، رامسیس بێ خواردن و چەك لەبیابانی تاریکدا مایەوە!

رامسیس وتی: پلانگێری"توطئة"دەیانەوێت بەڕێکردن و بێخواردن لەم بیابانەدا لەناوم ببەن! رامسیس ئەو پەیوەندیەی هاتەوە یاد کە لەسەرتای ڕۆشتنیاندا لەنێوان گالیسکەوان و"شنار"دا بەرقەرار بوو، بێگومان"شنار"لەچاوەڕوانی مەرگی ونبویەکی بیاباندا سات ژمێری دەکات. رامسیس هەوڵی دا ئەو ڕێگایەی کە لێیەوە هاتبوو بەبیر بهێنێتەوە، لەناکاو ئاسکێك لەبەردەمیەوە هەڵهات، رامسیس بۆی دەرکەوت دەبێت لەم ناوچەیەدا سەرچاوەی ئاوێکی لێبێت، باشتر وابوو متمانە بە گیانەوەرەکان بکات، بۆیە دوای ئاسکەکە کەوت تا خۆی گەیاندە گەلەکەیان و لەو شوێنەدا درختێکی خورما سەرنجی ڕاکێشا، دار خورمایەکی بیابانی کە بەرزیەکەی نزیکەی دە مترێك دەبوو لەدورەوە خۆی دەنواند. ئەم جۆرە دار خورمایە بەلەق و پۆپی پڕوبڵاو و توێکڵێکی خۆڵەمێشی، هەروەها گوڵگەلێکی بچوك و بۆندار و زەردباوی مەیلەو سەوز جوانیەکی تایبەتی بەخۆی دەبەخشی. رامسیس بەرەو ڕوی درختە خورماکە ڕۆشت، زۆر لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا بۆئەوەی دوچاری بێتوانایی و ماندویەتی نەبێت، بەڵام کاتێك گەشتە لای دار خورماکە پیاوێکی لەوێدا بینی کە پاڵی دابوو بەدرەختەکەوە! بەسەرسوڕمانێکی تەواوەوە لێی نزیك بویەوە و چاوی بە سەرپەرشتیاری تەویلەخانەکان کەوت- هەمان ئەو کەسەی لە تەویلەخانەکەدا شەڕی لەگەڵدا کردبوو- لەوکاتەدا سەرپەرشتیاری تەویلەکان سڵاوی لێکرد. "ڕامسیس"یش لەتینواندا لێوی لکابوو بەیەکدا بۆیە نەیتوانی وەڵامی سڵاوەکەی بداتەوە و چاوی تەنها مەشکە ئاوی کابرای دەبینی کە لەتەنیش پێیەوە لەسەر زەوی دانرابوو.

کابرای سەرپەرشتیاری تەویلەخانەکە وتی: تینوتە؟بەڵام من ئەم ئاوە بۆ کەسێك کە بڕیارە لەناو بچێت بەفیڕۆ نادەم. تۆ زۆرباش منت لەبەردەم کرێکارانی تەویلەخانەکەدا ڕسوا کرد؟

PDF 4 KURD

رامسیس وتی: ئایا لەبەرئەوە دەتەوێت بمکوژیت، یان بەفەرمانی"شنار"کە لەدەروازەی شار چاوەڕێی مەرگی منە، هاتویت بۆ ئێرە؟

کابرای سەرپەرشتیاری تەویلەخانەکە پێکەنی و وتی: بێگومان خواستی خۆشم یەکێکە لەو هۆکارانەی منی پەلکێشی ئێرە کردووە و چەقۆ بەدەست هەستایە سەرپێ. رامسیس یەکسەر دەستی دوژمنی خوێندەوە و زانی کابرای سەرپەرشتیاری تەویلەخانەکە لەزۆرانبازیدا لێهاتووە و دەیەوێت بەشێوەیەکی هونەری لێیبدات و تەختی زەوی بکات، رامسیس بێ لەکۆکردنەوەی هەموو توانایەکی خۆی بۆئەوەی نەکوژرێت هیچ ڕێگەچارەیەکی تری لەبەردەستدا نەبوو. لەناکاو هەموو توانایەکی لەقورگیدا کۆکردەوە و بەهەموو توانایەکی قیراندی و بەشێوەیەکی خافڵگیرانە خۆی هەڵدا بەسەر کابرای سەرپەرشتیاری تەویلەخانەکەدا بۆئەوەی نەتوانێت سود لەچەقۆکەی دەستی وەرگرێت، ئەم پەلامار و لێدانەی رامسیس کابرای سەرپەرشتیاری سەرەوژێرکرد و چەسپاندی بەخورماکەدا: ئەو درەختە درکێکی گەورە و بەئەندازەی چەقۆیەکیش تیژ هەبوو....

خۆر لەنێوەندی ئاسماندا بوو، ڕاوچییەکان سەرگەردان و نیگەران بەهۆی ون بونی رامسیس لەهەموو شوێنێك بەدوایدا دەگەران و نائومێدانە خۆیان بۆ گەڕانەوە و ئاگادارکردنی"شنار"ئامادە کرد، لەوکاتەدا لەدوورەوە خێوێك دەرکەوت: شەرپەرشتیاری پیر وای دەزانی چاوی بەجنۆکە کەوتووە، هەموویان سەرتاپا چاو تەماشای ئەو خێوەیان دەکرد، بەڵام لەناکاو دەنگێك هاواری کرد: من"ڕامسیس"م، لەگوریسی ڕاوچی خۆم دەرباز کردووە! بەڕاستی ڕاوکردن شوێنێکی باشە بۆ تاقیکردنەوە...

ئاڕایشکەرەکان لەچواردەوری"شنار" لەکۆشکە تایبەتەکەیدا سەرقاڵی ناخون و ئاڕایشتی قژی بون. شنار گرنگییەکی تایبەتی بەخۆی و شێوازی ژیان و تێپەڕاندنی تەمەنی دەدا. بەهۆی ئەوەی خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆر بوو هەمیشە خوازیاری باشترین ژیان بوو. جوانی و ئاڕایشتی تایبەت و شوێنێکی تایبەتی لەژیانی وەجاخزادەکاندا هەبوو. کاتێك ئاڕایشتکەرەکان ڕۆنێکی

PDF 4 KURD

بۆندایان لەجەستەی شنار دەماڵی، شنار لەژێر دەستی ئاڕایشتگەرەکاندا هەستی بەئارامی دەکرد و فەرمانی دەدا لەچواردەوریدا بێدەنگی بپارێزن، ئەو ڕۆژە وەکو جاران خەریکی عەترماڵینی شنار بون لەناکاو دەنگەدەنگێك هێمنی کۆشکی هەژاند و بەدەم هاوارەوە کەسێك وتی: من دەمەوێت ڕاستی ئەم بابەتە بەدەست بهێنم... لەناو ئەو کۆشکەدا دەنگی دایەوە و خۆی کرد بەناو حەمامەکەی"شنار"دا و دوبارەی کردەوە: دەمەوێت بزانم، هەر ئێستا!

شنار کە ڕەشۆی دەستەڵاتی خۆی لەدەست دابوو بەلەرزەوە ئاڕایشگەرەکانی چواردەوری کردە دەرەوە و هاواری کرد: برا بچوکەکەم هێور بەرەوە، چیت دەوێت؟ ئەوە باسی چی دەکەیت؟

ڕامسیس بەگاڵتەپێکردنەوە وتی: خۆت وا نیشان دەدەیت کە ئاگاداری هیچ شتێك نیت، چەند کەسێکت بەکرێ گرتبوو بۆئەوەی بمکوژن.

شنار وتی: کێ ئەم قسە هیچ و پوچانەی پێ وتویت، هەر ئێستا ئەو کەسانەم پێ نیشان بدە!

ڕامسیس پێکەنینێکی ژەهراوی کرد و وتی: خۆیان، خۆم ئەو گوتانەم لێ دەرکێشان، ئەگەر دەتەوێت بیبینی بڕۆ تەماشای بکە چەسپاندومە بەدار خورمایەکی بیاباندا! یەکەمیان مردووە و دووەمیشیان دیار نەماوە، گالیسکەوانەکەش!

"شنار"کاتێك زانی چیتر جێی نکوڵیکردن نەماوە، هەوڵیدا بەنەرم و نیانی ڕەفتاری لەگەڵدا بکات و وتی: هیچ کاتێك ئەوە فەرامۆش نەکەیت کە من برای تۆم.

"ڕامسیس"یش وتی: منیش ئەرکی برایەتی خۆم بەجێ دەهێنم.

لەوکاتەدا شنار دەستی خستە سەرشانی ڕامسیس و وتی: سەرەڕای ئەوەی بیروبۆچون و سەلیقەمان بەیەك ناخوات هەروەها چەند ناکۆکیەکمان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هیچ کاتێك حەز ناکەم لەناو بچیت.

ڕامسیس وتی: کاتێك گالیسکەوانەکە پەیدا بویەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەم گوتانەت تا چەنێك ڕاستن.

PDF 4 KURD

رامسیس دوای ئەم گفتوگۆیانە ڕۆشت بۆلای "ئامنی"، "ئامنی"ش پێی وت: لەگەڕانەوەت دڵنیابوم.

شەو کاتێك ڕامسیس ڕۆشت بۆ ئەو "کەیەڵ"ەی کە بەقامیش دروست کرابوو، شوێنێك کە هەموو شەوێك چاوپێکەوتنی لەگەڵ "ئیزت"دا دەکرد و لەوێ چاوەڕێی کرد. ماوەیەك تێپەڕی و بینی "ئیزت" لەسەرخۆ خۆی کرد بەناو کەیەڵەکەدا و وتی: خۆشەویستەکەم هاتم، "شنار"ی برات خەریکە شێت دەبێت.

ڕامسیس وتی: هەر لەبەرئەوەش ویستی لەکاتی ڕاوکردنەکەمدا بەکوشتم بدات، ئێستا کاتی ئەم جۆرە قسانە نیە، وەر بۆئەوەی کەمێك نەوازشت بکەم.

"ئیزت"یش سەری خستە باوەشی ڕامسیس و دەستی کرد بە نەوازشکردنی پێکانی. کاتێك سپێدەی بەرەبەیان هەڵهات دەستی بەقژی "ئیزت"دا دەهێناو و نەوازشی دەکرد و "ئیزت"یش وتی: وتیان کەسێکت لەکاتی ڕاوەکەتدا کوشتووە.

ڕامسیس وتی: چونکە فەرمانی پێدرابوو بمکوژێت.

"ئیزت"یش وتی: منیش دەبێت تۆ بکوژم، چونکە واهەست دەکەم تۆش نیازی کوشتنی منت هەیە.....

PDF 4 KURD

ڕامسیس لەپلەی نوسەری"کاتب"فەرمانڕەواییدا

کاتێك ڕامسیس بیستی: ئێستا بەڕێ دەکەوین! نەیتوانی باوەڕ بەوە بکات بەم زووانە بەفەرمانی فیرعەون یەکەمین ئەرکی لەپەلەی نوسەری فەرمانڕەواییدا دەست پێدەکات، ڕامسیس لەگەڵ"ئیزت"لە کەیەڵەکەدا بوو، چیتر نەیدەتوانی بەپێی ئەو فەرمانە شەوانی لەلای خۆشەویستەکەیدا تێپەڕێنێت، بۆیە دەبێت زیاتر لەگەڵ پاپیرۆسدا تا ئەوەی لەگەڵ جەستەی"ئیزت" جواندا بژیت. ڕامسیس یادگاری گەشتەکەی لە دەفتەری ڕۆژانەکەیدا دەنوسی، هەروەها نەیدەتوانی دیمەنی جوانی سەر ڕێگای گەشتەکەی لەبەرچاو نەگرێت. ئەو شوێنەی بۆی دەڕۆشتن زنجیرە چیا"جبل سلسلە"بوو. ڕامسیس بەدرێژایی گەشتەکەی نەیتوانی چاوی بەفیرعەونی باوکی بکەوێت، چەندین ڕۆژ هەر بەوشێوەیە تێپەڕی و دەفتەری یاداشتەکەی پڕبوو لەنوسین. تائێستا بە شەشەمین ساڵی فەرمانڕەوایی"ست هوس" لەقەڵەم دەدرا کە بەبۆنەی ئەم شەشەمین ساڵەوە بەردتاشەکان ڕێژەی هەزار بەردتاشی دەریاوانیان لە"زنجیرە چیا"دا زیاد کرد بۆئەوەی بەردەکان بگوازنەوە بۆ ناو کەشتیەکان. بەردتاشەکان تاوێرە مەزنەکانیان دوای ئەوەی درزێکیان دەخستە نێو تاشەبەردەکانەوە دەریان دەهێنان، وەستا و بەردناسەکان شان و ڕەگی بەردەکانیان دەستنیشان دەکرد دوای ئەوە هێمایەکی تایبەتیان لەسەر بەردەکان دەکێشا، دوای ئەوە نەخشەکێشەکان بەکێشانی چەند وێنەیەکی جۆراوجۆر بەردەکانیان ئامادەی هەڵکۆڵین دەکرد بۆئەوەی بەردتاشەکان کاری لەسەر بکەن.

PDF 4 KURD

شێوازی دەرهێنان و ئامادەکردنی بەردە گەورەکان پواز[11]ی دارینی وشك ڕۆدەکەنە ناو کلۆشی بەردەکانەوە، دوای ئەوە تەڕیان دەکرد، داری وشکیش بەهۆی هەڵمژینی ئاوەوە دەکشا و هەڵدەئاوسا و فشارێکی زۆری دەخستە سەر تاوێرە بەردەکان، بەهۆی ئاوسانی دارە وشکەکەوە درز دەکەوتە تاوێرە بەردەکانەوە، کاتێك تاوێرە بەردەکان دەبون بەچەند پارچەیەکەوە بەردتاشەکان لەهەمان ئەو شوێنەدا دەستبەکار دەبون. بەردە گەورەکانیشیان دەخستە سەر شتێکی خز و خلیسکاو، بەم شێوەیە ئەم بەردانەیان لەو ناوچە دورەوە دەگواستەوە بۆ ئێرە، بەمشێوەیەش لەکەشتیەوە هەڵیاندەڕشتە کەنار ڕوبارەکەوە، کەشتیە بارهێنەرەکان بەردەکانیان دەگواستەوە بۆ ئەو کارگایانەی کە لەپەرستگادا دەستنیشان کرابوو.

ڕامسیس لەتۆمارکردن و نوسینی ئەو هەموو کرێکارە سەرگەردان و دودڵ و سەرلێشێواو بوبو، بەڵام وردە وردە خووی بەو کارە گرت و لەگەڵ ژینگەی کارکردندا ئاشنایەتیەکی تەواوی بەدەست هێنا: پیاوگەلێکی زبر و سەختکۆش، ناکۆکیە بێشومارەکانیان، ئەوانەی بەنمایشی قەڵەم و چەکوشی ئاسنین بەلێهاتوییەکی سەرسوڕهێنەر بەردەکانیان دەتاشی، ئەوانەی ئارەق ڕشتن و ماندوبونیان نەدەناسی، نەگەرما، نەسەرما کاری لەجەستەیانی نەدەکرد، تەنها چالاکی، هەوڵ، کار و دەرئەنجام هەموو چاوێکی لەخۆی ڕادەماند. ڕامسیس هەموو ئەمانەی پێت بەپێت نوسی. ئەو پەیامەی فیرعەون لەو ناوچەیەدا دەیویست بیگەیەنێت بە ڕامسیس ئەوە بوو: سەردەمی منداڵی تێپەڕیوە و قۆناخی هەوڵ و کۆشش و ڕاستی دەستی پێکردووە. "ست هوس"یان"وەرزای داگیرکەر" کوڕەکەی لەکۆرەدا تواندەوە و خستیە ناو قاڵبی هەندێك ڕوداوەوە بۆئەوەی قاڵبی هەمیشەیی فیرعەون لەخۆ بگرێت.

ئارامی کانزا لەشەودا، هەڵچنینی بەردە گەورە دەرهاتووەکان و کارێکاران لەحاڵی خۆشی و خۆشگوزەرانی و گاڵتەکردن لەگەڵ یەکدا، هەموو ئەمانەی

[11] پواز وشەیەکی پاراوی کوردیە کە بەواتای ئەو دارە شێوە قوچەکیە دێت کە دەخرێتە نێوان ترزی بەرد و دارەکان بۆئەوەی بیانتلێشێنن... وەرگێڕ.

PDF 4 KURD

لەدەفتەری یاداشتەکەیدا تۆمار کرد. لەوکاتەدا سەرقاڵی نوسین بوو بیستی: بیستومە کەسێکت کوشتووە؟ دەنگی فیرعەونی باوکی بوو!

ڕامسیس وتی: تەنها بەرگریم لەخۆم کردووە، ئەو بەچەقۆیەکەوە دەیویست بمکوژێت، هەڵبەت بەفەرمان"شنار"!

فیرعەون وتی: کەواتە توانای کوشتنت هەیە، کەواتە بۆئەوەی بگەییتە پلەوپایە فیرعەون دەبێت توانای کوشتنت هەبێت، بەردێك هەڵگرە و یەکسەر بیکێشە بەو سەگەی دوات کەوتووە!

ڕامسیس وتی: ئەم تاقیکردنەوەیە تاوانە، ئەگەر ئەوەی تۆ باسی دەکەیت ڕێگای بەدەست هێنانی فیرعەون بون بێت، ئەوا"شنار"لەگۆڕی ئەم جۆرە کارانە دێت و دەتوانێت ئەو پلەوپایە بەدەست بهێنێت، چونکە من ناتوانم هیچ کەسێك بکوژم، ئەو کەسەش بەهۆی بەرگری کردن لەخۆم کوژرا.

فیرعەون وتی: ملکەچی فەرمانەکان بە!

ڕامسیس وتی: لەتوانای مندا نیە ناتوانم، مەگەر ئەوەی ئەم سەگەش بەفەرمانی کەسێکی تر وەك ئەو پیاوە بیەوێت بمکوژێت، منیش ناچار بەرگری لەخۆم بکەم.

"ست هوس"ی فیرعەون وتی: ئایا ئاگاداری دەرئەنجامی ئەم سەرکێشەی خۆتیت؟

ڕامسیس یەکسەر وتی: حەز دەکەم بچمە ڕیزی بەردتاشەکانەوە و هەرگیز پێ نەنێمە خاکی میسرەوە!

فیرعەون پرسی: ئایا تۆ ئامادەیت لەپێناو سەگێکدا چاوپۆشی لەفیرعەون بونت بکەیت؟

ڕامسیس وتی: ئەم سەگە متمانەی بەمن هەیە، منیش ناچارم لەبەرامبەردا بەرگری لێبکەم... دوای ئەوە ڕویکردە سەگەی"بیدار" و وتی: وەرە با بڕۆین!

"ست هوس"ی فیرعەون و ڕامسیس و سەگەکەی هەرسێکیان بەڕێکەوتن، لەنێوندی ڕێگاکەیاندا فیرعەون وتی: ئەگەر ئەو سەگەت بکوشتایە ئەوا نغرۆترین و ڕسواترین پیاوت لێدەردەچوو، بەم ڕەفتارەت سەلماندت بیروباوەڕێکی مەزنت هەیە.

PDF 4 KURD

ڕامسیس لەخۆشیاندا ڕاوەستا و وتی: منیش جگە لەو گوتەیە چاوەڕێی هیچ شتێکی ترم لەفیرعەونی باوکم نەدەکرد... دوای ئەوە وتی: دەتوانم لەم کانەکانزایەدا لەلای کرێکارەکان بمێنمەوە.

ست هوس وتی: فیرعەونی ئایندە کارگەلێکی گرنگتر لەمانەوەی لەکانە کانزاکان چاوەڕێی دەکات.

PDF 4 KURD

ئیزت وەڵامی نەخێر دەدات بە شنار

"ئـامنی"بەناونیـشانی نوسـەری تایبـەتی فـەرمانڕەوایی سـەرقاڵی ڕێکخـستنی زانیاریـەکان بـوو، دیـاربوو جێگـری ڕامـسیس لەکارەکـەی ڕازی بـوو. لەوکاتـەدا سەرقاڵی چاوپیاخشاندن بوو بە تەختەقوڕە نوسراوەکاندا و لـەناکاو"ئیـزت"خـۆی کرد بەناو بارگاکەی"ڕامسیس"دا و بەهەموو هێزێکی دەرگاکەی کردەوە و پرسـی: ڕامسیس لەکوێیە، زوو پێم بڵێ!

ئامنی وتی: نازانم.

ئیزت وتی: چۆن نازانی لەکاتێکدا ئاگاداری هەموو نهێنیەکی "ڕامسیس"ی.

ئامنی وتی: لەناکاو دیار نەماوە کەس نازانێت بۆ کوێ ڕۆشتووە، باوەڕم پێبکە ڕاستیەکەت پێ دەڵێم.

ئیزت وتی: دەڵێن مەحاڵە ڕامسیس نهێنیەك لەتۆ بشارێتەوە.

ئامنی وتی: وایە بەڵام بێئاگام لەوەی بەچ شێوەیەك لـەناكاو دیـار نـەماوە، بگـرە بۆ خۆشحاڵکردنیشت ناتوانم درۆت لەگەڵدا بکەم.

ئیزت وتی: ئەگەر وایە چۆن نیگەرانی نابیت؟

ئامنی وتی: بۆچی نیگەرانی بم؟

ئیزت وتی: کەواتە تۆ دەزانیت لەکوێیە و پێم ناڵێیت!

ئـامنی وتـی: ئەگـەر بێـشەرمی نـەبێت جـەنابتان بێهـودە مـن تاوانبـار دەکـەیت، دەتـەوێت درۆت لەگەڵـدا بکـەم، نایکـەم، بـەڵام دەزانـی لەهـەرکوێ بێـت بـەم زوانـە دەگەڕێتـەوە. لەوانەشـە"شـنار"پلانێکـی نـوێی بـۆ داڕشـتبێت، چـونکە تـازە

PDF 4 KURD

لەئیشقێکدا شکستی خواردووە و دەیەوێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بڕۆ بەدوای ئەودا بگەڕێ لەوانەیە دەرئەنجامێکی باشتر بەدەست بهێنیت.

"شنار"تازە دەستی لەنانی نیوەڕۆ هەڵگرتبوو، ژمی نیوەڕۆشی گۆشتی"پۆڕ"ی برژاو بوو. "ئیزت"بەتوڕەییەوە خۆی کرد بەژوورەکەیدا"شنار"یش بەنەرم و نیانیەکەوە بەخێرهاتنی کرد: "ئیزت"ی جوان، سەربەرزت کردم. فەرموو لەسەر ئەم حەریرە دانیشە بۆئەوەی پێکەوە نان بخۆین.

ئیزت توند و خێرا لێی پرسی: ئێستا پێم بڵێ ڕامسیس لەکوێیە؟

شنار وتی: ماوەیەکە ئاگاداری هیچ هەواڵێکی ڕامسیس نیم.

ئیزت وتی: هەمان ئەم ڕستەیە درۆکانتی ئاشکرا کردووە، پێم بڵێ ڕامسیس لەکوێیە.

شنار وتی: سەرەتا فەرموو دانیشە و پێکەوە قسە بکەین بۆئەوەی بزانم "ڕامسیس"یان ناردووە بۆ کوێ!

ئیزت دانیشت و گوێی لێگرت. شنار کاتێك چاوی بڕیبوە ئەو وتی: تۆ بۆچی لەقە لەبەختی خۆت دەدەیت، لەباتی ئەوەی ببیتە هاوسەری نوسەرێکی فەرمانڕەوا ببە بە هاوسەری فیرعەونی داهاتوو، بۆ ئایندە بڕوانە، ساتی هەنوکە لەبیر بکە.

ئیزت پرسی: چ ئایندەیەك؟

شنار وتی: ژیانێکی خۆش و بریسکەدار لەتەنیشت فیرعەونی داهاتوودا.

ئیزت هەوڵیدا خۆپارێز بێت بۆیە بێدەنگ بوو و بیستی: بەڕاستی دەتەوێت بزانیت ڕامسیس لەکوێیە؟

ئیزت دووبارە هیچی نەوت و شنار بەردەوام بوو: ئەگەر پێت بڵێم دڵگران نابیت.

ئیزت وتی: خۆم بۆ خراپترین شت ئامادە کردووە.

شنار وتی: ئەوم ناردووە بۆ باشور بۆ ناو کانە کانزاکان، بەشێوەیەك سەرقاڵم کردووە کە ماوەیەکی زۆری دەوێت تا بتوانێت خۆی بەتۆ بگەیەنێت. پێشتر ئاگادارم کردی. ئێستا هەڵبژێرە، دەبینی ئەوە من فەرمان دەردەکەم... شنار ڕۆشتە پێشەوە و دەستی"ئیزت"ی گرت.

ئیزت دەستی کێشایە دواوە و وتی: بەریدە.

PDF 4 KURD

شنار وتی: تۆ شەق لەبەختی خۆت دەدەیت.

ئیزت وتی: دڵم بە"ڕامسیس"ەوە پەیوەست کراوە.

شنار وتی: تۆ دەبیتە هاوسەری فیرعەون دەست لەکاری شێتانەوە مەدە.

ئیزت وتی: چەنابتان فیرعەونی خۆتانن، من بڕیاری خۆم داوە.

لەنگەرەگای"تبس"زۆر قەرەباڵخ بوو، پیاوانی زەحمەتکێش، کەشتیگەلێکیش لەحاڵی هات و چۆی کۆڵبەرانی بار لەکۆڵ و گەشتیاران کەخۆیان بۆ کۆچ ئامادە دەکرد، کەشتی فیرعەون بەرەو باکور دەڕۆشت، کەشتی بە بەجێهێشتنی"ممفیس" خۆی کرد بەناو "دەلتا"دا، ڕامسیس بەسەرگەردانیەکەوە تەماشای چواردەوری دەکرد. هەموو شوێنێك ئاو بوو. باڵندەی ئاوی و مراوی و ماسیخۆرەکان وڵاتێکی بەرفراوانیان هەبوو. کەشتی بەپێی فەرمانی کەشتیەوان کە ئاشنای دەریا بوو ڕێگایەکی تایبەتی گرتە بەر، فیرعەونی میسر لەسەکۆی کەشتی و کوڕی فیرعەونیش بێدەنگ لەپاڵ باوکیدا ڕاوەستابوو. "ست هوس"بێدەنگ نوقمی بیروهزری بوبو، "ڕامسیس"یش پابەندی ئەم بێدەنگیە بوو، لەناکاو فیرعەون هاواری کرد: ڕامسیس ئەوێ! بەئاسمانەوە باڵندە کۆچەریەکان لەشێوەی ژمارە حەوت دەفڕن، ئەو دوانە بۆماوەیەك لەوبارەیەوە قسەیان لەگەڵ یەکتردا کرد و شەویش بەهۆی درەوشانەوەی ئەستێرەکان فیرعەون زانستی ئەستێرەناسی فێری ڕامسیس دەکرد: وێنەی فەلەکیەکان، جوڵەی کاکێشانەکان، مانگ، خۆر و چەمکی هەریەك لەمانە...   دوای ئەوە پرسی: فیرعەون نابێت دەستەڵاتی بگەیەنێتە ترۆپکی ئاسمان؟

ڕامسیس لەماڵینی ڕۆنێکی تایبەت زۆر نارەحەت بوو، بەڵام کاتێك بینی مێش و میرو هێرشیان بۆ دەبات بەهۆی ئەو بۆنە تایبەتەوە نایانگەزن و پاشەکشە دەکەن، چیتر دوای ئەوە چاوپۆشی لەو بۆنە نارەحەتە کرد، کەشتی دوای ئەوەی خۆی کرد بەناو دەریاچەیەکدا کە دەکەوتە نێوان دورگەی بچوکەوە و لەشارێك نزیك بونەوە کە فیرعەون بەمشێوەیە بۆ"ڕامسیس"ی ڕونکردەوە: شارە پیرۆزەکانی"ڕپ و دپ"

PDF 4 KURD

"ڕامسیس"یش تەماشای شاری پیرۆزی کرد، لەبەرامبەر پەرستگایەکی بچوکدا ڕۆچــووە هــزری خۆیـــەوە و وتــی: بەرنامـــەی فیرعـــەون ئەوەیـــە ســـەرەتا ببێتـــە خزمەتکاری خودایان، بەڕاستی جگە لەزۆردارێکی سەیر هیچ شتێکی تر نیە.

فیرعەون بەدرێژایی ئەو گەشتە بە"ڕامسیس"ی وت: تۆم لەبەرئەوە هێنایە ئەم ناوچەیەوە بۆئەوەی ئاشنای بونایەتی خۆت بیت و جیهانی سەردەمی منداڵیت بەجێ بهێڵیت... ئەوە هەمان پەیامی فەرمانڕەوایی و جێنشینی منە بۆ تۆ. دوای ئەوە کەشتی گەڕایەوە بۆ"مەفیس" و لەدورەوە شار دەرکەوت.

"ست هوس"ی فیرعەون ڕۆشت بۆ لای"ستەهوس"ی هاوسەری. کاتێك شاژنی مەزن قسەی لەگەڵ بەڕێوبەری ئاسایش دەکرد ئاگادار هاتنە ژورەوەی فیرعەون بوو، ئەوەی بە بەڕێوبەری ئاسایش وت: وا بزانم ئاگاداری ئەوەیت کە کرێکارێکی تەویلەخانەکان هەوڵی کوشتنی"ڕامسیس"ی دابوو؟

بەڕێوبەری ئاسایاشیش وتی: بەڵێ گەورەم.

دوای ئەوە لێی پرسی: تۆ دەزانیت کە دەبێت یەکسەر گالیسکەوانەکە پەیدا بکەیت، هەمان ئەو کەسەی لەگەڵ ڕامسیس دا بوو؟

هەموو وەڵامەکان بە: بەڵێ گەورەم دەدرایەوە...

پرسیاری ئەوەی لێکرا: ئەو کەسەت دۆزیوەتەوە کە دەستی لەم پلانەدا هەیە.

سەرۆکی ئاسایش سەری دانەواند و بیستی: بەدڵنیاییەوە لەڕاستی و گەڕان و پشکنین دەترسیت؟

بەڕێوبەری ئاسایشیش وتی: گەورەم خۆیان ئەو پلانەیان داڕێژاوە...

ستە هوس وتی: کەواتە ئەوەی بیستومە ڕاستە؟

بەڕێوبەری ئاسایشیش بەسەر لەقاندن وەڵامی بەڵێی دایەوە...

ئیزت لەشەوی سەری ساڵی نوێ و ئاهەنگی هەڵچونی ڕوباری"نیل"دا نەیتوانی دان بەخۆیدا بگرێت، سەرەڕای ناڕازی بون و ڕێگری ڕامسیس ، ڕۆشت بۆ ئەو هەیوانەی کە ڕامسیس و سەگەکەی"بیدار"ی لێبوو. بیدار وەڕی"ڕامسیس"یش ئاگاداری هاتنی کەسێکی بێگانە بوو و "ئیزت"ی لەتەنیشت خۆیەوە بینی.

PDF 4 KURD

ڕامسیس بێگوێدانە هیچ شتێك تەماشایەکی کرد و"ئیزت" نیگەران بوو و پرسی: چی ڕویداوە؟

ڕامسیس وتی: هیچ نەبووە تەنها دەمەوێت تەنها بم.

ئیزت تکای لێ دەکرد: قسە بکە.

ڕامسیس ئارام و لەسەر خۆ وتی: تەماشای"نیل" بکە!

ئیزت وتی: دەتوانم لەتەنیشتەوە دانیشم؟ و بێئەوەی مۆڵەتی پێبدات دانیشت، بەڵام بێدەنگ.

ڕامسیس وتی: ئەستێرە"سوتیس"لەناو تاریکیدا لەحاڵی هەڵهاتندایە، ئەم ئەستێرەیە سبەی لە ڕۆژهەڵات هاوکات لەگەڵ خۆردا هەڵدێت، ئەوکات هەڵچونی ڕوباری نیل دەست پێدەکات!

ئیزت پرسی: هەموو ساڵێك کاتێك ئەمە ڕوو دەدات، ئەوەندەش شتێکی سەیر نیە.

ڕامسیس وتی: بەڵام ئەمساڵ ساڵێکی زۆر جیاوازە، باوکم منی لەبەرامبەر خۆیدا داناوە.

ئیزت وتی: مەبەستت چیە؟

ئەویش وتی: دەبێت ئەو ڕێگایەی بۆی هەڵبژاردوم بیگرمە بەر.

ئیزت وتی: بەلامەوە گرنگ نیە چی ڕوو دەدات، تەنها تۆ بەلامەوە گرنگی.

ئاهەنگی هەڵچونی ڕوباری"نیل"-وەکوو جاران بەدەنگی خودای"ئیزیس" خودای جیهانی ژێرەوەی دۆزیوەتەوە- دەستی پێکرد. کەمێك دوای سپێدەی بەرەبەیان بنەوانی ئاویان کردەوە، ئەم بنەوانە ئاوی باخچەی شاری پێ دەدێرا. جموجوڵێك لە کۆشکدا بەدی دەکرا، فیرعەون لەسەروی ئەم مراسیمەوە پێشکەشکردنێکی لەئەستۆدابوو. دیار نەبوو کەسایەتیەکان چ پلەوپایەیەکیان لەشوراڤدا پێ بەخشراوە. شنار بۆ چەندمین جار لەخزمەتکاری تایبەتی پرسی، ئازانی چ پلەوپایەیەکیان بۆ دەستنیشان کردوم؟ وەڵامی کابراش نەخێر بوو...

PDF 4 KURD

ئیزت خۆی بەگەردنی ڕامسیس دا هەڵواسی و باوەشی پێدا کرد و وتی: هیچ نەبێت کەمێك لەباتی ئەو سەگەی هەمیشە باوەشی پێدا دەکەیت کەمێك باوەش بەمنیشدا بکە. دەمەوێت نهێنیەکت پێ بڵێم. بەمەرجێك ماچم بکەیت!

ڕامسیس"ئیزت"ی ماچ کرد و وتی: توانیم"دولانت"ی خوشکت ڕازی بکەم بۆئەوەی بانگێشتی ماڵە هاوینەکەیانم بکات، بەم شێوەیە هەم تۆ زیاتر لەگەڵ کەسوکارتدا دەبیت و هەم دەنگوباسی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری من و تۆ بەهێزتر دەبێت و بەنێو خەڵکیدا بڵاو دەبێتەوە.

لەوکاتەدا ڕامسیس لەئامێزی گرت و لەهەیوانەکەوە تێی پەڕاند و وتی: بەفەرمانی فیرعەون دەبێت گەشتێك بکەم، بەشی یەکەمی ئەم گەشتەم بەکەشتی دەبێت و بەشی دووەمیشی بەپێی دەڕۆم، تەنها ئەوە دەزانم و بەس...

PDF 4 KURD

دڵنەوایی ڕامسیس و دەستەڵات نواندنی موسا

بارەگـای فـەرمانڕەوایی "میرئـور" –ئیـشقی مـەزن– دەکەوێتـە شـوێنی چـونە ناو "ئالفەیوم"ەوە. ئەلفەیوم شارێکی سەوز بوو کە خودای "تماحوش" –روبك– فەرمانڕەوایی ئەوێی دەکرد. بارەگـای "میرئور" چەندین هیکتـار[12] فـراوان بـوو و لەلایەن باخەوانە شارەزاکان چاودێری لێ دەکرا. بەلەبەرچاوگرتنی شوێنی ئەو بارەگایە و وردبینی باخەوانەکانی بارەگای "میرئور" بەجوانترین و دڵڕفێنترین ناوچە لەقەڵەم دەدرا. لـەم کاتەشـدا ژنـانی جـوان بـۆ کـارکردن لـە کارگـەی چـنیندا، لـە قوتابخانـەی شـیعر و موزیـك و سـەمادا پەسـەند دەکـران. بارەگـای "میرئـور"وەك کەنوی "سەرەك"ی هەنگ دەهاتە بەرچاو کە بۆساتێکیش لەدەنگ دەنگ نەدەکەوت.

ڕامـسیس پـێش ئـەوەی خـۆی بـە پاسـەوانی بارەگـای "میرئـور" بناسـێنێت، ئـەو پارچەیەی کە لەکەمەری پێچابوو گۆڕی و کورسی پەرستگاکەی پێداپۆشی.

پاسەوانەکە پێی وت: بۆ چونە ناو دەبێت نوسراوێك لەگەڵ خۆتدا بهێنیت.

ڕامسیس وتی: لەوباوەڕدام پێویستم بە نوسراو نەبێت.

کابرای پاسەوان بەسەرسوڕمانەوە پرسی: بۆچی پێویستت بە نوسراو نیە؟

ڕامسیس وتی: لەبەرئەوەی کوڕی "ست هوس"ی فیرعەونی میسرم.

پاسـەوان وتـی: گاڵتـە دەکـەیت! کـوڕی فیرعـەون بەتـەنهایی نـاڕوات بـۆ هـیچ شوێنێك.

ڕامسیس وتی: ئەم سەگەی لەگەڵمدا بۆ من بەسە.

سەرەڕای ئەوەش پاسەوانەکە ڕێی چونە ژورەوەی لێگرت.

[12] هەر "هیکتارێك"دە هەزار متر چوار گۆشەیە... . سەرچاوە"فەرهەنگی عەمید"... وەرگێڕ.

PDF 4 KURD

بەڵام ڕامسیس هاواری بەسەردا کرد بۆئەوەی بڕواتە کەنارەوە!

پاسەوانەکە پرسی: ناوی براکەت کە دەتەوێت چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەیت چیە؟

ڕامسیس وتی: براکەم ناوی"موسا"یە.

پاسەوان وتی: بۆماوەیە چاوەڕێ بکە، دوای ئەوە موسا بەپەلە ئامادە بوو و"ڕامسیس"ی لەئامێز گرت و بانگێشتی ژورەوەی کرد. بەو ڕێڕەوەی کە سەنگفەرش کرابوو و بەناو درەختی هەنجیری عەرەبیدا تێدەپەڕی و بەهەسێرێك کۆتایی پێدەهات تێپەڕین. لەو ڕێڕەوەدا لەسەر کورسیەك دانیشتن.

موسا وتی: بەڕاستی بەم هاتنەت ڕاتوەشاندم. ئایا هیچ کارێکت هەبوو ئاوا سەردانی ئێرەت کردووە؟

ڕامسیس وتی: تەنها بۆ بینینی براکەم سەردانی"میرئور"م کردوە.

موسا وتی: بەتەنهایی هاتویت، بێ هیچ پاسەوان و ئەفسەرێك؟

ڕامسیس وتی: بۆچی بەلاتەوە سەیرە؟

موسا وتی: هەڵبەت بەلامەوە سەیر نیە کە ڕەفتارگەلێکی ئاوا لە ڕامسیس بوەشێتەوە؟ بەهەرحاڵ دوای پەرتەوازەکردنی گروپە پێنج کەسیەکە چیت کرد؟

ڕامسیس بەم شێوەیە بۆ موسای ڕنکردەوە: بومە نوسەری فەرمانڕەوایی، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت پێشەکیەکە بۆئەوەی فیرعەون بمکاتە جێنشینی خۆی.

موسا پرسی: ئایا شنار ڕازی بوو؟

ڕامسیس وتی: موسا، شنار بەلامەوە گرنگ نیە، توانا و هێزێك دەمبزوێنێت و گەرمیم پێدەبەخشێت کە بەچ شێوەیەك بژین ؟

موسا وتی: ئەوە پرسیارێکە کە خۆشم لەخۆمی دەکەم. تۆ بەچ شێوەیەك وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەیتەوە؟

ڕامسیس وتی: بەهەمان ناخۆشیەکانی تۆ.

موسا وتی: لەئێستادا یەکێکم لە نوێنەری کاربەدەستانی ئەم بارەگایە. ئەو کارگایەی کاری تێدا دەکەم کارگای چنینە، هەروەها گۆزەگەریش دەکەم. شوێنی

PDF 4 KURD

نیشتەجێبونم خانوویەکە لەپێنج ژور و باخچەیەك و ئەوەی پێویست بێت، هەروەها هەموو جۆرە خواردنێك، ئەوکاتانەش کە هیچ کارێکم نیە لەکتێبخانەدا خۆم فێری زمانی "عبری"دەکەم بۆئەوەی زیاتر ئاشنای فەرهەنگی دۆڵەمەندی میسر ببم. ئەم کارانە دەقاودەق هەمان ئەو کارانەن کە بەسەختی سەرنجیان ڕاکێشاوم.

ڕامسیس پرسی: هیچ ژنێکی جوان شك دەبەیت؟

موسا زەردەخەنەیەکی کرد.

دوای ئەوە ڕامسیس وتی: ئەریێ بەڕاست لێرە ژن دەست دەکەوێت؟

موسا وتی: ئاشقی؟بەڵێی ژنگەلێکی جوانی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام وەك بڵێی ئاشق بوبێتیت.

ڕامسیس وتی: نازانم، بەتەواوی نازانم، ئاشقم یان نە؟ لەوانەیە.

موسا وتی: ئاشقی کێ بویت؟

ڕامسیس وتی: ئیزت.

موسا وتی: بیستومە کە ئیزت زۆر جوانە، بەڕاستی جوانیەکەی وام لێ دەکات ئیرەیيم لەبەرامبەرتدا بورووژێت، بەڵام بۆچی دودڵی، ئیشق و خۆشەویستی هیچ دودڵی و دڵەڕاوکێییەك لەخۆ ناگرێت.

ڕامسیس وتی: موسا خۆت دەزانی کە ئیزت کچێکی بێوێنەیە، تێگەشتنێکی تەواو لەنێوانماندا هەیە، بەڵام دەقاودەق ناتوانم بانگشەی ئەوە بکەم کە ئاشقم، چونکە بەدیدێکی جیاواز دەڕوانمە ئیشق، بەبۆچونی من ئیشق دەبێت زۆر گەرم و ڕەنگاوڕەنگ و ڕاوەشێن بێت.

موسا وتی: زۆر پەلە مەکە، پەی بەهەنوکەی خۆت ببە.

ڕامسیس وتی: ئەی تۆ چی موسا تائێستا ئاشق نەبویت؟

موسا وتی: ئاشق؟ من بەشێوەیەکی تر بیر لەئیشق دەکەمەوە، ئەم جۆرە ئیشقانە بەوشێوەیەش ڕازیم ناکەن، لەدڵمدا هەست بەئیشقێك دەکەم کە دەمسوتێنێت، زمانم لەبەرامبەر پێناسەکردنی ئەم ئیشقەدا لاڵ دەبێت، نازانم بەردەوامی پێبدەم یان فەرامۆشی بکەم، منیش وەکو تۆ دودڵم.

PDF 4 KURD

ڕامسیس وتی: موسا دەبینی کە ئێمە لەهەڵبژاردنی ئیشقدا بێدەستەڵاتین و هیچ هەڵبژاردنێکمان لەبەردەستدا نیە.

موسی پرسی: تۆ وادەزانی ئەمە جیهانی ڕوناکیە؟

ڕامسیس وتی: ڕوناکی لەجیهاندا دەبینم، کەواتە ڕوناکی لەجیهاندا بونی هەیە.

موسا سەری بەرزکردەوە و تەماشای ئاسمانی کرد.

ڕامسیس پرسی: تۆ وا لێکی دەدەیتەوە کە ڕوناکی لەدەرونی خۆردا شاردراوەتەوە؟

موسا هەروەکو پێشوو تەمشای ئاسمانی دەکرد.

ڕامسیس بەردەوامی پێدا: خۆریش -کە پێشتر ئاماژەی پێدا- ئەگەر کەمێك لێی ڕا بمێنیت کوێرت دەکات.

موسا وتی: دەمەوێت ئەوەی شاردراوەتەوە بەدەستی بهێنم. لەم نێوەندەدا لەناکاو هاوارێك گۆشەیەکی گفتوگۆکەیانی لەت کرد. دو کەس لەژنانی چنین بەدەم قیژە و دڵەڕاوکێ و ترسەوە ڕایاندەکرد و لەبەر خۆیانەوە دەیانوت مار مار و لەوکاتەدا خۆیان گەیاندە لای ڕامسیس و موسا.

موسا وتی: ئێستا نۆرەی منە کە تۆ بەشتێك ڕاوەشێنم، لەگەڵم وەرە بۆئەوەی بزانم کێ ئازاری ئەم ژنە داماوانەی داوە.

کەسێکی دڵگران و تێکدەر کە بەهیچ شێوەیەك هەوڵی هەڵهاتنی نەدا و زۆر بەئارامی هەردوو ئەژنۆی خستە سەرزەوی و مارێکی سەوزباوی ترسناکی لەزەویدا هەڵگرت بۆئەوەی بیخاتە ناو تورەکەکەیەوە.

ڕامسیس هاواری کرد: ئاه!ستائو!ستائو! ئەوە تۆی؟

ستائو هیچ کاردانەوەیەکی لەخۆی نیشان نەدا، بەڵام ڕامسیس ڕۆشتە پێشەوە و لێی پرسی: لێرە چی دەکەیت؟

ستائو وتی: سڵاو لەموسا، سڵاو لە"ڕامسیس"ی فیرعەونی ئایندە، من ژەهری مار بە تاقیگای بارەگای"میرئور"دەفرۆشم، خۆشحاڵم بەوەی تۆ لێرەدا دەبینم.

PDF 4 KURD

موسا وتی: ئێستا نۆرەی منە، هەربەوشێوەی پێم وتی، دەمەوێت بەشتێك ڕات وەشێنم، ئێرە گۆڕەپانی مەشقی تیر هاوێشتن نیە کە دوبارە هەڵەیەکم لێ بوەشێتەوە، بەهەرحاڵ چاوەکانت دابخە! ئێستا بیکەرەوە!

ڕامسیس بینی موسا لەسەر هەردوو پێی ڕاوەستاوە و دارێکی جوانی لەڕەنگی داربەڕوی بەدەستەوەیە.

ڕامسیس وتی: باشە، دوای ئەوە؟

موسا وتی: ئێستا جوان تەماشام بکە... لەناکاو دار دەستەکەی گیانی تێکەوت و وەك لقی دەرختێك کەوتە لەرزین، دوای ئەوە بوبە مارێك و موسا لەسەر زەوی بەرەڵای کرد... ستائو یەکسەر مارەکەی هەڵگرت...

ڕامسیس وتی: ئەم کارە چاوبەسی و جادوگەریەکی ئاسایی نەبوو، بەڕاستی ڕایوەشاندم، بەدڵنیاییەوە کوڕەکەی فیرعەونی سەرسوڕماو کرد. موسا بەچ شێوەیەك ئەم کارەت ئەنجام دا؟

دوای ئەم پرسیارە هەرسێکیان خۆیان کرد بەناو باخێکی میوەداردا و"ستائو"ش لەگەڵ مارەکانیدا دەستی کرد بەیاری تەردەستی. لەو باخەدا کچانی جوان و باڵا بەرز سەرقاڵی مەشقی سەماکردن بون، هەریەك لەکچەکان پارچە قوماشێکیان لەکەمەریان پێچابوو و نیوەی جەستیان ڕوت، لەسەر سینەشیان چەند •نەوارێکی ڕەنگاوڕەنگ بەدی دەکرا، قژیشیان بۆ دواوە و پێکەوە چەند جوڵەیەکی هاوسەنگیان ئەنجام دەدا. ڕامسیس زۆر خۆشحاڵ بوو بەسەمای کچەکان و ئامادەبونی موسا کە خودی کچەکانیش گرنگیەکی زۆریان پێدەدا، بەڵام خودی موسا خۆشحاڵ نەبوو، بەڵکو سەرتاپای خەم دایگرتبوو! "ستائو"ش لەجیهانی مارەکاندا دەژیا و زۆر گرنگی بەچواردەوری نەدەدا. ژیانی بەردەوامی لەگەڵ مارەکاندا کارێکی زۆری تێکردبوو و بوبووە هۆی ئەوەی جیهان بەشێوەیەکی تر ببینێت. جگە لەگەستنی مارێك و ژەهرێکی لەناوبەر بیری لەهیچ شتێکی تر نەدەکردەوە... موسا حەزی دەکرد وەکو ستائو هەمان ئەو ژیانە تاقی بکاتەوە، بەڵام بۆ سەرۆکایەتی بارەگای "میرئور"هەڵبژێردرابوو.

لەناکاو موسا وتی: ڕۆژێك دێت دەست لەهەموو شتێك هەڵدەگرم.

PDF 4 KURD

ڕامسیس وتی: موسا باش لەمەبەستت تێنەگەشتم.

موسا وتی: نازانم ئەم ژیانە لەبەرچاوم تا دێت تەنگتر دەبێت، ناتوانم بەرگەی بگرم. کچەکان نزیك بونەوە و بانگێشتی خواردنی نانی ئێوارە لەکەنار هەسێرەکەدا لێکردن. کچەکان بەناونیشانی فیرعەونی داهاتوو چەند پرسیارێکیان لێکرد، "ڕامسیس"یش وەڵامی پرسیارەکانی نەدەدانەوە. کچانیش نائومێد لەبەدەست هێنانی وەڵامی پرسیارەکانیان وا خۆیان دەنواند کە لەگەڵ یەکدا سەرقاڵی گفتوگۆکردنن، بەڵام لەم نێوەندەدا تەنها کچێك بێدەنگ بوو.

PDF 4 KURD

موسا و کاهینی کۆشك

ئێوارەیەکیان لەکاتی خۆرئاوا بوندا وەکوو جاران موسا پیاسەی دەکرد، پاڵی بەستونێکی بەرزەوە دابوو و خۆی سەرقاڵی نمایشی ئاوابونی خۆر دەکرد.

لەناکاو دەنگێکی بیست کە پێی دەوت: شازادە چ تێڕوانینێکی لەبارەی ئەم جوانیەوە هەیە؟

موساش لەوکاتەدا سەری وەرگێڕا و کاهینی کۆشکی فەرمانڕەوایی"ئامون تپ"ی بینی و لەوەڵامی پرسیارەکەیدا وتی: بێ وێنەیە.

کاهین وتی: بەڵام بەبۆچونی من ئەم دیمەنە تەنها بۆ فریودانی ئێمەیە. هەرکاتێك زۆر تەماشای ئەم دیمەنە بکەم نەخۆش دەکەوم.

موسا وتی: زانیاریم لەبواری پزیشکیدا نیە، بەڵام دەزانم تەماشاکردنی دیمەنێکی ئاوا بەهیچ شێوەیەك نابێتە هۆی نەخۆش کەوتنی هیچ مرۆڤێك، بەپێچەوانەی بۆچونەکەی تۆوە، جوانی و دیمەنەکان دەبێتە مایەی خۆشحاڵی و تەندروستی مرۆڤ... لەوکاتەدا خۆر ئاوابوو و ئاو و هەوا بەتەواوی تاریك بوو.

کاهین وتی: کەواتە بەبۆچونی تۆ هەرشتێك ببێتە مایەی چێژ وەرگرتن بەسودە؟

موسا وتی: نەخێر، نەموت هەرچی چێژ بەمرۆڤ بگەیەنێت باش و بەسودە، بەڵکو وتم جوانی و دیمەنەکان دەبێتە مایەی خۆشحاڵی مرۆڤ.

کاهین کە لەسەر یەکێك لەپلیەکانەکان دانیشتبوو هەستایە سەرپێ و دەستی موسای گرت و وتی: وەرە با کەمێك لەباخچەکەدا پیاسە بکەین. ئەو باخچەیە ناوێکی تایبەتی نەبوو، بەڵام بەبەرد دروستیان کردبوو و ناوی فیرعەونیان لێ نابوو-فیرعەون بەواتا خانویەکی مەزن! کاهین و موسا بۆماوەیەك بێدەنگ

PDF 4 KURD

لەباخچەکەدا پیاسەیان کرد، تا ئەوکاتەی کاهین هاتە گۆ و وتی: ماوەیەك دەمویست پرسیارێکت لێبکەم، بەڵام ئەو هەلەم بۆ نەڕەخسا.

موسا وتی: ئێستا ئەو هەلەت بۆ ڕەخساوە، پرسیارەکەت بکە!

کاهینی کۆشکیش وتی: چی لەنێوان تۆ و ڕامسیس دا ڕوویداوە کە ناچاری کردووە بێت بۆلات و دڵنەواییت بکات؟ چی بووە هۆی ئەوەی زلەت لێ بدات.

موسا وتی: دەزانی؟ ڕامسیس بۆ دڵنەوایی کردنم تەنها و بێ پاسەوان ئەرکی کێشاوە و هاتووە بۆ ئێرە، منیش بەخشیم و ئەو ڕوداوەشم بەفەرامۆشی سپارد، چیتر نامەوێت لەمبارەیەوە هیچ شتێك ببیستم.

ئامون تپ وتی: بەهیچ شێوەیەك مەبەستم شەڕ و تۆڵە سەندنەوە و ئەم جۆرە قسانە نیە، تەنها هۆکاری پەلاماردانەکەی تۆ لەبەرامبەر فیرعەوندا بەلای منەوە گرنگە، ئایا ڕاست دەکەن تەنها لەپێناو ڕزگارکردنی گیانی منداڵی کەنیزەیەك ئەو کارەت کردووە؟

موسا وتی: بەڵێ؟

کاهین وتی: من گۆڕەپانی مەشقی تیرهاوێشتنم بینیوە و دەزانم کە نیشانەکان لەسەر دیوار هەڵدەواسن، هەروەها دەزانم لەپشتی ئەو دیوارەوە درەختێکی بچوك هەیە کە منداڵ و کەنیزە زادەکان بەسەریدا سەردەکەون، ئەو درەختە بەو ڕادەیەش لەدیوارەکەوە نزیك نیە کە تیرئەنداز ئەو درەختە لەگەڵ نیشانەکەدا بەهەڵەبگرێت و لەیەکیان جیا نەکاتەوە، سەرەڕای ئەوەش ڕامسیس لەنێو لاوەکاندا بەباشترین تیرئەنداز لەقەڵەم دەدرێت، بەو ڕادەیەش ناشی نیە کە درەختێك ئەوەندە لەنیشانەکەوە دورە لەگەڵ خودی نیشانەکەدا بەهەڵە بگرێت.

موسا وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، نەك تەنها ڕامسیس کە باشترین تیرئەندازە، بەڵکو مەحاڵە ناشیترین تیرئەنداز لەباتی نیشانەی سەر دیوارەکە درەختی چواردەوری نیشانەکە بپێکێت، بەڵام ئەوەی من ئاگاداری بوم ئەوەبوو لەناکاو بینیم ڕامسیس بۆ نیشانەگرتن لە منداڵی سەر درەختەکە کە نۆکەر زادەبوو، کەوانەکەی کەمێك بەرزتر کردەوە و قەرەوڵی لەو گرت، خۆشم دەستی تیرئەندازیم هەیە و دەزانم ئەوە دەستنیشان بکەم کە تیر بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕوات، گۆشەی

PDF 4 KURD

کەوانەکە کە من هەمیشە لەوێوە قەرەوڵم لە نیشانەکە پێدەگرت دروست لەبەرامبەری شانمدا بوو، بەڵام نوکی تیرەکەی ڕامسیس ڕێك قەرەوڵی لەدرەختەکە دەگرت، بێگومان بەو لێهاتوییەی کە ڕامسیس لەتیرهاویشتندا هەیبوو دەقاودەق قەرەوڵی لەکەنیزەك زادە یان منداڵەکە گرتبوو... "ئامون تپ"بەهیچ شێوەیەك سەری لەقسەکانی موسا سوڕ نەما، چونکە نیشانەگرتنی نۆکەرزادەیەك لەلایەن فیرعەون زادەیەکەوە پێویست بەهیچ لێکۆڵینەوەیەك ناکات.....

بەڵام ئامون تپ بەموسای وت: خۆ ئەو ڕۆژە ئەو نیشانەی لەنۆکەر زادەکە نەگرتبوو کە ببێتە هۆی ئەوەی بەوشێوە توندە ڕەفتار لەگەڵ براکەتدا بکەیت و لەبەرچاو ئەو هەموو خەڵکەدا سوکایەتی پێ بکەیت.

موسا وتی: تەنها مەبەستم ئەوەبوو ئەو منداڵە ڕزگار بکەم، نەك سوکایەتی کردنی "ڕامسیس"ی برام.

ئامون تب وتی: کەواتە بەپێی لێکدانەوەکانت براکەت مەبەستی کوشتنی ئەو منداڵەی هەبووە؟

موسا وتی: بێگومان وابوو.

ئامون تپ وتی: بۆچی نەتهێشت تیرەکەی بهاوێژێت، گریمان بەری منداڵەکەش بکەوتایە هیچ کێشەیەك دروست نەدەبوو.

موسا وتی: لەوانەیە بەبۆچونی"ڕامسیس"ی برام ئەم کارە بەلایەوە چێژبەخش بێت، هەروەها لەدیدی کاهینی کۆشکیشەوە کوشتنی منداڵێك کێشە نەبێت، بەڵام ئەم کارە لەدەستەڵاتی مندا نەبوو، نەمدەتوانی بینەری کوشتنی منداڵێکی نۆکەرزادە بم.

کاهین بابەتی گفتوگۆکەی گۆڕی و وتی: دەزانی دایکت لەئێستادا لەکوێیە؟ خۆ درەنگت پێ نەبووە تا چاوەڕێت بکات؟

موسا وتی: دایکم لەئێستادا لەکەنار ڕوباری"نیل"دا دانیشتووە و چاوەڕێی هەڵهاتنی مانگ دەکات، ئەو حەز دەکات مانگ لەناو ڕوباری"نیل"دا ببینێت.

ئامون تپ وتی: دایکت لەسەردەمی لاویەتیدا مانگی سەر زەوی بوو، باش لەبیرمە کە پیاوگەلێکی زۆر شەیدای بوبون، ئەو بەڕادەیەك جوان بوو کە کاتێك

PDF 4 KURD

لەشوێنێکەوە تێدەپەڕی خەڵکی دەستیان دەخستە سەر ئەژنۆیان و کڕنوشیان بۆ دەبرد، هەرگیز لەجیهاندا خودایەك بەجوانی دایکت لەدایك نەبووە.

موسا پرسی: ئەی"ئامون تپ"تۆش یەکێك بویت لەو کەسانەی کاتێك چاوت بەدایکم دەکەوت سەری ڕێزت بۆ دادەنواند؟

ئامون تپ وتی: ئەی موسا تۆ پرسیارگەلێکم لیّ دەکەیت کە چیتر ناتوانم لەم تەمەنی پیریەمدا بەبیریان بهێنمەوە، ئەریّ بەڕاست دەزانی شوێنی چاودێری لەکوێیە؟...

موسا دەیزانی کاهین نایەوێت لەمبارەیەوە باسی هیچ شتێك بکات، بۆیە وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە و وتی: بەڵیّ، بۆچی پرسیاری شوێنی چاودێرکردنەکەم لیّ دەکەیت؟

ئامون تپ وتی: تائێستا بەشەودا لەشوێنیّ چاودێریکردنەکەوە تەماشای ئاسمانت کردووە چەنێك ورووژێنەرە.

شوێنی چاودێریکردنی کۆشکی فەرمانڕەوایی میسر منارەیەکی زۆر بەرزی هەبوو، بۆئەوەی بگەیتە سەر ئەو منارەیە دەبێت چەندین پلیکانە ببڕیت، لەبەرئەوەش کاهین بەهۆی پیریەوە کەوتە هەناسە بڕکیّ، بەڵام موسا زۆر بەخێرایی خۆی گەیاندە ترۆپکی منارەکە. پێش ئەوەی بگاتە ترۆپکی منارەکە لەهەردوو لای بەشی سەرەوەی ئەو منارەیەوە دوو پەیکەر سەرنجی موسای ڕاکێشا.

کاهین بۆ موسای ڕونکردەوە: ئەم دوانە یەکێکیان"ئیزیس"ە کە یەکێکە لەخوداکانی میسر و ئەویتریان"ئوزیریس"ی هاوسەریەتی، "ئوزیریس"ی هاوسەری"ئیزیس"خودای نابوتی و مەرگ و جیهانی خۆرئاوایە. لەترۆپکی ئەو منارەیەدا دەنگی کاهینانی چاودێریخانەکە "زەبور"یان دەخوێند و بەچواردەوری ئەو منارەیەدا دەنگی دەدایەوە.

موسا کە گوێی لەو ئاهەنگە بوو وتی: ناوی ئەم ئاهەنگە"زەبوری شەوە"

کاهین وتی: دەبێت چاوەڕیّ بکەین تا کۆتایی بەئاهەنگەکە بێت، دوای ئەوە بۆ تەماشاکردن دڕۆینە ترۆپکی ئەو منارەیە. بەسەر ئەو منارەیەوە سەربانێکی تاڕادەیەك فراوانی تێدایە کە چوار لەکاهینەکانەکان لەوێدا دانیشتبون. ئەمانە

PDF 4 KURD

سرودبێژانی "شەوی زەبور"بون. کاهینەکان لەیەکەمین تەماشاکردندا سەرۆکەکەیان"ئامون تپ"یان ناسیەوە، بەڵام"موسا"یان نەناسیەوە بۆیە لەبارەیەوە دەستیان کرد بەگفتوگۆ و بەزمانی هێماکان لەکاهینەکەیان پرسیاری ئەویان لێکرد.

ئامون تپ وتی: ئەم مەزنزادەیەی کە بەلاتانەوە کەسێکی نامۆیە، بەڵام ئێستا بزانن کە کوڕی شازادە"ئنخاس ئامون"ی شاژنی میسرە. کاهینەکان هەمویان پێکەوە بەخێرهاتنیان لێکرد. ترۆپکی منارەکە بنمیچ و کەپری نەبوو و لەوێوە مانگ کە کەمێك بەرز بوبویەوە بەڕونی دەبینرا.

ئامون تپ بەهێمانی دەستی داوای ڕونکردنەوەی لێکرد و وتی: دەزانی ناوی چیە؟

موسا وەڵامی دایەوە: مانگ، خودای"ئیزیس"ە.

کاهین وتی: تۆ کە ئەوەندە شارەزایت بەدڵنیاییەوە ناوی خۆریش دەزانی چیە؟

موسا وتی: ناوی خۆر، خۆرە.

ئامون تپ وتی: وەڵامەکەی تۆ وا دەگەیەنێت کە دەبێت بڵێم﴿مانگ مانگە﴾! ئایا دەتوانی ناوێکی تری خۆرم پێ بڵێیت... موسا وەڵامی نەخێری دایەوە و کاهینی مەزن وتی: ئەی موسا!خۆر ناوێکی تری هەیە کە بە"ئامون"بانگ دەکرێت، بەچ شێوەیەك تۆ ئاگاداری ئەم ناوە نیت.

موسا وتی: لەبەرئەوەی خۆر بێ لەناوی خۆر هیچ ناوێکی تر لەخۆ ناگرێت، ئەم ناوەیان بۆ دروست کردووە، نەفرەت لە"ئاتون"!

کاهینی مەزن پرسی: بۆچی نەفرەت لە"ئاتون" دەکەیت؟

موسا وتی: لەبەرئەوەی"ئاتون"تاوانبار و ستەمکار بووە و تەواوی خوداکانی میسری نابوت کردووە.

کاهینی مەزن پرسی: کێ ئەم قسانەی بۆ کردویت؟

موسا وتی: لەمامۆستاکانم بیستووە.

کاهینی مەزن وتی: ئەوانەی بۆیان باسکردویت ڕاست نین.

PDF 4 KURD

موسا وتی: تۆ لەوباوەڕەدایت نابێت نەفرەت لە"ئاتون" بکرێت و ئەو خوداکانی میسری لەناو نەبردووە؟

ئامون تپ بۆی ڕونکردەوە: تۆ خۆت باش دەزانی خودایانی میسر بێشومارن و لەئەنجامدا کوشتنیان بەوشێوەیەش ئاسان نیە، سەرەڕای ئەوەش "ئاتون" بکوژ و تاوانبار نەبووە!

موسا وتی: کەواتە مامۆستاکانم درۆیان لەگەڵدا کردوم؟

کاهینی مەزن وتی: مامۆستاکانت بیروبۆچوونی"وەزای داگیرکەریان"بۆ گێڕاویتەتەوە، دەقاودەق ئەمە بۆچونی فیرعەونە.

موسا وتی: مەگەر تۆ چاوت بە"ئاتون" کەوتووە، کە بەو دڵنیاییەوە باسی دەکەیت؟

ئاموت تپ وتی: ئاتون نەبینراوە.

موسا پرسی: ئەگەر ئاتون نەبینراو بێت، دەی کەواتە بەچ شێوەیەك دەڵێیت"ئەخناتون"ی فیرعەونی میسر و خەڵکی دەیانپەرست. منیش هەرئێستا"ئیزیس"لەئاسماندا دەبینم و دەزانم بەچ شێوەیەکە، بەڵام کاتێك نەتوانرێت"ئاتون"ببینرێت بەچ شێوەیەك دەیپەرستن؟

ئامون تپ وتی: ئەی موسا ڕاستیەکانی ئەم جیهانە نەبینراون، ئەوەی دەبینرێت تەنها شتە لاوەکیەکانن.

موسا وتی: تێناگەم.

ئامون تپ وتی: تێناگەیت لەبەرئەوەی هێشتا بچوکی، لەدواییدا کاتێك تەمەنی گەنجیەتیت تێپەڕاند لەمەبەستم تێدەگەیت، بەڵام بێ لەبچوکی و هەرزەکاری و کەم تەمەنیت، لەبەرئەوەی بەردەوام پەیکەری خودایانی میسریت بینیوە، وادەزانی هەموو خودایەك دەبێت قاڵب و شێوەیەکی دیار و ناسراوی هەبێت. ئایا کاتێك بەنێو ئەم باخەدا پیاسە دەکەیت و بۆنی عەتری گوڵەکان دەکەیت دەتوانیت خودی ئەو بۆنە ببینیت؟ "ئاتون"یش دەقاودەق وەك ئەو عەترە وایە.

موسا وتی: جەنابی ئامون تپ هێشتا من بەهەرزەکار دەزانی، بەڵام هیچ نەبێ دەزانم سەرەڕای ئەوەی هەندێك لەشتەکان بینراو و هەندێکیشیان بیستراو و

PDF 4 KURD

بۆندارن، بونیشیان هەیە، ئەم"ئاتون"ەی کە نەبینراوە پەیوەست دەکرێت بەکامیەك لەم سێ بەشەوە و چ هێمایەکیان هەیە؟

ئامون تپ وتی: لێرەدا دەبێت پەنا بۆ هزرمان ببەین و داوای هاوکاری لێ بکەین.

موسا وتی: تۆ بەچ شێوەیەك داوای هاواکاریت لەئەقڵت کرد؟

ئامون تپ وتی: ئەقڵم پێم دەڵێت"ئاتون" بونی هەیە.

موسا وتی: ئەمە گاڵتەجاڕیە، تۆ کە باوەڕت بەبونی"ئاتون"ە بۆچی ناوت"ئامون"ە؟

ئامون تپ وتی: دایك و باوکم ئەم ناوەیان بۆ هەڵبژاردوم، نەك خۆم.

موسا وتی: هەم دایکم و هەم مامۆستاکانم پێیان وتوم"ئاتون"تاوانبار بووە و"ئامون هوتپ"ی چوارەم دوای ئەوەی پلەوپایەی فیرعەون دەگرێتە دەست ئەو خودایەی بۆخۆی دروست کردووە، بەواتا لەڕاستیدا دایك و باپیرەی ئەم فیرعەونە خودای"ئاتون"یان دروست کردووە و وایان لەخەڵکی کردووە باوەڕی پێ بهێنن، "ئامون هوتپ"یش ناوی گۆڕی بە"ئاخن ئاتون"کە بەئەخناتون بانگیان کردووە و بووە هۆی ڕشتنی خوێنی خەڵکی میسر.

کاهینی مەزن وتی: ئەوەی دایك و باوك و مامۆستاکان لەسەردەمی منداڵیدا فێری منداڵەکانی دەکەن، کاتێك گەورە بون زۆر بەسەختی دەتوانرێت مێشکیان لەو فێرکاریە هەڵیە پاك بکەیتەوە، بەڵام ئەوەی پێشتر باست کرد کە دایکی فیرعەون خودای"ئاتون"ی دروست کردووە داستانێکی دوورودرێژە، ناوی ئەم ژنە"نفر تی تی"بووە و تا ئەوسەردەمە هیچ ژنێك لەمیسردا بەئەندازەی ئەو جوان نەبووە... ئێستا بەڵێنم پێبدە ئەم گفتوگۆیەمان بۆ هیچ کەسێك نەگێڕیتەوە.

موسا وتی: بەڵێنت پێدەدەم.

PDF 4 KURD

کچێك بەناوی"نفر تاری"!

ئەم کچە لەکچەکانی تر جوانتر بوو. قژێکی ڕەش و چاوی سەوز و ڕوخسارێکی سەرنج ڕاکێشی هەبوو.

ڕامسیس لەموسای پرسیی: ئەو کچە ناوی چیە؟

موسا وتی: ئەو کچە ناوی"نفر تاری"ە.

ڕامسیس دوبارە لەموسای پرسی: بۆچی"نفر تاری" ئەوەندە شەرمنە؟

موسا وتی: "نفر تاری"لەخێزانێکی ئاساییە و بەم تازەییانە لەبارەگای"میرئور"خراوەتە سەرکار، بەڵام لەماوەیەکی کورتدا لەتەواوی کچەکانی ئەم بارەگایە لێهاتوتر و خێراتر و ناسکتر کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەر لەبەرئەوەش سەرنجی هەموو کەسێکی دەوروبەری بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و هەر ئەم کارەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێك لەکچە وەجاخزادەکان ئیرەیی پێ ببەن. لەم کاتەدا چەند کچێك بۆ سەرنج ڕاکێشان چواردەوری"موسا" و "ڕامسیس"یان دا و پرسیاری دەنگۆی پێکهێنانی ژیانی هاوسەر لەگەڵ"ئیزت"یان لێکرد، بەڵام ڕامسیس بیر و هۆشی لەلای"نفر تاری"بوو و دواجار دانبەخۆداگری خۆی لەدەست دا و ڕۆشت لەتەنیشتیەوە دانیشت و وتی: هیوادارم نەبوبێتمە مایەی دەردیسەریت... "نفر تاری"شڵەژا، لەوکاتەدا تەنها توانی بەسەر سوڕمانەوە تەماشای نێوچەوانی ڕامسیس بکات.

ڕامسیس وتی: بۆچی بەتەنها دانیشتوی؟

نفر تاری وتی: لەبەرئەوەی ڕۆچومەتە ناو هزری خۆم و لەحاڵی بیکردنەوەدام.

PDF 4 KURD

ڕامسیس وتی: دەتوانم بپرسم لەهزرتاندا بیر لەچی دەکەیتەوە؟

نفر تاری وتی: بیر لەوە دەکەمەوە کە دەستەیەك گوڵ بڕازێنمەوە و بەدرێژایی ساڵ بتوانم لەپەرستگادا گۆشەگیری بۆخۆم هەڵبژێرم.

ڕامسیس وتی: ئەم ژیانە هیچ شتێکی تیدا نیە کە بتورۆژێنێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە ژیانێکی زۆر سەختە.

نفر تاری وتی: من چێژ لە تەنهایی و بێدەنگی وەردەگرم، مەگەر نەیانوتووە بێدەنگی ڕۆح دەپاڵێوێت؟

لەم کاتەدا سەرپەرشتی ئارایشتگەرەکان هات و داوای لێکردن کۆ ببنەوە هەروەها پێش ئەوەی بڕۆنە ژوری وانە خوێندنەوە جلەکانی بەریان بگۆڕن. لەمکاتەدا"نفر تاری"هەستایە سەرپێ و ڕامسیس وتی: دەمویست تکای ئەوەت لێ بکەم کە کارێکم بۆ ئەنجام بدەیت.

نفر تاری وتی: سەرپەرشتیارەکەمان زۆر جدیە دەبێت بمبوریت.

ڕامسیس وتی: دەتوانیت گوتیەکی کورتمان پێی بڵێیت.

نفر تاری وتی: *گوتەی حەق لە بەردی شاراوەی سەوزباوی ژێر زەوی قورسترە، گەر لەدەمی خزمەتکارێکی شێوە بەرداشی وەك منیش بیبیستیت*... نفر تاری دوای ئەم گوتەیەی بۆیەك ساتیش چاوەڕێی نەکرد و ئەو شوێنەی بەجێهێشت.

موسا و ڕامسیس هەفتەیەك لەبارەگای"میر ئور"دا پێکەوە بون. موسا بەهۆی زاڵ بونی بەسەر زمانی"عبری"دا بەرپرسیاریەتیکی زۆریان خستە ئەستۆی و چیتر دوای ئەوە نەیتوانی لەگەڵ"ڕامسیس"دا بمێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەش لەهەر ساتێك کە بۆیان دەرەخسا گفتوگۆی هزریان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد.

ڕامسیس وتی: ئەی موسا تۆ یەکێکیت لەو کەسانەی کە پەی بەهەست و دڵ و دەرونم دەبات، بەو تەڕدەستیەی کە نمایشت کرد زۆر سەرم پێی سوڕما، چونکە دارکەی دەستت گوڕی بە مارێك، ئەوە چ توانایەکە؟

شنار لە پلەی جێنشینی و فەرماندەی جەنگ میوانداریەکی بەرپاکردبوو و هەزار کەسی لە پلەوپایە بەرزەکانی بانگێشتی ئەو میوانداریە کردبوو. ئەو میوانداریە ئاهەنگێك بوو کە ژەنیاران تێیدا چێژی ڕۆحیان بەئامادە بوان دەبەخشی و مەیی

PDF 4 KURD

ناياب و خواردنگەلێكی خۆشیش چێژە جەستەییەكانی پێ دەبەخشین. فیرعەون تەنها چەند ساتێك لەو ئاهەنگەدا ئامادە بوو.

"ڕامسیس و موسا و ستائو"ش بانگێشی ئەم میوانداریە كرابون. ستائو پۆشاكێكی جوان و شكۆمەند كە ڕامسیس پێی بەخشیبوو لەبەردا بوو.

هەرئەوەی بەڕێوبەری كارەكانی شنار چاوی بە ستائو كەوت بەرەو ڕوی ڕۆشت و پێی وت: بۆچی مارت كردبووە ناو گۆزە شیرەكانەوە؟

"ستائو"ش بەدەم پێكەنین و گاڵتەجاڕیەوە لێی پرسی: ترسای؟

بەڕێوبەری كارەكانی"شنار"یش وتی: ئەگەر شنار ئاگاداری ئەم ڕەفتارانەت بێت، ئەگەر مارەكان لەگۆزەكان سەر دەربهێنن، بێگومان بڕیاری لەناوبردنت بۆ دەردەكات.

ستائو وتی: ئاسودە خەیاڵ بە ئەو مارانە گەر ساڵێكیش لەو گۆزەیەدا بن بۆ هیچ شوێنێك ناڕۆن، چونكە بڕێك سیر و ماسی بۆگەنم لەبەردمی دەرگاكەیاندا داناوە، ئەو گیانەوەرە داماوەش مەحاڵە لەدەرگای ئەو گۆزەیە نزیك ببێتەوە...

دوای ئەوە دەستی برد بۆ گیرفانی و مارێكی سوری دەرهێنا. بەڕێوبەری كارەكانی"شنار"یش یەكسەر دور كەوتەوە، ڕامسیس و موسا پێكەنین.

ستائو وتی: خەڵكی زانیاریەكی ئەوتۆیان لەبارەی مارەوە نیە، تەماشای ئەم مارە بكەن هیچ كاتێك زیان بەهیچ مرۆڤێك ناگەیەنێت. دەتوانی پەی بەحەوانەوە و ئاسودە خەیاڵی ببەیت، سەرەڕای ئەوەش چزی نیە، ئەم مارە ژەهراوی نیە و دەتوانم هەرئێستا بەبەرچاوی ئێوەوە بەنجەم بخەمە ناو دەمیەوە.

موسا كە جارێكیان توانای خۆی لەگۆڕینی دار دەستێك بۆ مار پێنیشان دابوو بێئەوەی هیچ گرنگیە بە قسەكانی بدات وتی: مار گیانەوەرێكی بێئازار و بێزیانە، تەنها نابێت پێ بەكلكیاندا بنێین... لەهەمان ئەو كاتەدا چەند كچێكی جوان چواردەوری"موسا"یان دا و بەردەوام وەسفی ئەو و"ڕامسیس"ی برایان دەكرد. ڕامسیس و "موسا"ش كاتێك بینیان ناتوانن بەئامادەبونی ئەم كچانە لەم میوانداریەدا ئاگایان لەخۆیان و چواردەوریان بێت، بۆیە هەلی نێوان دوو سەمایان

PDF 4 KURD

قۆستەوە و خۆیان خزاندە ژێر درەختەکانەوە. لەمکاتەدا ڕامسیس بە موسای وت: گوێت لەگوتەکانی شنار بوو؟

موسا وتی: بەهۆی بەشداری کردنی لەفلان جەنگدا بانگەشەی داگیرکەر و سەرکردەیەکی مەزنی بۆخۆی دەکرد، بەڵام هەموو ئەم قسانە لەخۆویستی و لەخۆباییەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت.

ڕامسیس وتی: ئەی موسا ئەم برایەمان دەیەوێت میسر بکاتە وڵاتێکی ملکەچ و وێرانە. وڵاتی فیرعەونەکان وڵاتێکی ترە. کاتێك ئاسیاییەکان میسریان داگیرکرد کە لاواز و کەسێکی خۆشباوەڕیان لێ دەرچوبو، بەڵام ئێمە دەبێت هەوڵی خۆمان بدەین.

گەرمی ڕامسیس و بوو بەمایەی سەرسوڕمانی موسا و وتی: ئەوەی تۆ ئێستا باست کرد گوتەی سەرکردەیەکە، بۆیە لەگەڵ تۆدا هاوڕام، بەڵام هەموو کارێك ڕێگایەکی تایبەت بەخۆی هەیە.

ڕامسیس وتی: ئەی موسا پاراستنی تەواوی میسر هەروەها بۆئەوەی تەواوی خوداکان لەم وڵاتەدا بمێننەوە، جگە لەجەنگ هیچ ڕێگایەکی ترمان بەدەستەوە نیە.

موسا تەماشایەکی "ڕامسیس"ی کرد و پرسی: بەبۆچوونی تۆ خوداکان بونایەتیەکی دەرەکیان هەیە. شەوی ڕابردوو لەسەر منارەی چاودێرگاکەدا تەماشای "ئیزیس"م دەکرد، چ خودایەکی سەیرە! ئەو مانگە بەخودا بانگ دەکەن!

ڕامسیس وتی: موسا مەبەستی خۆت ڕونتر بکەرەوە، خوداکان، خوداکانن، هەزاران ساڵە میسریەکان لەگەڵ ئەم خودایانەدا دەژین، بەڵام تۆ بوچونێکی جیاوازت هەیە؟

موسا نەیتوانی وەڵامی ڕامسیس بداتەوە، چونکە کچانی ئەو میوانداریە بەشێوەیەك چواردەوریان دابوون و پرسیاریان لەبارەی ئاینده و هەندێك بابەتی تایبەت لێ کردن کە بوو بەهۆی ئەوەی بابەتی گفتوگۆکەیان بگۆڕن.

PDF 4 KURD

لەوکاتەدا"ئیزت"لە ڕامسیس نزیك بویەوە و وتی: شنارى برات منی ڕاگرتبوو و پێشنیاری پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لێکردبوم و وتی: دەبیتە هاوسەری ئایندەی میسر، ئایا بەڕاستی ئەو دەبێتە فیرعەونی ئایندەی میسر؟

ڕامسیس زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: ئەوە بۆمن وەك مژدەیەك وایە، تۆ دەبیتە شاژنی میسر و منیش دەبمە خزمەتکارت.

ئیزت بەم گوتانەی دڵگران بوو و وتی: ڕامسیس گوێم لێ بگرە، من تۆم لەبەرخۆت دەوێت، ئیتر فیرعەون بیت یان کارێکی ئاساییت لە کۆشکی فەرمانڕەواییدا پێ بسپێرن، هیوادارم لەگوتەکانم تێکەشتبی.

ڕامسیس وتی: تۆش دەبێت تێبگەیت لەوەی چی بەهزرمدا تێدەپەڕێت.

ئیزت وتی: خۆزگە دەمزانی بیر لەچی دەکەیتەوە؟

ڕامسیس وتی: پێش ئەوەی ببمە هاوسەر و باوکی منداڵەکانت، دەبێت وێنەیەکی ڕونی میسر کە لەئێستادا بەدوای ئەو وێنەیەدا دەگەڕێم لەهزرمدا بکێشم و کێشانی ئەم وێنەیەش کاتێکی زۆری دەوێت، بەچاوی خۆت دەبینی کە لەناو خێزانەکەمدا ڕکابەرم هەیە و بێئەوەی شایستەی ئەو پلەوپایە بێت خۆی بە فیرعەونی ئایندەی میسر لەقەڵەم دەدات، بۆیە لەئێستادا دەبێت هزر و هۆشم تەرخانی ئەم ڕکابەریە خێزانیە بکەم بۆئەوەی نۆرەی قۆناخی ئایندە بەواتا پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و ئەم جۆرە بابەتانە بێت، بۆیە دڵنیابە لەئێستادا هزرم هەژگێك[13] بەکلکی ئامانجەکەیەوە نابەستێت.

لەو شەوە عەتراو و بۆندارەدا بێدەنگیەکی قوڵ باڵی بەسەر"ڕامسیس و موسا و ئیزت"دا کێشا، دەنگی ژەنینی ژەنیار و گۆرانی بێژەکانی ناو کۆشك زۆر بەباشی دەبیسترا، بێدەنگی باخ بە هاوارێکی دڵڕوشێن هەژێنرا و ڕامسیس بەپەلە خۆی گەیاندە ناو کۆشك و تێگشەت کە ئەو هاوارە لەچێتخانەدا بووە و بینی بەڕێوبەری کارەکانی شنار بەمقاشێك دەدات لەپیاوێکی بەتەمەن. ڕامسیس یەکسەر بەرەو ڕوی کاربەدەستەکەی شنار ڕۆشت و دەستی گرت و مقاشەکەی لێسەند و لێی پرسی: چی ڕویداوە.

---

[13] هەژگ: بەلقە دارێك دەوترێت کەچڵ و پۆپێکی زۆری پێوە بێت... وەرگێر.

PDF 4 KURD

کاربەدەستەکەی"شنار"یش وتی: ئەم پیاوە هەڵهات و ویستی لەنێو خزمەتکارەکاندا خۆی بشارێتەوە.

موساش لەمکاتەدا خۆی لەم بابەتەدا هەڵقورتاند و وتی: خەریک بوو ئەو پیاوەت دەکوشت چ کارێکی ناشایستی کردووە تا بەوشێوەیە سزای بدەیت؟

ئەو پیاوەش وتی: ئەم پیاوە یەکێکە لەدیلەکانی"حیتا"، بەکورتیەکەی دیلە!

موسا لەوکاتەدا شڵەژا و لێی پرسی: ئایا تۆ بەو شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ هەموو دیلێکدا دەکەیت؟

کاربەدەستەکەی"شنار"یش وتی: تەنها لەگەڵ دیلەکانی"حیتا"دا بەوشێوەیە ڕەفتار دەکەم!

رامس لەوکاتەدا ئۆقرەی لێبڕا و قژی کاربەدەستەکەی شناری گرت و توند سەری کێشا بەزەویدا و وتی: ئەم پیاوە شایستەی ئەوە نیە لە بارەگای کۆشکی فەرمانڕەواییدا کار بکات، ئەو دیلانەی کە لەمیسردا کار دەکەن دژمن نین.....

لەم کاتەدا"شنار"ی براگەورەی ڕامسیس گەشتە ئەوێ و وتی: قسەی زل زل دەکەیت!

موسا وتی: شایەتی ئەوە دەدەم کە بەڕێوبەری کارەکانت ڕەفتارێکی نەشیاوی لەبەرامبەر ئەم پیاوەدا نواندووە!

ڕامسیس بە موسای وت: ئەم کاربەدەستە ببە و بیسپێرە بە"ستائو"بۆئەوەی سبەی دادگایی بکەین.... "شنار"یش ناچار دەبێت خۆی بدات بەدەستەوە چونکە لەو شوێنەدا بەپێی پێویست گەواهیدەر هەبووە، دوای ئەوە بە"ڕامسیس"ی وت: پێش ئەوەی پەنا بۆ ئەم کارە ببەیت دەبوو داوای هاوکاریت لەمن -کەلەئاییندەدا دەبمە فیرعەونی میسر-بکردایە. تۆ دەبوو ئەم ڕێزەت لەبەرچاو بگرتایە، سبەی کاتێك بوم بە فیرعەونی میسر پەی بەم گوتەیەی من دەبەیت.

ڕامسیس وتی: جارێکی هێشتا سبەی نەهاتووە... . دوای ئەم قسەیەی لەگەڵ موسادا لەو شوێنە دور کەوتنەوە.

موسا بە"ڕامسیس"ی وت: شنار کەسێکی بەهێز و هەڕەشەئامێزە، دەبێت ئاگات لەخۆت بێت.

PDF 4 KURD

ڕامسیس وتی: بگرە بەئەندازەی گەردێکیش لێی ناترسم... بەهەرحاڵ بگەڕێینەوەی سەر بابەتەکەی خۆمان، دەتویست لەبارەی خودایانەوە باسی چی بکەیت؟

موسا وتی: لەڕاستیدا خۆشم نازانم، بیرکەلێکی سەیر بەهزرمدا تێدەپەڕێت، ئەم جۆرە بیرۆکانە ڕۆح و جەستەم ئازار دەدەن. تا پەی بەنهێنیەکانیان نەبەم ناتوانم هێور ببمەوە، بەڕاستی خەریکە دەمسوتێنێت.

ڕامسیس بەهۆی ئەوەی موسای برای لەبارەگای"میر ئور"وە بۆ کارێکی تایبەت بانگ کردبوو زۆر دڵگران و تورە بوو. موسا لەماوەی نیشتەجێ بونی لەبارەگای"میر ئور"دا هیچ هەڵەیەکی لێ نەوەشاوەتەوە، تەواوی کارمەندان و کانزاگەران و سەربازان بگرە ئەو دیلانەش کە بێگاریان پێدەکەن لەشێوەی بەڕێوەبردنی کارگێڕی"میر ئور"خۆشحاڵ و ڕازی بون. موسا لەلای ئەم جۆرە کەسانەدا زۆر خۆشەویست بوو و ئەم خۆشەویستیەش خەڵکی ناشایستی ئازار دەدا و دەبووە هۆی ئەوەی ئیرەیی پێ ببەن، بەڵام بوختان و لەپشت ملەوە قسەکردن هەر بەردەوام بوو.

ڕامسیس بە"ئامنی"هاوپۆلی قوتابخانەی وت: بەهیچ شێوەیەك نیگەرانی موسا نیم، چونکە ئەزمون و تاقیکردنەوەکان لەباتی ئەوەی بێزار و لاوازی بکەن لێهاتوو تر و بەهێزتری کردووە. موسا زۆر خۆڕاگرە، بەڵام بۆچی دوبارە بانگێشتی کۆشکیان کردووە، ئەم کارە نیگەرانی کردوم... . ڕامسیس بەچواردەوری کۆشکدا بەنیگەرانی و دڵەڕاوکێوە پیاسەی دەکرد، تا سەرئەنجام نزیکی نیوەڕۆ موسا لەکۆشك، لەهەمان ئەو شوێنەی بانگێشتیان کردبوو هاتە دەرەوە و ڕامسیس بەرەو ڕوی ڕۆشت و لێی پرسی: چی ڕویداوە؟

"موسا"ش وتی: بەرپرسیاریەتی کاروباری دروست کردنی تەلار و کۆشکی فەرمانڕەواییان پێ سپاردووم.

ڕامسیس وتی: چیتر هیچ کارێکت لە بارەگای"میر ئور"دا نەماوە؟

PDF 4 KURD

موسا وتی: دەبێت لەکاروباری دروست کردنی کۆشك و پەرستگاکاندا بەشداری بکەم و بڕۆم بۆ شار بۆئەوەی چاودێری و پشکنینی ئەوکارانە بکەم کە وەستاکان ئەنجامیان داوە.

ڕامسیس وتی: ئایا تۆش ئەم پێشنیارەت پەسەند کرد؟

موسا وتی: هیچ کاتێك هیچ بەرپرسیاریەتیەك ڕەت ناکەمەوە و پەسەندی دەکەم.

ڕامسیس وتی: ئەمشەو من و تۆ و ئامنی و ستائو لەشوێنێکدا کۆ دەبینەوە.

دو فیرعەون زادە"ڕامسیس و موسا"لەگەڵ هاوڕێیانی قوتابخانەی"کەپ"شەوێکی خۆشیان لەگەڵ سەماکەرانی لێهاتوو بەجل و پۆشاکی تایبەتیان و خزمەتکارەکانیش بەجۆرەها خۆراك کە وەك ئاهەنگێکی تایبەت وابوو تێپەڕاند. ستائو لەسەر سەکۆ بەمارەکانی دەستی بەنمایش کرد و کچە جوانەکانی بەڕادەیەك ترساند کە قیژەیان لێ بەرز بویەوە.

موسا پێش ئەوانی تر هەستا و وتی: دەبێت یەکەمین کەس لەکارگای بیناسازیەکاندا ئامادە بم بۆئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەوانەدا پەیدا بکەم کە لەوێدا کار دەکەن، لەبەرئەوە پێویست بەوە دەکات ئەمشەو باش بخەوم.

ڕامسیس وتی: هەر ئەوەی هەلێکم بۆ ڕەخسا سەردانت دەکەم.

شازادەکانی میسر بەشێوەیەکی ئاسایی مەشقی مەلەکردن بەبەشێکی جیانەکراوەی فێرکاریەکانیان لەقەڵەم دەدا. لەسەرەتای دەستپێکردنی شارستانی میسر هەموو شارەکان چ بچوك و گرنگ نەبن یان گەورە و گرنگ بن لەکەنار ڕوباری"نیل"دا دروست دەکران، بۆئەوەی ڕوباری نیل تینویان بشکێنێت و سود لەتایبەتمەندیەکانی وەرگرن. شازادەکان لەبەر دوو هۆکار خۆیان فێری هونەری مەلەکردن دەکرد، یەکەم لەترسی لافاو و هەڵچونی ڕوباری نیل و لەکاتێکی دیاری نەکراو و چاوەڕوان نەکراودا نوقم بون، دووەم لەبەرئەوەی لەڕوباری نیلدا خۆیان بشۆرن و لەوەرزی هاویندا خۆیانی تێدا فێنك بکەنەوە. لەڕۆژدا کەم کەسانێك دەیانوێرا پێ بنێنە ڕوباری نیلەوە، چونکە پەلاماری تیمساحەکان بۆ ئەوانەی مەلە دەکەن بەگەورەترین هەڕەشە لەقەڵەم دەدرا، بەڵام دوای خۆر ئاوا بون هەرئەوەی ئاو و هەوا تاریك بوو تیمساحەکان لەڕوبارەکە دێنە دەرەوە بۆئەوەی لەقەراخ ڕوباردا

PDF 4 KURD

بحەوێنـــەوە، مەلەوانـــەكان بەئاســـودەیی خۆیـــان هەڵدەدەنـــە نـــاو ڕوبـــاری بـــێ تیمساحەوە. لەشەوەكاندا بەتایبەت كاتێك بڕیار بوو وەجاخزادە و شازادەكان لەناو ئاوی ڕوباری نیلدا مەلە بكەن، كەشتی فەرمانڕەوایی بارەگای فەرماڕەوایانی كۆشكیان دەبردە شوێنێكی ئەو ڕوبارە كە پانتاییەكی زیاتری لەخۆ دەگرت و لەوشوێنەدا جلەكانی بەریان دادەكەند و خۆیان هەڵدەدایە ناو ڕوبارەكەوە. موسا١٤شەوێكیان لەگەڵ خوشك و برا و وەجاخزادە فیرعەونیەكانی تردا كاتێك لەناو ڕوباری نیلدا خەریكی مەلە كردن بون بینی كچێكی جوان كە ناوی"نیفرو ئیزیس" بەئەنقەست خۆی لێ نزیك دەكاتەوە، موسا دەیزانی كچان لەتەمەنی چواردەساڵیدا دەگوازرێنەوەی بۆ ماڵی هاوسەرەكەیان، بگرە هەندێك لەتەمەن سیانزە ساڵەكانیش بەهۆی گەشەی خێرا و ئاو هەواوە خوازبێنیان هەبوو، "نفیرو ئیزیس"یش هەمان ئەو تەمەنەی هەبوو كە باسمان كرد بەچواردەوری موسادا دەسوڕایەوە و لەتەنیشت كچێكەوە دەستی كرد بەقسە كردن و پەیوەست بونی خۆیان بۆ یەكتری دەربڕی، "موسا"ش سەرەڕای ئەوەی لەكۆشكی فەرمانڕەواییدا دەژیا بەپێچەوانەی زۆربەی ئەوانەی لەكۆشكی فەرمانڕواییدا نیشتەجێبون زۆر شەرمن بوو و زۆر بەكەمی مامەڵەی لەگەڵ كچاندا دەكرد، بەڵام ئەو شەوە ڕەفتار و جوانی و بێشەرمی ئەو كچە بووە هۆی ئەوەی موسا بەسەر شەرمنی خۆیدا زاڵ بێت و لەكەنار ڕوباردا ئەحواڵپرسی لێ بكات. ئەو دوانە بۆماوەیەك پەیوەندیان لەگەڵ یەكتردا هەبوو تا گەشتە ڕادەیەك موسا بڕیاری دا بە"نیفرو ئیزیس"بڵێت دەمەوێت بیمە خوازبێنیت، بەڵام زۆر بەزویی بۆی دەركەوت كە"نیفرو ئیزیس"دەستگیرانی یەكێك لەدەستەڵاتدارانی میسرە و زۆر زوو موسای بەتەنها جێهێشت، موسا بەم ڕوداوە خەمگین بوو و ئەم دڵگرانیەی گەشتە ڕادەیەك كە بۆماوەیەكی زۆر لەگۆشەیەكی باخی كۆشكی فەرمانڕەوایی هەمان ئەو شوێنەی

---

[14] موسا كە لەم بڕگەیەدا باسی دەكەم ئەوەمان لەبیر نەچێت تەواوی ئەم ڕوداوانە لەزمانی"موتیە"ئەو كچەی لەڕوباری نیلدا لەناو سەبەتەیەكدا بەهەمان شێوەی سینۆهە لەڕوباری نیل گرتویانەتەوە، دوای ئەوە دەگوازرێتەوە بۆ كۆشكی فەرمانڕەوایی دەگێڕدرێتەوە، ئەو كاتانەی واژەی"من"لەگێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتانەدا دەكەوێتە بەرچاوتان لەباتی"موتیە"بەكار هێنراوە، كە هەندێجار لەوانەیە بەهۆی گێڕانەوەی ڕەوتی ڕوداوەكان ناوی كەمێك كاڵ بوبێتەوە بۆیە لەباتی ناوەكەی"من"مان بەكارهێناوە.

PDF 4 KURD

قسەی لەگەڵ"نیفرو ئیزیس"دا کردبوو دادەنیشت و ئەو ڕۆژانەی دەهێنایەوە یاد خۆی. موسا بەڕادەیەك گۆشەگیر بوو کە"ئامون تپ"کاهینی مەزنیش ئاگاداری باری دەروونی فیرعەون بوو. لەوشەوەی کە لەسەر ترۆپکی منارەی چاودێری ئەستێرەکانی ئاسماندا دەربارەی هەندێك بابەتی جۆراوجۆر گفتوگۆیان لەگەڵ یەکدا کردبوو، کاهینی مەزنی فیرعەون بەواتا"ئامون تپ"بەشێوەیەکی تر تەماشای موسای دەکرد و ئەوی بەکەسێکی شایستە و بەتوانا و جێی متمانە بینی. سەرەڕای ئەوەی"ئامون تپ" ناوی"ئامون"بوو و بەپێی گوتەکانی خۆی دایك و باوکی ئەم ناوەیان لێنابوو، بەلاّم ئەو"ئاتون"پەرستی دوو بریسکە بوو١٥. "ئامون تپ" باسی"ئاتون"ی بۆ موسا کردبوو کە میسر بەهۆی دەرکەوتنی ئەو و لەناوبردنی"ئامون"سوتێنرا، بەلاّم لەدواییدا لەبەرئەوەی خەڵکی خۆشیان لەم خودا ساختەیەش نەهاتبوو لەناوبرا و بۆ جارێکی تر"ئامون تپ" لەبارەی ئەو خوداوە هزری موسا پڕ دەکات.

ئامون تپ بەمشێوەیە بۆی ڕوندەکاتەوە: ئەی موسا ئاگات لەخۆت بێت"ئاتون"خودایەکی نەبینراوە، هیچ کەسێك ناتوانێت چاوی پێی بکەوێت و گوێش ناتوانێت گوتەکانی ببیستێت. "ئاتون"هێمای هەیە و هێمای ئەو خودایەش خۆرە، هەر لەبەرئەوەش لەڕابردوودا خۆریان بە"ئاتون"بانگ دەکرد، بەلاّم دەبێت ئاگاداری ئەوەش بیت کە خودا لەگەڵ"ئاتون"دا جیاوازە. بۆ چەندین هەزار ساڵ هەمان ئەم"ئاتون"ە بەکاریگەریەکەوە تەماشای میسری دەکرد و دڵگرانی خەڵکی میسر بوو کە بۆچی خەڵکی میسر دەبێت خودا بچوکەکان بپەرستن! هەروەها بۆچی"ئامون"ی خودای درۆینە بەوشێوەیە دەپەرستن و قوچەکیەکانیان بۆ ئەم جۆرە خودایانە دروست کرد؟! فیرعەونەکان لەباتی پەرستنی خودای نەبینراو بەواتا"ئاتون"دوای"ئامون"کەوتن!

---

[15] خوێنەرانی بەڕێز بەدڵنیاییەوە ئەوەیان لەبیرە کە هەم ئامون و هەم ئاتون بگرە سەدان خودای جیاواز، کاهینەکانی بۆچەند مەبەستێکی تایبەتی خۆیان دروستیان کردووە و مراندونیان. "ئاتون"یش "نفر تی تی" و "ئامی"کاهینی مەزنی پەرستگای"ئامون" بۆ میسریەکان دروستیان کردووە.

PDF 4 KURD

دوای ئەوە کاهینی مەزن بەم شێوەیە بەردەوامی دا بەقسەکانی: تۆ کە"موسا"یت دەبێت ئەوەت لەبیر بێت"ئاتون"ی خودای نەبینراو کوڕێکی هەیە بەناوی"شای" کە بەواتای چارەنوس دێت. کوڕی"ئاتون" جیاوازە لەهەموو کوڕەکانی تر، هەر بەوشێوەی خودای"ئاتون"نەبینراوە کوڕەکەی"شای"-چارەنوس-یش بەهەمان شێوەی ئەو نەبینراوە. لەسەردەمی "ئامون هوتپ"ی چوارەمدا"ئاتون"ئاگاداری ئەوە بوو کە"ئامون هوتپ"پادشایەکە ئامادەکاری ئەوەی تێدایە باوەڕی پێ بهێنێت و بیپەرستێت، لەبەرئەوەش فەرمانی بە"شای"کوڕی دا ئاوێتەی جەستەی فیرعەونی میسر ببێت و"ئاتون"ی خودای تاك و تەنها بەو بناسێنێت. فیرعەونی میسریش بەئاوێتە بونی ڕۆحی کوڕی خودا لەجەستەیدا توانی خۆی بناسێتەوە و ئایینی"ئاتون"پەرستی بڵاو بکاتەوە، دوای ئەوەی ناوی خۆی نا"ئاخن ئاتون" بەواتا-خۆشەویستی ئاتون- کە بە"ئەخناتون"بانگ دەکرا. ئەو ڕوداوە خوێنینەی لەسەردەمی"ئەخناتون"دا ڕویدا و دوای ئەوە بەهەرشێوەیەك بوو کۆچی دوایی کرد. کاهینەکانی"ئامون"بەکۆچی دوایی"ئەخناتون"ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسا چونکە ئەوانیان لەپەرستگاکان دەرکردبوو، دوبارە گەڕانەوە سەر تەختی دەستەڵاتیان و دوبارە کیسەکانیان پڕ لەزێڕ و زیو کردەوە.

کاهینی مەزن باسی ئەوەی بۆ موسا کرد کە لایەنگرانی خودای"ئاتون"چینی کەسانی ئاسایی و هەژار نەبوون، هەروەها ناتوانن ئەوە بهێننە بەرچاو خۆیان کە خودایەك بونی هەیە کە جەستەی نەبێت!دوای ئەوە ئامون پەرستەکان کەوتنە گیانی"ئاتون"پەرستەکانەوە و جەنگێکی ناوخۆی بێوێنە لەمیسردا دەستی پێکرد. تەواوی کاهینانی"ئاتون"پەرست دەستیان گرت بەسەر سەروەت و سامانی"ئاتون"پەرەستەکاندا، چیتر هیچ کەسێك نەیدەوێرا ناوی"ئاتون"بهێنێتە زمان.

موسا وتی: ئێستا تۆ مەبەستت لەگێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە چی بوو.

کاهینی مەزن وتی: دەمەوێت دوای کۆچی دوایی"ست هوس"ی فیرعەون ئێستا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی"ڕامسیس"ی کوڕی کە دەزانم دەبێتە جێ نشینی باوکی

PDF 4 KURD

و لەئێستاشدا بەناونیشانی جێگری سەرۆکی حکومەت دەستەڵاتێکی فراوانی هەیە، "ئاتون"ی خودای نەبینراو زیندوو بکەینەوە و هیواداریشم تۆ بەردەوامی پێبدەیت.

شەش مانگێك لەتەمەنی سیانزە ساڵی موسا تێدەپەڕێت و چیتر دەبێت لەشوێنەکەی خۆی بگوازێتەوە، چونکە لەو شوێنەی کە نیشتەجێ بوو شوێنی تایبەتی هەرزەکاران بوو و موسا لەم تەمەنی لاویەتیەیدا بەکەسێکی باڵغ لەقەڵەم دەدرا. لەهەمان ئەوکاتەدا خوێندنیشی تەواو کرد، چیتر ناچار نەبوو هەموو ڕۆژێك ژیانی لەلای مامۆستاکانیدا تێپەڕێنێت، چیتر دوای ئەوە مەشق و خوێندن بەئارەزوی خۆی بوو ئەنجامی بدات یان نە، ئەو لەبارەگای پیاوبوندا گەشتبووە قۆناخی باڵغ بون. یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی باڵغ بون سنوردار نەکردنی کاتی دەرچون و گەڕانەوەی بوو بۆ کۆشکی فەرمانڕەوایی، بەواتا کۆشکی فیرعەون، هەروەها ڕێی پێدەدرا چەك هەڵگرێت، سود وەرگرتن لە خەنجەر، شمشێر، تیروکەوان، قەڵخان و نێزە بۆ موسا چیتر قەدەغە نەبوو. والاترین تایبەتمەندیش لەپەنجەکردنی ئەنگوستیلەی فەرمانڕەوایی بوو کە لەدەستی فیرعەون و جێنشینەکەیدا-ئیتر هەرکەسێك بێت-بەدی دەکرا. هەرکەسێك ئەنگوستیلەی فەرمانڕەوایی لەپەنجەدا بوایە هەڵگری هێزی فەرمانڕەوایی بوو: ئەو ئەنگوستیلەیە، ئەنگوستیلەیەك بوو کە وشەی"هو"ی لەسەر هەڵکۆڵرابوو.

موسا بەپێی غەریزەی گەنجیەتی بەسەرتاپا چەکەوە ڕۆشت بۆ لای دایکی "ئنخاس ئامون" لەشوێنە تایبەتەکەیدا کاتی خۆی بەسەر دەبرد و موسا بۆ ماڵئاوایی دەبێت بەسەرتاپا چەکەوە بەنێو کۆشکدا تێپەڕێت، ئەوانەی دەیانبینی وایان دەزانی موسا بۆ جەنگ دەڕوات! هەر ئەوکاتەی موسا خۆی کرد بەژورەکەی دایکیدا"ئنخاس ئامون"ی بەدەم گریانەوە بینی.

موسا لێی پرسی: دایکە بۆ دەگریت؟

ئنخاس ئامون وتی: ئەمە گریانی خۆشحاڵیە، دەبینم بویت بە لاوێکی شایستە، هەمیشە ئارەزوی ئەوەم دەکرد کوڕێکی وەك تۆم هەبێت، ئێستاش بەو ئاواتەی

PDF 4 KURD

خۆم گەشتوم، هەر لەبەرئەوەش خۆشحاڵم. تۆ ئێستا كوڕێكی تەواوی، بەڵام شتێكت كەمە.

موسا پرسی: دایە گیان لەدیدی تۆوە چ كەم و كورتیەكم هەیە.

دایكی وتی: كەموكورتیت ئەوەیە كە خاوەنی ئەنگوستیلەیەك نیت كە وشەی"هو"ی لەسەر هەڵكۆڵرابێت!

موسا وتی: تۆ خۆت باش دەزانی كە دوو كەس لەسەرتاپای میسردا دەتوانێت ئەو ئەنگوستیلەیە لەپەنجەیان بكەن كە ناوی"هو"ی لەسەر هەڵكۆڵرابێت، یەكێكیان فیرعەون و ئەویتریان جێ نشینەكەیەتی كە هەردوكیان تەندروست و لەسەر تەختی فەرمانڕەواییدا دانیشتووە و ئەنگوستیلەیەك كە ناوی"هو"ی لەسەر هەڵكۆڕاوە لەپەنجە كردوە.

ئنخاس ئامون وتی: جێ نشینەكەی تری فیرعەون كێیە؟

موسا وتی: فیرعەون نزیكەی چەند سەد كوڕێكی هەیە.

ئنخاس ئامون وتی: بەڵام تۆ لەسەروی هەموو كوڕەكانی تری فیرعەونی، تۆ شایستەی ئەوەی ئەو ئەنگوستیلەیە لەپەنجەت بكەیت!

موسا وتی: بەڵام..... دوای ئەوە گوتەكەی تەواو نەكرد.

ئنخاس ئامون وتی: بەڵام چی، بۆچی گوتەكەت تەواو نەكرد؟

موسا وتی: بەڵام تائێستا دیار نیە ئایا من كوڕی فیرعەونم یان نە، چونكە گومانم لەوە هەیە كە كوڕی فیرعەون بم.

ئنخاس ئامون وتی: بۆچی دڵنیا نیت، ئایا هیچ كەسێك باسی ئەم بابەتەی بۆ كردویت.....

موسا وەڵامی نەخێری دایەوە، لەدواییدا ئەمەی بۆ زیاد كرد: بەڵام خەڵكی لەنێو خۆیاندا وەك دەنگۆیەك بۆ یەكتری باس دەكەن، بەهەرحاڵ ئەمانیش لەكەسانی تریان بیستووە.

ئنخاس ئامون لەسەر تەختە خەوەكەی ڕاكشا و وتی: ئەوەی من ئاگام لێی بێت تۆ كوڕێكی ژیر و ڕاستبینی و لەبەردەم بارەگای پیاو بونتدا ڕاوەستاویت، لەوە

PDF 4 KURD

زیاتر نامەوێت لەحاڵی گومان و دوودڵیدا بتهێڵمەوە، ڕاستە ئەوەی بیستوتە ڕاستە، فیرعەون باوکی تۆ نیە.

موسا وتی: ئەگەر فیرعەون باوکم نەبێت، کێ باوکمە؟

ئنخاس ئامون وتی: لەئێستادا ناتوانم ئەم نهێنیەت بۆ ئاشکرا بکەم، بەڵام لەکاتی خۆیدا خۆم پێت دەڵێم کە باوکت کێیە.

موسا وتی: بەڵێنم پێ دەدەیت ئەم نهێنیەم پێ بڵێیت؟

ئنخاس ئامون وتی: بەڵێن بەکوڕەکەم دەدەم لەکاتی خۆیدا ئەم نهێنیەی بۆ ئاشکرا بکەم... لەمکاتەدا موسا ئەژنۆی چەماوەی لەئامێزگرت و ڕۆچووە هزری خۆیەوە.

ئنخاس ئامون لێی پرسی: بۆچی خەمگین و ڕۆچویتەتە هزری خۆتەوە؟

موسا وتی: بەهەرحاڵ ئێستا من کوڕی فیرعەون نیم، مانەوەشم لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا هیچ واتایەکی نیە، بۆیە باشتر وایە کۆشك بەجێ بهێڵم و بڕۆم بۆ شوێنێکی تر، لەبەرئەوەی شازادە و فیرعەون زادە نیم تا وەك ئەوانی تر لەکۆشکدا بژیم.

ئنخاس ئامون وتی: ئەوە ڕاستە کە پێم وتی تۆ کوڕی فیرعەون نیت، بەڵام خۆ کوڕی منیت و منیش خودایەکم، هەرلەبەرئەوە تۆش بەشازادە لەقەڵەم دەدرێیت، ئیتر چ بتەوێت یان نەتەوێت لەئێستادا بەیەکێك لەدۆڵەمەندەکانی میسر لەقەڵەم دەدرێیت، لەبەرئەوەی هەموو سەروەت و سامان و داراییەکم هی تۆیە، ئەگەر بزانی چەنێك کێڵگە و چەند سەر گا و چەنێك زێڕ و زیوم هەیە، چەند کەشتیم هەیە، ئەوکات دەزانی کە خاوەنی چ سەروەت و سامانێکیت. ئنخاس ئامون سەری موسای نەوازش کرد لەبەرئەوەی لەوکاتەدا موسا دەگریا!

ئنخاس ئامون وتی: بۆچی دەگریت؟

موسا وتی: لەبەرئەوەی دەبینم دایکم دڵگرانە.

ئنخاس ئامون وتی: دڵگران نیم، بەڵکو ماندوم و پێویست بە کەمێك حەوانەوە و بیرکردنەوەیە، تۆش ئازادی بڕۆ بۆ هەرشوێنێك کە خۆت حەزی پێ دەکەیت، ئایا تا ئێستا خەڵکی کوچە و بازاڕەکانت بینیوە.

PDF 4 KURD

موسا وتی: لەبەرئەوەی نەیانهێڵاوە گفتوگۆ و مامەڵە لەگەڵ خەڵکانی ئاساییدا بکەم زۆر حەز دەکەم بڕۆمە ناو خەڵکی و بەوردی گوێ لەگفتوگۆکانیان بگرم...

دوای ئەوە کاتێك بینی دایکی ڕاکشاوە بۆئەوەی کەمێك بحەوێتەوە، بەتەنهایی لەکۆشك ڕۆشتە دەرەوە و بەمەبەستی پیاسەکرد ڕێگای شاری گرتە بەر.

لەکەنار ڕوباری نیلدا لەنگەرگایەکیان دروست کردبوو ئەم لەنگەرگایە کاری هاتوچۆی کەشتیەکانی ئاسانتر دەکرد، لەکەنار ئەم لەنگەرگایەشدا بازاڕێکی مەزن و قەرەباڵغ کە جۆرەها شتومەکی تێدا بەدی دەکرا هەبوو. لە لەنگەرگادا نەتەوە هێماکەلێکی بەرجەستە دەبینرا و بەهاوسەنگی ئەم کەرەستە جۆراوجۆرانەش بەلێشاو بۆ کڕین و فرۆشتن ئاڵوگۆڕیان پێدەکرا: لەخواردن و میوەکانی وڵاتەوە بگرە تا پارچەی کەتان، کاسەی زیوی، سدر، بیبەر، دارچین، و دەرمانگەلێکی تری جۆراوجۆر، خواردەمەنی، میوەی ڕەنگاوڕەنگ، ماسی دوکەڵی١٦، خواردنی وشکە، خورمای وشك، بگرە گیانەوەرگەلێکی وەك شێر و پڵنگ و یوزپڵنگیش لەو بازاڕەدا ئاڵوگۆڕی پێدەکرا. موسا بۆ تەماشا کردن هاتبوو بۆ ئەو بازاڕە و مەبەستی کڕینی هیچ کاڵایەکی نەبوو، لەبەرئەوەش لەبازاڕی کۆیلە فرۆشی دەرچوو بۆئەوەی سەردانی شوێنەکانی تر بکات.

زۆرێك لەو شتانە بەلای موساوە سەرنج ڕاکێش بوو، لەو ڕۆژەدا موسا بۆ یەکەمین جار وێنەیەکی ڕونی خەڵکی میسری لەهزری خۆیدا کێشا. خەڵکی نەخۆش و پەك کەوتە، شڕپۆش و سەرگەردان، بەتایبەت منداڵەکان. موسا بەدەم پیاسەوە سەردانی بازاڕی میوە فرۆشەکانی کرد و چاوی بەدوو جۆر میوە کەوت کە دایکی زۆر حەزی لێی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی قورس بوو و نەیدەتوانی بەتەنهایی هەڵیگرێت باربەرێکی بۆ هەڵگرتن بەکرێ گرت. باربەرەکان شتومەکەکانی موسایان تا بەردەم دەرگا بۆ هەڵگرت و بۆیان بردە ژوریشەوە. ئنخاس ئامون لەوەرگرتنی میوە و ئەو گوڵانەی بەدیاری پێی دابوو لەخۆشیاندا سەرتاپا موسای کوڕی نەدەناسیەوە. ئنخاس ئامون کەمخۆر بوو، بەڵام ئەو ڕۆژە بۆ

---

[16] جۆرێك ماسیە کە بەبنمیچی ژورێکدا هەڵیدەواسن و ئاگری تێدا دەکەنەوە و تەنها بەهەڵم و دوکەڵی ئەو ئاگرە ماسیەکە دەبرژێت... وەرگێر.

PDF 4 KURD

خۆشحاڵکردنی کوڕەکەی فەرمانی دا یەکێك لە خربزەکانیان بۆ لەت بکەن، دوای ئەوە بەئارامی بۆ هاندان و پێزانینی موسا لەو خربزەیەی چەشت و بۆی دەرکەوت زۆر شیرینە و زۆریش ئەو خربزەیەی لا پەسەند بوو.

***

ڕامسیس بە بینینی موسای برای لەکارگای بیناسازیەکی مەزندا کە بۆ چاودێری کردنی کاروباری ئەو کارگایە دامەزرابوو، هاوارێکی کرد موسا! موسا! و موساش دەستی لەچاودێری کردنی گروپی بەردتاشەکان هەڵگرت و ڕۆشت بۆئەوەی پێشوازی لە ڕامسیس بکات و پێی وت: سڵاو لە"ڕامسیس"ی خۆشەویست...

ئەویش لەوڵامدا وتی: سڵاو لەموسا.

ڕامسیس وتی: دەبینم بەسەختی سەرگەرمی کارەکەی خۆتی و زۆریش بەسەریدا زاڵی ، پیرۆز باییت لێ دەکەم.

"موسا"ش وتی: منیش پیرۆزبایت لێ دەکەم.

ڕامسیس خۆی بەبێئاگا نیشان دا و وتی: پیرۆزبایی چیم لێ دەکەیت.

لەوکاتەدا موسا"ڕامسیس"ی لەئامێز گرت و وتی: ئێستا پێت دەڵێم، دوای ئەوە وەك بەڕێوبەرێك ڕۆشتە دواوە و سەری ڕێزی بۆ دانەواند و وتی: سڵاو لەجێگیری فەرمانڕەوای حکومەت!

ڕامسیس قاقا پێکەنی و لێی پرسی: سەرقاڵی چ کارێکیت؟

موسا وتی: دروست کردنی خشت و تاشینی بەرد، ئەو کارانەی لەکەنارەکانی خۆرئاوادا فێری بوم. ئێمە دەبێت تەلارێکی ستوندار و فراوان کە هەموو سەر ستونێك لەشێوەی گوڵی"پاپیرۆس"دروست بکەین. بۆئەم کارەش پێویستم بەچەند بەرد تاشێکی لێهاتوو و شارەزایە بۆئەوەی دەستکەوتەکانی میسر بەسەر بەردەکانەوە هەڵکۆڵن.

ڕامسیس وتی: وابزانم بەم کارەوە زۆر پەیوەست بوبێتی.

موسا وتی: دروست کردنی پەرستگایەك وەك دروست کردنی کاسەیەکی زێڕین وایە، دەتوانی تەواوی شتە سەیرەکانی تێدا بکێشیت، بەڕاستی ئاشقی هونەری تەلارسازیم، چونکە خۆم لە بواری تەلار سازیدا دۆزیوەتەوە... دوای ئەوە وتی:

PDF 4 KURD

وەرە با ئاشنای بەش بەشی ئەم کارانەت بکەم، بەڕێگایەکی بنمیچدار و سەرداپۆشراودا تێپەڕی کە"ئامن هوتپ"ی سێیەم هاوکات لەگەڵ ستونگەلێك بەبەرزایی بیست مەتر بنیاتی نابوو کە هێشتا بۆ مەزن ڕاگرتنی ئەو کۆشکە بەس نەبوو، چونکە لەچڕە ستونێك کە مەودایەکی کەم لەنێوانیاندا هەبوو و لەڕێی چەند پەنجەرەیەکەوە ڕوناکی بۆ دەڕۆشت پێك دەهات. بەبۆنەی بەرپاکردنی مەراسمی خوداکان پەیکەری ئەوان و خودی فیرعەون بەسەر ستونەکانەوە هەڵدەکۆڵین. ئەم بەردانە ڕوناکی سەرتایی کە میسر لەڕێی ئەوەوە خۆراکی خۆی پەیدا دەکات لەناو خۆیدا دەپارێزێت. موسا ئەو بابەتانەی بۆ باس کرد کە بەخۆڕاگری کەرەستەکانەوە پەیوەست دەکرا و وتی: بڕیارە بەفەرمانی فیرعەون لەژێر دەستی وستاکاری"بارەگای ڕاستی" لە گوندی"ویرالمدینە"و کەنارەکانی خۆرئاوای نیل، فێری نهێنی پیشەیەك ببم و ئەنجامیشی بدەم... لەم کاتەدا چیتر کاتی نانی ئێوارە بوو، کرێکارەکان کەرەستەی کارەکانیان کۆکردەوە و خۆیان ئامادەی ڕۆشتن کرد، دوای ماوەیەکی کەم شوێنی کار بەتەواوی چۆڵ و هۆڵ بوو.

ڕامسیس وتی: دەڕۆم بۆئەوەی خۆم بۆ سەردانی"چاوی شار"ئامادە بکەم.

موسا وتی: لەگەڵ کێدا دەڕۆیت؟

ڕامسیس وتی: لەگەڵ فیرعەوندا.

PDF 4 KURD

فیرعەون لایەنگری"ڕامسیس"ی کرد

لەناو جەرگەی شاری پیرۆزی"چاوی شار"دا پەرستگای مەزنی"رع"ڕوناکی یەزدانی، خودای ڕۆح بەخش خۆنوێنی دەکرد. خەریك بوو وەرزی زستان دەهات بۆیە لەکاتەکانی شەودا هەوایەکی ساردی هەبوو و کاهینەکانیش خۆیان بۆ ئاهەنگی"ئزیریس"ی هێمای نهێنی"رع"بون.

فیرعەون بە"ڕامسیس"ی وت: تۆ"تبس"دەناسی و ئێستاش دەبێت ئاشنای"چاوی شار"بیت. بیروهزری باوباپیرانمان لە"چاوی خۆر"داڕێژراوە. بەرزڕاگرتنی"چاوی خۆر"، ئەم ڕێبوارە هەموارە لەهزرتدا تۆمار بکە، چونکە بنیاتنەری زنجیرە یەك لەدوای یەکەکانی دەستەڵاتی بەشێوەیەکی یەکسان لەنێو کاهینە مەزنەکانی"چاوی خۆر"دا دابەش کردووە، لەبەرئەوە من ڕێزی لەم بیروهزرە دەگرم، تۆش دەبێت ڕێزی لێ بگریت، لەئایندەدا نابێت فەرمانی هیچ کاهینێك جێبەجێ بکەیت، بەڵکو دەبێت وەك پەیوەندی ئەڵقەی زنجیرێك ڕەفتار بکەیت کە هەم ئەوان بەیەککگرتویی بهێڵێتەوە لەهەمان کاتیشدا بەبەردەوامی بەیەکیان ببەستیتەوە.

"ڕامسیس"یش بەباوکی وت: بەڵام شاری"ست"[17]بەلای منەوە گرنگترە.

فیرعەون بە"ڕامسیس"ی وت: چیتر هەڵبژاردنی تۆم بۆ جێنشینی جێگیرکرد، بگەڕێرەوە بۆ هەمان شار"شاری ست" و پەیوەندی بەو دەستەڵاتە نهێنی ئامێزەوە بکە، هەڵبەت لەوکاتەی کە تۆ دەڕۆیت منیش دەگەڕێمەوە بۆ نیشتمانی خۆرئاوا و بەمۆمیا کراوی زیندو دەمێنمەوە!

[17]شاری ست: شاری خوێنڕێژی، شاری ئەهریمەن و شەڕەنگێزی و زۆرداریە.

PDF 4 KURD

رامسیس وتی: باوکە گیان تۆ هەرگیز نامریت!..... فیرعەون لەمکاتەدا پێنەکەنی بەلام ڕوخساری شێوە گاڵتەجارییەکی لەخۆگرت. فیرعەون ڕێنمایی"ڕامسیس"ی کرد و بردیە ناو پەرستگای"رع"، ناو ئەو پەرستگایە زۆر فراوان و ستونگەلێکی شێوە قوچەکی هەبوو، نوکی هەریەك لەو قوچەکیانە ڕوپۆشی زێڕ کرابوو و سەری لە ئاسمان دەخشاند بۆئەوەی کاریگەریە زیانبەخشەکان کم بکاتەوە. هێمای ئەم بەردە سەرەتاییە لە"شنار"دەچوو کە بونیاەتی خۆی- لە سەرەتای ئۆقیانۆسی بەرەبەیانی دروست بونەوە هەڵدێت و دواجار بەرەو وشکانی دەڕوات-دەنواند. فیرعەون"ڕامسیس"ی بەخەم و پەژارەیەکەوە بردە بەردە ژێر درەختی"ئەقاقیا"سورەکانەوە کە دوو کاهین لەشێوەی"ئیزیس و نفتیس"سەرقاڵی ستایش کردن بون. فیرعەون-ست هوس- بەم شێوەیە بۆ"ڕامسیس"باس دەکات: خودای نەبینراو فیرعەونی لەم"درەخت"ەوە هێنایە دنیاوە، دوای ئەوە بەشیری ئەستێرەکان بەخێوی دەکات و ناوێکی تایبەتی لێ دەنێت..... ڕامسیس سات لەدوای سات سەرسوڕماویەکانی زیاتر دەبوو تا ئەوکاتەی گەشتە ژوری نزاکردن: بڕێك زێڕ و زیوی زۆر لەدار"مرمرین"بەپانی نزیکەی دوو متر و بەرزایی کەمێك لەدوو متر زیاتر لەژوری نزاکردندا بەدی دەکرا، بەسەر ترازی شەهێنێکەوە مەیمونێك لەئاڵتون دانرابوو. وەرزای داگیرکەر-فیرعەون- وتی: ئەم مەیمونە هێمای خودای"تحوت"ە، خودای"تحوت" مامۆستای"هێرۆگلیف و پێوەرەکانە".

ڕامسیس پرسی: ئایا ئەم ترازووە بەکار دەهێنرێت.

وەرزای داگیرکەر وتی: بۆ تۆ کە ئومێدی ئایندەی فیرعەونی میسرت لێدەکرێت زانین و ئاگایی بەکارهێنانی ترازوی"چاوی خۆر" زۆر پێویستە. ترازوی"چاوی خۆر"پێوانەکردن و کێشانی ڕۆح و دڵ لەئەستۆ دەگرێت، ئەم ترازووە دەتوانێت کێشانەی هەموو شتێك بکات! دوای ئەوە دەستەکانی ئارستەی ئەو ترازووە کرد و وتی: ئومێدی ئەوە دەکرێت"مات" کەهێمای"ست"ە، بەردەوامی ئیلهامبەخشی ڕەفتار و کردارەکانت بێت.

PDF 4 KURD

سەر لەئێوارەی ئەو ڕۆژە ڕامسیس بەباوکی وت: ئێستا کە منت ئاشنای"چاوی خۆر"کرد، ڕێم پێبدە بڕۆم بۆ کارگایەك کە شارەزام لەکوێیە، بۆئەوەی بەردی بنیات نانی پەرستگای داهاتویان پێ ڕاسپێرم.

PDF 4 KURD

جێگری سەرۆك دڕكێكە لەچاوی"شنار"ی برایدا

ڕۆژی لەدایك بونی كچی فیرعەون"دولانت"بیانویەك بوو بۆئەوەی میوانداری كاربەدەستە مەزنەكانی دەوڵەت بانگێشتی ئەو یادە بكەن و كۆیان بكەنەوە، ئەمانە لەم دانیشتنەدا ئاشنایەتیان لەگەڵ چەند ڕوخسارێكدا پەیدا كرد، سەرەڕای ئەوەی پێشتر بینیبویان، بەلاّم لەم مەراسیمی ڕۆژی لەدایك بونەدا ڕوبەڕوی ئاڵوگۆڕێكی سیاسی و ژیانی بونەوە، ڕامسیس لەپلەی جێگری سەرۆك و"شنار"یش پلەی سەرۆكی مەزنراگرتنی پێ بەخشرا، "ڕامسیس"ئەم بەرپرسیاریەتیەی بە"شنار"بەخشی بۆئەوەی یەكەمین كوتەكی فەرمانڕەوایی خۆی پیشان بدات، ڕامسیس دەیزانی فیرعەونی باوكیان بێگومان لەم مەراسیمەدا بەهۆی ساڵڕۆژی لەدایك بونی كچەكەی بەشداری دەكات، لەبەرئەوە ئەم كارەی بە"شنار"سپارد، چونكە نەیدەتوانی چاوپۆشی لێ بكات، فیرعەون بەگوتەكانی"ڕامسیس"ی لەبەردەم هەموانداوەك جێگری سەرۆك پێی ناساندن و وتی: دەبێت بەناچاری گوێڕایەڵی فەرمانەكانی بن، بگرە ئەم فەرمانە خودی"شنار"ی برایشی دەگرێتەوە.
هاوسەری"دولانت"بەورگێكی زلەوە بەدەم پێكەنینەوە لە ڕامسیس نزیك بویەوە و بەدەم خێرهاتن و كەمێك دەم لوسیەوە وتی: ئامادە بونی جێگری سەرۆك خۆشحاڵمان دەكات، منیش دەبێت هەم خۆشحاڵ و هەم خەمگین بم!

"موسا"ش لێی پرسی: تۆ هۆكاری خۆشحاڵبونی خۆتت دەربڕی بەلاّم بۆچی خەمگینی؟

PDF 4 KURD

ڕاهێنەری قوتابخانەی"کەپ"و زاوای فیرعەون ڕاهێنەری تایبەتی ڕامسیس وتی: چیتر لەمڕۆ بەدواوە مامۆستای جێگری سەرۆکی حکومەت ئەمڕۆ و خوێندکاری خۆشەویستی دوێنێم نیم.

ڕامسیس وتی: تۆ لەقوتابخانەی"کەپ"دا دەیان خوێندکارت هەیە.

ساری وتی: بەڵێ وایە، بەڵام ڕامسیس بۆ من وەك گوڵێکی بۆنخۆش و بێوێنە وابوو.

ڕامسیس وتی: پیرۆزبایی ڕۆژی لەدایك بونی هاوسەرەکەت لێ دەکەم، بەبۆنەی ئەمساڵڕۆژەوە دەمەوێت دیاریەکت پێشکەش بکەم، ئایا کارێکی نوێت لەبەرچاو نەگرتووە بۆئەوەی پێتی ببەخشم؟

ساری وتی: دەبێت ئەوەت پێڕاگەیەنم کە بەرپرسیاریەتی بەڕێوبردنی خەزێنەکانم لەبەرچاو گرتووە، ئەم کارەش ئەو هەلەم پێدەبەخشێت لەدولانتی هاوسەرم زیاتر نزیك ببمەوە، دەزانیت کە"دولانت" پەیوەندیەکی تایبەتی بە"ڕامسیس"ەوە هەیە. لەمکاتەدا"دولانت"ی خوشکی ڕامسیس بەهێمایەکی دەستی ساری خۆی گەیاندە لای هاوسەر و براکەی. دولانت بەڕادەیەك ئاڕایشت و خشڵ و زێڕی لەبەرکردبوو کە دە ساڵ لەتەمەنی خۆی گەورەتر دەهاتە بەرچاو. لەمکاتەدا ساری هاوسەری ئەو دوانەی بەتەنهایی بەجێ هێڵا.

"دولانت"یش براکەی ماچ کرد و لێی پرسی: ئایا هاوسەرەکەم قسەی لەگەڵدا کردیت؟

ڕامسیس وتی: بەڵێ.

دولانت وتی: بویتە مایەی خۆشحاڵی من چونکە توانیت"شنار" لەگۆڕەپانی ڕکابەری بکەیتە دەرەوە. هەرچەند"شنار"یش برامە بەڵام دەبوو لەباتی"شنار" ناوی"شرەت"یان لێ بنایە.

ڕامسیس وتی: شنار چ زیانێکی بەتۆ گەیاندووە؟

دولانت وتی: نامەوێت لەم کاتە خۆشەدا جێگری سەرۆکی حکومەت دڵتەنگ بکەم، ئەوە بەلای منەوە گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە تۆ پەی بەهاوڕێکانت ببەیت.

PDF 4 KURD

ڕامسیس وتی: تۆ و هاوسەرەکەت لەبارەی دەستەڵاتەکانی منەوە بەهەڵەدا چون.

دولانت پرسی: چ هەڵەیەك؟

ڕامسیس وتی: من دەست تێوەردان لە لابردن و دامەزراندنی هیچ کەسێکەوە نادەم، هەموو هەوڵێکم بۆ بەڕێوبردنی وڵات تەرخان دەکەم، هەروەك چۆن فیرعەونێك وڵات بەڕێوە دەبات، هەوڵ دەدەم ئەم جۆرە بەرنامانە لەژیانمدا جێبەجێ بکەم.

دولانت وتی: ئەمانەی باست کرد بیرگەلێکی ڕاستەقینە نین، بەڵکو خەیاڵ پڵاویە. تۆ توانای ئەنجامدانی هەموو کارێکت هەیە، تۆ دەبێت سەربەخۆیی کار لەخۆتدا نیشان بگەین، جێگری سەرۆك واتای هەنگاوێك دور لە فیرعەونەوە دەگەیەنێت، من و هاوسەرەکەم"ساری"دەمانەوێت لەڕیزی کەسانی نزیك و نهێنی پارێزی فیرعەونی ئایندە و"ڕامسیس"ی برامدا بین. ئێمە دەمانەوێت لەزۆر بابەتدا وەك چاو و گوێت ئەوەی لەچواردەورتدا ڕوودەدات پێت ڕاگەیەنین، بەڕاستی ئێمە توانای ئەنجامدانی ئەم کارەمان هەیە.

ڕامسیس وتی: خۆشکی بەڕێزم، بەداخەوە تۆ بابەتەکان لەدیدگای خۆتەوە هەڵدەسەنگێنی، میسر بەم جۆرە ساختەکاری و فریوکاریە بەڕێوە نابرێت، بەڵکو دەبێت بەکردار ئاشنای ڕەگ و ڕیشەی گرفتەکان بم و لەکەنار فیرعەوندا ئاشنای ئاڵوزی و پێچ و ڕەتی کاروبارەکان بم، من لەئێستادا لەحاڵی فێربوندام، بارەگای فەرمانڕەوایی بۆ من وەك قوتابخانەی"کەپ"دێتە بەرچاوم، لەقوتابخانەی"کەپ"دا وانەی تیوریمان دەخوێند، بەڵام لێرەدا وانەکان کردارین.

دولانت وتی: بەهیچ شێوەیەك گوتەکانتم بەدڵ نیە، تۆ دەبێت بزانیت فیرعەون بون پێویستی بە پلەوپایە خوازیە، ئەگەر بتەوێت پەیرەوی ژیانی ڕاستەقینە بیت لەناو دەچیت.

لەگۆشەیەکی ئەو تەلارەدا"شنار"بیر و هەستی لای ڕامسیس بوو. پیاوەکانی زانیاری وردی ئەملا و لای ئەو تەلارەیان بۆ دەهێنا و شنار لەوە دڵنیا بوو کە دوای کۆچی دوایی کردنی فیرعەون"ڕامسیس"دەبێتە جێنشینی. گوزارشی"چاوی

PDF 4 KURD

خۆر"ئەوەی خستە ڕوو کە فیرعەون دوایین قۆناخی گواستنەوەی دەستەڵات بەڕامسیس دەسپێرێت. بەپێی یەکێك لەو گوزارشتانەی کەبە"شنار"یان گەیاندبوو، ڕامسیس لەسەر بنەمای ئەو گوتانەی کە لەلایەن یەکێك لەکاهینەکانی پەرستگا"چاوی خۆر" باسی کردبوو، ڕووبەڕوی ترازوی"چاوی خۆر" بووەتەوە. چیتر هیچ ماوەیەك بۆ"شنار"نەمابویەوە، دەبێت هێرشی بۆ بکات، هێرش بردن لەدەرونەوە بۆ ئەو بەس نەبوو، ئەو بیرۆکانەی بەهزری"شنار"دا هات بۆ"عاشە"ی دۆستی-دۆستی ڕامسیس و سیخوڕی شنار-گێڕایەوە، "عاشە"ش لەرز گرتی و وتی: ئەم تۆڵە سەندنەوەیە زۆر ترسناکە.

شنار وتی: هەرچی بێت نیازی پاشەکشەکردنم نیە.

***

بەسەر ڕوباری نیلەوە چارۆکە سپیەکان بەسەر کەشتیەکانەوە دەشەکانەوە و بەبچوکترین شنەی با شەپۆلانیان دەدا. شنار لەژوری بچوکی کەشتیدا دور لەڕوناکی خۆر بۆئەوەی خۆی لەسوتانی پێستی بپارێزێت خزابووە کونجێکی ئەو ژورەوە. "عاشە"لەبەرامبەریدا بوو و ئاوی"خرنوب"ی دەخواردەوە: هیوادارم لەکاتی هاتنم بۆ ناو ئەم کەشتیە هیچ کەسێك چاو بەمن نەکەوتبێت... بەپێی پێویست ئامادەکاری خۆپارێزی کراوە!

شنار وتی: دەزانم کە تۆ کەسێکی زۆر خۆپارێز و سیاسیت.

"عاشە"پرسی: گوتە و پرسیارەکانت زیاتر گونجکاو و گومانـاویم دەکات، چونکە بۆچی دەبێت ئەوەندە خۆپارێز و لەخۆمان دودڵ بین؟

شنار وتی: هەموو کەسێك دەزانێت "عاشە"یەکێکە لەهاوڕێ زۆر نزیکەکانی سەردەمی قوتابخانەی"کەپ"ی ڕامسیس. وانیە؟

عاشە وتی: وایە، ئێمە پێکەوە لەیەك پۆل و لەیەك شوێندا دادەنیشتین.

شنار پرسی: ئایا لەوکاتەوە ڕامسیس بۆ جێگری سەرۆك دەستنیشان کراوە پەیوەندیت پێوە کردووە؟

PDF 4 KURD

عـاش وتـی: مـن داوای نوێنەرایـەتی یـەکێك لـە ولاتـانی ئاسـیام کـردووە و"ڕامـسیس"یـش یەکـسەر ئـەو داوایـەی پەسـەند کـردم، بڕیـارە بـڕۆم بـۆ یـەکێك لەباڵوێزخانەکانی وڵاتی ئاسیا، بەڕاستی دەبمە باڵوێزی میسر.

شـنار وتـی: بـاوەڕ بـەوە دەکـەیت کـە هـەوڵێکی زۆرم داوە بۆئـەوەی کەسـێکی ناوبانگت لێ دەر بکەم، سەرەڕای ئەوەی تووڕەم، بەڵام ئەم پشتگوێ خستنەم نابێتە ڕێگر لەبەرامبەر ئەوشتەی بۆ ئێوە لەبەرچاوم گرتووە.

عاشە وتی: زمانی تووڕەیی شایستەی تۆ نیە. تـۆ بـەهیچ شـێوەیەك تـووڕە نابیت. بەڵام من کەمێك زیادەڕۆیی تێدادەکەم.

شـنار وتـی: ڕامـسیس زۆر ڕقـی لێمـە، ئـەو بـیر لەمیـسر و خۆشـبەختی میـسر ناکاتـەوە، چـونکە پێـشبینی هەڵوەشـان و ڕوخـانی میـسر دەکـەم، ئەگـەر کەسـێك لەبـەردەم"ڕامـسیس"دا نەبێتـە ڕێگـر، میـسر ئاڕاسـتەی لەناوچـون دەبـات. مـن وەك خۆم ئەو مافە بەخۆم دەدەم کە ڕێ لەم وێران بونە بگرم. داوا لە هەموو کەسێکی بە توانا و دڵسۆز و ژیر و لوجیك دەکەم... شنار تەماشایەکی ڕوخساری"عاشە"ی کرد بۆئەوەی بزانێت قسەکانی تا چەنێك کاری تێکردووە.

بەڵام عاشە وتی: من وەك خۆم بەهۆی ئەوەی چەندین ساڵ لەگەڵ ڕامسیس دا بووم، زۆر ئاشنای لایەنی ڕۆحـی و ڕەفتاری ئـەوم، ڕامـسیس لێهاتوویـەکی تـەواوی هەیە لـەوەی خـۆی وەك کەسایەتیەکی مـەزن پیشانی دوروبـەری بدات. هـەمان ئـەم تایبەتمەنیـەش بـووە هـۆی ئـەوەی فیرعـەون ئـەو وەك جێگـری سـەرۆك هەڵبـژێرێت، لەکاتێکـدا شایـستەی ئـەم پلەوپایـە نیـە. ڕامـسیس ئـەوەی بـیری لێدەکاتـەوە حوکمڕانیـە، ئـەو بەشـێوەیەکی تەماعکارانـە هـانی فیرعـەونی دا سـەردانی پەرستگای"چاوی خۆر"بکەن بۆئەوەی کاهینی ئەو پەرستگایە لایەنگری بکەن.

عاشـە شـڵەژا و وتـی: بەبۆچـونی مـن فیرعـەون پێـشنیاری ئـەوەی لێکردبێـت سەردانی ئەو پەرستگایە بکەن.

شـنار وتـی: خـۆت وتـت، ڕامـسیس دەتوانێـت وا لەفیرعـەون بکـات دەسـت لەفەمانڕەوایی هـەڵگرێت و بەهـەردوو دەسـتی تـاج و تـەختی خـۆی بـە ڕامـسیس ببەخشێت.

PDF 4 KURD

عاشە وتی: کەواتە جەنابت دەڵێیت فیرعەون بەدەستی ڕامسیس مومیا کراوە؟

شنار وتی: فیرعەونی مومیاکراو دەتوانێت ڕامسیس بەو حاڵەوە بەجێگری خۆی هەڵبژێرێت، باش گوێم لێ بگرە وڵات یاسا و نەریت و پێشەکی خۆی هەیە، من بەناونیشانی کوڕە گەورەی فیرعەون بەپێی نەریت و یاسا مافی ئەوەم هەیە ببمە جێگری باوکم.

عاشە وتی: بەپێچەوانەی ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە، تۆ دەتەوێت چاوپۆشی لەزۆربەی نەریتەکانی میسر بکەیت!

شنار وتی: تەنها ئەوە بەسە کە چاوپۆشی لەنەریتە کۆنەکان بکەیت. مەگەر"هورم هب"ی مەزن کۆمەڵێك یاسای نوێی دانەرێژاوە؟ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جیهان پێویستی بەیاسای نوێی تایبەت بەو سەردەمە هەیە.

عاشە لێی پرسی: ئایا تۆ دەتەوێت دەروازەی میسر بەڕوی جیهاندا بکەیتەوە؟

شنار وتی: بەڵێ، چونکە لەوباوەڕەدام ئەوە بازرگانیە ناوبانگیت پێ دەبەخشێت نەك جەنگ و خوێنڕشتن کە بکوژی بازرگانی و ناوبانگیە.

عاشە وتی: تۆ لەچاو ڕابردوودا زۆر گۆڕاویت.

شنار ڕۆچووە هزری خۆیەوە و وتی: فەرمانڕەوایی ئایندەی ڕامسیس ناچارم دەکات، پلانەکانم بگۆڕم، هەر لەبەرئەوەش بەنهێنی تۆم بانگێشتی ناو ئەم "گەمی"یە کرد بۆئەوەی هیچ بێگانەیەك نەتوانێت گوێی لە گفتوگۆکانمان بێت و بتوانین ئازادانە پێکەوە گفتوگۆ بکەین. لەهەوڵی ئەوەدام میسر ڕزگار بکەم، دەبێت چالاکی ژێرزەمینی دژی ڕامسیس بەرپا بکەم. ئایا ئامادەیت هاوکاریم بکەیت؟ ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بهێنین ئەوا لەفەرمانڕەواییدا بەشدارم دەبیت.

عاشە بێدەنگ تەماشای ڕەوتی ڕوباری نیلی کرد و وتی: تۆ وتت لەبەرئەوە هاتوینەتە ناوەڕاستی ڕوباری نیلەوە بۆئەوەی بێ پەردە قسە لەگەڵ یەکتردا بکەین، کەواتە بۆچی بەزمانێکی ئاڵۆز قسەم لەگەڵدا دەکەیت؟

شنار وتی: پەیوەندی بازرگانی و پەیوەندیگەلێکی تری ئاوا لەگەڵ وڵاتانی ئاسیادا ڕامسیس ڕازی ناکات.

عاشە وتی: ئایا تۆ چەند پەیوەندیەکی ترت لەبەرچاو گرتووە؟

PDF 4 KURD

شنار وتی: ئەو سەردەمانەی"هیکسوس"ەکان بۆ ماوەی چەند سەدەیەك فەرمانڕەوایی میسریان کرد، لەڕێی سەرکردەکانی"دەلتا"وە هاتنە ناو گۆڕەپانی فەرمانڕەواییەوە، ئێمە دەتوانین لەمێژووەوە فێری باشترین ئەزمون ببین و بۆ هەڵسەنگاندنی ڕامسیس دەتوانین سود لە"هاتی"ەکان وەرگرین.

عاشە وتی: ئەم کارە مەزنترین هەڕەشەیە.

شنار وتی: یەکەمین هەنگاویش هەمان ئەم دەستبەکاربونەی تۆیە لەئاسیا، من باوەڕێکی تەواوم بەتۆ هەیە، دەزانم لەو ناوچانەدا چالاکیەکی باشت دەبێت.

عاشە پرسی: ئایا هیچ کەسێك ئاگاداری نیەتی"هاتی"ەکانە؟

شنار وتی: ئەم جۆرە زانیاری و ئاشکرا کردنی نیەتی"هاتی"ەکان لەئەستۆی تۆدایە، ئێمە دەبێت ڕامسیس بەهەڵەدا ببەین و سود لە"هاتی"یەکان وەرگرین.

عاشە وتی: ئەمە نەخشەیەکی تیژ و خەنجەرێکی دوو نوکە.

شنار وتی: ترسنۆکەکان هەموو ڕۆژێك دەمرن و ئازاکانیش یەك جار دەمرن.

عاشە وتی: من دەزانم کە"هاتی"ەکان بەردەوام حەز لەئاگر تێبەردان و جەنگ دەکەن.

شنار وتی: ئەمەش هۆکارێکی زۆر باشە و لەبەرژەوەندی ئێمەدایە، بۆ ڕێگرتن لەدانیشتنی ڕامسیس لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دەبێت پەنا بۆ هەموو کارێك ببەین، ئەگەر شکست بخۆین لەناوەوە هێرشیان بۆ دەبەین و وێرانکاری دەکەین، ڕامسیس ڕکابەری چارەنوسە و بەهیچ شێوەیەك مل بۆ چارەنوس نەوی ناکات، هەر لەبەرئەوەش دەبێت ئاگایانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

عاشە وتی: بێپەردە پێم بڵێی من لەکوێی ئەم پلانەدام.

شنار وتی: پلەوپایەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕازیت دەکات؟

عاشە وتی: تا ئەوکاتەی لەژێر فەرمانی ڕامسیس بم سنوردارم.

شنار تەماشایەکی ڕوخساری عاشەی کرد و وتی: لەم ساتە بەدواوە سنوردارتر دەکرێیت، ئەوەش بزانێت ئەو گفتوگۆیەی لەنێوان من و تۆدا ئەنجام درا گەر ڕامسیس لێ ئاگادار بکرێت، دڵنیابە سیخوڕەکانم کەم نین و دڵنیابە لەم بابەتە ئاگادارم دەکەنەوە و بێگومان بە لەوەی مەرگت بۆ خۆت مسۆگەر کردووە.

PDF 4 KURD

***

لەسەرەتای رۆژانی گەشە و بون بەپیاو"موسا"بڕیاری دا سەردانی ئەو بەشانەی کۆشك بکات کە تا ئەوکاتە هەلی ئەوەی بۆ نەڕەخسابوو تەماشایان بکات. لەناو کۆشکدا لەگەلّ جۆرایەتی و بەرفراوان بونی هەموو کەسێکدا دەیتوانی تەنها لەو شوێنەی کە تایبەت کرابوو بەو نیشتەجێ یان سەردانیان بکات، لەبەرئەوەی هەندێك شوێنی تر هەبوو نەیدەتوانی سەردانیان بکات. موسا ئەو ڕۆژە ڕۆشت بۆ سەردانی کۆشکی فەرمانڕەوایی وەرزای داگیرکەر-ست هوس-ی فیرعەون، ئەو سەردەمە هەندێك بەش قەدەخە بوو سەردانی بکەیت و هیچ یەك لەشازادە و ژنەکان نەیاندەتوانی سەردانی ئەو شوێنانە بکەن، مەگەر بەتایبەت بانگێشتی ئەو شوێنە بکرێن. بەشێکی تر هەبوو کە شازادەکان دەیانتوانی هاتوچۆی تێدا بکەن ئەویش بەمەرجێك گەشتبنە تەمەنی پیاوەتی-چواردە سالّی تەواو-... موسا سەرەتا ویستی سەردانی کۆشکی فیرعەون بکات، بەلّام لەبەرئەوەی مۆلّەتی چونە ژورەی پێنەدرابوو، سەردانی ئەو شوێنانەی کرد کە ڕێیان پێدابوو. موسا بەردەوام پێش ئەوەی بڕواتە ئەو جۆرە شوێنانە لەخۆی دەپرسی، ئایا چی لەو شوێنانەدا هەیە کە منداڵەکان ناتوانن سەردانی بکەن و مۆلّەتی چاوپێکەوتنیان نادەنێ!؟هەرلەبەرئەوەش زۆر کونجکاوی ئەوە بوو بڕوات و سەردانیان بکات بۆئەوەی بزانێت چی لەوێدا بەدی دەکرێت. ئەو شوێنە قەدەغەکراوە کۆشکێکی مەزن بوو و موسا ئازادانە بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوت و گەشتە تەلارێك. دەرگای تەلار کراوە و پەنجەرەکانیشی ڕوویان لە"نیل"ەوە بوو. لەناو ژورەکەدا موسا چاوی بەچەند سنوقێکی پڕ لە"پاپیرۆس[18]"کەوت. لەنزیك یەکێك لەپەنجەرەکانەوە پیاوێك ڕو لەنیل و پشتی لە"موسا"وە بوو لەبەردەم مێزێکی مەزن کە لەداری"سەدر[19]"دروست کرابوو دانیشتبوو و بەپێنوسێکی لەڕەگەزی مس بەدەستەوە سەرقالّی نوسین بوو. لەلایەکی ئەو مێزەوە کەرەستەی ئەندازیاری

---

[18] کاغەزی ئەو سەردەمی میسر.

[19] سەدر: درەختێکە لەناوچە گەرمە سێرەکاندا دەڕوێت و بەرەکەی وەك"گوێز"وایە. بەعەرەبی پێی دەلّێن"نبق" کە بە"نەبک"دەیهێننە زمان... وەرگێڕ.

PDF 4 KURD

بۆنمونە ڕاستە، بازنە و چوارگۆشە و سێگۆشە دەبینرا. موسا لەبەردەم دەرگاکەدا ڕاوەستا و بیستی ئەو پیاوە بێنەوەی تەماشای بکات و سەری بۆ دواوە وەرگێڕێت وتی: شازادە دور کەوە!

"موسا"ش بەسەرسوڕمانەوە پرسی: تۆ کە هێشتا چاوت پێم نەکەوتووە لەکوێوە زانیت من شازادەم.

کابرای نوسەریش وتی: چونکە تەنها شازادە، دەتوانێت بێشەرمانە سەردانی شوێنێك بكات کە بەوەوە پەیوەست نەبێت.

موسا وتی: ئەگەر بوبێتمە ڕێگر لەبەردەم کارەکانتدا ئەوا داوای لێبوردنت لێدەکەم، ئەگەر بمزانیایە دڵگران دەبیت خۆم نەدەکرد بێرەدا ، لەبەرئەوەی دەرگام بەکراوەیی بینی وتم با سەردانێکی ئەم ژورە بکەم.

پیاویش هەر بەو شێوەی سەری دانەواندبوو وتی: ئەوە بۆ یەکەمین جارە دەبیستم شازادەیەك داوای لێبوردن بکات، پێشتر کاتێك نارەزایی خۆم دەردەبڕی و دەموت بۆچی بێ داوای مۆڵەت خۆت دەکەیت بەم ژورەدا سوکایەتی و هەڕەشەیان لێ دەکردم. پێم بڵێ ناوت چیە شازادە؟

موسا وتی: ناوم"موسا"یە.

کابرای نوسەر وتی: موسا ناوێکی ناتەواوە، ئەمە نیوە ناوە.

موسا وتی: هەرچی بێت موسای کوڕی"ئنخاس ئامون"ی شاژن و خودای میسرم.

نوسەر وتی: ئۆه!کەواتە تۆ کوڕی شازادە نهێنی ئامێزەکەی کۆشکیت، لەم کۆشکەدا شازادە"ئنخاس ئامون" بەشازادە نهێنی ئامێز ناسراوە، زۆر ئارەزوی ئەوە دەکەم ئەم شازادەیەی دایکیت ببینم..... لەمکاتەدا سەری بەرز کردەوە و ڕوی بەرەو موسا وەرچەرخاند و تەماشایەکی موسای کرد و وتی: ئەگەر ناوت نیوە بێت، بەڵام خۆت زۆر تەواویت، چ قەد و باڵایەکی کەتەت هەیە، پیرۆزباییت لێ دەکەم. لاوێکی قارەمانی وەك تۆ نابێت نیوە ناوی هەبێت، دەتوانم ناوێکت بۆ بدۆزمەوە.

PDF 4 KURD

موسا وتی: هەر ئەم موسایە تەواو و بەلای منەوە باشە و هەموو کەسێك من بەم ناوە دەناسێت، تۆش بەهەر ناوێك كە خۆت حەزت لێیەتی بانگم بکە، بەڵام هەمان ئەو موسایەی پێشوم.

پیاو زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: ئێستاش منیش خۆم بە موسا دەناسێنم ناوم"نف"ە، سەرۆکی تەلارسازانم، کۆشکەلێکی زۆرم بۆ فیرعەون دروست کردووە، تەواوی تەلارسازەکانی "تبس"لەهەموو شوێنێکدا لەژێر چاودێری مندا کارەکانیان ئەنجام دەدەن، خۆشم سەرۆکی خۆمم، لەم وڵاتەدا تەنها فیرعەون دەتوانێت فەرمانم پێبدات، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە خۆم فەرمان بەهەموو کەسێك دەدەم! و زۆریش لەفیرعەونەوە نزیکم.

موسا وتی: هۆکاری نزیك بونت لەفیرعەون چیە؟

نف وتی: چونکە"وەرزای داگیرکەر" فیرعەونی ئەم سەردەمە ئاشق و شەیدای هونەری تەلار سازیە، ئەو بەتەنهایی بەئەندازەی چەندین فیرعەون لەم ماوەیەدا تەلاری دروست کردووە. هەر لەبەرئەوەش بەڕادەیەك گرفتاری ڕاسپاردەکانی ئەوم کە تاقەتی ئەوەم نیە شازادەکان بێن بۆ لام و ببنە مایەی دەردیسەریم.

موسا وتی: تۆ ڕەخنەت لەناوەکەم گرت، ئێستاش من دەمەوێت بزانم بۆ ناوت"نف"ە؟

"نف"ی ئەندازیار وتی: دایك و باوك کاتێك ناوی"نف"لەمنداڵەکەیان دەنێن کە ڕێژەی منداڵەکانیان سنوری ئاسایی تێپەڕاندبێت، چونکە ئەوەندە ناوی جۆراجۆریان لەمنداڵەکانیان ناوە کە دواین منداڵیان تەنها بەناوی"نف"خۆیان ڕازی دەکەن، هەڵبەت دایك و باوکم جوتیاربون یانزە منداڵیان هەبوو، منیش تاکە منداڵێکیان بووم کە بەزیندویی ماومەتەوە! ئایا تائێستا ناوی"ستی کاف"ت بیستووە؟

موسا وتی: تا ئێستا ناوی وام بەرگوێ نەکەوتووە.

PDF 4 KURD

"نف"ی ئەندازیاری وتی: "ستی کاف" یەکێك بوو لە زەوی خۆرەکانی شاری "تبس"، زەوی جوتیارانی وەك گرەو٢٠ لێی وەردەگرتن و بڕێك سامانی بەقەرز پێدەدان و ماوەیەکی بۆ گەڕانەوەی سامانەکەی بۆ دیاری دەکردن، ئەگەر کابرای جوتیار نەیتوانیبا لە کاتی خۆیدا قەرزەکەی بداتەوە ئەوا"ستی کاف" بەشێوەیەکی یاسایی دەستی بەسەر زەویەکانیاندا دەگرت، ئەو لەبەرئەوەی هۆشیارانە یان ساختانە کاری دەکرد، هەمیشە کارەکانی لایەنێکی یاسایی لەخۆ دەگرت و هیچ کەسێك نەیدەتوانی بیانوی پیٚ بگرێت. من، بەواتا دایك و باوکم بونە قوربانی ئەم"ستی کاف"ە، ئەو دوانە دوای لەدەست دانی زەویەکانیان دیقیان کرد و مردن، منیش بەتەنهایی مامەوە، بەڵام دایەنێك منی سپارد بە چەند تەلار سازێك کە لەکۆشکی فیرعەوندا کاریان دەکرد، بۆئەوەی بتوانم موچەیەك بەدەست بهێنم، لەوکاتە بەدەواوە گرنگیەکی زۆرم دەدا بەکاروبارەکانی تەلارسازی و تا ئەوکاتەی کەم کەم سەرکەوتنم لەوەدا بەدەست هێنا نەخشەی خانوویەك بکێشم، هەمان ئەم نەخشەیە بووە هۆی پێشکەوتنم و بەرزبونەوەی ئاستی کارکردنم.

موسا وتی: ئێستا کە بەو شێوە سەرنج ڕاکێشە قسە دەکەیت و سەرگوزەشتەیەکی وروژێنەرت هەیە دەتوانم لەتەنیشتتەوە دانیشم و گوێت لیٚ بگرم.

"نف"ی تالارساز وتی: زۆریش بەدانیشتنت خۆشحاڵ دەبم، بەڵام بەمەرجێك قسە لەگەڵ یەکتردا نەکەین، چونکە سەرم زۆر قاڵە، لەبەرئەوە تەنها دانیشە و تەماشا بکە..... دوای ئەوە یەکسەر خۆی بەنەخشەکێشانەوە سەرقاڵ کرد، سەرەتا کاتێك موسا چاوی بە"نف" کەوت وای دەزانی نوسەرە و سەرقاڵی نوسینە، بەڵام

---

[20] گرەو: وشەیەکی پاراوی کوردیە کە دەتوانرێت لەباتی وشەی"رهن"ی عەرەبیدا بەکار بهێنرێت، چونکە ڕەهنیش هەمان واتای"گرەو"ی هەیە، چونکە کاتێك تۆ شتێك دەدەیت بە"ڕەهن"واتای ئەوە دەگەیەنێت تۆ گەرەوێکت لەگەڵ کەسێکدا کردووە کە ئەگەر لەکاتی خۆیدا ئەو شتەی لێت وەرگرتووە بۆی نەگەڕێنیتەوە، ئەوا ئەو کەسە ئەو شتەی بەڕەهن پێت داوە دەستی بەسەردا دەگرێت، بۆیە ئەم مامەڵەیە دەقاودەق وەك گرەو وایە، کاتێك گرەو لەگەڵ کەسێکدا دەکەیت ئیتر لەسەر شتێك بێت یان شتێکی لیٚ قەرز بکەیت و لەکاتی دیاری کراودا بۆی نەگەڕێنیتەوە ئەوەی وەك گرەوێك لەلای ئەو داتناوە دەیدۆڕێنی یان بەشێوەیەکی جوانتر دەتوانین بڵێین لەبەرامبەر ئەوشتەی کە لێت وەرگرتووە یان لێت قەرز کردووە دەستی بەسەردا دەگرێت... وەرگێڕ.

PDF 4 KURD

لێی وردبویەوە و ئاگاداری ئەوەبوو بەپێنوسێکی مسی دووسەرە کە تا ئەو کاتە چاوی بەو جۆرە پێنوسە نەکەوتبوو وێنەی جۆراوجۆری دەکێشا. موسا لەسەردەمی خوێندنیدا فێری زانستی ئەندازیاری بوبو و شێوە ئەندازەییەکانی بەباشی دەناسیەوە، بەڵام نەیدەزانی نەخشەکێشان چیە، بۆیە تەنها لێی وردبوویەوە و بینی "نف"ی تەلارساز لەکێشانی شێوە ئەندازەییەکاندا وێنەگەلێکی جوان و ورد دەکێشێت. چەندجارێك چەند پرسیارێك بەهزری موسادا هات، بەڵام لەبەرئەوەی "نف"ی تەلارساز پێی وتبوو نابێت بەهیچ شێوەیەك گفتوگۆ لەنێوانماندا ئەنجام بدرێت، بۆیە پرسیارەکەی لێ نەکرد. موسا بەسەرسوڕمانەوە تەماشای هەموو جوڵە و شتومەکەکانی "نف"ی تەلارسازی دەکرد، بەڵام کاتێك چاوی بە "موورو ژمێر[21]"ەکەی "نف"ی تەلارساز کەوت بەشێوێنێکەوە هەڵواسرابوو، کە هەندێجار "نف"ی تەلارساز مورووەکانی ئەمبەرەوبەر پێدەکرد، بۆی دەرکەوت تەواوی شتومەك و کەرەستەی کابرای تەلارساز بەلایەوە تازەیە. موسا بینی کابرای تەلارساز بۆ ژمارەی یەك موروویەکی دەهێنایە ئەمبەرەوە و بۆ ژمارە دووش دوو مووروی دەهێنایە ئەمبەرەوە بەو شێوەیە بەپێی هەر ژمارەیەك ئەوەندە مووروی جێبەجێ پێ دەکرد و ژمێریاری خۆی پێ ئەنجام دەدا. ماوەیەکی زۆر تێپەڕی و "موسا"ش هەر بەوشێوەیە تەماشاچی "نف"ی تەلارساز بوو، هەروەك بڵێی بەلای ئەوەوە موسا لەوێ نەبێت بەوشێوەیە سەرقاڵی کارەکەی خۆی بوو. لەناکاو "نف"ی تەلارساز بۆئەوەی کەمێك بحەوێتەوە سەری بەرز کردەوە و تەماشایەکی "موسا"کرد و بینی پەرێشان و سەرسوڕماو دەردەکەوێت. کاتێك موسا بینی "نف"ی تەلارساز دەستی لەکارەکەی هەڵگرتووە وای زانی دەتوانێت قسەی لەگەڵدا بکات، بۆیە لێی پرسی: ئەو شتەی لەسەر کاغەزی "پاپیرۆس" نەخشەی دەکێشیت کەڵکی چی دەخوات؟

---

[21] مووروی ژمێریاری: ئەو ئامێرەیە کە لەچەند ڕیزێك موورو پێك دێت کە سەردەمانی کۆن بەو ئامێرە پارە و شتومەکەکانی خۆیانیا پێ دەژمارد-لەباتی حاسیبەی ئەلکترۆنی ئەم سەردەمە-... کە لەزمانی فارسیشدا "چرتکە"ی پێ دەڵێن کە لەبنەچەدا لەڕوسیەوە وەرگیراوە بەواتا ئەوانیش ناوێکی تایبەتیان نیە بۆ ئەم ئامێرە بۆیە منیش ناچاربوم پیناسەی خودی ئامێرەکە وەك ناوێك بەکار بهێنم... وەرگێڕ

PDF 4 KURD

"نف"ی تەلارسازیش وتی: ئەمە نەخشەی تەلارێکە.

موسا پرسی: کام تەلار؟

نف وتی: ئەو تەلارەی فیرعەون دەیەوێت دروستی بکات؟

موسا وتی: بەڵام هیچ تەلارێك لەم نەخشەیەدا بەدی ناکرێت.

نف وتی: نەخشە کێشان وەك دارتاشی و پەیکەرتاشی نیە، تۆ هیچ تەلارێك لەنەخشە کێشاندا نابینیت... دوای ئەوە بۆی ڕونکردەوە: نەخشە وەك ڕێبەر و ڕێنمایەك وایە و وردەکاری کارەکان بەرفراوانتر دەکات، نەخشە ماوەیکیش پێش مێژوی دروست بونی قوچەکیەکان بۆ دروست کردنی خانو و تەلارەکان سودیان لێ وەرگرتووە.

موسا وتی: لەو باوەڕەدا نیم نەخشە بەئەندازەی دروست کردنی تەلارێك گرنگی مێژوویی هەبێت.

کابرای تەلارساز وتی: هیچ خانو و تەلارێکی بتەو و بەهێز بێ نەخشەکێشان مەحاڵە بتوانێت خۆی ڕابگرێت.

موسا پرسی: ئەو نەخشەیەی ئێستا دەیکێشیت چیە؟

"نف"ی تەلارساز وتی: نەخشەی خەزێنەیەکە.

موسا وتی: ئەوە بۆ یەکەمجارە نەخشەی خەزێنەیەك دەکێشیت؟

"نف"ی تەلارسازیش وتی: ئەی موسا تائێستا دەیا خەزێنەم دروست کردووە، لەڕاستیدا ئەم خەزێنانە لەخۆرئاوای میسردایە، چونکە لەوێ بەهۆی هەڕەشەی هێرشی دراوسێکانەوە پێویستی بەخەزێنەیەکی زیاترە، بەڵام فەرمانیان پێداوم لە"دلتا"ی نیل خەزێنەیەکی"گەنم"دروست بکەم.

موسا وتی: بیستومە کە خەزێنەی گەنم لەشوێنێکدا دروست دەکەن کە وشك بێت، بۆئەوەی دانەوێڵەکە نەگەنێت، بەڵام لەم ناوچەیەدا ئاوهەوا زۆر شێدارە، ئایا جیاواز نیە؟

"نف"ی تەلارساز وتی: فیرعەونیش لەبەر هەمان تایبەتمەندی دەیەوێت لەوێدا دروستی بکات، بەڵام لەوباوەڕەدایە ئەو خەزێنەیەی کە لە"دەلتا"دروست دەکرێت

PDF 4 KURD

لەهێرشی دوژمنان پارێزراوە، ئەگەر دوژمن هێرش بکاتە سەر"تبس"ئەوا سەرەڕای ئەو شەڕەش خەڵکی گەنمیان بۆ دروست کردنی نان دەبێت.

موسا وتی: دەتەوێت کەی دەست بەدروست کردنی ئەم خەزێنەیە بکەیت؟

"نف"ی تەلارساز وتی: سبەی، ئایا حەز دەکەیت ببیتە چاودێری دروستکردنی ئەم خەزێنەیە؟

موسا وتی: زۆریش حەز دەکەم.

"نف"ی تەلارساز وتی: کەواتە لە لەنگەرگا لەبەردەم ئەو کۆشکەدا ڕاوەستە و خۆت ئامادەی ڕۆشتن بکە، پێش هەڵهاتنی خۆر بەڕێ دەکەوین، ئەگەر درەنگت پێ ببێت ئەوا چاوت پێمان ناکەوێت.

موسا بەهەموو هەوڵێکی هەوڵیدا پەیوەندی بەگروپی ئەندازیارانەوە بکات بۆئەوەی بەجێ نەمێنێت. شەوی ڕابردوو لە پاسەوانی پرسی: لێرەدا چ کاتێك خۆر هەڵدێت، بەچ شێوەیەك دەتوانم پێش هەڵهاتنی خۆر لەخەو هەستم؟

پاسەوان وتی: لەم کۆشکەدا چوارکەس لەچوار کاتی جیاوازدا پاسەوانی دەکەین، من پاسەوانی سێیەمم و دوای ماوەیەکی تر پاسەوانێکی تر دێت و دەمگۆڕێت. موسا بەشێوەیەك لەگەڵ کابرای پاسەواندا ڕێکەوت کە لەگزنگدا خۆی بگەیەنێتە لەنگەرگا و لەگەڵ گروپی ئەندازیاراندا بەڕێ بکەوێت و لەوکارەشدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. موسا بەهۆی پەلەکردنیەوە بێ باڵاپۆش لەکۆشك ڕۆشتە دەرەوە، سەرمای گزنگی بەیانان ئازاری بەگیانی دەدا و ئاگاداری ئەوەبوو کەسێك باڵاپۆشەکەی دا بەشانیدا. موسا ویستی نەهێڵێت ئەو کەسە ئەوکارە بکات، بەڵام کاتێك لێی ورد بویەوە بینی"نف"ی تەلارسازە.

نف وتی: بۆ ئەوەندە زوو هاتی؟

موسا وتی: دەترسام خەوم لێ بکەوێت و بێبەشبم لەوەی لەگەڵ ئێوەدا بەڕێ کەوم....دوای ماوەیەك کەشتیەکی زۆر گەورە و درێژ لەلەنگەرگا نزیك بویەوە. دوو کەس لەسەوڵ لێدەرەکان لەکەشتیەکە دابەزین و لەلەنگەرگا نزیك بونەوە بۆئەوەی کەشتیەکە بەگوریس ببەستنەوە تا بەملاولادا نەجوڵێت، "موسا"ش لەم کاتەدا ڕۆشتە ناو کەشتیەکەوە. لەبەشی کۆتایی کەشتیەکە لەپاڵ ئەوکەسەی سوکانی

PDF 4 KURD

کەشتیەکەی بەدەستەوە بوو چاوی بەدیمەنێك کەوت چەند کەسێك لەوێدا دادەنیشت بۆئەوەی لە خۆر و باران پارێزراو بێت. موسا بەرەڕوی کورسیەك ڕۆشت و بینی سێ کەسی بەسەرەوە دانیشتووە، دوانیان کاغەزێکی"پاپیرۆس"ی درێژیان بەدەستەوە بوو و سێیەمیان کەرەستەیەکی وەك سێپایە و چەند کەرەستەیەکی تری بەدەستەوە بوو. موسا لەڕوکار و کەرەستەکانی دەستیان تێگەشت ئەمانەش ئەندازیارن. دوای ماوەیەکی کورت گوریسی کەشتیە کە بەلەنگەرگاکەوە بەسترابوو کردەوە و چیتر دوای ئەوە کەشتی لە لەنگەرگا ئازاد کرا، سەوڵ لێدەرەکانیش دەستیان کرد بەسەوڵ لێدان، سەوڵ لێدرەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەیەك کات و پێکەوە سەوڵیان لێدەدا. دوای تێپەڕبونی ماوەیەکی تر ڕوناکی خۆر لەکەشتیەکە هەڵهات. هەڵهاتنی خۆر بەڕوی ڕوباری نیل بەلای موساوە تازە بوو. موسا لەکاتی ڕێکردنیاندا پرسیارێکی زۆری لە"نف"کرد، چونکە ئەو گەشتە بەلای ئەوەوە تازە بوو. موسا بەردەوام دەیپرسی: کەی دەگەینە ئەو شوێنە و چەنێکی تر بەمشێوەیە بەردەوام دەبین.

"نف"ی تەلارسازیش وتی: دەبێت بۆماوەی سێ کاتژمێر بەم شێوەیە بەردەوام بین، هەروەها دەبێت لەولاتی کوش نزیك"نزیك"ببینەوە.

موسا پرسی: دەمویست بزانم ئەوە ڕاستە کە لەولاتی"کوش" خێڵێکی تێدا دەژیت کە هەموویان کۆیلەن؟

"نف"ی تەلارساز سەری سوڕما و وتی: مەگەر تائێستا ئاگاداری ئەمە نەبویت؟ بەچ شێوەیەك مامۆستایانی"کەپ"بابەتێك بەو گرنگیەیان بەخوێندکارەکانیان نەوتووە.

موسا پرسی: دەقاودەق ولاتی"کوش"دەکەوێتە کوێوە؟

"نف"ی تەلارساز وتی: ولاتی"کوش"دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی"دەلتا"ی نیلەوە، ولاتێکی بەرفراوان و شایەنی ئەوە نیە هیچ گرنگیەکی پێ بدەیت بۆیە چەقی کۆیلایەتیە، "کوش" وەك تەواوی دانیشتوانی میسر لەکەنار ڕوباری"نیل"دا بنیاتنراوە، "کوش"یش بەهەمان شێوەی میسر زۆر لەڕوبارەکەوە دور نیە، بەلام لە"کوش"دا ڕوباری نیل هەڵناچێت و لافاو دروست ناکات، هەر لەبەرئەوەش

PDF 4 KURD

لەهەندێك شوێندا چەند ساڵێك لەنیعمەتی هەڵچونی ڕوباری نیل بێبەش دەبن و کێڵگەکانیان تێرئاو نابێت. خاڵێکی تری ئەم وڵاتە هەڵومەرجی سەربازیەتی، ئەم ناوچەیە هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی"هاتی"دان، هەرکاتێك خێڵی"هاتی"لە وڵاتی"کوش"ەوە تێپەڕن کوشت و کوشتاریان تێدەخەن، بۆئەوەی بتوانن سەروەت و سامانیان تاڵان بکەن، هەر لەبەرئەوەش هیچ میسریەك لە"کوش"دا نیشتەجێ نابێت.

موسا پرسی: ئەو کۆیلانەی لەکوش جێگیرن لەکوێوە دەیانهێنن؟

"نف"ی تەلارساز وەڵامی دایەوە: کۆیلەکان لەخێڵە دڕەندە و ئەفسانە پەرستەکانن و زمانی گفتوگۆیان وەك زمانی"فینیقی"ەکان وایە. هۆکاری بونیان لەوێ بەهۆی وشکەساڵیەوە لەوڵاتەکەیانەوە کۆچیان کردووە بۆ ئێرە. ئەمانە دەبێت لە پادشا مۆڵەت وەرگرن، کاتێك ئەم خێڵە داوایان کرد بێنە ناو میسرەوە، لەمیسردا پادشایەکی نەفرەت لێکراو-فیرعەونی لاینگری خودای نەبینراو- دەستەڵاتی ئەم وڵاتەی بەدەستەوە بوو، هەمان ئەم فیرعەونە کە ناوی لەڕیزی فیرعەونەکانی تردا کوژاوەتەوە...

موسا لەم کاتەدا قسەی بە"نف"ی تەلارساز بڕی و لێی پرسی: بۆچی ئەو فیرعەونە بەنەفرەت لێکراو بانگ دەکەیت؟ خۆ کارێکی خراپی نەکردووە، تەنهای پەنا بەهەندێك خەڵك داوە کە وشکە ساڵی ڕوی لەوڵاتەکەیان کردووە، بەبۆچونی من پادشایەکی باش بووە..... لەمکاتەدا ڕەنگ لەڕوخساری"نف"ی تەلارسازدا نەما و ترس و تۆقان سەرتاپای جەستەی داگیرکرد و تەماشای سێ ئەندازیارەکەی تری کرد بۆئەوەی بزانێت ئایا ئاگاداری گفتوگۆکەیان بون یان نە و کاتێك دڵنیابوو لەوەی هیچ وشەیەکیان لەم گفتوگۆیە نەبیستووە هێور بویەوە و وتی: لەبیری بکە...

یەکێك چرپاندی بەگوێی"موسا"دا و وتی: ئەوە تۆ چی دەڵێیت، هێنانە زمانی ئەم جۆرە گوتانە تاوانە، هەر ئەوەی کەسێك گوزارشتێکی ئاوا بدات بەفیرعەون یەکسەر سەرت لێدەکاتەوە.

موسا وتی: دەزانی لەمیسردا دوژمنێکی زۆرم هەیە!

PDF 4 KURD

نف وتی: زۆربەی خەڵکی ئاگادارن.

موسا وتی: هەڵبەت هەموو شت و بیروباوەڕێکی خۆم بەخەڵکی ڕاناگەیەنم، بەڵکو تەنها لەگەڵ تۆدا ئەم جۆرە قسانە دەکەم.

نف وتی: موسا تۆ هێشتا لاویت و نەك لەسەر بنەمای ئەزمون و لۆجیك بەڵكو بەپێی هەستەکانت بڕیار دەدەیت، زۆربەی خەڵکی لەڕوکاری دەرەوەیاندا کەسێکی باش و جوانن بەڵام ناخیان پێچەوانەیە، بۆیە هیچ کاتێك متمانە بەڕوکاری دەرەوەی هیچ شتێك مەکە. لەبارەی خێڵی"کوش"یش دەبێت پێت بڵێم ئەو خەڵکە نیوە دڕندەیە خاوەنی هیچ پیشەیەك نەبون، نەیاندەزانی بەچ شێوەیەك سود لەکانزاکان وەرگرن و کەرەستەی لێ دروست بکەن، ئەمانە هێشتا لەقۆناخی بەردیندا دەژین و وەك چەکێك سود لە بەرد وەردەگرن، بەڵام دوای ئەوەی کۆچیان کرد بۆ"کوش"دەستیان چووە ناو کارەوە و وردە وردە فێری دروست کردنی کەرەستە کانزاییەکان بون. هاتنی ئەم خێڵەی کە لە"کوش"دا جێگیربون لەبەرژەوەندی ئێمەدایە، چونکە کەرەستە کانزاییەکانمان بۆ دروست دەکەن و پەنیر و خوری دەدەن بەمیسرییەکان و لەبەرامبەردا کانزایان وەردەگرت.

موسا بەسەرسوڕمانەوە وتی: کەواتە"وەرزای داگیرکەر"فیرعەونی میسر ئەو خێڵەی کە تا ئەو کاتە سەربەخۆ و ئازاد بون دوای جێگیربونی بارودۆخی میسر کردنی بەکۆیلە؟

"نف"ی تەلارساز وتی: لەژیان و بەتایبەت ژیانی سیاسی و دەوڵەتداریدا دەبێت هەندێك سیاسەت پیادە بکرێت کە لەئاست و پێوەری وانەکانی تۆدا کە لەلایەن مامۆستاکانەوە فێریان کردوویت نیە!

موسا وتی: ناتوانم ئەوە پەسەند بکەم، چۆن خێڵێکی ئازاد کە پەناهەندەیی وڵاتێکی پێدەدرێت، لەباتی خانەخوێی و خزمەتیان بکەیت بیانکەیت بەکۆیلەی خۆت؟!

"نف"ی تەلارساز وتی: بارودۆخی ئەمڕۆی میسر لەگەڵ ڕابردوودا زۆر جیاوازە. میسری کۆن فەرمانڕەوایانی وەك"خوفو" و "می سری نئوس"هەبووە، پانزە سەدە پێش ئێستا میسرییەکان قوچەکیەکانیان دروست کردووە کە تا هەتاهەتا

PDF 4 KURD

دەمێنێتەوە. ئەو ڕۆژانەی ئەم قوچەکیانەیان دروست دەکرد نەتەوەی میسر نەتەوەیەکی دانا و ڕۆشنبیر بووە، ئێستاش میلەتێکی ئەفسانە پەرستە. میلەتێك کە خودی قوچەکیەکانیان دروست کردووە، لەئێستادا خەڵکەکەی نازانێت بەدەستی چ کەسانێك دروست کراون و دەڵێن ئەم قوچەکیانە خودای "ئزیس"دروستی کردووە! لەوانەیە لەقوتابخانەدا پێیان وتبێتن ئەم قوچەکیانە بەدەستی چ کەسانێك دروست کراون، فەرمانڕەوایانی میسر بۆ دروست کردنی ئەم قوچەکیانە سودیان لە کۆیلەکان وەرگرتووە، بەڵام وەریابە باوەڕ بەم جۆرە قسانە نەکەیت، ئەم بینا مەزن و پایەدار و جاودانانە مەحاڵە کاری کۆیلەکان بێت. کاتێك خەڵکی وڵاتێك لەناخەوە خاڵی بوو و زانست و دانایی ڕوی لێ وەرگێڕان دەبنە کەسانێکی ئەفسانە پەرست و دەڵێن قوچەکیەکان کە مرۆڤەکان دروستیان کردووە، خوداکان دروستیان کردون. من و هاوڕێیانم کە هەموومان تەلارسازین، زۆر باش دەزانین کە ئەم قوچەکیانە بەدەستی مرۆڤ دروست کراوە، ئەو کەسانەی شارەزای بواری تەلارسازی بون، ئەو کەسانەی دەیانتوانی نەخشە بکێشن کەسە پسپۆڕ و زاناکان بون. لەدروست کردنی قوچەکی مەزنی"خوفو" نزیکەی دوو ملیون و نیو بەردیان بەکار هێنا تا قوچەکی"خوفو"یان کرد بەقوچەکی"خوفو". سەیرترین گوتە کە بەرگوێی کەسانی نەزاندا دەچپێنرێت و خەڵکە نەزانەکەش بەهۆی نەزانیانەوە بێ ئەملاولا ئەو جۆرە گوتانە پەسەند دەکەن ئەوەیە کە دەڵێن قوچەکیەکانیان بەکۆیلەکان دروست کردووە! باشە کاتێك ئێمە چاوێك بە مێژووی دروستی ئەو قوچەکیانەدا بخشێنین بۆمان دەرکەوێت کە لەو سەردەمەدا هیچ کۆیلەیەك لەمیسردا بونی نەبوو، لەبەرئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو جۆرە گوتانە تا چ ڕادەیەك بێ بنەمایە. لەوانەیە لەو سەردەمەدا دیلی جەنگ هەبوبێت، لەوانەشە لەهەندێك کاروباردا سودیان لەدیلەکان وەرگرتبێت و بەکاریان هێنابێتن، بەڵام.نەك بەوشێوەی کە بڵێن قوچەکیەکانیان لەڕێی کۆیلەکانەوە بنیات نراوە، ئەم جۆرە پێناسە و گوتانە بێ بنەمایە. ئەو سەردەمانەی قوچەکیەکانیان دروست دەکرد جوتیارانی میسر زەویان هەبوو و بەخاوەندار لەقەڵەم دەدران، مەبەستم وردە خاوەندارە. چەند چالاکیەکیان لەسەر زەویەکانیان ئەنجام دەدا و بەروبومەکەشیان

PDF 4 KURD

کۆدەکردەوە و بەئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانەش بژێوی ژیانیان دابین دەکرد، بەڵام لەمڕۆدا تەماشای جوتیارانی میسر بکە، جوتیاری میسری تەنها پیشەی جوتیارەیە بەواتا کرێکارێکی تەواوە، بەواتا جوتیارێک کە بۆ کەسانی تر کار دەکات، هەرچی بچێنێت و دروی بکات دەبێت بیداتەوە بەخاوەن زەوی.

نف وتی: موسا دەزانی بۆچی باسی ئەمانەت بۆ دەکەم، چونکە تۆ بۆت سەلماندم لاویکی جێی متمانەیت. لەم سەردەمەدا خەڵکی میسر هەمان ئەو جوتیارانە بون کە متمانەیەکی تەواویان بەحکومەتەکەیان هەبوو و لەکاتی پێویستیشدا لەکانگای دڵیانەوە بەرگریان لێ دەکرد، چونکە یەکەم لەبەرئەوەی تێر بون، دووەم حکومەتی ئەو سەردەمە وەکو ئێستا خەڵکی دیل و بەکرێگیراوی نەبوو و پشتگوێ نەدەخستن، بۆنمونە لەلافاو و هەڵچونە ترسناکەکانی ڕوباری"نیل"دا کە پێویستی بەهاوکاری خەڵکی بوو لەسەرتاسەری میسر هەزاران کەس بەویست و ئارەزوی خۆیان بەکەرەستەی کار و تۆشەرەی پڕ لەنانەوە دەکەوتنە ڕێ، چونکە دەیانزانی بۆ ئەنجامدانی چ کارێک دەڕۆن، هەڵبەت بۆ ئەنجامدانی کارێک دەڕۆشتن کە سود و بەرژەوەندی خۆیانی تێدابوو. بەڵام ئێستا گەر ڕوباری نیل هەڵچێت و لافاو دروست ببێت، ئەگەر حکومەت داوای هاوکاری لەخەڵکی بکات یان ناڕۆن یان هەر ناتوانن بڕۆن، هەر تاکێکی میسری جگە لەپێست و ئێسقان هیچی بۆ نەماوەتەوە. هەڵبەت کەسانی بەهێز و کەتەشی تێدا بەدی دەکرێت، ئەوانە خۆویست و تەمەڵ و زۆردارەکانن، ئەمانە بەئەنقەست لەڕیزی سەربازیدا خزمەت دەکەن. بەدرێژایی ئەو دوو ساڵە جەنگە بەردەوامەی لەگەڵ دراوسێکانیدا لەخۆرئاوای میسردا ئەنجامیان داوە دە هەزار دیل لەوڵاتی خۆرئاوا"لیبی" و پێنج هەزار کەسیش لە کوش"سودانی ئەمڕۆ" بەدیلی گیراون کە لەمیسردا سەرقاڵی کارکردنن. میسریەکان بەهۆی سادەیی و بێتوانایی لەوەی قەرزەکانیان بدەنەوە، ناچارن خۆیان بفرۆشن و بچنە ڕیزی کۆیلەکانەوە. هەر لەبەرئەوەش بارودۆخی گشتی خەڵکی میسر بەوشێوەی لێهاتووە کە بۆم باسکردی.

موسا وتی: من ناتوانم چاوپۆشی لەو ستەمە بکەم کە لەبەرامبەر خەڵکی"کوش"دا کراوە و بەردەوام بیری لێدەکەمەوە.

PDF 4 KURD

نف وتـی: ئامۆژگاریـەکت دەکـەم وەك گوارەیـەك بیکـە بەگوێتدا، ئەویش ئەوەیـە، هەرکەسێك ویستویەتی لەبارەی دادوەری و ستەم، تەندورستی و نەخۆشـی، چاکە و خراپـە، هـزری لـەکاروبارەکانی جیهانـدا بخاتەگـەڕ ئـەوا خۆشـی لەگێژاوی ئـەم نالەباریەدا دەخنکێت.

چیتر موسا دوای ئەوە باسی خـەڵکی"کوش"ی نـەکرد. دوای ئـەوە موسا وتـی: ئێستا دەزانم کـە خـەڵکی میـسر لـەچ بارودۆخێکـدا دەژیـن، کاتێك لەکۆشـکدا بـوم بەشێوەیەکی تر بیرم لەمیسر و خەڵکی میسر دەکردەوە.

"نف"ی تەلارسـاز وتـی: چ کاتێك یەکـەمین بزیـسکەی ئـەم ڕونکایـە بـەر هـزرت کەوتووە؟

موسا وتـی: ئـەم بزیـسکەیە لـەبازاڕی میـسردا بـەر هـزرم کـەوت، چـونکە پـێش ئەوەی سـەردانی بازاڕی مـەزن و پـێش دەرچونم لەکۆشـك، بـیٚ لـەو کۆشـکە ڕازاوە و ژیـانی نـاو کۆشـك هـیچ شـتێکی تـر لەهزرمـدا نـەدەگونجا و وام دەزانـی خـەڵکانی تریش بێکەم و زیاد وەك من دەژین، وەك من جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگیان لەبەردایە و قەڵـەون و وەك کاربەدەسـتانی دەوڵـەت دەژیـن، بـەڵام لـەبازاڕی مەزنـدا ڕووبـەڕوی جیهانێکی تەواو جیاواز بومەوە. ئەم بیرۆکەیە بەسواربونم بۆ سەر ئەم کەشتیە و بیستنی گوتەگەلێکی زۆر تادەهات بەهێزتر دەبوو، ئالێرەدا زانیم ستەمکار کێیە و کـیٚ سـتەم لێکـراوە، چـونکە لەکۆشـکی فیرعەونـدا وام دەزانـی وڵات بەشـێوەیەکی دادوەرانە بەڕێوە دەبرێت، بەڵام هەرچی بەنێو خەڵکیدا بگەڕامایە باشتر پەیم بەوە دەبرد کە لەچ جیهانێکی دوفاقەدا دەژیم. دوای تـەواو بونی ئەم گفتوگۆیە موسا و"نف"ی تەلارساز پەیوەندیان بە سیٚ ئەندازیارەکەی ترەوە کرد.

***

ڕامـــسیس لەنۆیـــەمین ســـاڵی فـــەرمانڕەوایی-وەرزای داگیرکـــەر-ئاهـــەنگی حەفدەیەمین ساڵڕۆژی لەدایك بونی گێڕا: "ئامنی و ستائو"ئامادەی ئەو ئاهەنگە بـون، بـەڵام موسـا و"عاشـە"لـەویٚ نـەبون. موسـا هـەر بەوشـێوەی بینیمـان لەگەڵ"نف"ی تەلارسازدا گەشتێکی کورتی ئەنجام دا و لـەناو کەشـتیدا پەیوەنـدی

PDF 4 KURD

بە ئەندازیارەکانەوە کرد و "عاشە"ش لەلایەن "ڕامسیس"ەوە بەناونیشانی باڵوێز بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری ڕۆشتبوو بۆ لوبنان، بۆیە کۆکردنەوەی هاوپۆلەکانی ڕابردو دوای ئەوە بەمەحاڵ دەهاتە بەرچاو، مەگەر جێگری سەرۆك پێشنیاری ئەوەی لێ بکردایەن لەچواردەوریدا سەرقاڵی کارێك بن. تاکە کەسێك کە هەرگیز "ڕامسیس"ی بەجێ نەهێشت "ئامنی" بوو. "ستائو"ش هەرکاتێك هیچ کارێکی بەمارەکانی نەبوایە، دەڕۆشت بۆ لای ڕامسیس و لەوەڵامی ڕامسیس کە لێی پرسیبوو هاوڕێیان لەکوێن؟ بەدەم پێکەنینەوە دەیوت: کەیەڵێك لەیەکێك گۆشەکانی بیابان شك دەبەم، ئەمشەو دەڕۆم بۆئەوێ چونکە دڵنیام مارەکان پەنا بۆ ئەو کەلاوەیە دەبەن، بۆئەوەی بیانگرم، لەبەرئەوەی دەمەوێت شارەزای جۆرەکانی مار ببم، هەڵبەت ئەگەر بتوانم خۆم لەژەهری مەرگباریان ڕزگار بکەم...

"ئامنی"ش کە دەیزانی مەبەستی لەکەیەڵی ئەو بیابانە ماڵەکەی "ستائو"یە وتی: کەیەڵ نیە، نە کەیەڵە و نە تاقیگا، سەرەڕای ئەوەش تۆ چیتر ئەوەندە سامانت لەڕێی مارەکانەوە کۆکردووەتەوە کە چیتر پێویست بەوە ناکات دەست لەهیچ هەڕەشەیەکەوە بدەیت.

ستائو پرسی: تۆ لەکوێوە ئاگاداری ئەو هەموو نهێنیانەی منیت؟

ئامنی وتی: دەبێت لەگەڵ باوکمدا بڕۆم بۆ "ئەسوان" چونکە پەیکەرەکان، دەرگاکان، دەروازەی پەرستگا و زۆر لەبەرهەمە هونەرییەکان کە لەبەردە سەخستەکان دروست دەکرێن لەشاری "ئەسوان" بەدەست دێن، بەڵام لە "ئەسوان"دا جیاوازی کرێکاران لەگەڵ سەرپەرشتەکاندا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبوو، جیاوازیەکی مەزن لەبارەی هەڵگرتنی بەردی چەند تەنی هاتەپێشەوە و گرفتێکی مەزنیش بۆ ئەم گرفتە زیاد بوو، ئەویش خاڵی بونی خەزێنەی سروشتی کانزای دایکە، کە تەنها چەند ڕەگێکی کورت و کەمی مابوو.

جێی باسە گروپێك لە ئەندازیاران بەوردی و شارەزاییەوە ئەرکی سود وەرگرتنیان لەبەردی "خارا" لەئەستۆدا بوو و چاودێریەکی وردیان دەکرد، بەرد تاشەکان لەچەند گروپێکی تایبەتدا بۆ دەستنیشان کردن و هەڵسەنگاندنی باشترین بەرد پشکنینیان بۆ دانە دانەیان دەکرد، هەموو فیرعەونەکان بەشێوەیەکی

PDF 4 KURD

گشتی بەرپرسی کاروباری کانزا و هەلومەرجی ژیانی کرێکارانی کانە کانزاکان بون، ئەرکی چاودێری هەر لەکرێکارەوە تا ئەندازیاریان لەئەستۆدا دابوو، هەر لەبەرئەوەش رامسیس هەستیاریەکی تایبەتی لەشەوی سالڕۆژی لەدایکبونیدا لەبارەی ئەم جۆرە کاروبارانە نیشان دەدا. هەمان ئەم چاودێریە بووە هۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا "رامسیس"ەی بەئالۆزترین رووداو کە بەسەریدا هاتبوو ببات: لەیەکێك لەکانە کانزاکاندا کەسێك کارەساتێکی بەسەردا هات...

"شنار"داوای ئەوەی کردبوو رێی پێ بدرێت ژیانی لەباشوردا بەسەر ببات و لەپەرستگایەکدا گۆشەگیر ببێت! شنار ئامانجێکی لەم داواکاریەدا هەبوو: ئەویش چاوپێکەوتن لەگەڵ موسادا بکات. شنار بە بەدەستهێنانی ئەم مۆڵەتە توانی بەهەر شێوەیەك بووە، لەگەڵ ئەو زانیاریانەی لەرێی سیخورەکانیەوە بەدەستی هێنابوو خۆی بگەیەنێتە لای موسا. "موسا"ش سروشتی بەهێزی بەهێزتر بوبو، بە بینینی شنار کە زۆر قەڵەو بوبوو هەم سەری لێی سورما و هەم پێی شڵەژا.

شنار پرسی: سڵاو لە موسا، سەرقاڵی چیت؟

"موسا"ش پێی وت: خۆم فێری چەندکارێك دەکەم.

شنار وتی: بەڵام"نف"ی تەلارساز تۆ کەسێکی شارەزا و لێهاتویت.

موسا وتی: لەچەورەیی و زمان لوسی زۆر بێزارم، چ کارێکت پێمە کە تا ئێرە هاتویت بەدوامدا؟

شنار پرسی: وا بزانم بە بینینم زۆر خۆشحاڵ نەبیت و لەکانگای دڵتەوە رقت لێم بێت.

موسا وتی: لەوباوەڕەدام ئەمە هەستێکی دوور فاقەیە، پێم بڵێ لەپێناو چیدا ئازاری ئەم رێگاو و کەشتەت کرتووەتە بەر و تا منت نەدۆزیەوە دەستبەردا نەبویت؟

شنار وتی: بۆ بەدەست هێنانی هەندێك هێمنی و ئارامی، دەبێت پێت بڵێم بەهۆی هەڵبژاردنی رامسیس وەك جێگری سەرۆك خەنجەرێکی ژەهراوی لەپشتم داوە، براکەم پیاوێکی زۆر نیەت خراپە، دەمەوێت تۆ بکەمە دادوەر و داوای دادوەری لەتۆ بکەم، ئایا ئەو پلەوپایە شایستە منە یان نە؟

PDF 4 KURD

موسا وتی: مەبەستی خۆتم بەجوانی پێ بڵێ و بێ پەردە قسەم لەگەڵدا مەکە.

شنار وتی: دەبێت لەوە ئاگادارت بکەمەوە ئایندە و چارەنوسێکی مەزن چاوەڕێی موسا دەکات. تۆ دەبێت بەهیچ شێوەیەك متمانە بە"ڕامسیس"نەکەیت. چونکە بەهیچ شێوەیەك جێی متمانە نیە و هەرئەوەی لەسەر تەختی پادشایەتیدا دانیشت تەواوی هاوڕێکانی خۆی لەناو دەبات.

موسا وتی: دەتەوێت چیم پێ بڵێیت؟

شنار وتی: دەمەوێت هاوکاری و بەرگری لەمیسر بکەم، ڕزگاری میسر و تەنها ئامانجم خزمەتکردنی میسرە.

موسا وتی: ئەی شنار! باش بزانە خوداکان هاوار و دەنگ و گوتەکانت دەبیستن و ئەوەش باش بزانە کە زۆر لەدرۆ بێزارن.

شنار وتی: خوداکان ئایندەی میسر دیاری ناکەن، ئەوە ئێمەین کە ئایندەی میسر تۆمار دەکەین، دەمەوێت دەستی هاوکاری و دۆستایەتی بۆ موسا ڕابکێشم، پێکەوە کار بکەین!

موسا وتی: بێهودە ئازاری ئەم ڕێگایەت لەئەستۆ گرتووە شنار، بۆیە لەکۆشك هاتمە دەرەوە بۆئەوەی لەم جۆرە بابەتانە دور بکەمەوە و خۆم بەهەندێك شتی ترەوە سەرقاڵ بکەم، لەبەرئەوە وازم لێ بهێنە، چونکە باوەڕ ناکەم لەمبارەیەوە هیچ هاوکاریەکت بکەم.

شنار وتی: موسا تۆ هەڵەیت، زۆریش هەڵەیت.

موسا وتی: ئەگەر دەتەوێت پەنا بۆ زۆر ببەم، پێداگریەکی زیاترم لێ بکە و بەگوتەکانت ئازارم بدە.

شنار وتی: ڕۆژێك دێت پەشیمان دەبیتەوە... دوای ئەم گوتانە موسا بەتوڕەیی چاودێری ڕۆشتنی شناری کرد.

***

"دولانت"ی خوشکی ڕامسیس-هاوسەری ڕاهێنەری کەپ" هاواری کرد: لاچۆ لەبەرچاوم دەمەوێت جێگری سەرۆك ببینم.

PDF 4 KURD

ئامنی بەرپرس و نوسری ڕامسیس ڕێی لێگرت و وتی: دەبێت سەرەتا داوای مۆڵەت بکەیت.

دولانت وتی: تۆ داوای مۆڵەت لەکچی فیرعەون کە بۆ چاوپێکەتنی براکەی هاتووە دەکەیت؟ دوای ئەم قسانەی بەهەردوو دەستی پاڵی نا بە"ئامنی"ەوە و خۆی کرد بەژوری جێگری سەرۆکدا.

لەوکاتەدا ڕامسیس سەرقاڵی خوێندنەوەی چەند فەرمانێك بوو کەلەلایەن فیرعەونەوە گەشتبوو و دەبوو یەکسەر جێبەجێی بکردایە.

دولانت هاواری کرد: ناتەوێت هیچ کارێکم بۆ بکەیت؟

ڕامسیس پرسی: بۆچی بەزۆر خۆت کرد بەژوردا؟

دولانت وتی: خۆ ناتەوێت بڵێیت ئاگاداری هیچ شتێك نیت.

ڕامسیس وتی: تۆ سەرەتا بۆم ڕون بکەرەوە.

دولانت وتی: بە بەرزبونەوەی تۆ بۆ ئەم پلەوپایەیە ساری هاوسەرم چاوەڕێی ئەوەی دەکرد پلەکەی بەرز بکەیتەوە، تۆش دەبێت پلەکەی بەرز بکەیتەوە، ئەو کارەی خۆی دەیەوێت و حەزی لێیەتی پێی ببەخشیت.

ڕامسیس وتی: ڕاستە من جێگری سەرۆکم، بەڵام فیرعەون نیم، ئەو پلەوپایەی کە خوشکەکەم بۆ هاوسەرەکەی لێم داوا دەکات، لەدەستەڵاتی فیرعەوندایە، من ئەو دەستەڵاتەم لەدەستدا نیە.

دولانت وتی: سەردانی باوکیشم کردووە، ئەو ڕازی نیە ئەم جۆرە پلەوپایەیە ببەخشێت بەئەندامانی خێزانەکەی.

ڕامسیس وتی: کەواتە منیش هیچ دەستەڵاتێکم لەدەستدا نیە.

دولانت لەوکاتەدا توڕە بوو و وتی: ئەم جۆرە قسانە بەگوێمدا ناچن، تۆ دەبێت سەرپەرشتی هەموو خەزێنەکان ببەخشیت بەساری هاوسەرم.

ڕامسیس وتی: بەواتا تۆ دەتەوێت بڵێیت هەم دەست لەکاروبارەکانی فیرعەونەوە بدەم، لەهەمان کاتیشدا دژایەتی بکەم؟

دولانت وتی: تۆ هیچ کات ترسنۆك نەبویت، من خوشکتم هەنگاوێك لەپێناو مندا بنێ.

PDF 4 KURD

ڕامسیس وتی: هەر لەسەرتای ئەم بەرپرسیاریەتیەی کە پێم بەخشراوە دەتەوێت ناچارم بکەیت بەڕێی هەڵەدا بڕۆم.

دولانت بەتوڕەییەوە"ڕامسیس"ی بەجێ هێشت و"ڕامسیس"یش دوای ڕۆشتنی خۆشکەکەی سەرقاڵی پشکنینی ئەو گوزارشتە سامانیانە کرد کە لەلای "ئامنی"وە هاتبوو. دوای ماوەیەك ئاگاداری ئەوە بوو نوسەرانی "کاتب"شنار هەلی باشیان بۆ خۆیان قۆستوەتەوە، دوای ئەو پشکنینە ڕامسیس"شنار"ی برای بانگ کرد. شنار بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا زۆر خۆشحاڵ بوو.

ڕامسیس وتی: ئایا تۆ چاودێری ڕاستەوخۆی نوسەر و ژمێریارەکانی خۆت کردووە یان نە؟

شنار وتی: بەگشتی بەڵێ; بەڵام لەکاروبارە لاوەکیەکاندا نەخێر.

ڕامسیس وتی: کاروباری کاغەزی"پاپیرۆس" و ئەو مامەڵانەی بەمانەوە پەیوەست دەکرێن کاروباری گشتین یان لاوەکی؟

شنار وتی: مەبەستت چیە! گرفتێك هەیە؟

ڕامسیس وتی: باش بزانە ئەوانەی هەڵەیان لەم کارانەدا کردوو بەتوندی سزایان دەدەم.

شنار وتی: دەمەوێت لەمەودوا لەژێر چاودێری براکەم و بەپێی فەرمانی ڕامسیس کاروباری بازرگانی بەڕێوە ببەم.

ڕامسیس سەری لەگۆڕینی بارودۆخی شنار سوڕما و وتی: پێشنیارێکی تازە شك دەبەیت؟

شنار وتی: ئێمە براین، دەبێت شان بەشانی یەکتری کار بکەین و پشتی یەکتری بگرین و دژایەتیەکانمان ولا بخەین. تۆ جێگری سەرۆکی من بە بەڕێوبەری کاروبارەکان دەستنیشان بکە، بەم شێوەیە کاروبارەکان باشتر بەڕێوە دەچن...

شنار بەم دوایین ڕستەیە "ڕامسیس"ی بەجێ هێشت... ڕامسیس نیگەرانی گۆڕانی لەناکاوی شنار بوو و زۆریش لێی بەگومان بوو، بۆیە بەئامنی وت: پلانێکی نوێی لەژێری سەردایە، سەرەڕای ئەوەش فەرمانێك لەلایەن فیرعەونەوە هاتووە و دەڵێت بەیانیان لەگەڵ ئەودا بەشداری لەمەراسیمی بەیانیان بکەم...

PDF 4 KURD

ستە هوس-شاژنی میسر-شابانوی جوانی کۆشکی فیرعەون جیاواز بوو لەهەموو ژنانی ئەو کۆشکە، مەراسیمی هەڵبژاردنی سرود بێژەکانی بۆ بەشداری کردن لەئاینی پەرستنی"حانحور" لەپەرستگادا لەئەستۆ گرت. لەم مەراسیمەدا کچانی لاو بۆئەوەی بەختی خۆیان بۆهەڵبژاردن تاقی بکەنەوە بەسەختترین ئەزموندا تێدەپەرین، ئەم کچانە لەسەرتاسەری میسرەوە هاتبون بۆ"تبس" لەنێو هەموو ئەم کچانەدا تەنها کچێك کارەکانی بەرجەستە و شایەنی دەستخۆشی بوو ئەویش شاژنی فیرعەون بوو، چیتر دوای ئەوە ئەو ئەزمون و تاقیکردنەوەیە کۆتایی پێهات و لەو ئێوارەیەدا نۆرەی ناساندنی کەسی براوە و ئەنجامدانی چەند مەراسیمێك کە بەو یادەوە پەیوەست بوو. لەباخی پەرستگادا میوانداریەکی خواردنیان بەبۆنەی دەستگیراندارە ئامادەبوەکان رێك خست و هەموو نیگاکان ئاراستەی کچێکی بێدەنگ بوو کە عود بەدەست ئاوازێکی بۆ ژەنین ئامادە کردبوو. ناوی ئەو کچە"نفر تاری"بوو کە پەیوەندیەکی ئاشکرای لەگەڵ "رامسیس"دا هەبوو. شاژن لە"نفر تاری"نزیك بویەوە و دەستخۆشی و ستایشی لێکرد. عود ژەنی جوان خۆی بەشاژن ناساند: ناوم "نفر تاری"ە.

ستە هوس پرسی: لەکوێیت و چۆن فێری ژەنیاری بویت؟

نفر تاری وتی: من خەڵکی"تبس"م و خوێندکاری بارەگای"میر ئور" بوم و خوێندنیشم لەوێ تەواو کردووە.

شاژن وتی: وەك لەروخسارتدا دیارە زۆر دڵت بەم هەڵبژاردنەت خۆش نەبێت، بەڵام دەبێت خۆشحاڵ بیت.

نفر تاری وتی: خۆشحاڵم بەڵام دەبێت هەرچی زوترە بگەرێمەوە بۆ پەرستگای ئامون و پەیوەندی بەکارمەندانی ئەوێوە بکەم.

شاژن پرسی: دەتەوێت کەسێکی گۆشەگیرت لێ دەربچێت؟

نفر تاری وتی: ئاشنا بون بەنهێنیەکان رێگا و ئامانجی منە.

شاژن وتی: تۆ زۆر لەوە لاوتری کە دەست لەم جۆرە کاروبارانەوە بدەیت، بۆچی چێژ لەسەردەمی لاویەتیت وەرناگریت؟

نفر تاری وتی: بەلای منەوە پەرستن و مەراسیمی ئاینی مەزنترین چێژە.

PDF 4 KURD

ستە هوس پرسی: نیازت نیە پەیوەندی هاوسەری پێك بهێنیت؟

نفر تاری وتی: هیچ بیرم لێ نەکردووەتەوە.

ستە هوس-شاژنی میسر-وتی: ژیان لەپەرستگادا بۆ کچێکی وەك تۆ بێزارکەرە..... دوای ئەوە وتی: ئەگەر لەباتی ئەوەی لەپەرستگای"ئامون"دا گۆشەگیر ببیت و خۆت سەرقاڵی عود ژەنین بکەیت، پێشنیارێکت لێ بکەم پەسەندی دەکەیت؟

نفر تاری پرسی: چ پێشنیارێکم لێ دەکەیت؟

-ستە هوس"ی شاژن وتی: لەکۆشکدا ببیتە سەرپەرشتی کاروباری ناو ماڵەکەم! من لەکۆشکدا هاودەم و هاورێیەکی پیرم هەبوو و ماوەیەك لەوەوپێش کۆچی دوایی کرد، بۆیە دەمەوێت ئەو پلەوپایە ببەخشم بەتۆ! بەلاتەوە چۆنە؟

نفرتاری وتی: ئەزمونی من ژەنینی عودە، نەك بەڕێوبردنی کاروباری ناوماڵی شاژنی میسر.

شاژن وتی: فێرت دەکەن!

نفر تاری وتی: ماوەم بدە بیری لێ بکەمەوە.

ستە هوس ڕاهاتبوو بەوەی پێش هەڵهاتنی خۆر لەخەو هەستێت، چونکە زۆر چێژی لەهەڵهاتنی خۆر وەردەگرت و پێی ڕاهاتبوو. "نفر تاری"یش دەقاودەق هەمان خوی هەبوو، لەبەرئەوە ئەوە هەردوکیان پێکەوە هاوکات بەرنامەی ڕۆژانەیان هەماهەنگ دەکرد. "نفر تاری"دوای چەند ڕۆژێك وەڵامی ڕەزامەندی پێ ڕاگەیاندبوو و سەرقاڵ بوو بەفێربونی کاروباری ناوماڵەوە، سەرەڕای ئەوە هەموو شتێك نامۆ دەهاتە بەرچاوی. لەیەکێك لەڕۆژەکانی سەرقاڵ بونی بەکارەوە. شنار هات بۆ لای دایکی و یەکسەر داوای لێکرد بڵێت بەهاوڕێکەی بڕواتە دەرەوە بۆئەوەی دو بەدور چەند گفتوگۆیەکی نیهێنی لەگەڵدا بکات.

ستە هوس پرسی: گفتوگۆکەمان ئەوەندە نهێنی ئامێزە کە پێویست بەوە بکات بڵێم بەهاوڕێکەم بڕواتە دەرەوە و گوێی لەهیچ گفتوگۆیەکمان نەبێت؟

شناری وتی: بەڵێ وایە دایە گیان!

PDF 4 KURD

"ستەهوس"یش بەهێمای دەستی تێیگەیاند کە بڕواتە دەرەوە و بە"شنار"ی کوڕی وت: ئێستا پێم بڵێ!

"شنار"یش وتی: دودڵم لەوەی ئایا پێت بڵێم یان نە.

"ستە هوس"ی شاژن وتی: بڕیارت داوە بێیت بۆ لام و ئەوەی لەدڵتدایە پێم ڕاگەیەنیت، بەڵام کاتێك ئەو هەلەت بۆ ڕەخساوە دودڵ بویت؟

شنار وتی: لەوە دەترسم قسەکانم دایکم ئازار بدات.

ستە هوس بەنیگەرانیەوە لێی پرسی: ئایا شتێکی دڵتەزێن ڕویداوە؟

شنار وتی: دایەگیان هەڵت هێنا، فیرعەونی باوکم و ڕامسیس و هاوڕێکانی دیار نەماون!

شاژن وتی: ئایا دڵنیایت لەوەی ون بون.

شنار وتی: ماوەیەکی زۆرە ڕۆشتون بۆ ناو بیابان. ڕۆشتون بۆئەوەی بەدوای کۆڵبەرانی ئاڵتوندا بگەڕێن، بەڵام هیچ هەواڵێکیان نیە.

"ستە هوس"ی شاژن وتی: ئەگەر شتێك بەسەر فیرعەونی باوکتدا بێت یەکسەر منی لێ ئاگادار دەکەنەوە.

شنار پرسی: بەچ شێوەیەك؟

"ستە هوس"ی شاژن بۆی ڕونکردەوە: لەنێوان من و باوکتدا پەیوەندیەکی نهێنیمان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بگرە ئەو کاتانەش کە لەیەکتر جیا ببینەوە، بەشێوەیەك لەشێوەکان هەست بەباری دەرونی یەکتری بکەین، دڵنیابە لەوەی باوکت هیچی شتێکی بەسەردا نەهاتووە و تەندروست و باشە.

شنار وتی: دایە گیان ئێمە نابێت تەنها پشت بەم گوتانەی تۆ ببەستین، وڵات لەو جۆرە هەستانەی تۆ باسی دەکەیت جدی ترە.

ستە هوس وتی: پێویست بەوە ناکات ئەوەندە خۆت نیگەران بکەیت، ئەگەر فیرعەون بەڵایەکی بەسەردا بێت من و هاوڕێکانم سەرتاپای وڵات بەدوایاندا دەگەڕێین.

شنار پرسی: پێویستت بەهاوکاری من نیە؟

PDF 4 KURD

ستە هوس وتی: ئەگەر بیر لەوە بکەیتەوە لەسەروی ئەو کەسانەی دەڕۆن بۆئەوەی فیرعەون لەبیاباندا بدۆزنەوە دابنێم، بەهەڵەدا چویت.

شنار وتی: هۆکارێك لەپشت ئەمەوەیە کە تۆ ئەم بەرپرسیاریەتیەم پێناسپێریت؟

ستەهوس وتی: گوێ لەهاواری ویژدان و دەرئەنجامی کارەکانت بگرە.

لەڕاستیدا "ستە هوس" بەهۆی نیگەرانی شنار یان هۆکاری ئەوەی شنار داوای کرد بڕوات بۆ ناوبیابان تا بەدوای ونبونی چەند ڕۆژەی فیرعەون و ڕامسیسدا و هاوڕێکانیدا بگەڕێت، چەند کەسێکی نارد بۆئەوەی بەدەوایاندا بگەڕێن. ئەو نوێنەرانەی بۆ گەڕان نێردران لەچەند کەسێك زیاتر نەبون بەدەستی کۆمەڵێك دەوار نیشین کە کەتبونە بۆسەیانەوە کوژران. بەهۆی نەگەڕانەوەی ئەمانە، سیخوڕەکانی"شنار"بەمشێوەیە دەنگۆیان بڵاو کردووە کە فیرعون و هاوڕێکانی بونەتە قوربانی جادویەکی شوم و لەناوچون. شنار بەئاگادار بون لەم ون بونە هەوڵێکی زۆری دا بۆ تێکدانی بارودۆخەکە، بەڵام بەهۆی هۆشیاری دایکی-شاژن ستە هوس- پلانەکەی شناری پوچەڵ کردەوە، بەڵام هێشتا هیچ هەواڵێك لە فیرعەون و ڕامسیس و هاوڕێکانیەوە نەگەشتووە، ئەم درەنگ بونەیان شاژنی دڵگران کرد و"ئامنی"نوسەری "ڕامسیس"ی بانگکرد و ئەوی بەسەرۆکایەتی کۆمەڵێکی شایستە نارد بۆ بیابان بۆئەوەی بەدوای فیرعەوندا بگەڕێن.

کەسە گەڕۆکەکان بەرەو ئەو چاڵانە ڕۆشتن کە فیرعەون و ڕامسیس ڕویان تێکردبوو: بەڵام هیچ کەسێك لەناو نەچوبوو جێگری سەرۆك و هاوڕێکانی لەمەرگێکی ڕاستەقینە ڕزگاریان بوو، چونکە"شنار"تەواوی بیرە ئاوەکانی سەر ڕێی فیرعەون و ڕامسیسی ژەهراوی کردبوو، بەڵام بەهۆی هۆشیاری"ڕامسیس"ەوە دوای نەخۆش کەوتنی چەند کەسێك لەهاوڕێیانی بەوە هۆی ئەوەی تیری"شنار"ئامانجی خۆی نەپێکێت، چونکە شنار پێشوەخت لەدواین دانیشتنی لەگەڵیاندا ئاگاداری ئەوە بوو کە ڕامسیس و باوکی دەیانەوێت بۆ چ شوێنێك بڕۆن، بۆیە هاوڕێکانی نارد بۆئەوەی بیرە ئاوەکانی سەر ڕێیان ژەهراوی بکەن.

فیرعەون هەر ئەوکاتەی گەڕایەوە کاروباری وڵاتی گرتەوە دەست و دەربارەی پلانەکەی"شنار"ڕاوێژی لەگەڵ "ستە هوس" و جێگری سەرۆکدا کرد...

PDF 4 KURD

تەلارسازەکان نەخشەکانیان بەرفراوانتر کرد و گفتوگۆی هونەریان لەنێوان خۆیاندا دامەزراند. "نف"بەشێوەیەك لەو دورگە بچوکەدا سەرگەرمی بواری ئەندازیاری و هونەری تایبەت بەتەلارسازی بوو و بەشێوەیەکیش موسای فەرامۆش کردبوو کە بگرە ئاگاداری ئەوەش نەبوو"شنار"ی کوڕی فیرعەون کە سات لەدوای سات هەوڵی ڕاوکردنی موسای دەدا، لەوێدا لەگەڵ موسادا دەستی کردووە بەگفتوگۆکردن. "موسا"ش بۆ نائومێدکردنی شنار ئەوی بەجێهێشت و ڕۆشت بۆ لای"نف" و بینی ئەو و سێ تەلارسازی تر بڕێك نان و خورمایان لەبەردەمیاندا داناوە و چاوەڕێیان دەکرد. خواردنی سادەی ئەندازیارەکان لەناو جەرگەی ئەو دورگەیەدا بەناونیشانی خواردنێکی خۆش بۆ ئەو چەند کەسە زۆر چێژبەخش بوو و بەتامەزرۆوە دەستیان بەخواردنی کرد. ئامانجی دواییان دورگەیەك بوو کە زۆر لەم دورگەیەی تریان دور نەبوو. لەو دورگەیەشدا بڕیاربوو خەزێنەیەکی گەنم بنیات بنێن. "موسا و نف و هاوکارەکانی چونە ناو ئەو دورگەیەوە و دەستیان کردن بەلێکۆڵینەوە و پشکنینی ئەو شوێنە. موسا کەمێك پیاسەی بەنێو ئەو دورگەیەدا کرد تا گەشت بەچەند پیاوێکی ڕیش درێژ و تا ڕادەیەك ڕوت کە بەسەختی سەرقاڵی هەندێك کاری بێزارکەر بوون. موسا گوێی لەگفتوگۆیان گرت، زمانی گفتوگۆیان لەگەڵ زمانی گفتوگۆی میسریدا زۆر جیاواز بوو. لەهەمان ئەو کاتەدا چەند گەمێ و کەشتیەکی پڕ لەکەرەستەی بنیاتنان لەلەنگەرگادا کەناری گرت و بارەکەیان خاڵی کرد.

سەرۆکی ئەندازیاران موسای بردە ناوچەیەکی ئەو دورگەیەوە و لێی پرسی: بەشە زەوی ئەم دورگەیە بە چ شێوەیەك لێك دەدەیتەوە؟

موسا وتی: زەوی ژێرپێم زۆر ڕەقترە لەبەشە زەویەکانی تری ئەم دورگەیە.

"نف"ی تەلارساز بەم شێوەیە بۆ موسای ڕونکردەوە: هۆکاری ڕەقی و بتەوی ئەم زەویە ئەو خەزێنەیە کە لەژێر ئەم زەویەدا دروستم کردوەو، لەژێر ئەم بەشە زەویەدا خەزێنەیەکی گەنم هەیە، ئەم بەشە بەخاك و بەردیەوە کە لەناوچەیەکی ترەوە هێنراوەتە ئێرە، لەشوێنەکانی تر بەرزترە.

موسا وتی: ئەو خەندەقەی کە بەچواردەوری دورگەدا هەڵکەنراوە چیە؟

PDF 4 KURD

"نـف" بـۆی ڕونکـردەوە: هەربەوشـێوەی دەیبینـی، ئـاوی نـاو ئـەم خەندەقـە کۆکراوەتەوە، ئەم ئاوە هەرچەند ڕۆژ جارێك خاڵی دەکرێتەوە، ئەم خەندەقە بۆ ئاوە چۆڕکردنی زەوی ئامادە کراوە.

موسا وتی: ئاوەچۆڕ چیە؟

نف وتی: هەرشوێنێك لیتە و شێدار بێت بۆ وشککردنی ئەو زەویە بەچواردەوری ئەو زەویە شێدار و لیتەدا خەندەقێك هەڵدەکەنن بۆئەوەی لـەڕێی شـێداری زەویـەوە وەك ئاوەچۆڕ لەچینی خوارەوەی زەویەوە تێپەڕێت و ڕۆبچێتە ناو ئەم خەندەقانەوە تا وردە وردە وشك دەبێت.

موسا وتی: ئایا تۆ بیرۆکەی ئەم خەندەقانەت داهێنا؟

نف وتـی: دوهـەزار سـاڵ لـەوەوپێش ئـەم جـۆرە خەندەقانـەیان داهێنـاوە، بـەواتا پێنج سەد ساڵ پێش بنیات نانی قوچەکیەکان ئاگاداری شێوازی ئاوەچۆڕکردن و دروستکردنی خەندەقەکان بون.

موسا وتـی: دەزانم کە فیرعـەون زۆر حـەزی لەدروسـت کردنـی بینـا بەردینەکانـە، بۆئەوەی بەهۆی هۆکارە ژینگەیەکانەوە وێران نەبێت، بەڵام بۆچـی ئـەمڕۆ کەشـتیەك خشتت هێنـا بـۆ ئـەم دورگەیـە؟ ئایا دەتـەوێت خەزێنـەی گـەنم بـە خـشت دروسـت بکەیت؟

نف وتـی: تـا ئێـستا خەزینـەی دانەوێڵـەکانمان بـە بـەرد دروسـت دەکـرد چـونکە دەمانزانی لەئاوهەواوی وشکی بیاباندا بەرد ئارەق ناکات و شێدار نابێت.

موسا بەسەرسوڕمانەوە پرسی: بۆچی بەردیش عارەق دەکات؟

نف وتی: بەڵێ لەناوچە شێدارەکاندا بەردی ناو خەزێنەکان عـارەق دەکـەن، بـەڵام ناوچەکانی وەك ئەم دورگەیە کە بـەردەوام هـەوای هەیـە بەهیچ شێوەیەك ناهێڵێـت بەرد عارەق و شێدار ببێت.

موسا وتـی: ئـەم بابەتـە بەلامـەوە زۆر تـازە بـوو، کەواتـە خەزێنـەی ئێـرە بـەچ کەرەستەیەك دروست دەکرێت.

نف وتی: بناغەی ئەم خەزێنانە بە خشت و دیوارەکەشی بەبەرد.

PDF 4 KURD

***

سەردانی وڵاتی "کوش"کاریگەریەکی زۆری کردە سەر"موسا" و کاتێکیش لە"کوش"گەڕایەوە ڕۆشتەوە بۆ کۆشك، بەڵام ئەم "موسا"یە "موسا"کەی جاران نەبوو، چونکە خۆی لەهەموو شازادەکانی تر دورەبەپەرێز دەکرد و ئەوانیش کاتێك ئەویان بەوشێوەیە دەبینی هیچ گرنگیەکیان پێ نەدەدا. سێ ڕۆژ دوای ئەوە گەشتێکی سێ ڕۆژەیان بۆ شازادەکان ڕێکخست بۆئەوەی سەردانی "بوتو"٢٢ بکەن. موسا نەیدەویست بڕوات، بەڵام دایکی "ئنخاس ئامون"هانی دا لەگەڵیاندا بڕوات. "موسا"ش لەگوێی دایکی کرد و لەگەڵیاندا ڕۆشت. لە"بوتو"دا سۆزانیخانەیەکی مەزن پیاوەکانی بەلای خۆیدا پەلکێش دەکرد و شەوانیشی زۆر قەرەباڵغ دەبوو، لەڕۆژیشدا دەڵاڵەکان لەبازاڕی کۆیلە فرۆشیدا بازاڕێکی گەرمیان هەبوو. موسا کاتێك سواری کەشتی بو نەیدەزانی دەیانەوێت بۆ کوێ بڕۆن و شازادەکانیش لەبارەی ئەم گەشتەیانەوە باسی هیچیان نەکردبوو. موسا کاتێك خۆی کرد بەناو شاردا و خۆی کرد بەناوچەیەکی ئەو شارەدا، بینی بارودۆخی خەڵکی زۆر ئاساییە، ژنەکان تاڕادەیەك ڕوت، پیاوەکانیش مەست بون و لەکاتی ڕێکردندا ڕەتیان دەخوارد، لەدواییدا پێیان وت ئەم ژنانە سۆزانین و بەبینینی چەند دیمەنێکی دڵتەزێن وتی: ئەم ماڵانە چیان تێدا دەکرێت.

ڕێبەرەکەی پێی وت: ئێرە سۆزانیخانەیە ئەگەر دەتەوێت بڕۆ بۆخۆت ڕابوێرە.

موسا وتی: دەبێت هەرچی زوتر بگەڕێمەوە و لەم ناوچەیە بڕۆمە دەرەوە.

ڕێبەرەکەی پێی وت: تۆ ناچاریت تا کۆتایی لەگەڵ براکانی ترتدا بمێنیتەوە، چونکە هیچ کەشتیەك بەتەنهایی تۆ ناگەڕێنێتەوە بۆ"تبس" لەم ناوچەیەدا هەندێك شوێنی خۆشیش هەیە کە دەتوانی کاتەکانی خۆتی تێدا بەسەر بەریت.

موسا هەندێك کات لەکەنار ڕوباری نیلدا لەتەنیشت ڕاوچیانی ماسی یان ئەوانەی"گەمی٢٣"یان هەبوو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکردن، هەندێکاتیش قسەی لەگەڵ گوندنشینەکاندا دەکرد و لەوانەوە فێری هەندێك بابەت دەبوو کە هیچ

---

[22] بوتو: ئەسکەندریەی ئێستا.

[23] بڕۆ پەراوێزی ژمارە ٨.

PDF 4 KURD

مامۆستایەکی قوتابخانەکەی فێریان نەکردووە. موسا هەرچی زیاتر لەگەڵ چینی ئاسایی کۆمەڵگاکەی ئاشناتر ببوایە زیاتر پەیی بەناوەڕۆکی کۆمەڵگا و شێوازی ژیانیان دەبرد.

PDF 4 KURD

موسا و جیهانێکی نوێ

موسا لەتەمنی حەڤدە ساڵیدا زانی جوانی ڕاستەقینە چیە و پەیی بەوەش برد کە بۆچی دایکی بەهۆی لەدەست دانی ئەو ڕوخسارە جوانەی خەمگین بووە. ئەو دایکی وەك شاژنێکی میسر دەبینی، ئێستا بەلەدەستدانی جوانیەکەی ناتوانێت زۆر ببێتەی مایەی سەرنجراکێشانی دەوروبەری، هەر لەبەرئەوەش زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ دایکیدا تێدەپەڕاند بۆئەوەی هەست بەتەنهایی نەکات و خەمگین نەبێت. "ئنخاس ئامون"کاتێك دەیبینی موسا لەتەنیشتیەوەیەتی زۆر خۆشحاڵ دەبوو و دەیبینی کوڕەکەی لەڕوی جوانی ڕوخسار و ئەندامی جوانیەوە لەلاوەکانی تر جیاوازترە. بەهاوسەنگی گەورەتر بونی موسا دایکی پیرتر دەبوو. کاهینی مەزنیش کە هەندێکات سەردانی دەکردن، زۆر باش ئاگاداری ئەو جیاوازیە بوو، هەروەها دەیزانی بێ لەحاڵەتی پیربونی"ئنخاس ئامون" هەڵگری نەخۆشیەکیشە کە دەبێت سەری کونبکرێت و نەشتەرگەری مێشکی بکەن، کاتێك باسی ئەم بابەتەی بۆموسا کرد، موساش پێی وت: هەرئێستا لەلای دایکم بوم، بەڵام باسی ئەم نەخۆشیەی بۆ نەکردم.

سەرۆکی کاهینەکانی کۆشکی فەرمانڕەوایی بەم شێوەی بۆی ڕونکردەوە: دایکت نەیدەویست باسی ئەم بابەتەت بۆ بکات، چونکە لەوە دەترسا تۆ دڵگرانی بیت و خەمی بخۆیت.

موسا وتی: ناحەقی نیە، چونکە هەرئێستاش بەبیستنی ئەم هەواڵە زۆر دڵگران بوم..... لەبەرئەوەی نەیدەویست لەوە زیاتر لەبارەی دڵگرانیەکانی دایکی قسە

PDF 4 KURD

بکات، بابەتی گفتوگۆکەی گۆڕی و وتی: ئەی کاهینی مەزن دەربارەی ئەو پلانەی باست کرد دەتەوێت چی بکەیت؟

ئامون تپ بۆماوەیەك بەسەرسوڕماوی بێدەنگ ڕاوەستا و نەیتوان تێبگات لەوەی موسا مەبەستی چیە و موساش ناچار بوو ئامارژەی پێبدات، دەربارەی خستنە ڕووی گرنگی دان بەخودای "ئاتون" بۆماوەیەك "ئامون تپ"پەنجەی خستە لوتی و تەماشای چواردەوری کرد، دوای ئەوە لەسەر خۆ وتی: هێشتا کاتی ئەنجامدانی ئەو پلانە نەهاتووە.

موسا پرسی: کەی دەتەوێت ئەم پلانە جێبەجێ بکەیت، پێم بڵێ بۆئەوەی منیش ئاگادار بم.

ئامون تپ وتی: بەو ئاسانیەش ناتوانین بانگەشە بۆ خودای ئاتون بکەین، چونکە بچوکترین هەڵە دەبێتە هۆی لەناوچونمان.

موسا وتی: بەڵام جاری پێشوو وا بوّت باسکردم کە تەواوی خەڵکی میسر لایەنگری خودای ئاتونن!

کاهینی مەزن وتی: وام نەوت، ئەگەر ئامارژەشم بە لایەنگرانی ئاتون دابێت، مەبەستم خەڵکی نەبووە، بەڵکو نیوەی کاربەدەستە کۆنە بەتەمەنەکانە.

موسا وتی: وام دەزانی هەرئەوەی بانگەشە بۆ ئەم خودایە بکەین خەڵکی لایەنگریمان دەکات!

کاهینی مەزن دوبارە لەسەر خۆ وتی: تائێستاش کە سەرکەوتنمان لەوەدا بەدەست هێناوە کە ئەم نهێنیەمان ئاشکرا نەبێت و من و دایکت بۆئەوەی بتوانین تۆ لەئاگری فیرعەون بپارێزین کارێکی زۆر گرنگمان ئەنجام داوە.

موسا وتی: ئاگری فیرعەون؟ من هیچ هەڵەیەکم نەکردووە بۆئەوەی لەئاگری فیرعەوندا بسوتێنرێم، بۆچی دەمسوتێنێت؟

ئامون تپ وتی: فیرعەون چەند ڕۆژێك لەوەوپێش دایکتی بانگ کرد و پرسیاری تەندروستی لێکرد، ئایا دایکت باسی ئەم بابەتەی بۆ کردویت.

موسا وتی: نەخێر.

PDF 4 KURD

ئامون تب وتی: لەوانەیە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نیگەرانی تۆ بێت، هەرچی بێت دایکت ڕازی بووە بەوەی کون بکەنە کاسەی سەریەوە و نەشتەرگەری مێشکی بکەن.

موسا بەدڵگرانیەکەوە لێی پرسی: دوای ئەوەی نەشتەری کرد چاك دەبێتەوە.

کاهینی مەزن وتی: ئەم پرسیارە وەڵامێکی سەیر و سادەی هەیە، ئەویش وەڵامەکەی بەڵێ- نەخێرە!

موسا وتی: ئەمە چ جۆر وەڵامێکە، وەڵام یان دەبێت بەڵێ بێت یان نەخێر.

ئامون تپ وتی: نمونەیەکت بۆ دەهێنمەوە بۆئەوەی باش لەمەبەستم تێبگەیت، ئەویش ئەوەیە ئەگەر بەختی چاکبونەوە و بەختی مردنی بەهۆی نەشتەرگەری مێشکی بخەینە سەر هەردو تای ترازوویەکەوە و کێشانەی بکەین، هەردوو تاکە هاوسەنگ لەبەرامبەر یەکتریدا ڕادەوەستن!

موسا وتی: فیرعەون چی بەدایکم وت؟

کاهینی مەزن وتی: فیرعەون بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دایکتی تێگەیاند، لەبەرئەوەی ئەم نەشتەگەریەی ئەگەری مەرگ و ژیانیشی هەیە، پێی وت ئەگەر ڕاسپاردەیەکی هەیە ئێستا بیکات.

موسا پرسی: ئایا دایکم هیچی پێ ڕاسپارد.

کاهینی مەزن وەڵامی دایەوە: هەڵبەت، ئەویش ڕاسپاردەیەکی سادە بوو، کوڕەکەم نەکوژێت!

موسا تێکچوو و وتی: بەدڵنیاییەوە نهێنیەك هەیە وەك زۆربەی ئەو بابەتانەی ئاگام لێیان نەبوو، بەڵام لەدەرەوەی کۆشك تێگەشتم چ باسە، تۆش ناتەوێت پێم بڵێیت... دوای ئەوە بەردەوام بوو: فیرعەون چ وەڵامێکی دایەوە.

کاهینی مەزن لەسەرخۆ پێی ڕاگەیاند: فیرعەون بەڵێنی بەدایکت دا، تا ئەوکاتەی موسا دژم پلانرێژی نەکات!

موسا وتی: چ پلانێك دەتوانم دژی فیرعەون دابڕێژم؟

PDF 4 KURD

ئامون تـپ وتـی: بۆنمونـه هـەمان ئـەو داوایـەی لـەبارەی"ئـاتون"کـردت، بـەواتا بانگەشـە بـۆ ئـاتون بکـەیت! ئەمـەش خـۆی بـۆ خـۆی بـەجۆرێك پلانرێـژی لەقەڵـەم دەدرێت و سزاکەشی مەرگە.

موسا وتی: تۆ حەز دەکەیت ئێرە بەجێ بهێڵین؟

کـاهینی مـەزنی کۆشـك پرسـی: بـڕۆین بـۆ کـوێ؟ سـەرەڕای ئـەوەش بۆچـی لێـرە بڕۆین؟

موسا وەڵامـی دایـەوە: چـونکە لـەوباوەڕەدام گیانـت لەهەڕەشـەی مەرگـدا بێـت، ئەگەر فیرعەون کـەمترین بـۆنی ئـەوە بکات کـە تـۆ"ئاتون"پەرستی، لـەناوت دەبات. گالیسکەیەك دەکرین و دەڕۆین بۆ میسری سەرو.

کـاهینی مـەزن وتـی: ئـەم گواسـتنەوەیەمان هـیچ سـودێکی نابێـت، چـونکە تـەنها شـوێنێك کـە ئـەم نەخـشە و ئامانجـەمان کاریگـەری خـۆی هـەبێت، لەهـەمان ئـەم شوێنەدایە، سەرەڕای ئەوەش تۆ دایکێکی نەخۆشت هەیە، دەیانـەوێت کون بکەنـە کاسەی سەریەوە و نەشتەرگەری مێشکی بکەن، بۆیە ئامادەبونت لەکەنار دایکتـەوە ئـەرکێکی ژیانیـە... موسـا کاتێـك بـیری لەنەخۆشـی دایکـی کـردەوە دەسـتی کـرد بەگریان.

ئامون تپ پرسی: بۆچی دەگریت؟

موسا لەگریان کەوت و لە کاهینی پرسی: کەی نەشتەرگەری بۆ دەکەن؟

ئامون تپ وتـی: دوای چەند ڕۆژێکی تر نەشتەرگەریەکەی بۆ دەکـەن..... دوای ئەم وەڵامە موسا لە کاهین دور کەوتەوە.

تـەلاری نەشـتەگەری کۆشـکی فـەرمانڕەوایی سـتونگەلێکی زۆر مـەزنی هـەبوو، موسا پاڵی بەستونێکەوە دابویەوە و چاوەڕێی نەشتەگەریەکەی دەکرد. بێ لەموسا نزیکـەی پێـنج سـەد کەسـی تـر بۆنمونـە کاهینـەکانی کۆشـك لـەوێ ئامـادەبون، هەرئەوەی"ئنخاس ئامون"یان بردە ژوری نەشتەرگەریەوە هەموویان دەستیان کرد بەخوێندنـەوەی"زەبـور"، بۆئـەوەی خوداکـان هاوکـاری"ئنخـاس ئـامون"بکـەن بەزیندوویی بمێنێتەوە. گروپی پزیشکانیش لەگۆشەیەکدا ئامادە و دەستیان کرد بەپێشەکی ئەنجامـدانی نەشـتەرگەری و کـونتێکردنی کاسـەی سـەری، سـەرەڕای

PDF 4 KURD

ئەوەی تەواوی پزیشکەکان دەیانتوانی نەشتەرگەری بکەن، بەڵام نەشتەرگەری ڕاستەقینە و ڕێپێدراو پزیشکێك بوو کە هەلومەرجێکی تایبەتی هەبوو و دوای تێپەڕاندنی چەند خولێکی جیاواز کە چەند ساڵێکی خایاند، بەڵام کاتێك پزیشکی نەشتەرگەر پیر دەبێت مۆڵەتی پێ نەدەدرا نەشتەرگەری بکات. مۆڵەتی نەشتەرگەری دەبێت لەبارەگای"ماڵی ژیان"دەربکرێت و هۆکاری پۆچەڵبونەوەی مۆڵەتی نەشتەرگەریش بەهۆی ئەوەوە دەردەکرا کە پزیشکی ناوبراو بەهۆی پیریەوە دەستی دەلەرزێت و چیتر ناتوانێت بەسەر ڕگ و ماسولکەی دەست و جەستەیدا زاڵ بێت. بێ لە کاهین و پزیشکان کۆمەڵێك لەخزمەتکارە پلە یەکەکانی کۆشکیش بەبۆنەی پلەوپایەیان مۆڵەتی ئامادەبونیان هەبوو. "ئنخاس ئامون" بەجوانترین شێوە ئاڕایشت و بەهەنگاوێکی جێگیر و هێور و لەسەرخۆ و بەسەر خۆدا زاڵ خۆی کرد بەناو تەلاردا. لەناوەڕاستی تەلاردا مێزێکی بەردینی ساف و سواقدراو هەبوو، ئەم مێزە تایبەت بوو بەنەشتەرگەریەوە. بەچواردەوری ئەو مێزەدا چەند چاڵێك دروست کرابوو بۆئەوەی لەکاتی نەشتەرگەری و خوێنڕێژیدا، خوێن لەڕێی ئەو چاڵانەوە لەشوێنێکی تایبەتدا کۆ ببێتەوە و نەڕژێتە سەر زەوی. لەتەنیشت ئەم مێزەشەوە، مێزێکی تر لەهەمان شێوە دانرابوو و بەسەریەوە کەرەستەگەلێکی جیاوازی نەشتەرگەری دەبینرا"چەقۆ، پنس، سوژن"دەبینرا کە هەموویان لە"مەفرەغ" -برنزی- دروست کرابون کە زۆر ساف و جوان بوون، سەدان شوشە و گۆزەی بچوك و گەورەی پڕ لەدەرمانی جۆراوجۆر لەلایەکی ئەو تەلارەدا بەجوانی ڕیزکرابوو و دیمەنێکی شکۆمەندی هەبوو، بەڵام بەگشتی ئەو تەلارە زۆر کاریگەر و تۆقێنەر دەهاتە بەرچاوی موسا، لەوانەبوو دایکی لەو شوێنەدا بمرێت. بەهاتنە ژوری"ئنخاس ئامون"پزیشکی تایبەتی فیرعەونیش خۆی کرد بەژوردا و ڕاستەوخۆ بەرەوڕوی کەسی نەخۆش ڕۆشت. سەرۆکایەتی پزیشکان لەئەستۆی کەسێکی بالا بەرز بەناوی ریکوفار"Rekufar"بوو، ئەو سەرەتا ڕۆشتە لاسەری"ئنخاس ئامون" و وتی: ئێمە ئەوەی بۆ ئەم نەشتەرگەریە پێویست بێت ئامادەمان کردووە، ئێستاش لەگەڵ پزیشکانی بەئەزمونی میسر

PDF 4 KURD

دەست بەئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەریە دەکەین، لەمیسردا پزیشکێکی لەو باشترمان دەست ناکەوێت.

"ئنخاس ئامون" زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: ئەگەر بەم قسانە هەوڵی دڵنەوایی دانەوەی من دەکەیت، ئەوا دڵنیابە لەوەی بەئەندازەی گەردێکیش ترسم نیە، بگرە زۆریش خۆشحاڵم.

رکوفار وتی: ئەی خودای خۆشەویست ڕێمان پێ بدە بۆئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەریە سەرت بتاشین.

ئنخاس ئامون زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: خۆتان ماندوو مەکەن، دوای ئەوەی قژە دەستکردەکەی سەری لابرد و سەری کەچەڵی دەرکەوت..... بەدزیەوە کوڕەکەی خستبووە ژێری چاودێریەوە، کاتێك بینی موسا گریا بانگی کرد وتی: وەر با ماچێکت بکەم، ئەوەت لەبیر نەچێت لەم جیهانەدا خەم بۆ هیچ شتێك نەخۆیت، بەتایبەت ئەوشتانەی لەسنوری دەستەڵاتی تۆدا نیە، دڵگرانی کارێکی پەسەندکراو و ژیرانە نیە، بەڵام موسا هەر دەگریا، تا ئەوکاتەی"ئنخاس ئامون"خۆی ئامادەی نەشتەرگەری کرد و پەردەیەك لەنێوان ئەو و ئامادەبواندا هەڵواسرا، چیتر موسا دوای ئەوە نەیدەتەوانی چاوی بەدایکی بکەوێت.

لەمکاتەدا"ئامون تپ"دەستی خستە سەرشانی موسا و وتی: ئایا دەتوانی لەهەلومەرجێکی ئاوادا دایکت بەجێ بهێڵیت؟

موسا وتی: پێم بڵێ ئەرێ دایکم لەکاتی ئەم نەشتەرگەریەدا ئازاری پێدەگات؟

ئاموت تپ وتی: بەوشێوەی بیستومە دەرمانێك دەدەن بەکەسی نەخۆش، کاریگەری ئەم دەرمانە بەڕادەیەکە کە کەسی نەخۆش بۆماوەی کاتژمێرێك هەست بەهیچ ئازارێك ناکات.

موسا پرسی: ئەوە چ دەرمانێکە؟

ئاموت تپ وتی: گیایەکی کێوی و ژەهراویە بەناوی"خشخاش" شیرەی ئەو گیایە چەند ناوێکی پزیشکی جیاوازی هەیە، هیچ یەك لەو دەرمانانە تائێستا نەیتوانیوە وەك ئەم شیرەی"خشخاش"ئازاری نەخۆش هێور بکاتەوە. لەبەرئەوە

ئاسودە خەیاڵ بە، دایکت بەهیچ شێوەیەك هەست بەئازار ناكات، تەنها دەبێت بزانیت چ كاتێك دێتەوە هۆش خۆی!...

PDF 4 KURD

هاتنی داگیرکەری"ترۆی"بۆ میسر

"نفر تاری"بەناونیشانی بەڕێوبەری نوێی کۆشك شاژن"ستەهوس"کاتێك خۆی کرد بەژوری شاژندا چاوی بە"ڕامسیس"کەوت، ڕامسیس کاتێك چاوی کەوت بە"نفر تاری"وەك هەورە بروسکە لێی بدات ڕاوەشا و ماتی کرد، بەشێوەیەك وشك بوو کە"ستە هوس"لێی پرسی: ئایا تۆ"نفر تاری"دەناسیت؟ بۆچی سەرت لەبینینی سوڕما؟

ڕامسیس وتی: بەڵێ پێشتر چاوم پێی کەوتووە، ئەو براوەی ژەنیارانە هەروەها قسەشم لەگەڵیدا کردووە،

ستە هوس وتی: ئەو دەقاودەق هاوتەمەنی تۆیە، تەمەنی حەفدەساڵە، بەڵام وەك کچێکی جوان ناز دەکات. ستە هوس ئاگاداری ئەوە بوو کە دڵی کورەکەی شەیدا ئەو کچە بووە. ئاماژەی بەتەمەنی دا بۆئەوەی ڕێگایەك بێت بۆ بڕیارەکانی داهاتوی، بەڵام ڕامسیس "ی دڵ دۆڕاو گرنگی بەتەمەن نەدەدا...

ستە هوس بە"ڕامسیس"ی وت: چەند ئەرکێکی قورس چاوەڕێت دەکات، باشتر وایە بۆ پێشوازیکردنی"منلائوس"ی داگیرکەری"ترۆی"خۆت ئامادە بکەیت.....

"ڕامسیس"یش دەیزانی کە میوانێکی دەستەڵاتداری هەیە، دەبێت بڕوات بۆ پێشوازیکردنی.

ڕامسیس جلوبەرگێکی سەرەکی پۆشیبوو و لە لەنگەرگادا بەشێوەیەکی سەربازی ڕێی دەکرد لەناکاو دە دانە گەمێی یۆنانی یەك لەدوای یەك لە لەنگەرگا نزیك بونەوە و لەنگەریان گرت. پاسەوانەکانیش لەیەکەمین تەماشاکردنیاندا وایان دەزانی ئەمانە گەمێی جەنگین کە بەو شێوەیەك پێکەوە یەك لەدوای یەك لەنگریان

PDF 4 KURD

گرت بۆیە هەندێك لە گەمیوانە جەنگیەکانی میسر خۆیان بۆ جەنگ ئامادە کرد، بەڵام بەتەماشاکردنی ئەفسرانی میسری ئەم نیگەرانیە ڕەوایەوە ئەم پێشوازیە بەلای"ڕامسیس"ەوە زۆر ماندوکەر بوو، چونکە لاوێکی کەم حەوسەڵە و مەراسیمی ڕەسمی و پێشوازیکردن زوو بێتاقەتی دەکرد، جێگری سەرۆك وشەی بەخێربێی لەبەر خۆیەوە دوبارە دەکردەوە نەوەك لەکاتی خۆیدا هەڵە بکات. ئەو کەشتیانەی لە لەنگەرگادا لەنگەریان گرت کەشتیگەلێکی تەواو نەبون، زۆربەی بەهۆی دوایین جەنگی یۆنانیەکان زیانیان پێکەشتبوو و بەشێك لە چارۆکە و بەشەکانی تری بەسەختی تێك شکابوون و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە بوو، بێگومان ئەم کەشتیانەی گەشتبونە ئەوێ لەڕێیاندا توشی چەتەی دەریا بوو بون و لەگەڵ ئەوانیشدا جەنگیبون، ئەوەی لەدەریای میدترانەدا"دەریای ناوەڕاست" بەسەر کەشتیە یۆنانیەکاندا هاتبوو دەرچونیان شتێکی مەحاڵ بوو. کەشتی یەکەمیان بەپردی جولاوەوە پەیوەست کرا و هەموان چاوەڕێیان دەکرد کە بزانن چ کەسێك لەکەشتیەکە دادەبەزێت: پیاوێکی باڵا بەرز، چوارشانە، تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵ دەبوو، قژێکی زەرد، ڕوخسارێکی زبر لەکەشتیەکەوە دەرکەوت. ئەو پیاوە بەهۆ زرێپۆشی سینە و پێی، خودەیەکیش بەهێمای ئاشتی بەسینەیەوە چەسپاندبوو، لەدوای ئەوەوە ژن و مێردێك کە لەو پیاوە باڵایان بەرزتربوو، باڵاپۆشێکی ئەرخەوانی و ئەو نیوە تاجەی کە بەنێوچەوانیەوە نابوو بڵند پایەیی ئەو دوانەی نیشان دەدا. ژن و پیاو لەپردە جولاوەکە پەڕینەوە و گەشتنە لای ڕامسیس. ڕامسیس وەك خانەخوێیەك ڕێوڕەسمی پێشوازی بەجێهێنا و وتی: من ڕامسیس، جێگری سەرۆکی میسر، بەناوی فیرعەون بەخێرهاتنتان دەکەم.

دوای ئەوە نۆرەی میوان هات وتی: منیش ناوم"منلائوس"ی کوڕی "ئاتریوس"ی پادشای"ئیسپارت"و هاوسەرم"هلنە"لەشاری نەفرەتی"ترۆی"ەوە دێین. ئەو شارەی بۆماوەی دە ساڵ بەجەنگەوە سەرقاڵی کردین، بۆیە داوای لێبوردنتان لێدەکەین بەهۆی ئەوەی بەکەشتیگەلێك کە لەجەنگی"ترۆی"دا زیانیان پێگەشتووە هاتوین بۆ لاتان، ئایا میسر ڕێمان پێدەدات پێش ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ"ترۆی" لێرە کەمێك هێز بەبەرخۆماندا بهێنینەوە و بحەوێینەوە؟

PDF 4 KURD

ڕامسیس وتی: بەهۆی ئەوەی پێتان ناوەتە خاکی میسرەوە بەخێرهاتنتان دەکەین، بەڵام مۆڵەتی مانەوەتان لەدەستی فیرعەوندایە. من جێگری سەرۆکم و جێبەجێکاری فەرمانەکانی ئەوم، ئەگەر حەزدەکەن بەمەبەستی حەوانەوەتان لێرەدا کەمێك بمێننەوە دەبێت لەناو کەشتیەکانتاندا بمێننەوە تا ئەوکاتەی داوای مانەوەتان لە فیرعەون بکەین.

بۆ ئەو مەبەستەش شورای وڵات کۆبونەوەیەکیان لەگەڵ یەکدا کرد و ڕامسیس لەو کۆبونەوەیەدا وتی: ئەم کابرا یۆنانیە بەکەسێکی ساختە دێتە بەرچاوم.

"مبوك"سیاسەتمەدار و ڕاوێژکاری کاروباری سیاسی فیرعەون کە تەمەنی نزیکی شەست تا حەفتا ساڵی هەبوو زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: دیپلوماسیەت وابزانم لەگەڵ گریمان و بەخێرهاتن و نەهاتنندا ناگونجێت، بەڵکو بەڕاستی ئەوە پادشایەکە کە دەستی هاوکاری بۆ درێژ کردوین.

ڕامسیس دوپاتی کردەوە: ئەم پیاوە خیانەتمان لێ دەکات، بەئامادەبونی لەوڵاتی میسردا بەو هەموو کەشتیە جەنگیانەوە زۆر لێی بەگومانم.

مبوك وتی: گومانکردن باشە، بەڵام پەلە کردن لە بڕیارداندا کارێکی هەڵەیە.

فیرعەون لەوکاتەدا گوێ لەگوتەی ئەندامانی شورا دەگرت، بۆئەوەی لەکۆتاییدا بڕیارێکی گونجاو و باش بدات وتی: بەباشی دەزانم"منلائوس و هلنە"ی هاوسەری بانگێشتی نانی ئێوارەیان بکەین، دوای ئەوە بڕیارێکیان لەسەر دەردەکەین، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدان لەکەشتیەکانیاندا دەمێننەوە تا ئەوکاتەی بڕیارەکانمان یەکلایی دەکەینەوە...

"منلائوس"بەهەنگاوێکی جێگیر لەتەنیشت"هلنە"ی هاوسەریەوە لەفیرعەون نزیك بویەوە و کاسەی کانزایی جوان لەگەڵ چەند کەوانێك کە لەدارێکی نایاب دروست کرابوو پێشکەشی فیرعەون کرد و وتی: ئەم جۆرە کەوانانەمان لەجەنگی"ترۆی"دا بەکار هێناوە، بەناونیشانی باشترین دیاری و تیژبڕترین چەك پێشکەشی فیرعەونی دەکەین... ئەو ئەفسەرانەی لەگەڵ پادشای"ئسپارت"دا هاتبون دامێنێکی چواربەشی سور و جزمەی درێژیان بەناونیشانی شێوازی جلوبەرگی ڕەسەنی ئەو وڵاتە لەبەرکردبوو و بازنەی لولی قژیشیان تا خوار شانیان

PDF 4 KURD

شۆڕ دەبویەوە. "ستە هوس"لەتەنیشت"هلنە"کە کراسێکی سەوز و جوانی لەبەردابوو دانیشت و"منلائوس"یش لەلای دەستی ڕاستی فیرعەوندا ڕاوەستا. پادشای"ئیسپارت"چوبووە ژێر کاریگەری شکۆمەندی"وەرزای داگیرکەر"ەوە کە لەداگیرکردنی ولاتاندا ناوبانگیەکی مەزنی بەدەست هێنابوو. دواى ئەوە شەراب بەنێو میواناندا دابەشکرا و زمانەکانی هێنایە گۆ.

منلائوس بەم شێوەیە باسی جەنگی"ترۆی"ی کرد: چ توانا و سامان و تەمەنێکی گرابەهامان لەپشت دەروازەی"ترۆی"ەوە بەفیڕۆ دا، بۆماوەی دەیە یەك..... لەمکاتەدا ئامادەبوان لەپاراوی و زاڵبونی"ستەهوس"ی شاژنی میسر بەسەر زمانی"یۆنان"یدا کە کاری وەرگێڕانی ئەو ڕوداوەی لەئەستۆ گرتبوو سەریان سوڕما...

ڕوخساری"هلنە"لەژێر پەردەیەکی تۆڕ شێوەدا داپۆشرابوو و ستەهوس لێی پرسی: بۆچی ڕوخسارتان لەژێر ئەم تۆڕەدا دەشارنەوە؟

هلنە وتی: لەبەرئەوەی من وەك ئاژەڵێکی نەفرەت لێکراو بومە هۆی ئەوەی زۆرێك لەپاڵەوانەکان گیانیان لەدەست بدەن. منیان دزی و ئەم دزینەشم بوبەهۆی ئەوەی جەنگێکی دە ساڵە بەدوای خۆیدا بهێنێت، من بومە هۆی ئەوەی "ئسپارت"یەکان لەشکرکێشی بکەن و"ترۆی"داگیر بکەن، لەڕاستیدا ئێمە دەستپێشخەریمان لەم جەنگەدا نەکرد، بەلام هەر بەوشێوەی پێشتر بۆم باسکردی، من هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم ڕوداوە بوم.

ستە هوس پرسی: ئایا تائێستا خۆت بەتاوانباری سەرەکی جەنگی "ترۆی" دەزانی؟

هلنە وتی: لەبەرئەوەی"منلائوس"هێشتا لێم نابورێت، بۆیە منیش لەژێر ئەم پەردە تۆڕەدا هەست بەئازادی ناکەم.

ستەهوس وتی: بۆچی هەست بەئازادی ناکەیت؟

هلنە وتی: چونکە زۆر ڕقم لە"منلائوس"ە، چونکە ئەوە من بوم هانم دا پەنا بۆ ولاتی میسر ببات و کەشتیەکانی لە لەنگەرگاکانی میسردا لابدات، بۆئەوەی بتوانم

PDF 4 KURD

داوای پەناهەنـدەیی لەمیـسردا بکـەم! بـیری گەڕانـەوەم بـۆ ئیـسپارت هـزرم ئـازار دەدات!

سـتەهوس بـەزمانی هێماکـان بەشـێوەیەك کـە"هلنـە"ئاگـادار نـەبێت، بـەدەم خواردنەوەی مەیەوە ئەم بابەتەی بۆ فیرعەون گێڕایەوە.

فیرعەونیش وتی: دەبێت لەمبارەیەوە ڕاوێژ لەگەڵ ئەندامەکانمدا بکەم.

"منلائـوس"کـاتێ سـەری بەشـەراب گـەرم بـوو باسـی چـۆنایەتی داگیرکردنـی "ترۆی"ی بەم شێوەیە بۆ کردن: ئەم جەنگە بۆماوەی یەك دەیە درێـژەی کێشا، من لەهـەموو کەسـێك زیـاتر لـەڕەفتارەکانی"هلنـە" دڵگـران بـوم، بـەڵام دەبێـت دان بەئازایـەتی"ئـەخیل" و قارەمانـەکانی تـردا بنـێم. لەڕاسـتیدا ئـەوەی یەکـەمجار پێشنیاری ئەسپە دارینەکـەی کـرد"ئولیـسیس"بـوو، بۆئـەوەی سـەربازەکان لـەناو ئەسپەدارینەکەدا خۆیـان بشارنەوە، خـەڵکی"تـرۆی"زۆربون و ئەسپە دارینەکەیان کێشایە ناو قەڵاکەیانەوە و وایان زانی سەرکەوتنیان لەم جەنگەدا بەدەست هێناوە. ئەوەی لـەم نێوەنـدەدا لەهـەموو ڕووداوەکـانی تـر سـەرنج ڕاکێـشتر دەهاتـە بەرچاو، مامەڵـەی باشـی"شـنار"بـوو لەگـەڵ"پادشـای"ئیـسپارت"دا. دواجـار دوای تکـا و پێداگریـەکی زۆری"شـنار"بوبـە هـۆی ئـەوەی فیرعـەون بەشـێوەیەکی کـاتی ڕێیـان پێبدات لەمیسردا بمێننەوە، "شنار"شەو و ڕۆژ لەتەنیشت"منلائوس"دا چاوەڕێی هەلێکی دەکرد بۆئەوەی لەگەڵ پادشـای"ئیسپارت"دا دژی ڕامسیس یـەك بگرن و دژی ڕاپەڕن!

شنار لەباخە گەورەکەیدا بەڕۆح و گیان پێشوازی لـە"منلائوس"کرد و منلائوس لێی پرسی: تۆ کوڕە گەورەی فیرعەونیت، وا نیە؟

شنار وتی: بەڵێ.

دوای ئـەوەش منلائـوس یەکـسەر پرسـیارێکی تـری لێکـرد: بـەڵام لـە لەنگەرگاکەدا"ڕامسیس"ی براتان وەك جگری سەرۆك پێشوازی لێکردین و داوای لەفیرعەون کرد بۆماوەیەك لێرەدا بمێنینەوە، بەڵام ئەگەر بەهەڵەدا نەچوبێتم بـەپێی نەریتـەکانی میسر دەبێت کوڕە گـەورە ببێتـە جێگـری سـەرۆك و لـەدوای پادشـای میسر ئەو لەسەر تەختی پادشایەتیدا دەبێت دانیشێت.

PDF 4 KURD

شنار وتی: بەڵام بەداخەوە وا نەبوو، لەهەمان کاتدا فەرمانڕەوایی"ڕامسیس"ی برام میسر لەناو دەبات، چونکە براکەم توانای فیرعەون بونی نیە.

منلائوس وتی: ناکۆکی و دژایەتی کردنی تۆ لەگەڵ"ڕامسیس"دا وەك ئەوە وایە کە دژایەتی فیرعەون بکەیت، وانیە؟

شنار وتی: "ڕامسیس"ی برام فیرعەونی باوکمی فریو داوە، ئەگەر هاوپەیمانێکی جێی متمانەم لەدەرەوەی وڵات شك ببردایە دەمتوانی بەجێگیری هەنگاوەکانم بنێم و هەرئەوەی فیرعەونی باوکم کۆچی دوایی کرد لەگەڵ هاودەست و هاوکارەکانمدا"ڕامسیس"م سەرنگون دەکرد. منلائوس لەوکاتەدا زۆر بەسەختی ڕۆچووە هزری خۆیەوە...

بارەگای"میرئور"یەکەمین شوێن بوو کە لە لایەن"نفر تاری"ەوە پیشانی "هلنە" درا.

هلنە وتی: بەڕاستی ئەمە هەلێکی زۆر بێوێنەیە، دە ساڵ ڕەنجی جەنگ، ئێستاش خاکی پڕ بەپیت و جوانی میسر بۆ برینە کۆنەکانم وەك مەڵهەمێك وایە کە لەحاڵی سارێژبوندایە. لەوکاتەدا لەبەرامبەر گۆماوێکدا دانیشتبوو و بێدەستەڵات دەگریا. "نفر تاری"دڵنەوایی"هلنە"ی دایەوە و لێی پرسی: مەگەر لە"ئیسپارت"دا تۆ شاژن نیت.

هلنە وتی: منلائوس بەڕوکەش والێکی دەداتەوە، بەڵام ئەو لەپلەوپایەی پیاوێکی جەنگیدا شارێکی لەگەڵ زەویدا یەکسان کرد و کوشت و کوشتاری خستە نێو دانیشتوانەکەیەوە، تەنها لەپێناو ئەوەی هاوسەرەکەی بگەڕێنێتەوە بارەگاکەی خۆی و پەڵەی ئەم نەنگیە لەدامێنی پاك بکاتەوە، بەڵام بەلای منەوە ژیان لە"ئیسپارت"دا وەك دۆزەخ وایە..... "نفر تاری"سەری لەم گوتانەی سوڕما و بێ لەبێدەنگی هیچ کارێکی تری لێ نەوەشایەوە، "هلنە"ش بەدەم گریانەوە گەڕایەوە بۆ ژورەکەی خۆی، نفرتاریش لەوکاتەدا ویستی دڵنەوایی بداتەوە:

-شاژن"ستە هوس"دەیەوێت چاوی پێت بکەوێت.

هلنە وتی: لەم ژورە ناڕۆمە دەرەوە.

PDF 4 KURD

نفر تاری وتی: بەڵام شاژنی میسر چاوەڕێتان دەکات، بۆ تۆ باش نیە ئەو بەچاوەڕێ بهێڵیتەوە. دوای ئەوە"هلنه"ناچار هەستایە سەر پێ و خۆی ڕازاندەوە بۆئەوەی بڕوات بۆ لای"ستەهوس"ی شاژن...

منلائوس سەری لەبینینی هونەری دارتاشی میسر سوڕما، شوێنی چاکسازی کەشتی میسر کەشتی"یۆنان"ەکانی لەماوەیەکی کورتدا نۆژەنکردەوە، چارۆکە و ئەو بەشانەی زیانیان پێکەشتبوو وەك یەکەم ڕۆژی دروستکردنیان لێکردنەوە. نەك تەنها کەشتیەکان، بەڵکو سەربازەکانیش ڕێیان پێدرا دابەزنە ناوشارەوە و خودی پادشای"ئیسپارت"یش قەرەبوی ڕۆژانی جەنگی لەمیسردا دایەوە. "هلنە"ش لەپۆشش و نەریتی تازە، لەژێر کاریگەری و پێداگری"ستەهوس"بەنەریتی میسریەکان جلی لەبەرکردبوو کە ئەو جۆرە پۆشاکانە"منلائوس" بە بێشەرمانەی لەقەڵەم دەدا. ژنانی میسر لەچاو ژنانی یۆناندا زۆر ئازاد بون، یۆنانیەکان ژنەکانیان لەماڵەکانیاندا زیندانی دەکرد، لەکاتێکدا ژنانی میسر کەسانێکی ئازاد و کۆمەڵایەتی بون و کار و ئەرکێکی جیاوازیان ئەندام دەدا. "منلائوس" لە"هلن و ستە هوس"نزیك بویەوە، بەڵام "هلنە"ی هاوسەری بەهیچ شێوەیەك گوێی نەدا بەهاوسەرەکەی و لەبەریەوە هەڵنەستا!

منلائوس وتی: هلنه ئەوە منم.

"هلنە"ش وتی: دەتبینم.

منلائوس وتی: بۆچی نەریتی ڕێزگرتن بەجێ ناهێنی؟

هلنە وتی: بۆچی دەبێت ڕێزت لێ بگرم؟

منلائوس وتی: لەبەرئەوەی هاوسەر و فەرمانڕەوای تۆم.

هلنە وتی: فەرمانڕەوای ئێرە فیرعەونە.

منلائوس وتی: دەڕۆینەوە بۆ ئیسپارت، خۆت ئامادە بکە.

هلنە وتی: تۆ بەتەنهایی دەڕۆیتەوە.

منلائوس بەتوڕەییەوە پەلاماری"هلنە"ی دا، "هلنە"ش بەچەقۆیەك کە بەدەستیەوە بوو بەرگری لەخۆی کرد و پاشەکشەی بە"منلائوس"کرد و وتی: سزای دەستدرێژی کردنە سەر ژن لەمیسردا مەرگە... پادشای ئیسپارت و

PDF 4 KURD

هاوسەرەکەی لەمیسردا دوچاری دەرگیریەکی خێزانی سەخت بونەوە و"ستەهوس"ی شاژنی میسر بە بینینی ئەو دیمەنە ژن و مێردی بەتەنها جێهێشت بۆئەوەی بێ دەست تێوەردانی هیچ کەسێك گرفتەکانیان چارەسەر بکەن. منلائوس گەڕایەوە شوێنی نیشتەجێ بونی خۆی کە باخی"شنار"بوو و بەهۆی تورەییەوە لەبەر خۆیەوە دەینەڕاند. کاتێك"شنار"تورەیی پاڵەوانی یۆنانی بینی، هۆکارەکەی لێ پرسی، بەڵام"منلائوس" لەوکاتەدا نەفرەتی لەئاسمان و زەوی دەکرد، پێکێك شەرابی بۆ هێنا و"منلائوس"یش هەڵیدایەوە و لەسەر زەوی دانیشت: ئەم ژنە بێشەرەفە ژیانی منی نابوت کرد...

شنار وتی: ناحەقت نیە کە بەوشێوەیە تورە بیت، بەڵام ئێرە میسرە و ژنان لەدەست نیشانی کردنی چارەنوسیاندا ئازادن.

منالائوس وتی: ئەو جۆرە شارستانیە کە ژن بیەوێت قسەی خۆی بەجێ بهێنێت لەیۆناندا بونی نیە، نەفرەت لەم ئازادیە، نەفرەت لە"هلنە"

شنار وتی: هاوار و تورەیی، گرفتەکان چارەسەر ناکات، من لەخزمەتی پادشای"ئیسپارت"دام.

منلائوس وتی: ژنەکەم بەپێی یاساکانی ئێوە دەستی داوەتە سەرکێشی کردن و سەرپێچی لەفەرمانەکانم دەکات، ئەم فیرعەونەی میسر ئەوەندە ئازادی داوە بەژنانی ئێرە کە بووەتە هۆی ئەوەی کەسێکی بێشەرمیان لێدەربچێت.

شنار وتی: پادشای ئیسپارت میوانی خۆشەویستی منە، ئەگەر من بومە فیرعەونی میسر بەدەست بەستراوی فرێی دەدەمە بەردەمت.

منلائوس سەری لەم دەربڕینە سوڕما و وتی: من دەبێت چیت بۆ بکەم؟

شنار وتی: دێر یان زوو فیرعەون کەنارگیر دەبێت، ئەو بەتێپەڕبونی تەمەنێکی زۆر خۆیی لەڕادەبەدەر ڕەنجاندووە، ئێمە تەنها پێویستمان بەکەمێك کاتە، خولێکی پشوو لەمیسردا بەڕێوەیە، لەو ڕۆژانەدا دەتوانین پێکەوە بەمەبەستی خۆمان بگەین، پادشای ئیسپارت دەبێت هاوکاریم بکات بۆئەوەی بتوانم سەرەتا "ڕامسیس"ی برام لەناو ببەم.

PDF 4 KURD

منلائوس وتی: بۆ تەمێدانی هاوسەرەکەم هەرکارێکم پێ بسپێریت ئامادەم ئەنجامی بدەم، نامەوێت کاتێکی زۆر بەسەر ئەمەدا تێپەڕێت، دەمەوێت دەست بنێمە قورگیەوە.

ڕامسیس گۆڕینی لەناکاو و ڕێزێك كه بەم تازەییانە لەڕەفتاری کابرای پادشای ئیسپارتدا دەیبنی سەری سوڕما. منلائوس بەفەرمانی شنار هەوڵی دا لە"ڕامسیس"نزیك ببێتەوە، لەم نزیك بونەوەشی هاوڕێی بێگەرد و ملکەچی لێدەرچوو و خۆی بە ملکەچی فەرمانەکانی"ڕامسیس"نیشان دەدا. فیرعەونیش لە دەیەمین ساڵی فەرمانڕەواییدا هەوڵیدا"ڕامسیس"لەقۆناخێکی زۆر گرنگ و هەستیاردا بگەیەنێتە ئاستی پلەوپایەی بەڕێوەبردنی وڵات، ئەم قۆناخە ناسینی نهێنیەکانی "ئزیریس"بوو. هەرکەسێك پەی بەنهێنیەکانی"ئزیریس"نەبات نابێتە فیرعەون. هەڵبەت فیرعەون دەیویست کەمێکی تر دان بەخۆیدا بگرێت بۆئەوەی ئەزمونێکی زیاتر لەبەڕێوبەرایەتیدا بەدەست بهێنێت، دوای ئەوە ئاشنای نهێنیەکانی "ئزیریس"ببێت، بەڵام لەبەرئەوەی لەمدواییانەدا باری تەندروستی تا دەهات خراپتر دەبوو، بەباشی دەزانی هەرچی زوتر ڕامسیس بەقۆناخی"ئزیریس"دا تێپەڕێنێت. ئەو دوانە دەبێت بە"ئابیدوس"سەردانی تەختی ئەهریمەن بکەن.

PDF 4 KURD

خودای ست یان ئەهریمەن

"ستە هوس"کە واتای –ئەهریمەن زادە– دەگەیەنێت، مەزنترین پەرستگای بۆ"ئزیریس" بنیات نابوو. خودای ئەهریمەن"ئزیریس"ی برایی کوشتبوو، و ئێستاش"ست"ی بکوژ بۆ هەتاهەتا جەستەی درەوشاوەی"ئزیریس"ی لەسەر شانی هەڵگرتبوو. رامسیس و فیرعەون لەیەکەمین دەروازەی بارەگای منارەی دوسەرەی پەرستگاوە تێپەڕین. دوو کەسیش لەکاهینەکان هاتنە پێش و لەهەمان ئەوکاتەی رامسیس و فیرعەون خۆیان کرد بەو پەرستگایەدا دەست و پێیان لەهەسێرێکدا ئەتراوی کرد. دوای ئەوە ئەو دوانەیان لەتەنیشت چاڵێکەوە تێپەڕاند، چەند دەرگایەك لەبەرامبەر ئەو دوانەدا کرایەوە، کاهینێك کە پۆشاکێکی سپی لەبەردابوو بەسەرێکی کەچەڵەوە"رامسیس"ی بردە ژورەوە و وتی: کڕونش بەرە! دوای ئەوە رامسیس پێی نایە زەوی ئەو پەرستگایەوە، بۆنی"کوندور٢٤"لەهەموو شوێنێکدا دەهات، لەو پەرستگایەدا حەوت ژور هەبوو و رامسیس و فیرعەن سەردانی هەر حەوت ژورەکەیان کرد و خوداگەلێکی جیاوازیان بینی، دوای ئەوە فیرعەون و کوڕەکەی ئەو فەرمانەکانی فیرعەونیان بەسەر ستونەکانی پەرستگا کەبە"هیرۆگلیفی"تۆمار کرابوو خوێندەوە و فیرعەون بە"رامسیس"ی وت: ناوی باوباپیرانت لەئاسماندا تۆمار کراوە. بەپێی یاسا دەبێت فەرمانڕەوایی بکەیت، فەرمانە هەڵکۆڵراوەکانی ئەم پەرستگایە لەهزرتدا تۆمار بکە.

---

[24] کوندور: کەتیرەیەکی بۆن خۆشە کە لەدرەختێکی دڕداری وەك"مرۆد" لێ دەکرێتەوە... سەرچاوە ﴿فەرهەنگی عەمید﴾... وەرگێڕ.

PDF 4 KURD

دوای ئـەوە فیرعـەون و ڕامـسیس لەپەرسـتگا هاتنـە دەرەوە و بـەرەو تەپۆڵکەیـەک ڕۆشتن کە بەدرەخت داپۆشرابوو.

فیرعەون وتی: هەموو ساڵێك لەساڵرۆژی مەراسیم"ئزیریس"زینـدوو دەبێتـەوە و کاتێکیش زینـدوو بویەوە ڕوباری نیل هەڵدەستێت... شـەوی دوای ئـەو ڕامسیس لەئاوی ئۆقیانۆسی نادیاری خواردەوە، گەنمێکی خوارد کە بەجەستەی "ئزیریس" پـەروەردە و گەشـەی پێـدرابوو، دوای ئـەوە بـەرگێکی کـەتانی لەبـەرکرد و بـۆ ئەنجامدانی مەراسیم پەیوەندی بەگروپە پیرۆزەکانەوە کرد. کاهینێك کە دەمامکی چـەقەڵی لەسـەردا بـوو دەرکـەوت و"ڕامـسیس"یـان بـردە سـەر گـردی پـیرۆز و شەونخونیان بەسەر جەستەیەکی مردوودا دەستپێکرد و وێرد و نزاگەلێکی زۆریـان خوێنـد. ڕامسیس چـەند شـەوێکی لـە"ئابیـدوس"دا تێپەڕانـد، لەکـەنار دەریاچـەی پیرۆز لەکاتی بەڕێوبردنی ڕێـوڕەسمی پەرستندا"گەمێ"کەی ئوزیریس لـەناو ئـەو دەریاچـەدا دەسـتی کـرد بەمەلـەکردن، جێگـری سـەرۆك ماوەیـەکی درێـژی لەکـەنار پلیکانـەی خـودای مەزنـدا تێپەڕانـد، شـوێنێك کـە چـواردەوری پڕبـوو لەئێـسقان و ڕۆحی ئەو ئێسقانانە لەشێوەی باڵندەیەك سەردانی"ئابیـدوس"یان دەکـرد. نـۆرەی سـەردانی خەزێنـەی پەرسـتگا هـات: تـا چـاو کـاری دەکـرد پڕبـوو لـەزێڕ و زیـوی پوخت، هەموو کەسێك دەبوو بۆ خودایان بەناونیشانی قوربانی و باج و دیاریەکی بکردایە بەقوربانی! ڕامسیس چەند جارێك سەردانی دالانی باوباپیرانی کرد و ناوی فیرعەنەکانی ڕابردوی خوێندەوە. جێگری سەرۆکی میسر لەحەوشەی پەرستگاوە تێپـەڕی و بـەرەو ڕوبـار ڕۆشـت، کـاتی گەڕانـەوەی بـۆ"تـبس"هـات و کـاتی ئـەوەش هاتبوو پەیوەندی بەکەس و کاریەوە بکات.

***

PDF 4 KURD

ئاشکراکردنی نهێنیەکانی"ئنخاس ئامون"

موسا و کاهینی مەزن لەکۆشکی فەرمانڕەواییەوە بەرەو تەختی شاژن"ئنخاس ئامون"ڕۆشتن. "ئامون تپ" بە"موسا"ی وت: دایکت لەئێستادا زۆر پێویستی بەحەوانەوەیە، نەکەی قسەی لەگەڵدا بکەیت.

موسا وتی: قسەی لەگەڵدا ناکەم، بەڵام تەنها دەمەوێت لەتەنیشتیەوە بم. هەڵگرانی کەژاوەی تەختی دایکی"موسا" کەژاوەکەیان لەشوێنی تایبەتی خۆیدا دانا، چەندین کەنزەك بۆ خەواندنی شاژن بەپەلە ڕۆشتن. موسا لەوکاتەدا تەماشایەکی ڕوخساری دایکی کرد و بینی چاوەکانی داخراون و لەسەرخۆ پرسی: بۆچی چاوەکانی داخستووە.

ئامون تپ وتی: چونکە لەژێر کاریگەری مادەی بێهوشکەردایە"تلیاك"بۆماوەیەك هەر بەوشێوەیە بێهۆش دەبێت، دوای ئەوەی بێدار بویەوە دەبێت دوبارە تلیاکی پێ بدنەوە، چونکە ئازارەکانی هێشتا بەتەواوی سارێژ نەبونەتەوە و جێگەی بیرنەکان ئازاریان هەیە، بەڵام بەم شێوەیە بەهیچ شێوەیەك هەست بەئازار ناکات و بەچاوی خۆت دەبینی بەئاسودەیی خەوی لێکەوتووە، بۆیە ئێستا بەخەیاڵ ئاسودەیی برۆ بۆ نان خواردن.

موسا وتی: بەهیچ شێوەیەك هەست بە برسیەتی ناکەم.

ئامون تپ وتی: حەز دەکەیت پیان بڵێم خواردنەکەت بۆ بهێننە ئێرە.

موسا وتی: نانم پێناخورێت.

ئامون تپ وتی: بەڵام من بەپێچەوانەی تۆوە زۆر برسیمە و زۆریش حەز دەکەم نان بخۆم، حەز دەکەیت لەبرساندا لەپێ بکەوم.

PDF 4 KURD

ئەو شوێنەی"ئنخاس ئامون"یان تێدا خەواندبوو شوێنی تایبەتی ئەو بوو، لەهەمان ئەو ژوورەشدا موسا سەردەمی منداڵی لەلای دایکیدا تێپەڕاندبوو. کاهینی مەزن لەکاتی خۆرئاوابوندا گەڕایەوە بۆ لای موسا.

موسا لەسەرخۆ وتی: هێشتا هەر بەوشێوەیە خەوتووە.

کاهینی مەزن وتی: چی لەوەباشترە، خەوتن باشترین چارەسەری دەردیەتی...

کاتێك موسا تەماشای دایکی دەکرد تیشکی خۆر لەدوایین ڕوناکی خۆرئاوابونیدا بوو و بینی، خەوی دایکی زۆر لەوە قوڵترە کە"ئامون تپ"وتبوی، چونکە مرۆڤ هەرچەنێك لەقوڵایی خەودا بێت، بەڵام جوڵەی سینەی بۆ هەناسەدان سەر و خوار دەکات، بەڵام موسا هەستی کرد سینەی دایکی بێجوڵەیە، بۆیە هەستا لێی نزیك بویەوە و ترپەی دڵی دایکی گرت، دوای ئەوە"ئامون تپ"ی بانگ کرد بەنیگەرانیەوە پێی وت کەوەك بڵێی دڵی لێنادات. کاهینی مەزنیش بۆماوەیەك ترپەی دلچی گرت و وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، چیتر دڵی لێنادات... دوای ئەوە موسا بەپەلە لەو ژورە ڕۆشتە دەرەوە و ئاوێنەیەکی مەفرەغی لەژورەکەی تردا هێنا و لەبەرامبەر لوتی دایکیدا ڕایگرت بۆئەوەی بزانێت ئایا بەڕاستی هەناسە دەدات یان نە. بەڵام هیچ جوڵەیەکی لەناو ئاوێنەکەدا بەدی نەکرد، ئاشکرابوو کە ئنخاس ئامون چیتر هەناسە نادات. کاهینی مەزن ئاوێنەکەی لەدەستی موسا گرت و دوری خستەوە لەدایکی و پێی وت: دایکت کۆچی کرد بۆ نیشتمانی خۆرئاوا... موسا بەدەم هاوار و گریانەوە خۆی هەڵدایە سەر جەستەی دایکی. "ئامون تپ"بەهەرشێوەیەك بوو موسای لەو ژورە هێنایە دەرەوە و تەواوی ئەو شەوەی بۆ دڵنەوایی دانەوەی موسا تێپەڕاند: ئەی موسا مەرگ شتێکی سروشتیە، وەك لەدایك بون، نابێت هیچ کەسێك دڵگرانی خۆی لەبەرامبەر مردنی هیچ کەسێکدا دەرببڕێت، چونکە بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت ڕێ لەمەرگ بگیرێت، هەرچەند لەدەستدانی خۆشەویستانمان بەلامانەوە سەختە، بەڵام پەسەندکردنی ئەم ڕاستیە لەتوانای کەسانی بەهێزدایە، ڕۆژێك دەمرین، بگرە هەموومان لەسەرەڕێی مەرگداین، کەمێك درەنگ بڕۆین یان زوو ئەم ڕێگایەمان هەر بەمەرگ کۆتایی دێت، کاتێك مەرگ لەسەرڕێی هەموومان‌دا بێت، چیتر ڕەوا نیە بۆ لەدەستدانی کەسانی

PDF 4 KURD

خۆشەویستمان بگرین. مانگ هەڵهات و هەردوو چاوەکان بۆ مانگیان ڕوانی. موسا زۆر بەقوڵی ڕۆچووە بیر و هزری خۆیەوە و بێدەنگ بوو.

ئامو تپ وتی: بیر لەچی دەکەیتەوە بۆ قسە ناکەیت؟

موسا وتی: خەمی ئەوە دایگرتوم کە دایکم ویستی نهێنیەکم بۆ ئاشکرا بکات و زۆریش بەلامەوە گرنگ بوو، بەڵام نەیتوانی، خۆزگە پێداگریم لیَ بکردایە بۆئەوەی باسی ئەو نهێنیەی بۆ بکردایەم، ئێستاش دەمامکی لەخاك داپۆشراوی ئەو نهێنیەی لەگەڵ خۆیدا ناشت و منیش لەبێئاگایی ئەو نهێنیە زۆر دڵگرانم.

ئامون تپ وتی: خەم مەخۆ من ئاگاداری ئەو نهێنیەم و هەر ئەمشەویش بۆتی باس دەکەم بۆئەوەی کەمێك خەیاڵ ئاسودە بیت. یەکەم دایکت لەبەرئەوە تەنها ناوی"موسا"ی لێنایت بۆئەوەی بتوانی ناوی"ئاتون موسا"لەخۆت بنێیت، بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتەشەوە ئەگەر ناوت"ئامون موسا"بوایە و بتویستیایە ناوت بگۆڕیت یەکسەر دەیانکوشتی، هێنانە زمانی ناوی"ئاتون"لەمیسردا سزاکەی مەرگە.

موسا وتی: لێرەوە ئەوەم بۆ دەردەکەوێت کە دایکم لەپیرەوانی"ئاتون"بووە.

کاهینی مەزن وتی: بەڵێ.

موسا وتی: دەمزانی کە دایکم پلەوپایەیەکی مەزنی لەهزریدا بۆ من لەبەرچاو گرتبوو، بەڵام چۆن بتوانم بۆنمونە بگەمە پەلەوپایەیەکی مەزن لەکاتێکدا نازانم خەڵکی کوێم.

کاهینی مەزن وتی: وایە تۆ هێشتا نازانی خەڵکی کوێیت و ئەوە هەمان ئەو نهێنیەیە کە بەدوایدا دەگەڕێیت. یەکەم تۆ خەڵکی میسر نیت.

موسا وتی: خۆشم هەستم بەوە دەکرد، چونکە قەد و باڵا و ڕوکاری دەرەوەم بەو شێوەی لێی وردبومەتەوە زیاتر لەخەڵکی"کوش"دەچێت نەك خەڵکی میسر.

کاهینی مەزن وتی: خۆشبەختانە تۆ لەفێرگەی مێژوو خوێندوتە و زۆر بەباشی شارەزای مێژووی میسری، تۆ دەبێت ئەوەت خوێندبێتەوە دوای ئەوەی بانگەشە بۆ خودای ئاتون کرا هەراوهوریاو و کوشت و کوشتارێك لەمیسردا ڕویدا، لەهەمووی گرنگتر کاهینەکانی"ئامون"لەدەرامەت و گەنجینەی با هاوردەی

PDF 4 KURD

پەرستگاکان بێبەش بون و ئەم بێبەش بونەش بو بەهۆی ئەوەی خەڵکی بەگژ یەکتردا هان بدەن، دوای ئەو شەڕە ناوخۆییە میسر گەڕایەوە بۆ خودای ئامون کە باسکردنی زۆر دەکێشێت. فیرعەون"هورم هب"کە جێنشینی"ئەخناتون" بوو لایەنگری"ئاتون"ی دەکرد و کوڕەکەشی بەسەختی"ئامون"ی بوو، ئەو ناوی لە"ست هوس"ەوە بۆ"وەرزای داگیرکەر"بەسەرهاتی پێشینەی باوکی دەگەڕێتەوە بۆ پیش"ئاتون" کوڕی"هورم هب"بەواتا"ست هوس"–وەرزای داگیرکەر– ژنێکی زۆری هەبوو، بەلام"ئنخاس ئامون"یشی زۆر خۆشدەویست، ئەم شازادەیە سەرەتا"ئنخاس ئاتون"بوو، بەلام بەناچاری گۆڕی بە"ئنخاس ئامون"، ئەو لەهەرەتی لاویەتیدا بو بەهاوسەری"وەرزای داگیرکەر"، بەلام بەداخەوە لەدواییدا پەیی بەوە برد کە ژنێکی نەزۆکە. نەزۆکی لەبارەگای فیرعەوندا کارەساتە. بۆیە فیرعەون ماوەیەك چاوەڕێی کرد، بەلام کاتێك بینی"ئنخاس ئامون"منداڵی نابێت دەستی کرد بەژن هێنان و وەك خوت دەبینی منداڵێکی زۆری هەیە. منیش سەردەمانێك ئاشنایەتیم لەگەڵ"ئنخاس ئامون"دا پەیدا کرد کە لەدەردی نەزۆکی ئازاری دەکێشا و هەمان ئەو ئازارە بوبەهۆی ئەوەی توشی سەرئێشە و خەمۆکی ببێت. ئەم ژنە بەهۆی ئەم بێتاقەتی و بێزاریەی حەزی دەکرد کۆچ بکات، ئێمەشی لەکاتی ئەم گەشتەیدا لەگەڵ خۆیدا دەبرد بۆئەوەی کەمێك لەئازاری تەنهایی کەم بکاتەوە. ئەو شوێنەی حەزی دەکرد گەشتی بۆ بکات ئەو ڕوبارە لاوەکیانە بوو کە دەڕژانە ڕوباری نیلەوە، لەیەکێك لەگەشتەکانیدا ڕۆشتین بۆیەکێك لەو ڕوبارانەی دەڕژایە ڕوباری نیلەوە، ڕوباری نیل کەمێك تەنگتر بویەوە و سەوڵ لێدەرەکانیش ناچار کەمێك لەسەرخۆتر سەوڵ لێبدەن. ئێمەش چەند "گەمی"ەکمان هەبوو و پاسەوانەکان لەهەردوو لاوە یان لەدواوە یان لەپێشەوە دەڕۆشتن، گەمێکەی ئێمە گەشتە شوێنێك چیتر نەدەتوانرا بە گەمیّ بڕۆیت، دایکت لەناوەڕاستی بەلەمەکەدا دانیشتبوو و گوێی لەگۆرانی یەکێك لەژنەکان دەگرت، کاتێك ئاگاداری ئەوە بوو کە چیتر لەوە زیاتر ناتوانێت بەرەوپێشتر بڕوات، لەسەر"گەمی"کە هەستایە سەرپێ و تەماشای چواردەوری کرد و چاوی بە سەبەتەیەك کەوت کەبەگژوگیای کەناری ئەو ڕوبارەدا گیری کردبوو، "ئنخاس ئامون"هەر بەوشێوەی کە ڕاوەستابوو تەماشای

PDF 4 KURD

ناو سەبەتەکەی کرد و منداڵێکی تێدا بینی، بەلەمەکە کەمێك کەنارگیری کرد و"ئنخاس ئامون"منداڵی لەناو سەبەتەکەدا دەرهێنا و بردیە ناو "گەمی"کەی خۆیەوە، منداڵ دەگریا.

موسا پرسی: ئەو منداڵە تەمەنی چەنێك بوو؟

کاهینی مەزن وتی: وا بزانم کاتێك دایکت لەناو سەبەتەکەدا دەریهێنایت تەمەنت دە ڕۆژێك دەبوو، دیاربوو کە ماوەیەکی زۆر نیە داوبویتیان بەدەم ئاوەوە. برسیت بوو و ئەمەش خۆی بۆخۆی گرفت بوو، دەبوو کەسێکمان پەیدا بکردایە بۆئەوەی شیرت پێبدات، پەیدا کردنی کەسێك کە بتوانێت شیرت پێ بدات بەوشێوەیەش کارێکی ئاسان نەبوو. خۆم تۆم لەباوەشگرت و چومە ناو لیتاوێکەوە، وام دەزانی ئێستا دەچەقمە ناو ئەو قوڕاوەوە، بەڵام دوای سەد هەنگاوێك لەژێر پێمدا هەستم بەزەویەکی ڕەق کرد و لەدورەوە چاوم بەکۆمەڵێك خەڵك کەوت پێنج سەد کەسێك دەبوو ئاگرێکیان کردبویەوە و بەچواردەوری ئاگرەکەدا دانیشتبوون. بەڕاستی بەبینینیان زۆر خۆشحاڵ بوم و زانیم ئەم منداڵە دەبێت هی یەکێك لەم ژنانە بێت. کاتێك لێیان نزیك بومەوە هەڵهاتن، بەڵام سنوقێکیان لێ بەجێما، هەموشیان دەیانزانی چی لەو سنوقە دەکەم. هاوارم کرد بۆچی لێم هەڵدێن، هیچ کارێکم پێتانەوە نیە، هاتوم بۆ لاتان بۆئەوەی یارمەتیم بدەن، من کاهینێکی میسریم و دژایەتیتان ناکەم، وەرن و سنوقەکەتان بەرنەوە. ئەو کۆمەڵە خەڵکە کاتێك زانیان کاهینم وردە وردە گەڕانەوە و بەرەو سنوقەکە ڕۆشتن. لەناو سنوقەکەدا مارێکی ڕەش لولی خواردبوو. تێگەشتم کە ئەو کۆمەڵە خەڵکە مار دەپەرستن! ئەو مارە، ڕەش مارێکی ئاوی بێ زیان بوو.

موسا پرسی: نەتزانی ئەو کۆمەڵە خەڵکی کوێ بون.

کاهینی مەزن وتی: با زانیم، ئەوانە خەڵکی"کوش"بون، پێش ئەوەی بێن بۆ"کوش"لە"کەنعان"و وڵاتی"سینا"دا دەژیان، وشکەساڵی ناچاری کردبون بۆ ئەم ناوچەیە کۆچ بکەن. دوای ئەوە فیرعەون–ست هوس– ئەمانەی وەك کۆیلەیەك لەم ناوچـەیەدا پەسـەند کـرد و کـاری پێـدەکردن. ئەمانـە دەیـانوت لەخێڵی"ئسرائیل"یەکانن و لەنەوەی"لوی"ن، "لوی"کوڕی ئیسرائیل بوو. ئەمانە

PDF 4 KURD

بۆ قوربانی کردن کۆبوبونەوە، دەیانویست قوربانی پێشکەشی مار بکەن، بۆئەوەی لەم نەگبەتیە ڕزگاریان ببێت! لەو سەردەمانەدا-ست هوس-ی فیرعەون زۆر بەسەختی ئازاری ئەم خەڵکەی دەدا، بگرە فەرمانی دابوو منداڵەکانیان لەدایك و باوکیان جیا بکەنەوە. بێگومان بوم لەوەی دایکی ئەم منداڵە لەنێو ئەم کۆمەڵەدایە و دایك و باوکی بۆئەوەی لەئازاری فیرعەون ڕزگاری بکەن پێشتر خستویانەتە ناو ئەم سەبەتەیە و دابێتیان بەدەم ئاوی ڕوباری نیلەوە.

موسا پرسی: لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە من کۆیلە زادەم؟

کاهینی مەزن وتی: ئەم تێڕوانینە لەهزرت پاك بکەرەوە، تۆ لەقوتابخانەدا خوێندوتە و لەباشترین شوێن و لەژێر دەستی باشترین مامۆستادا وانەت خوێندووە و لەباوەشی شازادە"ئنخاس ئامون"دا پەروەردە کراویت، هەر لەبەرئەوەش بەشازادەیەك لەقەڵەم دەدرێیت، سەرەڕای ئەوەی لەڕوباری نیل دا لەناو سەبەتەیەکدا تۆیان گرتبێتەوە.

موسا پرسی: دوای ئەوە چی ڕویدا؟

کاهینی مەزن وتی: ئەها! بەڵێ من بەو کۆمەڵە خەڵکەم وت ئەم منداڵە برسیەتی، پێویستم بەکەسێکە شیری پێبدات.

وتیان: منداڵی تازە لەدایك بوو شیری هەموو ژنێك ناخوات، تەنها مەمکی دایکی خۆی دەگرێت.

تکای ئەوەم لێکردن ئەگەر دایکی لەنێو ئێوەدایە بێت و شیر بەمنداڵەکەی بدات... هیچ وەڵامێك نەبوو، بەڵام دواجار بینیم بەزمانی خۆش ناگەم بەهیچ ئەنجامێك، بۆیە زمانی هەڕەشەم بەکار هێنا و هاوارم کرد: ئەم منداڵە لەلاتان بەجێ دەهێڵم و دوای ماوەیەك دەگەڕێمەوە بۆ لاتان، ئەگەر کەسێك لەنێو ئێوەدا پەیدا بوو شیر بەو منداڵە بدات باشە، ئەگینا هەمووتان سواری کەشتیەك دەکەم و دەتانبەمە شوێنێك کە بەقامچی لێتا بدات بۆئەوەی دان بەوەدا بنێت کێ دایکی ئەم منداڵەیە. ئەم پێشەکیە کاریگەری خۆی هەبوو و دایکی ڕاستەقینەت مەمکی خستە ناو دەمت و شیری پێدایت.....

PDF 4 KURD

موسا لەم کاتەدا قسەی بەکابرای کاهین بڕی و لێی پرسی: لەمحاڵەتە بۆم دەردەکەوێت کە تۆ چاوت بەدایکی ڕاستەقینەم کەوتووە؟..... دوای ئەوەش موسا لێی پرسی: ئەگەر ئەمانە میسری نەبوون، تۆ بەچ زمانێك قسەت لەگەڵدا دەکردن؟

ئامون تپ وتی: ئەمانە لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر لەمیسردا بون دەیانزانی باسی چی دەکەم و لەبەرامبەریشدا وەڵامیان دەدامەوە. یەکێك لەپیاوەکانی کۆش پرسی: بۆچی دەتەوێت پشکنین بۆ ژنەکانمان بکەیت، بۆئەوەی دایکی ڕاستەقینەی ئەم منداڵە بدۆزیتەوە؟

منیش پێم وتن: مەگەر نابینن ئەم منداڵە لەبرساندا چۆن هاوار دەکات. هاوکاریم بکەن بەزەییتان بێت بۆئەوەی شایستەی سۆز و بەزەیی بن. من هاوکاریتان دەکەم...

دوای ئەوە کاهینی مەزن وتی: تۆ دەبێت "ئنخاس ئامون"بەدایکی ڕاستەقینە خۆت بزانی، چونکە تا دوایین ساتی ژیانی هەوڵی بۆ داویت، بەڵام دایکە ڕاستەقینەکەت سەرەڕای ئەوەی دەیبینی دەگریت و هاوار دەکەیت و لەوانەیە لەبرساندا بمریت نەهاتە پێشەوە بۆئەوەی شیرت پێبدات، هەڵبەت دواجار بەهەرەشە شکستم بە دانبەخۆداگریان هێنا. "ئنخاس ئامون"زۆر بەتوندی بەتۆوە پەیوەست بوو و دایکت بۆماوەیەك شیری پێدایت، بەڵام بەفەرمانی فیرعەون و بەتکای"ئنخاس ئامون"هەموو ئەو کەسانەی ئەو ڕۆژە بینەری پەیدابونی تۆ بون ڕەوانەی شوێنێکی دور کران.

موسا پرسی: چی بەسەر دایکمدا هات؟

کاهینی مەزن وتی: ئنخاس ئامون بۆماوەیەك لەوێدا چادری هەڵدا و نەیبردیتەوە بۆ کۆشك، بەڵام لەبەرئەوەی شیری هیچ کەسێکی ترت نەدەخوارد، تا ئەوکاتەی سەردەمی شیرخواردنت تێپەڕاند دایکت لەلات مایەوە، دوای ئەوە گەڕاندیانەوە بۆلای خێڵەکەی خۆی لەبەرئەوەی نەیدەویست خەڵکی بزانن ژنێکی ئیسرائیلی دایکی تۆیە، بەڵکو دەیویست وا خەڵکی تێکەیەنێت کە تۆ کوڕی ئەویت! تۆ نابێت هیچ ڕەخنەیەك لە"ئنخاس ئامون"بگریت، لەبەرئەوەی ئەگەر تۆی لەڕوباری نیل نەگرتایەتەوە بێگومان دەبویتە نێچیری تیمساحەکان.

PDF 4 KURD

داگیرکەری"ترۆی" و شنار لەپلانگێڕیدا

"منلائـوس"لەهـەموو میوانداریـەکی کۆشـکی میـسردا بـەمیوانێکی شایـستە لەقەڵـەم دەدرا و بەشـداری هـەموو ئاهەنگـەکانی دەکـرد، پەیوەنـدی"منلائـوس" و "هلنـە"بـەهۆی ئـەم هاونـشینیە ناچاریەوە لـە شـەڕ و دەمـەقرەوە گـۆڕا بەسـازش و پەیوەست بون، بەڵام"ڕامسیس"وەك پێشوو بۆچونی لەبەرامبەر پادشای پێشوودا نـەگۆڕا، لەبەرامبەریـشدا"شـنار"ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ تـا دەهـات لـەمنلائوس نـزیکتر دەبویـەوە. نـەبونی"ڕامـسیس"لەتەنیـشت فیرعەونـدا لـە"ئابیـدوس" ئـەو هەلـەی ڕەخـساند کـە شـنار لەگـەڵ"منلائـوس"دا نەخـشە و ئـەو پلانانـەی کـە دەیانـەوێت تاوتوێ بکەن بێئەوەی"ڕامسیس" یان فیرعـەون لـەم سـەکۆیەدا بونیـان هـەبێت. ئـەو دوانـە ڕێکـەوتن لەسـەر ئـەوەی دەبێـت"ڕامـسیس"بەهێرشـێك لـەناوی ببـەن، بگـرە نەخـشەی شـێوازی هێرشەکەشـیان کێـشا، دوو ئەفـسەری یۆنـانی لـەنێو هێـزی پاراسـتنی ئاسایـشی کۆشـك کـە پاسـەوانی کۆشـکیان لەئەسـتۆدابوو، ئـەم پێـشنیارەیان پەسـەند کـرد، چـەند بـەکرێگیراوێکی تریـشیان لەچـەند شـوێنێکی جیاوازدا دەستنیشان کردبوو کە لەکاتی جێبەجێ کردنـی پلانـی کوشتنەکەدا بێنـە ناو سەکۆی ئەم نەخشەوە و هاوکاری جێبەجێکەرانی ئەم پلانە بکەن. "شنار"یـش بـەڵێنی دا سـود لەهەنـدێ خـەڵك دژی ڕامـسیس وەرگرێـت. لەسـەرەتای هاتنی"منلائوس" باری تەندروستی فیرعەون باش نەبوو و "شنار"یش هەوڵیدا زانیاریەك لەبارەی تەندروستی باوکی بەدەست بهێنێت، فیرعەون نەخۆش بوو بەڵام بەڕوکەش وا دەرنەدەکەوت کە نەخۆش بێت. شنار نەیدەویست باوکی بمرێت بۆ گەشـتن بەپلـەی فیرعـەون بـون پێویـستی بـەباوکی بـوو، بـەڵام لەبەرنامەیـدا بـوو

PDF 4 KURD

کە"ڕامسیس"بکوژێت، شنار لەنەبونی"ڕامسیس"دا پەنای بۆ هەموو هەوڵ و پلانێك دەبرد، بگرە داوای هاوکاری لە"دولانت"ی خوشکیشی کرد و بەڵێنی پێدا کاتێك بوو بە فیرعەون پلەوپایەیەکی باش بدات بە"ساری"هاوسەری، ئەمەش دەقاودەق لەکاتێکدا بوو کە ساری و دولانت-زاوا و کچی فیرعەون-بەفەرمانی ڕامسیس بەهۆی ئەوەی داوایەکی نابەجێیان لێکردبوو لەشاری"تیبس"دەرکرابون.

دولانت بەدەم گریانەوە وتی: ئێمە چیتر لەشاردا نین، لەبەرئەوەی دەرکراوین.

شنار پرسی: بۆچی دەریانکردون؟

"دولانت"ی خوشکی شنار وتی: "ئامنی"نوسەر و بەڕێوبەری کارەکانی"ڕامسیس"ئەو تاوانەی خستە پاڵمان کە ئێمە پلانگێڕیمان دژی ڕامسیس کردووە؟

شنار پرسی: ئایا بەبەڵگەوە ئەم تاوانەیان دایە پاڵتان یان ئەم تاوانەیان بۆ هەڵبەستن؟

دولانت بۆماوەیەك بێدەنگ بوو و دوای ئەوە وتی: هەڵبەت بەبەڵگەوە، هەڵبەستراو نیە.

شنار وتی: بەدڵنیاییەوە ئەم بابەتە راستە ئەگینا هیچ کەسێك ناتوانێت بەو سادەییە تاوانێکی ئاوا بداتە پاڵ هیچ کەسێك بۆئەوەی تاوانباری بکات!

دولانت وتی: تۆ دڵگرانی ئەم بابەتەیت.

شنار وتی: بەبیستنی ئەم بابەتە بەداخم.

دولانت وتی: بۆچی؟

شنار وتی: چونکە ئەگەر ئەم هەوڵەتان پلانگێڕی بوبێت بێئەنجام بووە!

دولانت وتی: کەواتە تۆش دەتەوێت دژی پلانگێڕی بکەیت... ئایا من و هاوسەرەکەم دەتوانین لەگەڵ تۆدا دژ ڕامسیس ڕاوەستین؟

شنار وتی: هەر لەبەرئەوەش ویستم چاوم پێت بکەوێت، خۆم ویستم ئەم پێشنیارەت لێ بکەم. من ئێوە لەشوێنێکدا جێگیر دەکەم، پێویست بەوە ناکات خۆتان دەربخەن، بەڵام پرسیارێك: ئەم پلانگێڕیە لەبەرژەوەندی کێدایە؟ ئایا لەبەرئەوەی کچی فیرعەونیت دەتویست بەکوشتنی ڕامسیس دەستەڵاتێك

PDF 4 KURD

بەختیت بە ساری هاوسەرت؟ دوای ئەوە وتی: لەم هاوپەیمانیەدا دەبێت ئەم جۆرە بیرۆکانە لەمێشکت پاك بکەیتەوە، ئەم پلانگێڕیە دەبێت لەبەرژەوەندی مندا کۆتایی بێت، ئەویش ئەوەیە من ببمە فیرعەونی میسر. ئەوە منم کە دەبێت ببمە پادشای میسر.

شنار دوای "دولانت" هەوڵیدا پزیشکە تایبەتەکانی فیرعەونیش بەلای خۆیدا ڕاکێشێت و لەمبوارەدا هەوڵێکی زۆری دا، بەڵام تیرەکەی ئامانجی خۆی نەپێکا، بۆیە ڕێگایەکی تری گرتەبەر ئەویش ئاشکراکردنی شوێنی دروستکردنی دەرمانی پزیشکانە لەیەکێك لەتاقیگاکانی پەرستگا، تەنها ئەوە بۆ شنار بەس بوو کە ناوی ئەو پەرستگایە ئاشکرا بکات، شنار هەموو هەوڵێکی بۆ ئەو مەبەستە خستە گەڕ تا زانی پەرستگا "سخمت" شوێنی ئامادەکردنی دەرمانەکانی فیرعەونە. ئێستاش نۆرە ئەوەیە چۆن بچێتە ناو دەرمانخانەکەوە و بەچ شێوەیەك بەڕێوبەری ئەو تاقیگایە بکاتە هاوڕێ و هاوپەیمانی خۆی، بۆئەوەی دەستکاری جۆری دەرمانەکان بکات. بەڕێوبەری تاقیگاکە پیاوێکی تەمەن چل ساڵەیە کە ژنێکی جوانی هەبوو، ژنەکەی هەمیشە گلەیی لەکەمی موچەکەی دەکرد و شنار بەکەمێك تێڕامان پەیی بەهەموو ئەم لایەنانە برد و خاڵی لاوازی لایەنی ئابوریانی کردە ئامانجی خۆی و بەم شێوەیە نێچیر زۆر بەئاسانی دەخاتە داوەوە. بەپێی گوزارشتی پزیشکەکان فیرعەون توشی نەخۆشیەك بووە کە زۆر لەسەر خۆ بەرەوپێش دەڕوات، بەڵام هەڕەشەئامێز و کوشندەیە. بۆیە تەختی فیرعەون دوای ماوەیەکی تر بێ فیرعەون دەمێنێتەوە.

ساری زاوای فیرعەون و هاوسەرەکەی "دولانت" بەپێی فەرمانەکانی شنار لەشوێنێکی پارێزراودا جێگیربون، بۆئەوەی هەم لەسەرکەوتنەکەیدا بەشداربن و هەم تۆڵەی خۆیان لە "ڕامسیس" بکەنەوە، دولانت ڕۆشت بۆ پەرستگای مەزنی "کرنك" و دەیوت: لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ڕۆشتووە بۆئەوەی لەوێ دەست لەژیان هەڵگرن و گۆشەگیربن، هەرئەوەی لەپەرستگای "کرنك" گۆشەگیر بون کچ و زاوای فیرعەون دەستیان بەپلانگێڕیەکانیان کرد. "دولانت" لەنێو هاوڕێی و کەسە نزیکەکانیدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوختانی بۆ ڕامسیس دروست دەکرد، ئەو

PDF 4 KURD

تەنها کەسێك بوو کە دەیتوانی دەستی بگەیەنێتە نهێنیە تایبەتەکانی ڕامسیسی براى. ئەو بەگوتەکانی ڕوخسارێکی نەفرەتئامێز و دزێوی بۆ ڕامسیس دروست کردبوو و ساری هاوسەریشی کە ڕۆڵی کاهینێکی گۆشەگیر و تۆبەکاری دەبینی و پێشتر سەرپەرشتی قوتابخانەی"کەپ"بوو، بەناونیشانی مامۆستایەکی ئاسایی لەبۆنە جۆراوجۆرەکانی"کەپ"دا کاری گوڵخستنە ناو گۆزەی لەئەستۆ گرتووبوو و گسکی میحرابیشی دەدا، لێبوردەیی ئەو بووە مایەی سەرنج ڕاکێشانی ئەندامانی دەستەڵات و هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی بانگێشتی سەر سفرەکانیان بکەن و"ساری"ش لەم جۆرە دانیشتانەدا دژی ڕامسیس قسەی دەکرد...

PDF 4 KURD

نفر تاری و"ڕامسیس"ی جێنشین

ڕەفتاری"نفر تاری"لەبەرامبەر"ستەهوس"ی شاژنی میسر بەناونیشانی خزمەتکار شایستە و شایەنی دەست خۆشی بوو، لەسەرخۆ و هاوسەنگ و دانبەخۆداگر بوو، شاژن زۆر "نفرتاری"لا پەسەند بوو. "ڕامسیس"یش هەر لەیەکەمین چاوپێکەوتن پێیەوە پەیوەست بوو بوو، هەروەها ستایشی دایکی لەبەرامبەر ڕەفتارەکانی "نفرتاری"دا ئەوەندەی تر پەیوەست بونەکەی زیاد کرد و گەشتە ئەو بڕوایەی ژیانی هاوسەری لەگەڵدا پێك بهێنێت، بەڵام ژنێکی تر لەژیانی"ڕامسیس"دا هەبوو ئەو ژنەش"ئیزت"بوو کە پەردەی کچێنی خۆی پێشکەشی ڕامسیس کردبوو و چیتر دوای ئەوەش بەبەشێك لەژیانی ڕامسیس لەقەڵەم دەدرا و لەکۆتاییشدا ناچار داوای کرد و ژیانی هاوسەری لەگەڵدا پێکهێنا، بەڵام فرە ژنی لەخانەدانی فیرعەوندا بەکارێکی ئاسایی لەقەڵەم دەدرا، فیرعەون زیاد لە سەد منداڵ و ژنی هەبووە. ڕامسیس لەگەڵ خۆیدا"نفرتاری"برد بۆ پەرستگای"ئابیدو" بۆئەوەی زیاتر ئاشنای خوڕەویشتی ببێت... و سبەی ئەو ڕۆژە"ستەهوس"ی شاژن دەسبەندێکی زێڕی پێشکەشی"نفرتاری"کرد بۆئەوەی لەوەودوا لەبۆنەو یادە ئاینیەکاندا لەدەستی بکات. "نفرتاری"ش ئەم هەڵبژاردنە زۆر کاری تێکرد و دەستی کرد بەگریان، ئەو دەبووە هاوسەری ئایندەی فیرعەون، پلەوپایەیەك کە هەر بەبیریشیدا نەدەهات... . دوای ماوەیەك"نفرتاری"سکی پڕبوو و منداڵێکی بۆ ڕامسیس هێنایە دنیاوە، بەڵام ئەو منداڵە تازە لەدایك بووە دوای دوو مانگ کۆچی دوایی کرد، نفرتاری بەهۆی لەدەستدانی ئەو منداڵە تازە لەدایك بووەی توشی خەمۆکی بوو، بەهۆی ئەم خەمۆکیەوە بەسەختی نەخۆش کەوت. ڕامسیس زۆر بە"نفرتاری"ەوە پەیوەست بوو و هیچ کاتێك بەتەنها جێی نەدەهێلا.

PDF 4 KURD

هەر لەبەرئەوەش"ئزیت"لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا دەسەڵات و کەسایەتیەکی تایبەتی بۆ خۆی پێکهێنا.

گوندی بچوکی کەنار ڕوباری نیل بینەری چالاکی پیاوانی بێگانەی دوێنێ و ئاشنایانی پرهەوڵ و کۆششی ئەمڕۆ بوون کە بەزمانێکی تایبەت کە تەنها لەنێو خۆیاندا باوبوو لەگەڵ یەکتردا دەدوان. سەربازە میسریەکان لەسەر تەپۆڵکەکان بڵاو بوبونەوە و ژمارەیان لەڕێژەی دانیشتوان زیاتر دەهاتە بەرچاو. ڕامسیس بەسەرکەشیەکەوە لەبارەی ئەمانەوە پرسی: ئەمانە دەیانەوێت تاکەی لێرەدا بمێننەوە؟

سەرۆکی پاسەوانەکان وتی: بەڕوکەش زۆر ئارامن بەڵام جێی متمانە نین، سکاڵایەکی زۆری خەڵکی ئەم ناوچەیە دژی ئەم یۆنانیانە بەرزکراوەتەوە، بگرە کوێخای ئەم گوندەش سکاڵایەکی زۆری لێیان هەیە.

ڕامسیس کە زۆر تورە بوبو وتی: هێرشیان بۆ بەرن و بگرە یەك دانەشیان بەزیندوویی نەهێڵنەوە!

لەناکاو فەرماندەی یۆنانیەکان هاتەپێشەوە و وتی: ئێمە میوانین، ئێوە میوانداری ئێمەتان پەسەند کردووە، لەهەمان کاتدا هیچ تاوانێکمان نەکردووە کە ببێتە هۆی ئەوەی شایستەی مەرگ بین، ئەگەر دەتانەوێت بمانکوژن ئەوا تا دوا دڵۆپی خوێنمان لەگەڵتاندا دەجەنگین، سەرەڕای ئەوەی دەزانین هەموومان لەم جەنگەدا لەناودەچین.

ڕامسیس لە لەناوبردنیان دودڵ بوو، لەهەمان کاتدا دوو بنکەی تر دەبێت ڕەزامەندی خۆیان لەبارەی جەنگ دژی ئەم بێگانانە بخەنە ڕوو ئەو بنکەیەش"کاهینەکان و دەسەڵاتدارانی میسر"بوون! بەڵام ڕامسیس لەڕێی سیخوڕەکانیەوە هەواڵی پلانگێڕ دژی خۆی لەلایەن"منلائوس و شنار"ی برایەوە پێگەشتبوو، بۆیە بەو سادەییە دەستبەرداریان نابێت، دەیزانی گرنگترین هەل ئەوەیە سەرەتا ئەو دەستی خۆی بوەشێنێت و ئەم پلانگێڕیەیان دەبێت هەر بەکۆرپەیی لەبار ببرێت. ڕامسیس بەرپرسیاریەتیەکی مەزنی لەئەستۆدابوو و بەوەی پلەی جێنشینی پێبەخشرابوو لەگەڵ ئەو متمانە و کەسایەتیەی لەنێو

PDF 4 KURD

هاوڕێیانیدا هەیبوو لەناوبردنی"شنار و منلائوس و ساری و دولانت"کە پەیی بە پلانەکەیان بردبوو بەچەند سەرکردەیەك سپارد بۆئەوەی بەتاوانی خیانەت لەهەلێکی گونجاودا بەسزای خۆیان بگەیەنن و خۆی گەڕایەوە بۆ کۆشك بۆئەوەی ئاگاداری کاروبارەکان بێت...

PDF 4 KURD

ئەو دیمەنەی "موسا"ی ڕاوەشاند

موسا تایبەیانی بگرە بۆ ساتێکیش هێور نەبویەوە، جارناجارێك لەجێی خۆی هەڵدەستایە سەرپێ و دەڕۆشتە ژورەکەی دایکی و زۆر بەوردی تەماشای ڕوخساری دایکی دەکرد، سەرەڕای ئەوەی دەیزانی کە ئەو ژنە دایکی ڕاستەقینەی نیە، بەڵام وەفای ئەو دڵسۆزیەی وای لێ دەکرد وەك دایکێك تەماشای بکات. ئەگەر"ئنخاس ئامون"نەبوایە و موسا لەڕوباری نیل هەڵنەگرتایەتەوە و نەینارادایە بۆ قوتابخانە، بێگومان لە ڕوباری نیلدا لەناو دەچوو. بگرە ئەگەر فریان نەدایا ڕوبار"نیل"یش لەلای دایکە ڕاستەقینەکەی بمایاتەوە، ئەوا جگە لەنۆکەر و نۆکەر زادەیەك هیچی تری لێ دەرنەدەچوو و ناچار جگە لەهەڵگرتنی خشت و بەرد و قوڕ پیشەیەکی تری شك نەدەبرد. گەرچی"ئنخاس ئامون" موسای لەدایکی جیا کردەوە، بەڵام لەزۆر لایەنەوە بووە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی گەشەی. موسا دەیزانی دایکی بەواتا- ئنخاس ئامون-هەوڵی دەدا ناسنامەی بەنهێنی بهێڵێتەوە و هیچ کەسێك پەی بەوە نەبات کە"موسا"یان لەڕوباری نیل گرتووەتەوە، چونکە جارناجارێك ئەم بابەتەیان لەبۆنە و شوێنە جیاوازەکاندا دەیاندایەوە بەڕویدا. "موسا"ش جگە لە بێدەنگی هیچ ڕێگەچارەیەکی تری بەدەستەوە نەبوو. خاڵێکی تر کە موسا زۆر جەختی لەسەر دەکرد و"ئامون تپ"یشی لێئاگادار کردەوە ئەوە بوو کەچی بووە هۆی ئەوەی "ئنخاس ئامون" موسا لەلای خۆی بهێڵێتەوە و پەروەردەی بکات، چونکە ئنخاس ئامون مەبەستێکی تایبەتی لەم میهرەبانیەیدا هەبوو و کاتێك کاهینی مەزن دایکی ڕاستەقینەی موسای لەنێو دانیشتوانی"کوش"دا دۆزیەوە و ئەو ژنەش شیری دا بەکوڕەکەی خۆی، "ئنخاس

PDF 4 KURD

ئامون"بێبەزەییانە دایکی نەدەناردە ناوچەیەکی دورەوە، بەڵکو بەزۆری سامان و پارە دایکی موسای دەناردە شوێنێك بژیت کە دەستی کاربەدەستانی فیرعەون نەکەوێت، تەنها بۆئەوەی بڵێن کوڕێکی هەیە موسای لەلای خۆی پاراست. سەرەڕای ئەوەش پەیوەندی دولایەنە، دایك و کوڕی بیٚ ناونیشان هاتەبون. موسا هەستی بەسۆزی هەمە لایەنەی"ئنخاس ئامون"دەکرد و دەیبینی کە بەشێوەیەکی هەڵەشانە لەبەرامبەر فیرعەوندا بەرگری لێدەکات و نەیدەهێلاّ فیرعەون بیکوژێت. ئەم خۆشەویستی و لەخۆبردووییە گیانی موسای لەمەرگ ڕزگار کرد. هۆکارێکی تر ڕەفتار و هەستێك بوو کە"ئنخاس ئامون"لەبەرامبەر موسادا دەریدەبڕی، هەستی دایکایەتی و دڵسۆزانەی لێوانلێوی سۆز بوو. ئنخاس ئامون نەیدەهێلاّ بەهیچ شێوەیەك سەختی بکێشێت، لەو شەوەدا تەواوی ڕەفتارەکانی سەردەمی ڕابردووی ئەو ژنە هێنایەوە یاد و زۆریش دڵی بۆی تەنگ بوو. هەر لەبەرئەوەش موسا دەبێت وەك دایکێکی ڕاستەقینە تەماشای بکات، چونکە بیٚ لەبابەتی لەدایك بونی لەڕوی دایکایەتیەوە هەموو کارێکی بۆ ئەنجام دابوو. تەواوی ئەم بیر و ڕەفتار و یادگاریەکانی ئەو شەوە کە چەند جارێك موسا سەردانی ژورەکەی دایکی کردبوو هێنایەوە یاد خۆی. بەهەڵهاتنی سپێدەی بەرەبەیان بەفەرمانی فیرعەون بوق و دەهۆڵەکان لە"تبس"دا لێدران بۆئەوەی خەڵکی بزانن ڕۆژی ماتەمینیە. بەکۆتایی هاتنی وەرزی بەهار و هاتنی وەرزی هاوین هەوای"تبس"زۆر گەرم بوو، فیرعەون و ڕامسیس لەپایتەختەوە ڕێی باشوریان گرتەبەر و تاکۆتایی هاوین لەهاوینەهەواری فەرمانڕەوایدا مانەوە. دە ڕۆژ پێش کۆچکردنی فیرعەون بەرەو هاوینەهەوار، موساش"تبس"ی بەجێهێشت و ڕۆشت بۆ میسری سەرو بۆئەوەی سەردانی تەلارە دروستکراوەکان بکات. موسا ڕۆشتە"کرنك" و تەماشای کرێکارەکانی دەکرد کە سەرقاڵی دروست کردنی تەلاری خواستراوی فیرعەون بون و ماوەیەك لەویٚ لەبارەی شێوازی کارکردن پرسیاری لەکرێکارەکان دەکرد و لەکۆتایی هاویندا بەفەرمانی فیرعەون چەند سەربازێك چاودێری ئەو تەلارەیان گرتە ئەستۆ و پاسەوانی ئەو تەلارەیان دەکرد. دوای تێپەڕبونی وەرزی هاوین فیرعەون لەمیسری سەرووەوە گەڕایەوە بۆ باکور، بەڵام موسا پانزە ڕۆژی تری لە

PDF 4 KURD

میسری سەرودا بەسەر برد بۆئەوە بەتەواوی لەوە دڵنیا بێت کە سەربازەکانی لەکاری پاسەوانیدا کات و زانیاریەکی تەواویان هەیە و شەو و ڕۆژ ئێشکگری و پاسەوانی ئەو تەلارە بکەن، دوای ئەوەی دڵنیا بوو گەڕایەوە بۆ پایتەخت و ڕاستەوخۆ ڕۆشت بۆ کۆشك و چووە شوێنی تایبەتی خۆی، بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەك لەژوورەکەیدا دانیشت، نۆکەرێك بێ هیچ پێشەکیەك و سەراسیمە خۆی کرد بەژوورەکەیدا و سەبەتەیەکی لەژوورەکەیدا دانا. موسا دەمودەست نۆکەرەکەی ناسیەوە، ئەو کەسە نۆکەری"ئامون تپ"ی کاهینی مەزنی فەرمانڕەوایی بوو. موسا لەترس و نیگەرانی و بێدەنگی کابرای نۆکەر سەری سوڕما و پرسی: کاهینی مەزن لەکوێیە؟ ، نۆکەریش بێئەوەی وشەیەك بهێنێتە زمان سەبەتەکەی کە سەرپۆشێکی زیوینی بەسەرەوە بوو لەبەردەم موسادا دانا و سەرپۆشەکەی لەسەر سەبەتەکە لابرد و سەری مرۆڤێکی لەناو سەبەتەکەدا بینی و بەترس و تۆقانەوە پرسی: ئەمە سەری کێیە؟

کابرای نۆکەر وتی: تۆ چۆن سەری "ئامون تپ" کاهینی مەزن ناناسیتەوە؟

موسا بەنیگەرانی و دڵگرانیەکەوە وتی: ئایا ئەمە سەری"ئامون تپ"ە؟.....

دوای ئەوە سەری بڕاوی کاهینی مەزنی کۆشکی فەرمانڕەوایی لەناو سەبەتەکەدا دەرهێنا و لەبەرامبەر ڕوخساری خۆیدا ڕایگرت. چاوەکانی ئامون تپ هێشتا دانەخرابوون، چونکە هیچ کەسێك لەوانەی سەریان بڕیوە چاوەکانی دانەخستووە بۆئەوەی بەزمانێکی بێزمان پەیامێك بەموسا بگەیەنێت، ئەو پەیامەش ئەوەیە لەلای فیرعەوندا وەفاداری خۆی لەبەرامبەر خودای"ئاتون"دا نیشان دابوو! موسا بەبینینی ئەو دیمەنە پەیی بەوە برد کە"ئامون تپ"سەری لەپێناو بیروباوەڕیدا لەدەستداوە و بەهۆی ئەوەی باوەڕی بەخودای"ئاتون"بووە فیرعەون فەرمانی داوە سەری بڕن. ئەم تاوانە ڕادەی ڕق و دژایەتی فیرعەون لەبەرامبەر خودای ئاتون و لایەنگرانی بەڕونی ئاشکرا دەکات، چونکە لەناوبردنی کاهینی مەزنی کۆشك بەوشێوە دڕندانەیە تائەو کاتە کۆشکی فەرمانڕەوایی پێشینەی وای بەخۆیەوە نەبینیوە. کوشتنی کاهینی مەزن-سەرپەرشتی کاهینەکانی کۆشکی فەرمانڕەوایی- کەسێك کە گرنگترین ئەرکی لەئەستۆ گرتبوو بەئاگاهێنانەوە و

PDF 4 KURD

ئاگاداریـــەکی ڕاوەشـــێن بـــوو بـــۆ موســـا، لەهەمانکاتـــدا بـــۆ ئـــەو پـــەیامێکی هەڕەشەئامێزیش بوو. موسا سەرەڕای ئەوە لەهەڕەتی لاویەتیدا بوو دەیتوانی پـەی بـەوە ببـات کـە کوشـتنی"ئـامون تـپ"نـەدەکرا بەئاسـانی ئـەنجام بـدرێت، بێگومـان کاهینەکان ئاگاداری بیروباوەڕی بون و فیرعەونیان لێ ئاگادار کردووەتەوە، ئـەویش بەناونیشـانی بڕیـارێکی یـەکلایی کـەرەوە سـەری کـاهینی نـارد بـۆ موسـا و پێـی ڕاگەیاندووە کە ئەرئەنجامی ئاتون پەرستی ئەوەیە کە دەیبینی. ئەوەی بو بەمایەی نیگـەرانی کاهینـەکانی ئـامون پەرسـت خـودی"ئـاتون"بـوو. هـیچ کاتێـك ئـەوەیان فـــەرامۆش نـــەدەکرد کـــە ســـەردەمی فـــەرمانڕەوایی"ئـــاتون" کـــە بـــەهۆی ئـــەو فەرمانڕەواییەوە دەستەڵاتی پەرستگای میسری لێ سەندبونەوە و هـەژاری خستن، بەجۆرێك کـە هەنـدێك لەکاهینـەکان دەسـتیان بـۆ سـواڵ درێـژکرد. هەرلەبەرئـەوەش نـاوی"ئـاتون"بەلایانـەوە یەکسـان بـوو بەدەرکـەوتنی هـەژاری و بەدبـەختی. بۆیـە هەمویان بەپێویستیان زانـی بڕیـاری کوشـتنی کـاهینی مـەزن دەربکـەن. موسـا زۆر بەدڵگرانیـەوە ئـەم تێڕوانینانـەی بـۆ نۆکەرەکـەی کـاهینی مـەزن دەگێڕایـەوە و بـەدەم ئەم قسەکردنانەوە دەگریـا. "ئـامون تـپ"دوای "ئنخـاس ئـامون"نزیـك تـرین کەسـی موســـا بـــوو و"موســـا"ش هـــەموو نهێنیـــەکی خـــۆیی بـــۆ دەگێڕایـــەوە، هـــەروەها هەردوکیان وەك دوو هاوڕێی دڵسۆزی یەکتر نهێنیەکانیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. موسا دوای سەرسوڕمان و خەمێکی زۆر سەری"ئامون تـپ"ی خستەوە جێگەکـەی خۆی و لـەناو کۆشـکدا بەدوای نۆکـەری کـاهینی مەزنـدا گـەڕا تـا دۆزیـەوە کـە ئـارام لەگۆشـەیەکدا ڕاوەسـتابوو و لێـی پرسـی: بۆچـی سـەری کـاهینی مـەزنت هێنـا بـۆ ژورەکەم؟

نۆکەر وەڵامی دایەوە: "ئامون تپ"ی خاوەنم پێش مەرگی پێـی وتم دوای ئـەوەی سـەریان بـڕیم بیهێـنم بـۆت، منـیش دوای مـەرگی سـەریم هـەڵگرت تـا ئـەو کاتـەی لەگەشتەکەت گەڕایتەوە و منیش ڕاسپاردەی خاوەنەکەم بەجێ هێنا.

موسا پرسی: ئایا خاوەنەکەت پێی نەوتی بۆچی ئەم سەرە براوە دەنێری بۆم؟

نوکەر وتی: خاوەنەکەم لەو بارەیـەوە هـیچ ڕونکردنەوەیـەکی پـێ نـەدام، لەوانەیـە لەوە دڵنیابوبێت کە تۆ ئاگاداری ئەم ڕوداوەیت بۆیە هیچی پێ نەوتم.

PDF 4 KURD

موسا وتی: تۆ ڕاست دەکەیت من زۆر باش ئاگاداری هۆکاری ئەم لەناوچونەم، دوای ئەوە پرسیاری لاشەی کاهینی لێکرد کە چی لێکردووە؟

نۆکەر وتی: لاشەکەی لەهەمان شوێنی لەسێدارەداندا فڕێدراوە.

موسا وتی: بۆچی لاشەکەیت لەشوێنێکی تایبەتدا هەڵنەگرت.

نوکەر وتی: ئەو فەرمانێکی وای پێ نەدابوم، چونکە هیچ شوێنێکی ئەوتۆم شك نەدەبرد تا لاشەکەی بەهەڵنەوەشاوی تێدا هەڵگرم، بەچ شێوەیەك دەمتوانی لاشەیەکی ئاوا بیمەوە بۆ کۆشك و لەشوێنێکی ساردا هەڵیگرم، بگرە ئەم سەرەشم بەدەردیسەریەکی زۆرەوە توانیم تا ئەو کاتەی تۆ بێیتەوە لەشوێنێکی سارد دا بۆئەوەی بۆگەن نەکات بپارێزم، ئەگەر ئەمڕۆش نەهاتاییتەوە ناچار بوم شتێکی لێ بکەم.

موسا وتی: تۆ نۆکەرێکی هۆشیاریت... دوای ئەوە خۆی بۆ مۆمیاکردنی سەری"ئامون تپ"ڕێگای مردوخانەی گرتەبەر. شەوانە موسا دەڕۆشت بۆ مردووخانە، کاتێك ئەو سەبەتەیەی کە سەری"ئامون تپ"ی تێدابوو هەڵگرت بەئاگاییەکی زۆرەوە ڕێگای مردووخانەی گرتەبەر. مردوخانە بەڕۆژدا قێزۆون و ئازاربەخش بوو، چ بگات بەشەوی کە هەندێك ئەندێشە و خەیاڵی ترسناکیشی بۆ زیاد دەکرا، بەڵام موسا سەرەڕای ئەوەی زۆر ڕقی لە مردووخانە بوو و نەیدەتوانی بەڕۆژدا بەرگەی ئەو بارودۆخە بگرێت. جارێکیان لەگەڵ گروپێك خوێندکاردا ڕۆشتبوو بۆ سەردانی ئەو شوێنە، بەڵام نەیتوانی سەردانی بەش بەشی ئەو شوێنە بکات، بەڵام ئەو شەوە بەسەر خۆیدا زاڵ بوو و بوێری بەخۆی بەخشی و لەپێناو"ئامون تپ"دا بەرگەی ئەو شوێنە قێزۆونە بگرێت.

بەڕێوەبەری ئەو شوێنە کاتێك چەند جارێك گوێی لەلێدانی دەرگای ئەو مردوخانە بوو وتی: کێیە؟

موسا وتی: بیکەرەوە، کارم هەیە.

وەستاکارەکە وتی: شەو کاتی سەردان نیە، بڕۆ و سبەی بەیانی وەرەوە.

موسا وتی: بەڕۆژدا ماوەم نیە، سبەی ناتوانم، بەڵام لەئێستادا ئەنگوستیلەیەکی باشت پێ ببەخشم..... کاتێك گوێ لەئەنگوستیلەی دڵخواز بوو دەرگای کردەوە و

PDF 4 KURD

وەستاکار کە نیوە سەرخۆش بوو بەلۆنگەلۆنگەوە چووە کەنارەوە و وتی: کوڕی لاو چیت دەوێت و چەنێکم دەدەیتێ؟

موسا بۆی ڕونکردەوە و وەستای مردووخانەکە وتی: سەرەتا با لەئەنگوستیلەکەوە دەستپێکەین ئەوکات دێینە سەر کارەکە... موسا دوو ئەنگوستیلەی زیوی پێدا و وەستاکەش بەم دوو پارچە کانزایە ڕازی بوو. دوای ئەوە موسای بردە ناو یەکێك لەو ژوورانەی مومیای تێدا دەکەن، لەو ژوورەدا چەند کەسێك لەکرێکارەکانی ئەو مردووخانەیە خەریکی خواردنەوەی ئاوجۆبون-چونکە ئاوجۆ هەرزانترین خواردنەوە بوو- موسا بینی هەموویان مەستن. وەستاکەش ڕوناکی چراکەی دا بەسەروچاوی موسادا و وتی: ئەی مەزن زادە بۆچی بەم شەوە درەنگە هاتویت بۆئێرە و چیت پێیە؟

موسا سەبەتەکەی لەبەردەمیدا دانا و سەرپۆشە مسینەکەی سەری لابرد: دەمەوێت ئەم سەرەم بۆ مۆمیا بکەیت.

وەستاکەش لێی پرسی: ئەی لاشەی لەکوێیە؟

موسا وتی: لەشوێنی لەسێدارەدانەکەدا فڕێ دراوە، بەیانی دەتوانی دوان لەکرێکارەکانت بنێری بۆئەوەی لاشەکەشی بهێنن... دوای ئەوەش چەند ئەنگوستیلەیەکی زیوینی تری خستە ناومشتی ئەو پیاوە... موسا لەوشوێنەدا چاوی بەلاشەی چەند ژنێکی لاو کەوت و سەری لەوە سوڕما کە جەستەی ئەم ژنانە لێرەدا چی دەکەن؟ بەڵام لەناکاو ئەوەی هاتەوە یاد، ئەوەی لەبارەی هەندێك ڕەفتاری ناشایست و ووڕژێنەری ئەم کرێکارانە لەگەڵ ژنە مردووەکاندا بیستبوی ڕاستە، لەوکاتەدا موسا زۆر دڵگران و نیگەران ئەو ژوورەی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ کۆشك.

PDF 4 KURD

فیرعەونی نوێ

فیرعەون بەهۆی گەشتە دوورودێژەکەی ماندو و شەکەت گەڕایەوە و یەکەمین کار کە ئەنجامی دا کوشتنی کاهینی مەزن بوو، بەڵام بێئاگا لەوەی خۆی هەموو بەیانیەك ڕوخساری تاریكتر و قەد و باڵای سیستر و چەماوەتر دەبێت، فیرعەون باسی"مات"ی یەزدانی دادپەروەری بۆ ڕامسیس دەكرد!!مات كە شێوەی ژنێكی بەڕوكەش تێكشكاو بوو، "پردوم"یش ئاڕاستەی فرینی دەكرد. فیرعەون دەیوت: "مات"دەبێت فەرمانڕەوایی بكات بۆئەوەی خۆگونجاندنی بونەوەرەكان بەپارێزراوی بمێنێتەوە. بەبۆچونی"مات" دەبێت ڕێز لە یاسا یەزدانیەكان بگیرێت كە خۆر هەمیشە تیشكێكی دەرەوشاوە و ڕوناكی هەبێت و گەشەی گەنمی لاوازیش بەتواناتر بێت. ئەركی فیرعەون بوو باسی"مات" بكات و یاسا یەزدانیەكان جێبەجێ بكات، لەهەمان ئەو كاتەی باسی ئەمانەی بۆ ڕامسیس دەكرد خۆی دەستی لەخوێنینترین تاواندا ئاڵاندبوو.

ڕامسیس گوێی لێدەگرت، بەڵام نەیدەوێرا پرسیاری باری تەندروستی باوكی بكات. "ستە هوس"هاوسەری فیرعەون دەیزانی نەخۆشی هاوسەرەكەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەتینتر دەبێت، ئەم هەواڵە وردە وردە لەناو كۆشكدا بڵاو بویەوە تا گەشتە گوێی كاهینەكان. كزی ڕوناكی باوك چرای دەستەڵات و فەرمانڕەوایی كوڕەكەی بەتینتر و درەوشاوەتر دەكرد. سەربارە یۆنانیەكانی"منلائوس"كە چیتر بوبون بەبەشێك لەكۆمەڵگای میسر، لەجلوبەرگی بازرگانی و كارەكانی تریاندا تا دەهات چەكەكانیان تیژتر دەكردەوە بۆئەوەی لەكاتی پێویستدا فریای فەرمانەكانی پادشای"ئسپارت"بكەون. "ستە هوس"تەنها بیروهۆشی لەلای فیرعەون بووكە

PDF 4 KURD

لەناكاو دوچاری لاوازی و ئازارێكی سەخت بوو بوو، ئەمەش گەشتە ڕادەیەك كە چیتر نەیدەتوانی پێشوازی لەهیچ كەسێك بكات.

ستە هوس لەوەڵامی"ڕامسیس"دا كە هاتبوو بۆئەوەی چاوی بەباوكی بكەوێت وتی: ئەمڕۆ باوكت ناتوێت چاوی پێت بكەوێت.

ڕامسیس هۆكارەكەی لێ پرسی و ستە هوس وتی: بگرە پزیشكیش نەشتەرگەریەكەی بۆ ناكات، بەڵكو تەنها بۆ كەمكردنەوەی ئازارەكانی جۆرێك دەرمانی بۆ دەستنیشان كردووە. چیتر هیچ ئومێدێك لەمانەوەیدا نیە...

"ڕامسیس"یش كە فرمێسك لەچاوانید قەتیس مابوو، كاتێك فیرعەون گوێی لەدەنگی بوو كوڕەكەی بانگ كرد: كوڕم دەبێت ئامادە بیت. دەبێت هەتا ئەو ڕۆژەی لەژیاندا ماویت ناوی باوكت بەزیندویی بهێڵیتەوە... فیرعەون بەسەر تەختەخەوێكی دارین و ڕوپۆشی زێردا ڕاكشابوو و لەتەنیشت پەنجەرەكەوە تەماشای خۆرئاوابونی دەكرد: من مەرگم زۆر نزیك دەبینم، ڕوخساری خودای وڵاتی خورئاوا دەبینم، بەم زوانە گەشتێك دەكەم، گەشتێكی هەتا هەتایی.....

دەنگی فیرعەون وردە وردە كز بوو و چاوەكانی دوای كاتژمێرێك داخران و جەستەی لەجوڵە كەوت. مەراسیمی بەخاك سپاردنی لەكەنار خۆرئاوای نیلدا بەئامادەبونی كەسە مەزنەكان بەپێی بنەماو و نەریتە سەرەكیەكان بەڕێ خرا، كوڕەكانی فیرعەون بۆ دوایینماڵئاوایی لەوێدا ئامادە بون و فیرعەونی پیریش جێگای خۆی دا بەفیرعەونێكی نوێ.

PDF 4 KURD

جەنگی شمشێر و گۆچان

ژیانی فەرمانڕەوایی و سیاسی میسر لەوەرزی پایز دوای گەڕانەوە لەهاوینە هەوارەوە بۆ پایتەخت دەست پێدەکات. بەدرێژایی وەرزی هاوین پایتەخت چۆڵ دەبوو، خەڵکی بەرگەی گەرمی هاوینی"تبس"یان نەدەگرت. بەدرێژایی هاوین هیچ گەشتیارێك لەوڵاتی بێگانەوە نەدەهات بۆ"تبس"، سەرپەرشتیاران و کەسایەتیە سیاسیەکانیش بەشێوەیەك بەرنامەیان بۆخۆیان داڕشتبوو کە لەوەرزی"پایز"دا ڕێ بەخەڵکی بدەن چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکەن. هاوینان وەرزی نۆژەنکردنەوەی کۆشك بوو، چونکە کۆمەڵێك خەڵکی زۆر لەوێدا ژیانیان بەسەر دەبرد، هەڵبەت بێ لەخزمەتکارەکان. پایتەختی میسر یەکێك بوو لەنێوەندە چالاکەکانی ئەو سەردەمە و هیچ وڵاتێك نەیدەتوانی بانگەشەی ئەوە بکات کە شارستانیەتێکی ئاوا درەوشاوەی وەك میسر هەبێت. بەشە جیاوازەکانی میسر بۆ چەند مەبەستێکی جۆراوجۆر سەردانی پایتەختیان دەکرد و ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ کۆشك و کاربەدەستانی دەوڵەتەدا هەبوو بەبینینی"موسا"ی کەڵەگەت و ڕوخسار بەرجەستە زۆر کاریگەردەبوون، چونکە موسا لاوێکی ڕوخۆش و سەرنج ڕاکێش و باڵایەکی بەرز و تایبەتمەندی پاڵەوان و قارەمانی هەبوو. بەهۆی ئەم کاریگەریەی کە دەیکردە سەر میوانە دەرەکیەکان، شازادەکانی تر ئیرەییان پێدەبرد، چونکە زۆر دڵگرانی ئەوە دەبوون کە دەیانبینی لەلایەن میوانە دەرەکیەکانەوە گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت. لەم نێوەندەدا یەکێك لەکوڕەکانی فیرعەون کە زیاد لەوانی تر ئیرەیی پێدەبرد ناوی"ستی ستی"بوو. دەزانین کە ست بەواتای ئەهریمەن و ستی بەواتای ئەهریمەنی و ستی ستی بەواتای ئەهریمەنی ئەهریمەنی دێت، بۆیە ئەم ناوە سەلمێنەری شەڕەنگێزی و ئەهریمەنی ئەو کوڕە دەسەلمێنێت. ئەم"ستی ستی"ە

PDF 4 KURD

چەندجارێك بەشێوەیەكی ناڕاستەخۆ سوكایەتی بە"موسا"كردبوو، بەڵام موسا لەئاستێكدا نەبوو كە گرنگی بەگوتەی سەرزارەكی و توانجی"ستی ستی"بدات، تا دوای كۆچی دوایی كردنی"ئنخاس ئامون" كە موسای كەمێك بێتاقەت و تورە و دڵتەنگ كردبوو و ئەو موسا خۆپارێزەی جاران نەبوو، ڕووبەڕووی"ستی ستی"بویەوە، ئەمەش لەكاتێكدا بوو كە بیانیەكان باسی"موسا"یان دەكرد. كوڕی فیرعەون بۆسەیەكی بۆ دانا تا ئەوكاتەی دەركەوت و بەشمشێر پەلاماری"موسا"ی دا و هاواری كرد: ڕۆژێك دێت ئەم شمشێرە دەكەم بەورگتدا؟ و بێ ڕیخۆڵە ڕەوانەی مردورخانەت دەكەم، تۆ خۆت بەچی دەزانی؟ تۆ خۆ شازادە نیت، بگرە ناوەكەشت نیوەیە، پێم بڵێ موسا واتای چی دەگەیەنێت؟ دیار نیە لەچ شتێكەوە وەرگیراوە!

موسا چیتر نەیتوانی دان بەخۆیدا بگرێت و ڕۆشتە پێشەوە بۆی و پێی وت: بەچ شێوەیەك باسی دایكمت كرد؟

ستی ستی وتی: لەوبارەوە باسی دایكتم كرد، ئەگەر ئەو تۆ لەڕووبار نەگرتایەتەوە ئێستا ئێمە دوچار و گرفتاری تۆ نەدەبوین.

موسا وتی: ئایا دەزانی باسی كۆچكردووەكان بێ ڕەوشتیە.

ستی ستی وتی: كەسێك كە دایكی تۆ بێت نابێت ڕێزی لێ بگیرێت... ستی ستی لەپاڵ برا و شازادەكانی تردا بەدەنگێكی بەرز قسەی دەكرد. یەكێك لەبراكانی"ستی ستی"لاوێكی باڵا كورت و ڕەشپێست و دایكیشی لەژنە كەنیزەكان بوو، ئەو كەنیزەیە لە"لیبیا"وە هێنابویان بۆ میسر و لەشەوێكدا كەزۆر مەست بوو لەگەڵیدا دەخەوێت و سكی پڕ دەكات، ئەو كوڕە باڵاكورتێكی ناشیرین و قەد و باڵایەكی ناشیرینی هەبوو. لەهەمان كاتدا ڕوخسارێكی زۆر ناشیرینی هەبوو و بەڕەفتارەكانی دڵی خەڵكی دەڕەنجاند. موسا سەرەڕای ئەوەی لەڕوی دەرونیەوە زۆر دڵگران بوو، بەڵام كاتێك بینی ئەو كەنیزە زادەیە بەوشێوەیە بانگەشە بۆخۆی دەكات بەدەنگێكی بەرز قاقا پێكەنی و سەرنجی چواردەوری بەلای خۆیدا ڕاكێشا.

"ستی ستی"یش لەڕادەبەدەر تورەبوو و بەدەم هاوارەوە وتی: قسەیەكی پێكەناویت بیست؟

موسا وتی: ئەو قسەیەی كە كردت لەدەمت گەورەتر بوو.

PDF 4 KURD

ستی ستی وتی: ئەی لاوی نیوە ناو و بێناو ئەم پێکەنینەت دەگۆڕم بەشیوەن وگریانێکی بەرز.

"موسا"ش کە لەڕاستیدا تورەیی لەشێوەی پێکەنینێکدا خستە ڕوو، بەسەرخۆیدا زاڵ بوو و وتی: لەڕاستیدا زۆر حەز دەکەم بگریم، ئەگەر بتوانی هاوکاریم بکەیت بەوشێوەی خۆت وتت دەست بەشیوەن و گریان بکەم زۆر سوپاسگوزارت دەبم.

ستی ستی وتی: لەپاڵ قوچەکیەکانی میسر لەکەنار چڕە خورماکاندا یەك دەبینینەوە.

موسا پرسی: کەی لەوێ ئامادە بم؟

ستی ستی وەڵامی دایەوە: لەکاتی هەڵهاتنی مانگدا... کەنیزە زادەی باڵاکورت بەمشێوەیە بەردەوامی دا بەقسەکانی: لەکاتی هەڵهاتنی مانگدا لەکەنار چڕە خورماکاندا چاوەڕێتم و پێم بڵێ بەچ چەکێك ڕاهاتویت؟ پێم بڵێ! دەتوانی هەر چەکێك کە خۆت حەزی لێدەکەیت هەڵی بژێریت... دوای ئەم قسەیە ستی ستی و ئەوانەی لەگەڵیدا بون ڕۆشتن.

موسا دوای ماوەیەك گەشتە لای درەختێکی هەنجیری پیر و لەژێر سێبەرەکەیدا دانیشت. لەهەمان ئەو ساتەدا چاوی بەپیاوێك کەوت کە لەژێر گەرمای خۆردا دانیشتبوو، زۆر سەری لەم پیاوە سوڕما. بەڵام کاتێك باش لێی وردبویەوە مامۆستای تیر و کەوانەکەی خۆی ناسیەوە و وتی: ستی هوپ!. ستی هوپ بەمامۆستای تیروکەوانی تەواوی شازادەکان لەقەڵەم دەدرا. موسا لەسەردەمی لاویەتیدا یەکەمین ساڵی خوێندنی مەشقی لەسەر تیرهاویشتن کردبوو و دوای ئەوە چیتر چاوی بە"ستی هوپ"نەکەوتبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کاتێك بینی یەکسەر ناسیەوە: بەهۆی ئەو خودە جەنگیەی کە لەسەری دەکرد و سینەیەکی پان و ماسولکەیەکی لول و ئەندامێکی بەرجەستەی هەبوو، لەهەرشوێنێك ببینرایە یەکسەر دەناسرایەوە. موسا ڕێزێکی زۆری لە"ستی هوپ"دەگرت و هەمیشە ئەوی وەك قارەمانێك لێك دەدایەوە. سەیر لەوەدا بوو کە"ستی هوپ"یش یەکسەر

PDF 4 KURD

موسای ناسیەوە و وتی: سڵاو لەموسا، زۆر خۆشحاڵم بەوەی دوای ئەو هەموو ساڵە دوبارە چاوم پێت کەوتەوە، پیاوێکی تەواوت لێ دەرچووە.

موسا بەڕێزەوە لێی پرسی: مامۆستا بۆچی لەژێر تیشکی خۆردا دانیشتویت؟

ستی هوپ بەدەنگێکی بەرز وەڵامی دایەوە: ئازاری نێوەندی ئێسقانەکان"مفاصل"و ئازاری پیری کە دوای تێپەڕبونی وەرزی هاوین هێرشت بۆ دەبات، چارەسەرەکەشی خۆرە.

موسا وتی: بەڕاستی زۆر دڵگرانم بەوەی دەبیستم پێی مامۆستای قارەمانم ئازاری هەیە.

ستی هوپ بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: بەڵام من زۆر خۆشحاڵم بەوەی دەبینم بەلایەنی کەم یەکێك لەشازادەکانی دانیشتوی کۆشك بەوشێوەی ئارەزوی دەکەم خەم و پێزانینی خۆیم بۆ دەردەبڕێت، ئەم جۆرە مامەڵانەم زۆر پێجوانە، وام دەزانی هیچ گرنگیەکم پێ نادەیت.

موسا وتی: من لەوجۆرە کەسانە نیم کە گوێ بەمامۆستایەکی وەك تۆ نەدەم، من هەمیشە تۆم بەپارێزەر و دۆستی خۆم زانیوە و ئێستاش بەڕاستی بەبینینت زۆر خۆشحاڵ بوم.

مامۆستای تیروکەوانیش وتی: من لەودورەوە تۆم ناسیەوە و هەستم بەوە کرد کە کەمێك نگەران و دڵگران دیاری.

موسا وتی: هەست و گومانەکەت لەجێی خۆیدایەتی، دڵگرانی من بەهۆی کۆچی دوایی کردنی دایکمەوەیە، بەڵام پێش کەمێك یەکێك لەکەنیزەکانی کۆشك سوکایەتی پێکرد و زۆر تورە و دڵگرانی کردم.

مامۆستاکەی لێی پرسی: شەڕت کردووە.

موسا وتی: شەڕم نەکردووە بەڵام ئەمشەو لەکاتی هەڵهاتنی مانگدا لەگەڵ یەکدا بەشەڕ دێین.

مامۆستاکەی وتی: تا ئەو شوێنەی تۆ بناسم تۆ کوڕی شەڕ و شۆڕ نەبویت.

موسا وتی: شەڕ ناکەین بەڵام بڕیارە ڕوبەڕوی یەك ببینەوە و هەڵبژاردنی جۆری چەکەکەش لەدەستی خۆمدایە، چونکە ئەو بڕیاری دا ڕوبەڕوی یەکتر ببینەوە.

PDF 4 KURD

ستی هوپ وتی: ناکرێت چاوپۆشی لەم ڕووبەڕووبونەوەیە بکەیت؟

موسا وەڵامی دایەوە: ئەگەر چاوپۆشی لەم ڕووبەڕووبونەوەیە بکەم چیتر لێرەدا چاوەڕێم نەدەکرد، ئەوان وا دەزانن لێیان ترساوم، ئەو لەبەردەم خەڵکانی تردا سوکایەتی بەدایکم کردووە، دەبێت سزای گوفتارەکانی خۆی وەرگرێت.

ستی هوپ وتی: بەڵام ئەگەر بیشی کوژی ئەوا دەرئەنجامێکی خراپ چاوەڕێت دەکات، بەهەرحاڵ ئەم کەنیزەك زادەیە، فیرعەون زادەشە.

موسا وتی: هەوڵی کوشتنی نادەم.

مامۆستاکەی وتی: لەم حاڵەتەدا ئەو هەوڵی کوشتنی تۆ دەدات، ئەمەش یاسای جەنگ و ڕووبەڕووبونەوەکانە.

موسا وتی: ئەو توانایەی نیە، بەڵام ئەگەر بیشکوژرێم لەگەڵیدا دەجەنگێم.

مامۆستای تیرهاویشتن پرسی: دەتەوێت بەچ چەکێك لەگەڵیداّ بەشەر بێیت؟

موسا وتی: بەهەر چەکێك پێویست بکات، بەڵام لەوباوەڕەدام ئەو شمشێر هەڵبژێرێت، بەڵام من دارێك بۆ ئەم جەنگە هەڵدەبژێرم!

مامۆستاکەی وتی: بێگومان دەزانی کە شمشێرەکەی لەو شمشێرانەیە کە لەوڵاتی"هاتی"دا بەئاسن دروست دەکرێت و زۆریش بەهێزە. تۆش دەبێت زۆر ورد بیتەوە لەجۆری هەڵبژاردنی دارەکەت، چونکە ئەو شمشێرەی ئەو هەیەتی هەموو دارێك بەیەك لێدان دەکات بەدوو کەرتەوە و لەم حاڵەتەشدا مەرگت مسۆگەرە. ئایا بیرت لەجۆری هەڵبژاردنی ئەو دارە کردووەتەوە.

موسا وتی: نەخێر بیرم لەهەڵبژاردنی جۆری دارەکە نەکردووەتەوە.

ستی هوپ وتی: من دارێکت پێ دەدەم کە لەبەرامبەر لێدانی شمشێردا لەت نەبێت.

موسا وتی: ئەوە چ جۆر دارێکە؟

مامۆستاکەی پێی وت: ئەو دارەی بۆتی دەهێنم بۆئەوەی لەگەڵ "ستی ستی"دا پێی بەشەڕ بێیت لەجۆری داری"ئبنوس[25]" ە. ئەو دارەی پێتی دەدەم نە

---

[25] ئبنوس: لەوشەی یۆنانی"ئبنوس"Ebnus وە وەرگیراوە، درەختێکە کە لەهندستان و حەبەشەدا دەڕوێت و وەك درەختی گوێز گەورە و ئەستور دەبێت، بەرەکەی وەك بەری تریّ وایە و ڕەنگی زەردەباوە، گەڵاکەشی وەك گەڵای

PDF 4 KURD

بەشمشێر کەرت دەبێت و نە دەشکێت. "موسا"سوپاسی مامۆستاکەی کرد و خۆی بۆ ئەو ڕووبەڕووبونەوەیە ئامادە کرد. کاتێک مانگ تریفە زیوینی بەئاسماندا بڵاوکردەوە، فیرعەون زادە و لەپێشیانەوە ستی ستی لەکەنار باخە خورماکەدا لەنزیك قوچەکیەکاندا کۆبونەوە و لەگەڵ یەکدا دەستیان کرد بەقسەکردن تا ئەو ساتەی کاتی ڕووبەڕووبونەوەکە هاتە پێش. ئەمانە جۆرەها خواردنەوە و خوادەمەنیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، وەك بڵێی بۆ تەماشاکردنی نمایشێکی تایبەت هاتبن. موسا بەوەرگرتنی ئەو دارە تاقی کردەوە دوای ئەوە بەمتمانە بەخۆبونێکی تەواوەوە پێی نایە گۆڕەپانەکەوە، لەتەنیشت موساوە کەسێکی تر بەدی دەکرا ئەو کەسەش"ستی هوپ"ی مامۆستای تیروکەوانی قوتابخانەی کوڕەکانی فیرعەون بوو. "ستی هوپ"تەماشایەکی ئەوانی کرد و بەموسای وت: ئەمانە هاتون بۆئەوەی کاتی خۆش بەسەر بەرن، لەوانەشە هاتون تا هاوکاری براکەیان بکەن!دەبێت ئاگات لەخۆت بێت نەوەکو کەسێك لەمانە لەکاتی جەنگەکەدا هاوکاری براکەی بکات. "ستی هوپ"لەئەسپەکەی دابەزی و هەوساری ئەسپەکەی"موسا"شی گرت بەدەستەوە و بەدارخورمایەکەوە بەستنیەوە. موسا ئارام و لەسەرخۆ بەرەو ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە هەنگاوی نا، شازادە و شازادە خانمەکان چاوەڕێی ئەو جەنگەیان دەکرد و بەدەم هاوارەوە دەیانوت مەرگ بۆ موسا، حەزیان دەکرد لەم ڕووبەڕووبونەوەیەدا بکوژرێت. "ستی ستی"خودەیەکی کردبووە سەری و زرێپۆشیشی لەبەرکردبوو، بەڵام قۆڵی قەڵخانی پارێزەری پێوە نەبوو و بەشمشێرێکی درێژ بەدەستەوە ڕۆشت بۆ ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە. "موسا"ش نە قەڵخانی بەدەستەوە بوو نە زریٚ پۆش و خودەی بەسەرەوە بوو، هەر ئەو بار سوکیە دەبووە هۆی ئەوەی خێرا و چوست و چالاك بێت، لەکاتێك بونی خودە و زریٚ پۆش کە لە"مەفرەغ"دروست دەکرێن"ستی ستی"خاوتر و قورستر کردبوو. "ستی هوپ"دوای بەستنی ئەسپەکان بەدارخوماکەوە ڕۆشتە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە و مەشخەڵەکانی داگیرساند، تا ئەو ساتە وایان دەزانی موسا

سنۆبەر وایە و گوڵەکانیشی وەك گوڵی خەنە، دارەکەشی قورس و بتەو و پەڵەپەڵەی ڕەشی پێوەیە... سەرچاوە ﴿فەرهەنگی عەمید﴾ وەرگێر.

PDF 4 KURD

ئەفسەرێکی سەربازی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بەڵام ڕوناکی مەشخەڵ ڕوخساری "ستی هوپ"ی مامۆستای ئاشکراکرد و سەرکردەی بەناوبانگی جەنگەکان مامۆستای تیر و کەوان"ست هوپ"ە. سەرکردەی پیر بەدەنگێکی بەرز وتی: ئەی شازادەکانی میسر بێگومان هەموتان دەمناسن، هەمووتان بۆماوەیەك لەلای من مەشقی تیرئەندازی کردووە، من پێش ئەوەی لەدایك بن، باوکتانم فێری ئەوە کردووە کە بەچ شێوەیەك شمشێر بەدەستەوە بگرێت و خودی فیرعەون یەکەمین جار بەهاوکاری من سواری گالیسکە بوو، ئەویش وەکو ئێوە مەشقی لەسەر تیرئەندازی کردووە، ئەمانەم بۆ مەبەستێك بۆ گێڕانەوە، باش گوێم لێبگرن، ئێمە ئەمشەو بۆ ڕوبەڕوبونەوەیەك لێرەدا کۆبوینەتەوە، ڕوبەڕوبونەوەیەك کە لەوانەیە یەکێکیان یان هەردوکیان لەناو بچن و هەردوکیشیان شازادەن، سەرەتا داوا لەو دوانە دەکەم دەست لەم ڕوبەڕوبونەوەیە هەڵگرن بۆئەوەی خوێنی یەکێکیان نەڕژێتە سەر زەوی. بێدەنگی باڵی بەسەر هەمواندا کێشا و هەموان چاویان بریە موسا و ڕکابەرەکەی"ستی ستی"

دوای ئەوە ستی هوپ وتی: من بەفیکەیەك ئاماژە بەئامادەبونی ئەم ڕوبەڕوبونەوەیە دەکەم، فیکەی دووەم لێدەدەم ئەگەر ویستیان دەست لەم ڕوبەڕوبونەوەیە هەڵگرن ئەوا دەتوانن لەفیکەی دووەمدا هەڵوێستی خۆیان وەرگرن، ئەگەر هەردولا لەوکارەیان پاشگەز نەبونەوە ئەوا لەمحاڵەتەدا فیکەی دەستپێکردنی ئەم ڕوبەڕوبونەوەیە لێدەدەم..... دوای ئەوە ڕویکردە موسا و ستی ستی و وتی: تێگەشتن؟. هەردوکیان بەهێمای بەڵێ سەریان ڕاوەشاند، دوای ئەوە مامۆستای تیرئەندازی فیکەیەکی درێژی لێدا، هیچ کامیان لەجێی خۆی نەجولایەوە، فیکەی دووەمیش هەر بەوشێوەیە لەجێی خۆیان تەکانیان نەخوارد و لەسێیەمین فیکەدا بوو کە شمشێر لەلایەك و دار"ئبنوس"لەلاکەی تر کە شەش هەنگاو لەیەکتر دوربون هێرشیان برد بۆ یەکتری. شازادە خانمەکان کە پێشتر دانیشتبون هەستانە سەرپێ بۆئەوەی جوانتر بەسەر ئەو گۆڕەپانەدا زاڵ بن. "ستی ستی" کە قەڵاخنێکیشی بەدەستی چەپیەوە گرتبوو شمشێرەکەی سوڕاندەوە و ڕۆشتە پێشترەوە، قەڵخانەکەی لەپێش دەموچاویەوە گرت و بەرەو ورگی موسای

PDF 4 KURD

وەشاند، بەڵام یەکسەر شمشێرەکەی کێشایە دواوە و بەرزی کردەوە بۆئەوەی بیکێشێت بەنێوچاوانی موسادا! لەناکاو لەکاتی وەشاندنی شمشێرەکەیدا بەر دار"ئبنوس"ەکەی موسا کە بەخێرایی بەلاسەریەوە ڕایگرتبوو کەوت و شمشێری دەستی ستی ستی لەناکاو بەهۆی ئەو کاردانەوە بەهێزەوە ڕاوەشا و فشار و ئازارێکی زۆری خستە سەر دەست و قۆڵی"ستی ستی" سەرەڕای ئەوەی شمشێرەکەی ستی ستی لەئاسن دروست کرابوو بەڵام نەیتوانی دار"ئبنوس"ەکە بکات بەدوو کەرتەوە و تێکی بشکێنێت، ستی ستی خۆی بۆ هێرشێکی تر ئامادە کرد، بەڵام ئەمجارەیان پەلاماری نێوچەوانی موسای نەدا چونکە ستی ستی پەیی بەوە برد کە دار"ئبنوس"ەکە بەو شمشێرە تێکناشکێت، بۆیە ڕاستەوخۆ بۆ ناوکی موسای وەشاند، هەر لەم ماوە کەمەدا کە ستی ستی دەستی بۆ دواوە کێشایەوە تا بدات لەموسا، بەڵام موسا بەهۆشیاری و ئاگاییەکەوە مەچەکی ستی ستی کردە ئامانجی خۆی و بەهەموو توانایەکی دار دەستەکەی کێشا بەمەچەکی"ستی ستی"دا. ئەو لێدانەی بەڕادەیەك بەهێز و ئازاربەخش بوو کە نەك تەنها شمشێرەکەی لەدەستی ستی ستی کەوتە خوارەوە، بەڵکو خۆشی لەئازاردا کەوتە سەر زەوی و بەدەستەکەی تری کە قەڵخانەکەی فڕێدابوو مەچەکی خۆی گرت و هاواری کرد. "ستی هوپ"فیکەیەکی زۆر بەهێزی لێدا و کۆتایی ئەم ڕووبەڕووبونەوەیەی ڕاگەیاند، بەڵام لەناکاو یەکێك لەبراکانی"ستی ستی"بەناوی"ڕوم ئویت"بەشمشێرێکەوە پەلاماری موسای دا بۆئەوەی لەپشتەوە بیکوژێت. "موسا"ش دوای ئەوەی ماوەستاکەی لەم هێرشە لەناکاوە ئاگاداری کردەوە خۆی بۆ ئەو هێرەشە ئامادەکرد و پێش لێدانی شمشێری"ڕوم ئویت" دار"ئبنوس"ەکەی بەخێرایی کێشا بەبازوی هێرشبەردا. لێدانی بەهێزی دارەکە"ڕوم ئویت"ی تەختی زەوی کرد. ستی هوپ لەم دەست تێوەردانە زۆر دڵگران و نیگەران بوو، بۆیە چەقۆکەی دەرهێنا و بەدەسکی چەقۆکەی چەند دانەیەکی کێشا بەسەری هێرش بەردا و وتی: من پێم ڕاگەیاندن هەرکەسێك دەست لەم ڕووبەڕووبونەوەیە بگلێنێت، بەدەستی خۆم تەمێی دەکەم. ئێستا ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە کۆتایی پێهاتووە، ئێستا هەمووتان بگەڕێنەوە. دوای ئەوە بەخێرایی هەوساری ئەسپەکانی کردەوە و

PDF 4 KURD

بەئاماژەیەك موسای لەوە تێگەیاند کە سواری ئەسپەکەی ببێت و بەخێرایی ئێرە بەجێ بهێڵن.

موسا وتی: ئەگەر دەستیم بۆ نەشکاندایە بەدڵنیاییەوە دەیکوشتم.

مامۆستای تیرئەندازیش لایەنگری کرد و وتی: ئەو دەیتوانی تۆ بکوژێت، ئەگەر ئەویش نەیکوشتایەیت ئەوانی تر دەیانکوشتی، من زۆرباش ئاگاداری ئەوەم، چونکە بەهیچ شێوەیەك بیرت لەم هەڕەشە نەکردبویەوە، من ئەمشەو ئەوەم بۆ دەرکەوت کە هەموویان ڕقیان لێتە.

موسا وتی: باش لێیان تێگەشتویت بەلام"نف"! "نف"ی تەلارساز وەك تۆ هاوڕێمە و بەس ئیتر هیچ کەسێکی تر شك نابەم کە دڵسۆزی من بێت.

ستی هوپ وتی: کابرای تەلارساز هاوڕێی منیشە، بەلام ئێستا ئەو کۆچی کردووە و لەکۆشکدا کەسێك شك نابەیت دڵسۆزی تۆ بێت، لەمەودواش کینە هاوکات لەگەڵ ترسدا هەڕەشەگەلێکی جدیتر لەگەڵ خۆیاندا دەهێنێت. تۆ دەبێت زۆر لەجاران ئاگات لەخۆت بێت، بێگومان دایك و برا و خوشکەکانیان دژت هان دەدەن.

PDF 4 KURD

موسا دور دەخرێتەوە

موسا پەیی بەوە برد کە هەڵبـژاردنی ئەو بۆ سەرۆکی لێخوڕانی گالیسکەی جەنگی بەناونیشانی فەرمانەدەیەك جگە لەبیانویەك هیچی تر نیە، بۆئەوەی ئەو لەپایتەخت و کۆشك دور بخەنەوە. لەمیسردا کەسانێکی زۆر هەن ساڵانێکی زۆر ئەزمونی کرداریان لەسەر لێخوڕینی گالیسکە هەبووە و بەشداری جەنگەکانیان کردووە و مەشقیان لەسەر ئەم هونەرە سەربازیە کردووە و شایستەی ئەوە بون بکرێنە بەرپرس و سەرکردەی ئەم جۆرە بوارانە، بەڵام موسا بگرە نەیدەتوانی لێشی بخوڕێت... بۆئەوەی پەیوەندی بەگروپی گالیسکەوانی جەنگیەوە بکەیت پێویستی بەوە دەکرد لەپایتەخت بڕۆیتە دەرەوە، شاری "تانیس" چەق و نێوەندی گالیسکەوانانی میسر بوو. تەواوی بارەگا و تەویلەخانەی مەزنی ئەسپە بەهێز و تواناکان و شوێنی ڕاگرتنی گالیسکە و بەشەکانی تری ئەم بوارە هەموو لە "تانیس" کۆکرابویەوە، ئاشکرابوو فەرماندەی گالیسکەوانەکانیش بەفەرمانی فیرعەون دەبێت لەبارەگای فەرماندەییدا جێگیر ببێت. موسا بەهەر شێوەیەك بوو بەناونیشانی فەرماندە بەباشترین شێوە و پۆشاك دەرکەوت، هێما و نیشانەی فەرماندەیی بەسینەیەوە هەڵواسیوو و بەزۆر و ناچاری بوبە فەرماندە. ڕۆشتنی موسا بۆ ناو گۆڕەپان سەرنجی هەموانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا: ژنان و پیاوان بەملاولای ڕێگەکەیدا لەحاڵەتی ڕێزگرتدا بۆی ڕادەوەستان، منداڵ و نێوجەوانەکان و بەتەمەنەکان بەبینینی ئەو هەموو زاق و بریقە بەجلەکانیەوە کە لەژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشایەوە وەك فەرماندەیەك لێی ڕامابون، خودەی سەری موسا کە ئەوی شکۆمەندتر نیشان دەدا، کەسایەتی و فەرماندەیەکی ڕەسمی و جدی

PDF 4 KURD

پیشانی خەڵکی دەدا. لەناوەڕاستی گۆڕەپاندا چەند گالیسکەیەك لەدوایەوە ڕێیان دەکرد، لەدوای ئەو چەند گالیسکەیەشەوە سەد گالیسکە هاوکات بەیەك ڕیز ڕێیان دەکرد. دەنگی بەرکەوتنی سمی ئەسپەکان بەسەر زەوی هاوکات لەگەڵ حیلەحیل و هات و هاواری گالیسکەوانەکان لەگەڵ دەنگی چەرخی گالیسەکاندا پێکەوە دەنگێکی گوێ هەژێنی دروست دەکرد لەهەمان کاتدا سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا. گۆڕەپانی گالیسکەوانی لەماوەیەکی کورتدا گۆڕا بەگۆڕەپانی جەنگ. ئەو تەپ و تۆزەی گالیسکەکان لەکاتی ڕۆشتنندا دروستیان دەکرد تەواوی چوارەدەوری داپۆشی، هەموو گالیسکەکان بەیەك ئاراستەدا دەڕۆشتن، بەرەو ڕوی یەك فەرماندەی گالیسکەوان دەڕۆشتن کە بەناو"ستی کف" ستی کف کابرایەکی باڵا کورت و قەڵەو و سەرێکی کەچەڵ و جلێکی تابلێی سادەی لەبەردا بوو. ئەفسەرەکانی ژێردەستیشی بەحاڵەتی ڕێزگرتن لەهەردوولادا بۆی ڕاوەستابون. موسا بەبینینی پێی پەتی سەربازەکان زۆر سەری سوڕما، چ فەرماندە"ستی کف"و چ ئەفسەرەکانی ژێردەستی یەك شێوە جلیان لەبەردابوو ئەویش تەنها پارچەیەك قوماشیان لەکەمریان و پێی پەتی! فەرماندە"ستی کف"بچوکترین هێمای فەرماندەیی بەخۆیەوە هەڵنەواسیبوو، بەواتا لەڕاستیدا شوێنێکی بۆ ئەو هێمایانە شك نەدەبرد. ئەم ئەفسەرە گالیسکە سوارانە ڕوخسارێکی سوتاویان بەهۆی گەرمی خۆرەوە هەبوو و هەر لەسەرتای پەیوەندیان بەهێزی سەربازی گالیسکەوانیەوە خزمەتیان کردووە. خەڵکی لەبارەی خودی"ستی کف"ەوە دەیانوت لەسەردەمی نێوجەوانیەوە پەیوەندی بە هێزی گالیسکەوانیەوە کردووە. "ستی کف" بەبینینی موسا بەو جلە زاق و بریقەوە زۆر سەری سوڕما و بەرەو موسا ڕۆشت کاتێك لێی نزیك بویەوە لێی پرسی: ئەی فەرماندەی گالیسکەوانان ئایا ئەوە بەڕێزتان داوای بینینی منتان کردبوو؟. دوای ئەوە زۆر کەمتەرخەمانە وتی: بیستومە تۆ دەبیتە فەرماندەی گالیسکەوانەکان؟ لەپایتەختەوە هاتویت؟... موسا بەهۆی ئەو ڕەفتارەی نواندی کەمێك ڕەشداگەرای و دڵگرانی و شڵەژاویەوە وەڵامی بەڵێی دایەوە.

دوای ئەوە ستی کف لێی پرسی: مەبەستتان لەچاوپێکەوتنی من چیە؟

PDF 4 KURD

موسا وتی: بەفەرمانی فیرعەون هاتوم بۆ ئێرە، بەفەرمانی فیرعەون فەرمانڕەوایی گالیسکەوانانی جەنگی ئەم ناوچەیە دەکەم.

ستی کف وتی: فەرمان و جێبەجێکردنی فەرمانەکان ئەرکی هەموو سەربازێکە.

موسا وتی: پێشتر دەبێت ئاگاداریان کردبێت، چونکە فیرعەون پێی وتبوم فەرماندەی ئەوێم بەڕۆشتنت ئاگادار کردووە.

فەرماندە ستی کف وتی: بەڵێ من لەهاتنت ئاگاداریان کردومەتەوە، تۆ ئێستا بەفەرمانی فیرعەون فەرماندەی گالیسکەوانە جەنگیەکانی و هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە شارەزاییەکی تەواوت لەبواری گالیسکەوانی و شێوەی بەکارهێنانی لە گۆڕەپانی جەنگدا هەیە، چونکە تۆ فەرماندەی گالیسکەوانە جەنگیەکانی!

موسا وتی: جەنابی فەرماندە"ستی کف"تائێستا بگرە گالیسکەیەکیشم بەدەستم نەگرتووە.

ستی کف تەماشایەکی موسای کرد و وتی: کەواتە بەچ شێوەیەك دەتەوێت ڕابەرایەتی ئەو هەموو هێز گالیسکەوانیە جەنگیە بکەیت؟... ستی کف بێئەوەی بەردەوامی بەقسەکان بدات ڕۆشت و ئەفسەرێکی تر لەموسا نزیك بویەوە: ئەو کەسە بەپێچەوانەی"ستی کف" بالآیەکی بەرزی هەبوو، و خۆشڕوو دەهاتە بەرچاو، لەلایەکی ڕوخساریدا جێگەی ڕوشانێکی پێوە دیاربوو، ئەم ڕوشانە لەناوچەوانیەوە تا گۆشەی لێوی شۆڕ دەبویەوە.

جێگری فەرماندە لە موسا نزیك بویەوە و سلاوی سەربازی بۆکرد و وتی: ناوم"هتپ رە"یە، فەرماندەی گالیسکە جەنگیەکانم و لەژێردەستی"ستی کەف"دا خزمەت دەکەم، فەرمانیان پێداوم ملکەچی فەرمانەکانت بم. یەکەمین پرسیاری موسا لەباری شێوازی پۆشینی جلوبەرگی فەرماندەی گالیسکەوانەکان بوو کە بۆچی وەك باربەر و کۆڵبەرەکانی لەنگەرگا تەنها پارچە قوماشێك لەکەمەریانەوە دەپێچن؟

"هتپ رە"کە لەئەفسەرە کۆنەکان لەقەڵەم دەدرا بەم شێوەیە بۆی ڕونکردەوە: گالیسکەوانەکان بارودۆخی داراییان باش نیە، بەچاوی خۆت دەبینی کە پێخاوسیشن. نامەوێت زیادەڕۆییت بۆ بکەم و پێت بڵێم ئەم جۆرە پۆشاکانە

PDF 4 KURD

لەفیداکاری و گەرمی ئاو و هەوا و نەریتێکی کۆنەوە سەرچاوە دەگرێت، نەخێر وانیە، ئەگەر دەستەڵاتمان ببوایە وەکوو تۆ پۆشاکمان لەبەردەکرد.

موسا وتی: وام دەزانی بەهۆی ئەوەی بەردەوام بەشداری لەجەنگەکاندا دەکەن و پێشەنگی هەموو جەنگێك دەکەن باری داراییتان لەئاستێکی باشدایە.

"هتپ رە"وتی: ئەی فەرماندەی لاو و نوێ، ئێمە بەچ شێوەیەك دەتوانین خاوەنی بارودۆخێکی دارایی باش بین، لەکاتێك بەردەوامی ئێمە کەمێك لەسەربازەکانی تر زیاترە، ئێستاش بۆئەوەی بزانی بەردەوامی ئێمە چەنێکە بەکرداری پێت نیشان دەدەم...

"هتپ رە"فەرماندە پەنجەی خستە سەر یەکێك لە هێماکانی سەرجلەکەی موسا و وتی: بەهای هێمای ئەم پلەیە زۆر زیاترە لەو کۆمەڵە موچەیەی کە یەك فەرماندەی گالیسکەوان لەماوەی ساڵێکدا وەریدەگرێت. بابەتی دەستەکەوتەکانی جەنگیش دەنگی دەهۆڵی دورە، من لەتەواو جەنگەکاندا هیچ دەستکەوتێکم بەدەست نەهێناوە، چونکە هەموو جەنگێك دەستکەوتی تێدا نیە، لەهەندێك وڵاتدا دوای ئەوەی بەسەریاندا سەرکەوتین و خۆمان دەکەین بەماڵەکانیاندا بەزییمان پێیان دێتەوە، تەواوی کەلوپەل و کەرەستەکانی ناوماڵیان بەسەر یەکەوە بریتیە لەچەند گۆزە و کەرەستەیەکی بێنرخ، بگرە شەوانەش نانیان نیە بیخۆن چ بگات بە بەدەستکەوتی سەربازە داگیرکەرەکان. لەهەندێك شوێنیشدا کەوا هەست دەکەین شتێکمان دەست دەکەوێت، دەبینین زێڕ و زیو پێش ئەوەی ئێمە بگەینە ئەوێ هەڵهاتووە و خۆیی لێمان شاردراوەتەوە، ئاسایی ئەو شتانەی هەڵناگیرێن زیاتر بەرچاومان دەکەوێت، لەکاتێك ئێمە بەدوای شتومەکی سوك و گرانبەهادا دەگەڕێین. "هتپ رە"بەم شێوەیە بەردەوام بوو: لەو شوێنانەش کە دەستکەوتێکی تێدا دابەشبکرێت، هیچ شتێك لەو دەستکەوتانە ڕەوانەی میسر ناکرێن، چونکە هەریەك لەو سەربازانەی کە دەیانبینی بەهیوای ئەوە نین بەیانی زیندو بن یان نە، لەبەرئەوە دەیەوێت هەر ئێستا ژیانێکی خۆش تێپەڕێنێت، لەبەرئەوەی تۆ بارودۆخی فەرماندەیەکی گالیسکەوانی جەنگیت لەزمانی کۆنە فەرماندەیەك بیست. "هتپ رە" لەبەرئەوەی"موسا"ی بەبێدەنگی بینی زانی ئەم بابەتە بەلایەوە

PDF 4 KURD

سەرنج ڕاکێش نیە، بۆیە بابەتی گفتوگۆکەی گۆڕی، مەبەستم ئەوەیە دوای ئەوەی کوڕی فیرعەون بوبە جێنشینی باوکی نێوان ڕامسیس و ستی کف بەناونیشانی فەرماندەی گالیسکەوانی دەرگیری و تێکچونێك دروست دەبێت، چونکە"ستی کف"فەرماندەیەکی وردبینە و لەبەرامبەر کارەکانیدا زۆر هەستیارە، بۆیە داوام لێکرا پلەوپایەکەم بەدەم بە"موسا" کە جەنابتی. سەرەڕای ئەوەش ئەوەی لەم بوارەدا شارەزام فێری تۆی دەکەم، بەواتا لەڕاستیدا بۆماوەیەك خۆم سەرپەرشتی گالیسکە جەنگیەکان دەکەم تا ئەوکاتەی ئەزمونێکی باش لەم هونەرەدا بەدەست دەهێنیت، ئەمەیان ویستی خۆمە و هیچ کەسێك ناتوانێت ناچارم بکات کارێکی وا بۆ هیچ کەسێك ئەنجام بدەم و فێری هونەری گالیسکەوانی جەنگی بکەم.

موسا پرسی: تۆ کە بەردەوام لەبیابانەکاندا سەرقاڵی جەنگیت لەکوێوە ئاگاداری کۆشك و باری دەرونی کاربەدەستانی ئەوێی، سەرەڕای ئەوەی لەپایتەختەوە زۆر دوری، لەکوێوە زانیت فیرعەون خۆشی لەمن نایەت و لێم تورەیە؟

هتپ رە وەڵامی دایەوە: لەوەوە زانیم کە فیرعەون بۆ ماوەی سێ ساڵ تۆی بۆ ئێرە دور خستووەتەوە و چیتر نایەوێت چاوی پێت بکەوێت، ئێستاش دەمەوێت ڕاسپاردەیەکی دڵسۆزانە و خێرخوایانەت پێ بسپێرم، ئەو ڕاسپاردەیەش ئەوەیە فەرماندەی کالیسکەوان گوتەی سوکایەتی ئامێز بەهەموو ئەو کەسانەی کە نازانن گالیسکەوانی بکەن دەڵێت، چ بگات بەوەی ئەو کەسە فەرماندەی گالیسکەوانان بێت، فیرعەون ویستویەتی بەم شێوەیە سوکایەتیت پێ بکات بۆئەوەی کەسانی تر تۆ بکەنە گاڵتەجاڕی خۆیان، من هەموو هەوڵێکی خۆم دەخەمەگەڕ تا ئەوەی پێویستە فێرتی بکەم و تا ئەوکاتەی زاڵ نەبیت بەسەر بەڕێوەبردنی گالیسکە جەنگیەکاندا، خۆم بەرپرسیاریەتی بەڕێوبردنی گالیسکە جەنگیەکان لەئەستۆ دەگرم بۆئەوەی هەستی بەهیچ بۆشاییەك لەبەڕێوبردنی فەرماندەیی تۆدا بەدی نەکرێت. تەنها لەوانەیە تکای ئەوەت لێ بکەم بڕێك زێڕم پێ بدەیت.

موسا وتی: چەنێك زێڕت دەوێت؟

فەرماندەی گالیسکە جەنگیەکان وتی: بڕی بیست ئەنگوستیلەی گەورە زێڕم پێویستە.

PDF 4 KURD

موسا وتی: بەخۆشحاڵیەوە ئەو برە زێڕەت پێدەدەم.

"هتپ رە"بەسوپاسگوزاریەوە پێی وت: لەمەودوا لەخزمەتی تۆدا دەبم و تۆ بەم برە زێرە منت بۆ خۆت کڕیوە و وەك نۆکەرێکی بەوەفا خزمەتت دەکەم، ئێستاش برۆین و چەند پێکێك شەراب بەیەکەوە بخۆینەوە. لەبەشی کۆتایی تەویلەخانەکەدا گالیسکەوانەکان لەمیوانخانەی هەمیشە قەرەباڵخ و پڕبوو لەئەفسەر و سەرباز، کاتێك موسا خۆی کرد بەو میوانخانەیەدا و چاوی بەو بارودۆخە کەوت پێی قەڵس و بێتاقەت بوو.

"هتپ رە"کاتێك زانی خۆشی لەم جۆرە شوێنانە نایەت بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: بەئەنقەست تۆ هێنایە ئێرە بۆئەوەی لەنزیکەوە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکانێکی جیاواز هاوکات لەگەڵ گالیسکەوانە جەنگیەکاندا بەرقەرار بکەیت و زیاتر پێیان ئاشنا بیت و بۆماوەی کاتژمێرێك هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەیت، ئەمەیان بەشداریەکی ناچاری و خەڵکناسی پێدەوترێت، چونکە ئەگەر تۆ ئاگادار و ئاشنا باری دەرونی ئەم دەستیە نەبیت، ئەوا ناشتوانی بەڕێوەیان ببەیت. ئەفسەر و سەرباز هەردوکیان وەك یەك لەگۆڕەپانی جەنگدا یەك ژیان و چارەنوسیان هەیە ئەویش یان دەکوژرێن یان دەکوژن، ئەمانە ژەمی خواردنیان ئەوەی لەگۆڕەپانی جەنگدا بەدەستی دەهێنن لەم مەیخانەدا خەرجی دەکەن. زۆرێك لەمەیخانەکان دەرامەتیان پەیوەست دەکرێت بەم جۆرە کەسانەوە. هیچ کاتێك پێت ناڵێم تۆش وەك ئەوان کاتەکانت بەخۆشی تێپەڕێنە، بەڵام لەوە ئاگادارت دەکەمەوە کە هیچ کاتێك ڕێ لەخۆشگوزەرانیان نەگریت، چونکە تەنها بەو ئومێدەوە دەژین و زیندون.

موسا ڕۆشتە فەزای کراوەی میوانخانەکە و لەتەنیشت درەختێکەوە ڕاوەستا"هتپ رە"فەرمانی دا ئاوجۆیان بۆ بهێنن و هەرئەوەی سەری گەرم بوو بە"موسا"ی وت: ئێمە دەڕۆین بۆ وڵاتی"کوش"، شوێنێك کە خەڵکەکەی درەندە و جەنگاوەرێکی ترسناکن، تائێستا لەجەنگاوەرانی"کوش"ترسناکتر و تۆقێنەرترم نەبینیوە، بگرە ناتوانی جەنگاوەرانی وڵاتی"هاتی" لەگەڵ جەنگاوەرانی وڵاتی"کوش"دا بەراورد بکەیت.

موسا پرسی: بۆچی شایەنی ئەو نین لەگەڵ ئەواندا بەراورد بکرێن.

PDF 4 KURD

هتپ رە بەم شێوەیە بۆی ڕونکردەوە: لەبەرئەوەی جەنگاوەرانی"هاتی"پەیڕەوی شێواز و پابەندی سەربازی شێوازەکانی جەنگ دەکەن، لەکاتێکدا جەنگاوەرانی"کوش" تەنها دەیانەوێت بکوژن، ئەمانە وەك گیانەوەرە دڕەندەکان هێرش دەکەن و لەمەرگیش ناترسن.

موسا وتی: تائێستا بەشداری هیچ جەنگێکم نەکردووە و نازانم هەلومەرج و بارودۆخی جەنگ بەچ شێوەیەکە.

هتپ رە لەموسای پرسی: ئایا خوێندەواریت هەیە؟

موسا وتی: هەر لەمنداڵیەوە ناردومیان بۆ قوتابخانە و بەو هۆیەوە کەسێکی خوێندەوارم لێ دەرچووە.

کاتێك"هتپ رە"زانی موسا خوێندەواری هەیە بەڕێزەوە بۆ دەڕوانی و پێی وت: لەجەنگدا بەشداری نەکردن بەو واتایە دێت کە لەهەلومەرجی جەنگ بێئاگایت، بەڵام خوێندەواری قەرەبوی ئەم کەمایەتیە دەداتەوە، تۆ لەمن کە فەرماندەیەکی کۆنم پێشەنگتر و مەزنتری، تۆ وەك من پێویستت بەوە نیە بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانت بەشداری جەنگەکان بکەیت، بەڵکو بەناونیشانی فەرماندەیەکی تێگەشتو و خوێندەوار دەتوانی لەهەموو شوێنێکدا بەپشت بەستن بەم خوێندەواریەت بەئاسانی ژیانێك بۆخۆت دابین بکەیت، هیچ نەبێ بەلایەنی کەم دەتوانی ببیتە نوسەری بارەگایەك کەلەمیسردا بەباشترین کار لەقەڵەم دەدرێت. لەمکاتەدا چەند سەربازێك تەماشای جلوبەرگی پڕ زاق و بریقی"موسا"یان دەکرد کاتێك گوێیان لەقیرەی بەهێزی"هتپ رە"بوو و دەنگدانەوەیی بەهێزی لەو ناوچەیەدا دروست کرد سەربازەکان بەترس و تۆقانێکەوە لەچواردەوری بڵاوەیان لێ کرد.

"هتپ رە"بەموسای وت: فەرماندە دەبێت توندوتیژ و سروشتێکی زبری هەبێت، بۆئەوەی سەربازەکانی هەمیشە گوێڕایەڵ و لێی بترسن.

بەڵام موسا زیاتر حەزی بە بیستنی شیکاریەکانی جەنگ و جەنگاوەرانی جۆراوجۆر بوو بۆیە پێی وت: تۆ وتت سەرباز و جەنگاوەرانی"کوش"دڕندەن و هیچ ڕەوشتێکی مرۆییان تێدا بەدی ناکرێت؟

PDF 4 KURD

"هتپ ره"وتی: بەڵێ، بەڵام پیاوانی"کوش"خاڵی لاوازیشیان هەیە، ئەو خاڵەش ئەوەیە کە گالیسکەی جەنگیان نیە، خاڵێك لەوە گرنگتر ئەوەیە جەنگاوەرانی کوش بێئاگان لەوەی چەکێك هەیە لەئاسن دروست کراوە، چەکی جەنگاوەرانی وڵاتی "کوش"یش لە"مس"دروست دەکرێت، بەڵام خەڵکی کوش زێڕێکی زۆریان هەیە. دەبێت باسی خاڵێکی تری جەنگاوەرانی کوش بکەم و ئەو خاڵەش ئەوەیە کە هەر یەکێك لە جەنگاوەرانی"کوش" سەربەخۆ شەڕ دەکەن، ئەمانە یەکریزی و یەکانگیریان لەکاتی هێرش بردندا نیە، ئەم پەرتەوازەییە لەگۆڕەپانی جەنگدا دەبێتە هۆی لاوازیان لەکاتی هێرشبردندا، سەرەڕای ئەوەش چاونەترسیان هەموو جۆرە بەرگریکاریەك تێکدەشکێنێت. خاڵێکی تر لەبارەی تۆوە کە فەرماندەی گالیسکە جەنگیەکانی نابێت لەتۆ بشاردرێتەوە، جیاوازی تۆیە لەگەڵ من و "ستی کف"ی فەرماندەی گشتیدا، تۆ لەهەردوکمان لەڕوی خوێندن و نوسینەوە پێشەنگتری، لەکاتێك"ستی کف"یش وەك من نەخوێندەوارە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم هەلومەرجە، ئەو کە فەرماندەی لەشکرە دەڕوات بۆ"کوش"، بەتایبەت دوای ئەوەی لە"کوش"جێگیر بوو"ستی کف"دەتوانێت فەرمانت بۆ دەربکات و تۆش دەبێت فەرمانەکانی جێبەجێ بکەیت، ئایا تۆ پەیڕەوی لەفەرمانەکانی"ستی کف"دەکەیت؟

موسا وتی: لەبەرئەوەی پلەی فەرماندەیی و سەروتری هەیە ناچارم فەرمانەکانی جێبەجێ بکەم.

"هتپ ره"وتی: کاری ڕاست و دروستیش هەر ئەوەیە، هەوڵ بدە لە"کوش"دا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی"ستی کف"بیت، چونکە ئەگەر سەرپێچی لەفەرمانەکانی بکەیت"ستی کف" ئەو دەسەتەڵاتەی هەیە کە فەرمانی کوشتنت بۆ دەربکات.

موسا وتی: خەیاڵ ئاسودەبە لەوەی سەرپێچی لەفەرمانەکانی ناکەم.

دوای ئەوە"هتپ ره" لێی پرسی: تائێستا چەند جار سواری گالیسکە بویت؟

موسا وتی: چەند جارێك ئەویش بۆ تاقیکردنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی جدی هیچ جارێك سواری گالیسکە نەبوم!

PDF 4 KURD

"هتپ رە وتی: بەبیستنی ئەم قسانە زۆر خۆشحاڵم، چونکە هەرچی زیاتر زانیاریت لەبارەیەوە کەمتر بێت باشترە، ئێستا بەخەیاڵ ئاسودەتر دەتوانم دەست بەمەشقکردن و فێرکاریەکانی گالیسکە سواری بکەم... دوای ئەوە دوبارى پرسی: ئایا تۆ گالیسکەیەکی تایبەت بەخۆت هەیە؟

موسا وتی: نەخێر.

"هتپ رە" پرسی: ئەی ئەسپی تایبەت بەخۆت هەیە؟

دوبارە موسا وەڵامی نەخێری دایەوە.

"هتپ رە"وتی: بۆ سواربونی گالیسکەیەك دەبێت دو ئەسپ و دوو گوریس پەیدا بکەیت.

موسا پرسی: مەبەستت لەگوریس چیە؟

"هتپ رە"وتی: گالیسکەوانەکان چەمکێکی تایبەتیان هەیە کە بەگوریس بانگ دەکرێت، لەڕاستیدا کاتێك بەچوار ئەسپ گالیسکەیەك لێدەخوڕن پێی دەڵێن یەك گوریس، گوریسێکی تر بۆ ئەسپی یەدەکە، بەواتا چوار ئەسپی یەدەك لەگەڵ خۆتدا ببە بۆ کوش، ئەگەر ئەسپی یەدەك لەگەڵ خۆتدا نەبەیت لەکاتی لەدەستدانی یەکێك لەئەسپەکان، چیتر تۆ گالیسکەوان نیت و گالیسکەکەت ڕادەوەستێت، چونکە لە"کوش"دا ئەسپ دەست ناکەوێت و نیە و هیچ کەسێکیش ئەسپ بەوانی تر نافرۆشێت.

موسا وتی: دەتوانی گالیسکەیەکی باش و هەشت ئەسپی دەستبژێرم بۆ بکڕیت؟

"هتپ رە"وەڵامی دایەوە: سەرەڕای ئەوەی دەزانم تۆ دەستەڵاتی کڕینی گالیسکە و ئەسپگەلێکی وات هەیە، بەڵام نرخی ئەمانە زۆر لەوە گرانترە کە تۆ لەبەرچاوت گرتووە.

موسا وتی: تۆ لەڕوی داراییەوە نیگەران مەبە، چونکە ئەوەندە سامانم هەیە کە مەزەندە ناکرێت.

"هتپ رە"وتی: سەرەڕای ئەوەی لەڕوی داراییەوە زۆر لاوازم، بەڵام حەزم لەدۆڵەمەندی و سەرمایەداریە، چونکە سەروەت و سامان پایە و ستونی

PDF 4 KURD

دەستەڵاتە و هیچ گومانێکم لەم بۆچونەمدا نیە، ئەوانەی سەرمایەدارن دەتوانن ببنە کەسێکی دەستەڵاتدار و بەهێزیش.

موسا وتی: سەرپەرشتی سەروەت و سامانەکەشم هەمان ئەم قسانەی تۆ دەکرد و دەیوت: هەرکەسێك سەرمایەدار بێت هەمیشە لەلای خەڵکی جێگای رێزە.

"هتپ رە"پرسی: دەمویست ئەوەت لێ بپرسم ئایا سەرمایەدار و دۆڵەمەندەکان لەبەرامبەر هەژارەکاندا کەمتەرخەم نین.

موسا وەڵامی دایەوە: ئەوە راستیەکی حاشاهەڵنەگرە.

"هتپ رە"وتی: بەڵام بەلای منەوە ئەوانەی زانا و خوێندەوارن لەکەسە دۆڵەمەندەکان زیاتر جێگای رێز و ستایشن، سەرەڕای ئەوەی لەبەر چەند هۆیەك لەسەردەمی منداڵیدا لەخوێندن بێبەش بوم، بەڵام وەك خۆم بەهایەکی زۆر بۆ خوێندن و خوێنەدواری دادەنێم و ئێستاش کەدەبینم سەرگەورەکەم لەهەمان کاتدا هەم دۆڵەمەند و هەم خوێندەوار و هەم هاوسۆزی کەسە لاواز و کەمدەستەکانە و گرنگیەکی زۆریان پێدەدات، هەر بەو بۆنەیەشەوە جوتێك ئەسپی باشی بۆ دەکڕم کە لەتەواوی میسردا دەگمەن بن.

موسا وتی: کەواتە پەیوەندی من و تۆ لەم ساتە بەدواوە پەیوەندی دوو هاورێی دڵسۆزی یەکترە دوای ئەوە لە"هتپ رە"ی پرسی: ئایا تۆ دوای ئەوەی بڕێك زێڕم پێ بەخشیت بۆچونت لەبەرامبەر مندا نەگۆڕا، دەتوانم بەبەخشینی زێڕ فەرماندەکانی تر بکەم بەهاورێی خۆم. ئایا دەتوانین بەهاوکاری یەکتر لەگەڵ تەواوی ئەم ئەفسەرانەدا بەهێزێکی ئامادە لەمیسرەوە کۆچ بکەین بۆ"کوش"؟

"هتپ رە" پێی وت: گەورەم جگە لەو زێڕە داوای هیچ شتێکی ترت لێناکەم.

موسا وتی: ئەمشەو وەرە بۆ لام بۆئەوەی ئەو بڕە زێڕەی داوات کردبوو پێتی بدەم و تۆش ئەسپ و گالیسکەکەم بۆ بکڕە... ئەو شەوە لەکاتی دیاری کراودا"هتپ رە"ڕۆشت بۆ لای موسا بۆئەوەی ئەو بڕە زێڕە دیاری کراوەی لێ وەرگرێت. سبەی ئەو شەوە موسا وەکوو جاران بۆ تەماشاکردنی دیمەنی خۆرئاوابون ڕۆشتە کەنار ڕوباری"نیل"ەوە و بەڕێکەوت چاوی بە"نف"ی تەلارساز کەوت، بەڵام"نف"نوقمی بیر و هزری خۆی بوو و لەوکاتەدا ئاگای لەموسا نەبوو.

PDF 4 KURD

"موسا"ش لەکابرای تەلارساز نزیك بویەوە و سلاّو و ڕێزی خۆی پێنیشان دا، کابرای تەلارسازیش کە هەرگیز چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد کە لەوناوچەیەدا کەسێك بەناوی خۆی بانگی بکات ڕوی کردە ئەو کەسەی بانگی کرد و یەکسەر"موسا"ی ناسیەوە و بەگەرمیەکەوە چۆن و چاکی لەگەڵدا کرد.

موسا وتی: من بەفەرمانی فیرعەون بەرپرسیاریەتیەکم پێ بەخشراوە و بەپێی ئەو ئەو فەرمانەش لەم شارەدام، بەلاّم هاتم بۆئێرە بۆئەوەی تەماشای خۆرئاوابون بکەم و تۆم بینی نوقمی بیروهزری خۆت بوبویت، لەدڵی خۆمدا وتم لەوانەیە نزا بخوێنێت.

"نف"ی تەلارساز وتی: هەرکەسێك نزا بکات دەبێت پێشەکیەکانی نزا خوێندنیش جێبەجێ بکات، بۆنمونە دەبێت بخورد داگیرسێنێت، دەرمانی بۆندار هەڵداتە ناو ئاگرەوە، بەشێك لەکتێبی"مردووەکان" بخوێنێتەوە و چەند کەرەستەیەکی تر کە من هیچکامیانم نیە، سەرەڕای ئەوەی لەسەردەمی منداڵیدا کەمێکم لە کتێبی مردووکانم لەبەرکردبوو، بەلاّم لەدواییدا هەمویم لەبیرچویەوە، لەبەرئەوە ئەگەر لەپەرستگاشدا بم و بخورد بسوتێنن ئەو نزایانەی کە لەبەربوم هەمویانم لەبیر چووەتەوە.

موسا وتی: بۆ وتنەوەی نزا پێویست بە داگیرساندنی بخورد ناکات، لەهەر کوێ بیت تەنها بیرت لەلای خودا بێت بەسە، ئاوابون و خۆر کە دیمەنی خودایە ئەوم بەبیر دەهێنێتەوە.

"نف"ی تەلارساز وتی: تاڕادەیەك ئەم بۆچونەت بەدروست دێتە بەرچاو، چونکە خۆر کاتێك لەبارەگای خۆرئاوابوندا نیشتەجێ بوو، لەدڵی خۆمدا وتم: خۆزگەم بەخۆر.

موسا پرسی: بۆچی خۆزگەت پێ خواست؟

"نف"تەلارساز وتی: چونکە خۆی دەشارێتەوە و چیتر چاوی بەخەڵکی دو ڕوو ناکەوێت.

موسا لێی پرسی: دیارە ئەم بابەتە زۆر ئازاری داویت؟

PDF 4 KURD

"نف"ی تەلارساز وتی: بابەتێکی تازە نیە، زۆربەی خەڵکی پابەند نین بەبەڵێن و گوتەکانیانـەوە، وەفـای ڕاسـتەقینە بـونی نیـە، ئەوانـەی وا خۆیـان دەنـوێنن کـە بیروباوەڕێکی تایبەتیان هەیە، تەنها بۆمەبەستێکی تایبەت و فریودانی خەڵکی وا دەڵـێن. دوای ئـەوە بـەدەنگێکی زۆر نـزم بـەگوێی موسـادا چپاندی و وتـی: بگـرە فیرعـەونیش کـە وا خـۆی نیـشان دەدات بـاوەڕی بـەخودای"ئـامون"ە و دەڵێـت هەرکەسێك فلان کار و فلان کار بکات ئەوا بەسزای فلان کار لەسێدارە دەدرێت! خۆشـی لەبەرامبـەر بیروباوەڕەکانیـدا سـست و خاڵیـە، بەڕاسـتی بیروبـاوەڕێکی خۆنوێنی "ڕیایی"هەیە.

موسا وتی: تۆ بەچ شێوەیەك پەیت بەم نهێنیە بردووە؟

"نـف"ی تەلارسـاز وتـی: مەزنترین یادگاری مێـژووی میـسر قوچـەکیەکانە، هـەر بـەردێکی ئـەم قوچـەکیە لەناونەچـو و وێـران نـەبووە بـەناوی"ئـامون"لەسـەر یـەك هەڵچنیوە.

موسا وتی: هیچ کەسێك گومانی لەوەدا نیە.

"نف"ی تەلارساز وتی: من تەلارسازم و دەزانم دوای ئەوە هیچ کۆشك و تـەلار و منارەیەك بەمەزنی قوچەکیەکان دروست ناکرێت.

موسا وتـی: منـیش کـە کـەمێك شـارەزای بـواری تەلارسـازیم هـەمان بیروبـاوەڕم هەیە.

"نـف"ی تەلارسـاز وتـی: بەهـەرحاڵ!ئێـستا دەمـەوێت ئـەو نهێنیـە شـاراوەیەی ئاشـکرام کـردووە بۆتی بگێڕمـەوە، بەڵام بەمـەرجێك لەهـەمان ئەم شـوێنەدا دەبێـت بینێژیت و باسی نەکەیت بۆ هیچ کەسێك.

موسا وتی: دڵنیابە.

دوای ئـەوە "نـف"ی تەلارسـاز بەمـشێوەیە بـۆی ڕونکـردەوە: ڕۆژێکیـان فیرعـەون بـانگی کـردم، دروسـت دوای چـەند ڕۆژێـك لـەوەرگرتنی ئـەو پلەوپایەیـەی، زۆر بەسادەیی پێی وتم"نف"دەمەوێت ئەم قوچەکیە مەزنانە وێران بکرێن!

موسا بەبیـستنی ڕاوەشـا و وتـی: دڵنیایـت کـە بەهەڵـە گوێـت لێـی نـەبووە، ئایـا بەڕاستی ئەم قسانەت لەدەمی فیرعەونەوە بیست؟

PDF 4 KURD

"نف"ی تەلارساز وتی: بەڵێ ئەو ئەم داوایەی دوپات کردەوە.

موسا پرسی: ئەی تۆ چ وەڵامێکت دایەوە؟

نف وتی: منیش بەفیرعەونم وت، ئەی فیرعەون لەچ ڕوییەکەوە ئەم فەرمانە دەردەکەیت؟ بێ لەبەرچاوگرتنی وێرانکردنی یادگاری تەلارێکی ئاوا، تەنها بۆ وێران کردنی پێوستمان بەچەند مانگێك دەبێت. سەرەڕای ئەوەش هیچ کرێکارێکی میسری چەکوش و نوێلی خۆی بۆ وێرانکردنی ماڵی خودا بەکارناهێنێت، چونکە"ئامون"بەمەزنترین خودای خۆیان لەقەڵەم دەدەن.

فیرعەون وتی: تا بڵێی کرێکاری وێرانکەرمان هەیە، تۆ وا دەزانی دیلەکانی جەنگمان بۆ چ مەبەستێك لەم وڵاتەدا ڕاگرتون؟

منیش پێم وت: بەڵام قوچەکیەکان لەڕوی هونەریەوە بەیەکێك لەشانازیە هونەریە مەزنەکانی میسر لەقەڵەم دەدرێن، قوچەکی میسر تەنها دەستەڵات و سامانی دەستەڵاتدارانی میسر نەیانهێنایە بون، بەڵکو بیروباوەڕی میسریەکان کە باوەڕێکی تەواویان بە"ئامون"هەبوو و دەیانزانی ئەم تەلارە بۆ"ئامون"بنیات دەنرێت، بە بەردگەلێکی گران کە هەر یەکێکیان بەئەندازەی کێوێك دەبون و هەر یەکێکیشیان لەکاتی هەڵچنینیان لەسەر بەردەکانی تردا ئەگەر لەناکاو بخزایە و بکەوتایەتە خوار هەزاران کرێکاری میسری لەدوای خۆیەوە دەکوشت، بەڵام ئەم جۆرە کارەساتانە بگرە بچوکترین دوڵی بۆ دروست کردنی ئەم قوچەکیانە نەخستە نێو کرێکارەکانەوە و هەر بەردەوام بون. بۆیە نامەوێت فیرعەون بەهۆی ئەم هەڵە گەورەوە زیان بەخۆی بگەیەنێت و بەڕاستی تکات لێدەکەم دەست لەم خواستەت هەڵگرە. هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێم کاتێك فیرعەون سەرەتا پێشنیاری وێرانکردنی قوچەکیەکانی لێ کردم، بۆساتێك لەدڵی خۆمدا بیرم لێکردەوە تۆ بڵێی فیرعەون بیەوێت تاقیم بکاتەوە و بیروباوەڕم هەڵسەنگێنێ، بۆئەوەی ئەگەر باوەڕم بە"ئامون"نەبێت بڕیاری لەسێدارەدانم بۆ دەربکات، بەڵام بەپێی گوتەکانی فیرعەون تێگەشتم کە بەڕاستی دەیەوێت قوچەکیەکان وێران بکات.

PDF 4 KURD

چیتر دوای ئەو قسانەی بێگومان بوم لەوەی بەڕاستی دەیەوێت وێرانیان بکات کە وتی: من ئیرەیی بەم قوچەکیانە دەبەم، ناتوانم ببینم تەلارێك بەو بەرزیە پێش لەدایك بونم دروست کرابێت و نەتوانم هاوشێوەی ئەو تەلارە بنیات بنێم.

دوای ئەوەی لێم پرسی: گریمان ئەم قوچەکیانەمان وێران کرد، چی لەبەردەکانیان بکەین.

فیرعەون وتی: بەردەکانیان فڕێ بدەینە ناو ڕوباری نیل یان دەریاوە!

منیش وتم: ئەگەر ئەم کارە بکەین چیتر کەشتیەکان ناتوانن هاتوچۆی خۆیان بکەن، چونکە قەبارەی مەزنی بەردەکان کێوێکی مەزن دروست دەکەن.

فیرعەون پرسی: ئەی چەنێکمان پێ دەچێت ئەگەر بەردەکان فڕێبدەینە بیابانێکی دورە دەستەوە.

وتم: ئەگەر بتوانین ئەم کارەش بکەین ئەوا دوای تێپەڕبونی هەزاران ساڵ خەڵکی چەند ئەوەندە لەم قوچەکیانە مەزنتر لەهزری خۆیاندا بنیات دەنێن و ئەمەش پێچەوانەی ئەو شتەیە کە ئێمە دەمانەوێت ئەنجامی بدەین، بەلام ئەوەی پێویستمان بەچەنێك ماوەیە تا بەردی قوچەکیەکان بۆ بیابانێکی دور بگوازینەوە، ئەگەر تەواوی بارودۆخەکان بەخواستی ئێمە بێت و وەستانێك لەکارەکەماندا دروست نەبێت و فیرعەون بەواتا تۆ تەمەنێکی درێژخایەنت هەبێت، جێبەجێکردنی ئەم بەردانە بەگەشبینیەکەوە پێویستی بەپەنجا ساڵە، لەوانەشە پێویستی بەسەد ساڵ بێت!

کاتێك فیرعەون بیری لەم ماوەیە کردەوە وتی: دیار نیە تا ئەو ماوەیە بمێنیم یان نە، دەبێت بیر لەشتێکی تر بکەینەوە.

موسا پرسی: سەرئەنجام چاوپۆشی لێکرد یان لەسەر قسەکەی خۆی سور بوو.

"نف"ی تەلارساز وتی: بەدودڵیەکەوە بەڵێ، بەلام بەشێوەیەکی ڕەها و دەقاودەق هەرگیز..... دوای ئەوە ڕونیکردەوە: لەبەرئەوەی ئەم فیرعەونە تازەیە خۆی بە بنیاتنەری تەلارە بەردینەکان لەقەڵەم دەدات، ناتوانێت بەرگەی بونی تەلارێکی وەك قوچەکیەکان بگرێت، سەرەڕای ئەوەی گەر ئەو تەلارەشیان بۆ"ئامون"بنیات نابێت.

PDF 4 KURD

موسا وتی: لەبەرئەوەش ئێستا زۆر بەباشی پەی بەوە دەبەم کە فەرمانڕەوا پێشینەکان دور ئەندێش بون و بیریان لەسەد سالّی دوای خۆیان کردووەتەوە، بۆیە تەلاریّکی ئاوا جێگر و وێران نەبویان دروست کردووە... دوای ئەوە موسا لە"نف"ی تەلارسازی پرسی: ئایا تۆ کە تەلارسازێکی مەزنی ناوی ئەو کەسەی ئەم قوچەکیانەی دروست کردووە نازانیت؟

"نف"ی تەلارساز وتی: ئەم پرسیارە ڕستەیەکی فیرعەونی هێنامەوە یاد کە ماوەیەك لەوەوپێش هەمان پرسیاری لێکردم و وتی، دەمەوێت ئەو پیاوەتیەم لەگەڵدا بکەیت!! بێ لەبەرچاوگرتنی دژایەتی شاهانەکان، دەربارەی تەلارسازی ئەم قوچەکیە مەزنە، ئەوەی لێی دڵنیام ئەوەیە ناوی لەشێوێنکی ئەم قوچەکیەدا هەڵکۆڵراوە، چونکە مەحاڵە تەلارسازێك تەلارێك دروست بکات، بەلاّم ناوی خۆی لەسەر هەڵنەکۆڵێت. تەلارسازێك کە تەلارێکی ئاوا مەزنی دروست کردووە، بێگومان ناوی لەشوێنێکی ئەم تەلارەدا دەبێت تۆمار کرابێت.

موسا وتی: ئەگەر فیرعەون وێران کردنی قوچەکیەکان بەتەلارسازێکی تر بسپێرێت، لەم کاتەدا تۆ چ کاردانەوەیەك لەخۆت نیشان دەدەیت؟

"نف"ی تەلارساز وتی: ویست و خواستی ژێردەستەکان ناتوانن خۆیان لەبەرامبەر بڕیاری پادشاکاندا بەرنگاری بکەن.

موسا وتی: وام دەزانی کاریگەریت بەسەر فیرعەونەوە هەیە بەلاّم ئێستا بۆم دەرکەوت وانیە.

"نف"ی تەلارساز وتی: ئەو لەبارەی کاروباری تەلارسازیەوە گوێ لەقسەم دەگیرێت و کاریگەری تایبەتیم لەسەری هەیە، بەلاّم دەربارەی بڕیار و سەلیقەکانی ئەو کەسایەتیەکی ئەو تۆم نیە کە گاریگەریم بەسەریەوە هەبێت، هیچ کەس بگرە هاوسەرەکەشی ناتوانێت دەست لەحەز و بڕیار و خواستەکانی فیرعەونەوە بدات چ بگات بەکەسێکی وەك من، بگرە ناشتوانم ڕەخنە لەم جۆرە بڕیارانەی فیرعەونیش بگرم.

موسا وتی: بەچ شێوەیەك تۆ لەپلەوپایەی تەلارسازێکدا ناتوانی ڕەخنە لەبڕیارەکانی فیرعەون بگریت و سەرزەنشتی بکەیت؟

PDF 4 KURD

"نـف"ی تەلارسـاز وتـی: هـەموو کەسـێك لەهـەر هەلومەرجێکـدا بێـت هەسـتی پێشەنگی و پلەوپایەخوازی کە سروشت و تایبەتمەندی مرۆڤە هانی دەدات و وای لێدەکات نەتوانێت هیچ کەسێك لەخۆ بەرزتر ببێنێت، فیرعەونیش لەخەڵکی باشتر دەزانێت کە ناتوانێت پاشماوە و کاریگەری پێشینان هەرس بکات.

"نـف"ی تەلارسـازی بابـەتی گفتوگۆکـەی گـۆڕی و وتـی: سـەرەڕای ئـەوەی لەپایتەختەوە دور بوم، بەڵام بیستومە فیرعەون پەلەوپایـەی فەرماندەییـەکی مەزنی پێ بەخشیوی، ئایا تۆ خۆشحاڵ بویت بەوەی ئەم پلەوپایەت پێ بەخشرا؟

موسا وتی: ئەگەر لەگۆشەنیگای هەڵسەنگاندنەوە بۆی بڕوانین، دەبێت زۆریش خۆشـحاڵ بم، چـونکە لـەوباوەڕەدام ئەگـەر پەسـەندم نەکردایـە، دڵنیـابوم لـەوەی فیرعەون لەباتی ئەوە مەرگی بۆ هەڵدەبژاردم!

نف لێی پرسی: ئایا فیرعەون بەڕاستی فەرمانی کوشتنی بۆ دەردەکردی؟

موسا وەڵامی دایەوە: لەمبارەیەوە بچوکترین گومانم نیە.

"نـف"ی تەلارسـاز وتـی: وابـزانم ئـەوە تـۆ بویـت پێـت وتم دایکـت کاتێـك هێـشتا لەژیانـدا بـوو بـەڵێنی لەفیرعـەون وەرگرتـووە کـە هـەرگیز فـەرمانی کوشـتنت بـۆ دەرنەکات، وانیە؟

موسا وتی: ئەوە نیوەی ئەو بەڵێنەبوو. ئەویش بەمەرجێك ئەم بەڵێنـەی پێدا: ئەگەر دوچاری هیچ هەڵەیەك نەبم... . ئەم دوچاربون بەهەڵە و هەڵەکردنە چەندها لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

"نف"ی تەلارساز پرسی: مەگەر تۆ چیت کردووە؟

موسا وتی: لەگەڵ یەکێك لەشازادەکان،کەلەڕاستیدا کەنیزە زادەیەکی کۆشکی فەرمانڕەوایی سوکایەتی بەدایکم کرد، دایکێك کە چیتر لەژیانـدا نەمابوو، منیش لەبەرامبەردا بەهای ئەو گوتانەیم خستە ناو مشتی.

تەلارساز وتی: ئەوە چ جۆر ڕوبەڕوبونەوەیەك بوو؟

موسا وتی: ئەو داوای لێکردم ڕوبەڕوی یەکتری ببینەوە، ئەو شمشێری پێبوو و منـیش دارێـك و شـکستم پێهێنـا، بگـرە دەشمتـوانی بیکـوژم، بـەڵام نەمکوشـت، بەدڵنیاییەوە ئەگەر بەسەر مندا سەربکەوتایە دەیکوشتم.

PDF 4 KURD

"نف"ی تەلارساز وتی: بەڕاستی زۆر نیگەرانم بەوەی لەپایتەختدا چاوم پێت ناکەوێت ، بەهیوا ئەوەم بەم زوانە لەپایتەختدا چاوم پێت بکەوێت.

موسا وتی: ئەم ئومێدەی تۆ وەك نائومێدی وایە، چونکە هەرگیز لەپایتەختدا نامبینیتەوە، بەلایەنی کەم بەفەرمانی فیرعەون بۆماوەی سێ ساڵ دورخراومەتەوە، دوای ئەوەش نازانم بۆ کوێم دەنێرێت.

"نف"ی تەلارساز بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی: سێ ساڵ دور خراویتەتەوە؟

موسا وتی: بەڵێ لەئێستادا بۆ ماوەی سێ ساڵ دور خراومەتەوە.

"نف"ی تەلارساز وتی: ئەگەر نەتبینم زۆر بەداخ دەبم بۆت.

موسا پرسی: تۆ واهەست دەکەیت لەجەنگدا دەکوژرێم؟

"نف"ی تەلارساز وتی: نەخێر، لەبەرئەوەی تۆ ئەفسەر و لەهەمان کاتدا فەرماندەی و ئەفسەرەکانیش بەدەگمەن لەجەنگەکاندا دەکوژرێن، بەهیوا ئەوەم تا ئەو کاتەی ماوەی ئەم دورخستنەوەیەت تەواو دەبێت زیندوو بم و جارێکی تر چاوم پێت بکەوێت.

موسا وتی: تۆ بەو ڕادەیەش بەتەمەن نیت کە بەهیوا ئەوەوە نەبیت لەژیاندا بمێنیتەوە، بەدڵنیاییەوە چاومان بەیەکتری دەکەوێتەوە.

نف وتی: کەسە بەتەمەنەکان هەندێك هێما دەدۆزنەوە کە هێمای کۆتایی ژیانیانە، ئایا تائێستا ناوی"هوم ستی"مامۆستای "ماڵی ژیان"ت بیستووە؟

موسا وتی: ناوی ئەو پزیشکەم لەماڵی ژیاندا بیستووە، بەڵام لەبیرم چووەتەوە بەچ شێوەیەك باسی ئەم هێمایانەی کردووە.

نف ڕونی کردەوە: "هوم ستی"مامۆستا پیرەکانی لەوە ئاگادارکردەوە کە ئاگایان لەگوێیان بێت، و ئەو دەنگانە بەرگوێیان نەکەوێت کە هێما خراپەکان لەخۆ دەگرێت هەروەها ئاگاداری لەنێوەندی ئێسقانیەکانیان"مفاصل"بێت بۆئەوەی بەباشی لەکاتی جێبەجێکردن و جوڵاندا بەرگەی جەستەیان بگرێت، بەڵام هەر ئەمرۆ گوێم لەچەند دەنگێك بوو، نێوەندی ئێسقانەکانی پێ و دەستم ئازاریان دەکرد، لەکاتی ڕۆشتنیشدا ئەژنۆکانم دەلەرزین و لەژێر فەرمانی خۆمدا نەبوو،

PDF 4 KURD

هەموو ئەمانە هەمان ئەو شتانەن کە"هوم ستی"مامۆستا ئێمەی لێ ئاگادار کردەوە.

موسا وتی: من پزیشك نیم، بەڵام لەوباوەڕەدام هێمای تەندروستی ڕەنگی پێستی و ڕوخسارە، چونکە ڕوخسارت ئەوەم پێ نیشان دەدات کە تۆ تەمەنێکی درێژت دەبێت.

نف وتی: تۆ ڕوداوگەلێکی زۆرت لەپێشە، جەنگەکان، ڕاوکردنی گیانەوەرە کەتەو و زلەکان.

موسا وتی: بگرە لەکاتی ڕاویشدا لەبیرت ناکەم چونکە لەپایتەختدا هاوڕێی لەتۆ دڵسۆزتر شك نابەم.

"نف"ی تەلارساز وتی: لەبەرئەوەی دەبێت لەیەك جیا ببینەوە، حەز دەکەم ئەگەر کارێك بەمن دەکرێت بۆتی ئەنجام بدەم.

موسا وتی: لەبەرئەوەی گالیسکە و ئەسپ دەکرم پێویستم بە نۆکەرێکە، نۆکەرێك کە توانای لێخوڕینی گالیسکەی هەبێت، پێم بڵێ بەچ شێوەیەك نۆکەرێکی ئاوا بەدەست بهێنم؟

نف وتی: من کەسێك لەوانەی لەبیاباندا نیشتەجێن پێدەسپێرم، ئەم بیابان نشینانە ماندونەناس و سەخت کۆشن، ئەگەر دەتەوێت لەنێو ئەمانەدا نۆکەرێکت بۆ بکرم..... ماوەیەك هەوا تاریك بووە و موسا و"نف"ی تەلارسازیش ئاگاداری تێپەڕبونی کات نین. بۆماوەیەك بێدەنگی باڵی بەسەر ئەم دوانەدا کێشا و دوای ئەوە موسا وتی: پرسیارێکم لێت هەبوو، دەمویست ڕاستیەکەیم پێ بڵێیت.

نف وتی: بەڵێنت پێدەدەم ڕاستیەکەیت پێ بڵێم.

موسا لێی پرسی: بەبۆچونی تۆ ئایا خودای تاك و تەنها بونی هەیە؟ تۆ بەچ شێوەیەك بیر لەخودا ئاتون دەکەیتەوە؟

"نف"ی تەلارساز وتی: دەبێت خودای ئاتون لەڕەگ و ڕیشەوە بناسی، تۆ کە لەکۆشکی پادشاییدا بویت و ئێستاش هەر هەیت دەبێت لەنێو کۆشکنشینەکانی فیرعەوندا ناوی"باکتامون"و"ئەخناتون"و"فر تی تی"و کاهینی"ئامی"ت بیستبێت...

PDF 4 KURD

دوای ئـەوە موسـا پرسـی: ئـەم ناوانـەی باسـت کـردن چ پەیوەندیـەکیان بەخودای"ئاتون"ەوە هەیە؟

"نـف"ی تەلارسـاز وتـی: لەوانەیـە تـۆ کـەمێك درەنـگ لـەدایك بوبیـت و لـەبونی لـەناکاوی خـودای نـەبینراو بـەواتا"ئـاتون"و ئـەو کارەسـاتانەی ئـەم خودایـە لەگـەڵ خۆیـدا هێنـای کـە دروسـتکراوی بـاوك و کـچەکەیـەتی بێئاگایـت، دایەگـەورەی ئـەم فیرعەونە"نفر تی تی"و باوکی کە کاهینی مەزنی فەرمانڕەوایی بوو بۆ دەرکردنـی کاهینـەکانی ئـامون و دەسـت بەسـەراگرتنی خەزێنـەکانی پەرسـتگا خودایـەکی نـەبینراویان خولقانـد، فیرعـەونی نێوجەوانیـشیان فریـودا و بـەم کارەیـان ئاگریـان بەردایـە"تـبس"و میـسر، دوای ئـەوە نـاوی"ئـاتون"یـان وەك دزێـوترین و نەفرەتئامێزترین شت دەهێنایە زمان، ئامون و پەرستگاکان دوبارە هـەمان بـەرەی خودایـانی بـەردین و داریـن کـە دروسـت کـراوی دەسـتی مـرۆڤ بـون ڕاخـست و فەرمانڕەوایی مرۆڤیان پێدەکردن، "ئـامی و نفر تـی تـی"یش خـودای خۆیان ڕەت کردەوە کە هەموی دروستکراوی مرۆڤ بوون.

موسا وتی: کەواتە تۆ لەوباوەڕەدا نیت کە خۆر ڕوکاری خودایە.

"نـف"ی تەلارسـاز وتـی: موسا تـۆ هـزرت هـەڵگری هەنـدێك بیروبـاوەڕە کـە مـن ناتوانم بەئاسـانی پاکیـان بکەمـەوە، ئێـستا تـۆ چ کارێـك بـەخودای نـەبینرا و خـودا جیاوازەکان هەیە، مەگەر تائێستا مرۆڤ کە بێ خودای نەبینراو ژیاون بوەتە هـۆی ئەوەی چەرخی ڕۆژگار بۆ ساتێکیش بوەستێت، تۆ تەنها ڕێز لەبیروبۆچونەکانی خۆت دەگریت، هەوڵ مەدە بیسەپێنیت بەسەر خەڵکانی تردا.

موسا وتی: بەڕاستی سەرنج ڕاکێشە.

"هتپ رە"ی فەرماندەش وتـی: هـەوڵ نـەدەیت ڕێ لەخۆشـگوزەرانی سەربازەکان بگریـت، وازیـان لـێ بهێنـە ئـەوەی خۆیـان حـەزی پێدەکـەن ئـەنجامی بـدەن، گاڵتـەش بەخوشگوزەرانیەکانیان مەکە. ئێستا ئەگەر دەتەوێت خۆر بە بەئاتون و ئاتونیش بە ڕێبەری خۆت لەقەڵەم بدەیت، ئازادیت لەوەی کە بیروبۆچونەکانت مەزن ڕاگری بـێ ئـەوەی هـیچ کەسـێك ببێتـە ڕێگـرت، بـەڵام کاهینـەکانی لایـەنگرانی ئـاتون و ئامونەکان بۆخۆیان دەقۆزنەوە و لەڕێی ئەمانەوە خەڵکی پێ فریو دەدەن.

PDF 4 KURD

موسا پرسی: ئایا کاهینەکانی ئاینی "ئاتون"یش وەك کاهینەکانی ئامون تەنها بیریان لەبەرژەوەندی خۆیان کردووەتەوە؟

"نف"ی تەلارساز بۆیەکەمین جار پێکەنی و وتی: تا ئەو رۆژەی کاهین و کاهینەکان لەجیهانەدا هەناسە بدەن ، سودێکی بێپایانی مفتخۆری و هەزاران کارەسات بەدەستی ئەمانە بەناوی ئامون و ئاتون ئەنجام دەدرێت و بەداخەوە بەگشتی نەزانی خەڵکی کە هیچ سنورێك ناناسێت هاوکاری ئەم فریودەر و فێڵبازانە دەکەن، و لەوەتەی ئەم جیهانە بووە و هەیە هەرچەند خەڵکی لەڕوی خوێندەواری و تەلارسازی و هونەرەکانی تردا پێش بکەون و بەپلەی والآ بگەن، بەڵام گەمژەییان وەك خۆی دەمێنێتەوە و لەناو ناچێت، بەڵکو رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو زیاد بون دەڕوات.

کاتێك گفتوگۆکانیان گەشتە ئەم ئاستە"نف"ی تەلارساز وتی: من بەدڵگرانی و نیگەرانیەوە دەمەوێت لەتۆ جیا ببمەوە، هیوادارم دوبارت بتوانم چاوم پێت بکەوێتەوە.

PDF 4 KURD

موسا لەشار و بازاڕدا

ئاسایی میسریەکان بەیانی زوو هەڵدەستن و سەرقاڵی کارەکانی خۆیان دەبن، هەڵبەت پێویست بەوە ناکات باسی ئەوە بکەین کە شار و ماڵەکان لەکەنار ڕوباری نیل دا بنیات نراون و هەمیشە پەیوەندیان لەگەڵ دەریادا هەبووە. بەشێوەیەکی سەرەکی بازرگانی چالاکی سەرەکی خەڵکی میسر بووە، بەلایەنی کەم هەموو خەڵکی میسر بەجۆرێك کڕین و فرۆشتنەوە بژێوی ژیانیان دابین دەکرد. لەولاتی "چین"ەوە کاروانگەلێکی مەزن لەڕێگایەکی دورەوە دوای چەند مانگێك گەشتکردن دەهاتن بۆ کەنار دەریای ناوەڕاست و بەشێوەیەك خۆیان دەگەیاندە میسر. کەشتیەکان دوای ئەوەی بەدەریای ناوەڕاستدا تێپەڕین بەنێوەندی دەربەنی "هرکول٢٦" ڕێگای ئەوروپا دەگرنە بەر. زۆرێك لەم کەشتیانەش لە "بفار دار دانل و بوسفور"ەوە دەڕۆن بۆ دەریای ڕەش. ئەم هاتوچۆیە هەمووی بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و مامەڵەی جۆراوجۆر بووە. بەڕادەیەك ئەم بازاڕە گەرم و بەپەلە بوو کە هێشتا خەڵکی بیریان لەوە نەکردبویەوە کە جۆرێك سکەی پارە بۆ ئەم مامەڵەیە دروست بکەن و تەواوی مامەڵەکان بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕکردن ئەنجام دەدرا، هەموو وڵاتێك کەرەستەیەکی تایبەت بەوڵاتەکەی وەك پارە بەکار دەهێنا بۆ کڕینی شتومەکی وڵاتانی تر، بۆنمونە ڕوسیا ئەمڕۆ لەباتی پارە پێستی گیانەوەرەکانی وەك پێوەری کڕینی شتومەك بەکار دەهێنا، وڵاتانی کەناری دەریای ناوەڕاستیش بۆنمونە سوریا و لوبنانی ئەمڕۆ مرواریان لەباتی پارەدا بەکار

[26] هرکول: "جبل طارق"ی ئێستا.

PDF 4 KURD

دەهێنا، وڵاتی "هاتی"[27] ئاسنیان لەباتی پارەدا بەکار هێناوە، دەبێت بزانین ئاست لەو سەردەمانەدا لەئاڵتون گرانتر و بەهاداتر بووە و لایەنێکی نێونەتەوەیی هەبوو. هیچ وڵاتێك بێ ئاسن نەبووە چونکە وەك پارە ئاڵوگۆڕێی پێدەکرا، هەرئەوەش بەهای ئاسنمان بۆ دەردەخات، بۆنمونە ڕوسیار زێڕی وەرنەدەگرت، بەڵام بەگەرمیەکەوە لەئاڵوگۆرکردنەکانیدا پێشوازی لەئاسن دەکرد. بێ لەڕوسیا، وڵاتانی جیهان زێڕی میسریان لەشێوەی ئەنگوستیلە لەباتی پارەدا وەردەگرت، لەدوای ئاسن و زێڕ، مس و زیو ڕەواجی هەبوو. "تانیس"لەشارە کۆنەکانی میسر وەك تەواوی شارەکانی تری کەنار ڕوباری نیل ناسرابوو، شارێك بوو کە نێوەندی بازرگانیەك بوو کە زیاتر مامەڵەی کەنیز و کۆیلەی تێدا دەکرا. بازاڕی کۆیلە فرۆشی لە"تانیس"دا کەمێك لەڕوباری"نیل"ەوە دور بوو، مەودای نێوان شار و کەنار ڕوبار زیاتر وەك بازاڕی کۆیلە فرۆشی بەکار دەهێنرا، چونکە بازاڕی کۆیلە فرۆشەکان دەبێت بازاڕێکی سەربەخۆی و دور لەخاڵە بازرگانیەکانی تر بێت. ئەم دوری و دورەپەرێزیە لەبەرئەوە بوو بۆئەوەی ئەوانەی کاریان بەبازاڕی کۆیلە و کەنیزە فرۆشەکانەوە نیە گوێیان لەگریان و ناڵەی کۆیلەکان نەبێت، بازاڕی کۆیلە فرۆشانی شاری"تانیس"شوێنێك بوو کە بەدیوارێك چواردەوری گیرابوو و هیچ کەپر و شوێنی دانیشتنێك لەو چواردەورەدا بەدی نەدەکرا. لەبازاڕی کۆیلە فرۆشی"تانیس"دا سێ جۆر کۆیلەی تێدا دەفرۆشرا، جۆرێکیان دیلەکانی جەنگ بوون کەتەنها فیرعەون دەیتوانی بیانفرۆشێت بۆخۆی، جۆرێکی تریان کۆیلە و ئەو کەنیزانە بوون کە لەوڵاتانی تر وەك کاڵایەك دەیانهێنان بۆ میسر بۆئەوەی بیانفرۆشن، جۆری سێیەمیان نە دیلی جەنگی و نەکەنیز و نۆکەرانی وڵاتانی تر بون، بەڵکو ئەو میسریانە بوون کە لەوانەیە ڕۆژانێك خۆشیان خاوەنی کەنیزەك و کۆیلە بوبێتن، بەڵام بەهۆی قەرزەوە ناچار خۆیان وەك کۆیلەیەك فرۆشتبێت و خاوەنی ئەم جۆرە کۆیلانە سەرەتا ئەوانە بون کە قەرزیان بەلایانەوە بوو. فرۆشتنی کۆیلە لەمیسردا تایبەت بوو و تەنها ڕێژەی چل خێزان مۆڵەتی کڕین و فرۆشتنی کۆیلەیان هەبوو، ئەم یاسایە بەشێوەیەکی گشتی لەمیسری خواروو باو بووە و

---

[27] هاتی: تورکیای ئەمڕۆ.

PDF 4 KURD

چاودێریشی لێ دەکرا، بێ ئەندامانی ئەم چل خێزانە هیچ کەسێکی تر مافی کڕین و فرۆشتنی کۆیلەی نەبووە. دیمەنی کۆیلە فرۆشی و شێوازی نمایشکردنی کۆیلەکان لەبازاڕدا زۆر دڵهەژێن و شەرمهێنەر بوو، نۆکەر و کەنیزەك و منداڵەکانیان بەزنجیر دەبەستەوە، منداڵەکان توانای ئەوەیان نەبوو ئەو زنجیرەی کە لەدەستیان بەستبوو هەڵیگرن و بەدوای خۆیاندا بیکێشن. ئەرکی خورد و خۆراکی ئەو کۆیلانە لەماوەی نمایشکردنیان لەبازاڕدا لەئەستۆی خاوەن کۆیلەکاندا بوو، تیکەیەك نانی وشك، پارچەیەك ماسی سوێر کە بەهەرزانترین خۆراك لەقەڵەم دەدران ژەمی خواردنی کۆیلەکان بوو. خزمەتکارانی کۆیلە فرۆشان لەسەرەتای ڕۆژدا نۆکەر و کەنزیەکانیان لەڕووباری نیل هەڵدەکێشا بۆئەوەی پاکیان بکەنەوە و پاك و خاوێن بێنە بەرچاوی کڕیارەکان. لەنێوا نۆکەر و کەنیزەکانیشدا یاسای دارستان فەرمانڕەوا بوو، چونکە لەکاتی دابەشکردنی خواردندا، زۆردار و بەهێزترەکان لاواز و بێتواناکانیان دەخستە ئەملاولای خۆیانەوە بۆئەوەی خۆیان بەشێکی زیاتریان بکەوێت، لەبەرئەوە کاتێك ڕاوچیانی ڕووباری نیل دەیانویست ناوسکی ماسی بدەن بە کۆیلەکان، بێتوانا و لاوازەکان هاواریان لێ هەڵدەستا و دەیانویت ڕاستەوخۆ خواردنەکە بدەن بەدەستی خۆمانەوە، چونکە بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتەوە بەهیچ شێوەیەك لەو بەشە خواردنەمان بەر ناکەوێت. ئەم ژەمە خواردنە نەگونجاوە بەتایبەت ڕیخۆڵە و ناوسکی ماسی دوچاری نەخۆشی جۆراوجۆری دەکردن و نۆکەر و کەنیزەکانیش لەبەرئەوەی چارەسەر نەدەکران بەردەوام لەئازاردا دەتلانەوە و هاواریان دەکرد. کۆیلەکانی تریش بەبینینی گریان و هاواری ئەمانە خۆشیان دەستیان بەگریان دەکرد و دیمەنێکی دڵتەزێنیان دروست دەکرد. خاوەنی کۆیلەکانیش کە ڕەفتاری خواستراویان تەنها قامچی وەشاندن بوو پەییان بەئازارەکانیان نەدەبرد و بەردەوام قامچیان لێدەدان بۆئەوەی بێدەنگیان بکەن. لەوانەیە لەمڕۆدا ئەم جۆرە ڕەفتارە لەبەرامبەر کۆیلەکاندا دڕەندانە بێتەبەرچاو، بەڵام لەو سەردەمەدا ئەم جۆرە ڕەفتارانە زۆر ئاسایی بوو. لەبەرچاوی میسریەکاندا کۆیلەکان بەجۆرێك ئاژەڵ و گیانەوەر لەقەڵەم دەدران نەك مرۆڤ، ڕفتاری میسریەك لەبەرامبەر کۆیلەیەکدا وەك ڕفتاری دارتاش و ئاسنگەر و

PDF 4 KURD

درومانێك وایە لەبەرامبەر تەختە و ئاسن و پارچە قوماشێکدا، هەروەك چۆن هیچ کاتێك دارتاشێك لەبڕین و تاشین و سواقدانی دارێك بێزار و ماندوو نابێت، بەهەمان شێوە میسریەکیش لەلێدان و سوکایەتکردنی کۆیلەیەك بێزار و ماندوو نابێت.

لەنێو میسریەکاندا"موسا"کە خۆی کوڕی یەکێك لەکۆیلە ئیسرائیلەکان بوو، کاتێك پەی بەم خاڵە برد کە باوکی دوچاری چ ئازار و ئەشکەنجەیەك بووە، تێڕوانینی لەگەڵ میسریەکانی تردا زۆر جیاواز بوو. کاتێك"موسا"خۆی کرد بەبازاڕی کۆیلە فرۆشەکاندا خەڵکی ئەو دەوروبەرە ناسیانەوە و زانیان کە یەکێکە لەکوڕەکانی فیرعەون، لەبەرئەوەی کۆیلە فرۆشەکان لەناسینی خواستی کڕیار زۆر شارەزا بوون و بەپێی هەڵسەنگاندنی سەلیقەی چ جۆر کۆیلەیەکی دەوێت، بۆیە زانیان موسا چ جۆر کۆیلەیەك دەخوازێت. فرۆشیارانی سەرشناس زۆر زوو ئاگاداری خواستی کڕیارەکان دەبون. ڕۆژی پێشوو لەچونی موسا بۆ بازاڕی کۆیلە فرۆشەکان"هتپ رە"ڕۆشت بۆ بازاڕی کۆیلە فرۆشەکان و زانیاری ئەوەی دا بە بازرگان و دەڵاڵە سەرەکیەکانی بازاڕی کۆیلە فرۆشان کە موسا کۆیلەیەکی دەوێت بتوانێت گالیسکە لێبخوڕێت، هەرلەبەرئەوەش ئاگاداری ئەوەبون کە موسا بەئامانجی چ شتێك دێتە بازاڕی کۆیلە فرۆشەکانەوە. لەسەرەتای چونی موسا بۆ ناو بازاڕی کۆیلە فرۆشان چاوی کەوت بەژنێك کە دوو منداڵ لەتەنیشتیەوە دانیشتبون و دەگریان. ئەو ژنە دەیویست خۆی بفرۆشێت بۆئەوەی بتوانێت منداڵەکانی تێر بکات-هەڵبەت ئەم نمونەیان جیاواز بوو لەسێ جۆر کۆیلەکانی تر، چونکە نە نۆکەر و نە کەنیزەك و نە قەرزار و نە دیلی جەنگ بوو، بەڵکو کەسێکی برسی و دەستەپاچە بوو- موسا تەماشایەکی ئەو سیانەی کرد و بەبینینی باڵا و سینە و شانە و ڕوخسار جوان و قژی بێوێنەی سەری سوڕما. لەم ساتەدا یەکێك لە سەوداگەرانی بەناوبانگی بازاڕی کۆیلە فرۆشان بەناوی"کتوفار" هات بۆ لای موسا و لەبەردەمیدا کوڕنوشی بۆ برد.

موسا وتی: سەرت بەرز بکەرەوە بۆئەوەی بزانم تۆ کێیت و چیت دەوێت!

PDF 4 KURD

"کوتوفار"هەستایە سەرپێ و وتی: خاوەن شکۆ ڕێم پێبدە کچێکی جوانت پێنیشان بدەم کە نەتوانی چاوی لێ هەڵبڕی.

موسا وتی: بۆ کڕینی کەنیزەك نەهاتوم، بەڵکو هاتوم کۆیلەیەك بکڕم کە بتوانێت گالیسکە لێ بخوڕێت.

لەوکاتەدا"کوتوفار"خۆی پێناساند و وتی: من لەپێناو ڕازیکردنی تۆدا هەرچیم پێ بڵێیت بۆتی ئەنجام دەدەم، ئێستا لەگەڵم وەرە بۆئەوەی بڕۆین بۆ بەشێکی ئەم بازاڕە کە نۆکەرێکی ئاوای تێدا بەدەست دێت. تۆ چ بەختێکی باشت هەیە بەم تازەییانە نۆکەرێکی ئاوایان هێناوەتە بازاڕەوە کە خەڵکی وڵاتی"هاتی"ە. بێگومان ئەو دەتوانێت مەبەستەکانت بەجێ بهێنێت. هەردوکیان خۆیان گەیاندە بەشێکی ئەو بازاڕەوە کە نیوە تاریك بوو."کوتوفار"فەرمانی بەیەکێك لەخزمەتکارەکانی خۆی دا کە نۆکەرە"هاتی"ەکەی بۆ بهێنن، خزمەتکاریش ڕۆشت و پیاوی بەزنجیر بەستراوی بۆ موسا هێنا. ئەو پیاوە ماوەیەکی زۆر لەناو تاریکیدا هێڵابویانەوە، هەر لەبەرئەوەش کاتێك هاتە ناو ڕوناکیەوە چاوەکانی بەتوندی داخست. "کوتوفار"یش دەستی بەباسکردنی هونەر و لایەنە چاکەکانی کابرای نۆکەر کرد.

"موسا"ش چاوەڕێی کرد تا کۆتایی بەقسە و پێدا هەڵدانی"کوتوفار"هات، ئەوکات وتی: ئەم پیاوە بەکەڵکی من نایەت.

کوتوفار وتی: ئەم پیاوە گالیسکەوانێکی زۆر بەهێزە کە دەتوانێت گالیسکەیەکی چوار ئەسپیت بۆ لێ بخوڕێت.

موسا وتی: ئەم پیاوە جەستەیەکی بەهێزی هەیە بەڵام بەهۆی کۆیلایەتیەوە بوێری و ئازایەتی لەناو چووە گۆڕاوە بەکەسێکی ترسنۆك و لاواز، من پێویستم بەلاوێکی بەتوانا و بوێرە، گۆڕەپانی جەنگ پیاوی جەنگاوەر و بوێری دەوێت.

"کوتوفار"یش بە بێشەرمیەکەوە چەند نۆکەرێکی خەڵکی هاتی بەچەند پێناسە و تایبەتمەندیەکی جیاواز و سەیرەوە هێنا بۆ موسا. بەڵام موسا پێی وت: من گالیسکەوانێکی بیابان نشینم دەوێت، لەبەرئەوە بێهودە کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە! ئەگەر کۆیلەیەکی وا شك دەبەیت بۆم بهێنە، ئەگەر نیتە ئەوا بێهودە خۆت ماندوو مەکە.

PDF 4 KURD

کوتوفار دەستێکی بۆ کرێکارەکانی ڕاوەشاندن و وتی: ئەو کابرایەم بۆ بهێنن.
ئەوانیش دوای ماوەیەك بەگومانەوە لێیان پرسی: ئایا ئازادە؟
"کوتوفار"یش وتی: مەترسن بەستویانەتەوە...
دوای ماوەیەك کرێکارەکان لاوێکی بالاّ بەرز و کەتە و زۆر هار و نەگبەتیان هێنا و "کوتوفار"وتی: هەرچی قامچی لیّ بدەیت نابینیت نێچەوانی بدات بەیەکدا و ئازار و دڵگرانی خۆی پیشان بدات.
ئەو لاوەیان بەشێوەیەك بەزنجیر بەستبویەوە کە تەنها دەیتوانی ڕێ بکات، کابرای دیلیان لەبەرامبەر موسادا ڕاگرت، موسا بینی بگرە دەستەکانیشیان بەزنجیر بەستبویەوە، جیّگا قامچیەکان بەلاشەیەوە ئەوەی دەسەلماند کە چەنێك ئازاری بەدەستیانەوە کێشاوە.
نۆکەری"هاتی"ڕوی کردە موسا و وتی: نەکەی بتەوێت بمکڕیت چونکە لەدواییدا پەشیمان دەبیتەوە.
"کوتوفار"وتی: دەمت داخە، ئەم کوڕە لاوە کەسێکی ئاسایی نیە، بەڵکو شازادەیە، تۆ بەختێکی زۆر مەزنت هەیە کە شازادەیەك کڕیاری تۆیە.
دوای ئەوە ڕویکردە موسا و وتی: ئەمە هەمان ئەو نۆکەرەیە کە تۆ داوات دەکرد بەهەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە باست کرد. هەروەها دەبێت بڵێم ئەم کوڕە لاوە کەسێکی نائارامە و شارەزایی لەهیچ بوارێکدا نیە، تەمیّ و لێدانیش بەهیچ شێوەیەك کاری تێناکات.
موسا پرسی: تەمەنی چەنێکە؟
کابرای بازرگانیش وتی: نازانم چونکە وەلاّمی هیچ پرسیارێکمان ناداتەوە، بەلاّم لەوانەیە دوو دەیە لەتەمەنی تێنەپەڕیبیّ.
موسا پرسی: پێی نەوتون ناویشی چیە؟
کابرای بازرگان وتی: ناوی"نون"ە.
موسا وتی: ئەم پیاوە خەڵکی"هاتی"یە لەکاتێکدا"نون"ناوێکی میسریە. بۆیە موسا ڕویکردە ئەو کوڕە لاوە و وتی: ئەی"نون"دەتوانی گالیسکە لێبخوڕیت؟

PDF 4 KURD

کوڕی لاویش وەڵامی دایەوە: مەبەستت ئەوەیە ببمە گالیسکەوانی کەسێکی تایبەت؟ ئەویش کەسێکی وەك تۆ؟

موسا بەبیستنی ئەو سوکایەتیەی کە پێی کرد تورە بوو و وتی: ئایا دەزانی سوکایەتی کردن بەکوڕی پادشا سزاکەی مەرگە؟

کابرای نۆکەریش وتی: ئەوە بەکەسێك بڵێ کە لەمەرگ دەترسێت، لەبەرئەوەی ڕۆژێك دێت هەر دەبێت بمرم، چی لەوە باشتر کە زووتر بمرم، من سوکایەتیم بەتۆ نەکردووە، بەڵکو ئەگەر لێتەوە نزیکتر بومایە ئەوکات تفم بەسەروچاوتدا دەکرد بۆئەوەی بیسەلمێنم کە سوکایەتیم پێکردویت بۆئەوەی بیانوی سزای مەرگم باشتر بدەم بەدەستەوە.

کابرای بازرگانیش کاتێك بینی خەریکە بەهۆی بەدرەفتار کۆیلەیەکەوە کڕیارێکی باش لەدەست دەدات بەسەختی تورەبوو و فەرمانی دا بەکرێکارەکانی بەتێلا و قامچی بکەونە گیانی.

بەڵام موسا ڕێی لێگرتن وتی: لێی مەدەن، ئەگەر سوکایەتی بەمن کردبێت ئەوا تەنها بەخۆمەوە پەیوەستە نەك ئێوە. دوای ئەوە ڕوی کردە"نون"و لێی پرسی: ئەی "نون"! من دەمەوێت بڕۆم بۆ وڵاتی"کوش"و لەوێ بجەنگێم، لەبەرئەوەی فەرماندەی گالیسکەوانەکانم، بۆیە دەبێت گالیسکەوانێکی ئازا و دلێر گالیسکەکەم لێبخورێت. ئەگەر ئامادەیت لەگەڵم وەرە....

"نون" لەوکاتەدا تەنها بێدەنگی هەڵبژارد و موسا وتی: من ئەم نۆکەرەتان لێ دەکڕم، لەو کۆت و زنجیرە ئازادی بکەن.

"کوتوفار"یش بەهۆی سەرکەوتنی ئەم مامەڵەیە خۆشحاڵ بوو، چونکە دوای ئەوەی ئەو کوڕە لاوە کۆیلەیە سوکایەتی بە موسا کرد وای دەزانی چیتر موسا هیچ کۆیلەیەکیان لێ ناکڕێت، بۆیە بۆ جاری دووەم لێی پرسی: ئایا تۆ ئەم نۆکەرەت لا پەسەندە، دەستی بکەینەوە؟

موسا دوپاتی کردەوە: بەڵێ نرخەکەی چەندە؟

کاتێك"کوتوفار"بینی کابرای کڕیار بەتامەزرۆییەوە خوازیاری ئەو کۆیلەیە وتی: هێشتا هیچ نرخێکم لەسەر ئەم نۆکەرە دانەناوە.

PDF 4 KURD

موسا پرسی: بەلامەوە گرنگ نیە چ نرخێکی لەسەر دادەنێیت، سەرپەرشتی سامانەکەم ئەو برە پارەیەت پێدەدات کە تۆ داوای دەکەیت، سەردانی کەسێك بەناوی"ستی موسا"بکە و بەهای نۆکەرەتی لیّ وەرگرە.

کابرای بازرگانیش بە"نونی"وت: لەم ساتە بەدەواوە تۆ لەژێر ڕکێفی"موسا"دایت، بەڵام هێشتا دەستی"نون"یان نەکردبویەوە.

"موسا"ش بە کابرای بازرگانی وت: دەستی بکەنەوە.

"کوتوفار"یش دەستی کابرای کۆیلەی کردەوە. هەر ئەوکاتەی دەستی"نون"ئازاد بوو، سەرەڕای ئەوەی هێشتا پێی بەزنجیر بەسترابویەوە پەلاماری"کوتوفار"ی دا و قورگی گرت و زۆری لێکرد بۆئەوەی بیخنکێنیّ، "کوتوفار"لەوکاتەدا کەوتە سەرزەوی و هاوار لەخزمەتکارەکانی"کوتوفار"بەرز بویەوە و داوای هاوکاری لەڕێبوارەکان دەکرد، بەڵام پێش ئەوەی ڕێبوارەکان بێن بەهانای"کوتوفار"موسا بەپەلە خۆی گەیاندە"نون" کە خەریك بوو"کوتوفار"بخنکێنیّ و"کوتوفار"یش ڕوخساری ڕەش داگەڕا و هەردوو چاوی دەرپەڕیبون. موسا قورگی"نون"ی گرت و بەهەموو هێزێکی ڕایوەشاند بۆئەوەی ناچاری بکات کابرای بازرگان بەرەڵا بکات. خزمەتکارەکانیش بەتێلاو و قامچیەوە دەوریان دا بۆئەوەی لێی بدەن، بەڵام موسا ڕێی لێگرتن و پێی وتن: ئەم پیاوە چیتر لەمەو دوا کۆیلەی منە ڕێی بەهیچ کەسێك نادەم ئازاری پیّ بگەیەنێت.

"نون"لەوکاتەدا وازی لە"کوتوفار"هێنا و پەلاماری موسای دا، بەڵام موسا لەو کوڕە لاوە باڵابەرزتر بوو و لەڕوی کەتەییەوە لەئاستی یەکدا بوون، نۆکەر پەلاماری دا و"موسا"ش دەستی خۆی پێش ئەوەی مشتی ئەو کوڕە لاوە لێی بدات پێشخست و مشتێکی دەدات لەڕوخساری ئەو کوڕە لاوە و خوێن لەدەم و لوتی دێتە دەرەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش واز لەپەلامارەکانی ناهێنێت. بۆیە موسا ناچار بوو ئەو کوڕە لاوە بدات بەزەویدا. کوڕی لاویش پێی دەڵێت: تۆ لەمن بەهێزتری و هێور بویەوە و دەستی لەشەڕ و پەلامادان هەڵگرت..... دوای ئەوە خوێنی سەروچاوی کوڕی لاویان پاك کردەوە.

PDF 4 KURD

"موسا"ش بە"کوتوفار"ی خاوەنی نۆکەرەکانی وت: بۆچی زنجیری پێی نۆکەرەکەم ناکەیتەوە؟

کوتوفار وتی: ئەم کارە خۆیی بۆخۆی کەمتەرخەمیە و هەرەشەیەك لەدوای خۆیەوە دەهێنێت.

بەلام موسا فەرمانی دا زنجیری پێی ئەو کورە نۆکەرە بکەنەوە، دوای ئەوە"نون"ی تێگەیاند کە لەگەڵ ئەودا بڕوات. "نون"یش بێ ئەملاولا کەوتە دوای موسا.

موسا جێگا و شوێنێکی پاکی پێدا بۆئەوەی تێیدا بحەوێتەوە و وتی: تۆ لێرەدا بحەوێرەوە تا ئەو ڕۆژەی بەرەو ولاتی"کوش"دەکەوینە ڕێ.

***

موسا"نون"دەبات بۆ گۆڕەپانی گالیسکەوانی بۆئەوەی فێری لێخوڕینی گالیسکە ببێت. کاتێك ئەو دوانە گەشتنە گۆڕەپانی گالیسکەوانی"ستی کف"فەرماندەی هێزی سەربازی"کوش"لەگەڵ چەند ئەفسەرێکدا سەرقاڵی گفتوگۆ بوو، بەلام هەرئەوەی چاوی بە موسا کەوت دێت بەپیریەوە و بەشێوەیەك کە"نون"گوێی لێ نەبێت وتی: دەمەوێت بەتایبەت قسەت لەگەڵدا بکەم. ئەو نۆکەرەی کە لەگەڵتدایە بنێرە بۆ شوێنێکی تر.

"موسا"ش بە"نون"ی وت: تۆ بڕۆرە ناو تەویلە خانەکە... نونیش بێ ئەملاولا ڕۆشت.

"ستی کف"بەموسای وت: تۆ کوڕی پادشا و لەنەوەی خودایانیت، بەلام من لادێییەکی میسری سادەم، سەرەڕای ئەوەش بەهۆی توانای داهێنانەکانمەوە خۆم گەیاندە والاترین پلەوپایەی ئەم ناوچەیە.

موسا لێی پرسی: مەبەستت لەم پێشەکی قسانەت چیە؟

ستی کف وتی: دەمویست ئەو خاڵە بهێنمەوە بیرت کاتێك گەشتینە ولاتی"کوش"، چیتر ولاتی کوش گۆڕەپانی جەنگ و ڕووبەڕووبونەوەیە، ئەگەر نەکوژی ئەوا ئەوان دەتکوژن، لەبەرئەوە گۆڕەپانی جەنگ لەخودی"قەسابخانە"خراپترە، بەواتا هەر لەیەکەمین جەنگ کە لەسەر ڕوی زەوی

PDF 4 KURD

دەستی پێکردووە قەسابخانە و پێست کەندن لەنێو مرۆڤەکاندا باو بووە، دڵنیاش بە لەوەی تا مرۆڤ لەسەر زەوی بژیت، ئەوا جەنگیش لەگەڵ مرۆڤدا دەژیت و بونی دەبێت. لەبەرئەوە دەبێت لە"کوش"دا سەرکەوتن بەدەست بهێنین، چونکە لەمیسردا ئەگەر فەرماندەی جەنگ دوچاری شکست ببێتەوە، چیتر نایتێرنە هیچ جەنگێکەوە و فەرماندەیەکیش نەینێرنە هیچ جەنگێکەوە ئەوا لەبرساندا دەمرێت. وڵاتی میسر لەدوو چین پێك دێت: چینی واڵا و چینی خوار، بێگومان تۆ لەچینی والایت، ئەگەر کەسێك لەمیسردا لەچینی والا نەبێت، بێگومان لەچینی خوارەوەیە، چینی خوارەوەش بەدڵنیاییەوە چینی کرێکار و جوتیارە، کرێکار و جوتیاریش هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ کۆیلەدا نیە. هەڵبەت لەچینی ولاشدا هەموویان یەکسان و وەکو یەك نین: لە کاهین، نوسەر و سەرپەرشتیاران، دوای ئەوانیش سەربازەکان پێك دێن، کاهین و سەرپەرشتیارەکان بەهۆی خوێندەواریانەوە کارێکی باشیان پێ دەسپێردرێت، ئەگەر نەبنە کاهین، ئەوا دەبنە کاربەدەستی شوێنێك، ئەگەر نەشیان توانی بخوێنن و بنوسنەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەبنە سەرباز، باشترین نمونەش، خۆم لەبەرئەوەی نەمتوانی بخوێنم و بنوسم بومە بەسەرباز و ئێستاش وەك خۆت دەبینی پلەم بەرزبووەتەوە و بومەتە فەرماندە. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەبارەی تۆوە لەبازاڕی کۆیلەفرۆشەکاندا بەمن گەشتووە، پەیم بەوە بردووە کە تۆ لاوێکی پڕ جوڵە و ئازایت، لەوباوەڕەدام"هتپ رە"ئەو سەردارەی کە بووەتە هاوڕێت، دڵنیام ئەوەی دەیزانێت فێرت دەکات، ئەو بەخۆڕایی فێری تەواوی هونەرەکانی گالیسکەوانیت دەکات، هەروەها کابرایەکی زۆر بەئاگایە لەبەرئەوە تاڕادەیەك فێری هونەری گالیسکەوانیت دەکات کە هەڕەشە لەبەرژەوەندیەکانی نەکات.

موسا پرسی: لەکورتی بیبڕەرەوە.

ستی کف وتی: دەبێت زۆرباش بجەنگی، فەرماندەیەکی باش بیت بۆ سەربازەکانت و لەگۆڕەپانی جەنگدا بێهودە گیانی خۆت و سەربازەکانت بەفیڕۆ نەدەیت.

موسا وتی: من بۆ هەمان ئەو مەبەستە هاتومەتە ڕیزی سەربازیەوە.

PDF 4 KURD

ستی کف وتی: من باش ئاگاداری ئەوەم کە فیرعەون لەبەرئەوە تۆی بۆ فەرماندەی گالیسکە جەنگیەکان هەڵبژاردووە بۆئەوەی تۆ لەمیسر دور بخاتەوە، چونکە خودی خۆشی زۆرباش دەزانێت بگرە بۆ جارێکیش گالیسکەت لێنەخوڕیوە.

موسا لێی پرسی: بەبۆچونی تۆ کە فەرماندەیەکی جەنگی بەئەزمونی ئایا من پیاوێکی جەنگیم و دەتوانم بجەنگێم؟

ستی کف وتی: بەدڵنیاییەوە تۆ پیاوێکی بوێر و ئازا و بەتوانایت، چونکە دوێنێ لەبازاڕی کۆیلە فرۆشەکاندا ئەوەت سەلماند، ئەوێش لەئاستێکی بچوکدا وەك گۆڕەپانی جەنگ وایە. ئێستا لەوە زیاتر قسەت بۆ ناکەم لەبەرئەوەی دەبینم هاتویت نۆکەرەکەت فێری گالیسکەوانی بکەیت.

PDF 4 KURD

ڕۆشتن بەرەو"کوش"

هێـزی سـەربازی دە هـەزار کەسـی میـسر لـە"کـەرەنك" دابـەش کـران بـۆ چـەند یەکەیەکی سەد کەسی، ئەم یەکانە بەپێی چەمکی سەربازی میسری ئەو سەردەمە پێیـان دەوتـن"حوسـت بـر زون جـوت" لەوانەیـە یەکـە سـەد کەسـیەکانیان زیـاد بکرایـەن بـۆ سێـسەد کەسـیش، بـەڵام هـەر"حوسـت"یـان پـێ دەوتـن. هـەموو "حوسـت"ێکـیش فەرماندەیـەکی هـەبوو هـەموو"حوسـت"ەکـانیش یـەك فەرمانـدەی"حوسـت"فـەرمانڕەوایی دەکـرد. میـسر کەدابەشـی میـسری خـوار و میسری سەرو دەکرێت مەودا و بۆشاییەکی زۆر لەنێوان ئەم دوومیسرەدا هەبوو و ڕەشپێستەکانی وڵاتی"کوش"سودیان لەو بۆشاییە وەردەگرت و هێرشیان دەکرد بۆ هـەمان ئـەو بۆشـاییە، لەبەرئـەوە بـۆ ڕێگـرتن لـەم هێرشـکردنە فیرعـەون هێزێکـی هەمیـشە ئامـادەی دەنـاردە ئـەو ناوچـەیەوە بۆئـەوەی ڕێ لەهـەموو هەڕەشـەیەك بگرێت، هـەروەها دەوروبـەری سنوری خاوەنـدار و زەویـدارەکانی ئـەو ناوچـەیەش یارمـەتی ئـەم هێزەیـان دەدا و هەریـەك لەمانـە بـۆ بـەرگری کـردن لـەخۆی هێزێکـی بەرگری بۆ خۆی دروست کردبوو، لەبەرئەوەی ئەم هێزە خۆماڵیە بۆ بەهێزکردنی هێزی ناوەندی دەوڵەت کاری دەکرد فیرعەون ڕێـی لـەپێکهێنانی ئەم جۆرە هێزانە نەدەگرت. ئەو هێزەی بەرەو وڵاتی"کوش"دەڕۆشت، هێزێکـی یـەك دەستی میسری نـەبوو، بـەڵکو لەبەرئـەوەی بـەکرێگرتنی سـەربازی بـەکرێگیراوانی جـەنگ لـەو ناوچـانەدا کـارێکی ئاسـایی بـوو، نزیکـەی چـوار هـەزار کەسـیان بێگانـە بـون. دامەزرانـدنی هێـزی دەرەکـی لـەناو هێـزە سـەربازیەکانی کۆنـدا بـاو بـووە. فیرعـەون لەبەر دوو هـۆ ڕێـی دەدا ئـەم بیانیانە بێنـە نـاو هێـزی سـەربازی میسرەوە، یەکـەم:

PDF 4 KURD

لەبەرئەوەی ئەمانە لەڕوی هونەری سەربازیەوە لێهاتوو و بەئەزمون و شارەزا بون، دووەم: لەبەرئـەوەی وەرزی گـشتوکاڵدا جوتیـاری میـسری دەبێـت بـۆ بەدەسـت هێنـانی ئـارد و گـەنم و کەرەسـتە خواردەمەنیـەکانی تـر کـاری لەسـەر زەویـە کێڵگەییەکانی بکردایە، هیچ کەسێکیش دەستی لەزەوی و کاری جوتیاری خۆی هەڵنـدەگرت بۆئـەوەی بـۆ بێگـاری کـردن پەیوەنـدی بـەهێزی سـەربازیەوە نـەکات. ڕوبـاری"نیـل"یـش هەمیشە ڕەوتێکـی دیـاری کـراو و یـەك شێوەی نـەبوو، هەنـدێك ساڵ ڕێژەی ئاو کەم دەبویەوە و هەندێك سـاڵیش بەڕادەیەك زۆر دەبوو کە سنوری لێوارەکانی ڕوباری نیلی دەبەزاند و تەواوی زەویـەکانی دەوروبەری تێرئاو دەکرد. لەم جۆرە سالآنەدا بەرهەمی زیادەکـەیان هەڵـدەگرت بۆئەوەی لەوشـکە ساڵیەکەدا قەرەبوی پـێ بکەنەوە. لەهـەمان ئـەو کاتـەی موسا بـەرەو وڵاتـی"کـوش" دەڕۆشـت لەسـاڵە پـڕ بـەر و بومـەکان بـوو، لەبەرئـەوەش جوتیارەکـان دەیانویـست لەسـەر زەویەکانیان بەچڕ و پڕی کار بکەن بۆئەوەی بەروبومێکی باش بەدەست بهێـنن هـەر لەبەرئـەوەش بگـرە تاکـە جوتیـارێکیش پەیوەنـدی بـەهێزی سـەربازیەوە نـەکرد. ماوەیـەك دوای بەڕێکـەوتنیان، هێـزی سـەربازی میـسر گەشـتە ناوچـەی"کـەرەنك"و "سـتی کـف"چـەند کەسـێکی بۆئامـادەکردنی خواردەمـەنی نـاردە ئـەوێ. "سـتی کف"بەهیچ شێوەیەك نیگەرانی ئاو نەبوو، چونکە وڵاتی"کوش"پڕ بوو لەسەرچاوە ئاویەکان هەروەها ڕوباری نیلیش بەنێوەندی ئەو وڵاتەدا تێدەپەڕی، بەڵام کەرەستە گواسـتنەوەکانی ڕوبـاری نیـل زۆر پێویـست بـون، سـەرەتا "گـەمیٚ" وەك پەڕینـەوە لـەڕوباری نیـل بەکەرەسـتەیەکی پێویـست لەقەڵـەم دەدرا. بـونی تاڤگەگـەلێکی زۆر لەمیـسری خـوارو دەستنیـشانکردن و هەڵبـژاردنی جـۆری"گـەمیٚ"کـانی سـەخت دەکرد. تاڤگە لەسەرەڕێی هێزی سەربازی لەنزیك ناوچەی"کەرەنك"دا بوو، هێزی سـەربازی لـەو ناوچـەیەدا نابێـت ڕوبـەڕوی تاڤگـە نەبێتـەوە و لـەو ناوچـەیەدا "کەمیٚ"ی باربەرە سوکەکانیان هەڵدەبژارد و لەهەندێك شوێنیشدا کاتێك تاڤگەیـەك دەهاتە بەر ڕێیان لەڕێی وشکانیەوە دەڕۆشتنە ئەودیو تاڤگەکەوە بۆئەوەی بتـوانن بە "گەمیٚ" بپەڕنەوە بۆ ئەوبەری ڕوبارەکەوە. "سـتی کـف" لێپرسـراو و فەرمانـدەی هێـزی سـەربازی ڕۆشـتن بـەرەو کـوش ئاشـنای کێـشمە کێـشەکانی سـەر ڕێـی

PDF 4 KURD

وڵاتی "کوش" هەروەها زۆرباش ئاگاداری ئەوە بوو دوای داگیرکردنی وڵاتی "کوش"لەسەرتاسەری میسردا دەیانوت فیرعەون لەلای خوداکان خۆشەویست و بەڕێزە و هەر ئەویش بوو بەهۆی ئەوەی لەشکری میسر سەرکەوتن بەدەست بهێنن. بگرە هیچ کەسێکیش باسی زیرەکی و ئازایەتی "ستی کف"ی فەرماندە هێزی سەربازی میسری نەدەکرد، هەروەها گرفتاری و تاڵی و هەموو خۆبەختیەکان بەشانازیەکانی فیرعەون تۆمار دەکران، بەڵام ئەگەر شکستیان بهێنایە هەمویان پێکەوە دەیانوت: ستی کف شکستی هێناوە!!!

هەموو شتێکیان بۆ هاوکاری کردنی گالیسکەکان ئامادە کردبوو، میسریەکان لەدروست کردنی گالیسکە و ئەو هونەرانەی بەمەوە پەیوەست دەکرێت زانیاریەکی ئەوتۆیان نەبوو، ئەوە"هاتی"ەکان بون گالیسکەیان بە میسریەکان ناساند و وردە وردە گالیسکەیەکی باش و بەهێزیان هێنایە ئاراوە. یەکەمین جار کە میسریەکان روبەڕوی هێرشی گالیسکەکانی "هاتی"بونەوە و لەماوەیەکی کەمدا شێرازەی هێزەکەیانی پەخش و پەلا کردبوو، بەڵام میسریەکان بێ هیچ زیانێك بەشێوەی سیستەمی سەربازی لەنێوەندی ئەو گۆڕەپانەی کە داگیریان کردبوو ڕاوەستان. لەپێش هەر گالیسکەیەکەوە داسێکی تیژ بەدی دەکرا، ئەم داسە بەوردبینیەکی زۆر بەسترابویەوە بەو گالیسکەوە، ئەویش بەشێوەیەك کە ڕێ لەڕەوتی ئەسپەکان نەگرێت. کاتێك گالیسکەکان دەکەوتنە جوڵە داسی پێش گالیسکەکە زۆر هەڕەشە ئامێز و کارا دەبوو، بەشێوەیەك کە هەموو ئامانجێکی لەناو دەبرد. ئەم جۆرە گالیسکانە لە"هاتی"ەوە بۆ میسر دوای ئەوە لەمیسرەوە گواسترایەوە بۆ وڵاتانی تر و یۆنان و ڕۆم لەدوای هاتی و میسرەوە بونە خاوەنی گالیسکە.

گەرچی موسا لەو ڕۆژەوەی لەدایك بوو و خۆی ناسی بێ لەمیسریەکان مامەڵە و تێکەڵاوی لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەکردبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەی بیروباوەڕی زۆر جیاواز بوو لەمیسریەکان، بۆ نمونە مۆمیاکردنی بەلاوە پەسەند نەبوو، بەشێوەیەکی گشتی زۆرێك لەبیروباوەڕەکانی میسری پەسەند نەدەکرد و لەژیانی ڕۆژانەشیدا کرداری نەدەکردن. سەرەڕای ئەوەش زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی لەگەڵ لەشکری میسردا بەرەو وڵاتی "کوش"دەڕۆشت. ئەوەی بوو بە مایەی خۆشحاڵی

PDF 4 KURD

موسا لەئەستۆ گرتنی ئەرکێك بوو کە سیستەم و ئەرکێکی بەژیانی بەخشیبوو، لەبەرئەوەی هەستی بە بەرپرسیاریەتی دەکرد. چونکە لەسەردەمی منداڵیەوە تا ئەو کاتەی چووە ناو قۆناخی پیاوەتیەوە هیچ کارێکی گرنگ و سیستەماتیکی ئەنجام نەدابوو، بەناونیشانی شازادەیەك بۆ بەسەربردنی بژێوی ژیانی پێویستی بەهەوڵ و کۆشش نەبوو، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی هیچ پاڵنەر و بزاوتێك لەژیانیدا دروست نەبێت بۆئەوەی هەنگاوێکی جێگیر بەرەوپێش بنێت. موسا بگرە چێژی لەگەشت و گەڕانەکانی وەرنەدەگرت، چونکە گەشت و کۆچکردن بەلای ئەوەوە وەك حەوانەوە لەقەڵەم دەدرا، موسا هیچ کارێکی بەدەستەوە نەبوو ئەنجامی بدات بۆئەوەی هەست بەماندویەتی بکات، ئەو لەکۆشکدا تەنها هاتوچۆی دەکرد و ئەمەش سەخترین کار بوو کە لەژیانی ڕژانەیدا ئەنجامی دەدا، بەڵام دوای ئەوەی ئەو بەرپرسیاریەتیەی لەلایەن فیرعەونەوە پێ سپێردرا، موسا لەحاڵەتی جێگیری و مت بون هاتە دەرەوە، کاتێکیش لەگەڵ هێزی سەربازی میسردا ڕێگای وڵاتی "کوش"ی گرتە بەر، دەیزانی کە پیاوێکی گرنگ و کاریگەری لێ دەرچووە و دەبێت بەپێی ئەو بەرنامە دیارەی بۆیان دارێژاوە ڕۆژی بکات بەشەو، نەك لەکۆشکەکەیدا شەو و ڕۆژ پیاسە بکات، هەموو ڕۆژێك بینەری خۆرئاوا بون بێت، دوای ئەوە بڕواتە جێگە خەوەکەیەوە و بۆ سبەینێ پێشوازی لەڕۆژێکی نوێ بکات. خاڵی گرنگتر لەم بابەتانەدا ناسنامەی ڕاستەقینەی موسا و کاریگەری لەسەر هاوڕێکانی بوو، موسا دەیزانی هەر ئەو کاتەی سەربازەکانی بزانن ئەو فیرعەون نیە، بەڵکو کوڕی کەنیزەیەکی ئیسرائیلیە بگرە گەردێك لە بەهاکەی کەم ناکاتەوە، ئەمەش لەحاڵەتێکدا بوو کە تەواوی سەربازەکان موسایان بەکوڕی فیرعەون لەقەڵەم دەدا، ئەگەر پەی بەڕەچەڵك و ڕەسەنایەتیشی ببەن بگرە بەئەندازەی گەردێکیش لەڕێزی کەم ناکاتەوە. هێزی نێردراو ڕۆژێك پێش بەڕێکەوتنیان لەشاری "تانیس" بەرێژەی دوو هەزار و چوارسەد گالیسکەی جەنگی لەبیست و چوار "حوست"-کە هەر "حوست"ێك لەسەد سەرباز پێك دێت-ڕۆشتن و نمایشی سەربازیان پێ ئەنجام دان. موسا لەگالیسکەیەکی شکۆمەند و قورسدا کە نون-نوکەری هاتی- لەپێش ئەو هێزەوە ڕێی دەکرد. هەر "حوست"ێك ڕنگێکی تایبەت

PDF 4 KURD

بەخۆی هەبوو، "هتپ رە و ستی کف" لەبارەی ماڵی کردنی کابرای خەڵکی هاتی-نون- و توانایی موسا گفتوگۆیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد. هەموو گالیسکەیەك بەچەند پەڕێکی ڕازاوە و لێخوڕانی شارەزا کە سەرپۆشێکی ڕەنگاوڕەنگیان بەسەریانەوە بەستبویەوە بۆئەوەی لەهەڵکردنی بای لەناکاو پارێزراو بن، دیمەنێکی جوانیان بەڕێکردنە سەربازیەکانیان بەخشی. گۆڕەپانی ڕێکردنی سەربازی زەویەکی بەرفراوان بوو کە لەبەشی خۆرئاوای نیلدا کە زۆر تەخت بوو ڕێکخرا. لەم گۆڕەپانەدا گالیسکەکان دەبێت بەپەلە خۆیان بگەیەننە قەراخ ڕوباری نیلەوە. موسا لەپێش هەمویانەوە چاودێری ئەم مەراسیمەی دەکرد. خەڵکی"تانیس" کە خۆیان ئامادەی نمایش و ڕێکردنێکی سەربازی ئاوا مەزن کردبوو، لەهەردوو لای ڕێڕەوەکەدا زۆر بەچڕی ڕاوەستابون بۆئەوەی تەماشای تێپەڕبونی گالیسکەکان بکەن. فەرمانی ڕۆشتن و ڕێکردنیان دەبێت موسا دەری بکات، هێمای بەڕێکەوتنی سەربازەکان قەڵخانێکی بریسکەدار بوو کاتێك بەلاسەری"حوست"ەکاندا ڕایان بوەشاندایە دوای ئەوە دەستیان دەکرد بەڕێکردن. دەنگی ژەنینی جۆرێك مارشی جەنگی هاوکات لەگەڵ جوڵانی گالیسکەکاندا "نون"ی -کە گالیسکەیەکی چوار ئەسپی لێدەخوڕی- خۆشحاڵ کرد: جوڵانی لەناکاو و بەیەکجار ڕێژەی دو هەزار و چوارسەد گالیسکەی جەنگی بەڕادەیەك وروژێنەر بوو کە تەماشاچیەکانی لەخۆشیاندا وایان لێهات کە ناچاربن دەست بەهاوار بکەن، ژنەکان دەیانقیژاند و منداڵەکانیش هەلهەلەیان لێدەدا و پیاوانیش دەیانقیراند. مەبەستی ڕۆشتنیان بۆ کەناری ڕوباری نیل بوو، دوای ئەوە گالیسکەکان دوبارە دەگەڕانەوە و چیتر هیچ کەسێك گالیسکە و گالیسکەوانی نەدەبینی، چونکە بەو ڕۆشتنە خێرایە بەڕادەیەك تەپ و تۆزی بەئاسماندا بەرز کردەوە کە چیتر چاو نەیدەتوانی چاوی بەهیچ شتێك بکەویت، موسا لەپێش ئەو لەشکرەوە بەئاشکرا ڕێی دەکرد و گالیسکەوانەکەشی زۆر بەجوانی گالیسکەکەی لێدەخوڕی. ڕۆژێك دوای ئەو ڕێکردنە سەربازیە"ستی کف" فەرماندەی ئەو هێزە سەربازیەی کەرەوانەی وڵاتی"کوش"دەکرا چەند کەسێکی بەچەند کەشتیەکی تایبەتی سەبازی لەگەڵ سەول لێدەرێکی زۆردا ڕەوانەی باشوری وڵات کرد.

PDF 4 KURD

ڕێکخستنی سەربازی و ئاسنین بەهەموو مەوداکانیەوە گۆشەیەکی ئەو هێزەی ڕەوانە دەکرا لەڕێی سیاسەت و ئاگایی"ستی کف"ەوە بەڕێوە دەبرا. لەچوارچێوەی سنوری دەستەلات و خزمەتی"ستی کف"دا کەم کەسانێك دەیوێرا سەرپێچی لەدەستەلات و فەرمانەکانی بکات، بگرە لەنێوەندی ڕێگاشدا کەمترین سەرپێچی و ئاژاوەگێری دەبووە هۆی ئەوەی کەسی تاوانبار بێهیچ دوا خستنێك بەسزای خۆی بگات. سزای سەرپێچیە ئاساییەکان لێدان بوو بەقامچی، ئەویش بەشێوەیەك کە کەسی سەرپێچی کەر بێئەملاولا لەسەر سەکۆی کەشتیەکە بەدەمدا ڕادەکشا، دوای ئەوە دەست و پێیان دەبەست، پانزە قامچیان بەپشتیدا دەکێشا، چونکە کەم کەسانێك بەرگەی بیست قامچی دەگرت. موسا بەتەماشاکردنی ئەو جۆرە تەمێیانە سەری سوڕ دەما.

بەڵام "هتب ڕە" پێی وت: ئەگەر سەرباز و گالیسکەوان و کارمەندەکانی تریش چاودێری یاساکان بکەن هیچ کەسێك ناتوانێت سزایان بدات، ئەوانە سەرەڕای ئەوەی ئاگاداری ئەم جۆرە سزایانەن هێشتا هەر سەرپێچی دەکەن، سەوڵ لێدەرەکان، سەرباز و هێزی پیادە و ئەوانی تر دەبێت چاودێر سیستەمی سەربازی بکەن بۆئەوەی بتوانرێت بەسەربازێکی سیستەماتیك بانگ بکرێن.

"ستی کف"بەم شێوەیە بەردەوامی دا بەم گفتوگۆیە: ئەم جۆرە کەسانە بێ پێشینەی پەروەردەیەکی تەندروست کەمترین بۆنیان لەیاسا و بڕیارەکانیان لەکاتی چونە ڕیزی هێزی سەربازیەوە نەکردووە. ئەمانە بگرە زۆر بەئاسانی دوچاری تاوان و کوشتنیش دەبن. ئەم جۆرە کەسانە لەو لاگوندانەوە دێن کە بێ لەزۆری کێرد و خەنجەر بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان ناناسن، تاڵانی و دەستدرێژیکردن بەشێکی جیانەکراوەی ژیانیانە، ئەم جۆرە کەسانە ژیانێکی شێوە گیانەوەرە دڕندە ئاساکانیان هەبووە، تێرکردنی ورگیان بەهەرشێوەیەك کە بۆیان بلوێت هەروەها هێورکردنەوەی غەریزەی سێکسیان بگرە بەزۆر و زۆرداری دادەمرکێننەوە. لەبەرئەوەش پەروەردەکردنی ئەم جۆرە کەسانە هەتا بڵێی کارێکی زۆر دژوارە. هیچ پەند و ئامۆژگاریەکی خوداکان، ئیتر چ ئامون بێت یان"ئوزیس" یان"ئوزیریس، یان "ست"یان "ڕە"لەگوێیاندا بێجگە لە دەنگێکی ئاسایی هیچی

PDF 4 KURD

تر نیە. تەنها ڕەفتارێکی کاریگەر کە زۆر بەجوانی لەزمانەکەی تێدەگەن زمانی قامچی و کوتەککاریە، ئەگەر تۆش لەجێی"ستی کف"دا بیت ناچار دەبیت زمانی قامچیان بۆ بەکار دەهێنیت. لەوکەشتیانەی ڕێگای باشوری ولاتیان گرتبووە بەر چەند کەسانێك دەیانتوانی بەگفتوگۆ لەگەڵ یەکدا کاتی خۆش ڕاببوێرن، بەلام قومار بازی قەدەغە بوو، ئەگەر کەسێك قوماری بکردایە هەردوو دەستیان دەبەستەوە و بەلێواری کەشتیەکەدا شۆڕیان دەکردەوە، ئەم سزایە بەڕادەیەك ئازار بەخش بوو کە کەسی تاوانبار دوای ئەو سزایە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك نەیدەتوانی دەستەکانی بجولێنێتەوە. هۆکاری قەدەغەکردنی یاری قومار ئەوەبوو کە دەرئەنجامی ئەو یاریە شەڕێکی خوێنینی لێدەبویەوە و ئەم جۆرە شەڕ و کێشمەکیشانە دەبووە هۆی ئەوەی هەیبەتی ڕێکخستنە سەربازیەکان کەمتر ببێتەوە و بەو ڕادەیەی ئێستا گوێی پیٚ نەدەن، لەبەرئەوەش هەر جۆرە بردنەوە و دۆڕاندنێك قەدەغە بوو. کاتێك کەشتیەکان دەگەشتنە ئاواییەك بۆ حەوانەوەی سەرنشینەکانی بۆماوەیەك ڕادەوەستان، سەربازەکانی لەکەشتیەکە دادەبەزین، بەلام بیٚ فەرمانی فەرماندە"ستی کف" کەسانی وەك پاسەوانەکانی سەر قەلای ئەم سەردەمە بەدرێژایی ئەو ماوەیە کە لەو ئاواییەدا دادەبەزن چاودێری ڕەفتار و کرداری سەربازەکان دەکەن بۆئەوەی نەوەك ڕەفتارێکی ناشایستیان لەبەرامبەر دانیشتوانی ئەو ئاواییەدا لیٚ بوەشێتەوە یان لەبەرامبەر بەهای ئەوشتەی لەخەلکی ئەوشارەی دەکڕن نەیدەن بەخاوەنەکانیان، چونکە بەپێی بەلگە و گەواهیەکان دەستی کابرا دوای لێسەندنەوەی ئەو شتومەکەی کە لەکابرای فرۆشیاری وەرگرتووە دەبەسترێتەوە و بەلێواری کەشتیەکەوە هەلێدەواسن. موسا کە تا ئەو ڕۆژە ئاشنای ڕەفتار و نەریتی خەلکی نەبووە لەبەرئەوەی لەکۆشکدا چاوی کردووەتەوە و تەنها مامەلەی لەگەڵ کەسانی نیشتەجیٚ و خزمەتکارانی ئەو کۆشکەدا کردووە، بۆیە ئاگاداری ڕەوەندی کۆمەلایەتی خەلکی دەرەوەی کۆشك نەبوو، نەیدەزانی بەچ شێوەیەك لەبازاڕدا مامەلەیەکی ئاسایی ئەنجام بدات یان دەستی پیٚ بکات، هەروەها بەلایەوە ئەو کەسەی کە شتێك دەکڕێت و نەیەوێت بەهاکەی بدات بەخاوەنەکەی دور بوو لەهزر و ژیری ئەو، لەوکاتانەدا تەنها

PDF 4 KURD

شارەزای ئەنجامدانی کارێك بوو ئەویش ناردنی ئەو سەربازانەی لەژێر دەستیدا بون بۆ گۆڕەپانی جەنگ، بەڵام بەدرێژایی ئەو گەشتەیان زۆر شت لەتەماشاکردنی ئەو جۆرە مامەڵانە فێر بوو و ئاگاداری هێما و نهێنی و ئاڵۆزیەکانی ژیانی ئاسایی و گشتی خەڵکی بوو. بیٚ لەکاروبارە سەربازیەکان موسا فێری شێوازی بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن لەگەڵ کەسەکان هەروەها سیاسەتی هێزی سەربازی بوو و لە"ستی کف"ەوە ئەوە فێربوو بەچ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ سەربازەکاندا بکات. لەم نێوەندەدا کاتێك هێزی نێردراو لەسەر ڕێی بۆ وڵاتی"کوش" گەشتە شارێك بەناوی"ئم ئاکد" لەوێدا ڕاوەستا. شاری"ئم ئاکد"پەرستگایەکی هەبوو بەناوی شاژن"موت"، خوداگەلێکی زۆری وەرزی کشتوکاڵ لەمیسری خواروودا پەرستگایان نەبووە لەبەرئەوەی کاهینەکانی میسر بەهۆی ئەوەی دەستەڵاتێکی تەواویان بەسەر میسری خواروودا هەبوو ڕێیان نەدەدا خوداکانی میسری خوارو پەرستگایان هەبێت، لەئەنجامدا دروست کردنی پەرستگا لەمیسری خواروودا بۆ خوداکان قەدەغە بوو، بەڵام لەمیسری سەرو بەپێی بنەما و نەریتی کۆن کاهینە میسریەکان لایەنگری خوداکان بون و دەستەڵاتدارەکانیان هان دەدا بۆئەوەی پەرستگا بۆ خوداکانیان دروست بکەن. "موت"لەشاری "ئم ئاکد"لەلای خەڵکەکەی پەرستگایەکی بەناوبانگ و باوەڕ پێکراو بوو. خەڵکی بۆ چارەسەرکردنی هەر سەختی و گرفتاریەکیان قوربانیان پێشکەشی خودای پەرستگای"موت" دەکرد، جوتیاران کە پێویستیەکی زۆریان بەئاوی"نیل"هەبوو بۆ گیرابوونی نزا و داواکەیان بەردەوام قوربانیان پێشکەشی خوداکەیان دەکرد، ئەگەر نیعمەت و بەروبومی ئەو ساڵەیان زۆر بوایە، دوبارە جوتیارەکان لەشێوەی سوپاسگوزاری بۆ خودای پەرستگاکەیان بەروبوم و دانەوێڵەیان پێشکەشی کاهینی پەرستگاکە دەکرد، کاهینەکانی پەرستگای"موت"بەو هۆیەوە لەهەموو بوار و هەلومەرجێکدا بازاڕیان گەرم بوو، چ لە وشکەساڵی و کەم ئاویدا یان لەساڵی زۆری بەروبوم و تەڕەساڵیدا، چونکە جوتیارەکان یان تکاو و نزایان بۆ خوداکەیان دەکرد یان لەڕێی نەزر و قوربانیەکانیانەوە سوپاسگوزاری خۆیان پێشکەشی خوداکەیان دەکرد کە لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئاینی خۆیان بۆ بەجێهێنانی پەیمانیان لەبەرامبەر

PDF 4 KURD

خوداکەیاندا بەجێ دەهێنا و لەم نێوەندەدا کاهینەکان بە بەردەوامی سودمەند دەبون. ئەمانە نەیاندەزانی بەپێشکەشکردنی ئەم دیاریانەی کە زۆر بەسەختی بەدەست هاتون تەنها کاهینەکان تەماعتر و تەمەڵتر دەکات. یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی پەرستگای"موت"، خودای زیادکردنی نیعمەت و بەروبومە، سەمای مەراسیمی تایبەت بەزیادکردنی ئەم نیعمەت و بەروبومە بوو، لەم مەراسیمەدا ژن و پیاو چەند جوڵەیەکی هاوسەنگیان پێکەوە ئەنجام دەدا. کاتێك کەشتیە جەنگیە نێردراوەکانی میسر گەشتنە شاری"ئم ئاکد" خۆر لەکاتی ئاوابونیدا بوو. کچان و کوڕان لەپەرستگای"موت"بەچەند جوڵەیەکی هاوسەنگ و بەکۆمەڵ هاوکات پێکەوە هاتنە دەرەوە و بەدەم گۆرانی و سرود خوێندنەوە ڕۆشتن بەرەو کەناری ڕوباری نیل. لاوەکان بەبینینی سەربازەکان داوایان لێکردن بڕۆنە ناو پەرستگاوە و قوربانی پێشکەشی خوداکەیان بکەن. چەند کاهینێکیش هاتن بۆ پێشوازیکردنی سەربازەکان و داوایان لەئەفسەرەکان کرد بێنە ناو پەرستگاوە. سەربازەکانیش لەکەشتی دابەزین. "موسا"ش لەگەڵیاندا پیادە بوو. چیتر لەوکاتەدا ئاو و هەوا بەتەواوی تاریك بوو و بۆ ڕوناکردن مەشخەڵەکانیان داگیرسان. هەر ئەوەی مەشخەڵەکان داگیرسان لاوەکان دەستیان بەسرود خوێندن و سەما کرد. ئەوەندە مەشخەڵیان بەچواردەوری پەرستگادا داگیرساندبوو کە وەك ڕۆژ ڕوناك بوبویەوە. موسا هەرگیز پەرستگایەکی بەو هەموو ڕوناکیەوە لەتاریکی شەودا نەبینیوە. موسا لەوکاتەدا گوێی لەقسە و گفتوگۆی ئەوانی تر دەگرت و پەیی بەوە برد کە سرود خوێندن و سەماکردنی ئەو لاوانە بەجۆرێك نزا لەقەڵەم دەدرێت، چونکە خەڵکی ئەو ناوچەیە لەوباڕەدا بون خودای نیعمەت و بەروبوم و دانەوێڵە حەز لەم جۆرە سەماکردنە هاوسەنگە دەکات و بەبینینی خۆشحاڵ دەبێت و ئەم خۆشحاڵیەشی دەبێتە هۆی زۆربونی ڕوباری نیل. موسا لەکونجێکی ئەو پەرستگایەدا دانیشت و لەکاتی خواردنی نانی ئێوارەدا خۆی بەتەماشاکردنی سەمای لاوەکانەوە سەرقاڵ کرد، ئەو بەڕادەیەك چێژی لەسەما و سرود خوێندنی لاوەکان وەرگرت کە بووە هۆی ئەوەی چەپڵەیان بۆ لێبدات. سرودی لاوەکان سات لەدوای سات دەگەشتە دوا ترۆپکی خۆی و دواجاریش دەگەشتە نوشستی خۆی.

PDF 4 KURD

موسا کەوتە ژێر کاریگەری سرودەکانیانەوە کە بەشێوەیەکی بەردەوام دەخوێندرا، هەروەها جوڵەی بەردەوام و یەك شێوە و هەماهەنگی قسەکردنەکانیان بووە هۆی ئەوەی چەندجارێك لەو دورەوە دەستخۆشیان لێ بکات. ئەفسەرەکانیش بەهۆی ئەو وروژانەی هەیانبوو بەبەردەوامی ئاوجۆیان دەخواردەوە لە"موسا"یان دەپرسی تۆ بۆچی ئاوجۆ ناخۆیتەوە؟ ئەفسەرەکان پێداگریان لەوەدا کرد کە موسا ئاوجۆ بخواتەوە بۆئەوەی زیاتر چێژ لەم بۆنەیە وەرگرێت.

موسا وتی: من ئاوجۆ ناخۆمەوە و چێژی خۆشم وەردەگرم، لەهەمان کاتدا دەمەوێت ئاگام لەخۆم بێت، ئەگەر ئاوجۆ بخۆمەوە چیتر بەپێی پێویست ئاگام لەخۆم نابێت و ناتوانم بەباشی لەچواردەورم ورد ببمەوە. موسا ئاگاداری ئەوە بوو"هتپ رە"فەرماندەی پێشوی گالیسکەوانە جەنگیەکان کە دەیوت هیچ دەستکەوتێکی گۆڕەپانی جەنگ نابێتە بەشی ڕاستی کردووە چونکە ئەفسەرەکان هەرچی پارەیان پێ بوو هەمویان لەکڕینی ئاوجۆدا تەواو کرد و لەکۆتایی شەویشدا هەندێك لەوانە ئەوەندەیان پێنەمابوو کە پارەی خواردنەوەکەیانی پێ بدەن. زیادەڕەوی لەخواردنەوەی ئاوجۆدا وردە وردە ئەفسەرەکانی لەحاڵی ئاسایی و هاوسەنگی لادا و دیمەنەکان لەبەرچاویاندا لەخۆشیی و جوانیەوە گۆڕا بەناخۆشی و ناشیرینی. موسا کە بەرگەی ئەم جۆرە دیمەنانەی نەدەگرت لەوێوە گەڕایەوە بۆ ناو کەشتیەکە بۆئەوەی بحەوێتەوە. بەهۆی زیادەڕەوی لەخواردنەوەدا بەیانی ڕۆژی دوایی کاتی ڕۆشتن و دەرچونیان هێزی سەربازیەکەیان کەمێك دواکەوت، تەنها بەشی گالیسکەوانەکان هەموویان پێکەوە ئامادەی ڕۆشتن بون، هۆکارشی ئامادەبونی فەرماندەی گالیسکە جەنگیەکان بوو بەواتا خودی"موسا"بوو و شەوی ڕابردوو بۆ حەوانەوە لەکاتی خۆیدا تەلاری مەیخانەی بەجێهێشت بۆئەوەی بەیانی زوو لەخەو هەستێت. موسا و نۆکەری گالیسکەوانەکەی"نون"پێش ئەوانی تر چاوەڕەێی ئەوانی تریان دەکرد. "ستی کف"کە خودی خۆشی یەکێك بوو لەمەیخۆرەکان، بەڵام توانی بێنەوەی بۆماوەی چرکەیەکیش دوا بکەوێت خۆی بگەیەنێتە شوێنی مەبەست و ئەوانەی کە دوا کەوتن بەبینینی فەرماندەی هێزی سەربازی بێ ئەملاولا خۆیان ئامادەی سزای

PDF 4 KURD

سەختی خۆیان بون کە دەیانزانی چ جۆر سزایەکیان دەدەن. ڕێکخستن و بڕیارەکانی "ستی کف"لەهەموو هەلومەرجێکدا تەواوی ئەفسەرەکانیشی دەهێنایە لەرزین، چونکە دەیانزانی بەهیچ شێوەیەك لێبوردنی نیە. "ستی کف"ئەفسەرێکی نارد بەدوای "موسا"دا بۆئەوەی بێت و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. کەشتی"ستی کف" لەتەواوی کەشتیەکانی تر گەورە تر بوو هەروەها سەکۆیەکی پان و بەرینیشی هەبوو. "ستی کف" لەسەر ئەو سەکۆی فەرماندەییە ڕادەوستا و چاودێری تەواوی کەشتیەکانی تری دەکرد. موسا هەرئەوەی فەرمانی ئەوی پێگەشت خۆی گەیاندە فەرماندەی گشتی، لەهەمان ئەم کاتەدا دەستیان کرد بەڕۆشتن. "ستی کف"لەبنەچەوە فەرماندەیەکی بێ بەزەیی بوو. لەیەکێك لەجەنگەکانیدا دوای بەدیلکردنی یەکێك لەفەرماندە دوژمنەکانی بەستی بەیەکێك لەگالیسکە جەنگیەکانیەوە و ئەوەندە بەدوای خۆیدا ڕایکێشا تا ئەوکاتەی ئەو فەرماندەیە بەهۆی برین و خوێنڕێژیەکانی لەشیەوە بەهۆی بەرکەوتن و خشانی بەسەر زەویدا مرد. "ستی کف" لەوڵاتەکانی تریشدا بەناوبانگ بوو، چونکە لەکاتی جەنگی لەگەڵ"فینیقی"ەکاندا پادشای فینیقیەکانی دەستگیر کرد و بەدەستی خۆی بێ چەك ورگی هەڵدڕی!"ستی کف"لەڕوی پەروەردەییەوە دێهاتی بوو، خوێندەواریشی نەبوو و پیاوێك بوو کە سەرەتا لەبەرامبەر خوداکاندا بیروباوەڕێکی جێگیری هەبوو، وەك تەواوی دێهاتیەکانی تر، بەڵام وردە وردە بەبینین و بیستنی زۆرێك لەئەفسانە و پێچەوانەی ئەفسانەکان وای کرد بیروباوەڕی کەمێك سست ببێتەوە دوای ئەوە بەتەواوی لەناوچوو و چیتر لەوەودوا بەهیچ شێوەیەك باوەڕی بەخودای بینراو و نەبینراو و دروستکراوی دەستی مرۆڤ نەبوو. "ستی کف"هیچ کەسێکی بەهێز و دەستەڵاتداری بەپێشەنگ نەدەزانی، ئەو بەڕادەیەك دەستەڵاتدار و فەرماندە و پادشای وڵاتانی کوشتبوو، بو بوە هۆی ئەوەی"میر و فەرماندە و سەرباز"وەك مرۆڤێکی تەماشا بکات، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو شتانەش بەبینینی موسا و بیستنی سروشتی ڕەفتاری هەروەها ڕوکاری دەرەوەی ئەندامی لەسەر سەکۆی کەشتیەکەی بەرەوپیری ڕۆشت و ئەوی تا شوێنی دانیشتن ڕێنمایی کرد. "ستی کف"وەك تەواوی ئەفسەرە میسریەکانی تر کە

PDF 4 KURD

ناتوانن شەو بەبێ ڕابواردن و خۆشگوزەرانی و خواردنەوە تێپەڕێنێت ئاوجۆی خواردبویەوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوانی تر ڕادەی هاوسەنگی خواردنەوەی ڕاگرتبوو بۆئەوەی لەبەیانی ڕۆژی دواییدا لەشی قورس نەبێت و لەکاتی خۆیدا بتوانێت هەستێت و هەست بەسەرخۆشی و بێتاقەتی نەکات. لەوکاتەدا ڕویکردە موسا و وتی: ئەی موسا، ئەی کوڕی فیرعەون!تۆ لەنەژادی خوداکانیت! خوێنی خودایان لەڕەگەکانتدا دەخرۆشێت، ئەو کەسانەی خوێنی خوداکان لەخوێنیاندا بخرۆشێت، لەکەسانی ئاسایی زیاتر حەزیان لەکاتی خۆش بەسەربردن و خۆشگوزەرانیە، لەبەرئەوەی هەمیشە ژیانیان لەخۆشگوزەرانیدا بەسەر بردووە، هەروەها هەرچیا بوێت لەبەردەستیاندایە، بگرە ساتێکیش بێ خۆشگوزەرانی تێناپەڕێنن. ئەوانەی کە شەوی ڕابردوو ئاوجۆیان خواردووەتەوە ماوەیەکیان دەوێت تا بێنەوە هۆش خۆیان، ئەوانە لەشیان هێشتا لەژێر فەرمانی خۆیاندا نیە و لەگۆڕەپانی جەنگدا سست و تەمەڵی دەکەن، هەروەها لەکاتی سەرخۆشیاندا گوتەگەلێك دەهێننە زمان کە لەکاتی بەهۆشهاتنەوەشیاندا مەحاڵە بتوانن بیهێننە زمان. من نامەوێت بەناونیشانی فەرماندەی هێزی سەربازی میسر گوتەگەلێکی پڕوپوچ بهێنمە زمان، بەخۆپاراستن لەخواردنەوەی لەڕادەبەدەر توانیم بەباشی پارێزگاری لەبیر و هەستەکانم بکەم و ئێستاش کە لەگەڵ تۆدام زۆر خۆشحاڵ و سروشتیم.

موسا وتی: من لایەنگری تەواوی گوتەکانت دەکەم، هەرلەبەرئەوەش خۆم لەخواردنەوەی ئاوجۆ دورەپەرێز کرد، سەرەڕای ئەوەش ژیان دەقاودەق لەخوادنەوەی مەی و ئاوجۆدا نیە.

ستی کف وتی: ئەم بۆچونەت لەسەردەمی لاویەتیدا دروستە، بەڵام کاتێك تەمەنت بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێت چێژ لەخواردنەوەدا سنوردار دەکرێت.

"موسا"ش وتی: من چێژ وەرگرتن لەخواردنەوەدا نابینم، بگرە لەو باوەڕەشدام لەسەردەمی لاویەتی و پیریشدا بێ ئاوجۆ و خواردنەوەکانی تر دەتوانرێت چێژ لەژیان وەرگریت. چێژ وەرگرتن بابەتێکی دیار و پێوەردار نیە، چێژی هەر کەسێك لەگەڵ ئەوەکەی تردا جیاوازە، بگرە زۆریش پێچەوانەی یەکترین، هەندێکەس چێژ

PDF 4 KURD

لەخواردنــەوەی مــەی و ئـاوجۆدا وەردەگـرن، هەنـدێ کەسـیش لەپەرسـتگاکاندا گۆشەگیر دەبن و لەنەخواردنەوەی ئاوجۆ و مەی چێژ وەردەگرن. بەهەمان پێوەر و دیـدگاش زۆرێـك لەخـەڵکی چێژ لەکۆکردنـەوەی سـەروەت و سـامان وەردەگـرن، هەندێکەسیش چێژ لەبەخشین و سادە ژیان وەردەگرن. ئەفسەر و سەربازەکانی میسر بۆیە خۆشی و چێژ لەخواردنەوەدا دەبینن لەبەرئەوەی لەو چوارچێوەیەدا پەروەردە کراون، ئەم نەریت و ڕەفتارە لەواندا تەلقین کراوە کە خواردنەوەی شەراب و ئاوجۆ خۆشیەکی لەڕادەبەدەرت پێ دەبەخشێت. هەروەها بۆ ئەم جۆرە کەسە سـنووردار و کەمدەسـتانە ڕابـواردن و خۆشـگوزەرانیان تـەنها لەخواردنـەوەدا دەبیننەوە. ئەگەر هەمان ئەم سەربازانە لەخێزانێکی بازرگانی مەزن یان لەماڵی پادشـایەکدا لـەدایك بونایـە بەدڵنیاییـەوە شـێوازی ڕابـواردن و خۆشـگوزەرانیان ئاڵوگۆڕی پێدەهات، لەوانەیە بەلایانەوە باشترین چێژ کۆکردنەوەی زێڕ و زیو بێت.

ستی کف وتی: ناتوانم پێچەوانەی گوتەکانت بۆچونێکی تر بخەمە ڕوو، وایە ئەم سەربازانە بەپێی توانای دەرون و دەرەکیان چێژ وەردەگرن.

موسا وتی: دەبێت ئەوەش بەفەرماندە ڕاگەیەنم کە بەئەندازەی توانای دەرونی و دەرەکیان چێژ لەژیان وەردەگرن بەلاّم!

ستی کف وتی: بەهەرحاڵ تاجارێکی تر کە چاومان بەیکتری کەوتەوە درێژە بەم گفتوگۆیـەمان دەدەین بـەلاّم ئێـستا بگـەڕێرەوە نـاو کەشـتیەکەت و خـۆت ئامـادەی ڕۆشتن بکە.

لەکاروانی ئەو کەشتیانەی ڕێگا باشوریان گرتبوە بەر، یەك دوو ڕۆژێك پێش ئـەوەی بکەونـە ڕێ چـەند بەسـەرهاتێکی تـر بەسـەر"موسـا"دا ڕویـدا، ئـەویش گۆڕانکـاری"نـون"ی کـابرای نۆکـەری "هـاتی"بـوو. ئـەم نۆکـەرە هـەرگیز قـسەی نـەدەکرد مەگـەر ئـەوەی زۆر پێویـست بوایـە، تـا ئەوکاتـەی موسـا پرسـیارێکی لە"نون"نەکردایە"نون"بەهیچ شێوەیەك قسەی نەدەکرد. موسا ئەگەر فەرمانێکی بە"نون"بدایە، "نون"بێ ئەملاولا و بێئەوەی گوتەیەك بهێنێتە زمان ئەنجامی دەدا، ئەم بێدەنگیە بووە هۆی ئەوەی موسا دڵگران ببێت و زۆریش لێی ورد دەبویەوە، کاتێك نیگانیان ڕوبەڕوی یەکتری دەبویەوە، موسا هەستی بەوە دەکرد کە جۆرێك

PDF 4 KURD

هەرەشە لەچاوانی دەبارێت! لەبەرئەوەی ئەم جۆرە نیگایانە چەندجارێك دوبارە بویەوە و بە"نون"ی وت: ئایا نیگاکانت پەیامێکی دوژمنکارانەی هەیە یان من وا لێکی دەدەمەوە، بۆیە دەمەوێت ئەم بابەتەم بۆ ڕونبکەیتەوە.

نون وتی: نەخێر وانیە.

موسا لێی پرسی: تۆ واهەست دەکەیت کە من بەزنجیر تۆم بەستبێتەوە؟

نون وتی: نەخێر.

موسا وتی: ئایا من فەرمانم پێدان ئازارت بدەن و جل لەبەرتدا نەهێڵن؟

نون دوبارە وتی: نەخێر.

موسا لێی پرسی: ئایا خواردنی من جیاوازە لەخواردنی تۆ؟

نون وتی: نەخێر جیاواز نیە...

موسا پرسی: ئێستا بەرەو وڵاتی"کوش"دەڕۆین، کاتێك گەشتینە وڵاتی"کوش" لەگۆڕەپانی جەنگدا من و تۆ لەناو گالیسکەکەدا پێکەوە لەتەنیشت یەکەوە دەبین، ئەگەر بڕیار بێت بکوژرێیت ئەوا پێکەوە دەمرین.

"نون"تەنها "ئەگەر بڕیار بێت"ی دوبارە کردەوە، "موسا"ش بەم گوتەیەی ڕاوەشا. سەبەی ئەو ڕۆژە"هتپ رە"هات بۆلای موسا و بە"موسا"ی وت: چەند کەسێکی هێزی سەربازیەکەم چەند تێبینیەکیان لەسەر نۆکەرەکەت کە ناوی"نون"ە هەیە.

موسا لێی پرسی: چ سکاڵایەکیان لێی هەیە؟

"هتپ رە"وتی: ئێمە گەشتوینەتە ئەو دەرئەنجامەی کە بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆت چەقۆیەك بکە بەسینەی ئەم نۆکەرە هاتیەدا و ئێمەش هەڵیدەدەینە ناو ڕوباری نیلەوە دوای ئەوە چیتر تۆ خەیاڵ ئاسودە دەبیت... "هتپ رە" بەردەوامی بەقسەکانی دا و وتی: ئێمە بیرمان لەشتێکی تر کردووەتەوە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر خۆت حەز بەئەنجامدانی کارێکی وا نەکەیت، ئەوا ئێمە لەرێی کەسەکانمانەوە ئەمکارە ئەنجام دەدەین.

موسا پرسی: چی بووەتە هۆی ئەوەی بڕیارێکی ئاوا دەربکەن؟

PDF 4 KURD

"هتپ رە" وتی: هەروەك چۆن ئاوی ڕووباری نیل بەبەردەوامی دەڕوات و هیچ کەسێك ناتوانێت بڵێت نیل ئاوی تێدا نیە، لەبەرئەوەی ئێمە لەسەر ئاوی ڕووباری نیل ڕێ دەکەین، بۆیە نەپێویست بەبەڵگە هێنانەوە دەکات و نە سەلماندن، ئەم نۆکەرەش بەڕونی ڕووباری نیل ڕۆژێك دێت تۆ دەکوژێت، نە پێویست بەبەڵگە دەکات نە سەلماندن!

موسا وتی: منیش لەکانگای دڵمەوە هەمان هەستم هەیە بویە لایەنگری ئەم گوتەیەی تۆ دەکەم، چونکە دوێنێ بەشێوەیەك تەماشای کردم کە بووە هۆی ئەوەی لەرز بمگرێت دوای ئەوە چەند گفتوگۆیەك لەنێوانماندا ئاڵوگۆڕی پێکرا کە دواجار بەم گوتەیە کۆتایی پێهات: ئەگەر بریاروابێت پێکەوە بمرین. "نون"یش دووبارەی کردەوە: ئەگەر بڕیاربێت پێکەوە بمرین، بەڵام دەبینی ئێمە بەگالیسکەی جەنگی ڕێگای گۆڕەپانی جەنگمان گرتووەتەبەر، ئەگەر من"نون"لەدەست بدەم چ کەسێك گالیسکەکەم لێدەخورێت؟

هتپ رە وتی: ئەی موسا من خۆم بەقەرزاری تۆ دەزانم، تۆ چاکەیەکی زۆر و فەرامۆش نەکراوت لەگەڵ مندا کردووە، منیش گەردێك لەو خۆشەویستیەت بەفێرکردنی گالیسکەوانی وەڵامم داوەتەوە، ئەم خزمەتکارەت دەیان گالیسکەوانی شارەزاتر لە"نون"پێشکەشی تۆ دەکات، ئەگەر بریار بێت بەلەناوبردنی گالیسکەوانی هەڕەشەئامێز ڕەوتی هەموو گالیسکەکانی تر ڕاوەستێت، کەواتە باشتر وایە هەر لێرە بگەڕێینەوە. تۆ بەهیچ شێوەیەك نیگەرانی گالیسکەوانی مەبە.

"موسا"ش لێی پرسی: کرێ و تێچونی فێرکردنی گالیسکەوانێکی تازە چەندە.

"هتپ رە"بەدڵگرانیەکەوە وتی: لەتۆ کە هەمیشە دۆستایەتی خۆت پیشانی خەڵکی دەدەیت چاوەڕێی قسەی وام لێ نەدەکردی، تۆ بەپێی پێویست منت قەرزارباری خۆت کردووە.

موسا وتی: لەوەیکە پیاوەتی کەسانی تر و بەتایبەت منت لەبیرە زۆر سوپاست دەکەم، بەڵام دەزانم هەموو کارێك تێچونێکی تایبەت بەخۆی هەیە.

PDF 4 KURD

"هتپ رە"وتی: بڕیارم داوە خزمەتت بکەم، لەبەرئەوەش ناهێڵم بەدەستی ئەو نۆکەرەی کە لەبۆسەتدا دانیشتووە بکوژرێیت، تۆ مارێك لەقوڵی کراسەکەتدا بەخێو دەکەیت.

موسا وتی: چیتر لەمەو دوا زیاتر ئاگاداری خۆم دەبم.

"هتپ رە" وتی: تۆ بەچ شێوەیەك دەتوانی ئاگات لەخۆت بێت لەکاتێکدا لەنیوە شەودا بەخەنجەرێکەوە بەلاسەری سینەتەوە ڕاوەستاوە و بیەوێت ڕۆی بکاتە ناو سینەتەوە!

موسا وتی: هەرچەند ئەمە بەلامەوە سەختە، بەڵام لەکاتێکدا دڵمەوە لایەنگری ئەم گوتەیەت دەکەم، دوبارەی دەکەمەوە، خۆشم پێشبینی ئەوەم کردبوو، سەرەڕای ئەوەش نامەوێت بیکوژم.

"هتپ رە"وتی: ئەم نۆکەرە لەبەرئەوەی بەوە ڕاهاتووە لەنیوە شەودا کەسانی تر ئازاری بدەن و بە بەردەوامی سوکایەتیان پێبکەن، تۆش لەنێو خەڵکیدا شکستت پێ هێناوە و سەریت بەزەویدا ماڵیوە، بۆیە بەدوای هەلێکدا دەگەڕێت تۆڵەی خۆیت لێ بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی تۆ بەشێوەیەکی زۆر جوان ڕەفتارت لەگەڵیدا کردووە، خواردنی باش و کارێکی ووروژێنەر و لەهەموویان زیاتر ئەوت لەدەستی سەوداگەرەکان ڕزگار کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش کەسێك ڕەش پێست بێت بەشۆردن سپی نابێتە.

موسا وتی: لەئێستادا نامەوێت کارێکی وای لەگەڵدا بکەم.

"هتپ رە"دوای گوتنی لەکاتێکی تردا لەمبارەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا دەکەین، موسا بەجێ دەهێڵێت. بەگەشتنی "ئابیدوس"کۆتایی بە گەشتی هێزی سەربازی نێردراو هات و ئەو کەشتیانەی سەرباز و گالیسکە جەنگیەکانی لەخۆ گرتبوو، گواسترایەوە بۆ ئۆردوگا سەربازی ئەو ناوچەیە دوای ئەوە گەشتی زەمینیان دەست پێکرد. ئەو کەسانەی لەکەشتیەکە دابەزین، هێزی پیادە و گالیسکە سوارەکان پێش دەستکردن بەڕۆشتنیان پشکنینێکی تەواویان بۆ چوارپێکان کرد، "ستی کف"بەبینینی ئەو هەموو کەس و گالیسکە و چوارپێیانە سەری سوڕما. هەندێك لەسەربازەکانی زۆر حەزیان دەکرد یەك دوو ڕۆژێك

PDF 4 KURD

له"ئابیدوس"بمێننەوە، بۆئەوەی کەمێك بحەوێنەوە، بەڵام"ستی کف"ڕازی نەبوو. ئەو بەو ئەفسەرەی کە نوێنەرایەتی ئەم داواکاریەی دەکرد وت: بەم بەشە دەڵێن میسری سەرو، بەڵام زۆربەی سەربازەکانمان خەڵکی میسری خوارون، نێوان میسری سەرو و خوارو هەمیشە دژایەتی و کێشمەکێش هەبووە. سەربازەکانی ئاوایی خوارو دوای ئەوەی بەخواردنەوە سەریان گەرم کرد و پێیان نایە میسری سەرو دەبووە هۆی دروست بونی کێشمەکێش و ئاژاوە نانەوە، دوای ئەوەش شمشێر و چەقۆکان دەکەوتنە کار و خوێن لەنێوانیاندا دەڕێژرا. هەڵبەت سەربازەکانی ئەم هێزە، بەگشتی خەڵکی میسری خوار نین، لەنێو ئەم سەربازانەدا کەسانی بەکرێ گیراوی وڵاتی"هاتی و بابل و دورگەکانی دەریای ئاژە"و وڵاتانی تریش بەرچاو دەکەوێت کە هەمویان دژمنیایەتیکی زۆریان لەگەڵ میسری سەرودا هەبووە و لەوانەش بوو گۆمی خوێن لەنێوانیاندا هەڵسێت. پێش خۆرئاوا بون"موسا"لەناو ئۆردوگاکەدا دەستی کرد بەپیاسەکردن بۆئەوەی بەباشی چاوی بەهێزی سەربازی و بەرفراوانی کەرەستەی جەنگەکانی بکەوێت. ئەمە یەکەمین گەشتی جەنگ و سەربازی موسا بوو، بۆیە هەموو شتێك بەلایەوە تازە بوو. ئەو سەردانی هەموو بەشەکانی کرد کاتێکیش ئاو و هەوا بەتەواوی تاریك بوو گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی. موسا چاوی به"نون"ی نۆکەری کەوت کەخەریك بوو دەڕۆشت بۆ جێگە خەوەکەی بۆئەوەی بخەوێت و پێی وت: ئەمشەو بۆ ئالیکدان بەئەسپەکان لەخەو هەستە و سەریان لێ بدە. "نون"تەنها سەری بۆ ڕاوەشاند. بێدەنگی باڵی بەسەر ئۆردوگادا کێشابوو. موسا پارچە ژێرخەرێکی لەسەر زەویدا ڕاخست و خۆی بۆ خەوتن ئامادەکرد، بەڵام خەوی لێ نەدەکەوت. نیوەشەو"هتپ ره"سەردانی بەش و شوێنی گالیسکە سەربازیەکانی کرد تا گەشتە لای موسا و بینی هێشتا نەخەوتووە!

لێی پرسی: ئەوە هێشتا نەخەوتویت؟

موسا وتی: خەوم لێناکەوێت.

"هتپ ره"وتی: ئایا دەنگە دەنگ بووەتە هۆی ئەوەی خەوت لێ نەکەوێت؟

PDF 4 KURD

موسا وەڵامی دایەوە: هەڵبەت لەوانەیە هەندێك دەنگە دەنگی لەناكاو خەڵكی لەخەو ڕاچڵەكێنێ، بەڵام ڕاستیەكەی ئەوەیە من هەر خەوم لێناكەوێت و دوچاری خەوزڕان بون.

"هتپ رە"وتی: ئەندێشە خراپەكان لەهزرت دەربكە، خەو بۆ سەرباز لە چەك گرنگترە، شەوێك خەو زڕان سەرباز لەگۆڕەپانی جەنگدا لەڕیشەوە هەڵدەكێشێت، بێخەوی و كەم خەوی دوژمنی ژمارە یەكی سەربازی گۆڕەپانی جەنگە، دواجار بەگوتەی هەوڵ بدەیت خەوت لێ بكەوێت موسای بەجێهێشت، بەڵام موسا نەیتوانی خەوی لێبكەوێت و لەناكاو بینی"نون"لەپاڵ گالیسكەكاندا ئالیك دەدات بەئەسپەكان، ئەو لەوكاتەدا زۆر بەئاسانی دەیتوانی موسا بكوژێت، ئەوەندەی پێنەچوو بەڕوناك بونەوەی ئاسمان هێزی سەربازی نێردراو لەكەنار ڕوباری نیلدا كەوتە ڕێ، بەڕواری ئەو بەڕێكەوتنە هاوكات بوو لەگەڵ هەڵچونی ڕوباری نیلدا و ئاو زۆربەی ڕێگاكانی داپۆشیبوو و بوبوە هۆی دروست بونی قوڕ و لیتەیەكی زۆر و لەئەنجامدا گرفتی بۆ جوڵانی گالیسكەكانی دروست كردبوو. لێخوڕانی گالیسكەكان لەگالیسكەكانیان دابەزین و بۆ دەركردنی گالیسكەكانیان لەنێو قوڕ و لیتەدا داوای هاوكاریان لەكەسانی تر دەكرد. گالیسكەكەی"موسا"ش وەك تەواو گالیسكەكانی تر لەقوڕدا چەقی بوو، بەڵام موسا بەپەلە لەگالیسكەكەی دابەزیە خوارەوە و بە"نون"ی وت: هاوار لەئەسپەكان بكە و لغاوەكەیان ڕاكێشە و خۆشی بەهەموو توانایەكیەوە گالیسكەكەی لەچەقین ڕزگار كرد. ئەوانیتریش بەچاولێكەری موسا هەوڵیان دا گالیسكەكانیان لەچەقین ڕزگار بكەن. هێزی سەربازی نێردراو دوای ئەوەی بەچەند ڕێگایەكی جیاوازدا تێپەڕین، لەدەشتێكی تەخت و فراوانەوە گەشتنە بەردەلانێك، زەوی كێوەكان خراپترین ڕێگا بوو بۆ تێپەڕبونی گالیسكەكان، بەشێوەیەك كە هەندێكات ناچاربون زۆر لەسەرخۆ گالیسكەكانیان لێبخوڕن و ئەسپەكان لەگالیسكەكانیان بكەنەوە بۆئەوەی بێ گالیسكە خۆیان بگەیەننە شوێنێكی تەخت. هەندێكات ڕێگایەكی كورت و پێچاوپێچیان بەكاتژمێرێك دەبڕی، لەئەنجامدا هەندێكیان بریندار دەبون. "ستی كف"ئەو سەربازانەی بەهۆی برین و ماندویەتیانەوە لەپێكەوتون بەجێی دەهێشتن و فەرمانیان دەدا بەوانی تر

PDF 4 KURD

بەردەوامی بەکار و ڕۆشتنیان بدەن. لەم ڕووەوە ڕەفتاری"ستی کف"زۆر بێبەزەییانە و زبر بوو، چونکە بەجێهێشتنی سەربازە بریندار و لەپێکەوتووەکان بۆئەوەی لەداماوی و بێتواناییاندا بمرن، لەهزری"موسا"وە زۆر دور بوو. سەربازەکان لەسەرتاپای ئەو ڕۆژەدا بەو ئارەقە زۆرەی لە لەشیان دەچۆڕا پێویستیان بەقەرەبوکردنەوەی ئەو بڕە خوێیە بوو کە لە لەشیان دەهاتە دەرەوە بۆیە بەو ماسیە سوێرەی دەیانخوارد کەمێك قەرەبوی ئەو خوێیان دەدایەوە، هەروەها زۆری ڕوباری"نیل"یش هیچ کات نەیدەهێلا تینویان بکەوێت. لەم نێوەندەدا شێوازی ڕەفتاری سەربازە بەکرێگیراوەکان سەرنجی"موسا"ی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. ئەم بەکرێگیراوانە زۆر ئاگایانە ڕێیان دەکرد بۆئەوەی نەوەك بریندار بن و لەکاتی خواردنیشدا خۆیان لەزۆر خۆری دەپاراست، بۆئەوەی نەوەك بەهۆی زۆرخۆریەوە نەخۆش بکەون، چونکە لەو جۆرە هەلومەرجانەدا هیچ چارسەریەکیان بۆ نەدەکرا. ئەوانە تەنها بیریان لەدوو شت دەکردەوە، یەکەم بەدەست هێنانی زێڕ و زیو، دووەم: ئەوکاتانەش کە بێکارن بەخۆشحاڵیەوە تێیپەڕێنن. موسا لەخودی خۆیانی دەبیست کە ئامانجی سەرەکیان زێڕ و زیو و خۆشگوزەرانی و ڕابواردن بوو. ئەو شەوانەی موسا لەشوێن حەوانەوەکەی خۆیەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، لەو شوێنەی خۆیەوە تا نیوە شەو بەمەشخەڵی داگیرساوەوە دەمایەوە، ئەو چادرەی کە هی"ستی کف"ی فەرماندەی هێزی سەربازی بوو کە تێیدا چاودێری کاروبارەکانی تێدا دەکرد یان تێیدا لەگەڵ فەرماندەی بەش و پۆلەکانی تردا دەربارەی هەندێك بابەتی جیاواز گفتوگۆی دەکرد.

دید و بۆچونی موسا لەبەرامبەر"ستی کف" لەماوەی ئەو گەشتەیدا بەتەواوی گۆڕابوو، ئەو لەسەرەتای هاتنە ناو ئەم هێزی سەربازیەوە، زۆر بەجدی و بەهادار نەدەهاتە بەرچاوی بەڵام وردە وردە ئاگاداری ئەوە بوو کە کەسایەتی ڕاستەقینە"ستی کف"ناچاری کرد دید و بۆچونی لەبەرامبەریدا بگۆڕێت و لەناخەوە ڕێزێکی زۆری بۆ"ستی کف"دادەنا. ئەو پیاوێك بوو کە زۆر بەکەمی دەیخواردەوە و زیاتر خۆی بەکارەوە سەرقاڵ دەکرد و کارەکانیشی بەڕێك و پێکی ئەنجام دەدا، ئەوانەی لەژێردەستیدا کاریان دەکرد بەوردی گوێیان لەگوتەکانی

PDF 4 KURD

دەگـرت. موسـا ئاگـاداری ئـەوەبوو کـە"سـتی کـف"بـچوکترین بەشـی کاروبـاری سـەربازی دەخاتە ژێـر چاودێریەوە، لـەبڕی ئالیکی ئەسپەکانەوە بیگرە.تـا دەگاتە ژەمە خواردنی سەربازەکان و کاتی لەخەو هەستان و نانی ئێوارە و پاکوخاوێنی و شێوازی رەفتار و مامەڵەی سەربازەکان، بەکورتیەکە هەموو ئەمانە وەك گوزارشت و راپۆرتێك دەهاتە بەردەستی و ئەویش متمانەیەکی تەواوی بەدەستیارەکانی هـەبوو و بگـرە متمانەشـی پێـدەدان و بـیٚ پشتگوێخـستن و دواخـستنیش لێپێـچینەوەی لەهەموو سەرپێچیەك دەکرد. موسا دەیبینی"ستی کف"خۆی بەتەنها ئەم کاروبارانە ئـەنجام دەدات، بـەڵام زۆر بـەجوانی چاودێری لەدانـە دانـەی سـەربازەکان دەکـرد و لەهــەموو شــوێنێکدا ئامــادە بــوو. لــەوەش گــرنگتر"ســتی کــف"تــا ئێــشتا هــیچ فێرکاریــەکی بەخۆیــەوە نــەبینیووە و لــەنزمترین پلــەوە خــۆی پێگەیانــدووە تــا گەشـتووەتە ئـەو پلەوپایەیـە، ئـەم هـەموو پلەوپایەیەشـی دەقـاودەق لەجدیـەت و توانـایی خۆیـەوە سەرچاوەی گرتبـوو. هەڵبـەت موسـا ئەوەشـی هێنایـەوە یـاد کـە چـەند تەلارسـازێکیش لەمیـسردا هـەن بـیٚ ئـەوەی خوێنـدەواریان هـەبێت باشـترین نەخشە دەکێشن، هەروەها چەند وەستایەکی دەستڕەنگینی ئاواش بـەدی دەکرێـت کـە هـیچ خوێندەواریـەکیان نیـە، بـەڵام فەرمانـدەیی هێزێکـی سـەربازی بـەو هـەموو بابەتـە جیاوازانـەوە پێویـستی بەزانـست و زانـینی هەمـە لایەنیـە، "سـتی کـف" سەرەڕای ئەوەی خوێندەواری نەبوو بەڵام زۆر بەباشی دەیتوانی لەگۆڕی ئەم کارانە بێت.

PDF 4 KURD

بزیسکەیەك لەكۆتایی شەودا

كاتێك دەگەنە یەكەمین تاقگە"ستی كف"پەیامێكی بۆ موسا نارد و داوای لێكرد بێت بۆ لای. لەو ڕۆژەوەی"ستی كف"لەسەر سەكۆی كەشتیەكەدا لەیەكەمین چاوپێكەوتنیدا گفتوگۆ لەگەڵ "موسا"دا كرد یەكتریان نەبینیوە گەرچی موسا جارناجارێك"ستی كف"ی لەدورەوە دەبینی، بەڵام لەوكاتانەدا"ستی كف" بەڕادەیەك نوقمی كاروبارەكانی بوو هەلی ئەوەی بۆ نەڕەخسا قسە و گفتوگۆ و چاوپێكەوتن لەگەڵ موسادا بكات. ئەو ڕۆژە پەیامێكی لەلایەن"ستی كف"ەوە پێگەشت و زۆر خۆشحاڵ بوو، دوای ئەوە فەرمانی بە"نون"دا گالیسكەكە ئامادەی ڕۆشتن بكات دوای ئەوە بەخێرایی خۆی گەیاندە ستی كەف. "ستی كف"لەدورەوە چاوی بەهاتنی موسا كەوت و بەرەوپیری ڕۆشت بۆئەوەی پێشوازی لێبكات، ئەم هەلسوكەتەی ستی كەف كە بەخێرهاتنی لە"موسا"و یاوەرانی كرد زۆر خۆشحاڵی و ئەوەندەی ڕێزی لەلای موسا زیاتركرد. كاتێك هەردوو گالیسكەكە لەپاڵ یەكتردا ڕاوەستان هاواری كرد: سڵاو لەشازادەی میسر!

"موسا"ش وتی: سڵاو لەفەرماندەی گشتی.

ستی كف پرسی: ئەم گەشتە جەنگیە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

موسا وتی: فێری زۆر شتی جیاواز و هەمەڕەنگت پێ نیشان دەدات و لەهەمان كاتدا كەسایەتی مرۆڤ دروست دەكات.

ستی كف وتی: خۆزگە فیرعەون لێرە بوایە و چاوی بەكورەكەی بكەوتایە! بۆئەوەی بیبینیایە كوری پادشا لەسەربازێكی بەئەزمون چالاكتر و دانبەخۆداگرترە، وەك بڵێی ئەم كورە لاوە كوری كۆشكی فەرمانڕەوایی نیە.

PDF 4 KURD

موسا وتی: هەر لەسەرەتاوە دەمزانی کە تۆ فەرماندەیەکی هۆشیاری، زۆر جوان ئاماژەت بەو بابەتە دا، بەڕاستی من کوڕی کۆشکی فەرمانڕەوایی نیم.

ستی کف بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە وتی: وەك بڵێی "ستی کف"کابرایەکی سەربازی نیە لەکاتێکدا هەموو تەمەنی لەسەربازیدا تێپەڕاندووە، ئێستا بەچ شێوەیەك دەبێت تۆ کوڕی پادشای و کۆشکی فەرمانڕەوایی نەبیت.

موسا وتی: لەبەرئەوەی من شازادە نیم!

ستی کف وتی: جەنابی فەرماندە هەناسە براومان مەکە، ئێستا بابڕۆین لەبەرئەوەی گفتوگۆ لەوە گرنگترمان بەدەستەوەیە. دوای ئەوە ستی کف پرسیاری لەبارەی"نون"نۆکەری موسا وە کرد و وتی: ئایا ئەو پیاوەی کە گالیسکەوانی تایبەتی تۆیە ریشت بۆ دەتاشێت؟

موسا لەو پرسارە لەناکاوە ڕاوەشا و وتی: بۆچی پرسیاری وا دەکەیت؟

ستی کف وتی: چونکە لەنێو سەربازەکاندا تەنها تۆ ریشت نیە، ئەگەر ئەم پیاوە بەباشی بتوانێت گالیسکەکەت بۆ لێبخورێت ئەوا بەدڵنیاییەوە ریشیشت بەجوانی بۆ دەتاشێت.

موسا وتی: لەگالیسکەوانیەکەی ڕازیم.

ستی کف بابەتی گفتوگۆکەی گۆڕی و وتی: تۆ بەناونیشانی فەرماندەی گالیسکە جەنگیەکان دەبێت ئەوە بۆ گالیسکەوانەکان دوپات بکەیتەوە کەهەموو ڕۆژێك چەندجارێك چەرخی گالیسکەکان چەور بکەن لەهەمان کاتدا هەموو ڕۆژێك ڕۆژی چەندجارێك ئاو بەچەرخی گالیسکەکاندا بکەن... موسا کە سەری لەم بەشە هونەریانە دەرنەدەکرد بەسەرسوڕمانەوە تەماشای"ستی کف"ی دەکرد و ئەویش هەر بەوشێوەیە بەردەوامی دا بەقسەکانی: ئەگەر تەلی چواردەوری چەرخەکە لەئاسن بوایە ئەوا پێویستی بەوە نەدەکرد بەبەردەوامی تەڕی بکەیت، بەڵام لەمیسردا تەلی چواردەوری گالیسکەکان لەمەفرەغ دروست دەکرێن، لەوڵاتی"هاتی" لەئاسن دروستیان کردووە. چەرخە ئاسنینەکان بەهیچ شێوەیەك خراپ نابێت و هەمیشە دڵنیابەخش و لێی دڵنیایت، لەکاتێکدا تەلە مەفرەغیەکان لەخۆیانەوە شەق و شل دەبن و دەشکێن، چیتر دوای ئەو شکانە گالیسکە توانای

PDF 4 KURD

ڕۆشتنی نامێنێت. بۆ ڕێگرتن لەخراپ بون دەبێت ئەو چەرخانەی لەدار دروست کراون بەبەردەوامی تەڕیان بکەیت بۆئەوەی بئاوسێن و تەلەکان بەتوندی بهێڵێتەوە و نەهێڵێت شەق ببێت. موسا زۆر بەوردی گوێ لەگوتەی"ستی کف"دەگرت و "ستی کف"یش بەش بەشی ئەندامی ئەو گالیسکەیەی بۆ موسا شی دەکردەوە. خڕی و بازنەی چەرخی گالیسکەکان وەك دەست و پێی ئەسپ وایە، بۆیە دەبێت زۆر ئاگات لێیان بێت. گەرچی دەڵێن خوداکان سات و شوێنی مەرگی هەموو کەسێکی دیاری کردووە و هەموو کەسێك لەو کاتژمێرەی بۆ دیاری کراوە دەبێت بمرێت، بەڵام بەپێی بنەمای ئەزمونی لایەنی کار و سەربازی گەشتومەتە ئەو دەرئەنجامەی ئەگەر مرۆڤ ماڵداربێت و باش بیری لێبکاتەوە و دوچاری هیچ هەڵەیەك نەبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە دوچاری مەرگی لەناکاو نابێت. دوای ئەوە"ستی کف"بێدەنگ بوو، موساش بێدەنگ بوو، بەڵام دوای چەند ساتێك"ستی کف"وتی: من بانگم نەکردویت بۆئەوەی لێرەدا فێری ئەوەت بکەم لەم جۆرە هەلومەرجانەدا بەچ شێوەیەك پارێزگاری لە گالیسکەکەت بکەیت.

موسا وتی: بەهەرحاڵ دەبوو کەسێك فێری ئەم بابەتانەم بکات.

ستی کف وتی: لەبەرئەوە تۆم بانگی ئێرەکرد بۆئەوەی پێکەوە بڕۆین بۆ ماڵی پیاوێك کە لەنزیك تاقگەکەوە نیشتەجێیە، من لەوباوەڕدابوم ئەگەر ئەو بزانێت کوڕی فیرعەون لای داوەتە ئێرە و سەردانی ئەوی نەکردووە دەبێتە مایەی سەرشۆڕی ئەو.

موسا وتی: بۆچی دەبێتە مایەی سەرشۆڕی ئەو؟

ستی کف وتی: لەبەرئەوەی تۆ شازادە و کوڕی فیرعەونیت و خوێنی خودایان لەخوێنبەرەکانتدا دەخرۆشێت، لەم حاڵەتەدا تۆ بەیەکێك لەسەرکردەکانی من لەقەڵەم دەدرێیت، ئەگەر پێکەوە سەردانی ماڵەکەی نەکەین، والێکی دەداتەوە کە ئێمە هیچ گرنگیەك بەو نادەین، بەڵام بونی تۆ دەبێتە مایەی خۆشبەختی ئەو.

موسا وتی: بەڵام من ئەم پیاوە ناناسم بگرە تائێستاش ناویم نەبیستووە!

ستی کف وتی: ئەو پیاوە پزیشکە.

موسا وتی: بێگومان لەگەڕەکێکی قەرەباڵغ و مەزندا نیشتەجێیە؟

PDF 4 KURD

ستی کف وتی: نەخێر، بەپێچەوانەوە، ئەم پزیشکە لەبنی تەپۆڵکەیەکدا لەکەنار تاقگەکەدا کە جێگایەکی زۆر خەڵوەت و شاعیرانەیە نیشتەجێ بووە.

موسا پرسی: بەچ شێوەیەك پیاوێك لەشوێنێکی ئاوا دورەدەستەدا دەژیت؟

ستی کف وتی: من نەموت ئەو پزیشکە بەتەنهایی دەژیت، بەڵکو خێزانەکەشی لەگەڵدایە، ئەو هاوسەر و کچێکی هەیە و بەمەزنترین پزیشکی میسریش لەقەڵەم دەدرێت.

موسا وتی: مەزنترین پزیشکی میسر دەبێت لەشوێنێکدا بژیت کە بتوانێت بەئاسانی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر دا بەرقەرار بکات، بەڵام ئەو شوێنەی تۆ باستکرد، لەبن تەپۆڵکە و کەنار تاقگەیەکدایە بەشوێنێکی دورە دەست دێتەبەرچاو.

ستی کف وتی: ئەو پرسیارەی کە کردت پێویستی بەڕونکردنەوەیە و کەمێکیش نهێنی ئامێزە، بەڵام بۆتی باسدەکەم. ئەو پزیشکە پێشتر لە"کرنك"دەژیا و خەڵکی نەخۆش لەهەموو شوێنێکەوە دەهاتن بۆلای بۆئەوەی چارەسەریان بکات.

موسا وتی: لەڕاستیدا منیش ماوەیەك لە"کرنك"دا لەپەرستگایەکدا کارم دەکرد، ئاگاداری ئەوە بوم کە خەڵکی دەوروبەرم باسی پزیشکێکی زیرەکیان دەکرد، بگرە ناویشیم دەزانی.

ستی کف وتی: تۆ چۆن ناو ئەم پزیشکە دەزانیت؟

موسا وتی: هەمان ناوی منی هەیە بەڵام پاشگرێکی لەگەڵدایە.

ستی کف وتی: چ پاشگرێك؟

موسا وتی: موسا ئاتون!

ستی کف وتی: بەڵی وایە، بەڵام پاشگری"ئاتون"دەردیسەری بۆ ئەم پزیشکە دروست کرد، باوکی"موسا ئاتون"یش پزیشك بووە. بگرە پیشەی پزیشکی لەخێزانەکەیاندا میراتگریە، بگرە باوباپیرانیشی پیشەیان کاری پزیشکی بووە، باوکی"موسا ئاتون"پەیڕەوی ئاینێکی پوچ و وێرانکەری دەکرد و ناوی هەمان ئەو خودا وێرانکەرەی لەکوڕەکەی نا. ئەم پزیشکەش بەو هەموو ژیری و زانستەوە لای دا و ڕێگای هەڵەی گرتەبەر و بوبە لایەنگری ئاینی ئاتون.

PDF 4 KURD

موسا وتی: تۆ زۆر بەسەختی باوەڕت بەخودای"ئامون"ە، وانیە.

ستی کف وتی: من هەرگیز دەستبەرداری بیروباوەڕم نابم، بەئامونەوە لەدایك بوم و لەگەڵ ئامونیشدا دەمرم.

موسا وتی: بیستومە تۆ دوژمنی سەرسەختی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە"ئامون"ە.

ستی کف وتی: بەو رادەیەش نیە، چونکە هەلی ئەوەم بۆ نارەخسێت بیر لەم جۆرە بابەتانە بکەمەوە، جەنگەکان منیان لەکاروباری ئاینی دور خستووەتەوە، تەنها زەوی گۆڕەپانی جەنگ بۆ من بەسە کە لەپێناو کاهینەکان جەنگ لەگەڵ خوداکاندا بکەیت.

موسا پرسی: ئەگەر بەهەڵەدا نەچوبێتم ئەم پزیشکە لەبەر بیروباوەڕی بە"ئاتون" پەنای بۆ شوێنێکی ئاوا بردووە بۆئەوەی بێکێشە و لەئارامیدا بژیت.

ستی کف وتی: بگرە لەم شوێنە دورەدەستەشدا هەست بەئارامی ناکات، کاهینەکانی"ئامون"دەستبەرداری نین، چونکە ڕۆژێکیان دوو کەس لەکاهینەکانی پەرستگای"ئامون"هاتن بۆ لای"موسا ئاتون"ی پزیشك و پێیان وت، تەنها دوو ڕێگای لەبەردەمدایە، یەکەم: ناوی خۆی لە"موسا ئاتون"ەوە بگۆڕێت بۆ"موسا ئامون" دووەم: دەبێت گۆڕی باوکتمان پێ نیشان بدەیت تا لاشەی مۆمیاکراوی باوکت دەربهێنین و بیسوتێنین، بۆئەوەی تەمەنێکی جاویدانەی نەبێت.

موسا پرسی: وەڵامی"موسا ئاتون"ی پزیشك چی بوو؟

ستی کف وتی: "موسا ئاتون"ی پزیشك ڕاست وەستا و وتی بەبۆچونی من گەدەت نەخۆشە و دەبێت پشکنینێکی سەرتاپات بکەم، بۆئەوەی بزانم هەڵمی زیانبەخشی مێشکت زیانی پێ نەگەیاندویت! سەرەڕای ئەوەش لەچل ڕۆژ کەمتر دەژیت، ئەگەر من چارەسەریەکت بۆ نەدۆزمەوە. کاهینە گەمژەکانیش باوەڕیان بەقسەکانی کرد و زۆریش ترسان و داوایان لێکرد با چارەسەری ئەو نەخۆشیانەی بۆ بکات. دوای ئەوە کاهینەکان بەترسەوە پزیشکیان ئازاد کرد. "موسا ئاتون"ی پزیشك دو دەیەیە لەم دورخراوە و گۆشەگیریەدا ژیان بەسەر دەبات و بەهۆی ئەو بیروباوەڕەیەوە لەجیهان بێبەش بووە! ئێستا بۆئەوەی ئێمە لەدیداری بێبەش نەبین

PDF 4 KURD

جلێکی جوان لەبەربکەین بۆئەوەی بەو شێوەی کە پێویست و شایستەی ئەوە ڕێزی لێ بگرین.

موسا هەمان ئەو کاتەی لە"ستی کف"جیابویەوە بۆچەند ساتێك گوتەکانی"ستی کف"ی لەبەرخۆیەوە وتەوە و زۆر بەوە سەری سوڕما کە"ستی کف" کەسایەتی"موسا ئاتون"ی مەزن ڕادەگرت، چونکە"ستی کف"بگرە بەوشێوەیەش ڕێز و باسی فیرعەونی نەدەکرد. موسا دوای خۆشۆردن و حەوانەوەیەکی کەم یەکێك لەجوانتری پۆشاکەکانی لەبەرکرد، ملوانکەیەکی گرانبەهای لەگەردن کرد و بەشکۆمەندی و مەزنیەکەوە گەڕایەوە بۆ لای"ستی کف"و سواری گالیسکەکەی بوو و گالیسکەوانەکەشی کوڕێك بوو بەناوی "سوکر موسا" موسا لێی پرسی: ئایا هیچ سەربازێك لەگەڵماندا دێت.

ستی کف وتی: تەنها من و تۆ دەڕۆین بۆ لای"موسا ئاتون"ی پزیشك..... دوای ئەوە گالیسکەکە بەخێرایی بەرەو تاڤگەکە کەوتە ڕێ، دوای ماوەیەك تاڤگەکە کەدەکەوتە دامێنی کوێستانەکانەوە دەرکەوت. دوای ئەوەی"ستی کف"ماڵەکەی پێنیشان دا وتی: ئەوە ماڵی"موسا ئاتون"ی پزیشکە.

موسا وتی: تائێستا ماڵێکی ئەوەندە جوانم لەدورەوە نەبینیوە، بەڕاستی شوێنێکی زۆر دڵڕفێنی بۆخۆی هەڵبژاردووە، ماڵێکی خشتەکی و لەڕوی ئەندازیاریەوە زۆر بەورد و جوانی دروست کراوە. ئەو ماڵە هەیوانی نەبوو و لەپاڵ ئەو ماڵەشدا دوو خانوی تر بۆ خزمەتکارەکانی دروست کردبوو، تەویلەی ئاژەڵەکانیشی کەمێك لەو دورتر دروست کرابون. هەروەها باخێك لەبەردەم ماڵەکەدا بوو کە بەپلیکانەیەك کۆتایی دەهات، کاتێك ویستیان لەو پلیکانەیەوە سەربکەن ڕوباری نیلیان لێدەردەکەوێت و دەتوانن لەکەنار ڕوباری نیلدا بحەوێنەوە. گالیسکەکە لەبەردەم پلیکانەکاندا ڕاوەستا و خزمەتکارێکی میسر بالاکورت لێیان نزیك بویەوە و بەخێرهاتنی لێکردن: ئێمە ماوەیەك چاوەڕێی هاتنی ئێوەمان دەکرد. پاوێك و کچێك لەناو باخەکەدا پیاسەیان دەکرد.

ستی کف وتی: ئەوە"موسا"ی پزیشکە.

PDF 4 KURD

هاوسەرەکەشی کە ناوی"ستپ ئاتون"بوو وتی: ئەم"ستی کف"ە هاورێی ئێمەیە... دوای ئەوە ڕوویکردە کچەکەی و وتی: "مریت ئاتون"وەرە بۆئێرە خۆت بە"ستی کف"بناسێنە.

"ئاتون موسا"ش بە"ستی کف"ی وت: "مریت ئاتون"لەم دورخراوەیەدا باشترین دڵخۆشی و هیوای ژیان و هاودەمی ڕۆژەکانی تەنهایی ئێمەیە. دوای ئەوە وتی تۆ هێشتا هاورێکەی خۆتت پێنەناساندویت.

ستی کف وتی: ڕاست دەکەیت، ئەمە ناوی"موسا"ی فیرعەون زادەیە! بەڵام "ئاتون موسا"بەبیستنی ناوی فیرعەون زادە بەشێوەیەك ڕاوەشا کە"ستی کف"ی بەوە ناچارکرد بڵێت: ئەی دۆستی لەگیان خۆشەویستتر نیگەران مەبە، کاتێك ویستم بەخزمەتی ئێوە بگەم و کاتێك زانیم کوڕی پادشاش لە ئوردوگاکەی مندایە حەزم کرد ئەویش لەگەڵ خۆمدا بهێنم و بەئێوەی بناسێنم بۆئەوەی واهەست بکەم مەرجی ڕێز و خۆشەویستی خۆم بۆ ئێوە بەجێ هێناوە. سەرەڕای ئەو ڕونکردنەوەیە"ئاتون موسا"بەبینینی موسا زۆر دڵگران بوو، چونکە هەموان دەیانزانی کە فیرعەون دوژمنی"ئاتون"ی خودای پێشوی میسرە و بچوکترین سۆز و بەزەیی خۆی لەبەرامبەر لایەنگرانی"ئاتون"دا پیشان نادات، بۆیە هەرئەوەی دەنگی کەسێك بەرگوێیان بکەوێت کە باوەڕێکی تەواوی بەخودای "ئاتون"ە بەدڵنیاییەوە یەکسەر لەناوی دەبەن، ئێستاش ئەگەر کەسێك کە ناوی خۆی"ئاتون موسا" و هاوسەرەکەی"تپ ئاتون" و کچەکەی"مریت ئاتون"بێت بێگومان مەرگی فیرعەونی چاوەڕێیان دەکات.

"ستی کف"ئاگاداری نیگەرانیەکانی"ئاتون موسا"بوو، بۆیە هەوڵیدا لەو نیگەرانیە ڕزگار بکات و بۆی ڕنکردەوە: بێگومان هەندێك شتت لەبارەی شازادەکانی بارەگای پادشا بیستووە و وا هەست دەکەیت"موسا"ی هاوڕێشم یەکێکە لە فیرعەون زادەکان، لەکاتێکدا ئەگەر وابوایە، نە من لەگەڵیدا دەهاتم و نە ئەوم بەخزمەتی ئێوە دەگەیاند، چونکە ئەو لەشازادەکانی تر زۆر جیاواز ترە، ئەم"موسا"بەهەر هۆیەك بێت وەك تۆ دور خراوەتەوە، چونکە تورەیی فیرعەونی وروژاندووە و ئەم تورەییەشی گەشتووەتە سنوری مەرگ و لەناوبردن، بۆیە

PDF 4 KURD

لەڕوویەکەوە ئێوە هەردوکتان خالێکی هاوبەش کۆتاندەکاتەوە. بگرە"موسا"ش وەك تـۆ ناتوانێـت پـێ بنێتـە پایتـەختی میـسر، بەلایـەنی کـەم لەئێـستادا لەدورخراوەی"کوش"دا دەبێت ژیان بەسەر ببات، هەڵبەت ئەگەر لەو جەنگەی کە چاوەڕێمان دەکـات بەزینـدویی بگەڕێتـەوە. پـێش ئـەوەی بیهێنمـە لای ئێـوە زۆر بەجوانی لێکم داوەتەوە و زانیم کە بەدیدار و ئاشنایەتی ئەو زۆر خۆشحاڵ دەبن، ئەم لێکدانەوەیەی منیش لە ساڵها ئەزمونی تێکەڵاوی و ئاشنایەتیم لەگەڵ خەڵکی و مامەڵـەکردنم لەگەڵیانـدا سەرچـاوە دەگرێـت. مـن ڕەفتارگـەلێکی بـاش و پەسەندکراوم لـەودا بینیوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك پەشیمان نیم لـەهێنانی بۆ لای ئێوە.

تۆش ئەی"ئاتون موسا" دەزانی کاتێك فیرعەون زادەکات بۆ هەر شوێنێك گەشت بکەن، ژنانی جوان و نۆکەر و نوسەران و ژەنیار و کاهین و چێشت لێنەر و ئالەم جۆرە خزمەتکارانە لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن و بگەنە هەر شوێنێك سفرەی بادەنۆشی و ڕابـواردن و خۆشـگوزەرانی پـان دەکەنـەوە، بـەلام موسـا تـەنها لەگـەڵ گالیسکەوانێکدا هاتووە بگرە ئاوجۆش ناخواتەوە، من تا ئێستا نەمبیستووە کە لەکەسێك تورە بووبێت یان سزای کەسێکی دابێت. ئەوانەی لەگەڵ ئەودان بەگوتەی خۆیـان زۆر لێـی ڕازیـن. سـەرەڕای ئـەوەش موسـا نەیـدەزانی کـە سـەردانی ئێـوە دەکـەین، مـن پێـداگریم لـەو کـرد بێـت لەگەڵمـدا و شـانازی خۆناسـینی ئێـوەی پێشکەش بکەم، ئەویش وەك تۆ ناوی"موسا"یە.

ئـاتون موسـا وتـی: مایـەی خۆشـبەختیمە کەلەنزیکـەوە ئاشـنایەتی لەگـەڵ شازادەیەکی ئاوادا پەیدا بکەم، ئەوە یەکەمین جارە کە یەکێك لەنەوەی کۆشکی فـەرمانڕەوایی هـەڵگری ئـەو تایبەتمەندیانـە بێـت. خـۆم و هاوسـەر و کـچەکەم لەکانگای دڵمانەوە بەخێرهاتنت دەکەین. وشەی"ئاتون موسا"کاریگەریەکی زۆری کـردە سـەر"موسـا" بۆیـە سـەری ڕێـزی بـۆ ئـاتون موسا و هاوسـەر و کـچەکەی دانەواند.

"ئـاتون موسـا"ش فـەرمانی دا بەنۆکـەرەکانی بەرنامەیـەکی جـوان بـۆ پێشوازیکردنی ئەمانە ڕێك بخەن. لەبەرئەوەی ئاو و هەوا هێشتا تاریك نەبوبو،

PDF 4 KURD

خانە خوێ میوانەکانی بردە ژێر کەپرێکی ناو باخەکەی بۆئەوەی لەسێبەرەکەیدا بحەوێنەوە. نۆکەرەکان بەئاو دەست و پێی میوانەکانیان شۆرد و چەند مێزێکیان بۆ پێشوازیکردنیان لەبەردەمیاندا دانا. میوەگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ، هەنگور و هەنجیر و چەند خواردنەوەیەکی جۆراوجۆریان لەبەردەمیاندا دانا. ئەو کاسانەی ئاوجۆیان تێدەکرد کاسەیەکی بەرز و گەورە و چەند شێوەیەکی جۆراوجۆریان هەبوو. بۆ ئاسان خواردنەوەی قامیشیان دەخستە ناو کاسەکانیانەوە بۆئەوەی میوانەکان ناچار نەبن کاسەکان لەکاتی خواردنەوەدا بەرز بکەنەوە. موسا کاسەیەك شەربەتی خواردەوە و وتی: تائێستا شەربەتێکی ئاوام نەخواردووەتەوە کە ئەوەندە تامی خۆش بێت. دوای ئەوە وتی: دەزانم کە شەربەت هەڵگوشراوی میوەکانە بەڵام نازانم ئەم شەربەتە هی چ جۆر میوەیەکە.

دوای ئەوە میوانەکان بڕێك شەربەت و ئاوجۆیان خواردەوە و کاسەی خواردنگەلێکی جۆراوجۆریان لەبەردەمدا دانان، سەرەتا نانی گەرم و خۆشتامیان خستە ناو قاپێکی بەردەمیان. بەلایەنی کەم خواردنەکانی خانەخوێ بەلای "موسا"وە تازە بوو و هەموشیان بەلایەوە خۆش بون...

لەبەرئەوەی موسا لەوانی تر بەهێزتر بوو لەوان زیاتر نانی خوارد و وتی: پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە وام دەزانی کۆشکی فەرمانڕەوایی باشترین شوێنی جیهانە و لەهیچ شوێنێکدا جێگا و دیمەن و خواردنێکی ئاوا شکۆمەندی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵام لێرەدا دەبینم هەموو شتێك زۆر لەکۆشکی فەرمانڕەوایی باشتر و سروشتیتر و ئاسودەترە، سەرەڕای ئەوەش لەڕوی هونەریەوە زۆر پێشکەوتووە.

"ئاتون موسا"وتی: مەبەستان لەلایەنی هونەری خواردن و شێوازی لێنانەکەی چیە؟

موسا وتی: لەکۆشکدا خواردنێکم دەخوارد کە لەشێوەی بەردی ئەو کرێکارانە دەچوو کە لەشێوەی خشتەکی یان خەشتەکی لاکێشە دەیانتاشی بۆئەوەی دیواری کۆشکەکانیان پێ هەڵچنن، ئەمە تاکە کار و توانای ئەو جۆرە کرێکارانە بوو، بەڵام ئەو خواردنانەی ئەمشەو لەماڵی ئێوە بینیم، دەقاودەق وەك ئەو بەردانە وابون کە وەستاکان لەدروستکردنی پەیکەری خوداکانی میسردا بەکاری دەهێنن،

PDF 4 KURD

بەردەکانیان ئەوەندە جوان و ناسك دەتاشی کە دەبووە هۆی ئەوەی سەرنجی هەموو بینەرێك بەلای خۆیاندا ڕابکێشێت. ئەو کەسانەی ئەم جۆرە خواردنەیان لێناوە کەسانێکی لێزان و پسپۆڕن و بەڕاستی هونەرمەندن.

دوای ئەوە موسا وتی: سەرەڕای ئەوەی تائێستا بەهیچ شێوەیەك لەچێشتخانەدا کارم نەکردووە، بەڵام دەتوانم بڵێم جیاوازیەکی زۆر لەنێوان چێشتێکی ئاسایی و چێشتێکی هونەریدا بەدی دەکرێت. بۆنموونە، موسا لەکۆشکی فەرمانڕەوایی میسردا نان ناخوات، چونکە نانی ئەوێ بەسارادی لەخواردنەکەدا دەخورێت، یان شێوازی خواردنەوە و مەراسیمەکانی تریش زۆر وشك و بێتام بون، لەکاتێکدا لەماڵی"موسا"ی پزیشکدا هەموو شتێکی سروشتی بوو. هەروەها خواردنەکانی کۆشکی فەرمانڕەوایی بەهیچ شێوەیەك تام و بۆنی خواردنی ماڵی"موسا"ی پزیشکیان نەدەدا، لەکۆشکدا ماسی و مراویەکی زۆر لێدەنرا، بەڵام شێوازی لێنانی ماڵی پزیشك زۆر جیاوازە. موسا بەشێوەیەك نانی دەخوارد کە نەیدەتوانی بەشداری لەگفتوگاکاندا بکات، بەڵام دەیبیست کە فەرماندەی هێزی سەربازی میسر ڕوداوی سیاسی و سەربازی چەند ساڵی ڕابردوی میسری بۆ خانەخوێ دەگێڕێتەوە.

ستی کف دەیوت: فیرعەون لەجەنگی ڕابردوی نێوان میسر و "هاتی"دا دوو ئامانجی لەبەرچاو گرتبوو، یەکەم دەست بەسەراگرتنی کانزای میسی"کەنعان" دووەم دەست بەسەراگرتنی کانی ئاسنی"لو بنان"دوای ئەوە"ستی کف"باسی جەنگی"کوشی بۆکرد و وتی: من بەفەرمانی فیرعەون هاتوم بۆئێرە بۆئەوەی شتێك بەگوێی خەڵکی"کوش"دا بچپێنین و وتی: خەڵکی"کوش"دەبێت بەهۆی دەستدرێژی کردنە سەر خاکی میسر تەمێ بکرێن.

خانە خوێش وتی: خەڵکی"کوش"بگرە ئەگەر دەستدرێژیەکی واشیان کردبێت نابێت بەوشێوەیە کوشت و کوشتار بکرێن، چونکە برێکی کەمی خەڵکی"کوش"بەشداریان لەم دەستدرێژیەدا کردووە، نەك تەواوی خەڵکی"کوش" ئەوانی تر هیچ تاوانێکیان نەکردووە، ئەمە پێچەوانەی ویژدان و دادپەروەریە

PDF 4 KURD

لەبەرئەوەی کۆمەلێك ئەم تاوانەیان کردووە و دەبێت کۆمەلێکی بێتاوان لەباتی ئەواندا بکوژین.

"ستی کف"قا قا پێکەنی دوای ئەوە بۆی ڕونکردەوە: ئەی"موسا ئاتون"ئەگەر فەرماندەیەك بیەوێت لەسەر بنەمای چەمکی"فەلسەفە و لۆجیك و ویژدان"بجەنگێت، ئەوا کەسێکی وەك من باشتر وایە لەباتی ئەوەی فەرماندەی هێزی سەربازی بێت بڕوات لە لادێکەی خۆیدا زەوی بکێڵێت.

پزیشکی خانەخوێش وتی: من هۆکاری ناردنی ئەم هێزە لەلایەن فیرعەونەوە دەزانم؟ فیرعەون خوازیاری"زێرە"، بەڵام هێرشکردنە سەر خەڵکی"کوش"ی کردووەتە بیانویەك بۆئەوەی دەست بەسەر کانەکانزاکانی"کوش"دا بگرێت. چەندین ساڵ پێشتر کۆمەڵێك لە وڵاتی"لیبیا"کە دەکەوێتە باشوری میسر هێرشیان کردە سەر میسر و کۆمەڵێکیان لێکوشتن و سەروەت و سامانەکەشیان بردن هەروەها ئاواییەکانیشیان سوتاند، بەڵام فیرعەون کەمترین کاردانەوەی خۆی لەبەرامبەر ئەم هێرشەدا نیشان دا، بۆچی لەبەرئەوەی "لیبیا"وڵاتێکی هەژار و کەمدەست بوو، لەکاتێکدا دیار نیە ئایا بەڕاستی بۆ تەمێکردنی خەڵکی"کوش"هێرش دەکەنە سەر ئەو وڵاتە یان نە!

ستی کف وتی: جەنابی"ئاتون"ی پزیشك، ستی کف فەرماندەیەکە کە فەرمانەکانی سەروی خۆی جێبەجێ دەکات و هیچ دەستەڵاتێك لەدەستی خۆمدا نیە، من بەپێی فەرمانێکی سەروی خۆم ڕوم لەم وڵاتە کردووە، لایەنی تاوانبار و بێتاوان بەڕەوشتەوە پەیوەست دەکرێت نەك لایەنی سەربازی.

"ئاتون"ی پزیشك پرسی: ئایا تۆ واژەی"مکا"ت بەرگوێ کەوتووە؟

ستی کف وتی: بەڵێ واژەی"مکا"م بیستووە.

"موسا"ی پزیشکیش وتی: ئێمەی خەڵکی میسر هەزار ساڵە بانگەشەی ئەوە دەکەین"مکا"هی ئێمەیە و تەنها میسر"مکا"ی هەیە، لەبەرئەوەی ئێمە"مکا"مان هەیە سەروەری بونەوەرەکانی ئەم جیهانەین و هیچ خێڵ و نەتەوەیەکی ئەم جیهانە لەئاستی ئێمەدا نیە، سەرەڕای ئەوەش والێکی دەدەینەوە لەبەرئەوەی ئێمە"مکا"مان هەیە ئەوا ئاینەکەشمان لەئاینی میلەت و خێڵەکانی تر مەزنترە،

PDF 4 KURD

خوداکـانی ئێمـەش لـە خوداکـانی تـر مـەزنترن، بگـرە هـەموو شـتێکمان لەهـەموو شتێکی میلەتانی تر مەزنترە، ئەوە خوداکانی ئێمەیە کە مافی خودایەتیان هەیە، و ئەوانی تر بونەوەری کێوین و لەخوار ئێمەوەن و ئێمەش خۆمان بەپێشەنگی ئەوان دەزانین و ئەوان بەئاژەڵی کێوی لەقەڵەم دەدەین.

کاتێك موسا گوێی لەم قسانە بوو تەماشایەکی"ستی کف"ی کرد کە وای دەزانی بەم تەماشاکردنە تورە و دڵگران دەبێت، بەڵام"ستی کف"تـەنها زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. دوایی وتـی: بگـرە لایـەنی ئازاییش یەکێکە لەتایبەتمەندیە بەرجەستەکانی خەڵکی میسر کە دەبێت بەبەشێك بە"مکا"لەقەڵەم بدرێت.

"موسا"ی پزیشك وتـی: ئـەو جـۆرە ئازایی و دلێرەیـە کـە لـەگۆڕەپانی جەنگـدا بەدی دەکرێت، دلێری پێ ناڵێن، ئەم جۆرە ئازایی و دلێریە جۆرێك هێزی جەنگەڵ و دارستانیە، هەرکەسـێك زۆری لـەوی تـر زیـاتر بێـت! پێـی نـاڵێن ئازایـەتی.....

ئەمجارەیان موسا دڵنیابوو لەوەی کە بێگومان"ستی کف" لەدەربڕینی ئەم بۆچونە تازەیەی لێـی تـورە دەبێـت، بـەڵام دوبـارە زەردەخەنەیـەکی بـۆکرد و بەهێمنیەکـەوە گوێ لێگرت.

"ئاتون موسا"بەردەوامی دا بەقسەکانی و وتـی: بـەڵکو بەشـتێك دەڵێن ئازایـەتی کـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی خـەڵکی بەپێـچەوانەی ئـەوەی بکـوژرێن زینـدوو ببنـەوە و تەندروستیان بۆ بگەڕێتەوە، ئەگینا هەموو کەسێك دەتوانێت کەسانی تر بکوژێت.

ستی کف لێـی پرسـی: چ جـۆر ئازایەتیـەك دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـوژراو زینـدوو ببێتەوە؟

خانـە خـویش بـۆی ڕونکـردەوە: مەبەسـتم ئازایـەتی گۆڕەپانـەکانی جـەنگ نیـە، چونکە ئازایەتی و دلێری و بێباکی لەگۆڕەپانەکانی جەنگدا نابێتە هۆی زیندوو بونەوەی هیچ کەسێك. بەڵکو مەبەسـتم ئازایەتی و لەخۆبردویی پزیشکانە کە ڕێ لـەمرگی کەسـانی تـر دەگـرن، ئەگـەر ئازایـەتی پزیـشك نـەبێت کەسـی نـەخۆش دەمرێت، کەسە نەخۆشەکان لەئازاراندا کۆچی دوایی دەکەن.

PDF 4 KURD

ستی کف لەم کاتەدا لێی پرسی: بەڵام هێشتا چاوەڕێی ئەوە دەکەم بزانم"مکا"چیە، تۆ هێشتا پێناسەی مەکات بۆ نەکردوین! ئەوەی ئێستا بۆت ڕونکردینەوە پێناسەی"مکا"لەخۆ ناگرێت.

پزیشکی خانەخوێ وتی: چەمکی"مکا"کۆمەڵە شتێکی باشی نەتەوەیەك لەخۆ دەگرێت، هەرکاتێك خوداکان لەنەتەوەیەك توڕە بن، یەکەمین شت کە لەو نەتەوەیە دەسەندرێتەوە چەمکی"مکا"یە. بۆنمونە یەکێك لەڕو وەرگێڕانی"مکا" لەکۆمەڵگایەك هەمان ناردنی ئەم لەشکرەی ئێوەیە بۆ وڵاتی کوش، کوشت و کوشتاری خەڵکی بێتاوان و بێ دەرەتان لەڕێی هێزێکی سەربازی گالیسکەدار و نێزە بەدەست، بەواتا ڕۆشتن و لەدەستدانی"مکا"یە، بێئاگا لەوەی ئەم سروشت خراپیە لەنەزانیەوە سەرچاوەی گرتووە، من نازانم ئایا فیرعەون ڕاوێژکار و وەزیر و کارشناسی نیە، بەچ شێوەیەك دەست لەکارێکی ئاواوە دەدات، لەوانەشە ویستبێتی ڕوانەی مەرگیان بکات.

ستی کف بەسەرسوڕمانەوە وتی: تۆ لەلایەکەوە دەڵێیت خەڵکی بێتاوان و بێدەرەتان و لەلایەکی ترەوە دەڵێیت فیرعەون ئێمەی ڕەوانەی مەرگ کردووە، بەڕاستی کەموکورتیەك لەم گوتارانەتدا بەدی دەکرێت.

"موسا"ی پزیشك وتی: کەموکورتی لەکارەکانی فیرعەونداییە نەك لەگوتارەکانی مندا، چونکە ئەو بەتێڕوانینی خۆی ویستویەتی کوشت و کوشتار بخاتە نێو خەڵکیەوە، بۆئەوەی لەکوڵی خۆیانی بکاتەوە و دەست بەسەر زێڕەکەیاندا بگرێت، لەکاتێکدا"کوش"جەنگاوەرانێکی هەیە کە بەهیچ شێوەیەك ئێوە ناتوانن ڕووبەڕویان ببنەوە، هەروەها چەك و ئەسپەکانتان لێ زەوت دەکەن و خۆشتان بەدیلی دەگرن و دەتانکەنە کۆیلەی خۆیان، ئێستا کەم و کورتی لەگوتەی کامماندایە، گوتاری من یان ڕەفتاری فیرعەون؟

لەکۆشکی موسا لەگەڵ "ئامون تپ" یان "نف"ی تەلارسازدا گفتوگۆی دەربارەی خودای نەبینراو کردووە و پێیان وتبوو لەباشوری"میسر" لەمیسری سەرو کەسانێك هەن کە باوەڕیان بەخودای"ئاتون"ە، لەم جۆرە گفتوگۆیانەدا دەربارەی خودای ئاتون"موسا و ئامون تپ و یان "نف"ی تەلارساز" بەچپەوە گفتوگۆیان

PDF 4 KURD

دەکرد بۆئەوەی نەوەك کەسێك گوێی لەگفتوگۆکەیان بێت... ئەویش لەو شەوەدا لەکاتی باسکردنی خودای نەبینراودا وەك ئەو بێدەنگیەی باڵی بەسەر ئەو کۆشکەدا کێشابوو زۆر لەسەرخۆ قسەی دەکرد، بەڵام لەناکاو ئاگاداری ئەوە بوو کە جگە لە"موسا"ی پزیشك و ستی کف هیچ کەسێکی تر لەو کۆشکەدا نیە، دوای ئەوەی ئاگاداری ئەم حاڵەتە بوو حاڵەتێکی ئاسایی لەخۆگرت، سەرەڕای ئەوەی باسی خودای نەبینراو نەکرا، بەڵام لەگفتوگۆکانیاندا مەبەستیان خودای "ئاتون"بوو. موسا لەسەرپێچی و دژایەتی کردنی "موسا"ی پزیشك لەبەرامبەر بۆچوونەکانی "ستی کف"دا سەری سوڕما لەبەرئەوەی بەئاشکرا دژی فیرعەون قسەی دەکرد.

ستی کف لێی پرسی: کەواتە بەبۆچونی تۆ ڕەفتاری فیرعەون ئەوە دەسەلمێنێت کە خوداکان دەیانەوێت ئێمە لەناو ببەن؟

پزیشکی گۆشەگیر وەڵامی دایەوە: وتم هەرکاتێك خوداکان بیانەوێت نەتەوەیەك شکست پێ بهێنن"مکا"یان لێ دەسێنێتەوە، ئێستاش کاری فیرعەون یەکێکە لەم هێمایانە. ئیتر تۆ بەهەرشێوەیەك کە خۆت بتەوێت لێکدانەوەی بۆ بکە.

ستی کف وتی: کاتێك خوداکان"مکا"یان لێ سەندینەوە بەچ شێوەیەك لەناو دەچین؟

موسای پزیشك وتی: ئەوکات خۆمان بەدەستی خۆمان، خۆمان نابوت دەکەین.

ستی کف وتی: بەواتا بەچ شێوەیەك؟

خانەخوێ بەم شێوەیە بۆی ڕونکردەوە: کاتێك توانای دەستنیشانکردنی ڕەفتارەکانمان نەبێت ئەوا بەئاراستەی پێچەوانە و بەزیانی خۆمان هەنگاو دەنێین، چۆنایەتی ئەم نمونەیەش لەهاتنی ئێوە بۆ وڵاتی"کوش"شاردراوەتەوە، ئەم هاتنەی ئێوە بۆ کوش بەواتا هەنگاو نانە بەپێچەوانەی بەرژەوەندیەکانتان، هەنگاونانیش بەپێچەوانەی بەرژەوەندیەکانتان یەکسانە بەلەناوبردنی خۆتان بەدەستی خۆتان. مەگەر فیرعەون ڕاوێژکاری نیە بۆئەوەی لێیان بپرسێت ئایا"کوش"چ جۆر وڵاتێکە، مەگەر"کوش"شارە مرۆچەن تا ئێوە بتوانن هەمویان لەناو ببەن.

PDF 4 KURD

ستی کف وتی: کاتێك فیرعەون نەزانێت وڵاتی "کوش"چ جۆر شوێنێکە، ئەوا منیش کە تائێستا سەردانیم نەکردووە نازانم چۆنە، ئێمە پشت بەهێزی سەربازی خۆمان دەبەستین کە لەهەموو شوێنێکدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، لەڕاستیدا ئێمە هیچ گرنگیەکمان بەوڵاتی کوش نەداوە.

خانەخوێ وتی: تۆ ڕاست دەکەیت چونکە زۆربەی کات لەمیسری خوارویت و میسری سەرو و کوشی دراوسێ وڵاتی خۆتت بەهیچ شێوەیەك لەبەرچاو نەگرتووە، بەڵام وانیە. بەڵگەش بۆ ئەمە تۆ و زۆربەی ئەفسەر و سەربازەکانتان لەبەشی میسری خواروودا نیشتەجێن و میسری خوارو لەمیسری سەرو بەباشتر دەزانن، لەکاتێکدا فیرعەونەکانی ڕابردوو پێش ئەوەی لەمیسری سەرو نیشتەجێ ببن و پایتەختەکەیان "تبس" بوو. ئەم فیرعەونە "تبس"ی بەجێ هێشت و باری کرد بۆ میسری خواروو.

موسای پزیشك وتی: هەڵبەت نابێت ئەوەش لەیاد بکەین لەبەر دوو هۆکار پایتەختی میسری گۆڕی، یەکەم لەبەرئەوەی "ڕامسیس"زۆر حەزی لەتەلارگەلی بەردینە، دووەم لەباکوری میسردا کرێکارگەلێکی زۆر هەن کە بەهەرزان کار دەکەن. فیرعەونیش بۆ دروست کردنی تەلارەکانی سودی لێ وەردەگرتن.

موسا لێی پرسی: مەبەستت لەکرێکاری هەرزان چیە؟

کابرای خانەخوێش وەڵامی دایەوە: مەبەستم نۆکەرەکانی وڵاتی "کوش"ە کە لە باکوری میسر و دەوروبەری "دلتا"دا نیشتەجێ بون و فیرعەونیش بەکرێیان دەگرێت بۆ ئەوەی تا ئەوکاتەی پەکیان دەکەوێت بێگاریان پێ بکات. دوای ئەوە کەوتە باسکردنی وڵاتی "کوش"و بەم شێوەیە ڕونی کردەوە: کوش بەلای فیرعەونەوە کە لەبەشی میسری خوارودا ژیان بەسەر دەبات نائاشنایە، فیرعەون وادەزانێت پارچە زەویەکە کە دەکەوێتە باشور و لەهەمان ئەو شوێنەدا سنوردار کراوە! لەکاتێکدا کوش بەواتا تەواوی هێڵی "ئەفریقا"کە دەکەوێتە باشوری میسرەوە.

ستی کف وتی: حەوت ساڵ لەوەوپێش من کۆمەڵێك خەڵکی "کوش"م لەدەوروبەری شەشەمین تاڤگەدا شکست پێهێنا و هەمویانم کوشت، بەڵام

PDF 4 KURD

لەوڵاتی "کوش"دا ڕەشپێستەکان زۆرن و لەڕێی کشتوکاڵیەوە بژێوی ژیانیان دابین دەکەن، هیچ کاتێك پەنا بۆ فەرهودی و جەنگ لەگەڵ وڵاتاندا نابەن.

کابرای خانەخوێ وتی: کەواتە بەپێی گوتەکانی خۆت، بۆچی کوشت و کوشتار دەخەیتە ناو خەڵکێکی ئاوارە، لەوانەیە بەهۆی شەڕەنگێزی چەند هەرزەکارێك و لەبەر چەند ڕوداوێکی بچوك دەتەوێت نەتەوەیەك لەناو ببەیت، هەڵبەت دەزانم ئەوە تەنها بەڵگەیەکە، کە ئامانجی سەرەکی دەست بەسەراگرتنی زێڕی ئەو وڵاتەیە نەهیچی تر.

ستی کف لێی پرسی: تۆ لەکوێوە پەیت بەم بابەتە بردووە؟

پزیشکی خانەخوێ وەڵامی دایەوە: لێرەدا باسی هەموو کەسێك و هەموو شتێك دەکرێت. سەرەڕای ئەوەش لەشوێنێك کە بەهیچ شێوەیەك تائێستا بیرت لێنەکردووەتەوە ناوی "ئاتون موسا"یان بیستووە و من باش دەناسن، ئەگەر بڵێم لەشوێنێکەوە کە نزیکەی سی تا چل ڕۆژ ڕێگا بەپێی دورە نەخۆشم بۆ دەهێنن بۆئەوەی بۆیان چارەسەر بکەم، باوەڕم پێناکەن.

موسا بە پزیشکی خانەخوێی وت: تۆ وتت لەشوێنێك کە سەد ڕۆژ بەپیادە دورە تۆ دەناسن؟

خانەخوێش وەڵامی دایەوە: بەڵێ.

موسا وتی: لەوباوەڕەدا نەبووم شوێنێك لەمیسردا هەبێت بۆئەوەی بێت بۆ ئێرە دەبێت سەد ڕۆژ بەپێ ڕێ بکەن، بەڕاستی ڕێگایەکی سەیر و زۆر دورە؟

ستی کف لەباتی خانەخوێ وەڵامی دایەوە و وتی: بەڵێ شوێنێکی ئاوا هەیە، ئەوە هەمان ئەو ڕێگایە کە دەبێت ئێمە بیگرینە بەر و پێی بگەین. ئەگەر ناشزانی کاتێك ئەو ڕێگایەت گرتە بەر بۆت دەردەکەوێت کە چ جۆر شوێنێکە.

خانەخوێش بەموسای وت: ئێستا بێ ئەوەی خۆت خوازیاری بیت ئاگاداری دوری ڕێگاکەی خۆت بویت، هەروەها دەمەوێت پرسیاری بۆچوونت لەبارەی وڵاتێکی دواکەوتووەوە لێ بکەم کە بەمیسری سەرو بانگ دەکرێت.

موسا وتی: ئەگەر مەبەستت لەمیسری سەرو هەمان ئەو شوێنانە بێت کە من چاوم پێیان کەوتووە، جگە لە جوانی و شکۆمەندی هیچی تری تێدا بەدی ناکرێت

PDF 4 KURD

و بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت پێی بوترێت دواکەوتوو، خۆرئاوابونێکی جوان، دیمەنگەلێکی ڕەنگاوڕەنگی سروشتی زیندووی هەیە.

"موسا"ی پزیشك وتی: بەپێی ئەو ئەزمونەی من لەژیانادا فێری بوم ئەو کەسانەی چاوم پێیان کەوتووە یان لەبیابان بێزارن یان تامەزرۆی بیابانن، تائێستا ڕووبەڕووی کەسێك نەبومەتەوە کە بۆچونێکی بێلایەنەی لەبارەی بیابانەوە هەبێت، بەڵام دەبێت بڵێم کێو و بەردەڵانی ئەم ناوچەیە لەهەندێك ساتەکانی ڕۆژدا، بۆنمونە لەسپێدە یان خۆرئاوابوندا دیمەنێکی دڵڕفێنیان هەیە کە لەوانەیە لەکەمترین شوێنی ئەم جیهانەدا بتوانی دیمەنی ئاوا بەدەست بهێنیت.

موسا وتی: من ڕاهاتوم بەوەی تەماشا هەڵهاتن و ئاوابونی خۆر لەناو بەردەڵان و کێوەکاندا بکەم.

خانەخوێ وتی: زۆر حەز دەکەم دیمەنی خۆرهەڵهاتن یان ئاوابونی ئێرە ببینیت بۆئەوەی بزانیت ئەو دیمەنەی لەبەرچاوتاندا دەردەکەوێت چەنێك ئەفسوناوی و دڵڕفێنە، لەهەمان کاتدا لەماوەی دوو ڕۆژی یەك لەدوای یەکدا دوو دیمەنی هاوشێوەی یەکتری نابینیت، چونکە هەموو ڕۆژێك ئاسۆ بەڕوخسارێکی نوێوە نمایشی خۆی دەکات. ئێمە بەمنداڵەکانمان دەڵێین ئەو ڕەنگە جوانەی خۆرئاوابون بە خۆرهەڵاتی دەبەخشێت و لەسەر کێوەکاندا ڕەنگ دەداتەوە پۆشاکێکە کە ڕۆژانە لەکاتی دەرکەوتنی خۆردا لەلایەن خودی"موت" کراوەتە بەری کێوەکانەوە بۆئەوەی کێوەکان لەشەودا لەکاتی ئاوابونی خۆردا سەرمایان نەبێت... ئاتون موسا، لەمکاتەدا ڕویکردە"مریت ئاتون"ی کچی کە تا ئەوکاتە بێدەنگ گوێی لەگفتوگۆی باوك و میوانەکانی دەگرت و پێی وتی: "مریت ئاتون"تێڕوانینی تۆ لەمبارەیەوە چیە، ئایا تۆ پەیوەست نیت بە دیمەنی هەڵهاتن و ئاوابونی خۆرەوە؟

مریت ئاتون بەدەنگێکی زۆر ناسك و دڵڕفێن وتی: وایە بابە گیان! کاتێك منداڵ بوم پێیان دەوتم کە ڕۆژانە پێش ئاوابونی خۆر خودای"موت"دێت و بالاپۆشێك دەدات بەسەر کێوەکاندا بۆئەوەی لەکاتی شەودا سەرمایان نەبێت، بەڵام هیچ کەسێك پێی نەوتوم بەچ شێوەیەك بەرد سەرمای دەبێت، چونکە بەرد بێگیانە و بونەوەرە بێگیانەکان هەستیان نیە بۆئەوەی هەست بەسەرما بکەن، بگرە خودی

PDF 4 KURD

باوکیشم کە زانیاریەکی زۆری هەیە ئەم بابەتەی بۆ ڕون نەکردومەتەوە. "مریت ئاتون" بەزەردەخەنەکەی ئەوە نیشاندا مەبەستی لەم دەربڕینانەی تەنها گاڵتەکردن بووە لەگەڵ باوکیدا.

"موسا"ی پزیشک بە"موسا"ی وت: هەرچەند تۆ وا خۆت دەردەخەیت کە خۆشت لەدیمەنی ئەم ناوچەیە دێت، بەڵام دڵنیام ئەم شوێنە بەلای تۆوە زۆر سەرنج ڕاکێشە و هەموو شتێکی ئەم ناوچەیە بەلاتەوە سەرنج ڕاکێش دێتە بەرچاوت. ئایا ئێرە شکۆمەند و سەرنج ڕاکێش نایەتە بەرچاوت؟

موسا وتی: لەبەرئەوەی لەوکاتەوەی چاوم کردووەتەوە لەناو فیرعەونداا۲۸ بوم، ناتوانم بۆچونێکی تەواوی خۆم لەسەر کۆشك و تەلارەکان بخەمە ڕوو.

"ئاتون مریت"وتی: ئایا ئەو شوێنە خۆشیت پێ دەبەخشێت، ئایا مرۆڤ لەو شوێنەدا هەست بەخۆشبەختی دەکات یان نە؟

موسا وەڵامی دایەوە: بەهیچ شێوەیەك ناتوانی شوێنێك لەم جیهانەدا بەدی بکەیت کە بتوانێت بانگەشەی خۆشبەختی بکات، بەڵام دەربارەی ئەو شوێنەی تێیدا گەورە و پەروەردە کراوم، دەتوانم بڵێم شوێنێکی زۆر فراوانە و لەهەموو کۆشك و تەلارەکانی تر باشتر دروست کراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا ماڵێکی هاخێنراوە لە ئەفسانەی ڕقەبەرایەتی و ئیرەیی و کورت بینی و بێبەزەیی و دەردیسەری.

ستی کف وتی: ئەمانەی کە باسی تایبەتمەندی کۆشکی فیرعەونیە و هەمیشە وابووە و وادەبێت.

"موسا"ی پزیشك وتی: بەتەواوی تایبەتمەندیەکانیەوە، بەڵام من بەم شێوەیە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەم کە لەوانەیە کۆشکێکی زۆر مەزن بێت.

موسا لە خانەخوێی پرسی: مەبەستت لە مەزنی چیە، زۆر حەز دەکەم بزانم بۆچونی تۆ لەمبارەیەوە چیە؟

"موسا"ی پزیشکیش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: من بۆ هەموو گوتەیەکم بەڵگەیەکی سەلمێنراوم هەیە، بەڵگەی سەلماندنەکانیشم هەمان ئەو کۆشکەیە کە

---

[28] لێرەدا مەبەستی کۆشك و تەلارەکانی فیرعەونە.

PDF 4 KURD

تۆ ئێستا پێناسەت کرد، چونکە ئەم تەلارە هەمان ئەو ئەندازیارە نەخشەی کێشا و دروستی کردووە کە کۆشکەکەی فیرعەونی بنیات نا، هەرلەبەرئەوەش دەبێت مەزن بێت.

موسا لێی پرسی: ئایا مەبەستتان کۆشکی فیرعەون و ئەم تەلارە یەك تەلارساز نەخشەی کێشاوە و دروستی کردووە؟

"موسا"ی پزیشك وەڵامی دایەوە: بەڵێ. هەردوکیان یەك تەلارساز نەخشەی کێشاوە و دروستی کردووە. دوانزە ساڵ لەوەوپێش ئەو تەلارسازە لەگەڵ چەند هەزار نۆکەرێك هات بۆ ئێرە بۆئەوەی بەربەستێك لەسەر تاڤگەی یەکەمدا بۆ فیرعەون دروست بکەن. ئەو تەلارسازە پێی وتم بۆ دروست کردنی بەربەستێك پێویستمان بەبەرد دەبێت، ئەویش بەچ ڕادەیەك، هەڵبەت زیاد لەو بەردانەی کە لەقوچەکیەکانی میسردا بەکارهێنراون!! ئەو وتی ئەم کارە دەکرێت، بۆئەوەی لەدوای دروست کردنی سێ خەزێنەی مەزنەوە ئاوی تێدا کۆبکرێتەوە و میسر لەوشکەساڵیدا دوچاری کەمی ئاو نەبێت. من نەخشەی ئەو بەربەستەم بینی کە خودی تەلارساز پێی نیشان دام و زانیم چیتر هیچ لافاو و هەڵچونێکی ڕوباری نیل هەڕەشەئامێز نابێت، هەروەها چیتر ترسی وشکەساڵی نامێنێت، کۆکردنەوەی ئاو لەو پەنگاوانەدا دەتوانێت ئاوی میسر لەوشکەساڵیدا دابین بکات.

موسا لێی پرسی: باشە، ئەی دوای ئەوە؟ ئایا ئەو بەربەستە دروست کرا؟

پزیشکی فیرعەون وەڵامی دایەوە: بەداخەوە هەرئەوەی پێشەکی بەرنامەی ئامادەکاری سەرەتای دروستی کردنی ئەم بەربەستە فەراهەم کرا، لەناکاو سەر و کەلەی کاهینانەکان بەتۆمارێکەوە دەرکەوت، ئەوانە لەگەڵ کۆمەڵێك سەرباز و بڕیاری نوێی فیرعەونەوە چواردەوری تەلارسازیان گرت و فەرمانیان پێدا بەبڕیاری فەرمانڕەوا دروست کردنی ئەم بەربەستە ڕاوەستێنێت چونکە کاهینەکان لەوباوەڕەدان لەکاتی دروست کردنی ئەم بەربەستە دەست تێوەردان لەکاروباری نیلدا دروست دەبێت، ئەگەر دەست لەکاروباری نیلەوە بدەین، ئەوا نیل لێمان تورە دەبێت و لەئەنجامیشدا خوداکانیش لێمان تورە دەبن و دەبێتە هۆی ئەوەی سەرتاسەری میسر لەناکاو وێران ببێت.

PDF 4 KURD

"ستی کف"یش لایەنگری کرد و وتی: کاهینەکان ڕاستیان کردووە، بۆچی دەست لەکاروبار و سروشتی نیلەوە بدەین؟

خانەخوێ بەم شێوەیە بۆی ڕونکردنەوە: من و ئەندامانی خێزانەکەم، لەخانویەکدا دەژیاین کە لەخشت دروست کرابوو، تەلارساز دوای ئەوەی فیرعەون فەرمانی پێدا دەست لەدروستکردنی ئەو بەربەستە هەڵگرێت، ناچاربوو دەست لەو کارە هەڵگرێت و منیش لەو کاتەدا داوام لێکرد ئێستا هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساوە کە ماڵێك بۆمن دروست بکات، خۆشبەختانە تەلارساز ڕازی بوو بەوەی خانوویەك بۆمن دروست بکات، بۆیە نەخشەی ماڵەکەی کێشا و خودی خۆشی سەرپەرشتی دروستکردنی ئەو خانووەی لەنزیکەوە لەئەستۆگرت و هەمان ئەو خانوەی بۆ دروستکردم کە تۆ ئێستا تێیدا دانیشتویت. دوانزە ساڵ لەوەوپێش سەرەڕای ئەوەی لەدروستکردنی بەربەستێك بێبەش بوین، بەڵام لەبەرامبەردا خێزانەکەمان بو بە خاوەنی خانویەکی بێوێنە کە لەبەر دروست کراوە.

موسا وتی: ئەمە شکۆمەندترین ماڵە کە لەتەمەنمانیدا لەدوای کۆشکی فیرعەون چاوم پێی کەوتبێت، دەتوانی ناوی تەلارسازی ئەم ماڵەم پێ بڵێیت.

"ئاتون موسا"وتی: ئەم خانووە تەلارسازێك بەناوی!... پزیشك بۆماوەیەك بێدەنگ بوو...

موسا نەیهێڵا قسەکەی تەواو بکات و وتی: ناوی"نف"ی تەلارساز نەبوو؟

بریسکەیەك لەچاوانی پزیشکەوە دەرپەڕی و وتی: ئەوەی من لەهزرمدا بەدوایدا دەگەڕام و ماوەیەکە شەو و ڕۆژ پێکەوە لەپێناو دروستکردنی ئەم خانووەدا لەتەنیشت یەکترەوە دادەنیشتین، تۆ ناو دەزانی؟ بەڕاستی سەیرە تۆ لەکوێوە توانیت بزانی ناوی ئەو تەلاسازە مەزنە"نف"ە؟

موسا وتی: لەکۆشکی فەرمانڕەوایی میسردا"نف"ی تەلارساز نوسینگەیەکی تایبەتی هەبوو، بەواتا ئێستاش ئەو نوسینگەیەی هەیە. ئەو هەمیشە لەنوسینگەکەیدا سەرقاڵی نەخشەکێشانە، تەلارسازەکانی تر فێری شێوازی کێشانی نەخشەی تەلارسازی دەکات، نەخشە دەکێشێت و بەبەردەوامی کاردەکات، دوای ئەوە بێدەنگ بوو و ڕۆچووە هزری خۆیەوە، موسا ئەوەی هاتەوە یاد

PDF 4 KURD

ڕۆژێکیان لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ "نف"ی تەلارسازدا ئەو پێی وت کە"ئاتون"ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە.

دوای ئەوە"موسا"ش لێی پرسی: بەچ شێوەیەك"ئاتون"ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە، مەگەر تۆ باوەڕت بە"ئاتون"ە؟

"نف"ی تەلارسازیش پێی دەڵێت: "ئاتون"یەك ناوە، ئێمە لەباتی ڕاستی ناوی"ئاتون"مان لێنا، لەوانەیە خەڵکانی تریش ناوێکی تریان بۆ هەڵبژاردبێت، بەڵام گرنگ نیە چ ناوێکی لێ دەنرێت، "ئاتون" ڕاستیە. موسا والێکی دایەوە کە ماهیەتی ڕاستەقینەی خودا بریتیە لە"ڕاستی" و لەبەرئەوەی تەنها یەك ڕاستی هەیە و نابێت بەدوو، کەواتە خوداش تاك و تەنهایە و دوو ڕاستی و دوو خودا بونی دەرەکی نیە، ئیتر ناوی ئەو خودایە بنێین"ئاتون"یان هەرناوێکی تری لێ بنێین. کەواتە خودای تەواوی بونەوەری ئەم سەرزەویە تەنها یەکێکە ئەویش"ڕاستیە"

کاتێك"موسا"ی پزیشك ئاگاداری بێدەنگی و ڕۆچونی هزری"موسا"بوو، بۆئەوە بیهێنێتەوە قسەکردن لێی پرسی: پێم ناڵێیت تۆ بۆچی ناوت"موسا"یە، بۆچی تۆ ناوێکی تەواوت نیە و نیوە ناویان لێناویت؟

ئەم پرسیارەی پزیشك بوبە هۆی بچڕانی ڕۆچونی هزری موسا و وتی: "ئنخاس ئامون"ی دایکم ئەم ناوەی لێنام، لەبەرئەوە نیوە ناوی لێناوم بۆئەوەی لەدواییدا تەواوی بکات، بەڵام فیرعەون کە خۆی بەخاوەنی هەموو شتێك بگرە ناویش دەزانی، بۆیە ئەم نیوە ناوەی بۆ دەستنیشان کردم تا لەدواییدا تەواوی بکات، هەرلەبەرئەوەش ناوم بەنیوە و ناتەواوی مایەوە.

ئەم گفتوگۆیە ئاوێکی ساردی بەسەر ئەو دانیشتنەدا ڕشت، بگرە خانەخوێش قسەی نەکرد بۆئەوەی درێژە بەقسەکانیان نەدرێت.

دوای ماوەیەك"ستی کف" وتی: ئەی شازادە لەم کۆبونەوەیەدا، هەموومان متمانەمان بەیەکتری هەیە و دەزانین ئەوەی لەم دانیشتنەدا باسکرا ناڕواتە دەرەوە، سەرەڕای ئەوەش هەندێك گوتەش هەیە باشتر وایە دەرنەبڕێت، بۆیە بەباشی دەزانم هەموو شتێك نەخەینە ڕوو، هیوادارم قسەکانم دڵگرانت نەکات.

PDF 4 KURD

کاتێك کۆتایی بەمگفتوگۆیە هات، "موسا"ی پزیشك خۆی هەڵدایە نێوەندی گفتوگۆکەیانەوە و بابەتی گفتوگۆکەی گۆڕی و لەموسا پرسی: بەهەرحاڵ گوێمان لەوە بوو کە باست کرد، ئەی نیوە ناوەکەی تر چیە.

موسا وتی: لەبەرئەوەی دایکم سەرکەوتنی لەتەواوکردنی ناوەکەمدا نەهێنا بەباشی دەزانم هەر ئەوەبێت کە هەیە.

"ستپ ئاتون"کە تا ئەو ساتە گوێ لەگوتەکانی هاوسەری و میوانەکان دەگرت، هاتە گۆ و وتی: ئێمەی بەتەمەنەکان تەنها دەربارەی ئەو بابەتانە دەدوێین کە خۆمان حەزمان لێیەتی، لەکاتێکدا دوو کەس لەم کۆڕەدا لاون"موسا"ی میوانی خۆشەویست و کچەکەم"مریت ئاتون"یش لەم کۆڕەدا بەشدارن، با ڕێیان پێبدین ئەوانیش تێڕوانین و هەڵسەنگاندنەکانی خۆیان بخەنە ڕوو، بۆئەوەی ئێمەش باشتر ئاشنای تێڕوانین و شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنەکانیان بین.

هاوسەری"ئاتون موسا"ڕوی کردە کوڕی لاو و وتی: ئەمشەو تریفەی مانگە، مانگ بەهەموو جوانیەکیەوە لەکێو و ڕوبارەوە هەڵدێت. "مریت ئاتون"ی کچیشم دەبێتە ڕێبەرت بۆئەوەی ئاشنای خانو و باخێك بیت کە"نف"ی تەلارساز بۆی دروست کردوین. هەروەها بۆئەوەی دیمەنی دڵڕفێن و لەیادنەچوی دەوروبەرمان لەژێر تریفەی مانگدا تەماشا بکەیت و لەهزری خۆتدا بەجوانی وێنەی بکێشیت.

"موسا"ش بەدەم سوپاسکردنەوە هەستایە سەرپێ و لەگەڵ"مریت ئاتون"ی کچی خانەخوێدا بۆ بینینی خانو و باخ ڕۆشتنە دەرەوە.

PDF 4 KURD

کاتێك دوو نامۆ بەیەکتر ئاشنا دەبن

"مریت ئاتون"ی لاو"موسا"ی برد بۆ ناو باخ، گەشتە لای پلیکانەکە و موسا بردە بەشی خوارەوەی پلیکانەکە و وتی: لەم شوێنەوە هەروەك چۆن بەچاوی خۆت دەبینی ڕوباری نیل ئاشکرا و دیارە.

موسا لێی پرسی: بۆچی لێرەدا پلیکانەیان دروست کردووە؟

"مریت ئاتون"وتی: ئێستا تێدەگەیت، لەبەرئەوەی دەمەوێت لەم ڕێگایەوە بتبەمە شوێنێك کەبەلاتەوە زۆر سەیر بێت.

لەناکاو دیمەنی پەرستگایەکی پایەبەردینی ڕەش سەرنجی موسای بەلای خۆیدا ڕاکیشا و وتی: خۆ ئەوە پەرستگایە.

مریت ئاتون وتی: حەز دەکەیت بڕۆینە ناو ئەو پەرستگایەوە؟

موسا سەری بەهێمای بەڵێ ڕاوەشاند، دوای ئەوە پێکەوە ڕۆشتنە ناو پەرستگاکەوە. موسا تێگەشت کە پایەکانی پەرستگا هەمویان بەبەردی ڕەش دروست کراون، بەڵام زەوی ئەو پەرستگایە بەردی سپی تێدا بەکار هێنراوە و بنمیچەکەشی بونی دەرەکی نیە! بنمیچی پەرستگا وەکو ئاسمان درەوشاوە بوو کە مانگ لەناویدا خۆی دەنواند.

موسا لێی پرسی: بۆچی ئەم پەرستگایە بنمیچی نیە؟

"مریت ئاتون"وتی: ئەم پەرستگایەیان دەقاودەق وەك پەرستگاکانی ڕابردوو دروست کردووە، لەو سەردەمانەدا پەرستگاکانی میسر بەوشێوەیە بنمیچیان نەبوو.

موسا لێی پرسی: تۆ کە ناوت"مریت ئاتون"ە، ئایا تۆش خودا کۆنەکان دەپەرستی؟

PDF 4 KURD

"مریت ئاتون" کە تاو کاتە لە"موسا"ڕانەمابوو لەوکاتەدا تەماشایەکی سەرتاپای کرد و بۆماوەیەکیش بەوشێوەیە تەماشای کرد دوای ئەوە وتی: دودڵم لەوەی کە دەمەوێت پێتی بڵێم!

موسا لێی پرسی: بۆچی دودڵی؟وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە.

مریت ئاتون وتی: تۆ کەسێکی ئاسایی نیت، لەبەرئەوەی لەکۆشکی فەرمانڕەواییەوە لەگەڵ هێزێکی سەربازی میسردا هاتویت بۆ ئێرە، بەڕوکەش وا دێیتە بەرچاو کە تۆ شازادەی فیرعەونیت، سەرەڕای ئەوەی من تائێستا چاوەم بەشازادەیەك نەکەوتووە.

موسا پرسی: هەرئەوەش هۆکاری دودڵی تۆیە؟

مریت ئاتون وتی: بەڵێ.

موسا لەنێو پەرستگایەکی بێ بنمیچدا تەماشایەکی ئاسمانی کرد، ئاسمان سایەقەبوو و مانگیش بەپێی پێویست پەرستگای ڕوناك کردبویەوە. لەوکاتەدا موسا نۆقمی بیر و ئەندێشەکانی خۆی بوو، کاتێك"مریت ئاتون"ی ڕێبەری بانگی کرد ڕاوەشا و هاتەوە سەرخۆی.

مریت ئاتون پێی وت: پێش ئەوەی پێکەوە بڕۆینە شوێنەکانی ترەوە بەئەنقەست تۆم هێنایە ناو ئەم پەرستگایەوە بۆئەوەی جوانترین شوێنت پێی نیشان بدەم، ئەم پەرستگایە بەپێی سەلیقە و داخوازیەکانی دایکم دروست کراوە. دایکم ژنێکی ئایندارە و حەزی دەکرد بۆ پەرستن پەرستگایەکی لێوە نزیك بێت بۆئەوەی نوێژی تێدا بکات.

موسا لێی پرسی: دایکت باوەڕی بەچ ئاینێکە کە ئەم پەرستگایەی بەم شێوەیە دروست کردووە.

مریت ئاتون وتی: بیروباوەڕی دایکم وەك ئەوانەی ڕابردووە و زۆر جیاوازە لەبیروباوەڕی خەڵکی ئەم سەردەمە. ئێمە بیستومانە کە خوداکانی ئێوە لە میسری خوارو و ناوچەی"دەلتا"خوداکانی ئێمەیان شکست پێهێناوە، بەڵام ئێمە لەم ناوچەیەدا نەمانهێڵا خوداکانمان کە لەناوچەکانی ئێوەدا شکستیان خواردووە، دەربکرێن، بۆیە ئێمە هەمان ئەو خودا شکست خواردوانەمان پاراستووە،

PDF 4 KURD

لەبەرئەوەی دەمانزانی ئەم خودایانە جگە لەمیسری سەرو هیچ شوێنێکی تریان نیە بۆی بڕۆن. خوداکانی ئێمە لەبەرامبەر خوداکانی ئێوەدا شکستیان خوارد، ئەوە کارێکی ڕون و ئاشکرایە، بەلام هەمان ئەم خودا شکست خواردوانە خزمەتێکی زۆریان بەمیسر گەیاندووە و بونە هۆی سەرکەوتنی بەرەکەت و شانازی میسریەکان، هەر لەبەرئەوەش دەبێت بەرگریان لێ بکرێت.

موسا وتی: دایکت کە داوای کردووە ئەم پەرستگایەی بۆ دروست بکەن، بەدڵنیاییەوە بەڵگەیەکی بۆ بێ بنمیچی ئەم پەرستگایە هەبووە. وانیە؟

مریت ئاتون وتی: تەنها لاسایی کردنەوەی پەرستگا کۆنەکانە.

موسا لێی پرسی: تۆش وەکوو دایکت خودا کۆنەکان دەپەرستی؟

مریت ئاتون وتی: بەڵێ، منیش وەکوو دایك و باوکم خودا کۆنەکان دەپەرستم...

دوای ئەوەی مریت ئاتون بەردەوامی بەگوتارەکانی خۆی دا و وتی: هێزەکانی فیرعەون هاتن بۆ میسری سەرو و کوشت و کوشتاریان خستە نێو ئەو کەسانەی باوەڕیان بەخوداکانی کۆن بووە، بەلایەنی کەم پێت بنایە بەهەرشوێنێکی ئەم زەویەدا پێت لەخوێنی خەڵکیەوە دەگەوزا، ژن، پیاو، منداڵ هەموویانیان بەشمشێر لەت و پەت کردبوو، بەشێوەیەك کاتێك سەربازەکان ئەو ناوچانەیان بەجێ هێشت ئەو ناوچەیە بێ دانیشتوان مایەوە و چوڵ بوو. کەواتە پێش هێرشی فیرعەون بۆ سەر ئەوانەی لەمیسر سەرو بەدرێژایی ڕوباری نیل خودا کۆنەکانیان دەپەرست کە سەدان گوند و ئاوایی و جوتیارانی چالاکی تێدا دەژیا، بەلام سەربازەکان گوندەکانیان وێران کرد و خەڵکەکانیان کوشتن و بەرهەمەکانیان بەتاڵانی بردن، ماڵەکان وێران بون و کێڵگەکان وشك بون و ئەو ناوچە دوورودرێژە گۆڕا بە بیابانێکی وشك. سەیر لەوەدایە دژمنایەتی فیرعەون لەبەرامبەر ئەم جۆرە خەڵکانەدا دژمنایەتیەکی بێ بنەما و کوێرانە بوو، بۆچی؟ لەبەرئەوەی بەلایەنی کەم دەیتوانی سود لەهێزی لاوەکانیان بۆ کارگەلێکی زۆر وەرگرێت بەتایبەت بۆ گواستنەوەی بەرد کە حەزی لەبنیات نانی کۆشکە بەردینەکان بوو. بەلام ئەمەشی لەبەرچاو نەگرت، بەڕاستی هزرێکی کوێری هەبوو و ئەوانیشی کوشت. ئێستا ئەی موسا تۆش لێم دەپرسی باوەڕم بەچ خودایەکە. من نەمدەویست بزانم تۆ باوەڕت

PDF 4 KURD

بەچ خودایەکە، دەتەوێت بیانویەك بۆخۆت بدۆزیتەوە و بەناونیشانی کوڕی فیرعەون بمکوژیت.

موسا وتی: نەخێر وانیە، نەمدەویست بزانم تۆ چ بیروباوەڕێکت هەیە، هەروەها نەمدەویست لەڕێی ئەم پرسیارەمەوە هەندێك بەڵگەت لێ بەدەست بهێنم. بەهیچ شێوەیەك وان نەبووە.

"مریت ئاتون"تەماشایەکی"موسا"ی کرد دوای ئەوە ڕوی لێ وەرگێڕا.

موسا لێی پرسی: "مریت ئاتون"ئایا تۆ ڕقت لەمنە؟

مریت ئاتون وتی: بۆچی ڕقم لێت بێت، تۆ میوانی ئێمەیت و تائەوکاتەی میوانمان بیت بەڕێز و خۆشەویستیەوە مامەڵەت لەگەڵدا دەکەین، بەڵام ئەوەش بزانە تائێستا ئەم جۆرە گفتوگۆیانەم لەگەڵ هیچ میوانێکدا نەکردووە، تۆ تاکە میوانێکیت کە لەگەڵ مندا تەنها بێتەدەرەوە و وەك کەسێکی نهێنی پارێز و خۆمانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەم. کاتێك تۆ گفتوگۆت لەگەڵ باوکمدا دەکرد وتت فیرعەون لەگەڵ تۆ و دایکتدا میهرەبان نەبوو و ئەوەش تاکە پاڵنەرێکە کەوای لەمن کرد ئەم جۆرە گفتوگۆیانەت لەگەڵدا بکەم و هۆکارەکەی بزانم. هەمان ئەم دژمنایەتیەی فیرعەون لەگەڵ دایکتدا ئەو بوێریەی بەمن بەخشی بەوشێوەیە لەگەڵ تۆدا دەربارەی هەندێك بابەتی تایبەت و دەرونی بدوێم.

موسا وتی: کەواتە بۆچی ناوی خوداکەی خۆتت لێ شاردمەوە و بەم بۆنەیەوە پەیڕەوی چ جۆر خودایەك دەکەیت؟

مریت ئاتون وەڵامی دایەوە: فیرعەون لەگەڵ دایکتدا ژیانی هاوسەری پێکهێنا و تۆش بەرهەمی ئەو ژیانی هاوسەریەتیەی و خوێنی فیرعەون لەخوێنبەرەکانتدا هاتوچۆ دەکات. بەڵام لەبەرئەوەی دەزانم فیرعەون چ تێڕوانینێکی لەبەرامبەر خوداکاندا هەیە، بۆیە ناچاربوم ناوی خوداکەمت پێ نەڵێم، باوکت تەواوی خەڵکی ئەو ناوچەیەی کوشت. لەوانەیە ڕۆژێك بێت تۆش هەمان کار بکەیت.

موسا وتی: ڕاستیەکەی ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی من بەشازادە بانگ دەکەن، بەڵام کوڕی فیرعەون نیم!

مریت ئاتون وتی: تۆ کوڕی فیرعەون نیت؟

PDF 4 KURD

موسا بەسەری وەڵامی نەخێری دایەوە.

ئەمجارەیان"مریت ئاتون"بەشێوەیەکی تر هەمان پرسیاری لێکردەوە و وتی: مەگەر باوکت ژیانی هاوسەری لەگەڵ دایکتدا پێك نەهێناوە؟

موسا وتی: با، ژیانی هاوسەری لەگەڵدا پێکهێناوە!

مریت ئاتون وتی: کەواتە خوێنی فیرعەون لەخوێنبەرەکانتدا لەحاڵی خۆراشاندایە، وانیە.

موسا وتی: نەخێر، لەبەرئەوەی من کوڕی فیرعەون نیم!

مریت ئاتون وتی: ئەمرۆ بەگوێکانی خۆم بیستم"ستی کف"فەرماندەی هێزی سەربازی وتی تۆ کوڕی فیرعەونیت.

موسا بۆی ڕونکردەوە: دڵنیابە لەوەی کە من کوڕی فیرعەون نیم، ئەمرۆ زۆرباش دەتوانم پەی بەوە ببەم کە فیرعەون پێش ئەوەی بزانێت دایکم"ئاتون"پەرستە خۆشی ویستووە، دوای ئەوەی ئاگاداری ئەوە بوو کە دایکم ئاتون پەرستە کوشتی، بەڕاستی دایکم ئاتون پەرست بوو و دەیویست لەهەلێکی گونجاودا ناوی"ئاتون موسا"م لێ بنێت، بەلام فیرعەون ڕێی پێ نەدا... "مریت ئاتون"لەوکاتەدا زۆر بەتێڕامانەوە گوێی لێگرتبوو و"موسا"ش بەردەوامی دا بەقسەکانی: لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا کاهینی مەزن کە ناوی"ئامون تپ"بوو ئەویش بەهەمان شێوە"ئاتون"پەرست بوو. کاهینی مەزن دەستەڵات و کاریگەریەکی تەواوی بەسەر کاهینەکانی تری کۆشکدا هەبوو، تا ئەوکاتەی پەییان بەوە برد کە ئەو"ئاتون"پەرستە و دوای ئەوەی فیرعەونیان بەگوزارشتێك لێ ئاگادار کردەوە، ئەویش درێخی نەکرد و سەری براوی لەناو سەبەتیەکدا بۆ ناردم، بۆئەوەی تێمگەیەنێت هەرکەسێك"ئاتون"پەرست بێت ئەوە سزاکەیەتی.

دوای ئەوەی موسا دوپاتی کردەوە: تۆ وات دەزانی بۆئەوە هاتوم تا سیخوڕی بەسەر ئێوەدا بکەم! بەلام ئێستا دڵنیابە لەوەی کە ئەوە تۆیت گیانی منی لەدەستدایە نەك من.

مریت ئاتون لێی پرسی: بەچ شێوەیەك من گیانی تۆم لەدەستدایە.

PDF 4 KURD

موسا وتی: ئەگەر تۆ بە"ستی کف"بڵێیت موسا"ئاتون"پەرستە و ئەوەی لەبارەی دایك و باوکم بۆم گێڕایتەوە کە زۆر نهێنی ئامێزە، ئەوی لێئاگادار بکەیتەوە، هەروەها ئەوەشی بۆ بگێڕیتەوە کە بڕیاربوو ناوی"ئاتون موسا"لەخۆم بنێم، دوای ئەوە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی فیرعەوندا دانیشم، بەدڵنیاییەوە"ستی کف"یەکسەر فەرمانی دەستگیرکردنم بۆ دەردەکات و ڕوانەی فیرعەونم دەکات، بۆئەوەی ئەو سزایەی پێی نیشان دام بەسەر منیشدا کرداری بکات.

مریت ئاتون لێی پرسی: ئەی موسا خۆت دەتزانی ئاشکراکردنی ئەم جۆرە نهێنیانە چ کێشمەکێشێك لەدوای خۆیانە دەهێنن، بۆچی منی لێ ئاگادار دەکەیتەوە؟

موسا وتی: هەرئەوەی ئەمڕۆ چاوم بەتۆ کەوت هەستم بەوەکرد لەنێو ئەو هەموو کەسانەی تائەمڕۆ چاوم پێیان کەوتووە و مامەڵەم لەگەڵدا کردون، تۆ تەنها کەسێکیت کە دەتوانم متمانەی پێ بکەم و دڵنیاشم لەوەی بۆ هیچ کەسێکی ناگێڕیتەوە.

مریت ئاتون بێدەنگ بوو.

"موسا"ش کەمێك لێی دور کەوتەوە و پێی وت: کەواتە بەبینینت جۆرێك هەستی نامۆ لەمندا وروژا، هەستێك کە زۆر خۆشحاڵی کردم.

مریت ئاتون وتی: لەوەیکە بومە هۆی ئەوەی نهێنیەکانی خۆتم بۆ بگێڕیتەوە داوای لێبوردنت لێدەکەم، بەڵام بە بینینت زۆر خۆشحاڵ بوم.

موسا وتی: ئەوە هەمان ئەو ڕستیە بوو کە دەمویست بیڵێم بەڵام بەنیوە چڵی هێڵامەوە.

مریت ئاتون وتی: ئێستاش کاتی ئەوەیە لەم پرستگایە بڕۆینە دەرەوە...

ئەو دوانە چونە سەر ترۆپکی بەرزاییەك کە ڕوباری نیل لەبەردەمیاندا خرۆشان ڕێگای خۆی گرتبووە بەر.

PDF 4 KURD

موسا تەماشایەکی"مریت ئاتون"ی کرد و وتی: لەو ساتەوەی تۆم لەو ژورەدا بینی و باوکت تۆی پێناساندم، هەست دەکەم لەوساتە بەدەواوە هێزێک من بەئاراستەی تۆدا پەلکێش دەکات، حەز دەکەم جارێکی تر چاوم پێت بکەوێت.

مریت ئاتون وتی: ئەی موسا منیش هەمان هەستی تۆم هەیە، بەڕاستی هەستێکی هابەشی سەیر لەنێوانماندا هەیە.

موسا لێی پرسی: بۆچی سەیرە؟

مریت ئاتون وتی: سەردەمانێك چیرۆکێکیان بۆ گێڕامەوە، بیستم ڕۆژێکیان کوڕ و کچێك لەشوێنێکدا چاویان بەیەکتری دەکەوێت، ئەو دوانە بێئەوەی پێشوەخت ئاشنایەتیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت ئاشقی یەکتری دەبن، من وەك ئەفسانەیەك گوێم لەم چیرۆکە دەگرت و هەرگیز لەوباوەڕەدا نەبوم دوو کەس بێئەوەی چەندجارێك چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکتردا بکەن بتوانن بەوشێوەیە شەیدای یەکتری بن، بەڵام هەمان ئەو ئەفسانەیە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بەسەرخۆمدا ڕوودەدات، بەڕاستی من خوازیاری تۆم. هەڵبەت بابەتێکی تریش هەیە، دایك و باوکیشم پێشتر یەکتریان نەبینیبوو، بەڵام دوای ئەوە ئاشقی یەکتری دەبن و زۆریش خۆشحاڵن، نازانم ئایا دایك و باوکم دەتوانن پەی بەوە ببەن کە چ هەستێك بەسەر من و تۆدا زاڵ بووە؟

موسا وتی: تۆ ڕاست دەکەیت ئەوان بێئاگان لەوهەستەی بەسەر من و تۆدا زاڵ بووە، بەڵام دەمەوێت بڵێم وەك بڵێی ساڵهایە تۆ دەناسم...

"مریت ئاتون"یش هەمان ڕستەی دوبارە کردەوە.

لەناکاو موسا بەترسەوە خۆی کێشایە دواوە و وتی: پێم بڵێ ئایا تۆ دەستگیرانی هیچ کەسێك نیت؟

مریت ئاتون وتی: نەخێر، بۆچی ئەم پرسیارەم لێ دەکەیت؟مەگەر نازانی لەسەرتاپای میسردا هیچ خێزانێك ئامادە نیە پەیوەندی خێزانی لەگەڵ "موسا ئاتون"ی پزیشك لەبەرهەمان زاراوەی"ئاتون"بەرقەرار بکات، هەرکەسێك ناوی"ئاتون"ببیستێت هەڵدێت چ بگات بەوەی کەسی خوازبێن کچی خێزانێکی"ئاتون"ی بێت!

PDF 4 KURD

موسا وتی: بەڵام من ئەو ناوەم خۆش دەوێت، بەلای منەوە باشترین ناو هاوشێوەی ناوی "ئاتون"ە.

مریت ئاتون لێی دەپرسێت: ئەی موسا کەسوکارەکەت ناڕازی نابن لەوەی پەیوەندی خێزانی لەگەڵ کچێکی "ئاتون"یدا پێك بهێنیت؟

موسا وتی: کەسوکارم لەژیاندا نین تا نەرەزایی خۆیان لەمبارەیەوە دەربڕن، نە دایکم زیندووە و نە باوکم، لەبەرئەوەش هیچ ڕێگریەك لەبەردەم پێك هێنانی ژیانی هاوسەری من لەگەڵ تۆدا بەدی ناکرێت.

دوای ئەوە لە"مریت ئاتون"ی پرسی: ئایا ئامادەیت ژیانی هاوسەری لەگەڵ مندا پێك بهێنیت؟

مریت ئاتون سەری دانەواند و زەردەخەنەیەکی کرد.

موسا وتی: کەواتە لەم ساتە بەدواوە من و تۆ دەستگیرانی یەکترین، هەڵبەت بەمەرجێك دایك و باوکت ڕازی بن.

مریت ئاتون وتی: باوکم منی زۆر خۆشدەوێت و هەمیشە هەوڵ دەدات خۆشحاڵم بکات، بێگومان ئەویش بەم پەیوەندیەمان ڕازی دەبێت، چونکە بەپیاوێکی چاك هاتیتە بەرچاوم.

موسا وتی: ئەی"مریت"من پیاوێکی چاك نیم.

مریت ئاتون وتی: هیچ پیاوێك ناتوانێت پەی بەوە ببات کە ئایا پیاوێکی چاکە یان خراپ، بەڵکو ئەوە کەسانی ترن کە ڕەفتارەکانی هەڵدەسەنگێنن و پەی بەوە دەبەن کە مرۆڤێکی چاکە یان خراپ.

موسا لێی پرسی: ئایا کاتێك خۆم کرد بەماڵی ئێوەدا پەیت بەوە برد کە من پیاوێکی چاکم یان خراپ؟

مریت ئاتون وتی: بەڵێ.

موسا وتی: ئەی کەواتە بۆچی لەمن بەگومان بویت؟

مریت ئاتون وتی: لەبەرئەوەی ئەم دیدار و هەستە دوو شتی چاوەڕوان نەکراو و کوتوپڕ بوو، بۆیە کەمێك تێکی دابوم، وەك هەورە گرمە، وەك هەڵهاتنی خۆر، کاتێك کوڕی فیرعەونم لەماڵی خۆماندا بینی، هەموو ئەو کارەساتانەی بۆم باسکردی

PDF 4 KURD

هاتنەوە یادم، بەڵام کاتێك خۆتم بینی هەستێکی باش لەمندا دروست بوو، بەڵام نادیار و پرسیار وروژێن بوو کە بۆچی هاتووە بۆ ماڵی ئێمە؟ هەرکەسێکی تر لەباتی من بوایە هەمان تێڕوانینی لا دروست دەبوو، دوژمنایەتی فیرعەون لەگەڵ"ئاتون"پەرستەکاندا گەشتووەتە ڕادەیەك بگرە چوونی کوڕەکەی بۆ هەرشوێنێك ترس دروست دەکات... دوای ئەوە مریت ئاتون وتی: ناتەوێت باسی سەردەمی منداڵی خۆتم بۆ بکەیت؟ باسی"ئنخاس ئامون"ی دایکتم بۆ بکە.

موسا وتی: من تاکە ئیشق و هیوای دایکم بوم، کاتێك وردە وردە گەورە بوم و خۆمم ناسی"ئامون تپ"کاهینی مەزنم ناسی و زۆر پێیەوە پەیوەست بوم، ئەویش لەکانگای دڵیەوە منی خۆشدەویست، ڕۆژێکیان لەگەڵ تەلارسازی ماڵەکەی ئێوەدا"نف" لەکەنارە جوانەکەی ڕوباری نیلدا پیاسەمان دەکرد، کاتێك گەشتینە شوێنێکی دیاری کراو"نف"ی تەلارساز ڕاوەستا و نهێنیەکی زۆر مەزنی بۆ گێڕامەوە. دوای ئەوە لەشوێنێکدا لەگەڵ کوڕێکی فیرعەوندا بەشەڕ هاتم و بەدارێك شمشێرەکەم لێسەند! و دەستێکیم شکاند، فیرعەون بەم ڕەفتارەم زۆر تورە بوو و منی بەناوی فەرماندەی گالیسکەوانان، کە لەڕاستیدا بەناونیشان دورخستنەوەم لەکۆشك، ناردمی بۆ ئێرە و چیتر ڕێم پێنادرێت بگەڕێمەوە بۆ پایتەخت.

"مریت ئاتون"تەماشای ئاسمانی کرد و دەستی بۆمانگ ڕاکێشا و وتی: ئێستا کات گەشتووەتە نیوە شەو و چەند کاتژمێرێکی تر ڕۆژ دەبێتەوە، ئێستا چی بکەین؟

موسا وتی: تۆ بڵێ چی بکەین؟

مریت وتی: تۆ بڕۆ لەبارەی منەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکە.

موسا لێی پرسی: دەبێت سەرەتا دڵنیابم لەوەی ئایا بەڕاستی منت دەوێت، بۆئەوەی لەلای باوکت داوای دەستی تۆی لێبکەم؟

مریت ئاتون وتی: بەڵێ دڵم گەواهی ئەوەم بۆ دەدات کە تۆم دەوێت و لەتۆ باشتریشم دەست ناکەوێت.

موسا لێی پرسی: بەبۆچونی تۆ چ کاتێك دەتوانم لەبارەی تۆوە لەگەڵ باوکتدا گفتوگۆ بکەم؟

PDF 4 KURD

مریت ئاتون وتی: هەرئێستا.

موسا پرسی: مەگەر تا ئێستا نەخەوتووە؟

مریت ئاتون وتی: تا من نەگەڕێمەوە بۆلایان ناخەون، سەرەڕای ئەوەش باوکم لەگەڵ"ستی کف"دا ئەوەندە قسەی هەیە لەگەڵیدا بیکات کە بەم زوانە ماوەی ئەوەی نابێت بخەوێت، گەرچی ئەودوانە لەڕوی دەرونیەوە لەگەڵ یەکدا زۆر جیاواز و دژ بەیەکن، بەڵام لەهەندێك بابەتەدا ماوەیەکی زۆر درێژە دەکێشێت.

موسا پرسی: دوو کەس کە لەڕوی دەرونیەوە دژی یەکتر بن، بەچ شێوەیەك دەتوانن ئەو هەموو ماوەیە لەگەڵ یەکتردا بدوێن؟ ئەوە بەلاتەوە سەیر نیە؟

مریت ئاتون وتی: باوکم لەڕوی دەرونیەوە کەسێکی نەرمونیانە، ئەم نەرم و نیانیە لەپیشەی پزیشکیەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام"ستی کف"کەسێکی زبر و بێبەزەییە کە تائێستا سەدان کەسی بەدەستی خۆی کوشتووە بێئەوەی بەداخ بێت لەبەرامبەر ئەو ڕەفتارەی لەبەرامبەر مرۆڤدا دەینوێنێت، بەڵکو تاوانکردن بەبەشێك لەشانازیەکانی لەقەڵەم دەدرێت! مریت ئاتون دوای ئەوە وتی: بەڵام باوکم بەڕادەیەك بەبەزەیی و میهرەبانە کاتێك لەشوێنێکەوە تێدەپەڕێت جوان لەدەوروبەری خۆی ورد دەبێتەوە بۆئەوەی نەوەکوو مرۆچەیەك لەکاتی کێشانی خۆراکەکەیدا بشێلێت.

دوای ئەوە لەناکاو بابەتی گفتوگۆکەی گۆڕی و وتی: خۆزگە بتتوانیایە لێرە بمێنیتەوە!

موسا وتی: سبەی لێرە دەڕۆم، بەڵام بەڵێنت پێدەدەم دەگەڕێمەوە و بگرە سوریشم لەسەر ئەوەی بگەڕێمەوە..... دوای ئەوە موسا ئەنگوستیلەیەکی لەپەنجەی خۆیدا دەرهێنا و وتی: مریت!ئەم ئەنگوستیلەیە بەلامەوە زۆر بەهادارە، بگرە بەلای منەوە بەهادارترین شتە، چونکە سالأنێکە لەپەنجەی دایکمدا بووە و ئێستاش بەناونیشانی ئەنگوستیلەی دەستگیرانداری پێشکەشی تۆی دەکەم، بۆئەوەی بیکەیتە پەنجەتەوە.

مریت ئەنگوستیلەکەی ماچ کرد و وتی: سوپاست دەکەم، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە قسە لەگەڵ باوکمدا بکەیت... مریت کەوتە ڕێ و"موسا"ش ویستی لەگەڵ

PDF 4 KURD

ئەودا بڕوات، بەڵام"مریت"ڕێی پێنەدا و بەم شێوەیە بۆی ڕونکردەوە: باشتروایە بەتەنهایی بمبینن و تۆش بەتەنهایی بڕۆ. موسا چەند ساتێك دوای ئەوەی"مریت"کەوتە ڕێ، ئەویش ڕێگای ماڵی"ئاتون موسا"ی گرتەبەر، کاتێك لەماڵی"موسا"ی پزیشك نزیك بویەوە، دەنگی گفتوگۆی لەناو ماڵەکەدا بیست، "ستی کف" و "ئاتون موسا"ی پزیشك سەرقاڵی گفتوگۆ بون و دەنگیشیان زۆر ڕون و ئاشکرابوو، موسا لەهەمان ئەو شوێنەدا ڕاوەستا تا کۆتایی بەو گفتوگۆیە نەیەت، خۆی نەکات بەژوردا...

ستی کف دەیوت: ناتوانم لەبارەی شتێك بدوێم کە ئەزمونم تێیدا نەبێت، بەڵام ئەگەر لێم بپرسی چەند چەرخ لەژێر گالیسکەدایە و قەبارەیان چەنێکە، دەتوانم بۆماوەیەکی دورودرێژ لەبارەیەوە بدوێم، بەڵام ئەگەر سادەترین پرسیاری پزیشکیم لێ بکەیت، بێدەنگ دەبم.

ئاتون موسا وتی: زۆرجار ئارەزوی ئەوەم دەکرد تۆ پزیشك بویتایە، دۆستێکی کۆن و پزیشکێکی دودڵ!

ستی کف لێی پرسی: لەچ ڕویەکەوە ئەم ئارەزوەت بۆ خواستم؟

موسای پزیشك وتی: چونکە ئەو وردبینی و دودڵیەی هەتە بەکەڵکی پزیشکی دێت و دەبویتە یەکێك لەگرنگترین پزیشکەکان، منیش پشتگیری بیروبۆچونەکانتم دەکرد، هەروەها لەڕوی زانستی پزیشکیەوە پێشتر شکستت دەهێنا و لەخەو و خەیاڵدا نەدەمایتەوە.

ستی کف وتی: مەبەستت لەخەو و خەیاڵ چیە؟

ئاتون موسا وتی: مەبەستم ئەوەیە ئەوەندە دەورو و خولی ئەفسانەکانت نەدەدا، بەڵکو لەباتی ئەفسانە پەیت بەڕاستیەکان دەبرد و بەئاڕاستەی گەشە و پێگەشتن هەنگاوت دەنا، باوەڕهێنان بە ئەفسانەکان مرۆڤ بەرەو گەندەڵی و لەناوچون دەبات،

ستی کف وتی: پێم بڵێی بەچ شێوەیەك بیروبۆچونێك دەتوانێت مرۆڤێك لەناو ببات؟

"موسا"ی پزیشك وتی: نمونەیەکت بۆ دەهێنمەوە بۆئەوەی ئەم بابەتەت باشتر بۆ ڕون ببێتەوە، ئەم نمونەیە گریمانە نیە، بەڵکو ئەزمونی خودی خۆمە لەبارەی

PDF 4 KURD

پەیوەندی من لەگەڵ باوکمدا. باوکم و باپیرەم سەرقاڵی پیشەی پزیشکی بون، هەڵبەت ناتوانم بەتەواوی دیاری بکەم مێژوی وانەی زانستی پزیشکی لەمیسردا لەچ کاتێکەوە دەست پێدەکات، بەڵام دەزانم کە میسر یەکەمین وڵاتە زانیستی پزیشکی تێدا خوێنراوە، لەوانەیە ئەم دێرینیەی بگەڕێتەوە بۆ سێ تا چوار هەزار ساڵ لەوەوپێش، بەداخەوە ئەم سەرەتایە کەمێك ئاوێتەی ئەفسانە بووە، بۆنمونە دەیانوت ئەو دەنگەی کە لەسنگمانەوە دەردەچێت دەنگی "ئامون"ە! بەڵام هیچ کەسێك هەوڵی ئەوەی نەدا پەی بەوە ببات کە دەنگی ئێمە لەسینەی "ئامون"ەوە دەرناچێت، بەڵکو لەقوڕگ و دەزگای دەنگی خۆمانەوە سەرچاوە دەگرێت، دڵی ناو سینەمان بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە دەنگ و دروستکردنی دەنگەوە نیە. بیهێنەرە بەرچاو خۆت ئەگەر بەدرێژایی ئەم چەند هەزار ساڵە هەربەوشێوەیە ئەفسانە ئاوێتەی زانستی پزیشکی نەبوایە و پزیشکەکانمان بەشێوەیەکی لۆژیکیانە لێکۆڵینەوەیان لەدڵ بکردایە لەئێستادا چ خزمەتێکی مەزنی بەمرۆڤ گەیاندبوو. ئەوکات ئەمڕۆ من کە پزیشکم ئاگاداری ئەوە دەبووم دڵ بۆچی و لەبەرچی لەناکاو دەوەستێت و مرۆڤ بۆچی دەمرێت، بەدڵنیاییەوە هۆکارەکەیم دەزانی و نەمدەهێشت کەسی نەخۆش بمرێت. بەدرێژایی ئەو ماوە کورتەی کە لێکۆڵینەوەم لەسەر دڵ کردووە، دەتوانم بەبیستنی ترپەی دڵی خەڵکی پەی بەهەندێك لەهۆکاری نەخۆشیەکانیان ببەم.

ستی کف وتی: لەبیرمە جارێکیان گوێت بەسینەمەوە چەسپاند، دوای ئەوەی چەند ڕاسپاردەیەکت لەبارەی دڵمەوە پێدام.

"ئاتون موسا" وتی: سڵاو لەفەرماندەی خۆشویست، لەبیرتە پێم وتی خۆت لەتوڕەیی وماندویەتی و وروژانەکان دور پەرێز بکرە.

ستی کف وتی: من سەربازم و تەواوی ئەم بابەتە قەدەغەکراوانە بەشێکە لەبونایەتی هەموو سەربازێك، بێ ئەمانە سەربازەکان ناجوڵێن و گوێڕایەڵی فەرمانەکان نابن. جەنگ بەواتای وروژان و توڕەیی و جوڵە و بزاوت دێت.

PDF 4 KURD

"ئاتون موسا"وتی: تەواوی ئەو شتانەی بۆم باسکردی ئیتر بەشێك بێت لەپیشەی سەربازی یان نە، زانستی پزیشکی دەڵێت ئەم جۆرە شتانە زیانت پێدەگەیەنێت، لەگۆڕەپانی جەنگدا وروژان لەناوت دەبات.

ستی کف وتی: ئەی سەروەری پایەبەرز، دەزانم، سەرەڕای ئەمانەش ناتوانم دەست لەجەنگ هەڵگرم، من هەر لەسەرتاوە خۆم بۆ لەناوچون ئامادەکردووە، بگرە گۆڕەکەشم کڕیوە بۆئەوەی کاتێك مردم مۆمیام بکەن، بگرە وەستای مۆمیاکەشم دەستنیشان کردووە... دوای ئەوە پرسیارێکی کرد: ئایا وەك پزیشکێك ژیانی دوای مەرگ بەچ شێوەیەك لێك دەدەنەوە؟ ئایا دوای ئەوەی مردین زیندوو دەبین و دوبارە هەڵگری هەمان ئەم خواستانە دەبینەوە؟

دوای بیستنی ئەم پرسیارە موسا وردبویەوە بۆئەوەی بزانێت وەڵام"ئاتون موسا"چیە، "ئاتون موسا"ش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: ئەوە یەکێکە لەنادیاریەکان، لەڕاستیدا وەڵامی ئەم پرسیارەم بەدەست نەهێناوە و بەردەوامیش هەوڵی بەدەست هێنانی دەدەم بۆئەوەی بزانم، ئەوەی دەبێت بیزانم ئەوەیە کە دەبێت هەوڵی پاراستنی تەندروستی و بەردەوامی ژیان بدەم. هەروەها هەوڵی ئەوەش دەدەم خەڵکی لەو دەرد و ئازارەی پێیەوە دەناڵێنن ڕزگار بکەم، ئەو پرسیارەی لێت کردم لەڕاستیدا لەڕیزی ئەو جۆرە پرسیارانەیە کە لەسەروی توانا و دەسەتەڵاتی ئێمەیە و خۆشت ئامـاژەت بـەوەدا کـە لـەدەرەوەی سـنوری زانیاریەکانتانەوەیە. من هەرکاتێك گوێ لەترپەی دڵی هەر کەسێك بگرم، ئەگەر ئەو کەسە نەخۆش بێت، ئەوا دوای ئەوەی کۆچی دوایی کرد کاتێك لەمردووخانەدا مومیای دەکەن دەڕۆم بۆئەوەی بزانم هۆکاری نەخۆشی دڵی چی بوو. سەرەڕای ئەوەش هەرکاتێك یەکێك لەخەڵکی"کوش"یان"لیبیا"کۆچی دوایی دەکات سینەیان لەت دەکەم و چەند لێکۆڵینەوەیەکی جۆراوجۆر لەسەر لاشەیان ئەنجام دەدەم، ئەوکات فەرمانیان پێدەدەم لەشەیان بەخاك بسپێرن، چونکە خەڵکی ئەم ناوچەیە باوەڕیان بە"مومیا"نیە و مردوکانیان هەر بەوشێوەیە دەنێژن...

ستی کف وتی: بەهەرحاڵ لەبەرئەوەی من پیاوی گۆڕەپان جەنگەکانم و لەهەرساتێکدا لەوانەیە بەتیرێك یان نێزە گیان لەدەست بدەم، بۆیە گۆڕی خۆمم

PDF 4 KURD

کرێوە و ئامادەم کردووە، ئێستاش ئەگەر ڕێم پێبدەیت زۆر ماندوم و دەمەوێت بخەوم.

خانەخوێش وتی: ژورە تایبەتەکەت بۆ ئامادە کراوە، دەتوانی تا چەنێك خۆت بتەوێت تێیدا بخەویت، بەلام من چاوەڕێ "مریت"ی کچم دەکەم کە لەگەڵ"موسا"دا ڕۆشتووە بۆ پیاسە بگەڕێتەوە دوای ئەوە دەخەوم.

"ستی کف"دوای گوتنی شەوێکی شاد ڕۆشتە ژورەکەی خۆی خەوت و"ئاتون موسا"ش لەبەردەم هەیوانەکەیدا بەدەم تەماشاکردنی ڕوباری نیل ڕاوەستا و گوێی لەدەنگێك بوو و دوای ئەوە بینی موسا خەریکە لێی نزیك دەبێتەوە.

"ئاتون موسا"هەر بەوشێوەی کە تەماشای ڕوباری"نیل"ی دەکرد وتی: هیوادارم ئەمشەوت بەخۆشی تێپەڕاندبێت.

موسا وتی: سوپاسگوزاری میوانداری و پێشوازیکردنەکەتم، بەهۆی ئەوەی تا ئێستا تۆم بەبێداری هێلاوەتەوە داوای لێبوردنت لێدەکەم.

"ئاتون موسا"ش ڕویکردە موسا و وتی: میوان لەلای ئێمە خۆشەویست و بەڕێزە، ئێمە چێژ لەو ساتانە وەردەگرین کە دەبینین میوانەکانمان چێژ لە پێشوازی و میوانداریەکانمان وەردەگرێت.

موسا کە لەخانەخوێ نزیك بوبویەوە بەدودلی و لەرزێکەوە دەیویست داوای دەستی"مریت"ی کچی بکات و بەهۆی نەشارەزایی و بێئەزمونیەوە، بێ هیچ پێشەکیەك وتی: من کچەکەی تۆم دەوێت، دەمەوێت بۆ هەمیشە لەگەڵ مندا بژیت!

موسا ئەم گوتانەی بەڕادەیەك توند و تیکەڵ و پێکەڵ و بەپەلە هێنایە زمان، کابرای خانەخوێ بەجوانی لەمەبەستی تێنەگەشت و"ئاتون موسا"ش بەهەڵە لەمەبەستەکەی تێگەشت و وتی: ئەوە پاداشتی میوانداری و پێشوازی من بوو، ئایا ئەوە نەریت و ڕەوشتی مرۆڤە تا تۆ بەوشێوەیە ڕەفتاری سوکایەتی ئامێز لەبەرامبەر کچەکەمدا بنوێنی؟

PDF 4 KURD

"موسا"ش لەدڵگرانی و نیگەرانیاندا کەوتە پاڕانەوە و وتی: داوای لێبوردنت لێدەکەم، من مەبەستم ئەوە نەبوو، بەهەڵە لێم تێمەگە، دەمەوێت داوا دەستی کچەکەتان لێ بکەم، بەڵام لەڕاستیدا نازانم بەچ شێوەیەك پێتان ڕاگەیەنم.

"ئاتون موسا"ش لەوکاتەدا هێور بویەوە. "موسا"ش کاتێك بینی باوکی"مریت"لەمەبەستی تێگەشت هاتەوە سەرخۆی.

"ئاتون موسا"وتی: لەوەیکە بەهەڵە لەمەبەستت تێگەشتم داوای لێبوردنت لێدەکەم، بەلاتەوە سەیر نەبێت چونکە هاتنی تۆ بۆ ناو ئەم ماڵە ڕوداوێکی زۆر دەگمەن و چاوەڕوان نەکراو بوو، بەتایبەت بەو شێوەی تۆ لەکۆشکدا پەروەردە کراویت و بەپێی ئەو بێبەند و باریەی کە لەناو کۆشکدا باوە ئەکرێت چاوەڕێی هەموو شتێك لەتۆ بکرێت. منیش بەڕادەیەکی پێویست ئاشنای شێوازی ژیانی کۆشکی فەرمانڕەواییم، ڕەچاوی هەندێك ڕەفتار و بابەت ناکرێت، بۆیە منیش لەوباوەڕەدابوم تۆش بەهەمان ئەو ڕوانگەیەوە لەماڵەکەی مندا ڕەفتار دەکەیت و وامزانی شتێك ڕویداوە، هەمان ئەو ڕوداوانەی کە لەپایتەختی میسردا ڕودەدەن.

موسا وتی: سەرەڕای ئەوەی لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا گەورە بوم، بەڵام وەك شازادەکانی تر تەماشام مەکە. ئەم بابەتە لایەنە لاوەکیەکانی ئەم بابەتەیە، بەڵام سەرچاوە و ڕەگ و ڕیشەی ئەم بابەتە ئەوەیە کە دەمەوێت ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچەکەتدا پێك بهێنم، لەبەرئەوەی زۆر خۆشم لەو دێت هەرلەبەرئەوەش هاتوم داوای دەستی"مریت"ت لێ بکەم.

"موسا"ی پزیشك لێی پرسی: چی ڕویداوە کە بووە هۆی ئەوەی لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا بەو شێوەیە ئاشقی بویت، ئەم هەموو پەیوەست بونەت لەماوەیەکی کەمدا نائاسایی دێتەبەرچاوم، پەیوەست و خۆشەویستی کارێکی تا بڵێی لەسەرخۆیە، نەك لەناکاو.

موسا وتی: لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بێت کەمن تا ئێستا ڕەفتاری لەوشێوەیەم لەگەڵ هیچ کچێکی تردا نەکردبێت، کچەکەت یەکەمین ئیشق خوڵقێنە لەژیانی مندا و زۆریش سەرنجی ڕاکێشاوم.

"موسا ئاتون" لێی پرسی: موسا تەمەنت چەندە؟

PDF 4 KURD

موسا وتی: تەمەنم نیوەی هەژدەساڵی تێپەڕاندووە و بەرەو نۆزدە دەڕوات.

"ئاتون موسا وتی: بەپێی نەریتی شازادەکانی کۆشکی فەرمانڕەوایی کوڕەکانیان لەو تەمەنەدا چارەنوسی ژیانی هاوسەریەتیان بەهەڵبژاردنی کچێکی شازادە تۆمار دەکرێت، تۆ دەستگیراندار نیت؟

موسا وتی: شازادە"ئنخاس"ی دایکم حەزی نەدەکرد دەستگیرانێکم بۆ دەستنیشان بکەن.

"ئاتون موسا"لێی پرسی: بەدڵنیاییەوە مەبەستێکی لەوکارەدا هەبووە!

موسا وتی: ئەم ناڕازی بونەی لەوەی کە من دەستگیراندار نەبم کە پێچەوانەی نەریتی کۆشکی فەرمانڕەوایی بوو بەدڵنیاییەوە بەڵگەیەکی لەپشتەوە هەیە، بەڵام لەئێستادا ناتوانم بۆتی بگێڕمەوە، چونکە لەمحاڵەتەدا ناچار دەبیت تا سپێدەی بەرەبەیان دوای ئەوەش تا ئاوابونی خۆر گوێم لێ بگریت، بەڵام هەم من دەبێت لێرە بڕۆم و هەم تۆش ماندویت و تاقەتی بیستنی ئەم جۆرە بابەتانەت نیە.

کابرای پزیشك وتی: پێویست بەوە ناکات هەموو لایەنێکی ئەم بابەتەم بۆ باس بکەیت، لەبەرئەوەی تۆ ئێستا داوای دەستی کچەکەمت کردووە و منیش دەبێت لەمبارەیەوە بڕیاری خۆم بدەم و دایکیشی ڕازی بکەم، کاتێك ئاشنای ڕابردوی تۆ نەبم، ئەویش ڕابردویەك بەو دوورودرێژەی خۆت باست کرد، بەچ شێوەیەك دەتەوێت بەدڵی تۆ وەڵامت بدەمەوە، لەبەرئەوە باشتر وایە بەکورتیەکەی من لەمبابەتە ئاگادار بکەیتەوە.

"موسا"ش بەمشێوەیە بۆی ڕونکردەوە: دوای کۆچی خێڵی"ئیسرائیل"بۆ وڵاتی"کوش" لەناوچەی"دلتا"، لەمیسردا ئەو بەسەرهاتە مێژوییانەی کە لەو سەردەمەدا ڕویاندا... دایکم و باوکیشم وەك تەواوی خێڵی ئیسرائیل لەوڵاتی کوشدا دەژیان و بەوشێوەی باسدەکرا کۆیلە بون، بەواتا لەڕاستیدا من کۆیلە زادەم نەك شازادەیەك، منیان لەترسی فیرعەون و کاربەدەستەکانی کە منداڵەکانیان دەفڕاند خستمیانە ناو سەبەتەیەکەوە و دامیان بەدەم ئاوی ڕوباری نیلەوە، شازادە"ئنخاس ئامون" کە وەجاخ کوێر بوو منی دۆزیەوە و وەك کوڕی خۆی منی

PDF 4 KURD

بە فیرعەون ناساند و موسا دوای ئەوە بەکورتی باسی ژیانی خۆی بۆ کرد، دوای ئەوە خۆر هەڵهات و رۆژ بویەوە.

دوای ئەوە موسا بەردەوامی بەقسەکانی خۆیدا و وتی: وابزانم ئێستا زانیت من کەنیز زادەیەکم نەك شازادەیەك، بەدڵنیاییەوە ڕازی نابیت کچەکەت شوم پێبکات.

ئاتون موسا وتی: کوڕە، تۆ نهێنیەکی زۆر مەزنت بۆ باسکردم، دڵنیابە لەوەی ئەم نهێنیە هەر لێرەدا دەنێژرێت و بێ لەخۆم هیچ کەسێکی تر ئاگاداری نابێت، بگرە بۆ ژنەکەم و "مریت ئاتون"ی کچیشمی لێ ئاگادار ناکەمەوە، تۆش بۆیان باس مەکە. نهێنی پارێزی بەشێکە لەپیشەی پزیشکی، هەموو پزیشکێك سینەیەکی لێوانلێو لە نهێنی هەیە و ئەم جۆرە نهێنیانە بەهیچ شێوەیەك ئاشکرا ناکرێن. ئەوەی گرنگە بزانی کچەکەم لەئێستا بەو لاوە هی تۆیە و دوای گەڕانەوەت لەوڵاتی"کوش"دەتوانی ژیانی هاوسەری لەگەڵدا پێك بهێنی.

موسا وتی: بەدڵنیاییەوە واش دەبێت.

موسا بەسەر سوڕمانەوە لێی پرسی: ئایا ڕێ دەدەیت دوا گەڕانەوەم لە وڵاتی"کوش"لەگەڵ کچەکەتدا ژیانی هاوسەری پێك بهێنم؟

"ئاتون موسا"ش وتی: بەدڵنیاییەوە.

موسا وتی: بەڵام گەڕانەوەم لەوڵاتی"کوش"لەوانەیە ماوەیەکی زۆر بخایەنێت، لەوانەشە چەند مانگێك درێژە بکێشێت، پێشتر پێم وتی دەبێت بۆ ماوەی سێ ساڵ لەدورخراوە بمێنمەوە.

ئاتون موسا وتی: درێژی ئەو ماوەیەش خۆی بۆخۆی ڕێکخەری ئەم کارەیە، بەهەرحاڵ ئەوە ئایندەی تۆیە ناتوانیت هیچ کارێك بکەیت، دەبێت دانبەخۆداگر بیت تا ئەو ماوەیە تێدەپەڕێت، منیش پابەندی بەڵێنەکەی خۆم دەبم.

موسا وتی: بۆچی ئێستا ناتوانم ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچەکەتدا پێك بهێنم؟

ئاتون موسا وتی: لەبەرئەوەی تۆ ئێستا دەڕۆیت بۆ وڵاتی کوش و ژیان لەگۆڕەپانەکانی جەنگدا تێدەپەڕێنیت، ئایا تائێستا بینیوتە باوکێك کوڕەکەی لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ گۆڕەپانی جەنگ؟ چارەنوست نادیارە.

PDF 4 KURD

موسا وتی: ڕێم پێ دەدەیت پێش ئەوەی ڕێی وڵاتی"کوش"بگرمە بەر چاوم بەکچەکەت بکەوێت.

ئاتون موسا وتی: ئەوە بەباش دەزانم کە چاوت پێی نەکەوێت، چونکە ئەم دیدارە"ستی کف"دەخاتە گومانەوە و وا لێکی دەداتەوە بەپلان تۆم کردووە بەزاوای خۆم، ئەمەش بۆ خۆم و کچەکەم باش نیە.

موسا وتی: کەواتە ئێستا ماڵئاوا

"ئاتون موسا"ش وتی: بەئومێدی دیدار.

PDF 4 KURD

موسا لە وڵاتی "کوش"دا

لەوکاتەوەی هێزی نێردراوی میسری سەرو ڕێی وڵاتی "کوش"ی گرتووەتە بەر تا ئەو کاتەی گەشتنە وڵاتی "کوش"دوچاری خۆرێکی سوتێنەر، هێرشی مێرولەکان، لەکارکەوتنی چەرخی گالسکەکان و چەقین لەقوڕ و لیتە بونەتەوە و بگرە شەوانیش ئارامیان نەبوو. بەڕۆژدا موسا دەبوو بەپێی ڕێی بکردایە و شەوانیش بەگەستنی مێش و مێرولەکان تێپەڕاندایە کە خەوی لەچاوی هەمویان زەوت کردبوو. هێزی ڕەوانەکراوی میسری سەرو هەرچی زیاتر بەرەو باشور پێشڕەویان بکردایە قوڕ و لیتەیەکی زیاتر ڕێگاکەیانی دژوارتر دەرکرد. دوای ئەوەی لەو قوڕ و لیتەیە ڕزگاریان بوو ڕێگاکەیان بو بە زەویەکی وشك و تۆزاوی، تەپ و تۆز لەباتی مێش و مەگەز سەربازەکانی تەنگەنەفەس کردبوو. ئەمجارەیان تەڕی و شێداری زەو لەشێوەی تەپ و تۆز خۆی نواند و بەڕادەیەك نەرم بوو کە لەهەموو گۆشە و کەنارێکەوە سەری دەردەهێنا، بەتایبەت لەهەمووی ئازاربەخشتر چاوی سەربازەکان بوو کە بەهۆی تەپ و تۆزەوە توانای بینینی پێش خۆیان نەبوون. بێ جیاوازی هەموو هێزەکە توشی کۆکەیەکی زۆر پیس بون و باری دەرونی هەمویانی تێکدا و گەشتە ڕادەیەك کە لەگیانی خۆیان بێزار بون. هێزی سەربازی نێردراوی میسر بەدەردیسەری و سەختیەکی زۆرەوە توانیان تاڤگەی دووەم تێپەڕێنن و خۆیان بگەیەننە تاڤگەی سێیەم. لەم شوێنەی کەنار ڕوباری نیلەدا کە لەمیسری خواروودا ڕوبارێکی ئاوا تێدەپەڕێت، وە هەژدیها بەدەم خرۆشانەوە دەینالاند و خێراییەکی سەرسوڕهێنەر و فشارێکی باوەڕپێنەکراوی بەڕادەیەك هەبوو کە قوچەکیەکانی میسریش نەیاندەتوانی لەبەردەمیدا خۆیان ڕاگرن. دەنگەدەنگی خرۆشانی ئاو بەڕادەیەك ترسی لەدڵدا دروست دەکرد کە مرۆڤ

PDF 4 KURD

وای دەزانی جیهان لەحاڵی وێرانبوندایە. دوای نزیك بونەوە لەهەر تاڤگەیەك، ئەوانەی "گەمیٚ"٢٩ی ڕوباریان هەبوو دەبوو کەلوپەلەکانیان لە"گەمیٚ"کانەوە بگواستایەتەوە بۆ وشکانی و لەوشکانیەکانیشەوە تێپەڕن و لەوبەری تاڤگەکەوە دابەزنە خوارەوە. ئەم جۆرە کارە بەلای سەربازە ماندو و دەستەپاچەکانەوە بەخراپترین ئەشکەنجە لەقەڵەم دەدرا، لەبەرئەوەی چیتر توانای ئەوەیان نەبوو بگرە هەنگاوێکیش ڕێ بکەن، چ بگات بەجێبەجێکردنی کەلوپەلە قورس و کەمەر شکێنەکانی هێزی سەربازی، سەربازەکان لەوکاتەدا بەدەم جنێودان و بۆڵەبۆڵەوە لەسەرخۆ خۆیان بەگواستنەوەی کەلوپەلەکانەوە سەرقاڵ دەکرد. دوای تێپەڕبون لەچەند تاڤگەیەك ئاو و هەوا لەڕادەبەدەر گەرم بوو، کەچیتر سەربازەکان نەیانتوانی بەڕۆژدا بگرە هەنگاوێك بەرەوپێش بنێن.

ستی کف فەرمانی حەوانەوەی بەڕۆژ و ڕێکردن لەشەودا دەرکرد. کاتێك موسا لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا بوو بەدرێژایی مێژوو جەنگ لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەبووە، بەڵام هەرگیز تامی جەنگ و گرفتەکانی نەکردبوو، و نەیدەزانی ڕێگای بێزارکەر و بێخەوی کوشندە چیە. لەهەندێك شوێنی وشکدا سەرەڕای ئەوەی ڕوباری نیلی پێدا تێدەپەڕی بەڵام بیابانێکی ئەوەندە وشك بوو کە بگرە لەکەنار لێواری ڕوباری نیلدا چڵە گیایەکیشت نەدەبینی ڕوابێت. لەهەندێك شوێنی کوێستانیشدا کە ڕوباری"نیل"ی پێدا تێدەپەڕی بارودۆخی ڕێگاوبان بەڕادەیەك سەخت بوو کە لەڕۆژدا تەنها دەیانتوانی کەمێك بەرەو پێشەوە بڕۆن، کەلوپەل و کەرەستە سەربازیەکان، باری سەر چوارپێکانیش بەڕادەیەك قورس و دەستگیر بوو کە زۆر بەسەختی دەیانتوانی ڕێبکەن. بەتایبەت لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە دەبوو لەهەندێك شوێندا گالیسکەکانیان هەڵگرتایە، لەبەرئەوەی چەرخی گالیسکەکان لەناوچە کوێستانیەکاندا نەدەسوڕانەوە. لەڕۆژی بەڕێ کەوتندا ڕێژەی چل کاهینیش لەگەڵ هێزی سەربازیدا بەڕێ کوتن، بەڵام ئەم کاهینانە لەنیوە ڕێدا لەیەکێك لەپەرستگاکانی باشوردا ڕاوەستان و دەستیان لەڕێکردن هەڵگرت. هێزی ڕەوانەکراو بێ کاهینەکان وەك منداڵی بێ دایك و باوك دەهاتنە بەرچاو. سەربازە

---

[29] بڕۆ بۆ پەراوێزی ژمارە"٨"

PDF 4 KURD

بەکرێگیراوە بێگانەکان بارودۆخیان بگرە لەسەربازە میسریەك خراپتربوو. شەوانە لەو شوێنانەی کە لایان دەدا بەکۆمەڵ گۆرانیان دەوت بۆئەوەی فشاری کاری رۆژانەیان لەرووی دەرونیەوە کەمتر بکەنەوە. سەرەرای بارودۆخی ناوچە وشك و گەرمەکان، رێگای دور و ماندوکەریان بەپێی بڕیبوو، ئەو رێگا دوورودرێژەی ماویانە وردە وردە دانبەخۆداگرترین سەربازی هێنابویە گریان و پارانەوە، ئەمانە ئەفرەتیان لەزەوی و ئاسمان و بیابان دەکرد. سەربازەکانی "هاتی" سرودێکی خەمگینیان بەکۆمەڵ دەوتەوە، "موسا"ش حەزی دەکرد بزانێت شعری سرودەکەیان واتای چی دەگەیەنێت، بۆیە شەوێکیان داوای لەیەکێکیان کرد ئەو شیعرانەی بۆ وەربگێرێت:

ئەی مانگی بەرز کە چەند ئەستێرەیەك دوات کەوتون
دەتبینم هەموو شەوێك وەکوو من رێگایەکی دوورودرێژ دەبریت،
بەلام من لەباتی ئەستێرە دڵ دوام کەوتووە.

موسا دوای ئەوەی لەشیعرەکەیان تێکەشت، چیتر شەوانە بەبیستنی ئەو گۆرانیە دڵتەنگ دەبوو، چونکە ئەو شیعرە زمانحاڵی موسا بوو، دڵی پەیوەستی ئیشقێك بوو، لەهەمان کاتدا رێگایەکی دور چاوەرێی دەکرد و دڵیشی پەیوەست بوو بەکچێکەوە کە چاوەرێی گەرانەوەی دەکرد، بەلام نەیدەزانی ئایا ئەم دیدار و چاوپێکەوتنە روودەدات یان نە. نۆکەرەکەی "نون" کە خەڵکی ولاتی "هاتی" بوو زۆر بەکەمی قسەی دەکرد، بە بەرگەگرتنی ئازاری رێگا و دەردیسەری شەوانە بەتەواوی دەمی داخستبوو. ئەم بێدەنگیەی گەشتە رادەیەك کە وەلامی بەڵێ و نەخێرەکانیشی بە هێمانی سەری بداتەوە. سەیر لەوەدابوو بەو نیگا قوڵەوە کە تەماشای موسای دەکرد، موسا وای تێکەیاندبوو کە "نون" هەوڵی کوشتنی دەدات. لەرێگایەکدا بارودۆخ لەخراپ خراپتر بوو، چونکە تا ئەو شوێنە روباری نیل بەلایەنی کەم رێگایەکی رێك و تەختی هەبوو، بەلام دوای ئەوە جوڵەی مارپێچی روباری نیل دەستی پێکرد، هێزی سەربازیش ناچاربون پەیرەوی لەو رێگا پێچاوپێچ و تەواونەبووە بکەن، بەلام دوای ئەوەی ئەو رێگا پێچاوپێچەی

PDF 4 KURD

ڕوباری"نیل"یان گرتە بەر ڕێگایەکی زۆر زیادەڕۆیان بڕی، ئەو ڕێگایەی لەڕۆژانی ئاساییدا لەماوەی یەك ڕۆژدا دەیانبڕی، هەندێکات بەچەند ڕۆژێك ئینجا دەیانتوانی ئەو ڕێگایە ببڕن. هێزی سەربازی نێردراو جگە لەکەناری ڕوباری نیل هیچ ڕێگایەکی تریان شك نەدەبرد، هەرئەوەی لەکەنار ڕوباری نیل دور بکەوتنایەتەوە، لەشکر لەتینوەتی و بێئاویدا مرۆڤ و ئاژەڵەکانی لەناو دەبرد، چونکە جگە لەڕوباری"نیل"بەدرێژایی ئەو ڕێگایە بگرە نەیاندەتوانی تنۆکێك ئاو بەدەست بهێنن. لەو بیابانەدا هاوڕێی ئەو هێزە سەربازیە تیمساحی بیابانی و داڵەکەرخۆرەکان بو کە چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد یەکێك لەسەربازەکان لەپێ بکەوێت بۆئەوەی لەچواردەوری کۆ ببنەوە و لەچاو تروکانێکدا جگە لەچەند پارچە ئێسقانێکی لێ نەهێڵنەوە. لەوکاتەوەی دەستیان بەم گەشتە کردووە تا ئەوکاتەی نیوەی ئەم ڕێگایەیان بڕیوە کەنارەکانی ڕوباری نیل چەند گۆڕانکاریەکی بەخۆیەوە بینیوە، لەدەشتەکاندا ئارام بوو، لەکاتی لافاویشدا کەف کەفانی دەکرد و لەتەنگەلان و بەردەڵانەکاندا بەشێوەیەك دەینالاند کە وەك بڵێی چەند هەورە تریشقەیەك پێکەوە گرمیان بێت. بەدرێژایی ئەو ڕێگایە بەدەگمەن و لەوانەشە بەهیچ شێوەیەك ئاوایی لەسەر ڕێگاکەیاندا بەدی نەدەکرا، ئەم دیمەنە وشك و یەك شێوە و تەواو نەبووە هەمویانی بێزار و بێتاقەت دەکرد، تەنها لەهەندێك شوێندا جوتیارەکان کشتوکاڵیان دەکرد، کاتێك دەگەشتینە لای ئەم جوتیارانە بەرەو ڕویان دەڕۆشتن و داوای هەندێك کالایان لێ دەکردن، بەڵام ئەم کڕینە نەیدەتوانی جۆری ژەمی خواردنیان بگۆڕێت، ژەمی خواردنیان لەسەرتاوە تا کۆتایی ئەم ڕێگەیان گۆڕانکاری بەسەردا نەدەهات، چونکە خواردنەکەیان لەسەرەتاوە تا کۆتا یەکسان و سەربازی بوو. دوای بێزاری و چەند دەردیسەریەك لەشکر گەشتە شەشەمین تاڤگەی ڕوباری نیل، چوارپێکان بەهۆی گرانی ئالیکەکەیانەوە نیوەگیان بوبون، ئاژەڵەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لاوازتر دەبون و بەرگەی فشارێکی زیاتریان دەگرت. دوای تێپەڕبون لەشەشەمین تاڤگەی ڕوباری نیل"موسا"ڕوباری بەهەمان شێوەی ئەو ڕۆژە بینی کە لەمیسری خواروودا لەسەرخۆ و ئارام دەخرۆشا، خرۆشانی ڕوباری نیل خاو و لەسەرخۆ و ئارام بوو. لەوەو دوا گۆڕانکاری بەسەر زەویەکەشدا

PDF 4 KURD

هات و ڕەنگی خاك وردە وردە سەوزایی بەخۆوە دەبینی، دەشتەکانیش بەکۆڕەوی چەند ئاژەڵێکی کێوی جۆراوجۆر خۆی دەنواند کە بەبینینی ئەو هەموو خەڵکە زۆرە هەڵدەهاتن و ئەم هاڵهاتنەیان دەبووە مایەی خۆشحاڵی سەربازەکان.

لەم ناوچەیەدا"ستی کف"فەرماندەی هێزی سەربازی نێردراو "موسا"ی بانگ کرد و فەرمانی پێدا کە لێرە بەدواوە ئەو ببێتە فەرماندەی هێزی سەربازی. لەڕاستیدا"هتپ رە"دەبوو ببوایە بەفرماندەی هێزی سەربازی، بەڵام"ستی کف"ئەوەی بەباش زانی کە موسا ببێتە فەرماندەی ئەو هێزە. موسا بەدرێژایی ئەو ڕێگایە ئەزمونێکی باشی بەدەست هێناوە و بەرگەی دەریسەریەکی زۆری گرتووە و هاوشانی سەربازەکان تەواوی بیابان و کێو و ڕێگا بەردەڵانەکانی بەپێ بڕیوە و شەوانەش لەکەسانی تر درەنگتر دەخەوت، لەبەرئەوەی ناچاربوو سەردانی هەموو بەشە سەربازیەکان بکات، هەروەها بەیانیانیش زۆر زوو لەپێش هەموان لەخەو هەڵدەستا. ئەو هەموو ڕەفتار و کردارانەی موسا کەوتە بەرچاوی تیژی"ستی کف"هەر لەبەرئەوەش ئەوی بۆ فەرماندەیی دەستنیشان کرد. موسا و گالیسکەوانەکەی"نون" هەردوکیان لەتەمەنی لاویەتی و خۆشئەندامیدا دەژیان. ئەو دوانە بێ گلەیی و دەمەبۆڵەیەك ئەرکەکانیان ئەنجام دەدا. ئەو ڕۆژە"ستی کف" موسای بانگرد بۆئەوەی پلەی فەرماندەییەکەی پێ ڕاگەیەنێت، بۆیە لە"موسا"ی پرسی: چ جیاوازیەك لەنێوان ئەمڕۆ و ئەو ڕۆژەی کە وتت بەخۆشحاڵیەوە دەکەویتە ڕێ دەبینی؟

موسا وتی: بگرە ئێستاش خۆشحاڵم.

ستی کف چەند پرسیارێکی لە"موسا"کرد و لەکۆتاییدا دەوای هەڵسەنگاندنی ئامادەکاری و دەرونی بەرگریکار و تواناکانی ئەوی وەك فەرماندەیی هێزی سەربازی دەستنیشان کرد. موسا بەبیستنی هەڵبژاردنی بۆ ئەو پلەوپایەیە زۆر خۆشحاڵ و لەهەمان کاتدا شەرمەزار بوو و وتی: من شایستەی ئەم بەرپرسیاریەتیە نیم.

ستی کف وتی: بەپێی پێوەرەکانی من و لەسەر بنەما و چوارچێوەی هەڵسەنگاندنە سەربازیەکان تۆ زۆر شایستەی ئەم بەرپرسیاریەتیەیت. سبەی

PDF 4 KURD

دەگەینە شوێنێك كە سەوزاییەكی زۆر خۆشە، سێ ڕۆژ لەئۆردوگادا دەمێنینەوە بۆئەوەی بتوانین كەمێك چاكسازی لەگالیسكەكاندا بكەین. تۆ لەئێستە بەدواوە چاو و گوێی ئەم هێزەیت. موسا لەگەڵ چەند گالیسكەیەكدا پێشكەوت. ئەو دەبێت خۆی لەگەڵ چەند دەنگێكی جیاواز، و هێماگەلێكی تایبەت، دەنگی باڵندەكان، بەشێوە سروشتی و دروستكراوەكانیانەوە خۆی بگونجێنێت بۆئەوەی لەكاتی پێویستدا بتوانێت بڕیارگەلێكی كوتوپڕ بدات، چونكە خەڵكی وڵاتی كوش زۆر بەجوانی لاسایی دەنگی باڵندە و گیانەوەرەكان دەكەنەوە و لەڕێی ئەم دەنگانەوە پەیام بۆ یەكتری دەنێرن.

ستی كف بە"موسا"ی وت: لەوانەیە لەشەودا دەنگی چەقەڵ ببیستی، بەلاتەوە سەیر نەبێت، بەڵام بەڕۆژدا گوێت لەدەنگی چەقەڵ بوو، وەك زەنگێكی هەڕەشە لێكی بدەرەوە، چونكە چەقەڵەكان بەڕۆژدا نایەنە دەرەوە بۆئەوەی بقوزێنێت، بەڕۆژدا ئەو جۆرە دەنگانە بەدڵنیاییەوە دەنگی ئەو چەقەڵانەن كە لەبۆسەماندا دانیشتون كە چاودێری ڕەوتی هێزی سەربازیمان دەكەن یان لەكاتی شەودا ئاگاتان لە ژوژوە دروستكراوەكان بێت، نەوەكوو لەپێستی ئەو ژوژوانەدا دزە بكەنە ناو هێزەكانمانەوە. لەكاتی شەودا جوڵە و بەرپرسیاریەتی فەرمانڕەوایی لەڕۆژ سەخت ترە. لەتاریكیدا بۆسە، هێرش، تەڵە زۆر بەئاسانی ئەنجام دەدرێت. دوای ئەوەی ماوەیەك لەتاقگەی شەشەم دوركەوتنەوە ڕۆشتن بەشەودا قەدەخە دەكەن و تەنها بەڕۆژدا دەكەونە ڕێ. شەوانەش ئەركی پاسەوانیان بە دوو دەستە لەسەربازەكان سپارد كە هەریەكێكیانیان بەدوری پێنج سەد هەنگاو لەویتر دادەنا. خۆپاریزی لەوكاتەوە دەستی پێكرد كە پێیان نایە وڵاتی كوشەوە، چونكە خەڵكی كوش لەوانەبوو لەهەر ساتێكدا كە خۆیان بیانەوێت هێرشیان بۆ بكەن. بەیانیەكیان موسا فەرمانی ڕۆشتنی دەركرد و لەناكاو چەند كەسێك لەسەربازە پێشەنگەكان كە چاودێری و پاسەوانی ڕەوتی پێشەوەی سەربازەكانیان دەكرد چەند هێمایەكی تایبەتیان لەخۆیان نیشان دا كە هێمای هەڕەشە بوو. موسا یەكسەر بەگالیسكەكەی ڕۆشتە پێشەوە بۆئەوەی بەباشی ئاگاداری بارودۆخ بێت،

PDF 4 KURD

ئاگاداری سەربازە پێشەنگەکان فەرمانی ئامادەباشیان بەتەواوی هێزەکە ڕاگەیاند، دوای ئەوە هەموو خۆیان لەحاڵەتی بەرگریکاریدا ئامادەکرد.

خودی"ستی کف"ڕۆشتە پێشەوە و بەیەك تەماشا وتی: ئەوە دوژمن نیە بەڵکو بارهەڵگەری دوژمنەکانمانن، پێشتریش چاوم بەجەنگاوەرانی"کوش"کەوتووە، ئەوانە سەرەتا بار و بنەیان دەنێرن ئەوکات خۆیان لەدوایانەوە دێن، ئەم جۆرە سیستەمە سەربازیە یەکێکە لەتایبەتمەندی جەنگاوەرانی وڵاتی"کوش" بەبۆچونی من ژمارەی بار هەڵگرەکانیان لەپەنجا کەس تێناپەڕێت، بەڵام ئەو هێزە سەربازیەی ئەم بار و بنەیە لەگەڵ خۆیدا دەبات، هێزێکی سەربازی مەزنە. "ستی کف"لەسەر تەپۆڵکەیەکی بەرز کە زاڵبوو بەسەر هێزە سەربازیەکان"کوش"دا هاتە خوار و فەرمانی دا ڕێژەی پەنجا گالیسکە بەسەر هەردوو لادا جێگیر بێت و سەد گالیسکەش لەپێشەوەی سوپا خۆی ئامادەی هێرشکردن بکات.

ستی کف بەگالیسکەوانەکەی خۆی"سوکر موسا"ی وت: پەنجا کەس لەتیرهاوێژەکان بەکەمانی ئامادەیانەوە لەدواوە بەرگریمان لێ بکەن. سوپای"کوش" ئاوێتەیەك بوو لە ڕەشپێست و ئەوانەی بەپێستی گیانەوەرە کێویەکان خۆیان داپۆشبوو کە وەك ئاژەڵێك دێنە بەرچاومان. پێستی هەندێکیان خاڵخاڵین بوو، کاتێك دەهاتنە پێشەوە پێستی خاڵخاڵینی "یوز پڵەنگ"ەکان بەجەوانی دەردەکەوت. ئەم ڕێژە ڕەش پێستانە کە"ستی کف" و سەربازە پێشەنگەکان چاویان پێیان کەوت بەرەوڕوی ئۆردوگای میسریەکان دەهاتن و بەپێچەوانەی ئەوەی ئەوان بینیبویان لەچەند کەسێك زیاتر نەبون، کەژاوەیەك و هەڵگرانی کەژاوەکە و دوو کەسیش لەملاولای کەژاوەکەوە ڕێیان دەکرد. موسا کەسێکی بەسەر کەژاوەکەوە بینی دانیشتبوو، کە ڕون و ئاشکرا نەبوو چ ڕەگەزێکە، لەوانەیە ژنێك یان پیاوێك یان منداڵێك بێت. لەدوای کەژاوەکەشەوە کۆمەڵێك ڕەشپێست بەچوار ڕیز بەدوای یەکدا دەهاتن و بارێکیان بەسەریانەوە هەڵگرتبوو، دیارنەبوو چ شتێك لەناو ئەو کۆڵەبارەیاندا هەڵگرتووە، بەڵام هەرچی بێت کەرەستەی جەنگ نەبوو، ڕەشپێستەکان زۆر لەسەرخۆ و ئارام لەگالیسکەکان نزیك بونەوە وەك بڵێی بۆ میوانی هاتبێتن. کەژاوەکە ڕاوەستاو و پیاوێکی پیری

PDF 4 KURD

سوار ئەو کەژاوەیە بوبو کەچوارمشقی دابوو و ملیوانکەیەکی ئاڵتونیشی لەملدابوو. لەهەردوو لای کەژاوەکەوە دوو لاو ڕاوەستابوو، ئەوانیش وەك پیاوی پیر ملوانکەیەکی ئاڵتونیان لەملدا بوو. لەدوری نزیکەی پەنجا پێیەکدا"ستی کف"فەرمانی پێدان ڕاوەستن، دوای ئەوە هەموویان ڕاوەستان. ئەو ڕەشپێستەی کە نێزەیەکی درێژی بەدەستەوە بوو فەرمانی دا بەوانی تر کە لەشێوەی ڕیزێك لەپاڵی یەکتردا ڕاوەستن، دوای ئەو فەرمانە ڕەشپێستەکانیش لەپاڵ یەکتردا ڕاوەستان. کابرای پیرەمێردیش تاجێکی لەتەنیشتیەوە هەڵگرت و لەسەری کرد، ئەو تاجەی یەك پارچە لەزێڕ دروست کرابوو. ڕەشپێستە بارهەڵگرەکان ئەوەی لەسەریان نابوو خستیانە سەر زەوی. دوای ئەوە لەپاڵ یەکدا ڕاوەستان. "موسا" نەیدەتوانی لەوە بگات کە چ باسە. دوو کەس لەڕەش پێستەکان مەچەکی پیرەمێردیان گرت و هاوکاریان کرد لەکەژاوەکە دابەزێتە خوارەوە. کابرای پیری زۆر بەسەختی دەیتوانی هەنگاو بنێت. موسا ئەوەی هاتەوە یاد کە کاهنی مەزنی کۆشکی"ئامون""هتپ رە" لەوە ئاگاداری کردبووەوە کە تەمەنی پیری تەمەنی ڕۆماتیسمە و ئازارەکانی ناهێڵێت کەسی توش بوو بەئاسانی و ئاسودەیی هەنگاوێك بنێت و ئەو پیرە تاج لەسەرەش هەمان گرفتی هەبوو. هەموویان لەدوری چەند هەنگاوێك دور لەهێزی سەربازی ڕاوەستان و پیرەمێردی تاج لەسەریش سەرەڕای ئەوەی دان لەدەمیدا نەمابوو هەوڵیدا زەردەخەنەیەکیان بۆ بکات. موسا نەیدەزانی ڕەشپێستەکان بەزمانێك دەدوێن و کاتێکیش دەستیان بەقسە کرد بگرە لە وشەیەکیشیان تێنەگەشت. دووان لەوکەسانەی کە لەگەڵ پیرەمێردا هاتبون گوتەی کابرای پیریان بەدەنگێکی بەرز وەرگێڕا.

–ئەم پیرەمێردەی کە ئێوە دەیبینن ناوی"ئێرگەباین"ە. "ئێرگەباین"پادشای وڵاتی کوشە و دەڵێت: سڵاوتان لێ بێت، ئاشتی و ئارامی ببێتە بەشتان و هەرگیز دوچاری ڕەنج و ناسۆریەکان نەبن. دوای ئەوەی خۆی پێناساندن:

–من کوڕی"ئێرگەباین" پادشای وڵاتی"کوش"م.

ستی کف دوای ئەوەی تێگەشت کابرای پیر چی وت، بەزبریەکی زۆر کە چاوەڕێ نەدەکرا بەسەریدا هاواری کرد و وتی: بیستم "ئێرگەباین"بەخێرهاتنما لێ دەکات،

PDF 4 KURD

من فەرماندەی هێزی سەربازی نێردراوی میسرم، بەفەرمانی فیرعەون ئامادەی تەمێکردنی تۆم. کابرای پیرەمێردیش کە بەردەوام زەردەخەنەی دەکرد، دوای ئەوەی گوتەکانی "ستی کف"یان بۆ وەرگێڕا بەو ڕەشپێستانەی کە لەتەنیشتیەوە ڕاوەستابون چەند گوتەیەکی بەگوێیاندا چرپاند و کوڕێکی تریان بەم شێوەیە گوتەکانی بۆ وەرگێڕان: سەرەڕای ئەوەی من ماوەیەکم لە"کرنگ"دا بەسەر بردووە و مامەڵەم لەگەڵ میسریەکاندا کردووە، بەڵام هیوادارم ئەوەی باوکم بەگوێمدا چرپاندی بەجوانی بۆتانی وەرگێڕم. ئەم باوکەم کە لەتەنیشتمەوە دانیشتووە دەڵێت: من کەپادشای وڵاتی "کوش"م ڕێزێکی زۆر بۆ پادشای برام و میسری مەزن دادەنێم، من ناتوانم ئەو ناونیشانانەی کە شایستەی فیرعەونە بهێنمە زمان، گوتە و دەربڕینێکم لەم بارەیەوە پێ نیە، لەبەرئەوە دەمەوێت بەزمانێکی سادە و خۆمانەن شتێکتان پێ بڵێم، ڕێم پێ دەدەن؟

ستی کف لەوەڵامدا پێی وت: ئەم کەسە لەبەرئەوەی خۆی وەك پادشایەك ناساند ئامادە نیم گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئەگەر وەك نۆکەرێکی فیرعەون هەر قسەیەکی پێ بێت دەتوانێت دەریان ببڕێت. "ستی کف"بەورووژانێکەوە ئەو جۆرە قسانەی دەهێنایە زمان کە وەك بڵێی دەیویست لەگەڵ خودی وشەکانیشدا بجەنگێت.

پادشای"کوش"یش گوێی لەپەیامی"ستی کف" بوو، زۆر لێبوردانە سەری دانەواند و بۆماوەیەك لەگەڵ کوڕەکەیدا قسەی کرد، دوای ئەوە کوڕەکەی سەری بەرز کردەوە و گوتەکانی بەم شێوەیە بۆ وەرگێڕان: باوکم دەڵێت من وەك یەکێك لەخزمەتکارەکانی فیرعەون گفتوگۆت لەگەڵدا دەکەم، لەبەرئەوەی دەبینم زۆر تووڕەن، بۆ هێورکردنەوەی ئەو تووڕەییەت بگرە لەخزمەتکارێکیش کەمتر خۆم لەبەردەمتدا نیشان دەدەم، بۆئەوەی لەو بارودۆخە ترسناك و فشارهێنەرە ڕزگارت بێت. باوکم دەڵێت بۆ هێورکردنەوەی تووڕەیی و ئەو شەڕەنگێزیەی کە هەڵگریتی ئامادەم سوجدەشت بۆ ببەم، تەنها لەپێناوی ئەوەی بتوانم گفتوگۆت لەگەڵدا بکەم، تەنها بۆ ئەوەی هیچ خوێنرێژیەك لەنێوانماندا ڕونەدات، باوکم خوازیاری ئاشتیە و دژی جەنگە. من کە کوڕی ئەوم، ناوم "پوریا"یە، پوریا لەزمانی "کوش"

PDF 4 KURD

بەواتای"باوك" دێت، بەڵام باوکم دەڵێت، من چیتر وەك خۆر خەریکە ئاوا دەبم، بۆیە دەمەوێت نەتەوەی"کوش"لەئاشتی و ئاسایش و بێ خوێنڕێژی بژیت. ئێستاش ئەگەر چەند کەسێك لەتاوانباران کە خودی خۆشمان بەدوایاندا دەگەڕاین، دەستگیرمان کردن و بەسزای خۆیانمان گەیاندن، ئەمانە هەڵەیەکیان کردووە بەڵام لەبەر هەڵەی چەند نەزانێك نابێت نەتەوەیەك لەناو ببەیت، ئێمەش بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو هەڵەیە، بۆ پاککردنەوەی ئەم پەڵەی نەنگیە وەك خزمەتکارێکی پادشای میسر هاتوم پێتان بڵێم ئێوە لەگوناهی ئەم نەزانانە ببورن، هەڵبەت ئەم تکایەم لەترس و بێدەستەڵاتیەوە سەرچاوە ناگرێت، چونکە پیاوانی"کوش"لەجەنگدا مەردایەتی خۆیان سەلماندووە، بەڵام من لەکوشتنی مندالّ و ژنانی بێدەستەڵات دەترسم، وەرن با برایانە و لەڕێی گفتوگۆوە گرفتەکانمان چارەسەر بکەین، ئێوە بێهودە ئەم ڕێگایەتان بڕیوە بۆئەوەی لێرەدا خوێن بڕێژن، باش بیری لێ بکەنەوە، بۆتان دەردەکەوێت بێهودە خۆتان ئازار داوە، ئێستاش کە هاتون ناهێڵین بەدەستی خاڵی بگەڕێنەوە، لەلایەن خەڵکی "کوش"ەوە چەند دیاریەکمان بۆ پادشای میسر هێناوە کە دۆستایەتی و یەکێتی نێوان دوو وڵات دەسەلمێنێت، دوای ئەوە دەستی کرد بەژماردنی دیاریەکان: سەرەڕای ئەوەی ئێمە نەتەوەیەکین کە لەڕوی داراییەوە بگرە لەئاستی شارێکی میسریشدا نین، بەڵام چەند دیاریەکمان هێناوە کە شایستەی پادشای میسرە، دە هەزار پارچە بەردی زێڕ، هەڵبەت باشترین جۆری بەناوبانگی زێڕی وڵاتی کوش، بیست هەزار بەردی زیو، سەد هەزار بەردی عاج کەبەهای عاجی فیل لەئاستی بەهای زێڕدایە. لە"کوش"دا باڵندەگەلکی جۆراوجۆر دەژیت، ئێمە هەزار کیلۆ پەڕی جوانی باڵندەکانمان وەك دیاری بۆ هێناوە، پەنجا پارچە بەردی ئەڵماس، پێنج سەد بەردی یاقوت، هەزار بەردی مس، دوو هەزار کاسە و باشترین جۆری خوری مەڕ، پێنج سەد پێستی پڵنگ، هەزار پارچە پێستی ئاسك، پێنج هەزار شانەی هەنگوینی هەنگە کێویەکانی وڵاتی کوش، و دە هەزار پارچەی مرواری ڕەنگاوڕەنگمان لەگەڵ خۆماندا هێناوە ئەم مرواریە لەلایەن کاهینەکانەوە لەپەرستگاکاندا کۆکراونەتەوە، بە بچوکترین پارچەی مرواری دەتوانی دەیان

PDF 4 KURD

کەنیزەك و چەند شمشێرێکی پێ بکڕیت، ئەم مروارییانە گرانبەهاترین دیارین، چونکە بەدرێژاییی چەند ساڵێك کاهینەکان توانیان کۆی بکەنەوە و بیخەنە خەزێنەی پەرستگاکانیانەوە بۆئەوەی هیچ کەسێك سودیان لێ وەرنەگرێت، بەڵام هەموو ئەمانەمان پێشکەش کردن تەنها لەپێناوی ئەوەی بتوانین هاوڕێیەتیتان بکرین.

موسا دوای تەماشاکردنی ئەو هەموو دیاریانە وتی: ئەم خەڵکە دەیانتوانی بەم دیاریانەیان باشترین کەسانێك بۆ خۆیان بکڕن، سەرەڕای ئەوەش ئەمانە لەنیشتمانی خۆیاندا دەجەنگن و ژمارەشیان چەند بەرامبەر لەمیسر زیاترە.

ستی کف دوای بێدەنگیەکی درێژ خایەن هاتە گۆ و وتی: ئەی ئیرگەبان! ئایا تۆ وا دەزانی دەتوانی فیرعەونی میسر بەبەرتیل و ئەو دیاریانەی کە واهەستت دەکەیت زۆر مەزنن لەئامانجی خۆی لای بدەیت. تەواوی ئەو دیاریانەی تۆ هەتە لەئاستی گۆشەیەکی بێنرخی پاتەختی میسردا نیە، ئێمە بەم جۆرە شتانە بەو ئاسانیە لەمەبەستی خۆمان پاشگەز نابینەوە و تۆ و نەتەوەکەشت چارەنوسی لەناوچونە! من کەسێکی سەربازیم، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە جێ بەجێکردنی دادپەروەری پادشای میسرە، ئێوە بە دیلی خۆمان لەقەڵەم دەدەین.

کوڕی پادشای"کوش"بەدڵگرانیەکەوە گوتەکانی"ستی کف"بۆ باوکی وەرگێڕا، بەڵام پێشتر وتی: ئەی فەرماندە باوکم پیر و لاواز بووە، تۆ ئەو بەدیلی مەگرە چونکە بەرگەی دیلیەتی ناگرێت، بەڵام من و براکەم بێ هیچ بەرگریکاریەك لەخزمەتی تۆدا دەبین، سەرەڕای ئەوەش لەبەرئەوەی ئەو بەو حاڵەوە هاتووە بۆئەوەی پیشوازیت لێبکات جوانمێری نیە کە بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت.

ستی کف وتی: بێدەنگ بە، دوای ئەوە بەهێمای دەستی فەرمانی دا بە گالیسکەوانەکەی"سوکر موسا" و"سوکر موسا"ش بەجوڵەیەکی لەناکاو کوڕی پادشای"کوش"ی کردە ئامانجی نێزەکەی، پیرەمێرد و کوڕەکەی تری لەهەمان ئەوکاتەدا کوشت و دیاریەکانیشیان هەڵگرتن بۆئەوەی بۆ فیرعەونی بنێرن. تەواوی ئەم ڕوداوانە لەماوەی چەند ساتێکی کورتدا ڕویاندا. دوای ئەوە"ستی کف"فەرمانی هێرش کردنە سەر وڵاتی"کوش"ی دەرکرد. کوشت و کوشتاری ئەو

PDF 4 KURD

ولاتـە بەپرادەیـەك "موسـا"ی دڵگـران و بێزارکـرد کـە وەك"نـون"ی گالیـسکەوان و نۆکەرەکەی خۆی بۆماوەیەك قسەی نەدەکرد.

PDF 4 KURD

گــــەڕانەوە

موسا بەناونیشانی فەرماندەی لەشکر سەرەڕای ئەوەی دڵگرانبوو بەڵام هیچ دەستەڵاتێکیشی نەبوو، دەبوو ئەرکی خۆی بەجێ بهێنایە. ئەو جەنگەی کە دوێنێ بەچاوی خۆی بینی ترسناکترین دیمەن بوو کە بەبیریشیدا نەدەهات. موسا ئەو ڕۆژە پەیی بەو خاڵە برد کە: ترس و تووڕەیی فەرمانڕەوایی جەنگ دەکات. جەنگ واتا شێتی پەسەند کراو دەگەیەنێت، شێتیەکی ئاژەڵانە، لەو ڕۆژەدا موسا بەچاوی خۆی بینی کە بەچ شێوەیەك مرۆۋ لەهەموو گیانەوەرێکی دڕندە ڕسواتر و بێبەزەییتر و بێ سۆزترە، مرۆڤێك کە تەنها بۆ کوشتن و وێرانکردن ئامادە کراوە. بەئازار و ناسۆری و دوری ڕێگا!!بەفەرمانی فیرعەون"موسا"سێ ساڵ دەبێت لەدورخراوەدا ژیان بەسەر ببات، بەڵام لەو کاتەوەی دورخرایەوە تا ئەو جەنگە چوار ساڵ تێپەڕیبوو و لەڕویی یاساییەوە کۆتایی بەماوەی دورخراوەییەکەی هاتبوو. موسا بەناونیشانی لاوێك کە تەنها دوو دەیە و چەند ساڵێك لەتەمەنی تێپەڕیبوو لەناکاو ئاگاداری ئەوە بوو تاڵی سپی لەقژیدا دەرکەوتووە کە لەڕەنج و دڵگرانیە دەرونیەکانی سەردەمی جەنگەوە سەرچاوە دەگرێت، جەنگێك کە چارەنوسی موسای گۆڕی.

موسا بەدرێژایی ئەو جەنگە بەسواری گالیسکە و ڕم بەدەست بەرگری لەخۆی دەکرد، بەڵام گالیسکەکەی موسا بەو شێوەیەش ڕێی پێ نەدەدرا لەدوژمن نزیك ببێتەوە. موسا لەو ڕۆژانەدا پەیی بە بەهای"نون"ی نۆکەر و گالیسکەوانەکەی خۆی برد، چونکە توانی چەند جارێك گیانی موسا لەمەرگ بپارێزێت. زەوی بەلاشەی جەنگاوەران داپۆشراو بوو. موسا لەناکاو"سوکر موسا"گالیسکەوانەکەی "ستی کف"ی فەرماندەی هێزی سەربازی ڕەوانەکراوی بینی بەرەو ڕوی دێت.

PDF 4 KURD

سوکەر موسا هاواری کرد: موسا لەگەڵم وەرە بۆئەوەی هەر ئێستا بڕۆین بۆ لای"ستی کف"

"موسا"ش فەرمانی دا بە"نون"ی نۆکەری دوای بکەوێت. سوکر موسا لەبەردەم چادری فەرماندەی هێزی نێردراودا ڕاوەستا و بە"موسا"ی وت: باری تەندروستی "ستی کف"زۆر خراپە!

موسا لێی پرسی: بریندار بووە؟

سوکر موسا وتی: فەرماندە زۆر لەوە ئازاترە کە لەجەنگدا بکوژرێت، بەلام لەناکاو باری تەندروستی تێکچوو و لەهۆش خۆی چوو و کەوتە سەرزەوی، هۆکارەکەی نادیارە، دوای ئەوە ئەومان گواستەوە بۆ ئێرە، کاتێك هۆشی هاتەوە بەخۆیدا یەکەمین داواکاری بینینی تۆ بوو، ئێستاش لەسەرخۆ بڕۆرە ژورەوە!

چواردەوری جێگەخەوەکەی"ستی کف" ئەفسەرانی پلەبەرز چواردەوریان دابوو و هەموشیان نیگەرانی بوون. موسا پێش ئەوەی خۆی بکات بەناو چادرەکەدا بە"نون"ی نۆکەری وت: بانگێشت کراوم هەر لەبەرئەوەش دەبێت بڕۆمە ژورەوە تۆش هەر لێرە بمێنەرەوە تا ئەو کاتەی دەگەڕێمەوە. ئەوەی لەفەرماندەدا تێبینی کرد کە دوای ساڵهایەکی درێژ لە"بەدڕەفتاری و ستەم"دەبینێت لەجێگەخەوەکەیدا لەحاڵی گیانەلاندایە.

"ستی کف"دەستێکی بۆ موسا ڕاوەشاند و پێی وت: کوڕم حەزم کرد تۆ لەحاڵی جەنگ و بەو بەژن و بالایەوە ببینم. من دەبێت سەرەتا چاوم بەتۆ بکەوێت ئەوکات بمرم.

موسا شوێنەواری مەرگی لەڕوخساری"ستی کف"دا بەڕونی بینی، فەرماندەش لەوکاتەدا دەستی کوشی و وتی: تۆ وەکو کوڕی خۆم تەماشا دەکەم بەڕاستی شانازیت پێوە دەکەم، ئەمڕۆ هەواڵگەلێکم پێگەشت کە گوزارشت لە ڕابەرایەتی و ئاڕاستەکردنی ژیرانەی تۆ دەکات، بەلام دەمویست ئەوە بزانم لەوکاتەی کە"ئیرگەبان"ی پادشای"کوش"م بەسزای خۆی گەیاند چاوم بەتۆ نەکەوتووە بۆچی. ئایا هۆکارێك لەپشت ئەم نەبینینەی تۆوە هەیە؟

PDF 4 KURD

موسا وتی: تۆ ستەم و دڵڕەقیت لەباتی دادوەری کردنی ئەو پیرەمێردەدا جێبەجێکرد.

ستی کف، وتی بە ئەفسەرەکانی تر بەتەنها بەجێیان بهێڵن و وتی: ئێستا ئەوەی لەدڵتدایە بەڕونی پێم بڵێ.

"موسا"ش وتی: تۆ بەچ شێوەیەك توانیت پیرەمێردێك لەبەردەمتدا تا ئاستی زەوی خۆی دانەوێنێت و بونایەتی خۆی و نیشتمانەکەی و ئەوەی لەپەرستگاکاندا بوو لەڕوی دڵپاکیەوە پێت ببەخشێت و داوای بەخشینی لێکردی، سەرەڕای ئەوەش لەباتی ئەوەی لەگەڵتدا بجەنگێت بەپێی خۆی هات بۆ پێشوازیت، زەردەخەنەی بۆ کردی، لەپێناوی ئەوەی ڕێز لەتۆ بگرێت بگرە سوکایەتی بەکوڕەکانیشی کرد و هەموویانی بەخزمەتکاری فیرعەون و فەرماندەی فیرعەون لەقەڵەم دا، بەڵام تۆ هەم دیاریەکانت لێ وەرگرتن و هەم ئەوانیشت بێ بەزەییانە کوشت، تۆ دەبێت ساتێك پێش کوشتنی پادشای"کوش"خۆت بخستایەتە جێی ئەو و بێتاوانی ئەوت لەبەرچاو بگرتایە. من توانای ئەوەم نەبوو تەماشای ئەو جۆرە دیمەنانە بکەم.

ستی کف وتی: لێبوردنی پادشای وڵاتی"کوش"لەدەستی مندا نەبوو، من فەرمانم پێکرابوو بڕۆم وڵاتی"کوش"داگیر بکەم، لایەنکانی تری ئەم جۆرە ڕوداوانە بەبەشێك لەسیستەم و ئەرکی سەربازی لەقەڵەم نادرێن، من تەنها ملکەچی فەرمانەکانی فیرعەونم.

موسا وتی: تۆ بێ کوشتنی ئەو، بێ کوشتنی ژن و منداڵەکانیش دەتتوانی فەرمانی فیرعەون جێبەجێ بکەیت، تۆ منت لەهەموو جۆرە جەنگێك بێزار و وەڕەس کرد، پلەوپایەی مرۆڤت لەبەرچاوی مندا کەمکردەوە ناتوانم ئەو هەموو شتە فەرامۆش بکەم، هێشتا ڕوخساری ئەو پیاوە کە بەدڵێکی پڕ لەئومێد تەنها لەپێناو نەتەوەکەیدا وتی لەبەردەمتدا چۆك دا دەدەم، بەڵام بەمەرجێك کارت بەژن و منداڵەکانەوە نەبێت، لەبەرچاوم ون نابێت.

ستی کف ناچاربوو بابەتی گفتوگۆکە بگۆڕێت و وتی: ئەی موسا دەمەوێت تا دواین هەناسەم لەتەنیشتمەوە بیت.

PDF 4 KURD

موسا وتی: تا دوایین ساتی ژیانت لەلات دەمێنمەوە.

ستی کف وتی: سەرەڕای ئەوەی لەیەکەمین ڕۆژ کە پەیوەندیت بەهێزی سەربازی ئێمەوە کرد تێگەشتم کە تۆ نابێت کوڕی فیرعەون بیت، بەڵام ڕەوشت و ڕەفتارت سەرنجی منیان بەلای تۆدا ڕاکیشا، دەکرێت ناوی تەواوی خۆتم پێ بڵێیت.

موسا وتی: "ئاتون موسا!!"ئەوە ناوێکە کە دایکم بۆی هەڵبژاردوم، بەڵام هەلی ئەوەی بۆ نەڕەخسا لەڕۆژێکی تایبەتدا ئەو ناوەم لێ بنێت.

ستی کف وتی: ناوت دەقاودەق لەناوی پزیشکی هاوڕێم"ئاتون موسا"دەچێت، هەمان ئەو پزیشکەی کە ڕۆشتین بۆماڵیان و شەوێك لەوێ میوانیان بوین. ئایا تۆ باوەڕت بە"ئاتون"ە؟

موسا وتی: بەڵێ.

ستی کف وتی: من دوایین ساتەکانی ژیانم تێدەپەڕێنم، بەلامەوە گرنگ و جیاواز نیە سەربکەوم یان شکست بهێنم، بەڵام سەربازێك بووم کە بەپێی فەرمانەکان ژیاوم و نەدەبوو سنوری یاساکان ببەزێنم، ژیانی سەربازی هەمان ئەو شتەیە کە بەچاوی خۆت بینیت، بەڵام من لەسەردەمی لاویەتیەوە تا ئەم ساتە تان و پۆی ئەم جۆرە ژیانەم بەرجەستە کردووە. مردن و کوشتن و نابوتی لەگۆڕەپانەکانی جەنگدا واتای جەنگ دەگەیەنێت، بەڵام بێ کوشتن و کوژران لەگۆڕەپانەکانی جەنگدا دەستەواژەی خۆی لەدەست دەدات، من بێ لەجەنگ هەڵگری هیچ پیشەیەکی تر نەبوم، ئێستاش هەست دەکەم خەریکە دەمرم و واهەستیش دەکەم لەگەڵ مەرگدا لەحاڵی جەنگدام، بەڵام ئەمجارەیان ئەوە مەرگە لەم جەنگەدا سەردەکەوێت، دوای ئەوە یەکسەر وتی ئەفسەرەکانم بۆ بانگ بکە لەبەرئەوەی دەمەوێت قسەیان لەگەڵدا بکەم. موسا کاتێك لەحاڵی ئامادەباشیدا ڕاوەستابو فەرمانی پێدان بێنە ژورەوە و ئەوانیش یەکسەر لەچواردەوری جێگەخەوەکەی"ستی کف"کۆبونەوە.

"ستی کف"ی فەرماندە لەکاتێکدا کە دەستی"موسا"ی گرتبوو وتی: هەموتان گەواهی ئەوە دەدەن کە موسا بەچ شێوەیەك بونایەتی خۆی لەم جەنگەدا سەلماند و گەوهەری فەرماندەیی خۆیی پێنیشان داین، لەبەرئەوەش موسا شایستەی ئەوەیە بکرێتە فەرماندەی ئەم لەشکرە، هەرلەبەرئەوەش ئەو لەجێگەی خۆمدا

PDF 4 KURD

بەناونیشانی فەرماندەی هەموو هێزی سەربازی هەڵدەبژێرم، لەوانەیە لەنێو ئێوەدا کەسانێك هەبن کە لەڕوی ئەزمون و تەمەنەوە لەو شایستەتر بن، بەڵام ئەوەی لەم نێوەندەدا پێوەرە ئەو تاقیکردنەوەیە کە ئەو لەگۆڕەپانی جەنگدا بەباشترین شێوە توانی ئەنجامی بدات. من دوای چەند ساتێکی تر چیتر بۆ هەمیشەماڵئاواییتان لێدەکەم، دەمەوێت لاشەم بکەنە ناو سنوقێکەوە و بەپارێزراوی بیگەیەننە پایتەخت، کاتێك لاشەم بەپارێزراوی گەشتە شوێنی خۆی تەنها لەخاکی بسپێرن چونکە چیتر بەکەڵکی ئەوە نایەت مومیای بکەن، ستی کف کاتێك کۆتایی بەم قسانەی هات کۆچی دوایی کرد. موسا چیتر دوای مەرگی"ستی کف"لەچادرەکەی هاتەدەرەوە و ڕاستەخۆ بەرەو ڕوی"نون"ی نۆکەری ڕۆشت کە لەکەنار ڕوباری"نیل"دا بەدانیشتویی ڕۆچوبوە ناو هزری خۆیەوە.

موسا وتی: فەرماندە کۆچی دوایی کرد.

نون وتی: بەڕاستی سەربازێکی زۆر جدی و سەختگیر بوو.

موسا وتی: بەڵام من ناتوانم لایەنگری ڕەفتارەکانی بکەم، بەڕاستی ئەو ئاژەڵێکی زبردەست بوو کە تەنها چەند هەنگاوێك پێش خۆی دەبینی.

نون وتی: ئەگەر تۆش ڕۆژێك لەڕۆژان وەك ئەو ببیتە فەرماندە لەوانەیە کەسانی تر هەمان هەڵسەنگاندنیان بۆ ڕەفتارەکانی تۆش هەبێت.

موسا وتی: ئەی"نون"ئەو قسەیەی تۆ کردت تەنها کەسێك دەتوانێت بیهێنێتە زمان کە خۆی ڕۆژێك لەڕۆژان فەرماندە بوبێت، ئەرێ پێم بڵێ ئایا تۆ لەوڵاتی"هاتی"دا فەرماندە بویت؟... "نون"لەوکاتەدا تەنها بێدەنگی هەڵبژارد.

دوای کۆچی دوایی فەرماندەی هێزی سەربازی نێردراوی میسر موسا بەشێوەیەکی سەرەکی بو بەفەرماندە، بەڵام لەبەرئەوەی"سوکر موسا"کە لەدوای"ستی کف"بە دێرینترین و بەرجەستەترین کەس لەقەڵەم دەدرا، موسا بۆئەوەی هیچ ناکۆکیەك لەنێو هێزی سەربازیدا ڕونەدات پلەوپایەکەی خۆی بە"سوکر موسا"بەخشی. میسریەکان لەژێر فەرمانی"سوکەر موسا"دا هێرشیان بردە سەر پەرستگاکان و خوداکانیان لەناو بردن، پەیکەرەکانیان یان شکاند یان هەڵیاندانە ناو ڕوباری نیلەوە، سەربازەکانیش بێگوێدانە هیچ پیرۆزیەکی ئەو وڵاتە

PDF 4 KURD

پەرستگاکانیان وەك تەویلەیەك بەكار دەهێنا و لەهەمان ئەو شوێنەدا ئەسپەكانیان تێدا دەبەستەوە.

شەوێکیان"نون"ی نۆکەری موسا سەراسیمە لەخەو هەستا و بەترس و تۆقانێکەوە"موسا"ی لەخەو هەستاند و پێی وت: خەوێکی سەیرم بینی.

موسا وتی: چ خەوێکت بینی؟

نون وتی: لەخەومدا"ئێرگەباین"پادشای وڵاتی"کوش"بەژنانی ئەو وڵاتەی دەوت، ئەی ژنانی"کوش"بگرین لەبەرئەوەی ئێوە لەم ساتە بەدەواوە خوداتان نیە، چونکە خوداکانی ئێوەیان لەناو برد و پەرستگانیشیان کردووە بە گەوڕی ئەسپەکانیان، ئەی ژنانی کوش بگرین، چونکە فیرعەون لەرێی هێزی سەربازیەکانیەوە دەستی بەسەر تەواوی دار و نەداری ئێوەدا گرتووە. ئێوە لەمڕۆدا لەهەر ڕۆژێکی تر زەبونتر و بێدەستەڵات تر و کەمدەستترن، بۆیە لەمەودوا بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانتان دەستی سواڵ بۆ خەڵکی درێژ دەکەن. دوای ئەوە لەموسای پرسی، بۆچونی تۆ لەبارەی ئەم خەوم چیە.

موسا وتی: ئەو خودایانەی کە بەوشێوەیە بێدەستەڵات بن و بەتەنها لێدانێك لەناو بچن، باشتر وایە هەر لەناو بچن. هەموو ئەم جۆرە گوتانە پوچ و بێبنەمان بۆ نمونە"خودای بەردین!خودای زێڕین!خودای زیوینی! بێگیان". ئێستاش ئاسودە بخەوە بۆئەوەی خەوێکی باشتر ببینی!

بەڵام"نون"بەکونجکاویەکەوە لێی پرسی: تۆ دڵگرانی لەناوچونی ئەم خودایانە نیت؟

موسا وتی: ئەم پەیکەرە بەردین و بێگیانانە هەر لەسەرەتاوە دەستەپاچە و لەناوچوو بون، ئەو خودایەی کە بەدەستی مرۆڤ دروست دەکرێت خودا نیە.

نون وتی: کەواتە ئەوانەی بەدەستی هێزی سەربازی میسر لەناو چون خودا نەبون؟

موسا وتی: یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی خودا ئەوەیە کە هیچ کەسێك ناتوانێت چاوی پێی بکەوێت، بەڵام هەموو ئەو خودایانە دەبینران.

PDF 4 KURD

نون وتی: تۆ کە بەوشێوەیە بیروباوەڕی خۆت لەبارەی خوداکانەوە دەخەیتە ڕوو، چ بەڵگەیەکت بۆ سەلماندنی ئەم گوتانەت بەدەستەوە؟

موسا وتی: بەڵگەم ئەوەیە کە دەتوانم بخوێنم و بنوسم و کتێبە کۆنەکانیش دەخوێنمەوە، و زۆر شتیش لەو کتێبانەوە فێربوم.

دوای زاڵبونی لەشکری میسر بەسەر وڵاتی"کوش"دا بەفەرمانی فەرمانده تەواوی ژنە ڕەشپێستەکانیان کۆکردەوە و بەسەر سەربازەکاندا دابەشیان کردن بۆئەوەی بەناونیشانی پاداشتێك لەبەرامبەر ئەرك و ماندوبونیان پێیان ببەخشن و دوای ئەوە وەك کەنیزەیەك بیانفرۆشن. سەرەتا فەرماندە هەزار ژنی لێ هەڵبژاردن بۆئەوەی بەناونیشانی دەستکەوتی جەنگ بینێرێت بۆ فیرعەون. فەرماندەی هێزی نێردراوی میسر کچی پادشای کوش بەناوی"ئیرکا"ی نارد بۆماڵی"موسا"بۆئەوە لەوماڵەدا خزمەتی موسا بکات. هاوسەری"ئیرکە"چەند ساڵێك لەوەوپێش کۆچی دوایی کردبوو و"ئیرکا"تاکە پاشماوەی خێزانی پادشای کوش لەقەڵەم دەدرا کە زیندو بێت و ئێستاش بەدیلی گیراوە و وەك کەنیزەیەك پێشکەشی موسا کراوە.

موسا سەرەتا حەزی نەکرد ئەو ژنە لەلای خۆی بهێڵێتەوە و داوای لەفەرماندە کرد کچی پادشا ببەخشێت بەکەسێکی تر.

فەرماندە بە"موسا"ی وت: ئەگەر"ئیرکا"ببەخشم بەهەرکەسێکی تر یەکسەر دەیبات بۆ بازاڕ و وەك کەنیزەیەك دەیفرۆشێت و منیش حەز ناکەم بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

"موسا"ش ناچاربوو"ئیرکا"وەك کەنیزەیەك لەلای خۆی بهێڵێتەوە، "ئیرکا"ش ژنێکی هۆشیار و چوست و چالاك بوو و زۆر زوو توانی زاڵ بێت بەسەرکاروباری ماڵی موسادا، هەروەها هەوڵی ئەوەشی دا سەرنجی موسا بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، بێئاگا لەوەی دڵی موسا ئاشقی کەسێکی تر بووە و زۆر گرنگی بە"ئیرکا"نەدەدا. بگرە موسا ئامادەش نەبوو قسە لەگەڵ"ئیرکا"دا بکات، سەرەڕای ئەوەش نەیدەتوانی بەزمانی کوش بدوێت. کاتێك"ئیرکا"دڵساردی و گرنگی نەدانی موسا بینی خۆشەویستیەکەی گۆڕا بەڕق و کینە، دوای ئەوە هەوڵی لەناوبردنی موسای دەدا و بەدوای هەلێکدا دەگەڕا کە پلانەکەی خۆی تێدا ئەنجام بدات، تا شەوێکیان

PDF 4 KURD

موسا وەك هەر شەویکی تر ڕۆشت بۆ ژوری خەوتنەکەی بۆئەوەی بخەویت و"ئێرگا"ش بەچەقۆیەکەوە خۆی کرد بەژورەکەیدا و بەلاسەریەوە ڕاوەستا بینی خەوی لێکەوتووە. لەوکاتەدا موسا هەستی کرد شتێك لەتەنیشتیەوە دەجولێتەوە، بۆیە بەخێراییەکی چاوەڕواننەکراو ڕاپەڕی و نوکی چەقۆکەی"ئێرگا"شانی موسا بریندارکرد، موسا هاواری کرد و"نون"ی نۆکەری بەسەر لێشواویەکەوە خۆی گەیاندە لای و بینی موسا شەڕ لەگەڵ"ئێرگا"دا دەکات. "نون"یەکسەر مەچەکی"ئێرگا"ی گرت و چەقۆکەی لەدەستی سەند، ئەو ژنەش بالآیەکی کەتە و ئێسقانێکی ئەستور و بەتوانای هەبوو، بۆیە بەو ئاسانیە خۆی نەدەدا بەدەستەوە، ئەو ژنەش بەدەست و لەقە و گاز هەولێدەدا خۆی لەدەستی ڕزگار بکات، بەلآم"نون" ئێرگای دا بەزەویدا و بەموسا وت: پەتێك بهێنە بۆئەوەی ئەم ژنەی پێ ببەستینەوە. دەستی کچی پادشایان بەستەوە و"موسا" چرایەکی هێنا و"نون"یش شانی برینداری موسا بەست و وتی: بەدڵنیاییەوە ئەم ژنە نیازی کوشتنی تۆی هەبووە، لەبەرئەوە دەبێت بیکوژین.

موسا وتی: نابێت بەهەڵەشەیی بڕیار بدەین، ئێستا کە زیندوم.

نۆکەرەکەی پێی وت: تۆ بێهودە کوشتنی ئەم ژنە دوا دەخەیت، ئەم ژنە زۆر هەڕەشە ئامێز و ترسناکە، ئەگەر کەمێك درەنگتر ڕاپەڕیایەیت بەدڵنیاییەوە ئێستا لەژیاندا نەمابویت.

موسا وتی: دەبێت بۆساتێك خۆمان لەجێی ئەودا دابنێین، ئەوە هەمان ئەو هێرشە بوو کە من بە"ستی کف"م وت بۆچی پێش کوشتنی باوکی ئەم کچە خۆی ناخاتە جێی ئەو.

ئەو کچە بەهیچ شێوەیەك لەگفتوگۆکانی ئەوان تێنەدەگەشت و نۆکەرەکەی"موسا"ش زمانی"کوش"ی نەدەزانی.

موسا وتی: ئەم کچە وا لێکی دەداتەوە کە ئێمە بکوژی باوك و براکانی ئەوین، لەکاتێکدا"سوکر موسا"و "ستی کف"پادشا و کوڕەکانی کوشت و منیش گلەیی ئەو ڕەفتارەم لێکردن. دوای ئەوە چەقۆی کچەکەی هەڵگرت و پەتەکەی دەستی پێی

PDF 4 KURD

بڕی و بەو ژنەی وت لێرە بڕوات. "ئیرگا"بۆماوەیەك بەدوودڵی مایەوە، دوای ئەوە لەناکاو بەپەلە لەو ژوورە ڕۆشتە دەرەوە.

بەم ڕەفتارەی تێڕوانینی"نون"ی لەبەرامبەر خۆیدا گۆڕی، بەڵام بەڕوکەش گۆڕانکاری بەسەر ڕەفتارەکانیدا نەهاتبوو. موسا لە"نون"ی پرسی: من چێژ لەسادەیی ژیانی تۆ وەردەگرم، ڕێزێکی زۆریشت لێدەگرم.

ڕۆژێکیان"نون"لەبەردەم کێوێکی بەرزدا لەموسای پرسی: ئەگەر بەسەر ئەم شاخەدا سەرکەوین و بڕۆینە ترۆپکی ئەم کێوە، دەتوانین لەسەر ترۆپکی ئەم شاخەوە تەماشای میسر بکەین.

موسا وتی: با سەرکەوین و تاقی بکەینەوە.

لەحاڵی سەرکەوتندا بوو نۆکەرەکەی دەستی گرت. موسا زۆر جدی بوو، وەك میسریەکان ئەفسانە پەرست نەبوو، بەڵام نون زۆر ئەفسانە پەرست بوو، بۆ هەموو جوڵە و شتێك ئەفسانەیەکی بۆ دەخوڵقاند، ئەو دەیوت: دەبێت هەموو کەسێك سود لە دوو ناو وەرگرێت. یەکێیان ناوی خۆی کە هەموو کەسێك بەوناوە بانگی دەکەن و ئەویتریان ناوێکی نهێنی بێت کە هیچ کەسێك نابێت بەو ناوەی بزانێت. چونکە هەرکەسێك ئاگاداری ناوی نهێنی هەر کەسێك بێت بەدڵنیاییەوە ڕۆژێك دێت هەوڵی کوشتنی دەدات. ئەمە نمونەیەك بوو لەئەفسانە پەرستیەکانی"نون" ئەوەی بۆ موسا باسکرد کە پیشتر پەیڕەوی لەخودایەك کردووە کە ناوی"بعل"بووە، "بعل"نیوەی جەستەی وەك جەستەی ژن بووە و نیوەکەی تری وەك گیانەوەرێکی باڵدار بووە.

موسا وتی: ئەو تایبەتمەندیەکانی پەیکەری"ئەبولهول"ە کە ڕۆژانێك یەکێك بووە لەخودایانی میسر، بەڵام ئەمڕۆ چیتر لەناو چووە.

سەرەڕای ئەوەی"موسا و نون"هەوڵیان دا هیچ کەسێك ئاگاداری بەسەرهاتی"ئیرگا"نەبێت، بەڵام بۆچی لەناکاو"ئیرگا"هەموو خەڵکی بەڵکو خودی"سوکر موسا"ی لەم ڕووداوە ئاگادارکردەوە، بەڕاستی زۆر سەیرە.

"سوکر موسا"لە"موسا"ی پرسی: ئایا ڕاستە کە"ئیرگا"پەلاماری داویت؟

موسا وتی: بەڵێ.

PDF 4 KURD

"سوکر موسا" وتی: کەواتە دەبێت"ئیرگا"بکوژرێت.

موسا وتی: من بەخشیم و نامەوێت بکوژرێت.

فەرماندە وتی: بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئەم ژنە نەکوژرێت ئەوا ئەو تۆ دەکوژێت...

سوکر موسا کچی پادشای نارد بۆماڵی"هتپ رە"ی فەرماندەی ڕابردوو بۆئەوەی ئەم ئاژاوەیە لەنێوانیاندا لەناو ببات. "هتپ رە"ش کە بەردەوام دەیخواردەوە، لەبەرئەوەی سەرخۆش بوو داوای لە"ئیرگا"کرد لەگەڵیدا ڕابوێرێت و "ئیرگا"ش داواکەی ڕەت دەکاتەوە، "هتپ رە"ش لێی توڕە دەبێت و بەچەقۆیەك پەلاماری دەدات و دەیکوژێت. دوای کوشتنی ئەو ژنە "هتپ رە"ی فەرماندەی کۆن ترسی لێ نیشت و بەسەربازەکانی دەوت لەکاتی شەودا لاشەکەی بەخاك بسپێرن. بەیانی هەمان ئەو شەوە ڕەشپێستەکانی"کوش"ئاگاداری بون کە کچی پادشایان کوشتووە، بۆیە هەوڵی تۆڵە سەندنەوەیان دەدا. سوکەر موسا بۆ وروژانی توڕەیی ڕەشپێستەکان لەیەك ڕۆژدا هەزار پیاوی لێکوشتن. "هتپ رە"هەوڵی دا تاوانەکە بخاتە ئەستۆی"موسا". بەردەوام کەسانی تری دژی"موسا"هان دەدا، تا ئەوکاتەی کارگەشتە ئاستێك کە لەناو هەموو ئەفسەرەکاندا وتی: باشتر وایە"موسا" لەناو ببەین.

"نون"بەرێکەوت لەوکاتەدا لەو نزیکانەدابوو و گوێی لەقسەکانی"هتپ رە"بوو، دوای ئەوە جوان گوێی لێگرت بۆئەوەی بزانێت باسی چی دەکات: ئەگەر موسا"ئیرگا"ی لەماڵی دەرنەکردایە، ئەوا من لەکاتی مەستیدا نەمدەکوشت، کەواتە تاوانباری یەکەم لەکوشتنی"ئیرگا"دا موسایە! "نون" کەئاگاداری ئەو بەسەرهاتە بوو دەیزانی"هتپ رە"درۆیان لەگەڵدا دەکات، بەتایبەت ئەوەی دوبارە و دوپات دەکردەوە: ئەگەر موسا بکوژین، هەمووومان ئاسودە خەیاڵ دەبین، "نون"بەبیستنی ئەم گوتانە زۆر دڵگران بوو، بۆیە ڕۆشت موسای لەهەموو شتێك ئاگادار کردەوە؟

موسا وتی: ئەو کەسەی ئەم قسانەی بۆ گێڕاویتەوە بەدڵنیاییەوە ویستویەتی من دژی"هتپ رە"بوروژێنێت لەبەرئەوە نابێت باوەڕ بەم جۆرە قسانە بکەیت.

نۆکەرەکەی"موسا"ش وتی: کەواتە تۆ پێم دەڵێت چیتر نابێت متمانە بەگوێکانم بکەم، ئەوەی بۆم گێڕایەوە بەگوێکانی خۆم بیستم.

PDF 4 KURD

موسا وتی: ناتوانم باوەڕ بەو قسانە بکەم.

نون وتی: ئەو هەوڵی کوشتنی تۆ دەدات، تۆ دەبێت دەستپێشخەری بکەیت.

موسا وتی: نامەوێت لەمبارەیەوە گوێم لەهیچ شتێکی تر بێت.

"نون"دوای ئەوە هیچی نەوت، بەڵام شەو و ڕۆژ"هتپ رە"ی خستبووە ژێری چاودێریەوە، بۆئەوەی بزانێت لەچ کات و لەچ شوێنێکدا نیشتەجێیە و لەچ کاتێکدا دەگەڕێتەوە بۆماڵی خۆی و لەچ کاتێکدا دێتە دەرەوە. دوای چەند ڕۆژێك ئێشکگری"نون"پەیی بەوە برد"هتپ رە"شەو درەنگانێك دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ و کاتێکیش دەگەڕێتەوە زۆر مەست و شل و شۆڵە کە ناتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت. نۆکەرەکەی موسا"نون"چاوەڕێی کرد تا"هتپ رە" لەتەنیشتیەوە تێپەڕی و چەقۆ بەدەست لەدوایەوە کەوتە ڕێ و بەدوای هەلێکدا دەگەڕا کە لەگۆشەیەکی چۆڵدا لەناکاو سودی لەچۆڵ و هۆڵی ناوچەکە وەرگرت و چەقۆکەی خستە سەرملی"هتپ رە" و بەدەستەکەی تری بەتوندی دەمی گرت و بەهەموو توانایەکی فشاری خستە سەر چەقۆکەی و شاڕەگی خوێنی ملی"هتپ رە"ی بڕی، دوای ئەوە"نون"دەست بەرداری بوو، بەیانی هەمان ئەو شەوە جەستەی خوێنینی"هتپ رە"یان دۆزیەوە و وایان زانی کە ڕەشپێستەکان لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی کە هێزی سەربازیەکانیان لەبەرامبەر خەڵکەکەیاندا ئەنجامیان داوە تۆڵەی خۆیان کردوەتەوە بەهۆی ئەم بیرکردنەوە هەڵەیانەوە بکوژی سەرکی ون بوو. "سوکەر موسا"ی فەرماندە سەرەتا گومانی لە"نون"ی نۆکەری موسا نەبوو، بگرە لەمبارەیەشەوە ناوی نەهێنا و وتی: بەدڵنیاییەوە"هتپ رە"سەرخۆش بووە و لەگەڵ کەسێکدا بەشەڕهاتووە و لەئەنجامی ئەم شەڕەیاندا ئەو بەکوشت دراوە. ڕەوشت و ڕەفتاری"هتپ رە" بەشێوەیەك بوو کە توانایەکی تەواوی بەم جۆرە ئەگەرانە دەبەخشی، چونکە ئەو لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەدەگونجا و دوژمنایەتی و شەڕی لەگەڵ زۆربەی ئەفسەرەکاندا کردووە،

موسا بەباسکردنی ئەم خاڵانە بە"نون"ی وت: سەرەڕای ئەوەش من بەکوشتنی"هتپ رە"ڕازی نیم و کوشتنی ئەو بەپێچەوانەی بنەما و یاساکان دەزانم.

PDF 4 KURD

لەمکاتەدا"سوکەر موسا"چەند پرسیارێکی لەموسا کرد چونکە زیاتر گومانی لە موسا هەبوو و پێی وت: تۆ ئاگاداری کوشتنی"هتپ رە"نەبویت؟

موسا وتی: لەکوێوە ئاگاداری کوشتنی"هتپ رە"بم؟

"هتپ رە"بەجێگرەکەی خۆی وت: من زانیاری ئەوەم پێگەشتووە کە"هتپ رە"هەڕەشەی کوشتنی لێ کردویت، لەبەرئەوە هەر ئەم خاڵە دەبێت بکرێتە پاڵنەرێك بۆ کوشتنی ئەو.

موسا وتی: کەسانی وەك"هتپ رە"بەد ڕەوشت و ناسازگارن و زۆریش باس و هەڕەشە لەم و لەو دەکەن، بەڵام بێ لەقسە هیچی تر نیە، لەبەرئەوەی ئەگەر بیویستایە ئەم قسانەی کرداری بکات، بەئاشکرا بۆ خەڵکی نەدەگێڕایەوە، لەبەرئەوە گوتەی کەسانی وەك ئەو بەهەڕەشە لێکنادەمەوە، سەرەڕای ئەوەی بەرکەش خۆی بەهاوڕێم نیشان دەدات، ئێستا بەچ شێوەیەك پرسیاری وام لێدەکەیت؟

سوکر موسا وتی: هەمان ئەم هەڵسەنگاندن و هەڵەتێکەشتنانە دەتوانێت هانی ئەوەت بدات تۆڵەی لێ بکەیتەوە.

موسا وتی: تۆ لەهەڵسەنگاندنەکانتدا بەهەڵەدا چویت، من لەپێنان چەند گوتەیەکی پڕوپوچدا هەوڵی کوشتنی هیچ کەسێك نادەم.

سوکر موسا وتی: بێ لەم بابەتی هەڕەشەیە، ئەو لەکاتێکدا تۆ لەو شوێنانەدا نەبویت باسی چەند بابەتێکی تر کردووە کە من زیاتر لەتۆ بەگوماتر دەکات.

پرسیاری ئەو بابەتەی لێکرد: ئەوە چ بابەتێکە کە بەو ڕادەیە بەلاتەوە گرنگ دێتە بەرچاو؟

سوکرموسا وتی: تەنها یەك کەس دەتوانێت بێ هیچ ترسێك"هتپ رە"بکوژێت ئەوکەسەش خودی تۆیە، لەبەرئەوەی ناتوانم بەهۆی تاوانی کوشتنی"هتپ رە"سزات بدەم، لەبەرئەوەی تۆ کوڕی فیرعەونیت.

موسا وتی: دڵنیابە لەوەی ئەگەر مەبەستێکی وام هەبوایە ئەوا بەئاشکرا بانگێشتی گۆڕەپانی جەنگم دەکرد و بەبەرچاو هەموو سەربازەکانەوە شەڕم

PDF 4 KURD

لەگەڵدا دەکرد، من هیچ دژمنایەتیەکم لەگەڵ"هتپ رە"دا نەبووە کە بەو شێوەیە بەنهێنی هەوڵی کوشتنی بدەم.

سوکر موسا وتی: ئێستاش کەوا دەڵێیت باوەڕت پێدەکەم، سەرەڕای ئەوەش فیرعەون پەیامێکی بۆ ناردوم کە پەیوەست دەکرێت بەتۆوە. سوکەر موسا بەمشێوەیە بۆی ڕونکردەوە: فیرعەون فەرمانی داوە گەڕانەوەت کەمێکی تر دوا بخات و ئەم دورخراوەییەی تۆ کەمێکی تر درێژە بکێشێت. هۆکارەکەشی خۆت دەزانی؟

موسا وتی: بەڵێ هۆکارەکەی باش دەزانم چیە.

سوکەر موسا وتی: ئەکرێت منیش بزانم؟

موسا وتی: ڕۆژێك دێت بۆ هەموو ئاشکرا دەبێت، لەئێستادا ئەم نهێنیە بەشاراوەیی بمێنێتەوە.

سوکر موسا وتی: فیرعەون باسی شتێکی تری کردووە.

موسا پرسی: ئەو شتە چیە؟

سوکەر موسا وتی: فیرعەون لەڕێژەی دەستکەوتەکان ناڕازیە و ئەوەی دوپات کردووەتەوە کە دەستکەوتەکان دەبێت زۆر لەوە زیاتر بن کە نێردراون، بەدڵنیاییەوە ئەو ئەفسارانە دەستیان لەو سامانە داوە کە نێردراوە بۆ فیرعەون، لەبەرئەوە دەبێت قەرەبوی بدەینەوە و بڕێك زێڕی تری بۆ بنێرین!!

موسا وتی: تۆ دەتەوێت چی بکەیت؟ خۆ ئێمە ناتوانین ئاڵتون دروست بکەین، زێر بەردی کێوەکان نیە تا بەئاسانی بەدەست بێت.

سوکر موسا وتی: وایە ئێمە توانای دروستکردنی زێڕمان نیە، بەڵام لەوانەیە ئەم ڕەشپێستانە بڕێکی تر زێڕیان هەبێت و لەئێمەیان شاردبێتەوە، دەبێت وایان لێ بکەین ئاڵتونە شاردراوەکانمان پێ بدەن بۆئەوەی فیرعەون لەخۆمان ڕازی بکەین.

موسا وتی: من بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم کە ئەم ڕەشپێستانە زێڕیان نیە و ئێمە بێهودە کاتی خۆمان لەئەشکەنجەدانیاندا بەفیڕۆ دەدەین، دەبێت بیر لەشتێکی تر بکەیتەوە، چونکە زانیاری ئەوەم پێگەشتووە کە ئەم ڕەشپێستانە هیچ شتێکی

PDF 4 KURD

بەهادار شك نابەن لەبەرئەوەی ئەفسەرە میسریەکان هەموویانیان لیٚ سەندون، بگرە دەستیان بەسەر کاسەکانیشیاندا گرتووە چ بگات بەزێڕ و زیو.

سوکر موسا وتی: فیرعەون لەنامەکەیدا پێشنیارێکی تری کردووە.

موسا وتی: چ پێشنیارێك؟

سوکەر موسا وتی: فیرعەون ئاماژەی بەوە داوە کە لەباشوری ولاتی"کوش"، شوێنێك کە ڕوباری نیل لەوێوە هەڵدەقوڵێت، سەرچاوەی باشترین زێڕی جیهانە، بیستومە کە دیواری شارەکانیشیان زێڕە! یان ڕوپۆشی زێڕە، پەیکەری خوداکانیان سەرتاپا لەزێڕ دروست کراوە کەهەریەك لەو پەیکەرانە بەئەندازەی سەد بەردی میسری قورسە.

موسا وتی: بێگومان ئەفسانەیەکیان بۆ فیرعەون گێڕاوەتەوە، ئەویش هەمان ئەو چیرۆکانەیە کە لەسەردەمی منداڵیدا بۆیان گێڕاوینەتەوە بۆئەوەی خەومان لیٚ بکەوێت، بەلاّم فیرعەون لەبێداریدا باوەڕی پێکردووە و دەیەوێت بێهودە توشی دەردیسەریمان بکات.

سوکەر موسا وتی: من هەمان دەستنوسی فیرعەونت بۆ دەخوێنمەوە بۆئەوەی بزانی بەڕاستیەتی، بڕۆن بۆ کۆتایی باشوری"کوش" و تەواوی زێڕی ئەو شارە باربکەن و بۆمی بنێرن.

موسا وتی: فیرعەون ئەم فەرمانەی بۆ کیٚ ناردووە؟

سوکەر موسا وتی: بەدڵنیاییەوە بۆ فەرماندەی هێزی سەربازی نێردراوی میسر.

موسا وتی: کەواتە ئاشکرایە بۆتۆی ناردووە، تۆ هێزی سەربازی ڕەوانەی شوێنی مەبەست بکە و هەموو زێڕی شاری ئەفسانەی بار بکە و بینێرە بۆ فیرعەون.

سوکەر موسا وتی: من لەم ڕۆشتنەم دەترسم.

موسا وتی: تائێستا لەم شوێنە و ئەم ڕێگا دوورودرێژ و کوشندەیە نەترساوین، ئەم ڕێگایە لەچاو ڕێگای پێشوو زۆر درێژخایەن نیە، بۆچی لێی دەترسی؟

سوکەر موسا وتی: تا ولاّتی کوش ئێمە دوژمنمان لەپشتەوە نەبووە، بەلاّم لەمەو دوا ئەم ڕەشپێستان بچوکترین هەل دەقۆزنەوە بۆئەوەی تۆڵەی خۆیانمان لیٚ بکەنەوە، دەتوانن بەئاسانترین شێوە تۆڵەمان لیٚ بکەنەوە و لەناومان ببەن و توانای

PDF 4 KURD

ئەنجامدانی ئەم کارەشیان هەیە، ئەویش بچڕانی پەیوەندی ئێمەیە لەگەڵ وڵاتی میسردا، ئەوکات ئێمە دەبینە دیلی دەستی بیابان و دواجاریش لەناو دەچین، ئەوانیش بەباشی شارەزای ئەم ناوچەیەن و زۆرباشیش دەزانن بەچ شێوەیەك گیرۆدەمان بکەن، سەرەڕای ئەوەش فەرمانی فیرعەون نابێت بەو شێوەیە بمێنێتەوە دەبێت شتێك بکەین.

موسا وتی: پێویست ناکات تۆ و تەواوی لەشکرەکە بڕۆن بۆ ئەو شارە ئەفسانەییە، دەتوانی بڕێکیان لێ بنێریت بۆ ئەو شارە بۆئەوەی هەم فەرمانەکانی فیرعەون جێبەجێ بکرێت، هەم خۆت دوچاری ئەو هەڕەشەیە نەکەیت.

سوکەر موسا وتی: سڵاوت لێ بێت، بەهیچ شێوەیەك بیرم لەم پلانە نەکردبووەوە، بەڕاستی بیرۆکەیەکی زۆر باشە، من کۆمەڵێکی پرچەك بەچەند کەسێکی هەڵبژاردەیان دەسپێرم بۆئەوەی بڕۆن بۆ ئەوێ، لەبەرئەوەی تۆ لەهەموو ڕویەکەوە کەسێکی شایستەی، فەرماندەیی شاری زێڕ بەتۆ دەسپێرم.

موسا ماوەیەك بیری لێکردەوە و وتی: ئەگەر من ئەم پێشنیارەم بۆ نەکردایەیت ئەوکات تۆ دەتتوانی چی بکەیت، ئایا بیرت لەم بابەتە کردبویەوە؟

سوکەر موسا یەکسەر وتی: بەڵێ، هەمان ئەو پێشنیارەی تۆ کردت پێش تۆ بیرم لێکردبووەوە، بەڵام نەمتوانی بەو ئاسانیە دەریببڕم، تۆ فەرمانت پێ کراوە بڕۆیت بۆ شاری زێڕ، ئەمەیان خواست و فەرمانی من نیە.

موسا وتی: ئەگەر خواست و فەرمانی تۆ نیە، خواست فەرمانی کێیە؟

سوکەر موسا وتی: ئەوە خواست و فەرمانی فیرعەونە، دوای ئەوە موسا تێگەشت تەواوی ئەو نامە و زێڕ و شاری ئەفسانەیە تەنها بیانویەکە بۆ دورخستنەوەی ئەو لەمیسر، بۆیە ناچاربوو پەسەندی بکات.

موسا دەیزانی کە فیرعەون نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ پایتەخت، ئەمەش چەند ساڵێك درێژە دەکێشێت، لەوانەشە هەرگیز نەگەڕێتەوە. بۆیە وتی: دەمزانی کە فیرعەون بەو ڕادەیەش سادە و بێمێشك نیە کە نەتوانێت جیاوازی نێوان شاری ئەفسانە و وڵاتێکی ڕاستەقینە لەیەك جیا بکاتەوە، ئەو ژیرانە و بەبەرنامە ئەو

PDF 4 KURD

نامەیەی ناردووە بۆئەوەی من لەو دۆڵەدا بهێڵێتەوە، شاری زێڕ جگە لە ئەفسانە و خەیاڵ هیچ شتێکی تر نیە.

سوکەر موسا وتی: وانیە، سەردانی هەریەك لەو ئەفسارانە بکە کە زانیاری و ئەزموونیان لەو بارەیەوە هەیە ، دەبینی پێت دەڵێن کە شارێکی ئاوا لەڕاستیدا بونی هەیە، ئێستا ئامادەیت هەوڵی دۆزینەوەی بدەیت؟

موسا وتی: ناچارم بەناونیشانی فەرماندە و سەربازێك فەرمانی فەرماندە جێبەجێ بکەم، بەڵام دەزانم کە من بەدوای شارێکی ئەفسانەییدا دەنێرن.

سوکەر موسا وتی: هەرچەنێك سەرباز کە خۆت دەتەوێت بەهەموو پێداویستیەکەوە هەڵبژێرە و ڕێگای ئەو شارە بگرە بەر.

موسا لەپێش ئەو کەسانەی هەڵبژاردبون ڕێگای شاری ئەفسانەی گرتەبەر و لەئەنجامدا مەودای لەگەڵ سەربازەکاندا کەم بویەوە. درێژی ڕێگا، ڕێژەی کەمی سەربازەکان، ئامانجێکی نادیار هەموو ئەمانە بووە هۆی ئەوەی موسا و سەربازەکان زیاتر خوو بەیەکتریەوە بگرن و موسا بگرە گوێی لەگاڵتەی سەربازەکانیش دەگرت کە زۆر ڕەچاوی هەندێك بابەتی شاراوە و ناسکیشان نەدەکرد، سەرەڕای ئەوەی ئەم تێکەڵ بونەی کەمێك بەلایەوە سەخت بوو، بەڵام موسا دەبوو دانی بەخۆیدا بگرتایە.

"نون"لەسەرەتای ڕێکردنیاندا وتی: گەورەم، ئایا ئاگاداری ئەوەیت کە دەڕۆین بۆ ئەوپەڕی جیهان، و دەبینی کە لەو شوێنە نە کۆتایی جیهان و نە ئەو ئاگرەی کە بۆیان گێڕاویتەتەوە، دەبینی.

دوای ئەوە نون لێی پرسی: لیرەوە تا ئەو شوێنەی مەبەستمانە چەنێك ڕێگایە؟

موسا وتی: دەقاودەق نازانم، بەڵام بەپێی گوتەی"سوکەر موسا"بۆم دەرکەوت بەلایەنی کەم سەد ڕۆژ ڕێگایە.

"نون"وتی: ئەگەر دوای ئەو هەموو ڕۆژە شاری زێڕمان نەدۆزیەوە چی بکەین.

موسا وتی: دەگەڕێینەوە.

نون دوبارە لێی پرسی: ئەگەر شاری زێڕمان دۆزییەوە چی بکەین.

PDF 4 KURD

موسا وتی: دوبارە دەگەڕێینەوە و هەواڵی دۆزینەوەی شاری زێڕی پێ ڕادەگەیەنین.

نون لێی پرسی: ئایا ئێمە شاری زێڕ داگیر ناکەین؟

موسا وتی: ئێمە داگیرکەر نین، تەنها فەرمانیان پێداوین شاری زێڕیان بۆ بدۆزینەوە. سەرەڕای ئەوەش "سوکەر"یش ناتوانێت پارچەیەك لەو زێڕانە ئەگەر لەڕاستیدا زێڕی تێدا بێت بۆخۆی خەڵگرێت، چونکە لەمحاڵەتەدا یاری بەسەری خۆی دەکات، فیرعەونیش لەمبارەیە بچوکترین لێبوردنی نیە.

نون دوبارە لێی پرسی: لەوانەشە ڕێگاکەمان ون بکەین.

موسا وتی: ئێمە هەرگیز ڕێگا ون ناکەین، لەبەرئەوەی ڕوباری نیل باشترین ڕێبەرمانە، ئێمە بەرەو سەرچاوەی نیل دەڕۆین.

پەیوەندی نێوان "نون و موسا"بەدرێژای ئەم ڕێگایە تا دەهات بەهێزتر دەبوو و گفتوگۆیەکی زۆر لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕی پێکرا. نون پێشتر بگرە وشەی نەخێر یان بەڵێی نەدەهێنایە زمان، لەڕێدا هەوڵیدا چەند وشەیەك لەزمانی ڕەچەڵەکی خۆی فێری موسا بکات. موسا بەدوبارەکردنەوەی ئەو وشانە وتی: ئەم وشانە زۆر لەزمانی میسریەوە نزیکە، دیارە ئەم دوو زمانە بنەچەیەکی هاوبەشیان هەیە. کاتێك گەشتنە ناوچە کوێستانیەکان بینی گالیسکەوان بەترسەوە تەماشای ترۆپکی شاخ دەکات.

موسا لێی پرسی: مەگەر تۆ لەکێو دەترسیت؟

نون وەڵامی دایەوە: من لەکێو ناترسم، بەڵکو لە"بعل"دەترسم.

موسا وتی: "بعل"چ پەیوەندیەکی بە کێوەوە هەیە؟

نون وەڵامی دایەوە: "بعل"لەگەڵ منداڵەکانیدا هەمیشە لەترۆپکی کێوەکاندا ژیان بەسەر دەبات.

موسا زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: ناتوانم باوەڕ بەم قسەیە بکەم، بۆچی کاتێك لەدەشتدایت، بەو ڕادەیە لە"بعل"ناترسیت.

نون وتی: لەدەشتیشدا لە"بعل"و منداڵەکانی دەترسم، بەڵام لەنزیك کێوەکانەوە زیاتر لێی دەترسم.

PDF 4 KURD

موسا وتی: تۆ لەچ شوێنێکدا دەژیایت؟

نون وتی: شوێن لەدایك بونم دەشتێکی فراوانە بەناوی"کەنعان"

موسا وتی: ئەم ناوە بەلامەوە زۆر ئاشنایە... . دوای ئەوە لێی پرسی: تۆ ئاگاداری دایك و باوك و باوباپیرانتی، باسی ئەوانم بۆ بکە!

نون وتی: هەموو کەسێك باپیرەم باش دەناسێت، "ئیبراهیم"هەڵبەت هیچ کەسێك نازانێت لەچ سەردەمێکدا ژیاوە، لەوانەیە کاتێك ژیاوە کە میسریش بونی نەبوبێت.

موسا وتی: ئێمەش هاوشێوەی ناوی"ئیبراهیم"مان هەیە کە بە"ئاورام"بانگی دەکەین.

نون وتی: ئەم ناوەش هی ئێمەیە، میسریەکان بێ لەم ناوە هەندێك شتی تریان لەئێمەوە وەرگرتووە، "کەنعان"وڵاتێکی کۆنە و شتگەلێکی زۆری بەمیسر بەخشیوە. کاتێك"نون"باسی باوباپیرانی بۆ موسا دەکرد ئەفسانەیەکی زۆریشی ئاوێتەی گوتارەکانی کردبوو، بەلام لەکۆتایی"موسا"وا لە"نون"تێگەشت کە باوباپیرانی"نون"ی نۆکەری بەواتا یەکەم باپیر و دووەم باپیری خێڵە سەرەتاییەکانی کەنعان"ئیبراهیم"بووە کە بەزمانی میسری بە"ئاورام"بانگی دەکەن هەروەها سەرۆکایەتی ئەو خێڵەشی لەئەستۆدا بووە، دوای ئەو"ئسحاق"ی کوڕی"ئیبراهیم"بووەتە جێنشینی باوکی، هەڵبەت"نون"ئسحاق"ی بە"یترهاگ"بانگ دەکرد، دوای ئەویش"یەعقوب"بو بەجێنشینی کە ئەویش بەزمانی"کەنعان"ی ئەو سەردەمە بە"یاکوب"بانگیان دەکرد، سەرەڕای ئەم ناوەش ناوێکی تری هەبوو بە ناوی"یس رایل"، "نون"بەو شێوەیە بۆ موسای باسکرد کە"یعقوب"کوڕێکی جوانی بەناوی"یوسف" و چەند کوڕێکی تری هەبووە.

کاتێك کۆتایی بەو داستانەی"نون"هات، موسا لێی پرسی: ئەگەر بەهەڵەدا نەچوبم"یعقوب"دوانزە کوڕی هەبووە و هەریەك لەکوڕەکانی سەرۆکایەتی خێڵێکیان لەئەستۆ گرتبوو و دوانزە خێڵەکەی ئیسرائیل لەمانەوە سەرچاوە دەگرن؟

نون وتی: زۆرباش لەمەبەستم تێگەشتی.

دوای ئەوە موسا لێی پرسی: تۆ سەر بەکام یەك لەم خێڵەیت؟

PDF 4 KURD

نون وتی: بۆچی ئەم پرسیارەم لێ دەکەیت؟

موسا وتی: لەبەرئەوەی خۆشم سەر بەیەکێك لەم دوانزە خێڵەم.

نون وتی: لەبەرئەوەی تۆش سەر بەم خێڵانەیت پێت دەڵێم کە سەر بەچ خێڵێك لەم خێڵانەم، من سەر بەخێڵی "لوی"م.

"موسا"ش وتی: من سەر بەخێڵێکم کە لەوڵاتی "کوش"دا نیشتەجێ بون و سەر بەم خێڵانەن، بەڵێ من سەر بەخێڵی "کوش"م. دوای ئەوە موسا دەستی بۆ ڕوباری "نیل" ڕاکێشا و وتی: تەماشا کە ڕوباری نیل لەم ناوچەیەدا ڕەنگی شین باوە، بەڵام گۆڕاوە بەڕوبارێکی زۆر بچوك و زیاتر لەچەم و جۆگەلەیەك دەچێت تا ڕوبارێکی گەورە. ئەم ناوچەیە کوێستانیە و ناتوانین بەگالیسکەکانمانەوە لەوێوە تێپەڕین، بۆیە دەبێت گالیسکەکانمان لێرەدا بەجێ بهێڵین و بەئەسپەکانمان ئەم ڕێگایە بگرینە بەر. ئەو ڕێگایەی ئەوان گرتبویانە بەر دۆڵێك بوو کە لەکەنار ڕوباری "نیلە"تا ترۆپکی شاخەکان بەبەرگێکی سەوز داپۆشرابوو.

نون وتی: وەك بڵێی فەرشێکی سەوزیان لەسەرتاپای ئەم ناوچەیەدا ڕاخستبێت.

لەو ناوچەیەدا شەوانی زۆر سارد دەبوو و خەڵکەکەی ناچاردەبوون ئاگر بکەنەوە. سەیر لەوەدا بوو کە هیچ گیانەوەرێك سڵی لێ نەدەکردنەوە و زۆر بەئاسایی لێیان نزیك دەبونەوە و مەیمونەکانیش شەو و ڕۆژ لەچواردەوریاندا بون و گیانەوەرەکانی تریش لەسەر تاوێرە بەردێك ڕادەکشان و سەرقاڵی تەماشاکردنی ڕێبوارەکان بون. یەکێك لەخۆشگوزەرانی سەربازەکان ئەو کاتانە بوو کە کەرەکان دەستیان بەسەرەسەر دەکرد، دوای تەواو بونی ئەو سەرەسەرە گیاندارەکانی تر هەریەك بەشێوەی تایبەتی خۆیان دەستیان دەکرد بەهەراوهوریا، ڕۆژێکیان لەڕێگایەکدا سمی ئەسپەکەی "موسا" چەقیە ناو کونێك و بووبەهۆی شکاندنی مەچەکی ئەسپەکەی، چیتر دوای ئەوە ئەسپەکەی نەیدەتوانی ڕێ بکات، دوای ئەوە لەنێو خۆیاندا گفتوگۆیان بوو و دەیانوت ئەگەر لێرە بەجێی بهێڵین شێرەکان چواردەوری دەگرن و پارچەپارچەی دەکەن، "موسا"ش حەزی نەدەکرد شێرەکان ئەسپەکەی پارەچە پارچە بکەن، بۆیە ئەوەی بەباش زانی بیکوژێت بۆئەوەی لەو ئازارە ڕزگاری بکات.

PDF 4 KURD

موسا بەیەکێك لەسەربازەکانی وت: تۆ بەشێوەیەك بیکوژە کە هەست بەهیچ ئازارێك نەکات.

ئەو ڕۆژەی ئەسپەکەیان کوشت"نون"دارێکی پیشانی"موسا"دا و وتی: ئەمڕۆ چل و نۆیەمین ڕۆژی ڕێکردنمانە.

موسا پرسی: بەچ شێوەیەك بەوردی ئاگاداری ئەوەیت کە چەندەمین ڕۆژی کۆچمانە؟

"نون"یش دارەکەی دەستی پێنیشاندا کە هەموو ڕۆژێك هێڵێکی پێدا دەهێنا، کە چل و نۆ هێڵی پێدا هێنرابوو. "نون هەموو بەرەبەیانێك پێش ئەوەی بەڕێکەون هێڵێکی تازەی پێدا دەهێنا.

لەمکاتەدا داستانی سەرچاوەی ڕووباری"نیل" دەمە و دەم بەنێو سەربازەکاندا گواسترایەوە، چونکە ڕووباری"نیل"لەهەر ناوچەیەکدا بەشێوەیەك لەشێوەکان بەنێو کێو و دەشتەکاندا تێدەپەڕێت. لەنێو هەموو بەسەرهاتەکاندا تەنها بەسەرهاتێکیان لەنێو سەربازەکاندا ڕەواجی هەبوو ئەویش ئەو بەسەرهاتەیان بوو کە هەرکەسێك بڕۆشتایە بەدەوای دۆزینەوەی سەرچاوەی ڕووباری"نیل"دا هەرگیز نەگەڕاوەتەوە. لەهەمان ئەو کاتەدا هەم ئەوان گەشتنە ترۆپکی شاخێك و تەماشای تیشکێکی ئەرخەوانیان دەکرد.

نون وتی: موسا تەماشای ئەوێ بکە ئەو شوێنە بەدڵنیاییەوە کۆتایی جیهانە، ئەوە هەمان ئەو ئاگرەیە کە وتم سوتێنەرە، ئیتر لێرە بەدواوە دەگەڕێمەوە و هەنگاوێك بەرەوپێش نانێم.

موسا لێی تورە بوو و بەسەریدا هاواری کرد و وتی: نامەوێت ئەرکێك کە پێم سپێدراوە بەهۆی ئەفسانە پەرستیەکانی تۆوە بەنیوەچڵی بەجێ بهێڵم، تۆ کەسێکی ئەندێشە پەرستی و والیکی دەدەیتەوە و کە لێرەدا چیتر کۆتایی بەجیهان هاتووە، لەکاتێکدا هەرچەنێك بڕۆین هێشتا کەمترین ڕێگای ئەم جیهانەمان بەپێی بڕیوە، لەبەرئەوە ئەگەر ئەو بەرپرسیاریەتیەی بەمن سپێدراوە بەجێی نەگەیەنم، ئەوا بەسزای سەرکێشی دەمکوژن.

نون وتی: تۆ ئالێرەوە بگەڕێوە و پێیان بڵێی کە شاری زێڕم نەدۆزیەوە.

PDF 4 KURD

موسا وتی: کاتێك فەرمانده"سوکەر موسا"لێم بپرسێت، چەند ڕۆژ ڕێت کرد، لەهەمان ئەوساتەدا بۆی دەردەکەوێت کە من فەرمانەکانی ئەوم جێبەجێ نەکردووە، بەڵام بەلایەنی کەم دەبێت سەد ڕۆژ ڕێ بکەین، لەکاتێکدا بەپێی ئەو هێڵانەی لەسەر ئەو دارە کێشاوتن هێشتا نیوەی ئەو سەد ڕۆژەمان نەبڕیوە، لەبەرئەوە من بەردەوامی بەم ڕێیەی خۆم دەدەم.

لەو شەوەدا ئاسمان هەوری بوو و هەورەگرمە و هەورە بزیسکەیەکی زۆری هەبوو، دوای ئەوەش باران باری، لێزمەی باران بەڕادەیەك زۆر بوو بووە هۆی ئەوەی ڕووباری نیل بەرز بێتەوە و هەڵچێت و لەگەڵ خرۆشانی هاوکات لەگەڵ هەورەگرمەدا ڕوناکیەکی ترسناکی لەدۆڵ و چەمدا دروست دەکرد، "نون"بێدەستەڵات لەترساندا دەستی کرد بەگریان. "موسا"ش کە دەیزانی "نون"دوچاری"ئەندێشەپەرستی بووە زۆر گوێی پێ نەدا، تا سەرئەنجام کۆتایی بەباران بارین هات و ئەستێرەکانی ئاسمان دەرکەوتن.

موسا وتی: تەماشا کە ئەگەر ئەو شوێنە کۆتایی جیهان بوایە ئێستا بزیسکەی ئاگری لێ بەرز دەبویەوە و تۆ لەتاریکیەکی تەواودا بەجوانی چاوت بەئاگرەکە دەکەوت، بەڵام هەر بەوشێوەی خۆت دەیبینی ئەو ئاگرەی تۆ باست دەکرد ئێستا دیار نیە، ئەوەی ئەمڕۆ لەکاتی خۆرئاوابوندا چاوت پێی کەوت هەورگەلێکی سورباوبون. ئەگەر ئێرە کۆتایی جیهان بوایە ئەوا ئێمە بەم ئاسانیە نەماندەتوانی سنوری ببەزێنین، ئێستاش با بڕۆین بۆئەوەی پێت نیشان بدەم کە چەنێك ڕێگامان لەبەرماوە ببڕین و شتێك کە کۆتایی جیهان بێت بونی نیە. موسا و هاوڕێکانی بۆماوەی سێ ڕۆژ لەناوجەرگەی بیاباندا لەکەنار ڕووباری نیلەوە ڕێگای خۆیان گرتە بەر، ڕۆژی سێیەم مارێکی ژەهراوی"موسا"ی گەست. "موسا"ش یەکسەر مارەکەی بەچەقۆکەی دەستی کوشت و مارناسەکان یەکسەر وتیان، ئەوە مارێکی ژەهراویە.

نون وتی: دەبێت هەر ئێستا جێگە چزی مارەکە بەچەقۆ هەڵدڕین، دوای ئەوە بەدەم دەست بەمژینی شوێنە براوەکە بکەین، "نون"ئەوەندە شوێنی براوەکەی مژی و تفیەوە تا موسا لەهۆش خۆی چوو. ڕێکردنیان بەهۆی باری تەندروستی موساوە ڕاوەستا. موسا ئەو ڕۆژە تا بەیانی هەر لەحاڵی لەهۆش چوندا بوو

PDF 4 KURD

و"نون"یش لەبەرئەوەی ئەزمونی لەمبوارەدا هەبوو هەوڵی دا بەبەردەوامی لاشەی لەحاڵی فێنکیدا ڕاگرێت و پارچە دارێکی خستە نێوان ددانەکانیەوە، چونکە موسا بەهۆی کاریگەری ژەهرەکەوە لەرز و دانەچیرەی لێ کەوتبوو. کاتێك موسا چاوی کردەوە سەرەڕای ئەوەی لەرزەکەی کەمێك کەم بوبویەوە، بەڵام وڕێنەی دەکرد و لەبەرخۆیەوە بێ ئەوەی بتوانێت بەسەر خۆیدا زاڵ بێت قسەی دەکرد: من کوڕی فیرعەون نیم، من کوڕی یەکێك لەخەڵی"ئیسرائیل"م کە لەوڵاتی"کوش"کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دەڵتای"نیل"ەوە نیشتەجێن، دایکی ڕاستەقینەم لەناو سەبەتەیەکدا منی داوە بەدەم ڕوباری نیلەوە و شازادەیەکی میسری بەناوی"ئنخاس ئامون"منی لەڕوباری نیل گرتووەتەوە و بردومیەتە کۆشکی فەرمانڕەوایی و وا تێی گەیاندبون کە من کوڕی ئەوم بۆئەوەی لەلای فیرعەون خۆشەویست ببم، لەهەموو شوێنێکدا منیان بەشازادە بانگ دەکرد، لەکاتێکدا من کەنیزە زادەیەکی ئیسرائیلی بوم. "نون"زانی"موسا"وەکو خۆی کۆیلە زادەیەکە و لەخێڵی ئیسرائیلە، بەڵام نەیدەتوانی لەوە تێبگات کە بەچ شێوەیەك کەسێك لەخێڵی ئیسرائیل دەبێتە شازادەیەك! زۆر سەری لەو بەسەرهاتەی"موسا"سوڕما، پاشان لەبەرئەوەی بەو حاڵەوە تەماشای"موسا"ی دەکرد گریا!

موسا دەیوت: تۆش لەهەمان نەژادی منی زۆر بەڕێز و سۆزەوە مامەڵەت لەگەڵدا دەکردم. تۆ برای منیت...

دوای ئەوە"نون"پێی وت: پێم وتی ئێرە کۆتایی جیهانە و تۆ باوەڕت پێ نەکردم... . دوای ماوەیەك پێی وت: تۆ باوەڕ بەوە ناکەیت کە ئەوە"بون"بوو کە سمی ئەسپەکەی تۆی چەقاندە ناو کونێکەوە و شکاندی، تۆش ناچاربویت ئەو ئەسپەی کە زۆر خۆشت دەویست بکوژیت بۆئەوەی شێرەکان بەزیندویەتی پارەچ پارچەی نەکەن. ئەوە"بون"بوو کە ئەم مارەی هێنایە سەر ڕێت و گەستیتی و خەریك بوو بتکوژێت. "نون"زۆر لێت تورەیە و تا ئەو کاتەی نەگەڕێیتەوە دەستبەردارت نابێت.

موسا وتی: ئەندێشە پوچەڵەکان زاڵ بون بەسەر هزرتدا و هۆکاری هەر کارەسات و ڕوداوێك دەگەڕێنیتەوە بۆ"بون"

PDF 4 KURD

نون وتی: ڕۆحەکانی ئەم دۆڵە لەشێوەی ماردا خۆیان پیشان دەدەن کە ماری"هوشتن"ی پێ دەڵێن، بەڵام ئەمانە ئەو مارە نین کە"لئو"یان گەستووە.

موسا تەماشایەکی پێ ئاوساوەکەی کرد و بەردەوام هەستی بەتینویەتی دەکرد"موسا"ش بەڕادەیەك لاواز و بێهێز بوو کە نەیدەتوانی جامێکیش بەدەستەکانی بگرێت، لەئەنجامدا"نون"ناچاربوو یارمەتی بدات بۆئەوەی بتوانێت ئاوەکەی بخواتەوە. هەموو ئەو سەربازانەی کە ئارەزوی ئەوەیان دەکرد بگەڕێنەوە و حەزیان نەدەکرد لەوە زیاتر بڕۆن، زۆر خۆشحاڵ بون بەوەی"موسا"مار گەستی، چونکە حەزیان دەکرد بمرێت بۆیە بە بەردەوامی هەواڵیان دەپرسی. موسا وردە وردە ئامادە بوو و لە"نون"ی پرسی: ئەرێ بەڕاست چۆن ئەمە ڕویدا.

نون وتی: من و تۆ شان بەشانی یەکتر ڕێمان دەکرد و لەناکاو جوتێك مار پەلاماری داین، یەکەمیان تۆی گەست و دووەمیشیان منی گەست.

موسا وتی: ئەگەر ئەو مارەی تۆی گەستبێت، کەواتە چۆن ئاوا تەندروست و چوست و چالاکیت.

نون وتی: ئەو مارەی تۆی گەست زۆر جیاواز بوو لەو مارەی من، ئەوەی منی گەست ماری"نوهشتن"بوو، ڕۆحی مارەکان وەکو"نوهشتن"دەتگەزن بەڵام جێگە گەستنەکەی بەجەستەی مرۆڤەوە نامێنێت و تۆش دەبێت ئەوە بزانی کە"نون"بەردەوام لەگەڵ مرۆڤدایە و لێمان جیا نابێتەوە و ناهێڵێت هیچ کەسێك ئازارمان پێبدات، مەگەر ئەوەی بەپێچەوانەوەی خواستەکانی ڕەفتار بکەین، ئەوکات هەوڵی کوشتنمان دەدات.

موسا لێی پرسی: ئەوکاتانەی کۆیلە فرۆشەکان بەڕوتی قامچیان لێ دەدایت"بون"لەکوێ بوو؟بۆچی لەوکاتەدا بەرگری لێ نەکردی، مەگەر تۆ چ ڕفتارێکت بەپێچەوانەی خواستەکانی ئەو ئەنجام دابوو؟ بەڕاستی تۆ کەسێکی زۆر سادەیت کە واهەست دەکەیت"ڕۆحی مار" یان خودای"مار" بەناوی"نوهشتن"شایستەی ئەوەیە بیپەرستی؟ مار جۆرێك گیانەوەری گەزندەی ئازار بەخشە، لەهەر کاتێکدا هەلی بۆ بڕەخسێت ئیتر هەر جۆرە گیانەوەرێك بێت پەلاماری دەدات و دەیگەزێت بۆئەوەی بیکوژێت. من تۆ بەکەسێکی تاوانبار نازانم

PDF 4 KURD

و بەهیچ شێوەیەکیش سەرزەنشتت ناکەم، تەنها لەبەرئەوەی گیانەوەرێکی ئاوا درێو و ئازاربەخشت دەپەرست؟ ئەو مارەی کە بەناوی "نوهشتن"بانگ دەکرێت ئەفسانەیە و چیتر وەلای نیّ، ئێستا هەم بریسمە و هەم هەست بەماندوییەتی دەکەم.

نون وتی: بەدڵنیاییەوە ئەمە نیشانەی ئەوەیە بەرەو چاك بونەوە دەڕۆیت، هەرئێستا ماسیەکی تازەت بۆ دەبرژێنم، هەمان ئەو ماسیەی چەند ساتێك لەوەوپێش خۆم لەڕوباری "نیل"ڕاوم کرد، هەرئێستا ماسیەکی برژاو بۆ گەورەم ئامادە دەکەم.

موسا دوای نان خواردن دوبارە لەگەڵ"نون"دا دەستی کردەوە بەگفتوگۆ، بەڵام ئەمجارەیان لەبارەی"ئامون"ەوە گفتوگۆیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد نەك"ئاتون" چونکە ئەگەر لەباری"ئاتون"گفتوگۆیان لەگەڵ یەکتردا بکردایە"نون"بگرە لەوشیەکی ئەو گفتوگۆیەیان تێنەدەگەشت و حەزی نەدەکرد گوێی لێ بێت. لەڕابردوودا موسا لەگەڵ"نەف"ی سەرۆکی ئەندازیارانی کۆشکی"فیرعەون"گفتوگۆیەکی کردبوو و لەنێو ئەم گفتوگۆیەیاندا ئاماژەیان بەوە دابوو کە پایەدارترین تەلار ئەو تەلارەیە لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و تێڕوانین بنیات دەنرێت و هەرگیزیش ناڕوخێت. موساش کە دەیزانی لەسەردەمی منداڵیدا ئەوەندە باسی"بون"یان بۆ کردووە کە مەحاڵە بتوانێت بچوکترین دانوستان لەبارەی بیروباوەڕەکانیدا بکات، تەنها کارێك کە توانی ئەنجامی بدات بۆئەوەی کەمێك"نون"لەم بیروباوەڕەی جیابکاتەوە، ئەوەبوو وتی: خودای"نوهشتن و بون"خودای وڵاتانی ترن، ئەمانە لەمیسردا بارەگایان نیە و لێرەشدا جۆری خوداکان جیاوازن لەوەی تۆ باست کرد، ئایا تۆ کەسێك دەناسیت کە لەمیسردا"بون یان نوهشتن"بپەرستێت؟ ئەو خودایانەی کە تۆ دەیانپەرستی لێرەدا بەهیچ شێوەیەك بونیان نیە. ئەم قسەیە کەمێك کاری لە"نون"کرد و ورده ورده، دوای ئەوە کەمێك باسی ئاتونی بۆ کرد و هزری لە"بون"ەوە بەرەو"ئامون"دوای ئەوەش بەرەو"ئاتون"ڕەوانە کرد.

PDF 4 KURD

لەم نێوەندەدا"نون"لەکاتی گفتوگۆکاندا ناوی دایك و باوك و خوشك و براکان و ئەندامانی خێزانی هێنا و وتی: من لەخێڵی"یوی"یەکێك لەدوانزە خێڵەکانی ئیسرائیلم، لەوەیکە"یوی"زۆر مەزن نیە بەلایەنی کەم ئەو خێڵە هەمویان یەکتری باش دەناسن، بگرە من دەتوانم ناوی دایك و باوکی تۆ کە تۆیان هەڵداوەتە ڕوباری نیلەوە پێ بڵێم.

موسا لە"نون"ی نۆکەری ڕاماو و پێی وت: تۆ ناوی دایك و باوکی من دەزانی؟

نون وتی: بەڵێ ناوی باوکت بەزمانی"کوش"ئام رام"[30].

موسا بەکونجکاویەکەوە لێی پرسی: تۆ باوکم دەناسی؟ ئایا لەژیاندا ماوە؟

نون وتی: باوکت کۆچی دوایی کردووە بەڵام دایکت هێشتا زیندووە، بەواتا تا ئەو کاتەی من لە"یوی"بوم دایکت زیندوو بوو.

موسا لێی پرسی: دەزانی ناوی دایکم چیە؟

نون وتی: بەڵێ دەزانم ناوی دایکت چیە، ناوی"جوشبد"ە.

موسا چەند جارێك ئەو ناوەی لەبەرخۆیەوە وتەوە و وتی: سەرۆکی کاهینانی کۆشکی فەرمانڕەوایی پێی وتم دایکم لاو بووە و نزیکەی شانزە تا حەڤدە ساڵ زیاتر تەمەنی نەبووە.

موسا وتی: بەلەبەرچاو گرتنی ئەم چەندساڵەی دوایی، بەواتا ئێستا کە تەمنم بیست ساڵە، دایکم نزیکە چل ساڵ دەبێت و دەتوانم بەزیندویی چاوم پێی بکەوێت... . دوای ئەوە دوپاتی کردەوە: ئایا بەڕاستی تۆ بەچاوی خۆت دایکی منت بینیوە؟

نون وتی: بەڵێ من دایکتم بینیوە. "جوشبد"هاوسەری"عیمران"بێ لەتۆ کوڕ و کچێکی تری لەهەمان هاوسەر هەیە، کوڕەکەیان ناوی"هارون"ە و کچەکەشیان ناوی"میریام"ە.

موسا وتی: هەر زانیاریەکی ترت لەبارەی خێزانەکەی من هەیە پێم بڵێ.

نون وتی: "جوشبد"ی دایکت لەخێزانێکە بەناوی"سفیر"، باوکت ئاموزای باوکمە، کەواتە من و تۆ نەك تەنها لەیەك خێڵین بەڵکو خزمی یەکتریشین.

[30] ئەوە هەمان ئەو"عیمران"ەیە کە ئێمە دەیناسین.

PDF 4 KURD

شاری زێڕین

هەموو هێزەکە بەهۆی ئەو مارەی کە"موسا"ی گەست پشوی دا تا ئەوکاتەی لەلایەن موساوە فەرمانی جوڵانەوە دەرکرایەوە. لەو ساتە بەدواوە، ڕێکردنیان بەو ڕادەیە ئاسان نەبوو، چونکە ڕێگاکان سەختی و سەرەوژێری و بەرەوژوری و پێچاوپێچ هاوکات لەگەڵ گیاندارانی بێهێز و تواناادا ڕێگای بەریان سەخت و دژوارتر دەکرد. موسا و هاوڕێکانی بەهەر شێوەیەك بوو بەردەوامیان بە پێشڕەویەکانی خۆیان دا تا ئەوەی گەشتنە دەریاچەیەك کەڕوباری نیل لەوێوە سەرچاوەی دەگرت، دەریاچەیەك کە ئاوێکی زوڵاڵ، ئاوێك کە لەکێو و تاڤگەی دەریاچەوە هەڵدەقوڵا سەرچاوەی دەگرت، ئەو شوێنەی سەرەتای ڕوباری نیل بوو و ڕوباری"نیل"یش لەو تاڤگەوە سەرچاوەی دەگرت. بەچواردەوری ئەو دریاچەشدا گیاندارگەلێکی جۆراوجۆر سەرقاڵی لەوەڕاندن بون، بگرە فیلەکانیش بەشەفرەی درێژیانەوە لەو چواردەورەدا دەبینران. موسا لەمیسردا تەنها وێنەی فیلەکانی بینیبوو و ئەوە یەکەمجاربوو کە لەنزیکەوە چاوی بەفیل بکەوێت. موسا و سەربازەکانی بەچاوی سەرسوڕمانەوە تەماشای دیمەنگەلێکی جوانی سروشتیان دەکرد و نەیاندەزانی تەماشای کوێ بکەن، تائەوکاتەی چەند ڕەشپێستێك بەرەوڕویان هاتن. ئەم ڕەشپێستانە بەپێچەوانەی ڕەشپێستەکانی وڵاتی"کوش" باڵایەکی کورتیان هەبوو و لەسەرخۆ چەند گوتەیەکیان هێنایە زمان کە بەهیچ شێوەیەك لێی تێنەگەشتن. موسا و سەربازەکانی تەماشایەکی یەکتریان کرد، لەهەمان ئەو کاتەدا ڕەشپێستەکان بەدەستیان ئاماژەیان بۆ شوێنێك کرد و ڕێگایان پێنیشان دان.

"کربی" بەسەربازەکانی وت: بەڕێ کەوین و بزانین چیان لێمان دەوێت...

PDF 4 KURD

دوای ماوەیەك ڕۆشتن گوندێك دەرکەوت، ئەو گوندە لەناو دارستانێکی چڕدا شاردرابویەوە. لەبەردەم گوندەکەدا پیاوێك چوارمشقی دانیشتبوو و ئاوی دەخواردەوە. وا دەهاتە بەرچاو کە کوێخای ئەو گوندە بێت. هەرئەوکاتەی چاوی بە موسا و هاوڕێکانی کەوت بەزمانی میسری بەخێرهاتنی لێ کردن!

دوای ئەوە لێی پرسین: بەدڵنیاییەوە دزانم ئێوە خەڵکی میسرن. موسا و هاوڕێکانی بەبیستنی زمانی میسری لەناوچەیەکی ئاوا دور و نامۆدا لەوپیرەمێردە ئەویش بێ ئەوەی گوتەیەك بهێننە گۆ بەواق و وڕماوی تەماشایان دەکرد، کاتێکیش هاتنەوە هۆش خۆیان وتیان: بەڵێ ئێمە میسرین، بەڵام تۆ؟

پیرەمێرد وتی: دەزانم کە سەیرتان لێدێت کە من ئاگاداری ناسنامەی ئێوەم، ئێستا ماندون دانیشن، کاتێکی زۆرمان بۆ گفتوگۆ بەدەستەوەیە. لەئێستادا بحەوێنەوە و ماندویەتی خۆتان دەربکەن.

ئەو پیرەمێردە بۆماوەیەك لەگەڵ هاوڕێکانی قسەی کرد کە میسریەکان هیچی لێ تێنەگشتن، دوای ماوەیەك چەند کاسەیەکی دارینی پڕ لەمێوەی ڕەنگاوڕەنگیان خستە بەردەم "موسا"و هاوڕێکانی. دوای ئەوە شەرابی پێشکەش کردن و وتی: ئەمە شەرابی "ئزگیل"ی ناوچەی خۆمانە. هەموو سەربازەکان بێ لە"موسا" لەو شەرابەیان خواردەوە. موسا لەهەمان ئەوکاتەدا تەماشایەکی چواردەوری کرد و بینی ڕەشپێستەکان تاڕادەیەك ڕوتن. تاکە پۆشاکیان جۆرێك ڕیشاڵبوو کە تەنها بۆ داپۆشینی دەزگای پەیوەندی و کۆمیان بەکاریان دەهێنا. پیاوەکان نێزەیەکی درێژ و نوکێکی مەفرەغیان بەدەستەوە بوو. تاکە چەکێك کە بەناونیشانی چەکی ڕاستەقینە و کارا بەلایانەوە گرنگ بێت شمشێر و چەقۆ بوو کە بەدەستیانەوە بەدی دەکرا، بەڵام تیروکەوانێکیشیان هەبوو کە دیار بوو کاریگەر و کارابوو. موسا و سەربازەکانی بەهۆی دووردرێژی ڕێگاوە ڕیشێکی درێژیان پەیدا کردبوو و هەر ئەم دیمەنەش سەرنجی منداڵەکانی ڕادەکێشا و یاریان بەڕیشیان دەکردن و ڕایاندەوەشاند، ژنەکانیشیان بەدەنگێکی بەرز پێیان پێدەکەنین. پیاوە ڕەشپێستەکان کە هیچ کامێکیان مویان پێوە نەبوو بەبینینی ئەو هەموو پیاوە ڕیش درێژە سەریان سوڕمابوو، بۆیە ڕیشی میسریەکان بوبە هۆی گوتە و باسی

PDF 4 KURD

خەڵكی ئەو ناوچەیە. هەروەها جلوبەرگی میسریەكانیش سەرنجی ڕەشپێستەكانی بەلای خۆیاندا ڕاكێشابوو. لەهەموو سەرنج ڕاكیشتر شمشێرەكەی موسا بوو كە لەئاسن دروست كرابوو. كابرای پیرەمێرد كە ناوی "دوگانا"بوو خۆیی پێناساندن.

ئـەو گونـدە لەچـەند خانویـەكی بـچوك پێكـدەهات، هەریـەك لـەو خانوانـە ڕەنگدانـەوەی خێزانـی پێـوە دیـاربوو، پـەرژین و دیـوار بەچـواردەوری خانوەكانـدا بـەدی نـەدەكرا، لـەناو خانووەكەشـدا هـیچ شـتێكی وەك دەرگـا و پـارێزەر بـەدی نـەدەكرا. بگـرە بـۆ سـاتێكیش زەردەخەنـە لـەلێوی خـەڵكی ئـەو گونـدە نـەدەبڕا. لەدواییـدا موسا كاتێك گفتوگۆ لەگەڵ پیرەمێـردا دەكـرد پـەیی بـەهۆكاری نـەبونی دەرگا و دیوار و پەرژینی ماڵەكان برد و تێگەشت لـەو لادێیـەدا هیچ شتێك بەناوی دزی و دەستێوەردان بونی نیە و هیچ كەسێك خەمی سبەینێ ناخوات، ئەمانە تەنها بۆ ئەمڕۆ و هەنوكە دەژیـن، نـەك وەك میسریەكان لەكاتێكدا هێشتا لەژیانـدا بـون ڕایاندەسپارد گـۆڕێكی باشیان بـۆ ئامـادە بكـەن و چاوەڕێـی ئـەوەیان دەكـرد كـەی بمـرن بۆئـەوەی بـەخاكیان بـسپێرن بۆئـەوەی بـەپێی خـەیاڵ پڵاویـەكانیان دوبـارە زینـدوو ببنـەوە، لەكاتێكـدا كـە هـەموو ڕۆژێـك دەمـردن، لەهـەمان ئەوكاتـەدا خەڵكی"دوگانا"بـەهیچ شێوەیەك نـەبیریان لەمـەرگ و نـە لەسبەی دەكـردەوە بگـرە لەمـەرگیش نەدەترسـان. ڕاوەماسـی، ڕاوی ئـاژەڵ، مەلـەكردن لەدەریاچـە"ازگیـل" لـەناو ئـەو جەنگەڵـەدا چوارچێوەی ژیـانی سـادەیان بـوو . ئەمانـە بەپێـچەوانەی میسریەكان بەهیچ شێوەیەك باوەڕیان بەژیانی دوای مەرگ نەبوو، بۆئـەوەی بەهۆی ئەو ئەندێشەوە دوچاری گرفتاری خەیاڵپلاوی ببن.

"دوگانا"ی پیرەمێـرد وتـی: تـا ئەوكاتـەی مـرۆڤ نەیـەت بۆ ناوچەیەكی ئـاوا دور پەی بەزمان نابات كە ڕۆڵێكی گرنگ لەنێوان پەیوەندی مرۆڤەكاندا دەبینێت، ئەگەر مرۆڤەكان شـارەزای زمـانی یـەكتری نـەبن ئـەوا ژیـانێكی سـەختیان دەبێـت، لێـرەدا تەنها منم كە شارەزای زمانی میسریم.

موسا لێی پرسی: دەبێت تۆ سەرۆكی ئەم خێڵە بیت؟

PDF 4 KURD

پیرەمێرد وتی: سەرۆك نیم، بەڵکو پزیشکم و سەرقاڵی چارەسەرکردنی خەڵکیم، من لە"ماڵی ژیان"ی "تبس"خوێندومە. بێ لەزانستی پزیشکی، پێشبینی ئایندەشیان بۆ دەکەم.

موسا لێی پرسی: تۆ کە پزیشکی چ پەیوەندیەکت بە پێشبینی کردنەوە هەیە؟

پیرەمێرد وتی: من ئاو دەرێژمە ئەو کاسەیەی کە لەبەردەممدا دەیبینن و ئایندە و ڕابردووی هەموو کەسێکی تێدا ئاشکرا دەکەم، ئێستاش تۆ ئەی شازادە حەز دەکەیت ئایندە یان ڕابردوت بۆ ئاشکرا بکەم! هەروەها بەخێرهاتنی تۆ و"نون"ی نۆکەرت دەکەم!

موسا و هاوڕێکانی لەسەرسوڕماندا وەك پەیکەر وشك بوون، و موسا لێی پرسی: تۆ ناوی نۆکەرەکەی من لەکوێوە دەزانی؟ لەکوێوە ئاشنای ناسنامەی من بویت، چونکە لەوەوپێش لەهیچ شوێنێکی تردا گفتوگۆمان لەگەڵ یەکتردا نەکردووە.

"دوگانا"وتی: لەڕاستیدا ماوەیەك لەوەوپێش چەند کەسێك لەوڵاتی"کوش"ەوە هاتن بۆ ئێرە، سەرەڕای ئەوەی ماوەی نێوان وڵاتی"کوش"و ئێرە زۆر دورە، هەندێجار خەڵکی سەردانی ئێرە دەکەن، و بۆماوەیەك نیشتەجێ دەبن و دوای ئەوە دەگەڕێنەوە. ئەو کەسانەی هاتن بۆ ئێرە تۆ و"نون"ی نۆکەرەکەی تۆیان دەناسی، هەروەها پێیان وتم کە تۆ فەرماندەی گالیسکەوانەکان بویت. هەروەها پێیان وتم ئەگەر تۆ سەرکردەی هێزی سەربازی نێردراو بویتایە ئەوا "ئێرگەباین"ی پادشای کوش بەکوشت نەدەدرا، هەروەها کوشت و کوشتار نەدەکەوتە نێو لاو و منداڵ و ژنانی "کوش"یشەوە. هەروەها باسی تۆ و"نون"ی نۆکەرتیان بۆ کردوم. ئەوان دەیانوت"موسا"ناوێکی ناتەواوە و نۆکەرەکەی تۆش خێڵەکیە، هەروەها باسی هەموو تایبەتمەندیەکی تۆیان بۆکردوم، هەڵبەت باسی هەندێك شتی تریان بۆ کردم.

موسا پرسی: باسی چیان بۆ کردویت؟

پیرەمێرد وتی: ئەوان باسی ئەوەیان بۆ کردوم، سەرەڕای ئەوەی تۆ شازادەیت، بەڵام تۆی لەمیسر دور خستەوە و فیرعەون نەیدەویست لەمیسردا بمێنیتەوە،

PDF 4 KURD

هەروەها نەیویست تۆ فەرماندەی هێزی نێردراوی میسر بیت بۆیە تۆی کردە فەرماندەی هێزی گالیسکەوانەکان، لەکاتێکدا هیچ شتێکت لەبارەی گالیسکەوانیەوە نەدەزانی و شارەزای نەبویت. هەموو ئامانجێکی تەنها دورخستنەوەی تۆ بوو لەمیسر، بۆئەوەی بەشکم لەگۆڕەپانی جەنگدا بکوژرێیت، بەڵام ئەوە ڕوینەدا کە فیرعەون دەیویست. پێیان وتم فەرماندەی میسر، فەرماندەی پێشوو پێش مەرگی تۆ کردە جێنیشنی خۆی، بەڵام تۆ ئەو بەرپرسیاریەتیەت دا بەکەسێکی تر، بۆئەوەی دژایەتی و ڕقەبەرایەتیەك لەنێوان تۆ و ئەودا ڕو نەدات.

موسا لێی پرسی: تەواوی ئەم نهێنیە سەربازیانە، دانیشتوانی "کوش" بۆیان گێڕایتەوە؟

"دوگانا" وەڵامی دایەوە: بەڵێ!

موسا وتی: بەڕاستی بەلامەوە سەیرە، سەرەڕای ئەوەی لەناوچەیەکی ئاوا دور و سەختدا دەژیت، بەڵام هەواڵەکانت زۆر تازەن، هەروەها ئەوەی سەری سورماندوم و سەرنجی ڕاکێشاوم شێوازی قسەکردنی تۆیە بەزمانی میسری کە زۆر پاك و ڕەوان گفتوگۆی پێدەکەیت!

"دوگانا" وتی: گفتوگۆکردنی منیش بەزمانی میسری خۆی بۆخۆی بەسەرهاتێکی تایبەت لەخۆ دەگرێت، منیان برد بۆ میسر، هەڵبەت خۆم نەڕۆشتم.

موسا لێی پرسی: پیش ئەوەی باسی ڕۆشتن بۆ میسر بکەیت، دەتوانی پێشبینی ئایندەم بکەیت؟

"دوگانا" وتی: بەڵێ. کاتێك پێشبینی ئاینده دەکەیت، سەرەڕای ئەوەی ڕوداوەکانی ڕابردوو کاریگەرنین، لەبەرئەوەی ناتوانیت ڕاستەخۆ ڕاستیەکان بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەیت، بۆیە ناچار دەبم وەك پێشبینیەك نایخەمە ڕوو، لەکاتێکدا ڕوداوەکانی ڕابردوو، بەشێکن لەڕابردوو و کار لەئایندەی هیچ مرۆڤێك ناکات، بەڵام لەهەندێك بابەتدا ئەم ڕوداوانە بەشێوەیەك دەردەکەون کە زۆر لەهەنوکە نزیکترن تا ڕابردوو. بۆنمونە کەسێك براکەی مردووە و وای دەزانی براکەی بەشێوەیەکی سروشتی مردووە، بەڵام ئەگەر پێی بڵێن براکەیان کوشتووە و بەشێوەیەکی سروشتی کۆچی دوایی نەکردووە، دوچاری خەم و دڵگرانی دەبێت و تا ئەوکاتەی

PDF 4 KURD

بکوژی براکەی نەدۆزیتەوە کۆڵی لیٚ نادات، بەلاٚم ئەو کەسەی ڕوداوەکانی ڕابردوی بـۆ گێراوەتـەوە، ئەگـەر ئامـاژەی بـەم خاڵـە نەکردایـە، دەڵـەڕاکێی لەبیـسەردا نەدەوروژاند.

موسا بەبیـستنی ئـەو گوفتارانـە لـەدەمی"دوگانـا"سەرسـوڕمانی زیـاتر کـرد. چـونکە بـەهیچ شـێوەیەك چاوەڕێی نـەدەکرد لـەکونجێکی دوری ئـەم جیهانـەدا کـە بەگوتەی"نون"کۆتایی جیهانە، کەسێك بیروبۆچونێکی ئاوا بخاتە ڕوو.

"دوگانا"وتی: هەرلەبەرئەوەش کاتێك تەماشای ئاوی ناو کاسـە دەکـەم بۆئـەوەی باسـی ڕوداوەکـانی ئاینـدەی ژیـانی ئـەو کەسـانەی لـەم ناوچـەیەدا دەژیـن بکـەم، بەشـێوەیەکیش باسـی ڕاسـتیەکانیان بـۆ دەکـەم بۆئـەوەی بیـسەر بەبیـستنی ڕانەوەشـێت و بترسـێت، و فـشاری بەرگـەگرتنی ڕوبەڕوبونـەوەکانی لەگـەڵ ڕاستیەکاندا زیاتر بکەم.

دوای ئەوە"دوگانا"بابەتی گفتوگۆکەی گۆڕی و وتی: ئەمڕۆ دەبینم کوڕە لاوەکان زۆر حەزیان لەژنە، کچ و کوڕانی لاو خوازیاری یەکترین، بەلاٚم ئەگەر بۆیان باسبکەم لەدەرونی هەریەك لەمانەدا چی دەگوزەرێت، ئەوا بەشێوەیەك لەیکتر بێزار دەبن کە ناشتوانن بۆساتێکیش لەبەرامبەر یەکتردا دان بەخۆیاندا بگرن. هەر لەبەرئەوەش کاتێك ژن و مێرد دێن بۆلاٚم و منیش چەند پرسیارێکیان لێدەکەم و دواجار ناچار دەبم ڕاستی کەسایەتی و ژیانیان لەبەرگێکی نەرم و نیانەوە بپێچم ئەوکات بۆیان بگێڕمەوە.

موسا وتـی: ئـەکرێت شـتێکی ئـا لـەو شـێویەش لـەبارەی ئاینـدەمـەوە پێشبینی بکەیت؟

"دوگانا"وەك جاران تەماشای ئاوی نـاو کاسـەکەی کـرد و وتـی: تـۆ لەسـەردەمی منداڵیـدا لەکۆشـکی فەرمانڕەوایـیدا گـەورە بویـت، بـەلاٚم پێـشتر، مەبەسـتم لـەدایك بونتە، لەدواییدا بۆت باس دەکەم.

موسا وتی: کەمێکی باسی ژیانی ناو کۆشکم بۆ بکە.

PDF 4 KURD

"دوگانا"وتی: لەکۆشکدا کاهینێك هەبووە کە زۆر تۆی خۆشدەویست. سەری دەتاشی و بەرۆن چەوری دەکرد، کاهینەکانی کۆشك گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بون...

موسا وتی: باسی دوای ئەوەشم بۆ بکە.

کاتێك"دوگانا"بینی موسا زۆر تامەزرۆی بیستنە، بەم شێوەیە بەردەوام بوو: کاهین هەم تۆی خۆشدەویست هەم دایکت. ئەو پیاوە وەکوو مامۆستایەکی دڵسۆز زۆرشتی فێرکردی، هەڵبەت شتگەلێك کە بەهیچ شێوەیەك فێری کەسانی تری نەدەکرد بەڵام تۆ زۆر شتی لێوە فێر بویت.

موسا پرسی: دەتوانی پێم بڵێی باسی چی بۆ دەکردم؟

"دوگانا"وتی: کاهین لەبارەی خوداوە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکردی.

موسا وتی: دوای ئەوە؟

"دوگانا"وتی: تۆ باوەڕت بەخودای"ئامون"نەبوو، لەبەرئەوە هەوڵی لەگەڵدا دەدایت بۆئەوەی باوەڕ بەخودا"ئاتون"بهێنی.

موسا لێی پرسی: دوای ئەوە چی ڕویدا؟

"دوگانا"وتی: ئەوە بوو تۆ کەشتێکت کرد و لەکاتی گەڕانەوەتدا سەری بڕاوی ئەو کاهینەیان دا بەدەستەوە کە"فیرعەون"ی پادشا فەرمانی کوشتنی دابوو.

موسا وتی: ئەی پیاوی دانا، ئەوەی باست کرد زۆر ڕاستبوو، کاهینیان لەبەرهەمان ئەو شتەی کە تۆ باست کرد کوشت، فیرعەون ویستی لەوە ئاگادار بکاتەوە، بۆئەوەی بزانێت سەرئەنجامی"ئاتون"پەرستی بەچی کۆتایی دێت، دوای ئەوە منی نارد بۆ ئەم شوێنە تا شاری زێڕین بدۆزمەوە.

"دوگانا"بەسەر سوڕمانێکەوە لێی پرسی: تۆ لە"کوش"ەوە هاتوی بۆ ئێرە تەنها بۆئەوەی شاری زێڕین بدۆزیتەوە؟

موسا وتی: ئەمە فەرمانی فیرعەونە دەبوو هەر بهاتمایە، هیچ ڕێگەچارەیەکی ترم لەبەردەستدا نەبوو.

"دوگانا"وتی: فیرعەون واهەست دەکات کە شاری زێڕین بونی دەرەکیشی هەیە؟

موسا وتی: ئەگەر باوەڕیشی پێی نەبێت، وا خۆیی دەنوێنێ کە بونی هەیە.

PDF 4 KURD

"دوکانا"وتی: باشە فیرعەون بۆچی تەنها تۆی بۆ ئەم مەبەستە ناردووە؟

موسا وتی: بۆئەوەی بەشکم بەهۆی گەڕان بەدوای خەیاڵپلاویەکانیدا من بکوژرێم.

"دوکانا" وتی: کەواتە تۆ دەتزانی کە شاری زێڕین بونی نیە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕێگای دۆزینەوەیت گرتە بەر؟

موسا وتی: سەرپێچی کردن لەفەرمانەکانی فیرعەون سزاکەی مەرگە، ئەو منی بەدوای مەرگدا ناردووە.

"دوکانا"وتی: بێگومان فیرعەون زۆر ڕقی لەتۆیە.

موسا وتی: لەبەرئەوەی وا هەست دەکات هەوڵی لەناوبردنی ئەدەم.

"دوکانا"لێی پرسی: ئایا لەڕاستیدا مەبەستێکی ئاوات هەیە؟

موسا وتی: ئەو وا هەست دەکات.

"دوکانا"لێی پرسی: ئایا ئەو شارەی باست کرد دۆزیتەوە؟

موسا وتی: لەو ڕۆژەوەی کەوتینە ڕێ ئەمزانی کە شارێکی ئاوا تەنها لەخەون و ئەندێشەکاندا بونی هەیە.

"دوکانا"لێی پرسی: بۆچی ئەوەندە دڵنیابویت کە شارێکی ئاوا هەر لەبنەچەوە بونی نەبێت؟

موسا وتی: ئەو شارە خیاڵیە بەوشێوەی کە باسی دەکەن لەهزر و مێشکدا جێی نابێتەوە، ناتوانرێت شتێکی ئاوا لەڕوی ڕاستیەوە پەسەند بکرێت، بۆیە ئەوەی لەبارەی ئەو شارەوە باسکرا هەموو خەیاڵپلاوی و سەرابە.

"دوکانا"وتی: بەڵام شاری زێڕین لەڕاستیدا بونی دەرەکی هەیە.

موسا بەشێوەیەکی نادیار وتی: بەڵێ بونی هەیە.

"نون"ی نۆکەری موسا بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی: ئایا تۆ شوێنی ئەو شارە دەزانی لەکوێیە؟

"دوکانا"وتی: بەڵێ دەزانم.

"نون"بەسەرسوڕمانەوە وتی: کەواتە بەئەرك نەبێت هەر ئێستا پێمان نیشان بدە.

PDF 4 KURD

"دوگانا"ش وتی: تەماشای ئەویٚ بکەن، تەماشای خانوەکانی ئەو گوندە بکەن، ئەوە هەمان ئەو شارەیە کە بەدواییدا دەگەڕێن.

"نون"وای دەزانی"دوگانا"گاڵتەیان لەگەڵدا دەکات، بۆیە وتی: گەورەم بەدوای شاری زێڕیندا دەگەڕێت، نەك خانوی شڕ و وڕی ئەم گوندە!

"دوگانا"وتی: شاری زێڕین بەواتا شارێك کە نێوەندی زێڕ بێت، ئەو شارەش دەقاودەق لەهەمان ئەم شوێنەدایە... دوای ئەوە بەردەوامی پێدا: ئایا دەتانەوێت زێڕ بەدەست بهێنن؟

موسا وتی: من زۆر حەزم لەزێڕ نیە، چونکە بەهیچ شێوەیەك پێویستم پێی نیە.

"دوگانا"وتی: ئایا فیرعەونیش بەو شێوەیە؟

موسا وتی: فیرعەون خەزێنەی زێڕی هەیە، کە هەست بەزیاد کردن یان کەمکردنەوەی ناکرێت.

"دوگانا"وتی: بەهەرحاڵ ئێستا بۆ پەیداکردنی ڕەنج و ئازاری ئەم ڕێگایەت لەئەستۆ گرتووە، لەبەرئەوە ئەو شارەی بەدوایدا وێڵن لەهەمان ئەم شوێنەدایە...

موسا بێ گوێدانە هیچ شتێك و بەکەمتەرخەمیەکەوە تەماشایەکی چواردەوری خۆی کرد و"دوگانا"ش وتی: سەیرە تۆ بۆ بەدەست هێنانی زێڕ تاڵی ئەم ڕێگایەت چەشتووە، بەڵام ئێستا کە ئەو شارەت دۆزیوەتەوە بۆچی بەو کەمتەرخەمیەوە تەماشای دەکەیت؟

موسا وتی: لەم کۆچەمدا زۆرێك لەسەربازەکانم لەپێناو زێڕدا گیانیان لەدەست دا، من نامەوێت لەوە زیاتر خوێنڕێژی ببێت.

پیرەمێرد وتی: بۆیان گێڕامەوە کە لەوڵاتی"کوش"دا لەپێناو زێڕ چ کوشت و کوشتارێکیان بەرپا کردووە.

موسا لایەنگری ئەو قسەیەی کرد

دوای ئەوەی درێژەی بەقسەکانی دا و وتی: ئەگەر بزانن ئێرە زێڕی هەیە، بەدڵنیاییەوە دەیکەن بەگۆمی خوێن. لەم گوندەدا هەرکەسێك زێڕ بدۆزێتەوە دەیسپێرێت بەمن و منیش دەینێرم بۆ وڵاتی"کوش" و لەبەرامبەردا ئەو

PDF 4 KURD

کەرەستانەی لە"مەفرەغ"دروستی دەکەن، کەرەستەی وەك چەقۆ و نوکی نێزە و هەندێك شتی ترمان لەبەرامبەر ئەو زێڕەدا پێدەدەن.

"نون"پرسی: خۆتان ناتوانن"مەفرەغ"دروست بکەن؟

"دوگانا"وەلامی دایەوە: پێویستی بە"قورقوشمە"کە ئێمە نیمانە، "قورقوشم"تێکەڵی "مس"دەکەن و ئاوێتەی"مەفرغ"بەدەست دێت. ئێمە زێر لەلای خۆمان هەڵناگرین، بۆئەوەی بەهۆی تەماعی زێڕەوە نەبینە نێچیری داگیرکەران و تەماعبازەکان بۆئەوەی کوشت و کوشتارمان تێ بخەن، لەولاتی"کوش"لەزێر شتی جوانی لێ دروست دەکەن. هەر لەبەرئەوەش هەمیشە لەهەڕەشەی داگیرکردندا دەژیت.

موسا وتی: ئێستا وردە وردە بۆم دەردەکەوێت کە تۆ کەسێکی سادە نیت، بەڵکو دانایەکیت، چونکە تا ئەوکاتەی کەسێك خوازیاری زانست و مەعریفەت نەبێت بەوشێوەی تۆ ناتوانێت بابەتەکان بخاتە ڕوو، تۆ کەسێکی خوێندەورای.

"دوگانا"وتی: پێشتر وتم منیان بەکۆیلەی برد بۆ میسر و لەوێ بومە نۆکەری پزیشکێك. ئەو پیاوە هەموو ڕۆژێك پشکنینی بۆ نەخۆشەکان دەکرد و دوای ئەوە دەڕۆشتە دەرەوە، بەلام نەمدەزانی کاتێك دەردەچێت بۆ کوێ دەڕوات، دوای ئەوە زانیم کە یەکێکە لەماموستاکانی قوتابخانەی"ماڵی ژیان"ی میسر. لەماڵدا لەکاتی چارەسەرکردنی نەخۆشەکاندا هاوکاری خاوەنەکەمم بەبەستنی برین و ماڵینی مەڵهەم بەسەر بریندا دەکرد. کابرای پزیشکی خاوەنم کاتێك بینی بەوشێوەیە لەئیشوکارەکانیدا یارمەتی دەدەم، فێری ئەوەی کردم بەچ شێوەیەك ئێسقانی شکاوی دەست و پێ بگرمەوە، دوای ئەوە فێری خوێندن و نوسینی کردم، دوای ماوەیەك فێری خوێندن و نوسین بوم. ئەو ڕۆژانەی خاوەنەکەم دەڕۆشت بۆ"ماڵی ژیان"، منیش دەڕۆشتم بەدوای کتێبە پزیشیەکاندا دەگەڕام و بەدەستم دەهێنان، سەرەڕای ئەوەی بەسەختی دەمتوانی بیانخوێنمەوە، بەلام ئەو کتێبانە جیهانێکی تریان بەڕومدا کردەوە، زانیم بۆچی گەنجێك لەناوکاو دەمرێت، زانیاریەکی تەواوم لەئەندامەکانی جەستەدا بەدەست هێنا. هۆکاری نەخۆشیەکانم زانی. لەهەمان ئەو کتێبخانەیەدا کتێبێکم بەدەست هێنا و ئەوەم تێدا خوێندەوە کە هەموو خێڵێك

PDF 4 KURD

لەهزر و تێڕوانینی خۆیدا شارێکی زێڕین دروست دەکات کە هەموو تێیدا خۆشبەخت و تەندروست و خۆشحاڵن. لەو شارەدا هیچ کەسێك ناچار نیە درۆ بکات، نەدزی دەکات و نە ناچار دەبێت هیچ کەسێك بکوژێت، چونکە هیچ هۆکارێکی بۆ درۆکردن بەدەستەوە نیە.

"نون" لێی پرسی: لەم گوندەی کە تۆ تێیدا نیشتەجێی و پێی دەڵێیت"شاری زێڕین" ئایا تائێستا کەسێك درۆ یان دزی یان کارێکی پێچەوانەی یاسای ئەم شارە کردوە یان نە، ئەگەر کارێکی واش بکات سزاکەی چیە؟ لەبەرئەوەش ئەم پرسیارەت لێدەکەم، چونکە لەو شوێنەی تێیدا ژیاوم"کەنعان"، باسی خێڵێکیان بۆ دەکردم کە زۆر بێباك بون لەئەنجامدانی هەر کارێك و بەشێوەیەك مرۆڤیان دەکوشت کە بەرازیش بەو شێوەیە ناکوژرێت، دەمەوێت بزانم سزای پیاوکوژی لەلای ئێوەدا بەچ شێوەیەکە؟

"دوگانا" وتی: لەم ناوچەیەی تێیدا دەژیم، هیچ کەسێك درۆ ناکات، هەروەها هۆکاری دزیکردنیش لەم ناوچەیەدا بەتەواوی وشك هەڵهاتووە، چونکە دایکان لەگەڵ منداڵەکانیاندا ڕاستگۆیانە ڕەفتار دەکەن، بگرە چیرۆکیش بۆ منداڵەکانیان ناگێڕنەوە، چونکە درۆ لەچیرۆکەکانیشدا دەکرێت و بەو هۆیەوە منداڵەکانیش خوو بەدرۆکردنەوە دەگرن. دەربارەی کوشتنیش ئەگەر کەسێك هەوڵی کوشتنی کەسێك بدات، ئێمە لەم گوندەدا دەری دەکەین، ئەمەش خۆی بۆخۆی سەختترین سزایە، ئەو کەسەی لەنێو ئێمەدا دەژیت ناتوانێت لەژینگەیەکی تردا بژیت، چونکە ڕەفتار و نەریت و خووەکانی ئێمە زۆر جیاوازە لەخێڵ و نەتەوەکانی تر. نامەوێت بڵێم ڕفارەکانمان والا و پێشەنگی نەتەوەکانی ترە، بەلام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە درۆ و دزی و کوشتن تایبەتە بەکۆمەڵگانی وەك وڵاتی میسر کە نوقمی مامەڵە و بازرگانی و کڕین و فرۆشتن بون، ناتوانن هیچ ڕۆژێکیان بێ درۆ تێپەڕێنن، بەلام لێرەدا ئێمە هۆکارێکمان بەدەستەوە نیە بۆئەوەی لەپێناویدا درۆ بکەین، لەوڵاتێکی وەك میسر دەوڵەمەند و هەژار دوو چینی جیاوازن لەیەکتری. لەکاتێکدا لێرەدا هەموومان یەکسانین، دەبینن کە کلیل و قوفل و پەرژین لەم گوندەدا نابینن، هەموویان بەئەندازەی ئەوەی بژین بەدەست دەهێنن.

PDF 4 KURD

موسا وتی: بەدڵنیاییەوە ئێوە خوداگەلێکی ڕاستگۆ و دروستکارتان هەیە، بۆیە خەڵکی ئێرە بەوشێوەیە ڕەفتار دەکەن.

"دوگانا"وتی: سەرەڕای ئەوەی تۆ میسری نیت، بەڵام میسریەکان باوەڕیان بەخوداکان هەیە. ئەوە بەشێکە لەڕەوشت و سروشتی ئەوان کە دەبێت یەکێك بپەرستن، کاتێك کەسێك دەکوژن، دەڵێن بەفەرمانی خودا ئەوم کوشتووە! لەکاتێکدا ئێمە دەست لەتاوانی کوشتنە نادەین، ئێمە باوەڕمان بەهیچ کەسێك نیە و هیچ خودایەکی ستەمکاریش خۆی بەسەر ئێمەدا ناسەپێنێ تا فەرمانی کوشتنمان بۆ دەربکات، یان بەناوی خودا دەست لەتاوان و کوشتنەوە بدەین.

موسا لێی پرسی: ئێوە باوەڕتان بەهیچ خودایەك نیە، بەڵام بیر لەوەناکەنەوە سەرئەنجام دەبێت باوەڕتان بەشتێك هەبێت؟

"دوگانا"وتی: ئێمە باوەڕمان بەزۆر شت هەیە، بەڵام باوەڕمان بەخودای بێ بنەما نیە.

موسا لێی پرسی: دەتوانیت پێم بڵێیت بیروبۆچونت لەبارەی مەرگەوە چیە.

"دوگانا" وەڵامی دایەوە: مەرگ وەکوو خەو وایە، کۆتایی مەرگ خەوێکە کە بێداری نیە. باوەڕیشمان بەژیانی دوای مەرگ و ئالەم جۆرە شتانەش نیە، چونکە ئەگەر بڕیاربێت ئەم هەموو گیانەوەر و مرۆڤە دوای مەرگ زیندوو ببنەوە، بیهێنەرە بەرچاو خۆت چی ڕوو دەدات، ئێمە لەوباوەڕەداین مرۆڤ و گیانەوەر لەڕووی ژیان و مەرگەوە هیچ جیاوازیەکیان نیە، ئەوەی جیاوازە جۆری ژیانیانە، ئێستاش لەبەرئەوەی قسەی زۆرم بۆ کردویت هەست بەماندویەتی دەکەم و پێویستمان بەحەوانەوەیە. دوای ئەوە بەزمانی خۆی چەند قسەیەکی لەگەڵ ڕەشپێستەکاندا کرد دوای ئەوە موسا و هاوڕێکانیان ڕەوانەی خانویەکی ئەو گوندە کرد. سەربازەکان بەهۆی ماندویەتیانەوە نەیانزانی بەچ شێوەیەك خەویان لێ کەوتووە، بەیانیەکەی خۆیان لەناوچەیەکی جوان و دڵڕفێندا بینیەوە. خواردن لەڕێی ڕاوێکی فراوانی ئەو ناچەیە و ڕاوی ماسیگەلێکی جۆراوجۆری خۆش، ئاوی زوڵاڵ، هەوایەکی پاك و شێدار و فێنك. ئاسمانی جوانی پڕ لەئەستێرە و ژیان لەگەڵ

PDF 4 KURD

کەسانێکدا کە بیر لەسبەی ناکەنەوە، نە میراتیان بۆ هیچ کەسێك بەجێ دەهێڵا و نەدەبونە مایەی دەریدەسەری هیچ کەسێك، شارێك کە هەموویان بەرپرسی ڕەفتارەکانی خۆیان بون، بگرە کوێخا و سەرۆك دێشیان نەبوو، "دوگانا"بەپزیشك و ڕاوێژکاری ئەو گوندە لەقەڵەم دەدرا نەك سەرۆك و فەرمانڕەوای دێیەك. یەکێك لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی ئەوەی"موسا"بۆماوەیەکی دور و درێژ لەوێدا بمێنێتەوە، نەبونی سەرۆك و پێشەنگی کەسێك بەسەری کەسێکی تردابوو، سەرەڕای ئەوەی خەڵکی"کوش"گوێڕایەڵی"دوگانا"یان دەکرد، بەڵام قسەکانی بڕیار و فەرمان نەبوو، بەڵکو وەك ڕێنماییەك لەقەڵەم دەدرا. "دوگانا"پێشنیاری ئەوەی لە"موسا"کرد کە ژن بهێنێت و لێرەدا بمێنێتەوە بۆئەوەی فێری پیشەی پزیشکی بکات.

موسا وتی: من حەزم لەژن هێنان نیە، فێربونی پیشەی پزیشکی پێویستی بەکات و شوێن و ناوچەیەکی تایبەتە.... موسا بێ لەم گوتانە باسی ئەوەشی بۆکردن کە لەرێدا مارێك گەستی.

"دوگانا"لێی پرسی: چۆن مارێك بوو؟چونکە هەموو مارێك دژە ژەهری هەیە. دوای ئەوە بڕێك دەرمانی دا بە"موسا"و وتی: هەرکاتێك مارێك گەستیتی ئەم دەرمانە تێکەڵی ئاو بکە و بیخۆرەوە. ئەم دژە ژەهرە کاریگەری ژەهر پوچەڵ دەکاتەوە. ڕۆژی ماڵئاوایی موسا و سەربازەکان خەڵکی ئەو گوندە کۆبونەوە و بەدڵگرانیەکەوە ڕۆشتن و خەڵکی ئەو گوندەش بۆماوەیەك لەگەڵیاندا ڕۆشتن و ڕەوانەیان کردن، هەندێکیشیان لەدڵگرانیاندا دەگریان، و"دوگانا"ش موسای لەئامێز گرت و بەکوڕم بانگی کرد.

ڕێگای دوورودرێژی گەڕانەوە لەگەڵ ئەو هێلانەی لەسەر دارەکەی"نون"دا دەکێشرا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کورتر دەبوو، تا ئەوکاتەی هاوڕێکانی "موسا"دیواری "کوش"یان لەدورەوە بینی و زانیان کۆتایی بەئەرکەکەیان هاتووە. موسا دوای گەشتنی ڕۆشت بەدوای"سوکەر موسا"ی فەرماندەدا، بەڵام پێیان وت ڕۆشتووە بۆ

PDF 4 KURD

پایتـەخت و دوای شەسـت ڕۆژی تـر دەگەڕێتـەوە. "موسـا"ش بـەپێی یاسـا و بنەماکانی وڵاتی میسر ماوەی سێ ساڵە لەمیسر دورخراوەتەوە، وای دەزانی چیتر هیچ ڕێگریـەك لەبەردەم گەڕانەوەی بۆ میسر بەدی ناکرێت، دەتوانێت ڕاستەخۆ بـڕوات بـۆلای"مریـت"ی دەسـتگیران و پزیـشکی بـاوکی، بـەڵام دەبێـت چـاوەڕێی گەڕانەوەی"سوکەر موسا"بکات. دوای تێپەڕبونی ماوەیەك"سوکەر موسا"گەڕایەوە و لێی پرسی: شاری زێڕینت دۆزیەوە؟

"موسا"ش وەڵامی دایەوە: خۆت باش دەزانی کە شاری زێڕین بەهیچ شێوەیەك بـونی نیـە، ئێـستا کـاتی ئـەوە هـاتووە بگەڕێمـەوە بـۆ میـسر، چـونکە کەسـانێك چاوەڕێی گەڕانەوەم دەکەن.

"سوکەر موسا"هێشتا نەیزانیوە کە"موسا"کۆیلە زادەیە و وایدەزانی شازادەی کۆشـکی فەرمانڕەواییە. ئەو لەپایتەختدا فیرعـەونی بـەهۆی ئـەوەی بینـی موسـای لەگەڵـدا نیـە زۆر خۆشـحاڵ بـوو، بـەڵام لەهـەمان کاتـدا هـیچ بەربەسـت و ڕێگریـەك نەیدەتوانی ڕێ لەگەڕانەوەی موسا بگرێت.

موسا وتی: سبەی دەگەڕێمەوە بۆ میسر و پرسیاری بارودۆخی میسری لێکرد.

"سوکەر موسا"ش وتی: ئەوەی بەلاتـەوە سەیر بێت بنیات نانی پەرستگایەکی تازە کە بڕیارە"نف"ی تەلارساز بۆ فیرعەون دروستی بکات.

موسـا وتـی: لەپایتەختـدا پەرسـتگاکەلێکی زۆرمـان هەیـە، ئەمـەیان چ جـۆر پەرستگایەکە؟

سوکەر موسا وتـی: کاتێك دەگەڕێیتـەوە بۆ پایتـەخت دەتـوانی نمونەیـەکی ئـەو پەرسـتگایەی کـە بڕیـارە لـەناو چـوار بـەردا بیتاشـن دەبینـی، ئـەو بەردانـەش کـە دەیتاشن لەبەردەم پەرستگاکەدا دایدەنێن، لەهـەمان کاتـدا چوار پەیکەری فیرعـەون بەلاسـەریەوە دەتاشـن، ئـەم جـۆرە تـەلارەی کـە"نـف"باسـی دەکـات، بۆهەمیـشە دەمێنێتەوە و لەناو ناچێت، کاتێك ڕۆشتی بۆ ئەوێ لەنزیکەوە پرسیاری وردەکاری دروستکردنی ئەم پەرستگایەی لێ بکە.

PDF 4 KURD

موسا و ماڵی"موسا ئاتون"ی پزیشك

"نون"لەگەڵ نیشان دانی ئەو ماڵەدا وتی: گەورەم ئایا دەزانی یەکەمین جار کەی بوو هاتین بۆ ئەم ماڵە؟

موسا وتی: سێ ساڵ و شتێك لەوەوپێش.

"نون" وتی: سێ ساڵ لەئێستا لاوتر بوین. موسا ئاوێنەکەی ڕووبەڕوی خۆی گرت، دوای ئەوە دای بەدەستی"نون"ەوە، ئەویش تەماشایەکی خۆی کرد و وتی: گەورەم لەبەرئەوەی من نۆکەری تۆم هەر کەم و کورتیەکم تێدا بێت گرفت نابێت، بەڵام ئەگەر تۆ بەو شێوەیە بڕۆیتە لای دەستگیرانەکەت لێت دەتۆقێت.

موسا وتی: ڕاست دەکەیت. دەتوانی سەر و ڕیشم بۆ بتاشیت و منیش سەر و ڕیشت بۆ بتاشم.

موسا و نون بەلێخوڕی"گەمێ"کەیان وت بمانگەیەنەرە ئەوبری ڕوباری نیلەوە، دەمانەوێت کەمێك لابدەین. دوای ئەوەی"گەمێ"کە کەناری گرت، بەستیانەوە بەپەتێکەوە، دوای ئەوە خۆیان بەسەرتاشینی یەکتریەوە سەرقاڵ کرد. دوای ئارایشت و خۆشۆردن موسا جوانتریی جلوبەرگی لەبەرکرد و جلێکی زۆر جوانیشی دا بە"نون"بۆئەوەی لەبەری بکات، پشتێنێکی زیونیشیان کڕی و"نون"لەکەمەری بەست. ئارایشت و جلپۆشین و خۆ ڕێك خستنیان تانیوەڕۆ درێژەی کێشا ئەوکات بەرەو ماڵی"موسا ئاتون"ی پزیشك بۆ چاوپێکەتنی"مریت ئاتون"بەڕێ کەوتن. موسا هەر ئەوکاتەی لەو ناوچەیە نزیك بویەوە لەدورەوە تەماشایەکی ئەو ماڵەی کرد و بینی بەشێك لەو ماڵە وێران بووە. دوای ئەوە

PDF 4 KURD

موسا و نون سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە بە"گەمیّ" ڕێگای میسریان گرتەبەر. لەبەرئەوەی لەنیلەوە لەوشکانی خێراتر دەگەشتنە شوێنی مەبەستیان بۆیە ڕێگای ئاویان گرتەبەر... موسا بەهۆی گەڕانەوەی بەڕادەیەك وروژا و خۆشحاڵ بوو، لەکاتی هەڵهاتنی خۆری بەیانیدا ماڵی سپی پزیشکی بینی و نەیتوانی لەخۆشیاندا ڕێ لەفرمێسك و گریانی بگرێت و بە"نون"ی وت: سەرئەنجام گەشتین ئێستا"مریت ئاتون"چاوەڕێیە.....

PDF 4 KURD

لەهەمان ئەو شوێنندا لاشەیەکی بینی، لاشەی منداڵێك بوو، دیاربوو کە ئەو منداڵە هی کەنیزەیەکی ئەوماڵەیە.

موسا کاتێك ئاماژەی بۆ ئەو منداڵە کرد بە"نون"ی وت: دەبینی جەستەی ئەم منداڵە وەك پێستە وشك بوەتەوە، خۆر ئەو لاشەیەی وشك کردووەتەوە، دیارە ماوەیەك بەسەر مەرگی ئەو داماوەدا تێپەڕیوە. من بەبینینی ئەم لاشە و وێرانی ئەم ماڵە هەستێکی خراپ بەرۆکی گرتوم.

نون وتی: گەورەم، ئەو منداڵەیان کوشتووە، لەوباوەڕەدام خوداکانی"کوش" لەپەرستگاوە تێپەڕیون و ئەم کارەیان ئەنجام داوە.

موسا وتی: بێگومان چەند کەسێك لە"کوش"ەوە هاتون بۆ ئێرە و هەم ئەم منداڵەیان کوشتووە و هەم زیانیان بەماڵەکەش گەیاندووە. موسا بەوردی تەماشای ماڵی پزیشکی گۆشەگیری کرد و زانی کە بەشێکی ئەو ماڵە وێران کراوە و بەشکەی تریشی سوتێنراوە، چونکە پاشماوەی ئارگرەکەی پێوە دەبینرێت.

"نون"یش هەمان بۆچونی هەبوو و وتی: با بەپەلە بڕۆینە ماڵەکەوە.

لەسەرەتای چونە ژوریان لەبەردەم ئەو خانوەدا کە پێشتر باخچەیەکی جوان بوو، زەوی وشك و گیای کێوی تێدا ڕوابوو. لەناو ماڵەکەشدا جەستەی"موسا ئاتون"ی پزیشك لەگۆشەیەکدا کەوتبوو. موسا شێوازی جلوبەرگ و قەد و باڵای پزیشکی ناسیەوە، نەك لەڕوخساریەوە، چونکە جەستەی سەری پێوە نەبوو.

موسا وتی: سەریان بردووە بۆئەوەی نەتوانرێت لاشەی مۆمیا بکرێت. موسا دوای ئەوەی چاوی بەلاشەی"موسا ئاتون"ی گۆشەگیری کەوت لەگۆشەیەکی تردا چاوی بەلاشەی"مریت ئاتون" کەوت، کچێك کە موسا بۆ ماوەی سێ ساڵ بەیادی ئەوەوە شەوی بەڕۆژ و ڕۆژی بە شەو دەکردەوە بۆئەوەی بگەڕێتەوە و جارێکی تر چاوی پێی بکەوێت و ژیانی هاوسەری لەگەڵدا پێك بهێنێت. جەنگاوەرانی وڵاتی"کوش" هەم"مریت" و هەم"دایکیشیان کوشتبوو، موسا بەهۆی لاشەی ئەو منداڵەوە زانی کە ماوەیەك بەسەر کوشتنیاندا تێپەڕیووە، بەلام بەهۆی وشکی هەواو و نەبارینی باران لاشەیان هەڵنەوەشاوە، بەڵکو وشك بووە. وشکی تەرمەکان

PDF 4 KURD

ئەو خاڵەی هێنایەوە یاد"نون" کە بەلایەنی کەم ماوەی ساڵێك بەسەر ئەم تاوانەدا تێپەڕیوە، لەوانەشە زیاتر.

نون وتی: بەلامەوە سەیرە، چۆن بەدرێژایی ئەو ماوەیە هیچ کەسێك سەردانی ئێرەی نەکردووە!

موسا دوای بینینی لاشەی"مریت ئاتون"بێدەنگی بۆخۆی هەڵبژارد و هیچی نەوت.

نون وتی: گەورەم دەزانم لەچ بارودۆخێکدایت و چەنێك خەمیان بۆ دەخۆیت. ئەگەر دەتەوێت جەستەی دەستگیران و دایکی مۆمیا بکرێن، ئەوا دەبێت بیانگوازینەوە بۆ"کرنگ" وپێیان بڵێین کە بۆمان مۆمیا بکەن.

موسا هەر بەوشێوەیە بێدەنگ بوو و هیچی نەوت.

نون لێی پرسی: ئەگەر ڕێم بدەیت بەهاوکاری لێخوڕ"گەمیٚ"کەمان لاشەکان بەخاك بسپێرین.

موسا توانای قسەکردنی نەبوو و هەر بەوشێوەیە لەخۆ ڕاماو تەماشای شوێنێکی دەکرد. "نون"بێدەنگی موسا بەهێمای بەڵێ لێکدایەوە و لێخوڕی"گەمیٚ"کەی بانگ کرد.

لێخوڕی"گەمیٚ"کەش وتی: لەڕاستیدا بریسمە. هەر زۆر باش بوو کە بانگت کردم بۆئەوەی نانی نیوەڕۆتان لەگەڵدا بخۆم، بەڵام کاتێك خۆی کرد بەماڵدا و چاوی بەلاشەکان کەوت، ئەوکات زانی چ باسە و چاوپێکەوتنی دەستگیرانەکەی گۆڕاوە بەچ کارەساتێك.

"نون"لە لێخوڕی"گەمیٚ"کەی پرسی: دەتوانی لێکی بدەیتەوە چ کاتێك ئەم کارەساتە ڕویداوە.

لێخوڕی"گەمیٚ"کە لاشەکانی پشکنی و وتی: بەلایەنی کەم ساڵ و نیوێك دەبێت کە ئەم کارەساتە ڕوویداوە.

نون وتی: منیش بەهەمان شێوەی تۆ لێکم دایەوە.

لێخوڕی"گەمیٚ"کە لێی پرسی: دەزانی کێ کوشتونی؟ بۆچی لاشەکانیان مۆمیا نەکردووە؟

PDF 4 KURD

نون وتی: لەبەرئەوەی لەوانەیە هیچ کەسێك ڕێی لێرە نەکەوتبێت، لەوانەیە یەکەمین کەسانێك بین کە دوای کوشتنیان چاومان پێیان بکەوێت. ئێستاش هاوکاریم بکە بۆئەوەی گۆڕیان بۆ هەڵکەنین بۆئەوەی بەخاکیان بسپێرین. لێخوڕی"گەمی"کە لەهەمان ئەوکاتەدا تەماشای جلوبەرگی"موسا"ی کرد و زانی ئەو یەکێکە لە شازادەکانی کۆشکی فەرمانڕەوایی میسر. چونکە لەکەناری ڕوباری"نیل"دا بەئاگاداربونی لەهێماکان پەیی بەوە برد"موسا"کەسێکی ئاسایی نیە و لەشازادەکانە. موسا لەوکاتەوەی ڕێگای ماڵی"مریت ئاتون"ی گرتووەتە بەر لەڕادەبەدەر خۆشحاڵ بوو، بەڵام دوای ئەوەی خۆی کرد بەماڵی"مریت"دا و بینی لاشەی دەستگیرانەکەی بەکوژراوی کەوتووە، خەمێکی قوڵی بەرۆکی گرت.

"نون" و لێخوڕی"گەمی"کە لەناکاو ئەم گۆڕینەیان بەجوانی لەموسادا بینی و لێخوڕی"گەمی" کە پیاوێکی جیهان دیدە و ئەزموندیدە بوو زانی لەوانەیە ئەو خەمەی کارەساتێکی لەناکاوی بەسەر ئەو کوڕە لاوەدا بهێنێت. بەدرێژایی ڕێگا تەنها باسی مەرگ و بێوەفایی جیهان و هەندێك بابەتی تری دەکرد، بۆئەوەی کەمێك لەخەمەکانی کەم بکاتەوە. لێخوڕی"گەمی"کە کەسێکی بەتەمەن بوو و مردوویەکی زۆری بەچاوی خۆی بینیبوو، ئەو وتی: مەرگ دەقاودەق وەکوو ژیان وایە، مەرگ و ژیان هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ یەکدا نیە. ژیان وەکوو "نیل"لەم دۆڵەدا بەردەوام دەبێت، مەرگیش بریتیە لەم ڕوبارە، بەڵام لەڕێڕەوە باریکترەکاندا لەشێوە جۆگەلەیەك ئاودێری کێڵگەکان دەکات. خەڵکی والێکی دەدەنەوە ئەو ئاوەی لەجۆگەلەکانەوە دەگاتە کێڵگەکەیان، لەگەڵ ئەو ئاوەی لەڕوباری نیلدا لەحاڵی خرۆشاندایە جیاوازە، لەکاتێکدا وانیە، هەردوکیان لەسەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێن، بەڵام دابەشی چەند ڕێڕەوێك کراون، ئەو هەمان ئەو مرۆڤەی پێشووە، بەڵام لەڕێڕەوێکی تازەدا خۆی دەبینێتەوە بەڵام نەمردووە، بەڕوکەش مردووە بەڵام لەناخەوە زیندووە. هیچ یەك لەم گوتانە نەیانتوانی بۆ ساتێکیش دڵنەوایی موسا بدەنەوە، هەر لەبنەچەوە بیر و هەستی موسا لەوێ نەبوو، تا بتوانێت گوێی لەشتێك ببێت. تەنها جوڵەیەك کە"موسا"ئەنجامی دەدا، پێدانی برێك زێڕبوو بۆئەوەی لەمەراسیمی بەخاك سپاردنەکەیاندا، ئەویش دوای مومیاکردنیان لەهەمان شوێنی

PDF 4 KURD

کوشتنیاندا خەرج بکات. دوای ئەوە موسا توانی بە"نون"بڵێت بڕوات بۆ لای"نف"ی تەلار ساز و پێی بڵێت گۆڕێك بۆ ئەم سێ کەسە بەتکای موسا دروست بکات، بۆئەوەی گۆڕەکەیان لەناو نەچێت. من لێرەدا دەمێنمەوە تا تۆ دەگەڕێیتەوە.

نون لێی پرسی: چ کەسێك کارەکانت ئەنجام دەدات، چ کەسێك خواردنت بۆ دروست دەکات؟

موسا وتی: تۆ دڵگرانی من مەبە. تەنها زوو خۆت بە"نف"ی تەلارساز بگەیەنە و ئەو لەگەڵ خۆتدا بهێنە بۆ ئێرە. "نون"دڵی نەدەهات"موسا"بەتەنها بەجێ بهێڵێت، بەڵام لەبەرئەوەی دەیزانی هەر دەبێت بڕوات و کاروباری مۆمیاکردنەکە ڕێکبخات ناچار بەڕێکەوت و گەشتە شوێنێك کە لەنزیك کەنار ڕووباری"نیل"دا کۆمەڵێك کەس خەریکی دروستکردنی پەرستگای فیرعەون بون و بڕیاربوو پەرستگای ناوبار لەناو بەردێکدا هەڵکۆڵن.

"نون"لەکرێکارەکانی پرسی: ئایا"نف"ی تەلارساز لێرەیە؟ لەدوای ئەو پرسیارە کرێکارەکان"نون"یان بردە لای"نف"ی تەلارساز.

نف وتی: من ماوەی سێ ڕۆژی تر سەرقاڵی کارم، بۆیە ناتوانم ئێرە بەجێ بهێڵم، بەڵام لەدواییدا هەوڵ دەدەم خۆم بگەیەنمە ماڵی"موسا"ی پزیشکی گۆشەگیر، کۆمەڵێکیش کرێکار بۆ ئەنجامدانی هەندێکار لەگەڵ خۆمدا دەهێنم، هەر بەوشێوەی بەڵێنی"نف"ی تەلارساز لەگەڵ"گەمی"یەکی پڕ لەکرێکار و کەرەستەی پێویستی مۆمیاکردن بەرەو لای موسا و ماڵی پزیشك بەڕێکەوت. هەر ئەوکاتەی گەشتە ئەوێ سەرەتا تەرمەکانی لەگۆڕی کاتیدا دەرهێنا و هەناویانی لەڕیخۆڵە و دڵ و سینە خاڵی کرد، دوای ئەوە پڕیکرد لەدەرمانی تایبەت و لاشەیانی بەشریتێك پێچا. "نف"ی تەلارساز بەهۆی سەرقاڵ بونی لەکارگای دروستکردنی پەرستگادا، فیرعەون تەنها دوو ڕۆژ لەلای"نون"مایەوە بۆئەوەی نەخشە و فەرمانی دروست کردن و ئەندازیاری گۆڕەکەی بۆ فەراهەم بکات. دوای ئەوە وەستایەکی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هەڵبژارد و پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بە"نون"ی نۆکەری"موسا"ی وت: دەبێت بگەڕێمەوە و سەرقاڵی سەرپەرشتی کردنی پەرستگاکەی فیرعەون بم، بەڵام کاتێك تۆ گەڕایتەوە دەڕۆین بۆ"کرنگ"بۆئەوەی

PDF 4 KURD

چاوم بە"موسا"ی خاوەنت بکەویّت. "نون"لەبەردەم ماڵەکەی"پزیشك"دا دوای دروست کردنی گۆڕەکان و ناشتنی لاشەی مردووەکان، ڕۆشتەوە بۆ لای"نف"ی تەلارساز بۆئەوەی پێکەوە دوای تەواوکردنی پەرستگاکەی فیرعەون بڕۆن بۆ"کرنگ"بۆئەوەی چاویان بە"موسا"بکەویّت.

ماوەیەکی زۆرە"نف"ی تەلارسازی چاوی بە موسا نەکەوتووە، بۆیە بەبینینی زۆر خۆشحاڵ بوو و بینی موسا زۆر دڵگران و سەر لێشێواوە، لەبەرئەوە سواری"گەمیّ"بون و ڕێگای باکوریان گرتەبەر. "موسا"بەدرێژایی ئەو ڕێگایە بێدەنگ بوو، وەك بڵێی هەر"نف"ی لەگەڵدا نەبێت. هەندێجار بۆماوەیەك چاوی دادەخست و ڕۆدەچووە جیهانێکی ترەوە. هیچ ڕوداوێك کە لەچواردەوری موسادا ڕویدەدا نەیدەتوانی بچوکترین کار لەدەرون و ڕەفتاری"موسا"بکات و ئەو لەحاڵەتی ماتی و بەردئاسایی دەربهێنێت. سەوڵ لێدەرەکان سەوڵەکانیان لەئاوەکەدا دەرهێنا و لەسەر"گەمیّ"کە دایان نا، بۆئەوەی نانی ئێوارەیان بخۆن و لەسەر سەکۆی"گەمیّ"کە کەمێك بخەون. بەیانی ڕۆژی دوایی کاتێك سەوڵ لێدەرەکان لەخەو هەستان"گەمیّ"کە بەئاراستەی ڕەوتی ڕوبارەکە بەخێرایی دەڕۆشت و هەمان خێرایی ڕوباری هەبوو، هەڵبەت پێویستی لێخوڕینی گەمیّ ئەوەیە خۆی بەسەر سوکانی"گەمیّ"کەدا زاڵ بکات، بۆئەوەی نەوەك"گەمیّ"کە بەر کەناری ڕوبار بکەویّت یان بدات لە"گەمیّ"کانی تر کە لەو ڕوبارەدا هاتوچۆ دەکەن. کۆتایی بەرۆژی یەکەمی گەشتەکەیان هات و شەو داهات، سەوڵ لێدەرەکانیش دوای خواردنی نانی ئێوارە خەوتن و"نف"ی تەلارساز لەو ماوەیەدا بویە لێخوڕی"گەمیّ"کە. سوکانی ئەو"گەمیّ"یە بریتی بوو لە سەوڵێکی درێژ کە لەدوای"گەمیّ"کەوە هاوسەنگی"گەمیّ"کەی پیّ ڕادەگیرا، لەهەمان کاتدا ئاراستەی ڕێڕەوی خۆی دەکرد. "نون"یش لەتەنیشت"نف"دا ڕاوەستابوو، بەڵام"موسا"لەبنی"گەمیّ"کەدا ڕاکشابوو و وا دەهاتە بەرچاو کە خەوی لیّ کەوتبێت، "نف"ی تەلارساز لەگەڵ"نون"دا گفتوگۆی دەکرد، بابەتی گفتوگۆکەشیان خودی"موسا"بوو!

PDF 4 KURD

"نف"ی تەلارساز لێی پرسی: سەیرم لەوە دێت بەچ شێوەیەك"موسا"بەو هەموو خوێندەوارییەوە هەروەها لەقوتابخانەدا زۆر شتی لەبارەی ناوچەکانی تر خوێندووە، تائێستا ناوی شارێکی بەناوی"شاری زێڕین"نەبیستووە، ئایا نەیدەزانی شاری زێڕین بونی دەرەکی نیە و جگە لەئەندێشە و خەیاڵپڵاوی هیچی تر نیە؟

"نون"وەڵامی دایەوە: هەڵبەت گەورەم زۆر باش دەیزانی شاری زێڕین بەهیچ شێوەیەك بونی دەرەکی نیە. خودی خۆشی لەسەرتای کۆچکردنی بۆئەو شارە ئاماژەی بەوە دا، بەلام فەرماندە بەفەرمانی فیرعەون ئەوی ناچارکرد بڕوات و بەدوای شاری زێڕیندا بگەڕێت.

"نف" لێی پرسی: ئەو شارەی کە وا هەست دەکرا شاری زێڕینە چ جۆر شارێك بوو؟

نون وتی: لەو شارەدا"ئیرەیی، کینە و پێویستی" بونی نەبوو، هەمویان خۆشحاڵ و ڕازی بوون.

"نف"ی تەلارساز لێی پرسی: موسا لەشاری زێڕیندا تێکەڵاوی لەگەڵ هیچ کەسێکدا دەکرد؟

نون وتی: مەبەستت لەتێکەڵاوی چیە؟

"نف"ی تەلارساز وتی: مەبەستم تێکەڵاوی ژنەکانی دەکرد.

نون وتی: گەورەم هیچ کاتێك تێکەڵاوی لەگەڵ ژنەکانیاندا نەدەکرد، بگرە بەرپرس و سەرۆکەکەشیان پێشنیاری ئەوەی لێکرد لێرە بمێنێتەوە و هاوسەرێك بۆخۆی هەڵبژێرێت، بەلام گەورەم ئەو پێشنیارەی ڕەت کردەوە.

***

لەو سەردەمەدا خەڵکی میسر باوەڕیان بەوە بوو ڕوباری"نیل"چارەسەر بەخشە، ئەگەر نەخۆشێك خۆی هەڵداتە ڕوباری نیلەوە نەخۆشیەکەی چارەسەر دەبێت، بگرە ئەگەر دوچاری گرفتیش بوبێت، هەر ئەوکاتەی خۆی هەڵدایە ناو ڕوباری نیلەوە گرفتەکانی چارەسەر دەبن. ئەم ڕێگا چارەسەریە هەرچی بێت بەسەر"موسا"دا سەلمێنرا کە وایە، چونکە موسا باسی گرفتاری و دڵگرانیەکانی

PDF 4 KURD

بۆ هیچ کەسێك نەدەکرد، بگرە باسی نەدەکرد بۆ نزیکترین هاوڕێی خۆی کە"نف"ی تەلارساز بوو. لەڕاستیدا وا دەهاتە بەرچاو کە توانای گفتوگۆکردنی لەدەست دابێت. سەرەتا"موسا" لەناو"گەمیٚ"کەدا دادەنیشت و تەماشای گەشتی گەمیٚکەی دەکرد، کاتێکیش هەستی بەماندویەتی دەکرد، لەکەنار ڕوباری نیلدا ڕادەکشا. بگرە"موسا"داوای خواردنیشی نەدەکرد و "نون"لەکاتی خۆیدا خواردنی بۆ ئامادە دەکرد، تا ئەوەی وردە وردە لەگەڵ"نف"ی تەلارسازدا کەوتە گفتوگۆ و باسی ڕوداوەکانی"کوش"ی بۆکرد و باسی دیمەنی جوان و سەرسوڕما و سەرچاوەی ڕوباری نیلی بۆ کرد. بۆنمونە ئەو یەکێك لەوبابەتانەی "موسا"بۆ "نف"تەلارسازی گێڕایەوە ئەو جەنگە بوو کە لەنێوان میسر و وڵاتی"کوش"دا بەرپابوو، بەواتا لەڕاستیدا میسریەکان کوشت و کوشتاریان خستە نێو خەڵکی"کوش" و باسی ئەوەشی بۆ کرد کە بەچاوی خۆم ئەو جەنگ و کوشت و کوشتارەی بینیوە و لەکۆتایی جەنگیشدا ئەم پرسیارە وەك چەکوش دەدرا لەسەرم، بۆچی مرۆڤەکان وەك ئاژەڵە کێویەکان دەکەونە گیانی یەکتری و یەکتری دەکوژن. لەکاتێکدا جیهان بەو فراوانیەوە جێگەی هەموو کەسێکی تێدا دەبێتەوە و پێویست بەوە ناکات بۆ دابین کردنی پێویستیەکانمان کەسانی تر بکوژین و مافی کەسانی تر زەوت بکەین. پێشتر لەمامۆستاکانم بیستووە کە زەوی زۆر لەوە گەورە ترە کە ئێمە لێکی دەدەینەوە. من زۆرباش بەدرێژایی ئەو ڕێگایەی گرتبومە بەر بۆئەوەی شاری زێڕین و سەرچاوەی ڕوباری نیل بدۆزمەوە پەیم بەم ڕاستیانە برد. بەڕەدیەك زەوی بۆ کوشتوکاڵ زۆرە کە هیچ کەسێك بێکار و برسی نابێت. لەو گەشتەمدا پەیم بەو ڕاستیانە برد، ئەگەر دە ئەوەندەی کۆمەڵگای میسر و وڵاتانی تریش لەدایك بن، ئەوا زەوی بۆ تێرکردنی ورگیان زۆر لەژمارەی ئەو دانیشتوانە زیاترە.

"نف"ی تەلارساز وتی: ڕاست دەکەیت، جیهان بەڕادەیەك فراوانە کە هەرچەنێك کۆمەڵگای نوێی تێدا لەدایك ببێت، دەتوانن تێیدا بژین، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و سەرچاوە و پیشەکانی تر بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان لەم جیهانەدا بەدەست دێت و خەڵکی ئەم جیهانە نابێت بۆ ئەم پێداویستیانە بکەونە گیانی یەکتری.

PDF 4 KURD

بەبۆچونی من ئەم گرفتە لەپەرستنی خودا جۆراوجۆرەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر خودایەك یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، لەبەرئەوەی خەڵکانی جۆراوجۆری ئەم جیهانە خوداگەلێکی جیاواز و جۆراوجۆر دەپەرستن، بەبۆچونی من جەنگ و مـرۆڤ کـوژی و داگیرکـردنیش لەپەرسـتنی خـودای جۆراوجـۆر و ئالـەم جـۆرە بیروباوەڕانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەدڵنیاییەوە ملکەچ بونی ئەو هەموو نەتەوەیەی جیهان لەبەرامبەر ئەو هەموو خودایانەدا بارودۆخێکی ئاوا دەهێنێتە بوون. بۆ نمونە بەفەرمانی خودا هەندێك لەخێڵەکان، کوشـت و کوشتار دەخەنە خێڵەکانی ترەوە، و بەپێچەوانەشەوە هەندێك خێڵیش بگرە کوشتنی گیانەوەرێکیش بەتاوان دەزانن هەڵبەت بەفەرمانی خوداکان. هەندێك لەخێڵەکان بۆنمونە خەڵکی "دوگانا" هەرچیان هەیە لەنێو خۆیاندا دابەشی دەکەن و هیچ کەسێك لەهیچ کەسێکی تر بەباشتر نازانن و بەو هۆیەشەوە ژیانێکی ئارامیان هەیە. بەڵگەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هیچ خودایەك ناپەرستن.

"نف"ی تەلارساز لە"نون"ی پرسی: بەڵام خەڵکی"دوگانا"-شاری زێڕین- هیچ خودایەك ناپەرستن.

نون وتی: ئێمەش بەو هۆیەوە هەمان ئەو پرسیارەمان لێکردن، لەوەڵامدا پێیان وتین، ئێمە باوەڕمان بەهیچ خودایەك نیە، هەر لەبنەچەوە هیچ خودایەك ناپەرستین.

"نف"ی تەلارساز وتی: ناتوانم باوەڕ بەوە بهێنم کە خێڵ و نەتەوەیەك بێ خودا بن، ئەمە شتێکی مەحاڵە.

نون وتی: "موسا"ی خاوەنم زۆرباش ئاگاداری ئەوە بوو کە دانیشتوانی "دوگانا"هەمان ئەو گوتەیان هێنایە زمان-ئێمە هیچ خودایەکمان نیە-.

تەلارساز وتی: بگرە ئەوانەی کە وا خۆیان نیشان دەدەن هیچ خودایەك ناپەرستن، هەمان ئەو خەڵکانە نەریت و بنەمای و یاسایەکی تایبەت بەخۆیان هەیە کەلەناو کۆمەڵگاکەیاندا پەیڕەوی لێ دەکەن و پابەندن پێیەوە، بۆیە هەمان ئەو کۆمەڵگایەی تۆ باستکرد شێوە خودایەکیان لەڕێی نەریت و یاسا و بنەمای کۆمەڵایەتیەوە بۆ خۆیان دروست کردووە، بۆیە هیچ کەس و کۆمەڵگایەك و خێڵێك

PDF 4 KURD

بەدی ناکرێت کە خاوەنی خودایەك نەبێت، بەدڵنیایەوە ئەو بۆچوونە پووچ و بێبنەمایە کە دەڵێن هیچ خودایەك ناپەرستن، بگرە خێڵێکی وەك"دوگانا"ش لەبەرئەوەی چوارچێوەیەك لەیاسا و نەریتیان بۆخۆیان دارشتووە و پەیرەوی لێ دەکەن. هەمان ئەو چوارچێوەیە جیاوازی نێوان چاك و خراپ و رەفتارەکانی تر دەستنیشان دەکات. بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم بگرە گیانەوەر و باڵندەکانی ئاسمانیش خودایەکیان هەیە بۆئەوەی بنەمای و شێوازی ژیانی نێوان کۆمەڵگاکان رێك بخات. "نون"نەك تەنها مرۆڤ بەڵکو هەموو بونەوەرێکی زیندوو ئیتر لەهەر کوێی ئەم گۆی زەویەدا بێت ئیتر لەوشکانیدا بێت یان لەئاودا یان لەهەوادا بێجیاوازی دەبێت خودایەکیان هەبێت، چونکە بێ ئەو مەحاڵە بتوانن بژین. من لەوەش زیاتر پێداگیری دەکەم و دەڵێم بگرە بێگیانەکانیش خودایەکیان هەیە.

"نون"وتی: بێگیانەکانی وەك ئاو و ئاگر و بەرد و دار، بەچ شێوەیەك دەکرێت خودایەکیان هەبێت؟ دەتوانی پێم بڵێی کێ خودای ئاگرە؟

"نف"وەڵامی دایەوە: خودای ئاگر هەمان ئەو کەسەیە کە فەرمانی سوتان و سوتاندن دەردەکات، خودای ئاویش هەمان ئەو کەسەیە کە فەرمان دەدات ئاگر بەئاو بکوژێنێتەوە و لەنێو مرۆڤەکانیشدا خوداگەلێکی جۆراوجۆر هەیە، خودایانی چاکمان هەیە و خودایان خراپ، بۆیە خوداکان لەهەموو شوێنێکدا هەن. لەکێوی"قاف"خێڵێك هەیە کە خوداگەلێکی باشیان هەیە، بگرە خاوەنەکەت "موسا"چاوی پێیان کەوتووە.

موسا وتی: وایە. لایەنگری ئەم قسەیەی دەکەم.

"نف"وتی: ئەم خێڵە سەرقاڵی کڕین و فرۆشتنن، بۆیە لەوڵاتێکەوە دەڕۆن بۆ وڵاتێکی تر تا ئەو کاتەی کاڵاکانیان بەتەواوی ئاڵوگۆر پێنەکەن ئەم گەشتەیان بەوشێوەیە بەردەوام دەبێت، خودای ئەم خێڵە ناوی"پرومتە"یە کە لەکێوی "قەفقاز"دا دەژیت. ئەم خێڵە لەوباوەڕەدان خوداکەیان بەبەزەیی و میهرەبانە و مەحاڵە بتوانێت زیان بەخەڵکەکەی بگەیەنێت، بگرە هەڕەشەکانی ژیانیشیان لێ دور دەکاتەوە، ئەگەر یەکێك لەباوەڕدارانی"پرومتە"دوچاری هەر هەڕەشەیەك ببێتەوە، "پرومتە" ناهێڵێت هیچ زیانێکی پێ بگات، مەگەر ئەوەی لەوکاتەدا

PDF 4 KURD

ماوەی ڕزگار کردنی نەبێت. "پرومتە" ئەوەی مرۆڤ دەیەوێت بۆی هێناوەتە بون، گیانەوەری گیاخۆری دروست کردووە، ماسیەکانیشی بەشێوەیەکی تر دروست کردووە، مرۆڤی گۆشتخۆر دروست کردووە، بۆئەوەی ئەویش بەشێکی لەچێژەکانی ژیاندا هەبێت، گیا و ڕوەك و گوڵە بۆندارەکانی دروست کردووە بۆئەوەی مرۆڤ بەبۆنکردنیان مەست ببێت. "پرومتە" بۆئەو کەسانەی باوەڕیان پێیەتی ئاگری لەقولەی"قاف" کە "قەفقازی"ئێستایە هێنایە خوارەوە و مرۆڤی فێر کرد کە بەچ شێوەیەك بەکاری بهێنێت و سودی لێ وەرگرێت، پەیڕەوانی"پرومتە" دەزانن بەچ شێوەیەك سود لەئاگر وەرگرن.

"پرومتە"مهرەبانە و ئەوەی بۆ باوەڕداران دوپاتکردووەتەوە کە نەوەکو دەست لەکارگەلێکی وەکو کوشتن و ستەم ئەنجام بدەن. لەڕوی ڕەفتار و کردارەوە پەیڕەوانی"پرومتە" یەکێکن لەمیهرەبانترین خێڵی جیهان و زۆر بەدەگمەن بینراوە ئەم خێڵە لەگەڵ یەکتردا بەشەڕ بێن، بگرە ئەمانە نەك شەڕی جەستەیی بەڵکو دەمەقرەش لەگەڵ یەکدا ناکەن و بەسەر یەکتریشدا ناقیڕێنن، تەنها لەدوو کاتدا دەتوانی گوێت لەدەنگی پەیڕەوانی"پرومتە"بێت، لەکاتی بانگکردنی یەکتری بۆئەوەی زانیاریەك بەیەکتری بدەن، دووەمیان لەکاتی گۆرانی وتندا. ئەگەر پەیڕەوانی"پرومتە"لەگەڵ خەڵکی"هاتی"دا بەراورد بکەین، ئەوکات تێدەگەین چ جیاوازیەك لەنێوان ئەم دوو خێڵەدایە. "هاتی"ەکان زبر و بەدڕەوشت و توندخوو و بێبەزەیی و دەمشڕن، بگرە گفتوگۆی ئاساییشیان لەشەڕ خراپترە. ئەم خێڵە لەبەر هەندێك بابەتی ئاسایی شەڕ لەگەڵ یەکتردا دەکەن، لەوانەشە بگاتە حاڵەتی کوشتنیش. لەوانەیە لەبەر پێکێك ئاوجۆ ناکۆکیەکی زۆر گەورە تا ئاستی کوشتن لەنێوانیاندا دروست ببێت، هۆکاری ئەو هەموو توندوتیژیەش ئەوەیە کە خێڵی"هاتی"پەیڕەوی لەخودایانی جنگخواز دەکەن و ناتوانن بەسەر خۆیاندا زاڵ بن و ویستیان"ارادە"زۆر لاوازە. خوداکانی"هاتی"خوداگەلێکی خوێنڕێژ و توندڕەو و بێبەزەیین، هەر ئەم ڕەوشت و خووە خواوەندی هاتی، بوەتە هۆی ئەوەی پەیڕەوانی بەوشێوەیە توندڕەو و بێبەزەیی و بێڕەوشتیان لێ دەربچێت،

PDF 4 KURD

بەکورتیەکـــەی خوداکـــان نمونـــە و هێمـــان و پەیڕەوانیـــشیان دواکەوتـــە و لاساییکەرەوەی ئەوانن.

موسا وتی: بیستومە کە پەیڕەوانی "پرومتە"خودای خۆیان لەکێوی"قاف" زیندانی کردووە و بەزنجیر "پرومتە"یان بەستووەتەوە بۆئەوەی نەتوانێت لێیان هەڵبێت.

"نف"وتی: زیندانی کردن و بەستنی "پرومتە"بەسەر قولەی"قاف"ەوە تەنها دەستەواژەیەکی سەرزارەکیە. چونکە پەیڕەوانی "پرومتە"ئەویان بەزنجیر بەکێوەکەوە نەبەستووەتەوە، بەڵکو بەڕادەیەك"پرومتە"یان خۆش دەوێت کە ئەویان لەوێ ڕاگرتووە بۆئەوەی خودا لە قولەی"قاف"ەوە نەڕوات بۆ هیچ شوێنێکی تر. لەبەرئەوەی دەزانن کە"پرومتە"خودایەکی میهرەبان و بەبەزەییە و دەتوانێت لەهەر شوێنێك خۆی بیەوێت بژیت، ئەگەر لەسەرەتادا خەڵکی ئەویان لایەسەند نەبوایە"پرومتە" بەرەفتارەکانی خەڵکی دەکردە پەیرەو و گوێڕایەڵی خۆی و سەرنجی هەموویانی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا. "پرومتە" خودایەکی بەبەزەیی و مهرەبانە و بەردەوام هەوڵ دەدات مرۆڤ لەخۆشبەختیدا بژیت، بەستنەوەی"پرومتە" دەبێت بەڕشتەی گفتوگۆی بزانین نەك زنجیری ئاسنین و کەرەستەکانی تر.

نون ایی پرسی: بەپێی ئەوەی تۆ ئێستا باست کرد"پرومتە" خودای "قاف"خۆشی حەز ناکات ئەوێ بەجێ بهێڵێت و بڕوات بۆ شوێنێکی تر؟

"نف"ی تەلارساز وەڵامی دایەوە: تا ئەو کاتەی باوەڕدارانی"پرومتە"ئەویان خۆشبوێت، ئەوا ئەویش لەلایان دەمێنێتەوە و ناڕوات بۆ هیچ شوێنێکی تر، لەڕاستیدا خەڵکی"قاف"و خوداکەیان یەکتریان زۆر خۆشدەوێت.

"نون"لێی پرسی: کەواتە بۆچی"پرومتە"دەڕوات بۆ شوێنێکی تر؟ لەبەرچی دەڕوات؟

"نف"ی تەلارساز وەڵامی دایەوە: ئەگەر خودای چاکە ڕوو لەوڵاتێك وەرگێڕێت و بەجێی بهێڵێت، ئەوا خەڵکەکەی دوچاری دەردیسەریەکی زۆر دەبن و چیتر نابنە

PDF 4 KURD

خاوەنی خودای چاکە. هەڵبەت ئەو خودایەش نابێت بەخودایەکی باشی لەقەڵەم بدەیت کە خەڵکەکەی بەجێ بهێڵێت.

"نون"لێی پرسی: بۆچی نابێت خودایەکی باش بێت؟

"نف"ی تەلارساز وتی: بنەمایەك فەرمانڕەوایی هەموو شوێن و وڵاتێك دەکات، ئەویش ئەوەیە ئەگەر وڵاتێك خودایەکی چاك لەدەست بدات، دەبێتە خاوەنی چەند خودایەکی خراپ.

"نون"لێی پرسی: چ کاتێك خودایەکی چاك ڕو لەوڵات و میلەتێك دەکات و بۆچی دەڕوات؟

"نف"ی تەلارساز وەڵامی دەداتەوە: هۆکاری ڕۆشتنی خودایەکی چاك دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی لایەنگرانی.

نون لێی پرسی: ئایا ئەکرێت نەتەوەیەکی باش و خاوەن ویستیش خودایەکی چاك لەدەست بدەن؟

"نون"ی تەلارساز وتی: بەڵێ، ئەویش کاتێك کە ئەو خێڵە ڕێگای گەندەڵکاری بگرنەبەر و بکەوێتە سەر تولەڕێی خراپەکاری، بەکورتیەکەی گەندەڵی و خراپەکاری لەو وڵاتەدا زۆر بێت.

نون لێی پرسی: ئەی تەلارسازی کۆشکی فیرعەون، گوتارەکانت لەبارەی "پرومتە"ی خودای خەڵکی"قاف"زۆر سەرنج ڕاکێشن، بەڵام ئێمەش خەڵکانێکی سەرەتایی و نەزانین و لەبارەی خوداکانی خۆمانەوە بەسەرهاتگەلێکی زۆرمان هەیە.

"نف"ی تەلارساز پرسی: ئەو بەسەرهاتانە چین؟

نون وتی: لەو سەردەمانەی کە مێژووەکەی نادیارە، مرۆڤ لەشوێنێکدا دەژیا کە نە برسیەتی و نە تینویەتی نە گەرم و نەسارما بونی نەبوو و بەبەشێك لەگرفتەکانی ئەو شوێنە لەقەڵەم نەدەدرا. ئەو شوێنەیان بە"بەهەشت"بانگ دەکرد، هەوایەکی گونجاوی -نەسارد و نە گەرم- هەبوو. هەروەها بەهیچ شێوەیەك نەخۆش نەدەکەوتیت، خواردن و خواردنەوە بۆ هەموو کەسێك فەراهەم بوو، تەنها یەك میوە قەدەغە بوو بیخۆیت.

PDF 4 KURD

مرۆڤ پرسی: میوەی چ درەختێك نابێت بخورێت.

خوداش فەرموی: ئەو میوەی ناوی"زانست"ە، تۆ نابێت لەو میوەیە بخۆیت.

مرۆڤ پرسی: بۆچی نابێت لەو میوەیە بخۆم؟

خودا فەرموی: خواردنی ئەو میوەیە یەکسان بە"دانایی"تۆ و چیتر لەو ساتە بەدواوە پێچەوانەکەی دەست پێدەکات... سەرەتا مرۆڤ بەڵێنی دا لەو میوەیە نەخوات، بەڵام لەدواییدا نەیتوانی بەڵێنەکەی خۆی بپارێزێت، لەمیوەی زانستی خوارد، دوای ئەوە لەبەهەشت دەرکرا.

موسا دوای ئەوەی کۆتایی بەگوتەی"نون"ی نۆکەری هات وتی: ئێستا باسی شتێکت بۆ دەکەم کە بەلاتەوە زۆر سەیر بێت.

"نف"پرسی: باسی چیم بۆ دەکەیت؟

موسا وتی: من لەنەژادی ئیسرائیل و لەخێڵی"لوی[31]"م.

"نف"ی تەلارساز وتی: تۆ لەخێڵی"لوی"ت؟ باوەڕ ناکەم.

موسا کە چاوەڕێی وەڵامێکی ئاوا نەبوو سەرەتا بەلایەوە زۆر سەیربوو و وتی: دەتەوێت بۆت ڕونبکەمەوە؟

"نف"ی تەلارساز وتی: پێشتر ڕونکردنەوەیەکم لەمبارەیەوە بیستووە، ئەویش لەزمانی کاهینی مەزنی کۆشکی فەرمانڕەوایی، لەبەرئەوە پێویست بەدووبارەکردنەوەی ناکات.

موسا بەسەرسوڕمانەوە وتی: ئەو چی بۆ باس کردویت؟

"نف"ی تەلارساز وتی: بەهەرحاڵ، ئێستا پێویست بەگێڕانەوەی سەرگوزەشت ناکات، بۆیە دەبێت بۆت ڕونبکەمەوە دوای بیستنی نهێنی لەدایك بونت تێگەشتم دایکت ئارەزوی چی بۆ دەکردی و "ئامون تپ"ی کاهینی مەزنی کۆشکی فەرمانڕەواییش هەمان ئارەزوی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو تۆ ببیتە پادشای "میسر". تۆ بەناونیشانی فیرعەونی میسر بانگەشە بۆ خودای نەبینراو بەناوی "ئاتون" بکەیت، بۆئەوەی باوەڕ بەخەڵکی میسر بهێنن و لەباتی خودای"ئامون" خودای"ئاتون"بپەرستن.

---

[31] یەعقوب دوانزە کوڕی هەبوو کە یەکێکیان ناوی"لوی"بوو.

PDF 4 KURD

دوای ئەوە"نف"لێی پرسی: ئایا ئەوەت لەبیرە کە ڕۆژێك تۆم برد بۆ وڵاتی"کوش" بۆئەوەی پیشانت بدەم خەڵکی بەچ شێوەیەك دانەوێڵەکانیان خەزێنە دەکەن؟

موسا وەڵامی دایەوە: زۆرباش لەبیرمە.

"نف"ی تەلارسازیش وتی: ئەو ڕۆژەی تۆم برد بۆ وڵاتی"کوش"، تۆ وات دەزانی لەبەرئەوە تۆم برد بۆ ئەوێ بۆئەوەی ئاشنای شێوازی خەزێنەکردنی دانەوێڵەت بکەم، لەکاتێك مەبەستم ئەوە بوو کەبەڕاستی ببینی تۆ لەچ نەژاد و خێڵێکیت، و لەنزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ خێڵەکەی خۆتدا پەیدا بکەیت و بەچاوی خۆت شێوازی ژیانی خێڵی ئیسرائیل ببینی.

موسا وتی: بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری ئەوە نەبووم کەمەبەستت ئەوەبووە نەژاد و خێڵێك پیشانی من بدەیت کە خۆم لەوانم.

"نف"ی تەلارساز وتی: دەمویست لەنزیکەوە بەرجەستەیان بکەیت و بزانی کە ئەوەی ئیسرائیل لەچ گرفتاری و ناسۆریەکدا دەژین، ئەو ڕۆژەی خێڵەکەی خۆتم پێ نیشان دایت، هێشتا هەرزەکاربویت و بەتەمەنی ژیری نەگەشتبویت، بەکورتیەکەی هێشتا نەبوبویت بەپیاو، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە جیاوازە، لەبەرئەوەی ئێستا تۆ بەبینینی زۆرێك لەگرفتی خەڵك و میلەتگەلێکی جۆراوجۆر، و بەشدارکردن لەجەنگ و ئەزمون وەرگرتن لەم هەلومەرجانە بەڕاستی بویت بەپیاو.

موسا وتی: ئێستا مەبەستت لەم قسانە چیە؟

"نف"ی تەلارساز وتی: مەبەستم ئەوەیە دەتوانی بڕیار بدەیت و بڕیاری خۆت کرداری بکەیت، بێئەوەی هیچ کەسێك فەرمانت بەسەردا بکات.

لەوکەشتەدا"گەمێ"ی ئەو سیانە ڕێگای پایتەختی گرتبووە بەر و لەڕێگادا گفتوگۆیەکی زۆریان لەگەڵ یەکدار کرد و "موسا"ش ئاگاداری ڕابردووی"نف"بوو.
"نف"ی تەلارساز دوای ئەوەی گوێی لەبەسەرهاتە ناخۆشەکانی موسا بوو، هەوڵی دا باسی بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ موسا بکات و وتی: لەسەردەمی لاویەتیدا ئاشقی کچێك بوم، باوکی ئەو کچە وەك باوکی"مریت ئامون" پێی وتم: دەبێت دانبەخۆمدا

PDF 4 KURD

بکرم و چاوەڕێ بکەم. کچەش وتی: منیش دەبێت ماوەیەك چاوەڕێبکەم، بۆئەوەی بارودۆخم لەڕوی دارایییەوە باشتر دەبێت، تا بتوانم ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچێکدا پێك بهێنم. منیش ساڵانێکی زۆر تاڵیم چێشت تا ئەوکاتەی بارودۆخی دراییم باشتر بوو و گەڕامەوە بۆلای ئەو کچە، بۆئەوەی پێی بڵێم کە بەباوکی بڵێت ئێستا هەلومەرجی پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەکی لەبارە. باوکی کچەش بەم هاوسەریەتمان ڕازی بوو، ئێمەش ژیانی هاوسەریەتیمان پێکهێنا، بەڵام کاتێك هاوسەرەکەم سکی پڕ بوو، لەکاتی منداڵبوندا کۆچی دوایی کرد و ئەو بەسەرهاتەش زۆر خەمگینی کردم، منیش ئەوشتانەی بەهاوسەرەکەمەوە پەیوەست دەکرا بەهۆی ئازار و خەمەکانمەوە دورم خستنەوە لەخۆم و ئاشکرایە لەماڵەش بارم کرد بۆئەوەی هاوسەری کۆچکردوم نەهێنێتەوە یاد. من بۆ فەرامۆشکردنی خەم و دڵتەنگیەکانم، تا لەتوانامدا بوو لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا خۆم بەکارەوە سەرقاڵکرد و خواردنێکی سادە و ساکاریشم بۆخۆم ئامادە دەکرد و هەر لەشوێن کارەکەشمدا دەخەوتم، بەڵام کاتێك هاوڕێکانم بۆ نمونە وەکوو کاهینی مەزن"ئامون تپ" و"ئنخاس ئامون" کۆچی دواییان کرد، ناچاربوم لەکۆشکەوە باربکەم بۆ ماڵێکی دەرەوەی کۆشك. بۆئەوەی کاتێك پیویستم بەخەو بێت بڕۆم بۆ ئەوێ تا کەم کەم بتوانم بەسەر خەمەکاندا زاڵ بم.

PDF 4 KURD

لەپایتەخت و لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا

سەرئەنجام ئەو گەشتە دوورودرێژانە کۆتاییان پێهات و"گەمی"لەکاناردا لەنگەری گرت بۆئەوەی سەرنشینەکانی پیادە بکات. "نف"لەوناوچەیەدا بەهۆی ناوبانگیەوە جێـی ڕێـز و خۆشەویـستی تـەواوی کرێکـارانی کەشـتی و باربـەرانی ئـەو لەنگەرگایـەبوو، بـەڵام"موسـا"کەسـێکی نەناسـراو بـوو، هـەروەها هـیچ هێمایـەکی شازادەییشی بەخۆیەوە هەڵنەواسیبوو. جلی"نون" و جلـی"موسـا"تاڕادەیـەکی زۆر وەکوو یـەك وابـوون. مـەحاڵ بـوو بتـوانی دەستنیـشانی بکـەیت کـە کـام لـەم دوانـە شازادەیە و کامیان نۆکـەرە. "موسـا"دوای سێـساڵ کـە لەپایتـەخت دورکەوتبویـەوە بەبینینی دیوارەکانی کۆشك و بۆنی تایبەتی ڕوباری نیل و دیمەنەکانی تر هەستی کرد ئەوەیی ئەمڕۆ دەیبینێت، زۆر جیاوازە لەوەی سێ ساڵ لەوەوپێش بینیویەتی. ئەو زانی بۆچی دیوارەکانی کۆشکی فیرعەون وەکوو ڕابردوو شـکۆمەندی و مـەزنی جارانیان نیە. هۆکارەکەی بێئـەزمونی و نەبینیی هەلومـەرجی دەوروبـەر و وڵاتـانی تربوو، لەسەردەمی لاویەتی و هەرزەکاریدا، بەکورتیەکەی ئەو جیهانی لەهەمان ئەو کۆشکەدا دەبینی. دیـدگای موسا دوای گەڕانـەوەی سێساڵە هەمەلایەنە و پڕمـەودا بوو، بەبینینی ڕوداوگەلێکی جۆراوجۆر و بیستنی دیدگاگـەلێکی جۆراوجۆر لەگەڵ ئـەو دیـدگا سـەرەتایەی کـە لـەبارەی جیهانـەوە هـەیبو زۆر جیـاواز بـوو. ئـەو لەگەڕانـەوەدا نیگاکـانی وەك پیـاوێکی تـەواو و پێگەشـتوو و کونجکـاو بەهـەموو شتێکدا دەخشاند.

پـیش ئـەوەی پیـادە بـن"نـف"وتـی: وەرە پێکـەوە لەهـەمان ئـەو ماڵـەی تێیـدا نیشتەجێم بژین... "نـف"ی تەلارساز لەبەرئەوە ئەم پێشنیارەی لێکرد چونکە

PDF 4 KURD

دەیزانی"موسا"حەز ناکات بگەڕێتەوە بۆ کۆشکی فیرعەون و لەوێ نیشتەجێ ببێت. "نف"لەماڵێك کە لەخشت دروستکرابوو و لەپێنج ژور و هەیوانێك پێکدەهات دەژیا. سەرەڕای ئەو ژورانە چێشتخانە و سەربانێکی فراوانی بۆ خەوتنی شەوانی هاوین هەبوو. باخچەکەشی ئەوەندە درەختی زەیتون و هەنجیری تێدابوو کە شوێنی بۆ هەیوان نەهێشتبویەوە.

موسا سەری سوڕما.

"نف"ی تەلارسازیش هۆکاری سەرسورمانەکەی لێ پرسی.

"موسا"ش لەوەڵامدا وتی: لەکاتێکدا تۆ ئەم تەلار و کۆشکە مەزنانە بۆ خەڵکی دروست دەکەیت، بۆچی خۆت ماڵێکی ئاوا بچوك و بێنرخت هەیە؟

"نف"ی تەلارسازیش وتی: مەزنی و فراوانی ماڵ هێمنی و ئارامی بەمرۆڤ نابەخشێت، بەڵکو شێوازی ژیان و چۆنیەتی تێپەڕاندنی تەمەنت سەرچاوەی هێمنی و ئارامی تۆیە. ئەم ماڵە کە بێژن و منداڵم بۆ من بەسە.

"نف"ی تەلارساز خزمەتکارێکی پیاو و چێشتکەرێك و باخەوانێکی هەبوو، لەم ڕوەوە موسا زیاتر سەری سوڕما، چونکە بینی"نف"ی تەلارساز کەنیزەکی ژنی نیە، لەبەرئەوەی بەدڵنیاییەوە پیاوانی سەڵت لەمیسردا بەلایەنی کەم دو یان سێ کەنیزەکی ژنیان هەیە و ئەم کارەش بەلای هەموو میسریەکەوە ئاسایی بوو. کاتێك موسا بینی هیچ ژنێك لەو ماڵەدا بەدی ناکرێت ئەوسا ڕازی بوو بەوەی لەگەڵ"نون"دا نیشتەجێ ببێت. خودی"نف"ی تەلارسازیش نەیدەتوانی بەشێوەیەکی بەردەوام و درێژخایەن لەو ماڵەدا بمێنێتەوە، بۆیە ماڵەکەی بە موسا و "نون"ی خزمەتکاری سپارد، دوای ئەوە خۆی ڕۆشت بۆ دروست کردنی پەرستگایەکی تازە کە فیرعەون پێی ڕاسپاردبوو. هەربۆیە موسا زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی بێئەوەی هیچ کەسێك بیناسێتەوە لەپایتەختی میسردا ژیان بەسەر دەبات، بەڵام ناچار بۆ یەکلایی کردنەوەی سەروەت و سامانەکەی سەردانی کۆشکی فەرمانڕەوایی بکات و چاوی بە"ستی موسا"ی سەرۆك و بەرپرسی سەروەت و سامانەکەی بکەوێت، چونکە بگرە پارچە کانزایەکیشی بۆ خەرج کردن پێنەبوو. موسا بەهەمان ئەو جلوبەرگە ئاسایی و نەناسراوەوە و بێ هیچ هێمایەکی تایبەت

PDF 4 KURD

بەخۆی ڕێگای کۆشکی گرتەبەر هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جلە تایبەتەکانی خۆی لەدەست داوە. گەشتە بەردەم بارەگای کۆشکی فەرمانڕەوایی فیرعەون و بەرپرسی پاسەوانان لێی پرسی:

-تۆ کێیت کە دەتەوێت بڕۆیتە ناو کۆشکی فەرمانڕەواییەوە؟

"موسا"ش تەماشایەکی سەرتاپای ئەفسەری پاسەوانی کرد و وروژا و نەیتوانی ڕێ لەسەرسوڕمانی خۆی بگرێت، چونکە ئەو پیاوە لێوی سور و برۆکانی ڕەش کردبوو، پاسەوانەکانی تریش بەهەمان شێوەی ئەفسەرەکەیان ئارایشتیان کردبوو. موسا دەیزانی ئەم پاسەوانانە لەشازادەکانن، بەڵام ئەو شازادانەی کە دایکیان کەنیزەك بوون. "موسا"دوای سێسالْ دوری لەکۆشکی فەرمانڕەوایی پەیی بەوە برد کە چ گۆڕانکاریەك لەوێدا ڕویداوە، گۆڕانی پاسەوانەکان بەڵگەی گۆڕینی نەریتی کۆشکی فەرمانڕەوایی دەسەلمێنێت. پاسەوانەکان"موسا"یان بێنەوەی هیچ هێمایەکی فەرمانڕەوایی پێوە بێت ناسیەوە و ڕێیان پێدا بچێتە ژورەوە و تەواوی کاربەدەستانی کۆشك زانیان کە"موسا" گەڕاوەتەوە، بەڵام بەژن و باڵای"موسا"بەهەمان ئەندازەی ئارایشتی ژنانەی پاسەوانەکانی کۆشك بەلای کاربەدەستان و دەستەڵاتدارانی کۆشکەوە سەرسوڕهێنەر بوو. موسا تەماشای هەر لایەکی ئەو کۆشکەی بکردایە یادگاری ڕابردوو و سەردەمی منداڵی زیندوو دەکردەوە، لەوکاتەدا موسا ناونیشانی"ستی موسا"ی بەرپرسی سەروەت و سامانی لەیەکێك لەپاسەوانەکانی کۆشك وەرگرت.

کاتێك"ستی موسا"بیستی"موسا"گەڕاوەتەوە بەدڵگرانیەکەوە بەرەوپیری ڕۆشت، "ستی موسا"زۆرباش ئاگاداری ئەوەبوو کە فیرعەون زۆر ڕقی لێیەتی و زۆریش لێی تورەیە، بەڵام ئەوەی بەباش زانی وا خۆی بنوێنێت کە ئاگاداری ئەم بابەتە نیە و وەك شازادەیەك مامەڵەی لەگەڵدا بکات و وتی:

-من بەم گەڕانەوەیەت زۆر خۆشحالْ بوم، چونکە دەمزانی سەرئەنجام دێیتەوە، فیرعەونیش ئاگاداری گەڕانەوەی تۆ بوو، لەبەرئەوە باشتر وایە بڕۆیت بۆ لای ئەو.

موسا وتی: نەهاتوم بۆئەوەی چاوم بەفیرعەون بکەوێت، بەڵکو هاتوم تا بڕێك لەزێڕ و هەندێك لەداراییەکانی دایکم وەرگرم کە لەلای تۆیە.

PDF 4 KURD

"ستی موسا"لەوکاتەدا سەری ڕێزی دانەواند و وتی: ئەوەی دایکت لەدوای خۆی بەجێی هێشتووە وەك ئەمانەتێك لەلای منە و بگرە دەستم لەئەنگوستیلەیەکیشی نەداوە، بەڵام بەمەرجێك دەتوانیت دەست لەسامانی دایکتەوە بدەیت کە سەردانی فیرعەون بکەیت و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەیت، ئەگەر ئەو فەرمان بدات ئەوا دەتوانی تەواوی سامانەکەت هەر ئێستا وەرگریت، چونکە من جگەلە کەسێك کە ئەمانەتێکی لەلایە هیچ شتێکی تر نیم.

موسا وتی: لەئێستا بەم جلە ئاساییانەوە ڕۆشتن بۆ لای فیرعەون بەکارێکی باشی نازانم.

"ستی موسا" وتی: بەهەرحاڵ ئەگەر بتەوێت سامان لەمن وەرگریت دەبێت فەرمانی فیرعەونت پێ بێت.

"موسا"ش ناچار بەهەمان ئەو جلوبەرگەوە ڕۆشتە لای فیرعەون و فیرعەونیش زۆر سەری سوڕما بەوەی"موسا"ی بەجلێکی سادەوە بینی، چونکە تا ئەوکاتە ئەوە ڕوی نەدابوو کەسێك بەبەژن و باڵا و جلوبەرگێکی ئاواوە سەردانی فیرعەون بکات، بۆیە هەموو کەسێك هەوڵی دەدا جوانترین جلوبەرگ لەبەربکات ئەوکات هەوڵی ئەوە بدات چاوی بەفیرعەون بکەوێت. ئەو کەسانەش کە لەلای فیرعون بون سەرسوڕمانیان لە فیرعەون کەمتر نەبوو. هەڵبەت پێشتر فیرعەونیان ئاگادار کردبوووەوە کە"موسا"هاتووە و بەجلوبەرگێکی شڕەوە دەیەوێت چاوی پێی بکەوێت، فیرعەونیش پێی ڕاگەیاندن"موسا"بەو جلوبەرگەوە بکەنە ژورەوە، بەڵام لەوباوەڕەدا نەبوو کە موسا بەشکۆمەندی و پایەداریەوە ببینێت. فیرعەون بەدەستی پێی ڕاگەیاند کەبێت لەسەر تەختەکەی پاڵی دانیشێت بۆئەوەی گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، لەبەرئەوەش داوای لێکرد لەتەنیشتیەوە دانیشێت تا ئامادەبوان گوێیان لەگفتوگۆکانیان نەبێت. "موسا"تەماشایەکی فیرعەونی کرد و بینی بەوشێوەیەش لەڕوی تەمەنەوە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.

دوای ئەوە موسا سەری دانەواند، بیستی فیرعەون دەڵێت: هەرچەند ماوەیەکی زۆرە لەکۆشکی فەرمانڕەوایی دور کەوتویتتەوە، بەڵام نەریتی کۆشکی

PDF 4 KURD

فەرمانڕەوایت لەبیر نەچووەتەوە. ئێستا بۆم بگێڕەرەوە سەرچاوەی ڕووباری نیل و شاری زێڕینت دۆزیەوە؟

موسا وەڵامی دایەوە: بەگوتەی کاهینەکان سەرچاوەی ڕووباری نیل لەبارەگای خوداياندا جێگیرە.

فیرعەون وتی: کارم بەگوتەی کاهینەکانەوە نیە، لەتۆ دەپرسم سەرچاوەی ڕووباری نیل و شاری زێڕینت بینی؟

موسا وەڵامی دایەوە: ئێمە ئەو هەموو ماوەیە بەدرێژایی ڕووباری نیل ڕێمان کرد تا گەشتینە شوێنێك کە ڕووبار گۆڕا بە جۆگەلەیەك و لەوێشەوە بەردەوامیمان دا بەپیادەکەمان تا گەشتینە دەریاچەیەك، لەوەو دوا چیتر نەمتوانی لەوە تێبگەم ئایا ئەوە ڕووباری نیلە یان یەکێکە لەلقەکانی ڕووباری نیل.

فیرعەون وتی: ئەی شاری زێڕین چی؟

موسا وتی: ئەو شارەی کە بەزێڕ ناوبانگی دەرکردووە بونی دەرەکی نیە، تەنها چەند خانویەکی بچوك و کۆمەڵێك ڕەشپێستی تێدا دەژیت. کۆمەڵە هەژارێکی ڕوت و ڕەجاڵبون، چ بکات بەوەی خاوەنی زێڕ بن.

فیرعەون لەوکاتەدا بێدەنگ بوو، فیرعەون ئەوەی هێنایەوە یاد خۆی کە سێساڵ و شتێك لەوەوپێش فەرمانی دا قازێکی بۆ ڕاوبکەن تا فالێکی پێ بگرێتەوە، دوای ئەوەی ئەو قازەیان بۆ ڕاوکرد بردیانە لای کاهینی مەزن بۆئەوەی پێشبینی ئایندەی بۆ بکات. کاهینی مەزنیش چیقڵدانی قازی پشکنی و بەردە ڕێزێکی ڕەشی تێدا بینی و بەفیرعەونی وت: نەهامەتیەکی مەزن هەڕەشەی لەناوچونت لێدەکات.

فیرعەونیش بەدڵگرانیەکەوە پرسی: چ جۆر هەڕەشەیەك بەچ شێوەیەك دەتوانرێت ڕێی لێ بگیرێت.

کاهین وتی: بەهیچ شێوەیەك ڕێی لێناگیرێت، جگە لەوەی ئەو کەسەی کە گومانت لێی هەیە و لێی دەترسیت لەناوی ببەیت بۆئەوەی بەم شێوەیە ڕێ لەو هەڕەشەیە بگریت، بەڵام فیرعەون لەسەرتاسەری پایتەختی میسردا تەنها لەیەك کەس دەترسا و ئەو کەسەش"موسا"بوو، چونکە بەفیرعەونیان وتبوو موسا

PDF 4 KURD

باوەڕی بەخودای"ئامون"نیە و وەك خودایەكی خۆی پەسەندی ناكات، خودی فیرعەونش دەیزانی كە"موسا"باوەڕی بەخودای"ئاتون"ە و ڕۆژێك دێت میسر وێران دەكات، تەنها ئەو نوكە نێزە كاریگەرەی كار لەو بكات بێبەشكردنیەتی لەسامانی"ئنخاس ئامون"ی دایكی. كاتێك فیرعەون بەدەم ئەم بیرۆكەوە نوقمی ئەندێشەی بوبو بەردەوامی بەبێدەنگی خۆی دا، ئەوانەش كە لەچواردەوریدا بون زۆر باش ئاشنای خورەویشتی بون و دەیانزانی هەركاتێك فیرعەون بەوشێوەیە بێدەنگ بێت، دەیسەلمێنێت كە زۆر توڕەیە.

دوای ئەوە لەناكاو فیرعەون سەری هەڵبڕی و هاواری كرد: بۆچی دوبارە گەڕایتەوە بۆ پایتەخت؟

موسا وەڵامی دایەوە: هاتوم بۆئەوەی ئەو سامانەی وەك میراتێك لەدایكمەوە بۆم بەجێ ماوە وەرگرم، چونكە بۆ دابین كردنی بژێوی ژیانم پێویستم بەو سەروەت و سامانەیە.

فیرعەون هاواری كرد: گەرچی ڕاسپێدراوم بگرە گەردێك لەو سامانەت پێ نەبەخشم، بەڵام فەرمان دەدەم"ستی موسا"هەموو سامانەتەكەت بۆ بگەڕێنێتەوە.

موسا وتی: سوپاست دەكەم.

فیرعەون وتی: پێویست بەسوپاسكردنم ناكات، چونكە دەزانم تۆ ڕقت لێمە حەز دەكەیت سەرم لەلاشەم بكەیتەوە.

موسا وتی: ئەی فیرعەونی ئەم سەردەمە، من لەوڵاتی"كوش"ئەوەندە كوشت و كوشتارم بینیوە، چیتر لەكوشتن بێزارم.

فیرعەون وتی: سەرەڕای ئەوەش ئەو ڕقەی لەبەرامبەر مندا هەتە بە لەناوبردنی من كۆتایی دێت.

موسا وتی: بەهەڵەدا چویت، بۆ جێبەجێ كردنی دادوەری ڕێگاگەلێكی زۆر هەیە كە لەكاتی ڕوداوەكاندا خۆی ئاشكرا دەكات، هەر ئەم جۆرە دادوەریانەش تۆ لەكوشتن و خوێنڕشتن بەدور دەگرێت.

ئەم گوتەیەی موسا بەلای ئامادەبوانەوە تازە و بێوێنە بوو، چونكە هیچ كەسێك تا ئەو كاتە بەوشێوەیە قسەی نەكردووە.

PDF 4 KURD

فیرعەون بەهۆی بیستنی گوتە بوێرکانی موساوە سەری سوڕما و وتی: ئەی ئەو مرۆڤەی کە نیوە ناوت هەیە، چ خودایەك پشتگیریت دەكات كە بەشانازی و خۆ بەزلزانیەکەوە قسەدەکەیت؟

موسا وتی: ئەی فیرعەون هەموو کەسێك زۆرباش دەزانێت کە"ئنخاس ئامون"بەدەستی تۆ کوژراوە، ئەگەر لەدوای ئەم قسانەشم بکوژرێم هەموو کەسێك زۆر بەباشی دەزانێت کە بکوژی من تۆیت.

فیرعەون تەکانێکی دا بەخۆی و هەوڵی دا بەسەر خۆیدا زاڵ بێت دوای ئەوە لەسەرخۆ وتی: بۆچی لەباتی دژایەتی کردنم هەوڵ نادەیت لەگەڵ مندا هاوپەیمان بیت و دەست بنێینە ناو دەستی یەکترەوە بۆئەوەی لەهەموو شتێك بەهرەمەندت بکەم؟

موسا وتی: ئەوەندەم هەیە کە بتوانم بژێوی ژیانم دابین بکەم و لەوەش زیاتر پێویستم بەهیچ شتێکی تر نیە.

فیرعەون وتی: شێوازی قسەکردنت بێزار و دڵگرانم دەکات، هەوڵێکی زۆرم لەگەڵ تۆدا دا بەڵام دیارە ڕقت لەخودایانی میسرە. کاهینەکان پێیان ڕاسپاردوم بتکوژم، بەڵام من ئەم کارەم نەکرد، بەڵام ئێستاش پەشیمانم، چونکە بەڕاستی لەئێستادا بەرگەی ئەم بێشەرمی و بوێریەت ناگرم و لەوانەیە لەهەر ساتێکدا هەڵچم و فەرمانی کوشتنت دەربکەم... فیرعەون دوای ئەوە وتی: تۆ بۆچی بەو شێوە بێشەرمانە ڕەفتارم لەگەڵدا دەکەیت؟

موسا وتی: لەبەرئەوەی دەزانم لێم دەترسی، بەڵام نازانم بۆچی لێم دەترسی! تەنها ئەوە دەزانم کە لێم دەترسی.

فیرعەون وتی: ئەی کوڕی لاو تۆ نابێت لێبوردەیی بەترس لێك بدەیتەوە. بۆچی لەتۆ بترسم؟ چونکە هەر لەسەردەمی منداڵیەوە بەلێبوردەییەوە ڕەفتارم لەگەڵدا کردویت ئێستاش هەر بەوشێوەیە ڕەفتارت لەگەڵدا دەکەم. هەڵبەت نامەوێت بڵێم بەزەییم پێتدا هاتووەتەوە چونکە دڵنیام ئەم گوتەیەم پەسەند ناکەیت! بەڵام لەبەرامبەرتدا لێبوردە بووم ئەویش لەبەر سێ هۆکار. یەکەم: لەبەرئەوەی کوڕی"ئنخاس ئامون"یت، دووەم: لەنێو شازادەکانی میسردا لەڕوی قەد و باڵا و

PDF 4 KURD

شێوەتەوە بێوێنەی و سێیەمیان: لەبەرئەوەی بەناونیشانی فەرماندەی هێزی گالیسکەوانی ڕۆشتویت بۆ ولاتی"کوش" و ئازایەتی خۆتت سەلماند و وەك سەربازێکی ئازا و دلێر گوێڕایەڵ بویت و جەنگاویت، بیستومە ئەوکاتانەی سەربازەکان خەویان لێ کەوتووە تۆ بێداربویت. من لەڕێی نامەکانی فەرماندەی هێزی سەربازی نێردراوەوە هەموو زانیاریەکی تۆم پێگەشتووە و زانیومە کە تۆ تاکە ئەفسەربویت لەگەڵ ژناندا ڕات نەدەبوارد. منیش تەنها لەبەر ئەم تایبەتمەندیە بەرجەستانەت لەڕۆژێکی ئاوادا نەمهێڵاوە هەوڵی کوشتنت بدرێت، سەرەڕای ئەم تایبەتمەندیە بەرجەستانەت گوێت بەبچوکترین شتی هاوڕێیان و ئەو کەسانەی چاکەی تۆیان دەوێت نەداوە.

موسا لێی پرسی: لەچ ڕوییەکەوە دەڵێت گوێم بە هاوڕێ و خێرخوازانی خۆم نەداوە؟

فیرعەون وتی: چونکە دوای ئەوەی گەڕایتەوە بۆ پایتەختی میسر لەباتی ئەوەی بێیت بۆ کۆشکی فەرمانڕەوایی ڕۆشتی لەماڵی"نف"تەلارسازدا نیشتەجێ بویت.

موسا پرسی: ئەم بابەتە چ پەیوەندیەکی بەگوێنەدان بەهاوڕێیان و خێرخوازانمەوە هەیە.

فیرعەون وتی: لەڕستیدا هۆکارەکەی ئەوەیە، چونکە تۆ خۆنەویستانە هۆکاری لەناوبردنی"نف"ی تەلارسازت فەراهەم کردووە. ئەم کارەی ئەو دەبێتە هۆی لەناوبردنی.

موسا بەنیگەرانیەکەوە لێی پرسی: بەواتا تۆ دەتەوێت"نف"تەلارساز بکوژیت؟

فیرعەون وتی: من نەموتووە دەبێت لەناو ببرێت، بەڵام ئەم کارە زیانێکی زۆر بەژیانی دەگەیەنێت، ئێستاش پرسیارێك لەم نێوەندەدا سەر دەردەهێنێت، ئەو پرسیارەش ئەوەیە تۆ دەڵێیت من بێهودە لەتۆ دەترسم، ئەگەر بەڕاستی تۆ مەبەستێکی خراپت لەبەرامبەر مندا نیە، بۆچی لەکۆشکەکەی مندا نەخەوتیت. ئەم ڕەفتارەت جگە لەمەبەستێکی خراپ لەبەرامبەر مندا هیچ واتایەکی تر لەخۆ دەگرێت؟ تۆ دەبێت بزانی ئەو کەسانەی کە دەبنە دۆستی دوژمنەکانی فیرعەون، خودی ئەو کەسەش بەدوژمنی فیرعەون لەقەڵەم دەدرێت، چونکە ئەو کەسەی

PDF 4 KURD

فیرعەون لێی دەترسێت بێ ئەملاولا بڕیاری مەرگی بەسەردا دراوە بۆئەوەی لەدوای مردنی هیچ گومان و ترسێك ختوكەی نەدات، هەركەسێكیش بەرگری لەدوژمنی فیرعەون بكات، بەهەمان شێوە ئەویش مەرگی بۆ خۆی مسۆگەر كردووە.

موسا وتی: بەهیچ شێوەیەك بیرم لەم بابەتە نەكردووەتەوە.

فیرعەون وتی: ئەی موسا تۆ چۆن دەستی هاوكاری لە"نف"ی تەلارساز بەرزدەكەیتەوە و بەهیچ شێوەیەك دەستی لێبوردەیی بۆ من درێژناكەیت و داوای هیچم لێناكەیت. تۆ داوای هیچ شتێك لەفیرعەون، لەمن كە فیرعەونم ناكەیت، بەڵام داوای هەموو شتێك لەتەلارسازێك دەكەیت؟ بۆچی؟

موسا وتی: لەبەرئەوەی"نف"ی تەلارساز فیرعەون نیە، خانەخوێیی و میوانداری ئەوم پەسەند كرد.

فیرعەون وتی: ئەی كوڕی لاو تۆ تایبەتمەندگەلێكی بەرجەستەت هەیە كە لەهیچ كەسێكی تر ناچێت، ڕەفتارێكی مەزن بەڵام گوتارێكی منداڵانەت هەیە و نازانی دەستەڵات و هێزی فیرعەون تا چ ئاستێكە، تۆ باشتر وابوو بتزانیایە فیرعەون بەیەك دەست ڕاوەشاندن دەتوانێت هەركەسێك كە تۆ بتەوێت تەختی زەوی بكات، تەواوی مرۆڤەكان لەبەرچاوی فیرعەوندا جگە لەگەردێك هیچی تر نین! فیرعەون بەیەك ڕۆژ دەتوانێت هەزاران كەست بۆ لەناو ببات بێ ئەوەی كەسێك بتوانێت لەبەرامبەریدا وشەیەك بهێنێتە گۆ. ئەی موسا تۆ نازانی دەستەڵات تا چ ڕادەیەك چێژ بەخشە، تۆ تامی كوشتنی كەسانی ترت نەكردووە، فیرعەون وەك خوداكان بەهێزە. تەماشاكە هەرئێستا بەشێك لەدەستەڵاتەم پیشانی تۆ دەدەم، بۆئەوەی بزانی فیرعەون تا چ ڕادەیەك تواناى هەیە.

دوای ئەوە فیرعەون چەپڵەیەكی لێدا كە لەسەرتاسەری كۆشكدا دەنگی دایەوە، دوای ئەوە فەرمانی دا: هەمووتان بڕۆنە دەرەوە. لەچاو تروكانێكدا بێ لەفیرعەون و موسا هیچ كەسێك لەتەلاری فیرعەوندا نەمایەوە.

فیرعەون بە"موسا"ی وت: بینیت فەرمانەكانم بەچ خێراییەك جێبەجێ كران. بگرە باڵوێزی وڵاتانی تریش بەهەمان شێوەی ئەمانە فەرمانەكانی منیان جێبەجێ كردووە چونكە دەیانزانی ئەگەر لەكاتی خۆیدا فەرمانەكانم جێبەجێ نەكەن

PDF 4 KURD

بەتوندی لێیان توڕە دەبم. ئێستا تۆش هیچ کاتێک ئەوە لەیاد نەکەیت، هەر فەرمانێك دەربکەم بەو خێراییە بێ ئەملاولا جێبەجێ دەکرێت، بۆنمونە فەرمان بدەم هەموو میسریەکان وڵاتی میسر بەجێ بهێڵن، لەم کاتەدا هیچ کەسێك دوای ئەو فەرمانە ناتوانێت لەمیسردا بمێنێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی پێویستم پێیانە ئەم فەرمانەیان بۆ دەرناکەم. تۆ لەگوتەکانتدا باسی خێڵی"کوش"ت کرد، بەڵام من دەیان خێڵی تری وەك وڵاتی"کوش" گەر لەناو بچن لەبەرچاوی مندا وەك پوشێك وایە، مانەوەی من گرنگە نەك خەڵکی. ئەگەر بەرژەوەندی مانەوە و بونایەتی و پلەوپایەم وا بخوازێت، هەموو بەربەست و خێڵ و نەتەوەیەك لەگەورەوە تا بچوکیان ڕەوانەی مەرگ-وڵاتی خۆرئاوا-دەکەم. لەهەمان کاتدا ئاگاداری ئەوەم تۆ هەوڵی لەناوبردنم دەدەیت، بەڵام لەبەرئەوەی توانای ئەنجامدانی ئەو کارەت نیە دەستەپاچە بویت.

موسا وتی: وەك پێشتر وتم فیرعەون بەهەڵە لەمن تێگەشتووە.

بێدەنگیەکی تارادەیەك درێژخایەن باڵی بەسەر ئەو دوانەدا کێشا، بەڵام ئەمجاریان موسا ڕۆچووە هزری خۆیەوە و گوتارەکانی فیرعەونی لەدەرونیدا لێکدایەوە و لایەنگری گوتەکانی فیرعەونی کرد و زانی کە دەستەڵاتێکی تەواوی هەیە، لەڕوی لێبوردەییشەوە فیرعەون ڕاستدەکات، چونکە زۆر بەئاسانی دەیتوانی فەرمانی لەناوبردنی بدات، بێئەوەی هیچ کەسێك بتوانێت ناڕەزایی خۆی لەبەرامبەر ئەم فەرمانەدا دەرببڕێت. دوای ئەوە پەیی بەو ڕاستیەش برد کە فیرعەون هەوڵی لەناوبردنی نادات، بگرە هەڕەشە و هیچ زیانێکیشی پێنەگەیاندووە، بەڵکو تەنها هەڕەشەی لێکردبوو. هەروەها نەیدەتوانی لەوە تێبگات فیرعەون بەم ڕەفتارانەی نواندی مەبەستی چی بووە.

فیرعەون بیروهزری موسای ئاوێتەی گوتەکانی خۆی کرد و لێی پرسی: لەکاتی گیانەڵانی فەرماندەی هێزی نێردراو"ستی کف"دا ئامادە بویت؟

موسا وتی: بەڵێ ئەی فیرعەون.

فیرعەون وتی: بۆیان گێڕامەوە کە مەرگی"ستی کف"لەنەخۆشیەوە سەرچاوەی گرتووە، نەك ئەوەی لەجەنگدا بریندار بوبێت و دواجار مردبێت.

PDF 4 KURD

موسا وەڵامی دایەوە: وایە.

فیرعەون لێی پرسی: لەکاتی گیانەڵانیدا چ بارودۆخێکی هەبوو؟

موسا وتی: وەك ئەوانەی کە گیانیان داوە، وەك ئەوانەی کە دەمرن.

فیرعەون لێی پرسی: ئایا"ستی کف" لەمەرگ دەترسا؟

موسا وەڵامی دایەوە: بەهیچ شێوەیەك لەمەرگ نەدەترسا، بەڵام لەڕووداوەکانی دوای مەرگی دەترسا.

فیرعەون وتی: لەمەبەستت تێناگەم.

موسا وتی: "ستی کف"خەمی بۆ ئەوە دەخوارد کە بۆچی ئەم مەرگەی لەبرینی جەنگەوە سەرچاوەی نەگرت و لەباتی ئەوەی لەگۆڕەپانی جەنگدا بەکوشت بدرێت بۆچی لەجێگە خەوەکەیدا گیان لەدەست دەدات.

فیرعەون وتی: ئەم گوتەیە هەموو سەربازێکی ئازا و دلێر دەگرێتەوە، ئەوان نایانەوێت لەجێگە خەوەکانیاندا گیان لەدەست بدەن، بۆیە بەباشی دەزانن لەگۆڕەپانی جەنگدا کۆچی دوایی بکەن.

موسا وتی: هەموو خەمێکی"ستی کف"ئەوەبوو کە لەخوداکانی میسر دور بوو، ئەویش لەبەرئەوەی ناتوانێت لەنزیکەوە داوای پارێزگاریان لێبکات.

فیرعەون وتی: زۆر سەیرم لەم گوتەیەت دێت، چونکە"ستی کف"زۆرباش دەناسم لەبەرئەوەی زۆر باوەڕی بەخوداکان نەبوو، بگرە زۆر بەباشیش خوداکانی میسری لەبەرنەبوو، بۆیە سەرم لەم گوتانەت سوڕ دەمێنێ کە بەچ شێوەیەك پیاوێك کە بیروباوەڕێکی ئاوای هەبێت شتی وای هێنابێتە زمان.

موسا وتی: لەبەرئەوەی بیروباوەڕی مرۆڤ لەکاتی مەرگ و ژیانی ئاساییدا زۆر جیاوازە و گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لەوانەیە بەهۆی خوو و بینینی کەسانی تر و گوتەکانیانەوە ئەویش خۆنەویستانە باسی خوداکان بکات، لەکاتێکدا بەهیچ شێوەیەك باوەڕی پێیان نەبووە. هەڵبەت زیاتر سەیرم لەوکەسانە دێت کە دەجەنگێن، چونکە جەنگ بیروباوەڕی مرۆڤ سست دەکات.

فیرعەون وتی: لەوانەیە شتی وا ڕوبدات.

PDF 4 KURD

دوای ئەوەی بابەتی گفتوگۆکەی گۆڕی و وتی: ئەی موسا لەکاتی لێدوانەکانتدا وتت، هەوڵی لەناوبردنی منت نەداوە وایە؟

موسا وتی: بەڵێ وایە ئەی فیرعەون.

فیرعەون وتی: زۆر حەز دەکەم باوەڕ بەگوتەکانت بکەم.

موسا وتی: ئەوەی لەدڵمدایە پێم ڕاگەیاندی. بگرە بەهیچ شێوەیەك بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە هەوڵی لەناوبردنت بدەم.

فیرعەون ئەوکاتانەی موسا قسەی بۆ دەکرد تەماشای چاوانی دەکرد بۆئەوەی بزانێت ئایا موسا ڕاست دەکات یان نە. سەرئەنجام وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، منیش بێهودە بیر لەم بابەتە پڕوپوچانە دەکەمەوە کە تۆ هەوڵی لەناوبردنم دەدەیت. ئێستا دەتوانی بڕۆیت و سامانەکەی خۆت لەبەرپرسی دارایی وەرگریتەوە. موسا دوای وەرگرتنی سامانەکەی لەگەڵ"نون"دا لەپایتەختدا نیشتەجێ بون، بەڵام بەشێوەیەکی تازە و جیاواز. ئەو وەستاکانی کەشتی ڕاسپارت کەشتیەکی بۆ دروست بکەن کە بێ لەچێشت خانە، حەمام و ژوری خەوتن و هەموو خۆشگوزەرانی و پێداویستیەکی تری تێدا بێت، سەرەڕای ئەمانەش شێوازی لێخوڕینی کەشتیەکەش بەشێوەیەك دروست بکەن کە هەم یەك کەس و هەموو دوو کەسیش وەك کەشتیەوانێك پێکەوە بتوانن لێی بخوڕن. "نون و موسا"کەشتیەکەیان وەك ماڵێکی گەڕۆك بۆ خۆیان دەستنیشان کرد و لەسەر ڕوباری نیل گەشتیان بۆ هەموو شوێنێك دەکرد، هەڵبەت گەشتەکانیان سنورداربوو، چونکە پیاوانی فیرعەون بەبەردەوامی چاودێری گەشتەکانی موسایان دەکرد.

موسا جارێکیان کەشتیەکەی بەرەو باکور لێخوڕی، ویستی بڕوات بۆ نیشتمانی دایکی"کوش"، بەڵام "نون" لەوە ئاگاداری کردەوە کە"گەمی"یەك دوایان کەوتووە و چاودێریان دەکات. بۆیە ئاڕاستەی گەشتەی گۆڕی و ڕێگای باشوری گرتەبەر و خۆی لەشوێنێکدا بینیەوە کە"نف"ی تەلارسازی سەرقاڵی دروست کردنی پەرستگایەکی مەزنە، لەڕاستیدا لەبەرئەوەی پەرستگاکەیان لەناو بەردێکدا هەڵدەکۆڵی بۆیە بەهیچ شێوەیەك سودیان لەکەرەستەی دروستکردنی تەلار

PDF 4 KURD

وەرنەدەگرت. چونکە پەرستگا لەناو جەرگەی بەردێکدا دروست دەکرا. موسا بینی بڕێکی زۆری بەرد هەڵکۆڵەکان سەرقاڵی هەڵکۆڵینی ئەو پەرستگایە بون، ئەو نمونەیەکی بچوکی پیشانی"نون"دا و وتی: پەرستگا سەرەکیەکە لەسەر ئەم نمونەیە دروست دەکەن.

"نون"یش بەبینینی ئەو نمونەیەی کە درێژیەکەی سێ مەتر دەبوو زۆر سەری سوڕما و وتی: ئایا بەڕاستی ئەو پەرستگا سێ مەتریە تەنها نمونەیەکە؟

موسا وتی: بەڵێ، ئەوە نمونەیەکە دەبێت پەرستگا ڕاستەقینەکە بەپێی ئەم نمونەیە دروست بکرێت و ئێستا بۆئەوەی بەتەواوی دڵنیا بیت دەڕۆم و لەسەرپەرشتی بەردهەڵکۆڵەکان دەپرسم.

بەرپرسی بەردهەڵکۆڵەکان ناوی"شپ تت" بوو و موسا خۆی کرد بەهاوڕێی و ئەویش بەم شێوەیە بۆی ڕونکردەوە: من دەبێت نەخشەی ئەو یازدە پەرستگایەی کە فیرعەون پێی ڕاسپاردوم بۆ فیرعەون دروست بکەم. ئەم یانزە پەرستگایەش دەبێت لەبەردێك هەڵکۆڵم.

موسا بەتەماشاکردنی ئەو یانزە نمونەیە تەنها یانزەهەمینیانی پەسەند کرد و وتی: تەنها باسی نمونەی یازدەهەمینیانم بۆ بکە کە فیرعەون پەرستگایەکی لەڕێی"نف"تەلارسازەوە دروستکرد کە تا ئێستاش ئەو پەرستگایە پایەدارە و ناوی"پەرستگای ئەبو سمبل٣٢"ە.

"شب تت" بە"موسا"ی وت: فیرعەون دە نمونەی یەکەمی پەسەند نەکرد، بەڵام ئەوە نمونەی یانزەیەمە کاری لەسەر دەکەین و لەحاڵی هەڵکۆڵینیداین. چوار پەیکەری فیرعەون لەهەردوو لای پەرستگاکەدا دروست دەکرێت کە بەرزی هەر پەیکەرێکیان بەلایەنی کەم بیست و یەك"زرع"دەبێت، هەریەك لەو پەیکەرانە ڕویان لەڕۆژهەڵات کردووە بۆئەوەی ڕوناکی خۆری بەرەبەیان لێیان بدات.

[32] ئەو پەرستگایە لەساڵی ١٩٦٠ بەهۆی هەڵچونی ڕوباری نیلەوە نوقم دەبێت و بۆماوەی حەوت ساڵ لەناو ئاودا دەمێنێتەوە، تا ئەوکاتەی بەهاوکاری"یونیسکو" بەبڕی سی و چەند ملیۆن دۆلارێك ئەو پەرستگایەیان لەژێر ئاودا دەرهێنرا و لەشوێنێکی بەرزدا جێگیر دەکرێت.

PDF 4 KURD

"شب تت" سەرپەشتیاری تەلارسازانی پەرستگا ئەبو سمیل۳۳ دەکات، بالأیەکی کورت و جوانی هەیە و"نف"ی تەلارساز ئەوی بەموسا ناساند و بەم شێوەیە بۆی ڕونکردەوە: لەئێستادا ئێمە لەم ناوچەیەدا سەرقاڵی هەڵکۆڵین و دروست کردنی مەزنترین پەرستگاین لەجیهاندا، هیچ تەلارێك لەڕوی قەبارە و مەزنیەوە بەئەندازەی ئەو نابێت، هەڵبەت تەنها"قوچەکیەکان"ی میسر لەم تەلارە مەزنترە کە لەبنیات نانیدا سودێکی زۆری لە بەردەی گەورە و بچوك وەرگرتووە، ئەو بەردانەی لەگەڵ قسڵدا بەتەواوی یەکیان گرتووە و ئاوێتەی یەکتری بون. لەکاتێك لەم تەلارەدا هیچ قسڵێك بەکار نەهێنراوە و نایەت. ئەمە تەلارێکە کە لەبەردێکی یەك پارچە دروست دەکرێت.

"نف"ی تەلارساز بەموسای وت: ئەم تەلارە بەهەوڵ و پشتیوانی"شب تت"دروست دەکرێت چونکە وشیاری و وردبینیەکی زۆر لەکارەکانیدا دەخاتە گەڕ.

"شپ تت" وتی: سەرەڕای ئەوەی"نف"ی تەلارساز ڕێزێکی زۆرم لێدەگرێت، بەلأم من تەنها ئەرکی خۆم جێبەجێ دەکەم. ئەو زیاد لەوەی شایستەمە ستایشم دەکات، هەڵبەت بەشێوەیەك کە خەریکە خۆشم دەگەمە ئەو باوەڕەی بەڕاستی کارێکی زۆر گرنگ ئەنجام دەدەم. لەکاتێکدا کارێکی زۆر سادە و ساکارم ئەنجام داوە. منیش وەکوو ئەو کرێکارانەی ئەرکی ڕۆژانەی خۆیان ئەنجام دەدەن کارەکانم بەڕێوە دەبەم. ئەگەر دەتەوێت بەڕاستی چاوت بە خاوەن و سەرپەرشتیار و بنیاتنەری ئەم پەرستگایە بکەوێت ئەوا دەبێت تەماشایەکی وەستاکەم بەواتا"نف"ی تەلارساز بکەیت کە بەلێبوردەییەوە ئەرك و هونەر و زانستەکانی خۆی دەخاتە بەردەستم. ئەوە"نف"ی تەلارسازە کە نەخشە و پلانی دروستکردنی ئەم پەرستگایەی کێشاوە و بوەتە هۆی ئەوەی ئێمە بەخەیاڵێکی ئاسودەوە بەرنامەی کارەکانمان بەرەوپێشوەی ببەین. من هیچ شتێك لەبارەی زانست و ئەندازیاری و ژمێریاری"نف"ی تەلارساز نازانم.

"نف"ی تەلارساز وتی: ئەی موسا بێ لەپێناسەی ئەم کابرایە، پاڵنەری سەرەکی دروست کردنی ئەم تەلارە خودی فیرعەون بوو، ئەوە داوا و خواستی فیرعەونە کە

---

[33] لەم سەردەمەدا ئەو پەرستگایە بەو ناوە بانگ دەکرێت.

PDF 4 KURD

وای لێکردووین ئەزمون و کارەکانمان کۆبکەینەوە بۆئەوەی ئەم تەلارەی پێ دروست بکەین.

موسا وتی: ئەم گوتەیەت لەلایەکەوە ڕاستە، بەواتا تا ئەوکاتەی کەسێك خوازیاری شتێك نەبێت هیچ کارێك ئەنجام نادرێت و هونەری کەسانی تر لەمبوارەدا بەوشێوەیە کۆ ناکرێتەوە بۆئەوەی خواستێکی ئاوا بهێنرێتە جێ.

"نف"ی تەلارساز وتی: فیرعەون بۆ بنیاتنانی هەر تەلار و پەرستگایەك ماوەیەك دیاری دەکات و دەبێت کارەکەی لەو ماوە دیاری کراوەدا تەواو بکرێت. بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتەشەوە تەلارساز مەرگی بۆخۆی مسۆگەر کردووە. هەرلەبەرئەوەشە هەوڵدەدەین ئەو تەلارانەی فیرعەون پێمان ڕادەسپێرێت لەکاتی خۆیدا تەواوی بکەین. لەکاتێکدا لەڕابردودا کاری دروستکردنی تەلارێك لەوانەبوو چەند دەیەیێك بخایەنێت.

موسا پرسی: بەلەبەرچاوگرتنی ئەم هەڕشەیەی فیرعەون، ماوەی چەنێکی بۆ تەواوکردنی ئەم تەلار دیاری کردووە؟

"نف"ی تەلارساز وەڵامی دایەوە: هەڵبەت فیرعەون داوای لەمن دەکرد ماوەی تەواو کردنی تەلارەکانی بۆ دیاری بکەم، منیش دەبوو پێم بوتایە لەماوەی چەنێکدا دەتوانم پەرستگاکەی بۆ تەواو بکەم، بەڵام پێم وت تەنها شتێك کە لەدروستکردنی ئەم پەرستگایەدا دەستەپاچەم دەکات ماوەی تەواوکردن و دروستکردنیەتی.

فیرعەون وتی: تۆ لەوەوپێشتریش چەند تەلارێکی ترت بۆ دروست کردوم و ماوەیەکی دیاریکراویشت بۆ تەواوکردنیان دەستنیشان کردبوو، ئەی ئێستا بۆچی لەدیاری کردنی ماوەی تەواوکردنیدا دەستەپاچە بویت؟

"نف"ی تەلارساز وتی: منیش بۆ فیرعەونم ڕونکردەوە کە ئەو تالارانەی بەکەرەستەی قسڵ و قوڕ و خشت دروستم دەکردن زۆر جیاوازە لەو تەلارانەی کە لەبەردێك دەبێت هەڵیانکۆڵم، شێوازی بەکارهێنانی ئەم کەرستانە و ماوەی ئامادەکردنیانم لێکدەدایەوە ئەوکات دەگەشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە لەماوەی چەنێکدا دەتوانم ئەو تەلارە تەواو بکەم، بەڵام لەبارەی هەڵکۆڵینی کۆشك و

PDF 4 KURD

تــەلارێکی ئــاوا لەبــەردێکی مــەزن کــە لەدیــدی تەلارســازیەوە زۆر جیــاوازە لەشێوازەکەی تریان بۆیە ناتوانم ماوەی تەواوکردن و دروست کردنی دەستنیشان بکەم. بەڵام فیرعەون بەم ڕونکردنەوەیەم ڕازی نەبوو، بۆیە داوای لە"شپ تت"ی تەلارسازی کرد ماوەیەك بۆ تەواوکردنی ئەم پەرستگایە دەستنیشان بکات. "شپ تت"یش شارەزابوو و دەیزانی کە ناتوانێت کاتێکی بۆ دیاری بکات، لەهەمان کاتدا دەبوو فیرعەونی بەشێوەیەك لەشێوەکان ڕازی بکردایە بۆیە بەم شێوەیە بۆی ڕونکردەوە: کاتی تەواوکردنی ئەم پەرستگایە بە مردن و ژیانی کرێکاران بەهۆی گــەرمی و نالــەباری ئــاو و هــەواو و ســەختی کــارەوە پەیوەســت دەکرێــت، هەرلەبەرئەوەش کاتەکەی نادیارە، مەگەر ئەوەی خولێکی فێرکاری هەڵکۆڵین بۆ کرێکارەکانمان بکەینەوە بۆئەوەی لەهیچ کاتێکدا لەڕوی هێزی کارەوە کەم نەهێنین و هەمیشە کرێکاری یەدەکمان هەبێت بۆئــەوەی کاتێك کرێکارێکمــان گیــانی لەدەســتدا یــەکێکی تــر جێگــای بگرێتــەوە بۆئــەوەی هەلومەرجــەکان هەمیــشە بەخواســتی ئێمــە بێت. بۆئەوەی بزانین کارەکانمــان تــا چ ئاســتێك پێــشکەوتون، هەرلەبەرئەوەش بەوشێوەی لێکمداوەتەوە ئەو ماوەیە دەبێت سێ ساڵ بێت.

موسا پرسی: ئایا سەرئەنجام تێڕوانینەکانی"شپ تت"ی پەسەند کرد؟

"نف"ی تەلارساز وتی: فیرعەون هەمیشە تێڕوانین و پێشنیاری تەلارسازانی بەئەزمون پەسەند دەکات.

"نون"پرسی: ئامانجی فیرعەون لەدروست کردنی پەرستگایەکی ئاوادا چیە؟

"نف"ی تەلارساز وتی: فیرعەون ئەم پەرستگایە بۆ ئەوە دورست دەکات کە خەڵکانی سەرتاسەری ئەم جیهانە دوای هەزاران ساڵی تر کاتێك لێرەوە تێدەپەڕن پەرستگا و پەیکەری چوارینە کە بەرزاییەکانیان بیست مەتر دەبێت ببینن و لەسەرســـوڕماندا واقیـــان وڕ بمـــێنێ و لەبەرخۆیانـــەوە بڵـــێن ئـــەوە فیرعەونی"ئامون"پەرست بووە کە ئەم تەلارەی دروست کردووە.

"نون"دوبارە لێی پرسی: ئایا بۆی هەیە ئەم پەرستگایە تێك و لەناو بچێت؟

"نف"ی تەلارساز وتی: هەرگیز لەناو ناچێت. ئەم جۆرە تەلارانە هیچ شتێك بگرە لافاو و بومەلەرزە و هۆکارەکانی تر ناتوانێت وێرانیان بکات. تەنها لەوانەیە

PDF 4 KURD

بەهۆی بومەلەرزەیەکی زۆر بەهێزەوە ترز بکەوێتە نێو دیوارەکانیەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك وێران نابێت. هەڕەشەیەکی تر کە لەوانەیە هەڕەشەی وێرانکردنی ئەم پەرستگایەدا بکات دروست کردنی چەند بەرەبەستێکی بەرزە لەڕوباری نیلدا کە لەوانەیە بەهۆی پەنگ خواردن و زۆربونی ڕوبارەوەکەوە ئەم پەرستگایە لەناو ئاودا نوقم بکات، سەرەڕای ئەوەش ئەم پەرستگایە لەژێر ئاویشدا وەك خۆی دەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر ئەم پەنگ خواردن و بەرزبون و کەمبونەوەی ئاوی ڕوبار ساڵ لەدوای سواڵ بەردەوام بێت و درێژە بکێشێت ئەوا قوڕ و لیتە دادەپۆشێت و نەوەکانی داهاتوو لەبینینی ئەم هونەرە دیرنەیە بێبەش دەبن.

موسا دوای ماوەیەك گەڕانەوەی لەم گەشتەی نەخۆش کەوت و پزیشکێك لەپزیشکەکانی "ماڵی ژیان"پشکنینی بۆ کرد و هۆکاری نەخۆشیەکەی گەڕاندەوە بۆ ئاوسانی جگەری و وتی: دەبێت هەمیشە شوێنی دانیشتنەکەی بەپاکی ڕابگیرێت و سرکەی شیرین بخواتەوە بۆئەوەی جەستەی لەهەموو ئالودەییەك پاك ببێتەوە، هەڵبەت تۆ نابێت بترسیت لەوەی دوای چەند ڕۆژێکی تر توشی"زەردۆیی"دەبیت، تا ئەو کاتەی چاك دەبیتەوە دوچاری ئازار و ناخۆشیەکانی زەردۆیی دەبیت، نەمانی زردبونی ڕوخساریشت هێمای چاك بونەوەتە.

"نون"نۆکەر لێی پرسی: بۆچی ڕوخساری زەرد وەردەگەڕێت؟

پزیشکی "ماڵی ژیان"یش بەم شێوەیە بۆی ڕونکردەوە: هۆکاری زەردبونی ڕوخسار دەگەڕێتەوە بۆ ئاوسانی جگەری. دەبێت زەردئاو لەڕێی جگەرەوە تێکەڵی خوێن ببێت و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی زەرد هەڵگەڕانی ڕوخسار، تا ئەوکاتەی ورده ورده جەستە دەگەڕێتەوە باری سروشتی خۆی. پێشبینی کابرای پزیشکی"ماڵی ژیان" ڕاست دەرچوو و"موسا"ش ناچاربوو لەپایتەختدا ماڵێك بۆ خۆی بکرێت و تێیدا حەوایەوە، بەڵام نەیدەتوانی بجوڵێتەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لاوازتر دەبوو. "نون"ی نۆکەری وەك پەرستیارێك بەدڵسۆزیەوە چاودێری لێ

PDF 4 KURD

دەکرد و ڕاسپاردەکانی پزیشکی بەجوانی جێبەجێ دەکرد. موسا لاواز بوو و ئەم لاوازیەی گەشتە ڕادەیەك کە کێشی زۆر کەم بکات و ببێتە مایەی تۆقانی خودی"موسا" تا ئەوەی ڕۆژێکیان لەئاوێنەدا تەماشای خۆی کرد و هیچ زەردیەکی لەڕوخساریدا بەدی نەکرد، تامەزرۆیی خواردنیشی زیادی کرد و ئەوەندە نانی خوارد کە ئەمجاریان زۆری خواردنی بو بەهۆی قەڵەو بونی. "نون"بێ لەدروستکردنی هەندێك خواردنی سادە، زۆر شارەزای دروستکردنی خواردن نەبوو، تا ئەوکاتەی ڕۆژێکیان یەکێك لەچێشتلێنەرەکان بەوەرگرتنی ئەنگوستیلەیەك زێڕ"نون"ی فێری چێشتلێنان کرد و"نون"ئەو جۆرە خواردنانەی وەستاکەی فێری کردبوو، بۆ"موسا"ی لێنا و "موسا"ش زۆر حەزی لێکرد، بۆیە ڕۆشت بۆ لای"نون" و ماچێکی کرد. لەم کاتەدا لەمیسردا ئاهەنگێکی مەزن بەرپا بوو. یادەش جەژنی بەرەکەت و زۆری بەروبومە کە هەموو ساڵێك بۆ ئەو مەبەستە بەرپایان دەکرد تا بەروبومی کشتوکاڵیان ساڵ لەدوای ساڵ زیاتر بێت. لەم جۆرە ئاهەنگانەدا بەلایەنی کەم هەموو چینێك یەکسان دەردەکەوتن و هیچ جیاوازیەك لەنێوان هەژار و دەوڵەمەنددا دەرنەدەکەوت. ئاهەنگی زۆری بەروبوم لەنیوەڕۆوە بەبەشداربونی هەموو خەڵکی، هەر لەخاوەنکار و دەوڵەمەند و نۆکەر و کەنیز و کەسانی ئاسایی ئەنجام دەدرا، خەڵکی لەماڵەکانیان دەهاتنە دەرەوە، دایکانیش منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا، هەندێکیشیان دەمامکیان لەڕوخساریان دەنا. ئەم دەمامکەش لەکاغەز"پاپیرۆس" دروست دەکرا، ئەو دەمامکانە لەشێوەی گیانەوەری جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگ دروست دەکران و دوای خواردن و خواردنەوە ئەو دەمامکەیان لەڕوخسار دەکرد. لەمکاتەدا دیمەنی ئەو ئاهەنگە زۆر جوان دەبوو، هەرکەسێك ئەم دیمەنەی ببینیایە بەسەرسوڕمانەوە بەدەنگێکی بەرز پێدەکەنی. چونکە هەموو دەمامکێك لەشێوەی گیانەوەرێکی تایبەتدا دروست دەکرا. لەمکاتەدا هیچ کەسێك نەیدەتوانی بزانێت چ کەسێك و ڕوخسارێك لەپشت ئەم دەمامکەوەیە، ئایا کەسێکی هەژارە یان دەوڵەمەند کۆیلەیە یان کەنیزەك،

PDF 4 KURD

خاوەنکارە یان کەسێك کە خاوەنی پلەوپایەیەکی بەرزە. خەڵکی بەدەم گۆرانی وتنەوە ڕێگای پەرستگایان دەگرتەبەر، بەڵام لەبەرئەوەی جێی ئەو هەموو خەڵکە لەو پەرستگایەدا نەدەبویەوە هەر ئەوکاتەی پەرستگا پڕ دەبوو لەخەڵکی، چیتر دوای ئەوە ڕێیان نەدەدا هیچ کەسێکی تر بڕواتە ژورەوە. خەڵکی دەستیان بەسرود خوێند دەکرد. سرودێك کە هەموو میسریەك لەبەری بوو. "موسا" و "نون"پەیوەندیان بەکوڕ و ئاهەنگ و خەڵکیەوە کرد.

PDF 4 KURD

لەنیشتمانی دایکدا

دوای ئاهەنگی زیادبونی بەروبوم، موسا دوبارەی خانوەکەی خۆی فرۆشت و بەسەر ڕوباری نیلەوە کەشتیەکەی وەك شوێنی نیشتەجێ بونی خۆی هەڵبژاردەوە و دەستی کردەوە بەگەشتەکانی خۆی. هەندێجار سەردانی "نف"ی تەلارسازی دەکرد و تەماشای شێوازی هەڵکۆڵنی بەردەکانیانی دەکردن، هەندێجاریش لەبارەی خودا بینراو و نەبینراوەکان"ئامون و ئاتون"گفتوگۆی لەگەڵ "نف"تەلارسازدا دەکرد.

جارێکیان نون بەموسای وت: لەوانەیە ئەو شارەی تێیدا لەدایك بوم ببینم.

موسا وتی: ئەو شارەی تێیدا لەدایك بویت لەم دەوروبەرەدایە؟

"نون"وتی: لەوانەیە چاوم بەو شارە بکەوێت کە تێیدا لەدایك بوم.

موسا وتی: ئەو شارەی تێیدا لەدایك بویت لەم دەوروبەرەدایە؟

"نون"وتی: بەڵێ، بەڵام حەز ناکەم لەبیاباندا بژیم، چونکە تا ئەو ڕۆژەی لەبیرم بێت بەخۆشگوزەرانی ژیان بەسەر دەبەم و چیتر لەژیانی خێڵەکی و بیابان نشینی دور کەوتومەتەوە. تەنها سەرێکیان لێ دەدەم ئەگەر تۆش حەز بکەیت لەگەڵم بێیت چی لەوە باشترە، پێکەوە دەڕۆین بۆ ئەوێ، بەڵام زۆر لەوێ نامێنینەوە، چونکە ئێمە بەرگەی ژیانی ئەو ناوچەیە ناگرین. ئەوان وەك کۆیلەیەك دەژین، تۆش کە لەکۆشکی فەرمانڕواییدا گەورە بویت مەحاڵە بتوانی خۆت لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بگونجێنیت. لەبەرئەوەی تۆ بەهەرحاڵ وەك شازادەیەك وایت، بۆیە نابێت تێکەڵی کۆیلەکان ببیت و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، لەبەرئەوەی هەم میسریت و هەم شازادە.

PDF 4 KURD

موسا بێدەنگ گوێی لە"نون"دەگرت تا کۆتایی بەقسەکانی هێناو، دوای ئەوە وتی: ئێمە هەموومان مرۆڤین و مرۆڤیش نابێت ناسنامەی ڕەسنی مرۆڤایەتی خۆی لەیاد بکات، هەموومان یەکسانین، دوای ئەوە کەوتنە ڕێ تا گەشتنە دەوروبەری وڵاتی"کوش"

کاتێك"نون" موسای بەبێدەنگی بینی پێشنیاری ئەوەی لێکرد: ئەگەر حەز ناکەیت لەگەڵ مندا بێیت بۆ"کوش"دەگەڕێینەوە.

موسا لەسەر سەکۆی"گەمی"کەی ڕاوەستا و تەماشایەکی پێش و دواوەی خۆی کرد، کاتێك ڕووباری"نیل"ی بەچۆڵی بینی وتی: دەڕۆین بۆ کۆش.

"نون"زۆر سەری لەم گوتەیەی سوڕما، چونکە دەیزانی وڵاتی"کوش"پڕە لەسیخوری فیرعەون، کاتێکیش چاویان بەو بکەوێت یەکسەر هەواڵی هاتنی"موسا"بۆ وڵاتی"کوش"ی پێ ڕادەگەیەنن، هەرلەبەرئەوەش ئەم پرسیارەی لێدەکات: گەورەم ئەگەر بەهەڵەدا نەچویم وتت بەردەوامی بەکۆچەکەمان دەدەین؟

موسا وتی: بەڵێ بەهەڵەدا نەچویت، بەردەوامی بەگەشتەکەمان دەدەین.

نون وتی: لەوانەیە لە وڵاتی"کوش"دا هەڕەشەی کوشتنت لەسەر بێت.

موسا وتی: جلی سادەم لەبەرکردووە و هێمای شازادەیی و دیار کە دەبێتە هۆی ناسینەوەم پێوە نیە...

دوای ئەوە بە"نونی"وت: ڕۆشتن بۆ شوێنی زێدی دایك بەڕاستی مرۆڤ دەوروژێنێت، لەبەرئەوەش زۆر وروژاوم.

سەرەڕای ئەوەی جارێکیان سەردانی وڵاتی"کوش"ی کردبوو، بەڵام نەیدەزانی وڵاتی"کوش"شوێن زێدی دایکیەتی بۆیە هەستێکی تایبەتی لەبەرامبەر ئەو وڵاتەدا نەبوو، بەڵام ئەمجارەیان بەئاگاداربون لەوەی"کوش"نیشتمانی دایك و باوکیەتی و بەگوتەی"نون"خوشك و براکانیشی لەوێ دەژین، بەردەوام تەماشای ئەو ئاڕاستەیەی دەکرد کە وڵاتی "کوش"ی لێبوو. هەڵبەت "موسا"زانیاری ڕێگای"کوش"ی لەکاهینی مەزن"ئامون تپ"ەوە وەرگرتبوو، بەڵام ئێستا هەموو شتێك بەلایەوە نوێ دەردەکەوێت نیگاکانی وردبین و کونجکاوانەبوو.

PDF 4 KURD

"گەمی"ەکەی موسا لەشوێنێکدا لەنگەری گرت کە چیتر دەبوو لەگەمێکەیان دابەزینایە.

نون وتی: با لێرە پیادە بین.

هەردوکیان پێیان نایە وشکانیەوە، دوای ماوەیەك ڕێکردن زەویەکی لمینی بەیار لەژێر پێیاندا هەست پێدەکەن، چونکە چیتر هیچ جۆگەلە ئاوێك لەو ناوچەیەدا بەدی ناکرێت. لەوڵاتی"کوش"دا کشتوکاڵ بەهۆی کەمی ئاوەوە زۆر لاواز بوو و خەڵکی"کوش"زیاتر دەڕۆشتن بۆ پایتەخت و ناوچەکانی تر بۆئەوەی بەخۆڕایی کار بۆ فیرعەون بکەن.

موسا و"نون"چاویان بەدوو بزن کەوت کە ڕایان دەکرد و نون لێی پرسی: بزنیشیان هەیە، بەڵام بۆچی ئاژەڵداری ناکەن.

موسا وتی: لەبەرئەوەی لەلایەن پیاوەکانی فیرعەونەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت و تاڵانی دەکەن.

لەمکاتەدا دوو منداڵ کاتێك چاویان بە"موسا و نون"دەکەوێت هاوار دەکەن و هەڵهاتن.

نون وتی: مەگەر ئەم منداڵانە تائێستا مرۆڤیان نەبینیوە.

موسا وتی: لەوڵاتی میسر بینینی مسری نیشانەی شومیە و دەڵێن نەگبەتی لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن! ئەو دوانە تیر و کەوان و گۆچانێکیان پێ بوو. تیر و کەوان بەدەستی"نون"ەوە بوو و گۆچانەکەش بەدەستی موساوە بوو. دوای ماوەیەك ڕێکردن ئاوایی خەڵکی کوش دەرکەوت و ژنێك بەلاسەری بیرەئاوێکەوە لەحاڵی هەڵکێشانی ئاودا بوو، بەڵام کاتێك چاوی بەو دوانە کەوت لەترساندا سەتڵەکەی بەردایەوە ناو بیرەئاوەکە و هەڵهات.

"نون"بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد: سارەأسارە لەچی دەترسی من میسری نیم، من باش تۆ دەناسم لەبەرئەوە ڕامەکە. من کوڕی"ئفلایم"م و تۆ کچی"چید"ی دایکت چۆنە؟

ژن وتی: کوڕی ئفالا ناوی"نون"ە و بەکۆیلایەتی بردیان بۆ میسر و بیستم کە کوشتویانە.

PDF 4 KURD

"نـون"وتـی: تـۆ کورەکـەی"ئەفـالا"دەناسـی ڕاوەسـتە بۆئـەوەی پێـت بڵـێم و هێمایەکت پێ نیشان بدەم تا بزانی درۆت لەگەڵدا ناکەم.

ژن وتـی: کـوڕی"ئەفـالا"جلـی میـسری لەبـەرناکات لەبەرئـەوەی زۆر ڕقـی لەمیسریەکانە.

دوای ئـەوەی ژن لێـی پرسـی: ئـەی ئـەو پیـاوە کێیـە کـە گۆچـانێکی درێـژی بەدەستەوەیە؟

نون وتـی: ئـەو پیـاوە خاوەنەکەمـە و منـی هێنـاوە بـۆ ئێـرە تـا چاوم بەکـەس و کارەکەم بکەوێت.

ژن وتـی: ئێوەی میـسری بـاش دەزانـن کـە ئێمـە هـیچ شـتێکمان نیـە پێشکەشی ئێوەی بکـەین، بگـرە نانیـشمان بـۆ خـواردن نیـە، ئەگـەر بـۆ زێـڕ و زیـویش هـاتون بگەڕێنـەوە بـۆ ئـەو شـوێنەی لێـی هـاتون. لـەم نێوەنـدەدا ژنـان و منداڵـەکان لەماڵـەکانیان هاتنـە دەرەوە و لـەو دەوروبـەرەدا تەماشـای ئـەو دوانـەیان دەکـرد. پیاوێکی بەتەمەنیش بەپەلە لەماڵ هاتە دەرەوە و خۆی گەیاندە لای"نون" و موسا. ئەو پیاوە ڕیشێکی درێژی هەبوو، موسا سەری لەو ڕیشە درێژەی سورما و لـەوەش سـەیرتر بینـی ئـەو پیـاوە تەندروسـتە، چـونکە لـەوڵاتی"کـوش"دا تـەنها پیـاوانی نەخۆش و لەکارکەوتوو بەزیندویی دەمێنن. بەواتا دوای بەدیلکردن و کۆیلایـەتی، ئەگەر تەندروست بن ناگەڕێنەوە، بەڵام دوای لەدەستدانی ئەندامێکی جەستەی یان بەهۆی نەخۆشیەوە دەگەڕانەوە بۆ"کوش"، بەڵام ئەم پیاوە نە کەمئەندام بوو و نە نەخۆش، کاتێکیش لە"نون"نزیک بویەوە. بەڵام بینـایی ئـەو پیاوە زۆر لاواز بوو، بۆیـە زۆر نزیـك بویـەوە و تەماشـای"نـون"ی کـرد و هـاواری کـرد: ئـەوە"نـون"ە! کـوڕی"ئەفـالا"خۆیـەتی، دایکـی"زیـلاف"کـچی"پاشـور"بـوو کـە دەیـوت لەنـەوەی"یعقوبـە"، بـەڵام مـن دەمـدەزانی لەنـەوەی"یـەعقوب"نیـە بـەڵکو لەنـەوەی"میـدیان"ە[34] بـەڵام لەبەرئـەوەی لەنـەوەی"کتـورە و ئیـبراهیم"ە کەواتـە لەخزمانی ئێمەیە و بەبەشێك لەنەوەی ئیسرائیل لەقەڵەمدەدرێت. ئەو پیرەمێردە ئەوەندە باسی باوباپیرانی کرد تا هەموو خەڵکی چواردەوری بێزارکرد، سەرئەنجام

[34] میدیان: لەنەوەی ئیبراهیمە.

PDF 4 KURD

ژنێك لەنێو خەڵكەكەدا هاواری كرد: پیرەمێردی گەمژە ئەوەندە چەنە مەدە بۆچی دەتەوێت باسی باوباپیری ئەم پیاوە بكەیت؟

دوای ئەوەی ڕوی كردە"نون"و وتی: بۆچی گەڕایتەوە بۆئێرە و چیت دەوێت؟

پێش ئەوەی"نون"وەڵامی بداتەوە، پیرەمێرد هاواری كرد: تۆ منداڵەكەی خۆت فەرامۆش كردووە، لەسەردەمی منداڵیدا تۆم لەباوەش گرتووە، ئێستاش كە پیربوم بۆچی پێم دەڵێیت گەمژە و چەنەباز؟

كاتێكیش ئەو ژنە ویستی شتێك بەو پیرەمێردە بڵێت ژنێكی تر دەنگی لێ بەرز بویەوە و وتی: "میریان"وازی لێ بهێنە و كارت پێیەوە نەبێت. بەتەمەنی و پیریەتی لەبەرچاو مەگرە. بۆماوەیەك ئەم دەمەقرەیە درێژەی كێشا تا ئەوكاتەی موسا پەیی بەوە برد ئەم دەمەقرەیە جۆرێك سەرگەرمی و گاڵتە و گەپی ئەو ناوچەیە. خەڵكی ئەو ناوچەیە بەم جۆرە بابەتانەوە كاتەكانی خۆیان بەخۆشی تێدەپەڕێنن. خاڵێكی تر كە بەلای موساوە زۆر سەرنج ڕاكێش بوو ئەو پیرەمێردە داوای هاوكاری لەخودایان كردبوو، بۆئەوەی نەفرەت لەو ژنە بكات، ئەو ژنەش بەهیچ شێوەیەك لەو نزایەی نەترسا. لەكاتێكا ئەگەر هەڕەشەیەكی ئاوایان لەمیسریەك بكردایە دەترسان. هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ درێژخایەنی ماوەی كۆیلایەتیان، چونكە باوەڕیان نەبوو بەخوداكان. "نون"یش بەهەمان شێوە بوو. كاتێكیش موسا ئەوی لەبازاڕی كۆیلایەتیدا كڕی باوەڕی بەخودایانی سەرزەوی نەبوو.

لەو كاتەدا پیاوێك بەشەلە شەل هاتە پێشەوە و وتی: من برای"ئەفالا"م، ئەو كوڕە"نون"ی برازامە، بەڵێ خۆیەتی! دوای ئەوە پیاو هاتە پێشەوە و"نون"ی لەئامێز گرت وتی: چیتر تۆ هەتیویت، چونكە دایك و باوكت كۆچی دواییان كردووە. كاتێك"ئەفالا"بەسەر داربەستەوە بەكۆڵ خەریكی گواستنەوەی بەردبوو بۆ كاربەدەستانی فیرعەون كەوتە خوارەوە و مرد. ئەندامانی خێزانەكەشت دوای ئەو یەك لەدوای یەك كۆچی دواییان كرد. بەچاوی خۆت دەبینی كە ئێمە جگە لە ڕەنج و مەینەتی هیچ شتێكی تر نەبووەتە بەشمان. ژنەكان دەستیان كرد بەگریان، بەڵام"نون"نەیدەتوانی بگریت. ژنەكان هاتنە پێشەوە و دڵنەوایی"نون"یان دایەوە و لەگەڵ خۆیاندا بردیانە ماڵەوە و لەم نێوەندەدا بەتەواوی"موسا"یان فەرامۆش

PDF 4 KURD

کرد، بەڵام کاتێك منداڵەکان ئەویان بەتەنهایی بینی بەچواردەوریدا کۆبونەوە.

موسا دوای ماوەیەك بەیەکێك لەو کچانەی -کە سێ چوارساڵێك تەمەنی بوو- وت: ئەم ملیوانکەیە بکە ملت؟ دوای ئەوە ملیوانکەیەکی کردە ملی کچەکە...

کچەش لەباوەشی"موسا"دا دانیشت و بەزمانی منداڵانە لەکاتێك یاری بەملیوانکەکەی ملی دەکرد لێی پرسی: ناوت چیە؟

ئەویش وتی: ناوم"موسا"یە.

منداڵەکەش پێکەنی وتی: ئەوە ناوێکی میسریە.

موسا وتی: ڕاست دەکەیت ئەوە ناوێکی میسریە.

کوڕێکی چوار ساڵانەش وتی: ئەوە ناوێکی نیوەیە! نیوەکەی تری لەکوێیە؟

کوڕێکی تر پرسی: تۆ چکارەی؟

"موسا"ش وتی: من شازادەم، هەموو منداڵەکان پێکەوە دەستیان کرد بەپێکەنین.

لەمکاتەدا"نون"گەڕایەوە بۆ لای و دوای ئەوە گەڕانەوە بۆ لای"گەمێ"کەیان و بەدەم ڕێکردنەوە لە"نون"ی پرسی: بەچ شێوەیەك باسی منت بۆکردن؟

"نون"وتی: پێم وتن تۆ فەرماندەی گالیسکە سەربازیەکانیت و باسی ئازایەتی جەنگی خۆمم بۆکردن و تۆش وەك پاداشتێك بۆ ئەم ئازایەتیەم منت هێناوە بۆ ئێرە بۆئەوەی چاوم بەکەس و کارەکەم بکەوێت.

دوای ئەوە"نون"لێی پرسی: پێت وتن ناوت چیە؟

موسا وتی: مەگەر تۆ ناوی منت پێ نەوتن؟

نون وتی: نەخێر، بەڵکو پێم وتن تۆ ناوت"ئامون تپ"ە. مەگەر تۆ ناوی ڕاستەقینەی خۆتت بەو منداڵانە وت؟

موسا وتی: بۆچی دەبوو ناوێکی ترم پێ بوتنایە.

نون وتی: تۆ شێت بویت!

"موسا"ش بەڕادەیەك بەبیستنی ئەم گوتەیە دڵگران بوو کە بۆیەکمینجار هاواری بەسەردا کرد و وتی: دەبێت بزانی کە تۆ کۆیلەکیت و منیش کەسێکی دەستەڵاتدار و خاوەنی تۆم، بۆیە پێت دەڵێم سنوری خۆت بەزانە، چیتر دوای ئەوە هیچ

PDF 4 KURD

قسەیەکی لەگەڵ"نون"دا نەکرد تائەوکاتەی گەشتنەوە لای"گەمی"کەیان و گەڕانەوە بۆ میسر.

"نون"یش کاتێك بینی موسا توڕە و دڵگرانە هەوڵیدا بێدەنگ بێت، بەڵام لەناکاو وتی: تۆ لەخۆڕا لێم توڕە بویت. من ئەوەم لەبەرژەوەندی تۆدا دەبینی کە ناوی ڕاستەقینەی تۆ بەوان نەڵێم لەبەرئەوەی چاکی تۆم دەوێت و نامەوێت هیچ گرفتێکت بۆ دروست ببێت.

"موسا"ش وتی: بەچ شێوەیەك لەبەرژەوەندی مندا کارت کردووە، لەکاتێکدا ناوی ڕاستەقینەی منت گۆڕیوە.

نون وتی: لەبەرئەوەی ئەوێ شوێن زێدی تۆیە، لەهەمان کاتدا پاڵت بەدیواری ماڵێکەوە دابوو کە تێیدا لەدایك بویت. تۆ ئەمڕۆ چاوت بەخوشکەکەی خۆت کەوت، هەر لەبەرئەوەش نەمتوانی ناوی ڕاستەقینەی تۆیان پێ بڵێم؟

موسا پرسی: خوشکەکەم لەکوێدا بوو؟

نون وتی: هەمان ئەو ژنەی بەگاڵتەوە شەڕی لەگەڵ پیرەمێردا کرد و ژنێکی تریش ئەوی بە"میریام"بانگ کرد.

موسا لایەنگری گوتەکانی"نون"ی کرد، چیتر لەوبارەوە هیچی نەوت. تا ئەوکاتەی سەردانی"نف"ی تەلارسازی کرد.

"نف"ی تەلارسازیش دەیزانی"موسا"سەردانی خێڵەکەی خۆیی کردووە بۆیە لێی پرسی: هەست بەچی دەکەیت؟

موسا وتی: کاتێك هەلومەرجی ژیانی ئەوانم بینی، هەستم بەوەکرد جیهان لەکۆتایی خۆی نزیك بووەتەوە.

"نف"ی تەلارساز وتی: هەر لەبەرئەوەش کاتی ئەوە هاتووە هەنگاوێك لەپێناو خێڵەکەتدا بەرەوپێش بنێیت.

موسا وتی: دەتوانم چ کارێك بۆ خێڵەکەم ئەنجام بدەم؟

"نف"ی تەلارساز وتی: تۆ نابێت ڕێ بدەیت فیرعەون بێگاری بەهاونەژادەکانت بکات. نابێت بهێڵێت قامچیان لێ بدەن. هەموو ساڵێك ڕێژەی جوتیاران کەم دەبێتەوە و لەبەرامبەردا ڕێژەی کۆیلەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبێت و ڕێژەی

PDF 4 KURD

ئەم کۆیلانەش بەڕادەیەك زۆر بوون، بووەتە هۆی ئەوەی کەمترین کاردانەوە لەبەرامبەر مەرگیاندا نیشان بدەن و لەباتی مەرگی کەسێکدا، دوو کەسی تر دەخەنە جێگەکەی. لەکاتێکدا باوباپیرانت پێش ئەوەی بێت بۆ"کوش" و گرفتار بن، لەبیابانی"کەنعان"دا ژیانێکی ئازادی خوازانەیان هەبوو. سەرەڕای ئەوەی ژیانێکی سەختیان هەبوو بەڵام کۆیلە نەبون... لەکاتێکدا ئەمڕۆ هەر کوڕێك لە"کوش"تەمەنی دەبێتە دوانزە ساڵ دەیکەن بەکۆیلەی خۆیان، ئێستا بڕیارت داوە هاوکاری هاونەژادەکانت بکەیت؟

موسا وتی: سەرەتا دەبێت بڕۆم بۆ"کوش"، دوای ئەوە وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوە.

"نف"ی تەلارساز لێی پرسی: بۆچی دەتەوێت بڕۆیت بۆ کوش؟

موسا وتی: دەمەوێت چاوم بەخوشکەکەم بکەوێت.

"نف"ی تەلارساز لێی پرسی: مەگەر لەم سەردانەی دواییەتدا چاوت پێی نەکەوت؟

موسا وتی: لەوکاتەدا نەمدەزانی کە لە"کوش"دا خوشکم هەیە. لەکاتی گەڕانەوەمدا"نون"پێی وتم: خۆشکێکم لە"کوش"هەیە.

"نف"ی تەلارساز وتی: کەواتە دوای دیداری خوشکەکەت دوا بڕیاری خۆتم پێی ڕاگەیەنە.

موسا و"نون"دوبارە سواری"گەمی"کەیان بونەوە و ڕێگای"کوش"یان گرتەوە بەر، کاتێك گەشتنە"کوش" نون بەکەسێکی وت: بەکچەکەی"عمران" کەناوی "میریام"ە بڵێ من کارم پێیەتی. "میریام"یش دوای ماوەیەك هات بۆ لای"نون" "میریام"لەڕوی بەژن و باڵاوە زۆر لەموسا دەچوو، ئەو تەنها دوو ساڵ لە"موسا"گەورەتر بوو، بەڵام بەڕوکەش لەژنێکی چل ساڵان دەچوو، لەبەرئەوەی سەختی ژیان تێکی شکاندبوو.

"میریام" بەترسەوە لێی پرسی: چ کارێکت پێمە؟ دوای ئەوە دەستی کچە دوانزە ساڵەکەی بەتوندی گرت و لێی پرسین: دەتانەوێت کچەکەم ببەن؟

نون وتی: ئەم پیاوە شازادەیە و هاتووە بۆئەوەی هاوکاریت بکات،

PDF 4 KURD

کاتێك"میریام"زانی"موسا"شازادەیە، لەجاران زیاتر ترسا و دەستی بەپارانەوە کرد و وتی: لەهەموو ئەم جیهانە تەنها ئەم کچە شك دەبەم... دوای ئەوە بەدەم گریان و پارانەوەوە پێی وتن: ئەم کچەم لیّ زەوت مەکەن.

"نون"ئەوی لەزەوی بەرزکردەوە"موسا"ش لەم هەڵسانەیدا هاوکاری کرد و وتی: بۆچی دەترسی، من کوڕی"عمران"و برای تۆم لێم مەترسە! ناوی دایکیشم "جوشبد"یە، منیش لێرە لەدایك بوم، بەڵام دایکم منی خستە ناو سەبەتەیەکەوە و دامی بەدەم ئاوی ڕوباری نیلەوە، دوای ئەوە شازادەیەکی میسری منی لەڕوباری نیلدا دۆزیەوە و بردمی بۆ کۆشکەکەی خۆی.

"میریام"باوەڕی بەقسەکانی موسا نەدەکرد، بەڵام کاتێك ویستی ئەنگوستیلەیەکی ئاڵتونی پێبدات ژنە لێی وەرنەگرت و دەستیشی بۆ وەرنەگرتنی ڕانەوەشاند.

موسا لێی پرسی: بۆچی ئەو زێرەم لیّ وەرناگریت؟

"میریام"وتی: لەبەرئەوەی دەتەوێت بەپێدانی ئەو زێرە کچەکەم لیّ زەوت بکەیت.

موسا زێرەکەی فڕێدا و ڕویکردە"نون"و وتی: با بگەڕێینەوە.

دوای ئەوە بەپەلە بە"کەمی"کەیان گەڕانەوە. موسا لەناو"کەمی"کەیدا دانیشت و دەستی کرد بەگریان.

نون لێی پرسی: گەورەم بۆچی دەگریت؟

موسا وتی: لەبەر چەند هۆکارێك دەگریم، یەکەم لەبەر بەدبەختی و نەهامەتی خێڵەکەم، دووەم لەبەرئەوەی هیچ یار و هاودەم و هاوکارێکیان نیە پشتی پیّ ببەستن، سێیەم دەبینم کە چ جیاوازیەکی مەزن لەنێوان ژیانی من و ئەواندا هەیە.

ئەو دوانە گەڕانەوە بۆ پایتەخت، موسا ڕاستەخۆ ڕۆشت بۆ لای"نف"ی تەلارساز، بەڵام ئەو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێك کە پێیان ڕاسپاردبوو ڕۆشتبوو بۆ دەرەوەی پایتەخت. "موسا و نون" سواری"کەمی"کەیان بون و ڕێگای باشوریان گرتەبەر تا ئەوکاتەی"نف"ی تەلارسازیان دۆزیەوە و بینیان سەرقاڵی کارەکەی خۆیەتی، "نف"تەلارساز لەبارەی دروستکردنی تەلارێکی تازە کە بڕیاربوو بۆ

PDF 4 KURD

فیرعەونی دروست بکات لەگەڵ تەلارسازەکانی تردا لەحاڵی راوێژ و وتووێژدابوو.

"نف"ی تەلارساز"موسا"شی لەم کۆڕەدا بەشداری پێکرد، بۆئەوەی ئەویش ئاگاداری ئەم گفتوگۆیە بێت. دوای ئەوە بە"موسا"ی وت: دەمانەوێت بەردێکی مەزن بگوازینەوە بۆ پایتەخت. بۆئەوەی لەتەنیشت کۆشکی فەرمانڕەواییدا کاری لەسەر بکەین.

دوای ئەوە ئەو بەردە مەزنەی پیشانی موسا دا کە سی"زرع"بەرزایی بوو.

موسا وتی: بەچ شێوەیەك بەردێکی ئاوا مەزن دەگوازیتەوە بۆ پایتەخت؟

"نف"ی تەلارسازیش زەردەخەنەیەکی ژەهراوی کرد و وتی: کێشی ئەم بەردە مەزنە لەچاو پایەکەی ژێرەوەی هیچ نیە، دەبێت ئەم بەرد و پایەیە بتاشرێن، دوای ئەوە باریان دەکەین. کێشی ئەو بەرد و پایەیە بەئەندازەی کێشی بیست و یەك کەر دەبێت!

موسا وتی: بەچ شێوەیەك ئەم کێوە مەزنە دەگوازنەوە بۆ پایتەخت. ئایا باشترنیە هەر لێرەدا ئەوە دەتانەوێت لێی دروست بکەن و بەجێی بهێڵن؟

"نف"ی تەلارساز پێی وت: ئەمە فەرمانی فیرعەونە، داوای بەردێکی ئاوای لێ کردوین، چونکە ئەو ئەم بەردە مەزنەی بۆ پاراستنی خۆی دەوێت.

موسا لێی پرسی: تێچونی گواستنەوە و کاتی گواستنەوە و دروستکردنی چەنێك دەخایەنێت؟

"نف"ی تەلارساز وتی: بەکورتیەکەی تێچونی ئەم بەردە مەزنە لەگەڵ پایەکە و گواستنەوەی بۆ پایتەخت، لە"قوچەکیەکان"زیاتری تێدەچێت. تەنها ئاماژە بەو خاڵە دەدەم کە دەبێت ڕێژەی سەد هەزار کرێکار بۆ ماوەی پانزە ساڵ لە هەڵکۆینی ئەم بەردەدا کار بکەن.

موسا نەیدەتوانی لەبەردەم تەلارسازەکانی تردا قسە لە"نف"دا بکات، بۆیە پێی وت: لەهەلێکدا دەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم.

"نف"ی تەلارساز وتی: دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ دەتبینمەوە.

ئەو ئێوارەیە"نف و موسا"لەگۆشەیەکی خەڵوەت و دور لەتەلارسازەکانی تر دەستیان کرد بەگفتوگۆ کردن.

PDF 4 KURD

موسا وتی: ئەم دواین گەشتەم زۆر کاری لێکردم، هاتوم وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، هاتوم بۆئەوەی خزمەتێك بەهاونەژادەکانم بکەیەنم... دوای ئەوە وتی: کاتێك لەو کوبونەیەی ئێوە دەرچوم ئەوەم هات بەخەیاڵدا بڕۆم بۆ لای فیرعەون و باسی زیان و بێسودی گواستنەوەی ئەم بەردە شاخینەی بۆ بکەم.

"نەف"نەیتوانی هیچ ڕا و بۆچونێکی خۆیی پێ بڵێت، بەڵام موسا بۆ ئەو مەبەست ڕێگای کۆشکی فەرمانڕەوایی گرتە بەر.

PDF 4 KURD

کاتێك موسا ڕووبەڕووی فیرعەون دەبێتەوە

موسا بەهەرحاڵ ڕۆشت بۆ لای فیرعەون و فیرعەونیش پێی ڕاگەیاند لێی نزیك ببێتەوە و لێی پرسی: چی ڕوویداوە کە ئاوا سەراسیمە و سەرشێتانە بێش ئەوەی کاتی چاوپێکەوتن دیاری بکەیت هاتویت بۆ سەردانم؟

موسا وتی: دەمەوێت بابەتێکی زۆر گرنگت پێ ڕاگەیەنم، بەڵام هیوادارم لێم تووڕە نەبیت.

فیرعەون پرسی: ئەو بابەتە چییە؟

موسا وتی: دەمەوێت دەربارەی گواستنەوەی ئەو بەردە مەزنە بۆ پایتەخت کە بڕیارە لەپاڵ کۆشکدا دایبنێیت قسەت لەگەڵدا بکەم.

فیرعەون بەسەرسوڕمانەوە وتی: تۆ بۆ ئەوە هاتویت بۆ لام؟

موسا وتی: بەڵێ، چونکە ئەم کارە پێویستی بەپانزەساڵ دەبێت. بەواتا تا ئەوکاتەی ئەم بەردە دەگوازرێتەوە بۆ پایتەخت پانزە ساڵ دەخایەنێت، بەدرێژایی ئەم ماوەیەش خەڵکانێکی زۆر دەمرن، سەرئەنجام کاتێکیش ئەم بەردە گواسترایەوە بۆ پایتەخت هیچ سودێك بەخەڵکی ناگەیەنێت.

فیرعەون وتی: بەڵام سودێکی زۆر بەمن کە فیرعەونم دەگەیەنێت، چونکە بەگواستنەوەی ئەم بەردە و دانانی لەپاڵی کۆشکەکەی مندا هەزار ساڵ دەژیم.

موسا لێی پرسی: کەواتە هۆکاری گواستنەوەی کێوێکی ئاوا بۆ پایتەخت ئەوەیە کە وات لێدەکات تەمەنێکی هەزار ساڵە بەدەست بهێنیت؟

فیرعەون وتی: نەخێر! والێکی نادەمەوە، بەڵکو دڵنیام بەگواستنەوەی ئەم کێوە بەردینەیە و کاتێك سێبەری ئەم کێوە بەر کۆشکەکەم دەکەوێت هەزار ساڵ دەژیم، هیچ گومانێکیشم لەم کارەدا نیە!

PDF 4 KURD

موسا پرسی: چ کەسێك پێی وتیت کە بەئەنجامدانی کارێکی ئاوا هەزار ساڵ دەژیت؟

فیرعەون وتی: ئەم نهێنیە"ئوزیریس"ی خودای مەرگ لەخەومدا پێی وتم. ئەو پێی وتم دەبێت ئەو شاخ و پایەیە پێکەوە بگوازرێنەوە بۆ ئێرە.

موسا وتی: ئایا باوەڕ بەو شتانە دەکەیت کە لەخەوتدا دەیبینی و دەیانبیستی؟

فیرعەون وتی: لەوانەیە ئەگەر کەسێکی تریش بێ لە"ئوزیریس" لەخەومدا ئەمەی پێ بوتمایە باوەڕیم پێ نەدەکرد، بەڵام"ئوزیریس"خودای مەرگ و گۆڕستانە.

موسا وتی: ئایا"ئوزیریس"کە پەیکەرەکەی بەدەستی بەرد تاشەکان کە بەفەرمانی تۆ هەڵی دەکۆڵن و تۆ ئەو دەهێنیتە بون و بەسەر خۆتدا زاڵی دەکەیت، بەڕاستی ئەو توانایەی هەیە؟ ئەگەر تۆ ئەو پەیکەرەی نەتاشیت جگە لەبەردێك هیچ شتێکی تر نەبوو، تۆ وەك خودایەك باوەڕت بە بەردێکە؟

تائەو ساتە موسا هیچ شتێکی لەبارەی بون و توانای"ئوزیریس"نەوتبوو، فیرعەون هیچ هەستیاری و دڵگرانیەکی لەخۆیدا پیشان نەدا، بەنەرمی و هێمنیەکەوە گوێی لەقسەکان دەگرت، بەڵام کاتێك خودایەتی"ئوزیریس"ی خستە ژێر پرسیارەوە، فیرعەون پەرێشان بوو و وتی: تۆ بێباوەڕی، بەچ شێوەیەك نکوڵی لەبونی خودای مەرگ و گۆڕستان دەکەیت؟ چۆن دەوێریت سوکایەتی بەخوداکان بکەیت؟

موسا وتی: خودای ڕاستەقینەی مەرگ لەبەرد ناتاشن، چونکە ئەگەر نەیتاشن ئەوا بەهیچ شێوەیەك بونی نابێت.

فیرعەونیش بۆئەوەی کاربەدەستانی فیرعەون کە لەو دەورووبەرەدا بون گوێیان لێ بێت هاواری کرد: کەواتە تۆ باوەڕت بەخودای میسری نیە، تۆ باوەڕت بەخودای مەرگ و گۆڕستان نیە؟

موسا وەڵامی دایەوە: خودای مەرگ کاتێك بەدەستی بەرد تاشەکان دروست بکرێت، هەر لەو سەرەتایەوە بەرد بووە و دەبێت نەك خودا، بەڵام لەسەرخۆ ئەم وەڵامەی دایەوە بۆئەوەی کەسانی تر گوێیان لێ نەبێت، چونکە ئەگەر گوێیان لێ

PDF 4 KURD

ببوایە کە موسا نکوڵی لەبونی خودای مەرگ دەکات سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەردەکرد. دوای ئەوە بەدەنگێکی بەرز بۆئەوەی ئەوانی تر گوێیان لێبێت وتی: هەڵبەت من باوەڕم بەتۆیە کە فیرعەونیت، تا ئەوەی باوەڕ بەخودایەك بکەم کە بەدەستی بەردتاشەکان دروست دەکرێت.

فیرعەون کەمێك هێور بویەوە و لێی پرسی: ئایا بەڕاستی تۆ زیاتر باوەڕت بەمنە تا "ئوزیریس"؟

موسا وەڵامی دایەوە: بەڵێ.

فیرعەون بەم باوەڕەی، توڕەییەکەی هێور بویەوە، بەڵام بەدەنگێکی بەرز کە ئامادەبوانی ئەو کۆشکە گوێیان لێ بێت دوبارەی کردەوە: ئایا لە"ئوزیریش"پێشەنگتر و مەزنترم؟

موسا دوپاتی کردەوە و بەدەنگێکی بەرز بۆئەوەی ئامادەبوان گوێیان لێ بێت دوبارەی کردەوە: تۆ زۆر لە"ئوزیریس"مەزنتر و پێشەنگتری.

ئەم گوتەیە بو بەمایەی خۆشحاڵی فیرعەون و ئامادەبوانی زانیان کە موسا بەم گوتەیەی خۆی لەهەڕەشەی مەرگ ڕزگار کرد. فیرعەون وای دەزانی خۆی لەنەوەی خودایانە و گۆشت و خوێنی لەخوداکانەوە سەرچاوە دەگرێت. سەرەڕای پێشەنگتربونی فیرعەون لەخودای مەرگ دوبارە گەڕایەوە بۆ سەرەتای گوتەکانی و لێی پرسی: ئێستا پێم بڵێ مەبەستت لەنەگواستنەوەی ئەم بەردە مەزن و پایەیە بۆ پایتەخت چیە؟

موسا لەسەرخۆ بۆی ڕونکردەوە: چونکە سەد هەزار کەس بەنۆرە و ڕۆژانە بۆ گواستنەوەی ئەم بەردە کاردەکەن. ئەگەر ئەم سەد هەزار کەسە کاری تریان پێ بکرێت، ئەوا بەرهەمەکەیان سودێکی زۆر بەمیسر دەگەیەنێت، لەکاتێکدا گواستنەوەی ئەو بەردە هیچ سودێك نابێت.

فیرعەون لێی پرسی: بەبۆچونی تۆ چ کارێك بەسەد هەزار کەسە بسپێرم؟

موسا وتی: یەکێك لەئارەزووەکانی فیرعەون پەیوەست کردنی "دەریای ڕۆم"[35] بەدەریای دراوسێکەی بووە، دەتوانرێت بەسود وەرگرتن لەم خەڵکە ئارەزووەکەی

[35] دەریای ڕۆم: دەریای میدیترانەیە، بەواتا دەریای ناوەڕاست.

PDF 4 KURD

فیرعەون کرداری بکەین. بەم کارە دەتوانی گەشە بە ئابوری و چالاکی بازرگانیەکان ببەخشیت.

فیرعەون وتی: مەبەستت ئەوەیە دەست لەم کارە خودایيە هەڵگرین و خۆمان بە کارێکی سەرەتا و ئاسایی سەرقاڵ بکەین.

موسا وتی: تۆ لەسەرتاپای تەمەنتدا چالاکیەکی زۆرت بۆ خودایان ئەنجام داوە و بەهیچ ئەنجامێکیش نەگەشتویت، تەنها بۆجارێك لەپێناو خەڵکیدا هەنگاوێك بەرەوپێش بنێ و تەماشای دەرئەنجامەکەی بکە.

فیرعەون وتی: بەچ بەڵگەیەك بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە من کارم بۆ خوداکان ئەنجام داوە و بەهیچ ئەنجامێك نەگەشتوم؟ خەزێنەی پڕ لەزێڕ و زیو، تەمەنێکی درێژ کە بڕیارە هەزار ساڵ بژیم، هەموو ئەمانە خوداکان پێیان بەخشیوم، بەبۆچونی تۆ تەمەنێکی هەزار ساڵە شایستەی ئەوە نیە سەد هەزار کەس کاری بۆ بکات؟

موسا وتی: تۆ تائێستا بەختێکی باشت هەبوو کە ئێسقانیان کون نەکردویت، ئەگینا لەمێژە ڕەوانەی وڵاتی خۆرئاوا کرابویت، لەداستانە ئەفسانەییەکانیشدا نەبیستراوە کەسێك هەزار ساڵ ژیابێت.

فیرعەون پێکەنی و وتی: بەڵێ وایە بەڵام ئێستا خودایان دەیانەوێت من هەزار ساڵ بژیم. هەروەها ئەگەر وابزانی ناتوانم خەڵکی میسر خۆشبەخت بکەم ئەوا بەهەڵەدا چویت، خەڵکی دەبێت لەڕەنج و تەنگانە و سەختیدا بژین بۆئەوەی هەمیشە گوێڕایەڵی فەرمانەکان بن و بتوانێت فەرمانڕەواییان بکات، چونکە مەحاڵە بتوانرێت فەرمانڕەوایی کەسانێك بکەیت کە لەخۆشگوزەرانیدا بژین و پێویستیان بەهیچ کەسێك نەبێت، لەبەرئەوەی ئەوانە لەتەنگانەدا ناژین بۆئەوەی پێویستیان بەکەسێك بێت کە فەرمانڕەواییان بکات.

گفتوگۆی فیرعەون و موسا درێژەی کێشا و فیرعەون و فیرعەون بەمشێوەیە بەردەوامیان دا بەگفتوگۆکانیان و وتی: ئایا ئێستا گەشتیتە ئەو باوەڕەی گواستنەوەی ئەو کێوە بەردینە بۆ پایتەخت کارێکی زۆر پێویستە بۆئەوەی بتوانم هەزار ساڵ بژیم، بەواتا بەئەندازەی چل نەوەی خەڵکی میسر.

PDF 4 KURD

موسا بێدەنگ بوو و فیرعەونیش پێی ڕاگەیاند کۆتایی بەگفتوگۆکەیان هاتووە دەبێت بەجێی بهێڵێت. موسا ڕۆشتەوە بۆ لای "نف"ی تەلارساز بۆئەوەی گوزارشتی دەرئەنجامی گفتوگۆکەی پێ ڕاگەیەنێت.

"نف"ی تەلارساز لێی پرسی: ئێستا بەپێی ئەو بارودۆخەی هاتووەتە پێشەوە دەتەوێت چی بکەیت؟

موسا وتی: چیتر هیوام بەفیرعەون نەماوە، چونکە زانیم بەئەنقەسە خەڵکی میسری لەو نەهامەتیەدا هێڵاوەتەوە، تەنها ڕێگایەك کە بەهزرمدا بێت ئەوەیە کە هاونەژادیەکانم لەمیسرەوە بگەڕێنمەوە بۆ وڵاتی "کوش".

"نف"ی تەلارساز لێی پرسی: ئایا ئەمە لەئاستی خواستی دایکتدایە؟

موسا وتی: دایکم تەنها بەرژەوەندی خۆی لەبەرچاو دەگرت نەك بەرژەوەندی نەوەی ئیسرائیل.

"نف"ی تەلارساز لێی پرسی: بەبۆچونی تۆ کام لەمانە گرنگترە؟

موسا وتی: بەرژەوەندی خێڵی ئیسرائیل کە هاونەژادی منن.

"نف"ی تەلارساز لێی پرسی: ئایا ئەوەت فەرامۆش کردووە کە تۆ میسریت، لەبەرئەوەی تۆ تەنها لە"کوش"دا لەدایك بویت و لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا وەك شازادەیەك دەناسرێیت. ئەو کەسانەی لەمیسردا باوەڕیان بە"ئاتون"ە پێویستیان بەکەسێکە پارێزگاریان لێ بکات، لەبەرئەوە بەڕۆشتنت هەموویان نائومێد دەکەیت.

موسا وتی: تۆ زۆرباش ئاگاداری نهێنیەکانی ژیانی منیت و زۆرباش دەزانیت نە کوڕی فیرعەونم و نە کوڕی "ئنخاس ئامون"، هەرلەبەرئەوەش دەمەوێت هەموو هاونەژادیەکانم لەم بەدبەختیە ڕزگار بکەم.

"نف"ی تەلارساز لێی پرسی: تۆ بەچ شێوەیەك دەتوانی هاونەژادیەکانت ڕزگار بکەیت؟

موسا وتی: تەنها دان بەخۆتدا بگرە و تەماشا کە بزانە بەچ شێوەیەك ئەم کارە ئەنجام دەدەم.

PDF 4 KURD

نف وتی: نابێت لەکاتێکدا فیرعەون هێشتا لەژیاندایە ئەم کارە بکەیت. چونکە خوێنرێژی و کوشت و کوشتارێکی زۆر دەبێت و خوێنی خەڵکانێکی زۆری وەك تۆ لەم جەنگەدا دەڕژێت.

موسا لێی پرسی: بەچ شێوەیەك دەبێت ئەم کارە ئەنجام بدەم؟

"نف"ی تەلارساز وتی: کاتێك ئەو دەمرێت ئاژاوەیەك لەولاتدا بەرپادەبێت، تۆش ئەو ئاژاوەیە بقۆزەرەوە و ئامانجی خۆت بێ هیچ هەڕەشەیەك ئەنجام بدە. باوباپیرانی ڕابردوت خاوەنی هێز و دەستەڵات بون و تۆ دەتوانی لەمیسردا دوبارە زیندویان بکەیتەوە. هاونەژادەکانت بەدرێژایی پێنج سەد ساڵ میسریان خستووەتە ژێر سمی چوارپێکانیان و پێماڵیان کردووە.

موسا وتی: ئێمە بابەتێکی ئاوامان لەوانەی مێژوودا نەخوێندووە و نەمانبینیوە.

"نف"ی تەلارساز وتی: وایە، ئەم جۆرە وانەیە لەناو کۆشکدا بەشازادەکان ناوترێتەوە، چونکە بەهۆی ئەم وانانەوە بۆیان دەردەکەوێت کە خوداکانی میسر توانای ئەوەیان نیە پارێزگاری لەمیسر بکەن، هەرلەبەرئەوەش مامۆستاکانت ناچار پەیڕەویان لەبەرنامەیەك دەکرد کە ئەوان پێیان ڕادەسپاردن بۆئەوەی تەنها لەو چوارچێوەی بۆیان داناون وانەیان پێ بڵێنەوە، نەیاندەهێڵا بگرە یەك شازادەی میسر ئاگاداری ئەم مێژووە بێت کە نەوەکانی ئیسرائیل زاڵ بون بەسەر فەرمانڕەوایانی میسردا و دەستەڵاتی ئەو ولاتەیان لەژێر دەستدا بووە.

موسا لێی پرسی: ئایا"یەعقوب" کە نازناوەکەی ئیسرائیلە هێشتا لەدایك نەبووبوو تا هاونەژادیەکانم بەنەوەی ئیسرائیل بانگ بکەن؟ لەوانەیە چەند ناوێکی تریان هەبوبێت.

"نف"ی تەلارساز وتی: بەڵێ، "هیگ سوس"بەواتا –بێ لەشوان–!

موسا لێی پرسی: بۆچی باوباپیرانی منیان بە"بێ لەشوان"بانگ کردووە؟

"نف"ی تەلارساز وتی: لەبەرئەوەی لەڕابردودا باوباپیرانت لەبیابانی"کەنعان"دا شوانیان کردووە، بەڵام کاتێك هێرشیان دەکردە سەر میسر، نازناوێکی تریان پێ بەخشین کە"هیگ سوس"بوو. هیگ سوس دوو واتا لەخۆ دەگرێت، واتای ڕوکاری دەرەوەی "بێ لەشوان"ە بەڵام واتا سەرەکیەکەی"چەتە"بووە.

PDF 4 KURD

موسا وتی: کەواتە میسریەکان باوباپیرانی منیان بە"چەتە" بانگ دەکرد؟

"نف"ی تەلارساز وتی: ئەوان بۆماوەی پێنج سەدە میسریان داگیر و تالآن دەکرد.

موسا لێی پرسی: لەڕابردوودا بیابان نشینەکان هێرشیان دەرکردە وڵاتە دراوسێکانیان، ئەمەیان کارێکی ناسایی نەبوو. ئەم کارە زیاتر لەکاتی وشکە ساڵیەکاندا ڕوویدەدا..... لەم کاتەدا موسا وتی: دەمەوێت بڕۆمەوە بۆ لای هاونەژادەکانم و خۆیان بۆ دەرچون لەمیسر ئامادە بکەن.

"نون"یش گوێ لەم قسانە بوو، بۆیە لێی پرسی: گەورەم من لەخزمەتی تۆدام، بەڵام دەتوانم بپرسم بۆچی دەتەوێت بڕۆیت بۆلای خێڵی ئیسرائیل؟

موسا وتی: ئەی نون تۆ یار و هاوڕێ و نهێنی پارێزی منی و نابێت هیچ نهێنیەکت لێ بشارمەوە. بەدڵنیاییەوە دەمەوێت هاونەژادەکانم لەکۆتی بەندایەتی ڕزگار بکەم، بەڵام فیرعەون ڕێم پێنادات، بۆیە دەبێت لەگەڵیدا بجەنگێم. من هەموو خێڵی ئیسرائیل لەوە ئاگادار دەکەمەوە خۆیان بۆ ڕۆشتن و دەرچون لەمیسر ئامادە بکەن.

نون وتی: هەرچی تۆ بڵێیت بەگوێی ڕۆحم وەریدەگرم و جێبەجێی دەکەم. "موسا و نون"بەپێداگریەکەوە ڕۆشتن بۆئەوەی چاویان بەهاونەژادەکانیان بکەوێت. لەنزیك گوندێکدا"گەمی"کەیان لەکەناری ڕووباردا ڕاگرت و بەستیانەوە و گەشتنە ئەو گوندەی کە پێشتر سەردانیان کردبوو. خەڵکی لەچواردەوریان کۆبونەوە و بەسۆز و خۆشەویستیەکەوە مامەڵەیان لەگەڵ"نون"دا دەکرد و "موسا"یان پشتگوێ خستبوو، چونکە"نون"یان بەکەسێکی خۆیان دەزانی و "موسا"ش بەکەسێکی بێگانە لەقەڵەم دەدا.

دوای ماوەیەك موسا بە"نون"ی وت: مەبەستی سەردانەکەیان پێڕاگەیەنە.

"نون"یش وتی: خەڵکینە، من لەگەڵ خاوەنەکەمدا کەناوی"موسا"یە کە ئەویش لەنەژادی ئێمەیە هاتوین بۆئێرە بۆئەوەی هاوکاریتان بکەین، بۆئەوەی بتوانن ژیانێکی باشترتان هەبێت. ئەم خاوەنەم کە دوبارەی دەکەمەوە هاونەژادی ئێمەیە، بەواتا وەك ئێوە لەنەوەی ئیسرائیلە و دەیەوێت ئێوە لەدیل و بەندایەتی ڕزگار

PDF 4 KURD

بکات. بۆئەوەی وەك ڕابردوو ئازاد بن و نەبنەوە بەکۆیلە. ئێوە دەبێت تاکەی بەخۆڕایی بێگاری بۆ فیرعەون بکەن، ئێمە بڕیارمان داوە نەژادی ئیسرائیل لەمیسر دەربکەین و بیانگەڕێنینەوە بۆ ولاّتی "کەنعان" کە زێدی باوباپیرانیانە، لەوێ دەست دەکەنەوە بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری و چیتر بێگاری بۆ هیچ کەسێك ناکەن. ئێستاش خواستی گەورەم ئەوەیە کە هەرچیتان هەیە کۆی بکەنەوە و خۆتان بۆ ڕۆشتن ئامادە بکەن، بەپیاوەکانیشتان بڵێن دەست لەکارکردن هەڵگرن و بڕۆن، بەڕێکەون بۆئەوەی بڕۆینەوە بۆ"کەنعان"!

یەکێك لەو نێوەندەدا پرسی: بۆچی کۆچ بکەین؟

نون پێی وت: بۆئەوەی ئازادی بەدەست بهێنین و لەبەندایەتی ڕزگارمان ببێت و بێ کرێ کارنەکەین و قامچیکاریمان نەکەن.

خەڵکی وتیان: ئێمە لێرە تەکان ناخۆین! پیاوە تەندروستەکانمان لەکارگاکاندا سەرقاڵی کارکردنن، بێ پیاوەکانمان ناتوانین هەنگاوێك بنێین. تەواوی پیاوە تەندروستەکانمان لەکارگاکانی میسردا سەرقاڵی کارکردنن، بێ پیاوەکان ناتوانین هەنگاوێك بەرەو پێش بنێین، هەموویان لەحاڵی تەلار دروستکردن و بەرد تاشیندان. ئەم پیاوانە بەپاسەوان دەورە دراون بۆئەوەی نەوەك هەڵبێن، بۆیە دەرچونی ئەو پیاوانە لەکارگای بێگاریدا تا ڕادەیەك بەمەحاڵ دەێتە بەرچاو.

موسا بە"نون"ی وت: ڕاست دەکەن. پیاوە بەهێز و تەندروستەکانیان ناچاریان کردون کاریان بۆ بکەن سەرەڕای ئەوەش بەبونی ئەم جۆرە پاسەوانانەوە ناتوانن هەڵبێن. بگرە لەڕۆژدا بەسەختی کرێکارەکانیان دەخستە ژێر چاودێری خۆیانەوە بۆئەوەی نەوەك لەگەڵ یەکتریشدا گفتوگۆ بکەن و هەوڵی داڕشتنی پلانێك بدەن، هەروەها پاسەوانەکان دەستەڵاتی ئەوەیان پێ بەخشرابوو کە بەئارەزوی خۆیان سزایان بدەن و بگرە دەستەڵاتی ئەوەشیان پێ بەخشرابوو ئەگەر هەر پیلان و ڕەفتارێکی نامۆیان ئاشکرا بکەن بیانکوژن و وەڵامی هیچ کەسێکیش نەدەنەوە. تەنها بابەتێك دەبووە هۆی ئەوەی پاسەوانەکان خۆیان لەکوشتنی کۆیلەکان بپارێزن ئەویش ئەوە بوو ترسی دواکەوتنی ئەنجامدانی کاری کارگاکەبوو کە بۆ سەرەپەرشتی کارگاکە بەسزایەکی مەزن لەقەڵەم دەدرا. موسا بیری لەم بابەتانە

PDF 4 KURD

کردەوە و لەبەرئەوەی بە بنبەست گەشت، رۆشت بۆ لای "نف"ی تەلارساز بۆئەوەی راویـژی لەگەڵـدا بکـات و رێگـا چـارەیەکی بـۆ بدۆزێتـەوە، بـەڵام موسـا نەیتوانی "نف"لەپایتەختدا بدۆزێتەوە و هەندێ کەس پێیان وت کە ئەو ئێستا بۆ دروسـت کردنـی تـەلارێك بـۆ خـودای مـەرگ"ئـوزیریس" لەپەرسـتگادا سـەرقاڵی کارکردنە. موسا دەیزانـی دەبێـت رێگـای باشـوری"ئیـسرائیل"بگرێتە بەر بۆئەوەی بگاتە ئەو پەرسـتگایەی کـە دەزانێـت دەکەوێتە چ شـوێنێکەوە. کاتێك گەشـتە لای پەرستگای ناوبرا و بینی هەموو کۆیلەکان ئیسرائیلین و بەردێك بەکۆڵیانەوەیە و پاسـەوانەکانیش بەقامـچیەك بەلاسـەریانەوە راوەسـتاون. بـەردکانیان دەخـستە نـاو سەبەتەیەکی گەورەوە و هەڵیاندەکێشایە سەرەوە. ئەم کارە بەسێ قۆناخ ئەنجام دەدرا: یەکـەم ئـەو شـوێنەی کـە بەردەکـە دەخرایـە نـاو سـەبەتەیەکەوە، دووەم هەڵکێشرانی سەبەتەکە و سێیەمیش بەکارهێنانی خودی ئەو بەردە لەکارەکەیاندا. سێیەمین قۆنـاخی لەهـەموو قۆناخـەکانی تریـان سـەختتر بـوو، سـەرەڕای ئـەوەی قۆنـاخی یەکـەم و دوومیـشیان وەکـوو سێیەم تاقـەتبڕ بـوو، لەبەرئـەوەی کۆیلـەکان بـەردەکانیان دەخـستە نـاو سـەبەتەیەکەوە، دوای ئـەوە بەردەکـەیان بـەگوریس بەدارێکـەوە دەبەسـتەوە، دوای ئـەوە هـەردوو دارەکـەیان هەڵدەکێـشایە سـەرەوە و دەیانخـستە سـەر شـانیان. ئـەوتیرە دارانـە ئەوەنـدە درێـژبون کـە تـا ئـەو شـوێنەی بـەردەکانیان تێـدا بـەکاردەهێنا دەیـانتوانی بەسـەر تیرەدارەکانـدا تـا بـەردەم ئـەو شـوێنەی بـەکاریان دەهێنـان بیانخلێننـەوە. بـەکارهێنانی خـودی بەردەکـەش لەکارگاکـەدا بـەقۆناخێکی سـەخت و ورددا تێدەپـەڕی. ژمـارەی ئـەو کۆیلانـەی کـە بەردەکەیان دەخستە سەر تیرەدارەکانەوە دەگەشتە دوو سەد کـەس! چاودێرەکان دەیانویـست بەردێك بـەو مەزنیـە بەڕێك و پێکی بخرێتە سەر بەردەکانی تر، بەڵام مـەحاڵبوو بتوانرێـت بـێ وردبونەوەیـەکی تایبـەت و زاڵبـون بەسـەر ئـەو بـەردەدا دەقاودەق بخرێتە سەر بەردەکانی ترەوە.

کاتێـك موسـا سـەردانی شـوێنی کـارکردنی کۆیلـەکانی کـرد و بـارودۆخی نەگبەتباری ئەوانی بینی تەماشایەکی "نون"ی کرد.

PDF 4 KURD

"نون"یش وتی: ئەگەر من لەجێی ئەو کۆیلانە بومایە خۆمم دەکوشت و کۆتاییم بەم ژیانە ئازار بەخشە دەهێنا. لەمکاتەدا بەفەرمانی چاودێرەکان فەرمانی هەڵگرتنی بەردەکان دەرکرا و نۆکەرەکانیش ناچار بۆ جێبەجێکردنی بەردەکان هەموو تواناییەکی خۆیان خستەگەڕ. لەنێو ئەم کۆیلانەدا پیاوێکی تاڕادەیەك بەتەمەن و کەساس بەدی دەکرا.

نون یەکسەر ئەو پیاوەی ناسیەوەوە و وتی: پێشتر ئەم پیاوەم بینیوە و ڕوخساری بەلامەوە نامۆ نیە.

ئەو پیاوەی کە"نون" وتی لەخێڵی"لاوی"ە، بەڕادەیەك باریك و لاواز بوو کە پەراسوەکانی بەتەواوی بەرجەستە و دەرپەڕیبون و بەتەواوی ڕەنگ بەڕوخساریەوە نەمابوو. موسا لەو ساتە بەدواوە بەردەوام ئاگای لەلای کابرای خێڵی"لاوی"نەژاد بوو و ئاگاداری ئەوە بوو کاتێك ویستی بجوڵێتەوە لەماندویەتیاندا چاوەکانی نوقاند.

پاسەوانەکەش قامچییەکی بەهێزی دا لەپشتی و هاواری کرد: لەکاتی شەو و لەجێکە خەودا مرۆ دەخەوێت.

بەلام ئەو پیاوەی لەبەرئەوەی بەرگەی ئەو قامچییەی نەگرت کەوتە سەر زەوی. کۆیلەکانی تر هەوڵیاندا بەدەنگێکی بەرز هاواری بەسەردا بکەن بۆئەوەی هانی ئەوەی بدەن هەستێتەوە سەر پێ، بەلام ئەو پیرەمێردە چیتر هەڵنەستایەوە، پاسەوانیش دەستی بەلێدانی قامچی کرد بەلام بێسود بوو!

"موسا"ش کاتێك بینی کابرای پاسەوان دەستە لەلێدانی هەڵناگرێت ڕۆشتە پێشەوە و پێی وت: لێی مەدە خۆم هەڵیدەستێنمەوە، بەلام کاتێك لێی نزیك بویەوە بینی کابرای پیرەمێرد کۆچی دوایی کردووە.

لەوکاتەدا تورەیی موسا وروژا و بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت قامچییەکەی لەدەستی کابرای پاسەوانی گرت و فڕێی دا و بەیەك موشت کابرای پاسەوانی تەختی زەوی کرد. بەو مشتەی ئێسقانی ڕوخساری ئەو کابرایەی شکاندبوو و ئەوکاتەش کە تەختی زەوی بوو سەری بەر بەردێك دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات. پاسەوانانی ئامادە بەبینینی دیمەنی کوشتنی هاوکارەکەیان دەستیان

PDF 4 KURD

لەکارەکەیان هەڵگرت و واق و وڕماو لەجێی خۆیاندا وشك بون. "نون"یش کە بەئاگاییەکەوە تەماشای ئەم دیمەنەی دەکرد بینی چەند چاودێرێك هاتن بۆئەوەی لێکۆڵینەوە لەو ڕوداوە بکەن و ئەویان بەمردوویی بینی و ڕویانکردە موسا و لێیان پرسی: تۆ ئەو پاسەوانەت کوشت؟

موسا وەڵامی نەدانەوە.

کابرای چاودێر پرسی: چی بوو بەهۆی ئەوەی کارێکی وا بکەیت؟

موسا بەدەستی ئاماژەی بۆ کابرای پیری مردوو کرد.

وەك بڵێی کابرای چاودێر سەیرترین وەڵامی تا ئەو کاتە بەرگوێ کەوتبێت، بۆیە وتی: پاسەوانێکت لەپێناوی ئەم کۆیلە هیچ و پوچەدا کوشت؟

لەمکاتەدا"نف"ی تەلارساز کاتێك ئاگاداری ئەم ڕوداوە بوو هاتە شوێنی ڕوداوەکە و پرسی کێ ئەو پاسەوانەی کوشتووە؟ هەمویان بەدەستیان"موسا"یان پێنیشان دا. "نف"تەلارساز بەچاو لایەنگری کرد و موسا بەسەری.

"نف"ی تەلارساز لێی پرسی: بۆچی؟

"موسا"ش ڕوداوەکەی بۆ گێرایەوە و دوای ئەوە وتی: دەمویست لەبارەی شتێکەوە گفتوگۆت لەگەڵدا بکەم.

"نف"ی تەلارساز وتی: دەزانم دەتەوێت لەبارەی چیەوە گفتوگۆم لەگەڵدا بکەیت، لەئێستادا تۆ بڕۆ بۆ پایتەخت تا ئەوکاتەی دەگەڕێمەوە و چاوم پێت دەکەوێت. موسا و نون گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان دوای ماوەیەك دایان لەدەرگا و"نون"دەرگاکەی کردەوە و بەرپرسی میراتی فەرمانڕەوایی لەگەڵ ژمارەیەك چەکداردا بینی کە چواردەوری ماڵەکەیان دابوو.

بەرپرسی میراتی فەرمانڕەوایی وتی: فیرعەون دەیەوێت چاوی بە"موسا"بکەوێت و هەرئێستاش دەبێت بڕوات بۆلای. "ستی موسا"ی بەرپرسی میراتی فەرمانڕەوایی خۆی کرد بەماڵەکەیاندا و داوای لەموسا کرد خۆی ئامادەبکات. "موسا"ش ناچار لەگەڵیاندا ڕێگای کۆشکی گرتەبەر و لەبەردەم فیرعەوندا ڕاوەستا.

PDF 4 KURD

فیرعەون هاواری کرد: هەمووتان بڕۆنە دەرەوە. بێ لەمن و موسا هیچ کەسێك لەم ژوورەدا نەبینم.

دوای ئەوە وتی: تۆ یەکێکت لەکەسەکانی ئێمە کوشتووە.

موسا وتی: ئەویش یەکێکی کوشتووە.

فیرعەون وتی: بەڵام ئەوەی ئەو کوشتی کۆیلە بوو، بەڵام ئەم پیاوە میسریە و لەخزمەتکارانی پەرستگا بووە.

موسا وتی: پەرستگایەك کە هێشتا دروست نەکراوە پێویستی بەخزمەتکار نیە.

فیرعەون وتی: مەگەر ئەو لەپەرستگای"ئوزیریس"کاری نەدەکرد، هەرکەسێك لەوێدا کار بکات، لەهەمان ئەو ساتەوە بەخزمەتکاری ئەو پەرستگایە لەقەڵەم دەدرێت. ئیتر ئەو پەرستگایە تەواو کرابێت یان نیوەچڵ بێت، سەرەڕای ئەوەش کوشتنی خزمەتکارێك لەگەڵ کوشتنی کاهینێکدا هیچ جیاوازیەکی نیە و سزاکەشی مەرگە ئیتر بکوژەکەش تۆ بیت کە شازادەیت.

فیرعەون ئەوندە هەڕەشەی لە"موسا"کرد تا ئەوکاتەی کاسەی دانبەخۆداگری موسا لێی ڕژا و وتی: مـن ئەو پاسەوانەم کوشت لەبەرئەوەی ئەویش یەکێك لەهاونەژادەکانی منی کوشتووە!

فیرعەون پرسی: بەواتا ئەو کۆیلەیەی کە کوژار لەهاونەژادەکانی تۆ بوو؟ چۆن؟

موسا وتی: ئەگەر نازانی ئێستا بزانە، من لەنەژادی ئیسرائیلم، ئەو کۆیلەیەش لەنەژادی ئیسرائیل و لەخێڵی"لاوی" لەهەمان خێڵەکەی منە... دوای ئەوە موسا پێی وت: ئەی فیرعەون من شێت نیم و کوڕی"ئنخاس ئامون"یش نیم، ئەو منی لەڕوباری نیل لەناو سەبەتەیەکدا گرتووەتەوە و کردمی بەکوڕی خۆی! باوکم ناوی"عمران"ە و ئەویش یەکێك بوو لەکۆیلەکانی تۆ و...

فیرعەون بەبیستنی سەرگوزەشتەی موسا کە هەموو شتێکی ئەو گوتانە بەلایەوە تازە بوو"مات" و سەرسوڕما و بێدەنگ تەنها تەماشای موسا دەکرد.

کاتێك کۆتایی بەقسەکانی موسا هات، فیرعەون وتی: مەبەستت لەم درۆکردنە چیە؟ئەگەر دەتەوێت سزایەکی سوکترت بەسەردا بسەپێنم شێوازی گفتوگۆکانت بگۆڕە، چونکە ئەم داستانەی بۆت باسککردم جێی باوەڕ نیە؟

PDF 4 KURD

مواس وتی: من درۆت لەگەڵدا ناکەم.

فیرعەون وتی: بۆچی تا ئەوکاتەی دوچاری تاوانێکی ئاوا نەبویت باسی ئەم نهێنیەت بۆ نەکردم؟

موسا وتی: چونکە تا ئێستا هیچ کەسێك یەکێك لەهاونەژادەکانمی نەکوشتووە بۆئەوەی منیش تۆڵەی لیّ بکەمەوە، هۆکاری کوشتنی ئەو پاسەوانەش ئەوەبوو کە هاونەژادیەکی منی بەربەرچاوی خۆمەوە کوشت.

فیرعەون وتی: لەوانەیە بتەوێت بەم قسانەت خۆکوژی بکەیت؟

موسا وتی: نەخێر لەڕاستیدا دەمەوێت بەم ناسنامە ڕاستەقینەمەوە زیندوو بمێنم.

فیرعەون پرسی: ئایا تائێستا باسی نەژادی ڕاستەقینەت بۆ هیچ کەسێکی تر کردووە؟

لەم کاتەدا موسا ڕاوەشا و وتی: هیچ کەسێکم لیّ ئاگادار نەکردووەتەوە.

فیرعەون وتی: تۆ نهێنی لەدایك بونی خۆتت بۆ"نف"ی تەلارساز نەگێڕاوەتەوە.

موسا کەمێك ڕاوەستا و وتی: بۆ ئەویشم نەگێڕاوەتەوە.

فیرعەون وتی: تۆ بەئاشکراکردنی ئەم نهێنیە فەرمانی مەرگی خۆتت دەرکردووە، هەروەها دەبێت لەو"نف"ی تەلارسازیش بپرسم..... دوای ئەوە فەرمانی دەستگیرکردن و چاودێری کردنی"موسا"ی دەرکرد.

نون لە موسای پرسی: بۆچی چواردەوری ئەمماڵەیان داوە؟

موسا وتی: لەبەرئەوەی سبەی بەیانی دەیانەوێت بمکوژن، تەنها ئەمشەو ڕێیان پێداوم بەزیندوویی بمێنمەوە، لەبەرئەوە لەوانەیە گیانی تۆش لەژێر هەڕەشەی مەرگدا بێت، بۆیە باشتر وایە خشڵ و زێڕ و ئەوەی پێویستت پێیەتی لەگەڵ خۆتتدا ببە و پاشماوەی ژیانت بەخۆشی و شادی تێپەڕێنیت.

نون وتی: مەحاڵە.

موسا وتی: من نهێنی لەدایك بونم بۆ فیرعەون باسکرد بەدڵنیاییەوە هەرلەبەرئەوەش دەمکوژێت.

PDF 4 KURD

لەوکاتەدا هەردوکیان بێدەنگ بون. لەمکاتەدا پاسەوانەکان دەرگای ماڵەکەیان بەپەلە کردەوە و جەستەیەکی خوێنینیان فرێدایە ناو ماڵەکەوە. نون و موسا ڕۆشتنە پێشەوە و یەکسەر جەستەی"نف"ی تەلارسازیان ناسیەوە.

لەنیوەشەودا موسا بە"نون"ی وت: نامەوێت لەبەرامبەر مەرگدا خۆم بدەم بەدەستەوە، بەڵام کاتێك فیرعەون فەرمان دەربکات دەبێت ئەو فەرمانە جێبەجێ بکرێت.

نون وتی: لەم ساتەدا مەرگ و ژیانت بەدەستی خودی خۆتەوەیە،

موسا وتی: بەچ شێوەیەك؟

نون وتی: ئەگەر لەماڵەدا بمێنیتەوە سبەی دەتکوژن. ئەگەر هەڵبێیت خۆت لەمەرگ ڕزگار دەکەیت.

موسا وتی: تۆ مەبەستت ئەوەیە لێرە هەڵبێین.

نون وتی: بەڵێ، تەنها ڕێگای ڕزگار بون هەڵهاتنە.

موسا وتی: مەبەستت ئەوەیە پاسەوانەکان بکوژین.

نون وتی: ئێمە نامانەوێت هیچ کەسێك بکوژین، بەڵام ئەگەر هێرشیان بۆ بردین، ئەوا ناچار دەبێت بەرگری لەخۆمان بکەین... دوای ئەوە وتی: ئێمە دڵنیاین لەوەی سبەی بەکوشت دەدرێین، لەبەرئەوە بۆ ڕزگاربونمان لەم قەیرانە جگە لەهەڵەشەیی و بوێری هیچ ڕێگەچارەیەکی ترمان لەبەردەستدا نیە.

لەوکاتەدا"موسا"شمشێرەکەی گرت بەدەستەوە و بە"نون"ی وت: ئەوەی بەپێویستی دەزانی لەگەڵ خۆتدا هەڵیگرە، کەمێك خواردنیش بێنە، چونکە ئەگەر لەم هەڵهاتنەماندا سەربکەوین، دەبێت بۆماوەیەك خۆمان بشارینەوە!

دوای ئەوە وتی: بەجوڵەیەکی کتوپڕ و خێرا بێ ئەوەی پاسەوانەکانی ئاگایان لێ بێت لەماڵ دەڕۆینە دەرەوە، پاسەوانەکانی چواردەوری ماڵی موسا لەچوار کەس زیاتر نەبون، دوانیان لەپێش ماڵەکەوە و یەکێکیان لەسەربان و ئەویتریان لەپشتی ماڵەکەوە پاسەوەنی دەکرد. "موسا و نون"بەپێی ئەو بڕیارەی دابویان بەجوڵەیەکی برق ئاسا لەماڵ هەڵهاتن. موسا و نون بەبەردەوامی پشتیان بەیەکتریەوە چەسپاندبوو و بەرەودواوە هەنگاویان دەنا لەوکاتەدا دو پاسەوانەکەی

PDF 4 KURD

بەردەمیماڵەکەیان بریندار کرد، بەڵام هاواری ئەو دوانە دو پاسەوانەکەی تری ئاگادار کردەوە و دوای موسا و نون کەوتن. جەنگی دو بەدوو تا کەناری ڕوباری نیل بەردەوام بوو. تا سەرئەنجام یەکێك لەپاسەوانەکان کوژرا و ئەویتریان گەڕایەوە بۆئەوەی هێزێکی زیاتر بهێنێت. "نون و موسا"گەشتنە کەنار ڕوباری نیل و بەدەم سەوڵ لێدانەوە بەخێرایی خۆیان لەکەنار دور خستەوە، بۆئەوەی پێش هەڵهاتنی خۆر لەشوێنێکدا خۆیان حەشار بدەن. بۆیە"گەمی"کەیان بۆ شوێنێك برد کە زەل و گیایەکی زۆری تێدا ڕوابوو. ئەو دوانە بەهۆی بونی خواردن و ئاوی"نیل"ەوە لەخورد و خۆراکەوە هیچ کێشەیەکیان نەبوو. تەنها مێروولە گەزندەکان نەبێ کەمێك ئازاریان دەدان. ئەو دوانە لەنێوەندی شەخەڵی ئەو گیایەدا لەناو"گەمی"کەیاندا تا کاتی خۆرئاوابون خەوتن، بۆئەوەی لەتاریکی شەودا ڕێگای باکور بگرنەبەر. موسا و نون بەڕۆژدا خۆیان دەشاردەوە و بەشەویش ڕێیان دەکرد. لەڕۆژی چوارەمدا خۆراکیان تەواوبوو، بەڵام ڕوباری"نیل"سەرچاوەی جۆرەها خواردن بوو، لەماسیەوە بگرە تا مراوی و باڵندەیەکی زۆری بۆ ڕاوکردن تێدابوو. ئەو دوانە بەوشێوەیە خۆیان گەیاندە وڵاتی"کوش".

موسا وتی: دەبێت وڵاتی کوش بەجێ بهێڵین و خۆمان بگەیەنینە بیابانی"سینا"، بەڵام کاتێك بەلای"کوش"دا تێدەپەڕین دەبێت ئاگامان لەخۆمان بێت. لەبەرئەوەی پیاوەکانی فیرعەون بەهەموو شوێنێکدا بڵاو بونەتەوە و کاتێك چاویان پێمان بکەوێت یەکسەر دەستگیرمان دەکەن. ئێمە دەبێت بەنێو"کوش"دا تێپەڕین تا ئەوکاتەی خۆمان دەگەیەنینە بیابانی"سینا"، بەنێو بیابانی"سینا"شدا تێپەڕین تا ئەوکاتەی خۆمان دەگەیەنینە وڵاتی"کەنعان". جلوبەرگی موسا و نون هەمان ئەو جلوبەرگانە بوو کە لەکاتی هەڵهاتندا لەبەریاندا بوو و بەجلێکی ئاواشەوە نەیاندەتوانی بەرگەی سەرمای بیابانی"سینا" بگرن. ئەوانە بەهەر شێوەیەك بووە خۆیان گەیاندە سەرتای بیابانی"سینا" و پیاوێکیان بەسوار وڵاخێکەوە بینی کە تەنها چاوێکی هەبوو.

نون سڵاوی لێکرد و لێی پرسی: لێرە چی دەکەیت؟

PDF 4 KURD

پیاوی یەك چاویش پێش ئەوەی وەڵامی بداتەوە وتی: تۆ پێم بڵێ لەگەڵ ئەو پیاوەی کە لەشتێك هەڵدێت بۆئەوەی بەشتێکی تر بگات کێیە؟

"موسا و نون"تەماشایەکی یەکتریان کرد و موسا لێی پرسی: بەهەرحاڵ تۆ کێیی؟

ئەو پیاوە وتی: من جادوگەرم. ئەگەر بتەوێت دەتوانم پێشبینی ئایندەت بۆ بکەم، بگرە دەشتوانم مرۆڤەکان بکەم بەئاژەڵ.

موسا پرسی: بەچ شێوەیەکی مرۆڤ دەکەیت بەئاژەڵ؟

کابرای یەك چاو بەسەر وڵاخەکەیەوە وتی: ئەم وڵاخەی کە سواری بوم ڕۆژانێك مرۆڤ بووە! بەو شێوەیە هەوڵیدا کەرەستەی سیحر بە موسا و نون بفرۆشێت بۆئەوەی خۆشبەخت بن.

موسا وتی: باشتر وایە ئەو کەرەستەیە بۆ خۆت بەکار بهێنی بۆئەوەی لەم بیابانەدا سەرگەردان نەبیت!

موسا و نون دوای چەند ڕۆژێك ڕێکردنی بەردەوام گەشتنە ئاواییەك کە لەدورەوە چەند دارخورما و خانوویەکیان بینی، زانیان کە لەئاوی شیرین نزیك بونەتەوە. کاتێك موسا و نون خۆیان کرد بەو ئاواییەدا، خۆر لەحاڵی ئاوابوندا بوو، ئەو دوانە خۆیان گەیاندە لای بیرە ئاوێك، نەریتی ئەو ئاواییە وابوو هەر بیانیەك بڕواتە سەر ئەو بیرە ئاوە دەبێت بانگێشتی ماڵەکەی خۆیان بکەن، کۆچەر بەسەر بیرە ئاوەکەوە ڕادەوەستا بۆئەوەی کەسێك دەربکەوێت و ئەو لەتینویەتی و برسیەتی ڕزگار بکات و شەویش لەو ماڵەدا بخەوێت. کاتێکیش خەڵکەکە دەیانویست کابرای نامۆ ببەنە ماڵەکەی خۆیانەوە، سەرەتا بارودۆخی کابرایان هەڵدەسەنگاند بۆئەوەی بزانن سبەی ئەو شەوە کاتێك ئەو پیاوە ماڵەکەیان بەجێ دەهێڵێت چەنێك زێڕیان پێدەدات! هەندێکیشیان بێئەوەی چاویان بڕبێتە زێڕ و زیو گەشتیارەکانیان دەبردەوە بۆماڵی خۆیان.

موسا و نون لەسەر یەکەمین بیر کەپێی گەشتن دانیشتن و بینیان ڕانە مەڕێکی بچوك لەگەڵ کچێکی لاودا بەرەوڕویان دێت. کاتێك مەڕەکان گەشتنە سەر قەمی ئاو خواردنەوەکەیان کچ ڕۆشتە سەر بیرە ئاوەکە و ئاوی هەڵکیشایە سەرەوە، کچە

PDF 4 KURD

بەوشێوەیە بەخێرایی و بەردەوامی ئاوی هەڵدەکێشا و دەیڕشتە ناو قەمی ئاو خواردنی مەڕەکانەوە. مەڕەکانیش بۆ خواردنەوەی ئاو فشاریان دەخستە سەر یەکتری. لەوکاتەدا موسا هەوڵیدا لەهەڵکێشانی ئاودا هاوکاری ئەو کچە بکات.

هەر بۆ ئەو مەبەستە هەستا و لەو کچە نزیك بویەوە و وتی: دەتەوێت هاوکاریت بکەم؟

کچەش بەدەم ئاوکێشانەوە لێی پرسی: بۆچی دەتەوێت هاوکاریم بکەیت؟

گوتەی زبری کچە وای لەموسا کرد پاشەکشە بکات، کچەش زەردەخەنەیەکی کرد و لێی پرسی: ترسایت؟

موسا وتی: لەچی بترسم؟

کچە وتی: لەمن.

موسا وتی: نەخێر لەتۆ نەترسام.

کچە وتی: کەواتی لەبیرەکە ترسایت کە بووە هۆی ئەوەی بەوشێوەیە پاشەکشە بکەیت؟

موسا وتی: نەخێر لەبیرەکەش نەترسام.

کچەش وتی: کەواتە بۆچی بەترس و تۆقاویەکەوە پاشەکشەت کرد.

نون خۆی خستە ناو گفتوگۆکەوە و وتی: کاتێك گەورەم زانی تۆ پێویستت بەهاوکاری نیە و تۆش بەو لێهاتوییەوە ئاو دەکێشیت، حەزی نەکرد ببێتە مایەی دەردیسەریت.

کچە وتی: هەڵکێشانی ئاو ئەوەندەش پشت بەزۆری باڵ و بازوو نابەستێت، بەڵکو ئەزمون و بەردەوامی هەوڵدان لە زۆر و هێز باشترە. ئێستاش ئەگەر دەتانەوێت تاقی بکەنەوە، فەرموو ئەمە سەتڵ و ئەوە بیرەئاو.

نون بەهۆی ئەوەی ئەویش وەك ئەو پێشتر بەژیانێکی ئاوادا تێپەڕیوە توانای لەکچەی شوان کەمتر نەبوو، بۆیە لەوکاتەدا ویستی بڕوات و ئاو بکێشێت.

بەڵام موسا وتی: سەرەتا من تاقی دەکەمەوە.

سەرەڕای ئەوەی موسا پشتی بەلاویەتی و هێزی بازوی بەستبوو بەڵام نەیتوانی لە دە سەتڵ زیاتر هەڵکێشێت، ئەوکات بۆی دەرکەوت کچەی شوان ڕاست دەکات،

PDF 4 KURD

چونکە زۆر ماندوو بوو، لەکاتێکدا ئەو لەو زیاتر ئاوی هەڵکێشا سەرەڕای ئەوەش توانای ئەوەی تێدا بوو ئەوەندەی تر سەتڵە ئاو هەڵکێشێت و هێشتا وەك ئەو ماندو نەبوبو.

کاتێك موسای بەو حاڵەوە بینی وتی: نۆرەی منە ئاو هەڵکێشم.

بەوپەڕی سەرسوڕمانی موسا و کچی شوان بەتوانایەکی تایبەت بەخۆی بەخێراییەکی زۆر ئاوی هەڵدەکێشا و بووە مایەی سەرسوڕمان و سەرنج ڕاکێشانی موسا و کچەی شوان. لەکۆتاییدا بێنەوەی بۆماڵەکەی خۆی میوانداریان بکات یان هیچ نەبێ سوپاسیان بکات ڕۆشت و لێیان دور کەوتەوە.

موسا سەری سوڕما و نون وتی: لێرەدا بۆ کارێك کە بۆ کەسانی تر ئەنجامی دەدەیت سوپاست لێ ناکرێت، چونکە وەك ئەرکێك لەقەڵەم دەدرێت. ئەو دوانە دوای ماوەیەك کۆمەڵێك لەخەڵکی ئەو ئاواییەیان بینی کە لەبیابانەوە بەرەو ماڵ دەڕۆشتنەوە، بەڵام هیچ یەك لەوانە بانگێشتی ماڵی خۆیانیان نەکردن.

بۆیە موسا بەسەرسوڕمانەوە بەنونی وت: دەبێت ئەمشەویش لەبیاباندا بخەوین، بۆچی هیچ کەسێك میوانداری ماڵەکەی خۆیمان ناکات؟

نون وتی: هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جلوبەرگە بەنرخەکانی تۆ، چونکە خەڵکی ئەم ئاواییە وا لێکی دەدەنەوە کە نۆکەرەکانت خزمەتت دەکەن و ئەوانیش کاتێك میوانداری تۆ بکەن ناچار دەبن جێی نۆکەرەکانیشت لەماڵەکەیاندا بکەنەوە و ئەمەش لەتوانای ئەواندا نیە. بۆیە ئەمشەو دەبێت لەناو باخە خورماکەدا بخەوین. هیچ نەبێت ئاوێکی زۆری شیرین لەبەردەستماندایە.

کاتێك ئەم دوانە ویستیان بیرەکە بەجێ بهێڵن و ڕێگا باخە خورماکە بگرنەبەر بۆئەوەی لەژێر داخورماکاندا بخەون، بینیان هەمان ئەو کچە جوانە لەگەڵ کۆمەڵێك کچی تری ئاواییدا بەرەو ڕوویان دێن.

کچێك لەموسا نزیك بویەوە وتی: "چژۆ"ی باوکم بەمن و خوشکەکانمی وت بێین بۆ ئێرە و ئێوە بۆ نانخواردنی ئێوارە بانگێشتی ماڵی خۆمان بکەین.

موسا وتی: "چژۆ"ی باوکت جوتیارە یان شوان؟

کچی لاویش وەڵامی دایەوە: هیچ کامیان.

PDF 4 KURD

موسا وتی: ئەگەر باوکت شوان و جوتیار نەبێت، ئەی کەواتە چ کارەیە؟

کچە وتی: باوکم کاهینە.

موسا دوبارە لێی پرسی: ئەمانە خوشکی تۆن؟

کچە وتی: بەڵێ.

موسا لێی پرسی: ناوت چیە؟

کچە وتی: ناوم"سفورە"یە. ئێستاش با بڕۆین چونکە باوکم چاوەڕێمان دەکات.

موسا وتی: بەمەرجێك دێمە ماڵتان، ئەو مەرجەش بەهای ئەو خواردنەی لەماڵتان دەیخۆین پێتان بدەین، هەروەها کرێی شوێنی خەویشمان لێ وەربگرن.

"سفورە"وتی: نازانم و لەو بڕوایدا نیم باوکم دڵی بەم پێشنیارەی تۆ خۆش بێت.

کاتێك بەدەم ڕێوە بەردەوامیان بەگفتوگۆکەیان دەدا"سفورە"وتی: من بەباوکم وت ئێوە دوو کەسن، نۆکەرێك و خاوەندارێك.

موسا وتی: دەبینی کە ئێمە دوو کەسین، بۆیە بەڕوای نازانم خێزانەکەتان بەرگەی ئەرکی هەردووکمان بەخۆڕایی لەئەستۆ بگرێت، بۆیە باوکت چ حەز بکات و چ حەز نەکات من کرێی ئەم میوانداریەتان پێ دەدەم.

کاتێك هەموویان گەشتنە ماڵی کاهین هێشتا هەوا بەتەواوی تاریك نەبوبو و"چڕۆ"لەبەردەم ماڵەکەیدا چاوڕێی دەکردن. پیرەمێرد بەڕیش و ئەبرۆیەکی پان و سپیەوە بەخێرهاتنی"موسا"ی کرد و داوای لێکرد بڕواتە ژورەوە. "سفورە"چرایەکی بۆ ڕوناکی داگیرساند. موسا دانیشت بەڵام نون نەڕۆشتە ژور و لەدەرەوە مایەوە، چونکە نەیدەویست لەگەڵ "موسا"ی خاوەنیدا لەیەك ڕیزدا دانیشێت.

موسا بانگی کرد: نون وەرە ژورەوە.

ئەوکات ڕۆشتە ژورەوە.

موسا وتی: نون برای منە.

PDF 4 KURD

نـون وتـی: خاوەنەکـەم لـەمیهرەبانی خـۆی مـن بـەبرای خـۆی بـانگ دەکـات. لەکاتێکـدا مـن نۆکـەری ئـەوم. لـەو ڕۆژەوەی بومەتـە کۆیلـە و خزمـەتکاری، خـۆم بەکەسێکی خۆشبەخت و ئازاد دەزانم.

"چـژو" بـە"موسـا"ی وت: "سـفورە"ی کـچم پێـی وتم تـۆ بۆئـاودانی مـەڕەکان لەهەڵکێشانی ئاودا هاوکاریت کردووە، منیش لەبەرئەوە بانگم کردی بۆ ماڵەکەی خۆم بۆئەوەی لەڕێی ئەم میواندارییەمەوە سوپاسگوزاریت بکەم.

موسا وتـی: ویستم هاوکاری کچەکەت بکەم بەڵام تـەنها خـۆی دەیتـوانی ئـاوی مەڕەکانی بدات و نەیهێڵا هاوکاری بکەم.

"چژو" وتـی: لێرەدا نـەریت نیە پیاو هاوکاری ژن بکات. ژنان بـۆ خۆیـان ئـاو هەڵدەکێشن و پیاوانیش بۆ خۆیان، تۆ خـەڵکی کوێیت کە ڕێت لـەم شوێنە وێڵە کەوتووە، زۆر بەلامانەوە سەیرە کە تۆ لەم ناوچەیەدا دەبینین، چونکە ئێرە ئەوەندە دور و پێچە کە کەم کەسانێکی وەك تۆ لێرەوە تێدەپەڕن. بەسەروچاوتدا دیارە کە وەجاخزادە بیت.

موسا وتی: بۆچی من بەوەجاخزادە بانگ دەکەیت؟

"چـژو"وتـی: تـەواوی هێماکـانی وەجـاخزادەیی چ لـەڕوی جلوبەرگـەوە و ڕوخسارتەوە یان لـەڕوی شکۆمەندیتەوە پێوە دیارە، هەرکەسێك ئـەو پیـاوەی تـۆ دەڵێیـت نۆکـەری منـە ببینێـت وا هەسـت دەکـات تـۆ لەخۆشـگوزەرانیدا دەژیـت، لەوەش گرنگتر تواناى تۆ بۆ ئاو هەڵکێشان و هاوکاری کردنی"سفورە"ی کچم.

هـەروەها چـژو وتـی: ئەگـەر بەهەڵـەدا نەچـوبێتم لەمیـسرەوە هاتویـت، بـەڵام لەوباوەڕەدا نیم میسری بیت.

موسا وتی: وایە ئێمە میسری نین.

چژو لێی پرسی: ئەی کەواتە خەڵکی کوێن؟

موسا وتی: خەڵکی وڵاتێکین کە لەوانەیە تۆ نەزانیت دەکەوێتە کوێوە و هـەرگیز ناویت نەبیستبێت. ئێمە خەڵکی وڵاتی"کوش"ین.

چژو وتی: "کوش" هەمان ئەو وڵاتە نیە کە دەکەوێتە ڕۆژهـەڵاتی ڕوباری نیلـەوە و خێڵی"ئیبراهیم"ی تێدا نیشتەجێیە؟

PDF 4 KURD

موسا لێی پرسی: مەگەر تۆ ئیبراهیم دەناسیت؟

کاهین وتی: هەموو خەڵکی ئەم ناوچەیە ئیبراهیم دەناسن. پیاوێکی چاك کە سەرەتا لەگەڵ خێڵەکەیدا دوای ئەوە لەبیابان کۆچیان کرد و ڕۆشتن بۆ وڵاتی"کوش"و ئێشتا لەوێ ماونەتەوە. هەموو خەڵکی ئاگاداری سەرکوزەشتەی"یوت" و برازاکەی"لوت"ن.

لەوکاتەدا کابرای کاهین تەماشایەکی سەرتاپای"موسا"ی کرد و وتی: دیارە لەوڵاتی"کوش"دا خۆشگوزەرانیە.

موسا وتی: بارودۆخی خەڵکی"کوش"زۆر خراپە، چونکە خەڵکی میسر بۆ بێگاری دەیانبەن بۆ وڵاتی خۆیان.

چژو لێی پرسی: کەواتە تۆ ژیانێکی خۆشت هەیە و وەك ئەوان کۆیلە نیت؟

موسا وتی: بارودۆخی ئێمە لەگەڵ خەڵکی"کوش"دا زۆر جیاوازە، خێڵی"ئیبراهیم"یەکێکن لەنەگبەتبارترین خێڵی ئەم سەرزەویە.

کاهین وتی: بۆچی؟

موسا وتی: چونکە هەمویان کۆیلەن. دەبێت بەخۆڕایی بۆ فیرعەون کار بکەن.

چژو لێی پرسی: بۆچی تۆ نەبویت بەکۆیلە؟

موسا وتی: خۆم لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا پەروەردە کراوم و ڕۆژێکیشیان"نون"م وەك نۆکەرێك کڕی، دوای ئەوە باسی هەموو شتێکی بۆ کرد.

کاهین وتی: کەواتە بەپێی ئەم قسانەت چیتر ناتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ میسر، چونکە بەدڵنیاییەوە دەتکوژن؟

موسا وتی: وایە، ئێمە لەبەرئەوە لەمیسر هەڵهاتوین.

چژو لێی پرسی: ئێستا دەتانەوێت بڕۆن بۆ کوێ؟

موسا وتی: دەمەوێت بڕۆمەوە بۆ"کەنعان"وڵاتی باوباپیرانم.

کاهین لێی پرسی: "کەنعان"لەدوو ناوچە پێك دێت، ناوچەیەکیان ئاواییەکە لەژێردەستی"فەلەستینیەکان"دایە کە هیچ بێگانەیەك ناتوانێت پێی بنێتە ئەو

PDF 4 KURD

ناوچەیەوە. ناوچەیەکی تریان شوێنێکی وشك و بێئاو و گیایە کە بگرە گیانەوەریشی تێدا ناژیت، بگرە مشتێك گەنم و قومێك ئاوی تێدا پەیدا نابێت. بۆیە تۆ دەبێت چاوپۆشی لەچونت بۆ"کەنعان" بکەیت، چونکە ئەگەر بڕۆیت بۆ ناوچەی فەلەستینیەکان دەتکوژن. لەبیابانیشدا تینویەتی و برسیەتی لەناوت دەبات. ئەگەر حەز بکەیت دەتوانیت لێرە بمێنیتەوە، چونکە هەم ئاوی تێدا دەست دەکەوێت و هەم دەستی سیخوڕەکانی فیرعەونی پێناگات. من پێشەوای ئەم خێڵەم و حەوت کچ و کوڕێکم هەیە، کوڕەکەم ناوی"هباب"ە، پیاوێکە کە شارەزاییەکی تەواوی لەبواری گیاناسیدا هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی جەستەیەکی لاوازی هەیە بەکەڵکی سەرکردایەتی و پێشەوایی نایەت، کوڕێکی ترم نیە تا بیکەم بەجێنشینی خۆم. هەروەها سەرەڕای ئەوەی خێزانێکی قورسم لەئەستۆدایە، بەڵام ژیانم دابین کراوە، لەم ناوچەیەدا کاهینی کردن کارێکی زۆر ئاسانە.

موسا وتی: من ناتوانم بەپێچەوانەی بیروباوەڕم بژیم و ببمە کاهین.

کاهین وتی: ئێستا کەناتەوێت ببیتە کاهین، کەواتە بەچ شێوەیەك دەتەوێت بژێوی ژیانت دابین بکەیت؟

موسا وتی: من زێڕم هەیە و دەتوانم مەڕی پێ بکڕم و شوانی بکەم.

چڕۆ وتی: سەرەڕای ئەوەی ناتەوێت ببیتە کاهین، من ڕێ لەمانەوەت ناگرم، بەڵام چی لەژن و منداڵەکانت دەکەیت؟

موسا وتی: من ژن و منداڵم نیە.

چڕۆ لێی پرسی: ئایا ژن و منداڵەکانت مردون؟

موسا وتی: هێشتا ژیانی هاوسەریەتیم پێك نەهێناوە!

کاهین بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی: بگرە هەژارترین کەسی ئەم ئاواییە ژن و منداڵیان هەیە، تۆ بەچ شێوەیەك لەکۆشکی فەرمانڕەواییدا ژیاویت و ژیانی هاوسەریت پێك نەهێناوە، بیستومە هەر لەسەردەمی منداڵیدا هاوسەرێکتان بۆ دەستنیشان دەکەن.

PDF 4 KURD

موسا وتی: بەڵام خۆم نەمویست ژیانی هاوسەری پێك بهێنم.

لەم کاتەدا نون وتی: لەو ڕۆژەوەی بۆم بەکۆیلە ئەم خاوەنەم لەهیچ ژنێك نزیك نەبووەتەوە!

کاهین تەماشایەکی موسا کرد و وتی: ئەگەر کەموکورتیەکم لەتۆدا ببینیایە دەموت نەخۆشی، بەڵام پرسیارێك ئایا ئارەزوی ژن لەتۆدا بەدی دەکرێت؟

موسا وتی: بەڵێ ، بەتایبەت لەو کاتەوەی هاتمە ئەم ئاواییەوە دەمەوێت لەگەڵ ژنێکدا تێکەڵ بم.

چژو وتی: لەگەڵ کام ژن؟

موسا وتی: لەگەڵ"سفورە"ی کچت!

چژو وتی: پیرۆزت بێت، ئەگەر تۆ حەزت لە"سفورە"ی کچم کردووە ئەوا من هیچ قسەیەکم نیە بیکەم، هەرکاتێك خۆت بتەوێت دەتوانی ژیانی هاوسەری لەگەڵدا پێك بهێنیت، بەڵام هیوادارم لەم ئاواییەماندا بمێنیتەوە.

موسا وتی: دڵنیابە لەوەی لێرە دەمێنمەوە.

کاهین وتی: ڕانە مەڕی کچەکەشم پێ دەبەخشم.

موسا وتی: پێویستم بەڕانە مەڕەکەی تۆ نیە، بەڕادەی پێویست زێڕم هەیە کە چەند ئەوەندەی مەڕەکانی تۆی پێ بکڕم.

کاهین لێی پرسی: ناوت چیە؟

موسا وتی: ناوم"موسا"یە.

کاهینیش لەدوایەوە چەند جارێك ناوەکەی لەبەرخۆیەوە دوبارە کردەوە و لێی پرسی: ناوێکی ترت نیە؟

موسا وتی: تەنها یەك ناوم هەیە ئەویش"موسا"یە.

لەهەمان ئەو کاتەدا کچەکانی کاهین ماست و شیر و نانیان هێنا و هەمویان لەسەر سفرەی نان خواردن دانیشتن و"هباب"ی کوڕی کاهین لەوکاتەدا گەڕایەوە بۆ ماڵ.

PDF 4 KURD

کاهین بەکوڕەکەی وت: "هیاب"لەم ساتە بەدواوە کوڕێکی تازەم بۆ پەیدا بوو و ناوی"موسا"یە. دەیەوێت ببێتە هاوسەری"سفورە"، سبەی بۆ ئەم مەراسیمە چەند مەڕێك سەر ببڕە.

موسا وتی: ئەو کارە مەکە، خۆم مەڕ بۆ میوانداری و ئاهەنگی دەستگیران داری دەکرم، تەنها ئەرکی سەربڕینی ئەو مەڕانە لەئەستۆ بگرن، هەروەها مەڕەکانیش لەخودی"چژو"دەکرم!کاهینیش بەم پێشنیارە ڕازی بوو و سبە ئەو ڕۆژە موسا مەڕەکانی کڕی و"هیاب"سەری بڕین بۆئەوەی خەڵکی ئاوایی بەشداری لەم ئاهەنگەدا بکەن.

PDF 4 KURD

موسا و ژیانێکی نوێ

موسا زۆر لەماڵی "چڕۆ"دا نەمایەوە، چونکە دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتی لەگەڵ"سفورە"دا بڕیاری دا ماڵێك بۆ خۆی دروست بکات. لەو ناوچەیەدا کە لەدواییدا موسا زانی ناوی"میریان"ە ماڵێکی زۆری تێدا بوو، بەڵام ژیان لەماڵێکی ئاوا بچوك کە"موسا"هێشتا پێی ڕانەهاتبوو و بەوشێوەیەش بەلایەوە ئاسان نەبوو. بۆیە موسا دەستی بەدروستکردنی خانووەکەی کرد و "نون"ی نۆکەریشی ڕاسپارد ئەویش ماڵێك بۆ خۆیی دروست بکات.

نون لێی پرسی: بۆچی ماڵێك بۆ خۆم دروست بکەم؟

موسا وتی: تۆش وەك من دەبێت ژیانی هاوسەری پێك بهێنیت، دوای ژن هێنانیش پێویستت بەماڵ دەبێت، لەبەرئەوە پێشوەخت ماڵەکەت ئامادە بکە.

دوای ئەوە پێی وت: حەز دەکەیت ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچە گەورەکەی"چڕۆ"دا پێك بهێنیت؟ ئەو لە"سفورە"بچوکترە و لەخوشکەکانی تریشی گەورەتر.

نون وتی: ناوێرم پێشنیارێکی ئاوا بکەم.

موسا وتی: بۆچی؟

نون وتی: لەبەرئەوەی کچە گەورەی"چڕۆ"هاوسەری تۆیە و تۆ زاوای"چڕۆ"یت، بۆیە من لەئاستێکدا نیم کە لەگەڵ تۆدا ببمە "ئاوەڵ زاوا".

موسا وتی: چەندجارێك ئەوەم بۆ دووپاتکردیتەوە کە من و تۆ براین. چیتر لەم ساتە بەدەواوە داستانی خاوەندار و نۆکەرەکەی فەرامۆش بکە. خۆم پێشنیاری ئەوەم لێکردی، لەبەرئەوە سەرەتا دەبێت ماڵەکەت دروست بکەیت دوای ئەوە بیر

PDF 4 KURD

لەژنهێنانیشت بکەرەوە. خەڵکی "میریان"ئەوپڕی دڵسۆزیان بۆ"موسا"دەردەبڕی، بەڵام کەمێك دورەپەرێزیان لێ دەکرد، چونکە نەیاندەتوانی خۆیان لەگەڵ ئەودا بەیەکسان تەماشا بکەن بۆیە هەستیان بەکەمایەتی خۆیان دەکرد، لەبەرئەوەی ئەوان "موسا"یان لەخۆیان بەداناتر و تواناتر دەزانی. "نون"یش باسی "موسا"ی بۆ خەڵکی"میریان"کردبوو. موسا بەیەکێك لە شازادە ناپاسایییەکانی بارەگای فیرعەون لەقەڵەم دەدرا. "هباب"ی ژن برای"موسا"زیاتر لەگەڵ موسادا دەڕۆشت بۆ ناو بیابان و پێکەوە گفتوگۆیان لەبارەی سەوزایی و گیاکان دەکرد، "موسا"ش بوبە شوان و مەڕی دەچراند36. ڕۆژێکیان هەستی بەوە کرد کە گوێی لەدەنگێك بووە.

بۆیە بە"هباب"ی ژن برای وت: ئایا تۆ گوێت لەو دەنگە بوو؟

"هباب"گوێی گرت و وتی: نەخێر هیچ دەنگێکم بەرگوێ نەکەوتووە، مەگەر تۆ هیچ دەنگێکت بەرگوێ کەوتووە؟

موسا وتی: ئەم درەختە دەڵێت من"یەهود"م و دروستکەری تۆم!

"هباب"وتی: لەوانەیە باری تەندروستیت باش نەبێت و توشی خەیاڵپلاوی بوبێتیت. ڕۆژێکی هەمان پرسیاری لە"سفورە"ی هاوسەری کرد. "سفورە"ش کە لە"هباب"ی برای بیستبوو موسا لەبیاباندا گوێی لەدەنگێك بووە، بەبیستنی ئەو پرسیارە ڕۆچووە ناو هزری خۆیەوە و بیری لێکردەوە، بەڵام زۆر سەری لەم پرسیارە سوڕ نەما، چونکە لەو سەردەمەدا خەڵکی باوەڕێکی لەڕادە بەدەریان بە جادو و جادوگەری هەبوو و زمانی درەخت و کێو و تەپۆڵکەکانیان بەلاوە سەیر نەبوو. دانیشتوانی "میریان"بەبیستنی ئەوەی کێو و درەختەکان لەگەڵ"موسا"دا دەدوێن بەهیچ شێوەیەك بەلایانەوە سەیر نەبوو. ڕۆژێکیان دوای تێپەڕاندنی سێ شەو و ڕۆژ لەبیاباندا موسا گەڕایەوە بۆ ماڵ.

---

[36] چرا: وشەیەکی پاراوی کوردیە کە بەواتای لەوەڕاندن دێت، کاتێك بزن و مەڕ دەبەیت بۆ لەوەڕاندن هەندێکات بەم کارە دەوترێت"چراندن"بەواتا لەوەڕاند یان کاتێك کارە بزنێکی تازە فێری گیا خواردن دەبێت دەڵێن-ئەم کارە چرا بووە-بەواتا فێری گیاخواردن و لەوەڕاندبووە، سەرەڕای ئەوەی ئێمە بۆ ئەم حاڵەتە زاراوەی لەوەڕاندمان هەیە ، بەڵام"چرا یان چراندن یان دەچرێنن"زمانێکی ڕەچەتە و پاراوی کوردیە و دەبێت لەفەوتان بیپارێزین و وەك مەرادیفی هەر زمانێکی تری ئەم جیهانە بەکاری بهێنین... ... وەرگێڕ

PDF 4 KURD

سفور پێی وت: بەدڵنیاییەوە زۆر برسی و ماندویت، خواردنت بۆ بهێنم.

موسا وتی: نەبرسیمە و نەماندوم. ئەمڕۆ بیستم لەبیاباندا درەختەکان دەیانوت: تۆ خوشك و براکانی خۆت کە لەمیسردا مردون فەرامۆش کردووە. دەبێت کارێك بکەم.

سفورە وتی: منیش پشتوانیت دەکەم.

موسا وتی: لەئێستادا نازانم کەی بڕیاری ئەوە بدەم بڕۆم بۆ میسر.

دوای چەند ڕۆژێك"سفورە" کوڕێکی بۆ موسا دەبێت و بەپێی ئەو دەنگەی بیستبوی ناوی"یەهود"ی لێنا، کوڕی دووەمیشی ناوی"گرشوم"ی لێنا، -گرشوم-واتای کەسێك دەگەیەنێت کە دەبێت لەوڵاتی بێگانە بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی.

ڕۆژێکیان موسا لەبیابان گەڕایەوە و پیرێکی کوێری لەماڵەکەی خۆیدا بینی.

سفورە وتی: ئەم پیرەمێردە بیستویەتی کە یەکێك لە نەژادەکانی ئیسرائیل لەم ئاواییەدا نیشتەجێیە، سەردانی کردویت بۆئەوەی هاوکاری بکەیت.

موسا لێی پرسی: ئەی پیاو، تۆ لەکۆیلەکانی وڵاتی"کوش"یت؟

پیرەمێرد وتی: ئایا تۆ"موسا"نیت؟

موسا وتی: بەڵێ من موسام.

پیرەمێرد وتی: من کوێرم و بیستم کە تۆ لە"میریان"نیشتەجێیت، هاتوم بۆ لات بۆئەوەی هاوکاریم بکەیت بۆئەوەی خۆم بگەیەنمە شاری"ئالاس".

موسا وتی: تۆ کە کۆیلە بویت بەچ شێوەیەك ئازاد کراویت.

پیرەمێرد وتی: ئەوان کۆیلەیەکی کوێریان ناوێت، "فیرعەون"یش ئەگەر نازانیت فیرعەون نیە.

موسا وتی: بەچ شێوەیەك فیرعەون نیە؟

پیرەمێرد وتی: توشی نەخۆشی تیراوی"جذام"[٣٧] بووە، ئەمە جۆرێك نەخۆشیە کە گۆشتی جەستەی مرۆڤ دەگەنێت و خۆی دەخواتەوە و چارەسەریشی نیە.

---

[37] جذام: خۆرە یان"داء الاسد"ی پێ دەوترێت. بەکتریای نەخۆشی-خورە یان تیراوی- زۆر لەبەکتریای نەخۆشی"سیل"دەچێت و لەساڵی ١٨٧٠ لەلایەن"هاسن"دۆزراوەتەوە و لەئاسیا و ئەفریقا و هەندێك شوێنی

PDF 4 KURD

موسا وتی: بەو شێوەی تۆ باسی دەکەیت لەوانەیە پزیشکەکانی میسر پێیان ڕاگەیاندبێت ئەم نەخۆشیەت هیچ چارەسەرێکی نیە.

پیرەمێرد وتی: بەڵێ وایان پێ وتووە، تەنها ڕێگەچارەی ئەم نەخۆشیە خوێنی منداڵە تازە لەدایک بووەکانە کە هەموو ڕۆژێك دوو منداڵی بۆ دەکەن بەقوربانی نەخۆشیەکەی و خوێنی ئەو منداڵانە بەسەر جەستەی فیرعەندا دەماڵن. ترس هەموو دایك و باوکێکی گرتوەتەوە چونکە کاربەدەستانی فیرعەون لەهەموو شوێنێك بەدوای منداڵدا دەگەڕێن. تاکە ڕێگایەك کە ڕێ لەم کارە بگرێت بەرتیل دانە بەکاربەدەستانی فیرعەون تا ئەوکاتەی تەمەنی منداڵەکانیان دەگاتە دوو ساڵی دوای ئەوەی هەرەشەی مەرگیان لەکۆڵ دەبێتەوە. سەیر لەوەدایە ئەم منداڵانە بەئەنقەسەت لەوڵاتی "کوش" لەدایك و باوکیان زەوت دەکەن، هەر لەبەرئەوەش بەم تازەییانە هیچ کەسێك لە"کوش"دا ژیانی هاوسەری پێك ناهێنێت بۆئەوەی منداڵیان نەبێت و لەلایەن کاربەدەستانی فیرعەونەوە بفڕێنرێن و بیکەنە قوربانی خودی فیرعەون. وەچەی ئیسرائیل وردە وردە خەریکە بەتەواوی بنەبڕ دەبێت.

پیاوی نابینا وتی: تۆ کە"موسا"یت و بەهەموو توانایەکت بەرگری لەهاونەژادیەکانت دەکەیت، دەبێت کارێك بکەیت.

موسا وتی: تۆ لەکوێوە دەزانیت کە من ئامادەکاری و قوربانیەکی ئاوام تێدا بەدی دەکرێت.

پیرەمێردی کوێر وتی: ئەو ڕۆژەی لەکارگاکەی"نەف"ی تەلارسازدا ئەو پاسەوانەی پیاوێکی ئیسرائیلی کوشت و تۆش بەمشتێك لەناوت برد لەوێ بوم، ئەو سەردەمانە هێشتا کوێر نەبوبوم، دوای ئەوەش پیاوێکی جادوگەر هات بۆ پایتەخت و وتی، تۆی لە فلان بیاباندا بینیوە، بەڵام هیچ کەسێك باوەڕی پێ نەکرد، هەر بەوشێوەیە بەبەردەوامی بەدوای تۆدا دەگەڕێن.

ئەورروپا و ئەمریکا بڵاوبووە و دەکرێت بەدوو بەشەوە: یەکێکیان هێماکانی بریتیە لە هەڵئاوسان و دومەڵێك بەڕەنگی"مس" لەسەر پێستی مرۆڤ دەردەکەوێت کە وردە وردە هەمان ئەو دومەڵە دەبێتە کێم و برین. بەشی دووەمی ئەم نەخۆشیە بریتیە لە پەڵەی سپی و بێهەستی هەندێك لەئەندامەکانی جەستە بۆ نمونە لوت و دەست و پێ کە جوانیەکەیان تێك دەدات و دواجاریش لەناوی دەبات. سوڕی شاراوەی زۆر درێژخایەنە لەوانەیە دە یان پانزە ساڵ بخایەنێت... سەرچاوە"فەرهەنگی عەمید"... وەرگێڕ.

PDF 4 KURD

موسا وتی: تۆ ڕاستە دەکەیت ئەو کاتە بوو کە من و"نون"لەپایتەخت هەڵهاتین.

پیاوی کوێر وتی: ناوی"نون"یشم بەلاوە نامۆ نیە، لەوانەیە ماوەیەك لەوەوپێش ئەم ناوەم بەرگوێ کەوتووە، ئایا ئەو"نون"ە نۆکەری تۆیە.

موسا وتی: برامە.

پیرەمێرد وتی: ئێستا"نون"لەکوێیە؟

موسا وتی: لەم ئاواییەدا دەژیت.

پیرەمێرد وتی: ئێستاش کە دڵنیابوم لەوەی تۆ"موسا"یت، ئەوەت پێ ڕادەگەیەنم کە نەڕۆیت بۆ پایتەختی میسر چونکە لەهەموو شوێنێك بەدواتدا دەگەڕێن، ئێستا دەبێت بڕۆم بۆ"ئالاس" و تۆ دەبێت هاوکاریم بکەیت.

موسا وتی: تۆ بەکوێری ناتوانیت بڕۆیت بۆ"ئالاس". دەبێت گەشتیارێك هەبێت بڕوات بۆ"ئالاس" بۆئەوەی بتوانم تۆ پێ ڕاسپێرم لەگەڵ خۆیدا بتبات بۆ ئەوێ.

پیرەمێرد پێشنیاری"موسا"ی لا پەسەند بوو.

موسا دوای ئەوەی ئاگاداری چۆنایەتی بارودۆخی فیرعەون و بێبەزەییەکانی بوو چیتر ئۆقرەی لێ بڕا و ڕێگای کێوی"سینا"ی گرتەبەر بۆئەوەی بەشکم دوباری ئەو دەنگە ببیستێتەوە.

موسا هەستی بەلەرزینێك کرد و بیستی دەنگێك پێی وت: من خوای باوباپیرانی تۆم. من خودای "ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب"م

موسا سەری بەجلەکانی بەری داپۆشی و دوبارە بیستی هەمان ئەو دەنگە پێی وت: ئاگاداری بارودۆخی نەوە و خێڵی"ئیبراهیم"م و بڕیارم داوە ڕزگاریان بکەم، تۆ بڕۆ بۆ میسر و نەوەی"ئیبراهیم"لەمیسر دەربکە!

دوبارە هەمان دەنگ هاواری کرد: نەکەی لەفیرعەون بترسیت.

موسا وتی: بیستومە کە ئەگەری ئەوە هەیە مرۆڤ لەکێودا دوچاری خەیاڵپلاوی ببێت، بۆیە لەخۆم دەپرسم ئایا منیش دوچاری هەمان خەیاڵپلاوی بوم؟

هەمان ئەو دەنگە پێی وت: چیت بەدەستەوەیە؟

PDF 4 KURD

موسا وتی: گۆچانێك.

هەمان ئەو دەنگە پێی وت: گۆچانەکە فڕێ بدەرە سەر زەوی!

"موسا"ش گۆچانەکەی فڕێدایە سەر زەوی، یەکسەر دوای فڕێدان گۆچانەکە گۆڕا بە مارێکی زۆر مەزن، کە خودی"موسا"ش لەترساندا لێی هەڵهات،

هەمان دەنگ فەرمانی پێدا: کلکی مارەکە بگرە و بەرزی بکەرەوە، "موسا"ش هەمان کاری ئەنجام دا، و مارەکە دوبارە بویەوە بە گۆچان.

هەمان ئەو دەنگە نامۆیە وتی: بەخەڵکی ئیسرائیل بڵێ هاتویت بۆئەوەی ئەوان لەم نەهامەتیە ڕزگار بکەیت. ئەگەر باوەڕیان پێ نەکردی، لەبەرچاویاندا دووبارە گۆچانەکەی دەستت بگۆڕە بەمار بۆئەوەی بزانن کە گاڵتەیان لەگەڵدا ناکەیت.

کاتێك موسا گەڕایەوە بۆ"میریان"شەو لەنیوەش تێپەڕیبوو، بەڵام خەوی لێ نەدەکەوت تا ئەو کاتەی"نون"سەرلەبەیانیەکەی خۆی کرد بەژورەکەیدا.

نون پێی وت: گەورەم...

موسا قسەی پێ بڕی و وتی: ئەوە چەندجارێکە پێت دەڵێم پێم مەڵێ گەورەم، بەڵکو پێم بڵێ براکەم!

نون وتی: براکەم بۆچی وا ڕەنگ لەڕوتدا نەماوە؟ بەدڵنیاییەوە شتێکت بەسەردا هاتووە.

موسا وتی: دەبێت بڕۆم بۆ میسر.

نون وتی: بۆچی دەڕۆیت بۆ میسر؟

موسا وتی: چونکە خودای"ئیبراهیم و یەعقوب"فەرمانی پێداوم هەر ئێستا ڕێگای میسر بگرمەبەر.

لەمکاتەدا"سفورە"ی هاوسەری موسا خۆیی کرد بەژوردا و پرسیاری لێکرد چی ڕویداوە.

"موسا"ش وتی: ئەمڕۆ دەڕۆم بۆ میسر.

سفورە وتی: بۆچی دەڕۆیت بۆ میسر؟

PDF 4 KURD

موسا وتی: چونکە خودا فەرمانی پێداوم بڕۆم بۆ ئەوێ، هەر لەبەرئەوەش دەڕۆم.

سفورە وتی: کەواتە منیش لەگەڵ تۆ دێم.

موسا لێی پرسی: کێ سەرپەرشتی منداڵەکان بکات؟

سفورە وتی: منداڵەکانیش لەگەڵ خۆمدا دەهێنم.

نون وتی: منیش دێم و ژن و منداڵەکانیشم لەگەڵ خۆمدا دەهێنم.

PDF 4 KURD

فیرعەون لەترۆپکی خوێنخواریدا

موسا و نون دوای بەجێهێشتنی ئاوایی"میریان" گەشتنە"کوش" و دوای ئەوە یەکسەر دەستیان بەگەڕان بەدوای پیاوەکانی فیرعەوندا کرد بۆئەوەی بزانن ئایا لەوێن یان نە. بۆیان دەرکەوت کە پیاوەکانی فیرعەون لە"کوش"دا نین. موسا و نون خۆیان گەیاندە لای خێڵی"لاوی" و داوایان لێکردن بەبیر و لاویانەوە کۆببنەوە.

دوای ئەوەی کۆ بونەوە نون وتی: ئێمە لە"میریان"بوین و موسا لەو ئاواییەدا ژیانێکی ئاسودەی هەبوو، بەلام لەپێناو ڕزگارکردنی ئێوەدا ژیانی خۆی خستووەتە هەڕەشەوە.

دوای ئەو موسا وتی: کاتێك لەکێوی"سینا"بوم گوێم لەدەنگێك بوو کە پێی دەوتم دەبێت بێم بۆ ئێرە و خێڵی ئیسرائیل لەبەندایەتی ڕزگار بکەم.

یەکێك لەپیش سپیەکان وتی: دوای بیستنی دەنگی خودا، چ وەلامێکت دایەوە؟

موسا وتی: بەخودام وت، پادشای میسر بەهێزە و من لاواز و بێ هێزی سەربازیم. ئەو ئەم بانگەشەیەی منی پەسەند نەکرد و وتی: بگرە هیچ کەسێکی تریش ئەمە پەسەند ناکات، بەلام دەبێت بەشێوەیەك لەشێوەکان بۆیان بسەلمێنی کە لەلایەن خوداوە هاتویت. ئێستاش ئەگەر باوەڕم پێناکەن کارێك دەکەم باوەڕم پێ بکەن!

دوای ئەوە گۆچانەکەی دەستی فڕێ دایە سەر زەوی و گۆڕا بەمارێکی مەزن کە بووە هۆی ئەوەی هەمویان وشك ببن و لەترساندا بلەرزن، دوای ئەوە کلکی مارەکەی گرت و بەرزی کردەوە و دوبارە بویەوە بەگۆچانەکەی دەستی.

PDF 4 KURD

ریش سپیەکان وتیان: زۆرباشە ئێشتا بەتەواوی باوەڕمان پێهێنایت، ئێستا تۆ دەتەوێت چ کارێکت بۆ ئەنجام بدەین.

موسا وتی: دەست لەخودا ساختەکانی هەڵگرن.

لەنێو پیاوە پیرەکاندا پیاوێك کە ناوی"کوراه"بوو سەرپێچی ئەو فەرمانەی کرد و وتی: ئەگەر موسا بانگەشەی ئەوە دەکات بەهەڵدانی گۆچانێك و گۆڕینی بۆ مارێك لەلایەن خوداوە هاتووە، کەواتە جادوگەرانی بارەگای فیرعەونیش کە شارەزای سەدان جادوی ئالەم شێوەیەن، بگرە مردووە مۆمیا کراوەکانیش دەهێننە قسە، یان مس دەگۆڕن بۆ ئاڵتون یان لەنێو ئاودا ئاگر دەردەهێنن، ئەی دەبێت چی بەوان بڵێین. کاری موسا لەچاو کاری ئەم جۆرە جادوگەرانەدا کەمترین بەهای هەیە، ئەوان مارەکەی ئەو لەکلکەوە قوت دەدەن. تۆ ئەی موسا بەم کارەتەوە ناتوانی خێڵی ئێمە لەشەڕی فیرعەون ڕزگار بکەیت. بارودۆخ زۆر لەوە خراپترە کە بیرت لێکردووەتەوە.

موسا وتی: من سورم لەئەندامدای کارەکەم و دەڕۆم بۆ بارەگای فیرعەون.

کوراه وتی: دەتەوێت چی بەفیرعەون بڵێت؟

موسا وەڵامی دایەوە: بڕیاری خودای"یەعقوب و ئیبراهیم" پێ ڕادەگەیەنم.

کوراه وتی: تۆ بەم بڕیارەت بڕیاری مەرگی هەمووومان دەردەکەیت.

موسا وتی: خودای یەعقوب لەگەڵ ئێمەدایە، بۆیە ئەو ناتوانێت بەهیچ شێوەیەك لەناومان ببات.

کوراه وتی: ئەگەر تۆ ئەوەندە دڵنیایت کە خودای"یەعقوب" پشت و پەنای تۆیە، بۆچی دەتەوێت ئێمە ببەیت بۆ میسر و لەوێ بەکوشتمان بدەیت؟

ئەوانی لایەنگری بۆچونی"کوراه"یان کرد و وتیان: ئێوە هەردوکتان بڕۆن، ئەگەر فیرعەون فەرمان کوشتن دەربکات، تەنها دوو کەس بەکوشت دەدرێن، نەك تەواوی خێڵی"لاوی".

موسا وتی: زۆرباشە من و نون دەڕۆین، دوای ئەوەی هەردوکیان خۆیان کرد بەنێو پایتەختی میسردا و ڕاستەوخۆ ڕێگای کۆشکی فەرمانڕەواییان گرتە بەر.

PDF 4 KURD

فیرعەونیان ئاگادار کردەوە کە دوو کەس بەنوێنەرایەتی خێڵی ئیسرائیل داوای چاوپێکەوتنی لێ دەکەن.

فیرعەون وتی: کۆیلەن.

دوای پرسیارەکەی بستی وتیان: وا دەردەکەوێت لەکۆیلەکا بن.

دوای ئەوە موسا و "نون"یان بردە لای فیرعەون. موسا و نون کە بەژن و باڵایەکی نامۆیان لەخۆ گرتبوو بۆیە نەیناسینەوە، ڕۆشتنە بەردەمی و سەری ڕێزیان بۆ دانەواند.

فیرعەون ئاماژە بە"موسا"دا و وتی: چیتا دەوێت؟

موسا وتی: ئێمە وەك نوێنەری خێڵی ئیسرائیل هاتوین بۆ لات بۆئەوەی لەوە ئاگادارت بکەینەوە کە بێ بنەما و بێ هیچ بەڵگەیەك بەپێی یاسا ئێمەتان کردووەتە کۆیلە ئەم وڵاتە.

فیرعەون وتی: ئێوە بەهەڵەدا چون، خێڵی"کوش"بەدیلی گیراون و بەپێی یاسای دیلی جەنگ وەك کۆیلەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

نون وتی: ئەی فیرعەون، ئێمە لەخێڵێکین کە یەکێك لەباوباپیرانمان بەناوی"یوسف"نەتەوەی میسری لەبرسیەتی ڕزگار کرد. ئەگەر ئەو نەبوایە کە گەنمی بۆ کۆکردنەوە، ئێستا میسر لەبرساندا مردبوون. ئێمە لەجەنگدا بەدیلی نەگیراوین، بەڵکو ئەوە ئێوە بون لەناکاو هێرشتان کردە سەر وڵاتی"کوش". یاساکانی میسر هیچ کەسێك بەکۆیلە لەقەڵەم نادات، جگە لەو کەسەی کە لەجەنگدا بەدیلی دەگیرێت، یان دەست لەئاینی"ئامون"هەڵگرێت. ئەوە میسریەکانن کە"ئامون"پەرستن، بەڵام ئێمە"ئامون"پەرست نین.

فیرعەون بەبیستنی گوتەکانی"نون"هەڵچو و وتی: ئەگەر خێڵی"کوش" ئامون ناپەرستن، کەواتی چی دەپەرستن؟

دەستی بۆ موسا درێژ کرد و "موسا"ش وتی: خودای یەهود! قسەی لەگەڵدا کردم.

فیرعەون وتی: لەکوێ؟ لەچ کاتێکدا، بەچ زمانێك، هیچ کەسێك گەواهیت بۆ دەدات؟

PDF 4 KURD

موسا وتی: ئەو پێی وتم بێم بۆ لات و پێت بڵێم کۆیلەکان ئازاد بکەیت.
فیرعەون وتی: تۆ لەلایەن منەوە برۆ و بەخودای یەهود بڵێ فیرعەون کۆیلەکانی ئیسرائیل ئازاد ناکات. دوای ئەوە یەکسەر فەرمانی دا لەو رۆژە بەدواوە کاری کۆیلە ئیسرائیلیەکان زیاتر و قورستر بکات. هەروەها ئاگاداربن نەهێڵن بەهۆی کاری تاقەتپڕیانەوە هەوڵی هەڵهاتن بدەن. دوای ئەوە فەرمانی ئەوەشی دەرکرد، ئەو برە پیاوەی کە لەکارگای بەردتاشیندا کاردەکەن"هێرەق"یان لێ ببەستن و زەویان پێ بکێڵن، بۆئەوەی بەتەواوی شەکەت بن. بگرە فەرمانی ئەوەشی دەرکرد ژن و منداڵەکانی "کوش"کە تا ئەو رۆژە هیچ کارێکیان پێ نەدەکردن بێگاری بەوانیش بکەن. بارودۆخی کۆیلەکان لەجاران خراپتربوو، کۆیلەکان بەجەستەی نیوە رووتیانەوە لەبەیانیەوە تا ئێوارە سەختترین کاریان ئەنجام دەدا، هەندێك لەو کۆیلانەشیان بە"هێرەق"ەوە دەبەستەوە بۆئەوەی زەویان پێ بکێڵن، کاتێکیش لەڕاکێشانی"هێرەق"دا خاو دەبوون دەستیان دەکرد بەلێدانیان بۆئەوەی وایان لێبکەن خێراتر"هێرەق"ەکە بەدوای خۆیاندا ڕاکێشن تا ئەو کاتەی گیانیان لەدەست دەدا. کاتێکیش ئەو کەسە گیانی لەدەست دەدا یەکێکی تریان دەخستە جێگەکەی و منداڵ و ژنەکانی خێڵی"کوش"یشیان لەکێڵگەکاندا دەخستە ژێر فشاری کارکردنەوە. بارودۆخی منداڵ و ژنەکان لەجاران خراپتر بوو، چونکە چاودێرەکان لەکاتی خۆرئاوابوندا بەهۆی ئەوەی کەسە پیر و منداڵ و ژنەکان کارێکی کەمیان ئەنجام داوە، دەیانخستنە ژێر باری ئەشکەنجەوە.
دوای ئەوە سێ لەکەسە بەتەمەنەکان بڕیاریان دا بۆگوزارش و سکاڵاکردن بڕۆن بۆ کۆشکی فەرمانڕەوایی فیرعەون، "ڕاتامش و گورە و ئابی رام"ڕێگای کۆشکیان گرتەبەر و سکاڵای خۆیان گەیاندە لای فیرعەون و پێیان وت: ژن و منداڵەکانمان لەو ڕۆژەوەی بۆ کۆکردنەوەی "کا"دەڕۆنە کێڵگەکانەوە، چیتر فریای کاروباری ژیانی تایبەتی خۆیان و منداڵەکانیان ناکەون. هەموو ڕۆژێك لەسپێدەی بەرەبەیانەوە دەڕۆن و کاتێك ئاسمان تاریك دادێت دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ، هەرئەوەی هاتنەوە بۆ ماڵ لەماندوێتیاندا خەویان لێ دەکەوێت.

PDF 4 KURD

فیرعەون وتی: من بەئەنقەست ئەو فەرمانەم دەرکردووە، بۆئەوەی خێڵەکەتان ماوەیان نەبێت لەچوار دەوری یەکتری کۆ ببنەوە، هەروەها پێم وتن هەر بیانویەك بهێننەوە ئێوە بەقامچی لێیان بدەن، خۆم بە پاسەوانەکانم وتووە بەزەییان پێتاندا نەیەتەوە.

هەرسێ بەتەمەنەکە بەنائومێدی لەبارەگای فیرعەون ڕۆشتنە دەرەوە، لەوکاتەدا چاویان کەوت بە"موسا و نون" و گلەییان لەموسا کرد کە تۆ ڕۆشتی بۆ لای فیرعەون بۆئەوەی پەیامی"یەعقوب"ی پێ ڕاگەیەنیت بۆئەوەی ئەم خێڵە لەکۆیلایەتی ڕزگار بکەیت، بەڵام دەبینی کە ڕزگاریان نەبووە، بگرە بەو هۆیەوە ئێستا بێگاری بەمندالْ و ژنەکانیشمان دەکەن. "هێرەق"یش دەبەستن لەهەندێك لەکورە لاوەکانمان و زەویان پێ دەکێلْن، بارودۆخ زۆر لەجاران خراپتر بووە. "نون"بەرگەی بیستنی سەرزەنشتی ئەو کەسە بەتەمەنەی نەگرت، بۆیە ویستی دەمەقرەیان لەگەلْدا بکات.

بەلْام موسا وتی: بێدەنگ بە، دوای ئەوە بە"نون"ی وت، ئەوان ڕاست دەکەن.

ڕۆژی دوایی موسا و نون بۆ جاری دووەم چاویان بەو سێ پیاوە بەتەمەنە ئیسرائیلیە کەوتەوە و...

موسا لێی پرسین: ئایا باوەڕ بەوە ناکەن کە خودا منی بۆ تۆقاندنی فیرعەون ناردووە.

ئەو سێ بەتەمەنە زۆر بەتوندی بەموسایان وت: ئێمە باوەڕمان بەشتی وانیە.

موسا وتی: ئەگەر خودا نەیویستایە بێم بۆ میسر ئەو توانایەی پێ نەدەبەخشیم.

ئەوان وتیان: ئادەی چ توانایەکت هەیە پێیان نیشان بدە، دەتەوێت بارەگا بەم مارەت بترسێنی؟ بەیەکەمین هەنگاوت ئێمەی چارەڕەشتر کرد، ئەگەر جارێکی تر سەردانی فیرعەون بکەیت، ئەمجارەیان فیرعەون فەرمانی کوشتنمان بۆ دەردەکات.

بەلْام فیرعەون ئامادە نەبوو بۆ جاری دووەم چاوی بە"موسا"بکەوێت و بەپاسەوانەکانی وت ڕێی پێنەدەن بێتە ژورەوە.

PDF 4 KURD

بەڵام موسا وتی: دەمەوێت شتێك پیشانی فیرعەون بدەم. ئەو پەیامەیان بەگوێ فیرعەوندا چپاند، ئەویش فەرمانی دا ڕێی پێ بدەن بێتە ژورەوە.

دوای ئەوە بە"موسا"ی وت: چ شتێکت پێیە تا بۆ منی بسەلمێنی، تۆ لەلایەن خودای"یەهود"ەوە پەیامت بۆ هێناوم، ئادەی پێم پیشانی بدە.

موسا لەوکاتەدا گۆچانەکەی فڕێدایە سەرزەوی بو بەمارێکی مەزن، بەلام فیرعەون لەباتی ئەوەی بترسێت دەستی کرد بەپێکەنین و وتی: ئەوە هەمان ئەو بانگەشەیەی تۆ بوو کە دەتویست بۆمنی بسەلمێنی؟

موسا وتی: بەڵێ!

لەوکاتەدا فیرعەون فەرمانی دا بەجادوگەرەکانی خۆی مارەکەی"موسا"قوت بدەن، جادوگەرەکانیش دەیان ماریان لەهەموو گۆشە و کەنارێکی ئەو کۆشکەوە نارد تا مارەکەی موسا بخۆن، بەلام مارەکەی موسا هەموویانی خوارد.

فیرعەون وتی: ئێستا بۆم دەرکەوت کە تۆ جادوگەرێکی زۆر لێهاتویت و لەهەموو جادوگەرەکانی تریش شارەزاتری، ئایا ئامادەیت لەکۆشکەکەی مندا داتمەزرێنم و بەم تەردەستیانەت کاتی خۆشم بۆ فەراهەم بکەیت؟

لەمکاتەدا سەرۆکی کاهینەکان خۆی کرد بەژوردا و وتی: بەچ شێوەیەك ئەم پیاوە لەبەردەم فیرعەوندا باسی خودای "ئاتون"دەکات و خودای"ئامون"یش ڕەت دەکاتەوە؟

فیرعەون وتی: ئەم پیاوە باسی خودای"ئاتون"ی نەکردووە، بەڵکو باسی خودای"یەهود"ی کردووە.

کاهین وتی: نەوەك خودای"ئاتون"ی گۆڕی بێت بەناوی خودای یەهود.

فیرعەون وتی: تۆ زۆر باش دەزانی کە گۆڕینی ناوی خودا گۆڕانکاری بەسەر ناسنامەکەشیدا دەهێنێت، لەمکاتەدا سەرۆکی کاهینەکان بێدەنگ بوو.

لەمکاتەدا فیرعەون ڕویکردە موسا و وتی: ئێستاش بەڵێنی خۆت بەئامادە بونی کاهین ببەرە سەر.

سەرەڕای ئەوەی موسا بەهەمان ناوی پێشوی سەردانی بارەگای فیرعەونی کردبوو، بەلام فیرعەون بەهۆی گۆڕانکاریە بێشومارەکانیەوە نەیتوانی"موسا"

PDF 4 KURD

بناسێتەوە، چونکە پێشتر جلێکی بەنرخ و ڕیشێکی تاشراوی هەبوو، بەڵام ئێستا گۆڕانکاری بەسەر ڕوخساریدا هاتووە و هیچ کەسێك ناتوانێت موسا بەو حاڵەوە بناسێتەوە.

فیرعەون لە"موسا"ی پرسی: مەبەستی ڕاستەقینەی هاتنت بۆ ئەم بارەگایە چی بوو؟

موسا وتی: ئازادی خێڵی ئیسرائیل و بەجێ هێشتنی میسر.

لەناكاو یەكێك لەكاربەدەستانی بارەگای فیرعەون تەماشایەكی"موسا"ی كرد و وتی: ئایا تۆ هەمان شازادەی میسر نیت؟

موسا كاتێك ئاگاداری ئەوە بوو ناسیویانەتەوە جگە لەلایەنگری كردنی ئەو پرسیارەی هیچ ڕێگەچارەیەكی تری لەبەردەستدا نەبوو.

فیرعەون وتی: تا ئێستا وام دەزانی یەكێكیت لەكەسایەتیە مەزنەكانی خێڵی ئیسرائیلی، بەڵام ئێستا زانیم كە"موسا" فەرماندەی گالیسكەوانی هێزی سەربازی خۆمانە! بۆچی وات لەخۆت كردووە؟

موسا وتی: لەبەرئەوەی شازادە نیم، لەدایك بونی من زۆر نهێنی ئامێزە، دایك و باوكم هەردوكیان ئیسرائیلین. فیرعەون بەبیستنی ئەم هەواڵە بەڕادەیەك خۆشحاڵ بوو كە ویستی داواكاریەكانی جێبەجێ بكات و ڕێی پێبدات ئیسرائیلیەكان ئازاد بكات و میسر بەجێ بهێڵن.

فیرعەون وتی: ئەگەر لەبەردەم كاربەدەستەكانی كۆشكدا ئەم گوتەیە دوبارە بكەیتەوە و هەموویان ئەوە ببیستن بەڕەچەڵەك ئیسرائیلیت، داواكەت جێبەجێ دەكەم.

"موسا"ش ڕازی بوو، فیرعەونیش لەڕێی پاسەوانەكانیەوە هەموو كاربەدەستەكانی بانگ كرد و"موسا"ی پیشانی ئەوانی تر دا و وتی: ئەم لاوە، هەمان"موسا"ی كوڕی"ئنخاس ئامون"ە، بەواتا وا باسیان دەكرد كە لەسكی ئەو بووە، بۆماوەیەكیش بو بە فەرماندەی گالیسكە سەربازیەكان، ئێستاش بەزمانی خۆی نەژاد و ڕەچەتەی خۆیمان بۆ ئاشكرا دەكات.

PDF 4 KURD

دوای ئەوە فیرعەون ڕویکردە موسا و وتی: نهێنی لەدایك بونت بۆ ئامادە بوان باس بکە.

"موسا"ش بەدەنگێکی بەرز وتی: من کوڕی"عمران"ی خەڵکی"کوش"م لەخێڵی"ئیسرائیل".

فیرعەون لێی پرسی: دایکت کێیە؟

موسا وتی: "جوشبد" ئەویش لەنەژادی"ئیسرائیل"ە و دانیشتوی وڵاتی "کوش"ە.

فیرعەون لێی پرسی: ئایا دایك و باوکت لەژیاندا ماون؟

موسا وتی: نەخێر کۆچی دواییان کردووە.

فیرعەون لێی پرسی: ئایا ڕوخساری دایك و باوکت دێتەوە یاد.

موسا وتی: من هەرگیز چاوم بەدایك و باوکی خۆم نەکەوتووە، چ بگات بەوەی ڕوخساریان بەبیر خۆم بهێنمەوە.

لەم کاتەدا فیرعەون ڕویکردە ئامادەبوان و وتی: هەمووتان بیستان چی وت؟ بیستتان وتی دایك و باوکی لەنەژادی ئیسرائیلە لەکاتێکدا ئێمە وامان دەزانی لەخانەدانەکانی فیرعەونە.

دوای ئەوە فیرعەون لێی پرسی: بەچ شێوەیەك بویت بەشازادە؟

موسا وتی: لەدایك بونم هاوکات بوو لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە کاربەدەستانی فیرعەون منداڵە تازە لەدایك بووەکانی لە خێڵی"کوی"و"برزن"دەفڕاند، کوڕەکانیان دەکوشت و کچەکانیان بۆ خزمەتکردنی ماڵە میسریەکان بەدیل دەگرت، لەبەرئەوەی هیچ منداڵێك نەمابوو کە کاربەدەستەکانی دەستی بەسەردا بگرن، ناچار بون ماڵە داخراوەکانیش بگەڕێن، کار لەوەش تێپەڕی ئەمجارەیان ژنە سك پڕەکانیش کەوتنە ژێر باری هەڕەشەوە بۆئەوەی هیچ منداڵێك لەدایك نەبێت. لەبەرئەوەی دایك و باوکم نەیاندەویست کوڕەکەیان بەشێوەیەکی دڵتەزێن بەکوشت بدرێت، هەر لەبەرئەوەش خستیانە ناو سەبەتەیەکەوە و دایان بەدەم ئاوی ڕوباری نیلەوە، لەوکاتەدا"ئینخاس ئامون" لەگەشتێکیدا منی دۆزیەوە و بردیەوە بۆ کۆشکەکەی خۆی و وەك کوڕی خۆی ناساندی بەوانی تر! ئینخاس ئامون نەزۆك

PDF 4 KURD

بوو. بۆیە بەبیانوی سوڕی سك پڕبونی بەساختەیی ئەو ماوەیەی لەدەرەوەی میسردا تێپەڕاند، دوای ئەوەی پێی ڕاگەیاندن کە کوڕێکی بووە.

فیرعەون لێی پرسی: دوای ئەوە چی ڕوویدا؟

موسا وتی: تەنها کەسێك کە ئاگاداری ئەم نهێنیەی من بوو کاهینی مەزن"ئامون تپ"بوو و هەر ئەویش نهێنی لەدایك بونی خۆمی بۆ گێڕامەوە.

فیرعەون لێی پرسی: ئایا دەزانی"ئامون تپ"بۆچی ئەم نهێنیەی بۆ گێڕایتەوە؟

موسا وتی: ئینخاس ئامون کە من هەمیشە وەك دایکی ڕاستەقینە خۆم خۆشم دەویست لەگەڵ"ئامون تپ"دا دەیانویست ببمە جێنیشنی فیرعەون و ئاینی"ئامون"پەرستی لەناو ببەم و لەباتی ئەو"ئاتون"پەرستی زیندوو بکەمەوە.

هەر ئەوکاتەی ئامادە بوان گوێیان لەناوی"ئاتون"بوو وتیان: بڕوخێ"ئاتون"، نەفرەت لەئاتون.

فیرعەون وتی: ئێستا بۆتان دەرکەوت کە ئەم پیاوەی لەنەژادی ئیسرائیلە، باوکی ئیسرائیلی"عمران" و دایکی ئیسرائیلی"جوشبد"ە، دەبێت تەواوی ئەم قسانە بنوسرێتەوە و ئێوەش وەك گەواهیدەرێك لایەنگری بکەن. ئێستاش پێش ئەوەی ئەم فەرمانە دەربکەم، ئەگەر کەسێك پرسیارێکی هەیە بیکات.

یەکێك لەکاهینەکان پرسی: ئایا تۆ"ئاتون"دەپەرستی؟

موسا وتی: من یەهود پەرستم.

کاهین وتی: بۆچی بانگەشەی ئەوە دەکەیت؟

موسا وتی: چونکە ئەو توانایەکی پێ بەخشیوم تا بۆتانی بسەلمێنم.

کاهین وتی: ئێستا بۆمان بسەلمێنە.

لەهەمان ئەوکاتەدا موسا گۆچانەکەی فڕێدایە سەرزەوی گۆڕا بەمارێکی زۆر مەزن.

فیرعەون وتی: سەرەڕای ئەو هەموو ڕوداوانە، مەحاڵە بتوانم خێڵی ئیسرائیل ئازاد بکەم، لەبەرئەوەی خێڵی ئیسرائیل کۆیلە میسرن و خاوەنیان هەیە و مافی خاوەنی کۆیلەکان کە کۆیلەکانیان کڕیوە پێشێل دەکرێت، کۆیلە بە بەشێك لەسەروەت و میراتی تایبەت لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە ئەو مافەم نیە دەست لەسامان و

PDF 4 KURD

میراتی کەسانی ترەوە بدەم. گریمان کاربەدەستانی میسر کۆیلەکانیان ئازاد کرد، لەمکاتەدا چ وەڵامێکی خودای ئامون بدەمەوە؟ بەخودای "ئامون" بڵێم پیاوێك خوداکەی داوای لێکرد خێڵی ئیسرائیل ئازاد بکات، ئەوکات منیش بەفەرمانی ئەو پیاوە تۆ کە خودای "ئامون"یت لەباخ و کێڵگە و چرە دارخورماکاندا دەرکرد؟ ئایا بەبۆچوونی تۆ ئەمە بەکارێك دروست دەزانی؟ بەچ شێوەیەك بەئازاد کردنی کۆیلەکان، کاروباری کێڵگە و باخە خورماکانی ئوزیریس کە خودای مەرگە پشتگوێ بخەم، لەوانەیە بتوانم وەڵامی خودای "ئامون"بدەمەوە، بەڵام ناتوانم وەڵامی خودای "ئوزیریس"بدەمەوە.

موسا وتی: ئەو خودایانەی تۆ باسیان دەکەیت، خوداگەلێکی ساختە و دەستکردن، خودی تۆ ئەم خودایانەی هێناوەتە بون و خۆدی خۆشت ملکەچیان بویت و ئێستاش لێیان دەترسیت. پەیکەرێکت بۆ خودا تاشیوە و قوربانی پێشکەش دەکەیت، سوژدەشی بۆ دەبەیت، بەڵام نەتوت هەموو ئەم خودایانە دروستکراوی هزری مرۆڤ و تۆیە.

فیرعەون وتی: بەڕاستی سەیرە کەواتە تۆ بونەوەرێکی ئاسمانیت و ئێمە نەمانزانیوە، بەچ شێوەیەك خوداکانی ئێمە بۆ نمونە خودای ئامون دورستکراوی بیر و هزری ئێمەی مرۆڤە، بەڵام خودای "یەهود" لەبەرئەوەی خودای نوێ و لاوە، لەبیری "موسا"یەکی ئیسرائیلی کە دەڵێیت دروست کراوی دەستی مرۆڤ نیە و نازانم لەکێوە سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر دەڵێیت خودای "ئامون" ساختەیە "ئەوا خودای "یەهود"یش دروستکراوی هزر و هەندیشە تۆیە. تۆ ئاماژەت بەوە دا درەخت قسەی لەگەڵدا کردویت. لەنێو بیروباوەڕی ئێمەدا ئەوەی تۆ باست کرد جگە لەئەفسانە هیچ شتێکی ترنیە، هیچکاتێك بانگەشەیەکی ئاوا مەزن و دور لەڕاستی لەنێو ئێمەدا ڕوینەداوە، کە درەخت قسەی لەگەڵماندا کردبێت و بڵێت: من خودای "یەهود و یەعقوب"م بڕۆ بۆ لای فیرعەون و پێی بڵێ کۆیلە ئیسرائیلیەکان ئازاد بکات. ئەگەر ڕاست دەکەیت، بۆچی خودای یەهود خۆی نایەت ئازادیان بکات، ئەگەر ئەوانی خۆشدەویت بۆچی هەر لەسەرەتاوە ڕێیدا ببنە

PDF 4 KURD

کۆیلە، بۆئەوەی لەئێستادا ئیسرائیلیەك تکای ئازادبونیان لەمن بکات؟ فەرموو وەڵامم بدەرەوە.

موسا وتی: تۆ لەوباوەڕەدایت"ئامون" خودای خۆر، خودای خوداکانی ترە. ئێوە دەڵێن فیرعەون کوڕی ئەوە و لەبەرئەوەی فیرعەون کوڕی خۆرە، کەواتە فیرعەون خودی خۆرە، دەوای ئەوە دەڵێن ئەم فیرعەونی خۆرە زەوی ڕوناك دەکاتەوە، لەکاتی ئاوابونیشدا دەبێت و فیرعەونیش لەسەر زەوی شەوانە دەبێتە هۆی ئەوەی ژیان دروست ببێت، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕوباری نیل هەڵنەچێت، کەواتە ئەم خودا بەهێزە چۆن ناتوانێت ڕێ لەمەرگی خۆی بگرێت؟ کاتێك فیرعەونێك دەمرێت بۆچی بگرە شەپۆلێکیش لەئاودا دروست ناکات؟ دەبینن کە فیرعەونیش وەك خەڵکانی تر وایە، بگرە لەهەندێ کاتدا لەخەڵکی ئاساییش لاوازترە.

ئەم گوتارەی بووە هۆی ئەوەی ئامادەبوان پەلاماری"موسا" بدەن، "موسا"ش پێشبینی ئەوەی کردبوو کە هێرشی بۆ دەبەن، بۆیە گۆچانەکەی فڕێدایە سەرزەوی و پەلاماردەرەکانیش لەترساندا کشانە دواوە. دوای ئەوە بێدەنگی باڵی بەسەر ئەو ناوچەیەدا کێشا.

موسا دوبارە هاتەوە دەنگ و وتی: هاتوم بۆئەوەی داوات لێبکەم خێڵی ئیسرائیل ئازاد بکەیت و بگەڕێنەوە نیشتمانی خۆیان، بەڵام هەموو جارێك بیانویەکم بۆ دەهێنیتەوە و بەڵێنەکەت دەسپێری بەسبەی.

فیرعەون وتی: من چیتر ئامادە نیم لەمبارەیەوە هیچ شتێك ببیستم، تۆش کاتێك لێرە ڕۆشتی جارێکی تر نەگەڕێیتەوە. من تا ئەمرۆ تۆم بەجادوگەرێکی لێهاتو دەزانی، بەڵام لەم ساتە بەدواوە بەپیاوێکی بەدڕەوشتت دەزانم، ئەگەر جارێکی تر بێیتەوە بۆ ئێرە، ئەوا بەدڵنیاییەوە سەری خۆتت لێ زیادەیە.

"نون"لەدەرەوەی کۆشکی فیرعەون بە"موسا"ی وت: لەمیسر کۆچ دەکەین و لەبیاباندا کار دەکەین، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کارگەلێکی پڕ بەرەکەتە.

نون وتی: دەبێت بۆ ئەم مەبەستەمان بڕۆین بۆ شوێنێکی سەوز و ئاودار.

PDF 4 KURD

موسا وتی: "کەنعان"باشترین شوێنە، بەڵام سەرەتا دەبێت خێڵەکەمان لەبەندایەتی ڕزگار بکەین، هەرچەند فیرعەون هەڕەشەی لێکردین و وتی، کۆیلەکان ئازاد ناکات، بەڵام فەرمانی دا ژن و منداڵەکان ئازاد بکرێن، بۆئەوەی بەشکم"موسا"میسر بەجێ بهێڵێت و چیتر نەگەڕێتەوە بۆ ئێرە، چونکە بەجۆرێك لەمارەکەی موسا ترساو و تۆقاوە بەڵام لەڕوکاردا وا خۆی نەدەنواند کە ترساوە.

خەڵکی کاتێك ئازادی ژن و منداڵەکانیان بیست، زانیان کە شتێك ڕویداوە و بەو هۆیەوە فیرعەون دەستی لەسوربونەکانی هەڵگرتووە، تا ئەو ساتە خەڵکی میسر ژن و منداڵە ئیسرائیلیەکانیان لەڕیزی ئاژەڵدا لەقەڵەم دەدا، ئەو ئاژەڵانەی کە بۆ قامچیکار و کارکردن دروست بوون، بگرە بیریشیان لەوە نەدەکردەوە کە ئیسرائیلیەکان لەبەرامبەر منداڵەکانیاندا هەست بەدایکایەتی دەکەن، چونکە ئەوانیان بە گیانەوەرێکی دزێو لەقەڵەم دەدا. بەڵام دوای فەرمانی ئازادکردنی ژن و منداڵەکان بۆچونیان گۆڕا، تا ئەو ساتە خێڵی ئیسرائیل ناوماڵی میسریەکانیان بەچاوی خۆیان نەبینیبوو. کۆیلەکان لەناو ئاش و باخ و کێڵگەکاندا کاریان دەکرد، لەبەیانیەوە تا ئێوارە تەنها کارێکیان دەکرد و شەویش لەنزیك شوێنی کارەکەیان دەخەوتن. دوای بەدەست هێنانی ئازادی ژن و منداڵەکان، موسا هەوڵیدا ئازادی پیاوەکانیش بەدەست بهێنێت.

لەشارە مەزنەکانی میسردا کەم کەم ڕێیان دا بەکۆیلە ئیسرائیلیەکان بچنە ناو ماڵەکانیانەوە. ئەو کۆیلانەی بۆیەکەمین جار ئاشنای ژیانی میسریەکان بوون و لەگەڵ ژیانە نەگبەتبارەکەی خۆیاندا بەراوردیان دەکرد و بووە هۆی ئەوەی زیاتر پەی بە بەشمەینەتی خۆیان ببەن. کۆیلەکان لەدوای ئەم قۆناخەوە خۆیان زۆر بە بەدبەختر لەجاران دەزانی. ڕەوتی ئازادی کۆیلەکان ئەو مژدەیەی لەخۆیدا هەڵگرتبوو کە سەرئەنجام ڕۆژێك دێت ئەوانیش ئازاد دەبن، بەڵام دوای ئەوەی چاویان بەماڵە میسریەکان کەوت و بینیان ژیانێکی تەواو جیاوازیان هەیە، بیریان لەوە کردەوە کە بەدەستی خاڵی لەمیسر نەگەڕێنەوە، ئەوان دەیانوت بەشێك لەم سامانانەیان بەرهەمی دەسترەنجی ئەرك و ماندوبونی ئەوانە. ئیسرائیلیە کۆیلەکان لەمیسردا زۆرباش ئاگاداری ئەوەبوون کە توانای ئەوەیان نیە بەزۆر دەست بەسەر

PDF 4 KURD

سەروەت و سامانی میسریەکاندا بگرن، چونکە یەکەم موسا زۆر لایەنگری ئەم جۆرە ڕەفتارانەی نەدەکرد، دووەم لەبەرئەوەی میسریەکان بەهێزبون و وڵاتەکەشیان یاسا و بڕیاری تایبەت بەخۆی هەبوو و میرات و سامانیش بەهەمان شێوە خاوەنی یاسایەکی تایبەت بەخۆیەتی و هیچ کەسێك ڕێی پێ نەدەدرا بەزۆر دەست بۆ سامان و مافی هیچ کەسێکی تر درێژ بکات. دوای ئەوەی فیرعەون بڕیاری ئازاد کردنی ژن و منداڵە ئیسرائیلیەکانی دا، ڕەفتاری پاسەوانەکانیش لەکێڵگە و کارگاکاندا لەبەرامبەر کۆیلەکاندا گۆڕا و لەکارگاکاندا پاسەوانەکان نەك تەنها ڕێیان دەدا بەکۆیلە ئیسرائیلەکان دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ کەمێك بحەوێنەوە، بەڵکو بۆ خێرا ئەنجامدانی کارەکانیش زۆر فشاریان لێ نەدەکردن. وردە وردە ئەم مامەڵە و ئاسانکاریە بوو بەهۆی ئەوەی کۆیلەکان لەدوانیوەڕۆدا هیچ کارێك ئەنجام نەدەن و کاتێکیش پەییان بەوەبرد دەتوانن بەمانگرتن لەکارکردن قسەی خۆیان بەسەر پاسەوانەکاندا بسەپێنن، هەوڵیاندا لەبەرامبەریاندا بێشەرمیەکی زیاتر بنوێنن. ئەم هەواڵەیان بەفیرعەون گەیاند و فیرعەونیش فەرمان دا سەرەڕای ئەوەی کارناکەن بەڵام ژەمە خۆراکی خۆیان پێ بدەن. لەو ساتە بەدەواوە پاسەوان و چاودێرەکان دوچاری گرفتێکی زیاتربون، چونکە ئەو کرێکارانەی ئیسرائیلی نەبوون نارەزایی خۆیان دەردەبڕی و دەیانوت کۆیلە ئیسرائیلیەکان سەرەڕای ئەوەی نیوەکار دەکەن بەڵام ژەمی خواردنیان بەتەواوی پێدەدەن. چاودێرەکان بۆ ڕێگرتن لەزۆر خۆری ژەمە خۆراکی کویلە ئیسرائیلەکانیان لەدەرەوەی کارگاکە پێدەدان بۆئەوەی ئەوانی تر چاویان پێی نەکەوێت. لەشارە مەزنەکاندا ئەو کۆیلە یەهودیانەی بێکاربون، هەندێجار میسریەکان میوانداریان دەکردن و لەگەڵ خانەخوێدا لەسەر یەك سفرە دادەنیشتن، بەڵام لەشارە بچوکەکاندا هیچ کەسێك میوانداری کۆیلە ئیسرائیلیەکانی نەدەکرد، چونکە باری ئابوریان وەك خەڵکی شارە مەزنەکان نەبوو، لەبەرئەوە ئەو کۆیلانەی لە شارە بچوکەکاندا نیشتەجێ بون تەنها حکومەت ژەمی خواردنی بۆ فەراهەم دەکردن، سەرەڕای ئەوەی ئەو ژەمە خواردنە بەتەواوی تێری نەدەکردن.

PDF 4 KURD

لەشـاری"یلـوە"پزیشکیـان کۆمـەڵێك لـەو کۆیلانـەی بێکـاربون هێرشـیان کـردە چێـشتخانەیەکی ناوبـازاڕ و هـەموو ئـەو خواردنانـەی لـەو فرۆشـگایەدا لێنرابـوو خـوارد، دوای ئـەوە شـەڕێکی سـەخت لـەنێوان ئـەوان و خـاوەنی فرۆشـگا و شاگردەکەیدا ڕویدا و بوبە هۆی بریندابونی شارگرد و کوشتنی خاوەن فرۆشگاکە و بەهۆی ئەم ڕوداوەوە سبەی ئەو بەیانیە خاوەنی هیچ چێشتخانەیە ئامادە نەبوو لەشـاری"یلـوە"دا فرۆشـگاکەی بکاتـەوە، دادوەری"یلـوە"گوزارشـتنی هێرشـی ئیـسرائیلەکانی ڕەوانـەی پایتـەخت کـرد و ئـەوەی تێدا ڕونکردبویـەوە کـە لەترسـی هێرشی ئیسرائیلیەکان هیچ کەسێك ناوێرێت فرۆشگاکەی بکاتـەوە. فیرعـەونیش لێکۆڵـەری تایبـەتی خـۆی ناردە شـاری"یلوە"بۆئـەوەی لێکۆڵینـەوەی هۆکـاری ئـەو هێـرش بردنـە بکـات و کەسێکیـشی نـارد بـەدوای"موسـا"دا بۆئـەوەی سـەردانی کۆشـکی فـەرمانڕەوایی فیرعـەون بکـات. موسـا وتبـویی چیتر بـەهیچ شـێوەیەك سەردانی کۆشکی فەرمانڕەوایی ناکات، بۆیە"نون"ی نۆکەری ناردە لای فیرعەون.

فیرعـەون وتـی: بەموسـا بڵـێ مـن بـۆ هاوکـاری کردنـی ئیـسرائیلیەکان ژن و منداڵـەکانیانم ئـازاد کـرد و چـیتر کاریـان پێناکـەم و لەگـەڵ کۆیلـەی کارگـا و کێڵگەکانیـشدا زۆر سـەختگیر نـەبن، بـەڵام کۆیلـەکان لەشـارەدا ڕاپـەڕیون و بونەتـە هۆی نائارامی شـار، دەمـەوێت فـەرمان دەربکـەم باروذۆخ بگەڕێتـەوە باری جـارانی خۆی.

نون وتی: بەپێی گوزارشتی کۆیلەکان لەشاری"یلوە"دا هێرشیان کردووەتە سـەر چێـشتخانەیەکی ناوبـازاڕ و هـەموو خواردنـەکانیان خـواردووە، ئەوانـە مەبەسـتیان ئـاژاوە نانـەوە نـەبووە، بـەڵکو برسـیەتی فـشاری بۆهێنـاون و دەسـتەڵاتی خۆیـان لەدەسـتدا نەماوە، لەبەرئـەوە تـاوانێکی مـەزنیان ئـەنجام نـەداوە، بـەڵکو ویـستویانە غـەریزەی برسـیەتیان تێـر بکـەن. ئەگـەر ئەمانـە لەناوچـەکانی تـردا بـۆ دزینـی شتومەکی تایبەت پـەلاماری فرۆشـگاکانی تریـان بدایە لەمکاتـەدا دەتوانیـت بڵێیـت بەڕاستی تاوانێکیان ئەنجام داوە و شایستەی سزادانن.

فیرعەون وتی: ئەمانە دەبێت بەیەك شێوە و بەپێی ئەو برەی بۆیان دیاری کـراوە نان بخۆن.

PDF 4 KURD

نون وتی: لەمحاڵەتەدا دەبێت سەرت لەمجۆرە ڕوداوانە سوڕ نەمێنێ، زیادکردنی بڕە ژەمی خۆراکی کۆیلەکان ڕێ لەدوبارە بونەوەی ئەم جۆرە کارانە دەگرێت.

لەمکاتەدا فیرعەون گوتەی"نون"ی بەلۆجیك زانی، بۆیە فەرمانی دا ڕێژەی ژەمی خواردنیان بۆ زیاد بکەن.

بەڵام بەبینینی ماڵی میسریەکان و شێوازی ژیانیان و بە بەراوردکردنی لەگەڵ بەشمەینەتیەکانی خۆیاندا هۆکارێکی زۆر بەهێزبوو بۆ بزواندن و هاندانی ئەوان، بۆیە لەیەکێك لەگەڕەکە دۆڵەمەندەکاندا هێرشیان کردە سەر ماڵێك! ئەم ڕوداوە لەشاری"کوم"ڕویدا. فیرعەونیش دوبارە"موسا"ی بانگ کردەوە و "موسا"ش نونی ناردە لای فیرعەون.

فیرعەون وتی: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە فەرمان دەربکەم هەموو دزەکان لەسێدارە بدەن، بۆئەوەی چیتر هیچ کەسێکی تر نەوێرێت هەوڵی ئەنجامدانی کارێکی ئاوا بدات، هەروەها بڕیاری ئەوەش دەدەم هەموو کۆیلەکان بهێنن بۆ پایتەخت، بۆئەوەی لەژێر چاودێری خۆماندا بن. "نون"یش نەیتوانی نکوڵی لەم بڕیارەی بکات.

لێرەدا ئەم کارەی فیرعەون زیانی بەخۆی گەیاند، چونکە کۆبونەوەی ئەو هەموو کۆیلەیە لەیەك شاردا، دەبێتە هۆی یەکێتی و پەیوەستبونی کۆیلەکان بەیەکتری، ئەوە لەبەرژەوەندی فیرعەوندا بوو کە ڕێی بدایە لەمیسر بڕۆنە دەرەوە، بەڵام دوو ڕێگر بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان لەبەردەم فیرعەوندا بوو، یەکەم: ناڕازی بونی کاهینەکان، دووەم: جێ بەجێکردنی داواکەی موسا. بۆیە فیرعەون یەکسەر کاهینی مەزنی بانگ کردە لای خۆی بۆئەوەی لەمبارەیەوە ڕاوێژی لەگەڵدا بکات.

فیرعەون لەدواییدا فەرمانی دا بە"ممفسد"فەرمانڕەوای پایتەخت: دوای ئەوەی ئیسرائیلیەکانمان لەپایتەختدا کۆکردەوە لەیەك شوێندا نیشتەجێیان بکە بۆئەوەی بەتەواوی لەژێر چاودێری خۆماندا بن، هەروەها بەپێی پێویست ژەمە خۆراکیان بدەرێ، چەند سەربازێکیش بۆ پاسەوانیان دەستنیشان بکە بۆئەوەی نەوەك هەوڵی هەڵهاتن بدەن.

PDF 4 KURD

"ممفسد"وتی: لەکۆتاییدا هەر دەبێت داوای ئەم جادوگەر جێبەجێ بکەین بۆئەوەی لەمیسر دەربچن، بۆچی لەخۆڕا خواردنیان پێ بدەین و تواناکانمان لەپێناویاندا بخەینە گەڕ، بۆیە پێم باشە ئازادیان بکەیت بۆئەوەی خۆشت ئازاد بیت یان فەرمانی کوشتنی هەمویان دەربکەن!

فیرعەون وتی: بەبۆچونی من کە فیرعەونم، بەلامەوە زۆر ژیرانەیە کە گوێڕایەڵی لەگوتەکانی ئەم جادوگەرە بکەین .

ئەویش قسەکەی خۆی هێنایە دی و وتی: من کە کوڕی"ئامون"م و پێست و گۆشت و ئێسقانم لە"ئامون"ە، و خوێنی"ئامون"لەخوێنبەرەکانمدا دەخرۆشێت، لەڕاستیشدا من خودی"ئامون"م، کەسێکم کە وای لەنیل کرد بەوشێوەیە بخۆرشێت، هەروەها باڵی بە باڵندەکان بەخشی و گیانەوەر و ماسیەکان لەڕوباری نیلدا مەلە بکەن، من فیرعەونم.

بۆیە ئێستا بەو هەموو توانایەوە بەچ شێوەیەك بەرگەی ئەوە بگرم کەنیزەك زادەیەکی جادوگەر و کۆمەڵێك کۆیلەی بێ نرخ وام لێ بکەن کارێکی ئاوا ئەنجام بدەم کە پێچەوانەی ئارەزووەکانم کارێك ئەنجام بدەم...

لەمکاتەدا ئەم هەواڵەیان بە فیرعەون گەیاند: موسا دەیەوێت چاوی پێت بکەوێت.

پرسی: نون یان موسا؟

پێیان وت: خودی موسا.

PDF 4 KURD

كۆیلەكان میسر بەجێ دەهێڵن

كـاهینی مـەزن و فـەرمانڕەوایانی پایتـەخت كـە لەچـواردەوری فیرعەونـدا دانیشتبوون كاتێك بیستیان موسا دەیەوێت چاوپێكەوتن لەگەڵ فیرعەوندا بكات مۆڵەتی دەرچونیان لەفیرعەون وەرگرت.

بەڵام فیرعـەون وتـی: ئێـوەش لـەم چاوپێكەوتنەدا ئامـادەبن، بۆئـەوەی گوێتـان لەگوتەكانی فیرعەون بێت.

موسا بەتەنها هات بۆ لای فیرعەون، ئەو ڕۆژە"نون"ی لەگەڵ خۆیدا نەهێنابوو.

فیرعەون لێی پرسی: مەگەر نەتوت چیتر پێ نانێیتە ئەم بارەگەیەوە؟

موسا وتی: تا دوێنێش نەمویست پێ بنێمە ئەم بارەگەیەوە، هـەر لەبەرئەوەی لـەباتی خـۆم"نـون"م دەنـاردە لات، بـەڵام ئـەمڕۆ خـودای یـەهود فـەرمانی پێـدام سـەردانی بارەگاكـەت بكـەم و لێـت بپرسـم بۆچـی هـەموو ئیـسرائیلیە كۆیلـەكان دەگوازیتەوە بۆ پایتەخت؟

فیرعـەون بەسەرسوڕمانێكەوە پرسـی: تـۆ بـەچ شێوەیەك ئاگـاداری ئەمـە بویـت؟ تائێستا تەنها فەرمانڕەوای ئەم شارە ئاگاداری ئەم فەرمانەی منە، هەروەها كاهینی مەزنیش دەزانێت.

موسا وتی: ئەم بابەتە خودای یەهود پێی ڕاگەیاندم، هـەر لەبەرئەوەش هـاتون پرسیاری هۆكارەكەیت لێ بكەم.

فیرعـەون وتـی: ئەگـەر خـودای تـۆ ئاگـاداری ئـەوە بێـت دەمـەوێت كۆیلـە ئیـسرائیلیەكان بگوازمـەوە بـۆ پایتـەخت، ئـەی كەواتـە بۆچـی هۆكارەكەشـی پـێ ڕانەگەیاندیت، ئەگەر بتویستایە ئەوا لەخودای خۆت دەپرسی بەدڵنیاییەوە ئەویش دەزانێت.

PDF 4 KURD

موسا بەگوتەیەی فیرعەون زۆر دڵگرانبوو، چونکە گوتەکەی فیرعەون لۆجیکی بوو و پێویستی بەوە نەدەکرد بێت و هۆکارەکەی لەفیرعەون بپرسێت.

موسا وتی: تەنها فەرمانی خودای خۆم جێبەجێ دەکەم و کارم بەفەلسەفەی کار و پرسیارکردنەوە نیە، خوداکەم وتی: فیرعەون کۆیلە ئیسرائیلیەکانی لەپایتەختدا کۆکردووەتەوە، بڕۆ هۆکارەکەی لێ بپرسە، ئێستاش دەمەوێت وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەیتەوە، بۆچی؟

فیرعەون وتی: چونکە هاونەژادەکانت جگە لەدەردیسەری هیچ شتێکی تریان نیە پێشکەشی منی بکەن، سەروەت و سامانی خەڵکی تاڵان و پەلاماری چێشتخانەکانی ناوشار دەدەن، لەبەرئەوەش لەپایتەختدا کۆم کردونەتەوە بۆئەوەی بتوانین چاودێریان لێ بکەین.

موسا لێی پرسی: خۆم پرسیارێکت لێدەکەم.

فیرعەون وتی: بپرسە.

موسا وتی: بۆچی ڕێنادەیت ئەم ئاژاوەگێڕانە بڕۆن و تۆش خۆت لەنەهامەتیەکانیان ڕزگار بکەیت. پێم بڵێ بۆچی ئەو کارە ناکەیت؟

فیرعەون وتی: هەر ئەم کۆکردنەوەیە لەپایتەختدا پێشەکی دەرکردنی تۆیە لەمیسر، دان بەخۆتدا بگرە تا نۆرەی قۆناخی دووەمیش دێت.

موسا لێی پرسی: تا کەی دان بەخۆمدا بگرم؟

فیرعەون وتی: هەر دوانزە خێڵەکەی تۆ هەریەکەیان خواستێکی جیاوازیان هەیە، دەبێت ئەم خواستانە دەستنیشان بکرێن، دوای ئەوە میسر بەجێ بهێڵن.

موسا وتی: لەوەیاندا لایەنگریت دەکەم کە هەر دوانزە خێڵەکەی ئیسرائیل خواستێکی جیاوازیان هەیە، بەڵام لەسەروی ئەمانەوە هەمویان ئارەزویەکیان هەیە، ئەویش بەجێ هێشتنی میسرە. ئەگەر تۆ ڕازی بیت بەوەی میسر بەجێ بهێڵن، ئەوا گرفتەکانیشیان لەناو دەچن.

فیرعەون وتی: لەمبارەیەوە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆک خێڵەکاندا دەکەم، ئەگەر هەموویان ڕازی بون بە بەجێ هێشتنی میسر، ئەوا تۆ ڕاست دەکەیت.

PDF 4 KURD

بۆ بەیانیەکەی بەفەرمانی فیرعەون لەدەرەوەی پایتەختدا شوێنێکیان بۆ کۆکردنەوەی خێڵی ئیسرائیل لە"کناریش"دەستنیشان کرد، بۆئەوەی هیچ نەبێ بۆماوەیەکی کاتیش بێت تێیدا نیشتەجێ بن.

ڕیش سپیەکانی خێڵی ئیسرائیل دڵگرانی ئەوە بون کە لەپایتەختدا کۆکراونەتەوە بۆیە بەدڵگرانیەوە پەلاماری"موسا"یان دا و بەدەنگێکی بەرز پێیان وت: بارودۆخی ئێمە بەهۆی تۆوە لەشارە بچوکەکان خراپتر بووە! بۆچی بەم داوایەت ئێمەت دوچاری ئەم سەرئێشە و ئاوارەییە کردووە؟

موسا وتی: چ گرفتێکتان هەیە؟

ئیسرائیلیەکانیش وتیان: لەئیسرائیلی خۆمان ئاسودەتر بووین، ئێمە هەموو جرێك خۆراك و دانەوێڵەمان هەبوو، ئێستا دەبێت هەموو ڕۆژێك یەك جۆر خواردن بخۆین"پاقلە و ماسی هەرزان بایی".

موسا وتی: پێم دەڵێن ئێستا چیتان بۆ بکەم؟

ئەوانیش وتیان: زەوی بۆ کشتوکاڵ.

موسا وتی: گواستنەوەتان بۆ پایتەختی میسر ئەوە ناگەیەنێت کە ئێوە میسرین، ئەمە تەنها پێشەکیەکە بۆ دەرچونی ئێوە لەمیسر نەك نیشتەجێ بونتان.

نیشتەجێ بونی ئیسرائیلیەکان لەکەنار ڕوباری نیل بەپێچەوانەی تێڕوانینەکانی موسا زۆری خایاند و ئەوانیش ناچاربون دەست بەکشتوکاڵ کردن بکەن بۆئەوەی بەرهەمێکی زیاتر بەدەست بهێنن، ئەوان لەکەنار ڕوباری نیل نیشتەجێ بون و بارودۆخیان بەڕادەیەك باش بوو کە چیتر ئامادە نەبون پایتەخت بەجێ بهێڵن. کاتێکیش هەمویان کۆ بونەوە و پێیان وتن مەگەر ناتانەوێت میسر بەجێ بهێڵن؟ و چی بووە هۆی ئەوەی لێرە نیشتەجێ بن؟

ئیسرائیلیەکان وتیان: پێشتر حەزمان نەکرد بڕۆین، بەلاّم ئێستا بارودۆخمان بەوشێوەیەش خراپ نیە، بۆیە حەز دەکەین لێرە بمێنینەوە.

یەکێك لەکەسە بەتەمەنەکان وتی: ئەی موسا، ئێستا هەلومەرجمان لەڕابردوو جیاوازترە، لەڕابردوودا کۆیلە بووین، بەلاّم ئێستا خۆمان خاوەنی خۆمانین و زۆریش بەئاسودەیی دەژین و سەرقاڵی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین.

PDF 4 KURD

موسا وتی: سەرەڕای ئەو هەموو شتەش دەبێت میسر بەجێ بهێڵن و بڕۆن بۆ وڵاتی"کەنعان"، ئەمە فەرمانی"یەهوە"یە، چونکە هیچ کەسێك ناتوانێت سەرپێچی لەفەرمانەکانی بکات.

ئیسرائیلیەکان وتیان تۆ داوا لە"یەهوە"بکە ئێمە لەهەمان ئەم شوێنەدا جێگیر ببین.

موسا وتی: ئەوە فەرمانی خودایە، من ناتوانم بەخودا بڵێم چی بکات.

بەهەرحاڵ "موسا و نون"ڕێگای کێوی ڕوناکی کە زۆر لەوشوێنەوە دور بوو گرتەبەر و لەکۆتاییدا بڕیاردرا خێڵی ئیسرائیل لەمیسر دەربکرێن، دوای دەرچونیان ڕۆشتنە ناوچەیەك بەناوی"ئەریحا"کە دەکەوێت وڵاتی"کەنعان" و لەوێدا نیشتەجێ بون.

شاری بەناوبانگی"ئەریحا"کە لەچاخی بەردیندا دروستکراوە، دەکەوێتە باکوری"دەریای مردوو"وە و خێڵی ئیسرائیل بەزۆر دانیشتوانی ئەو ناوچەیەیان دەرکرد و خۆیان لەجێیاندا نیشتەجێ بون. ئەوکاتەی خێڵی ئیسرائیل شاری"ئەریحا"یان لەدانیشتوانی سەرەکی و خاوەنەکانی زەوت کرد، "موسا" چیتر لەژیاندا نەبوو، بەڵکو پیاوێك بەناوی"یوشع" ڕابەرایەتی ئەو خێڵەی گرتە ئەستۆ، ئەم"یوشع"ە بوو فەرمانی دا بەئیسرائیلیەکان هێرش بکەنە سەر شاری"ئەریحا"و داگیری بکەن و تێیدا نیشتەجێ بن.

ئایا "موسا و نون"دوای ئەوەی گەشتنە ئاوایی"مریان" چیان کرد، گەڕانەوە بۆ لای خێزانەکانیان یان نە لەمبارەیەوە هیچ زانیاریەکی ئەوتۆ نیە، ئەوەی باسکراوە ئەوەیە کە"موسا و نون"ڕۆشتون بۆ شاخێك بەناوی"کێوی موسا"، موسا"نون"ی لەبنار ئەو کێوەدا بەجێ هێشت و خۆی ڕۆشتە ناو ئەشکەوتێکەوە و هاواری کرد: ئەی"یەهوە"وەڵامم بدەرەوە بۆچی وەڵامم نادەیتەوە؟

لەوکاتەدا بیستی هەمان ئەو دەنگە پێی وت: هەرکاتێك ویستت گوێت لەدەنگم بێت دەبێت بێیت بۆ ئێرە. بڕۆ خێڵی ئیسرائیل لەژێر هەڕەشەی لەناوچاوندایە و بەمزوانە فیرعەون لەناویان دەبات.

فیرعەون گەڕایەوە بۆ لای کۆیلەکان و پەیامی خودای یەهودی پێڕاگەیاندن.

پـیـش سـپیەکانیش سەرپێچیان لەپۆشـتن کـرد و داوایـانکرد ماوەیـان بـدات تـا ئەوکاتـەی بـەروبومی کێڵگـەکانیان کۆدەکەنـەوە؛ دوای ئـەوە لەگـەڵ بەروبومـەکانیان میسر بەجێ دەهێڵن، بۆئەوەی هیچ نەبێت شتێکیان بۆ خواردن پێ بێت.

خێڵی ئیسرائیل هەر ئەوکاتەی ویستیان میسر بەجێ بهێڵن، ئاگاداری هەڕەشەی هێرشی سەربازەکانی فیرعەون بون، بەڵام زۆر لێیانـەوە دور بـوون کـە نەیانـدەتوانی تێرهاوێژێـشیان بکـەن، سـەرەڕای ئـەوەش ڕوبـاری"نیـل"یـش لـەخێرا ڕۆشـتندا هاواکاری کردن تـا سـەرئەنجام لەهەڕەشـەی لەناوچون ڕزگاریـان بـوو و بەوشـێوەی پێـشتر باسـکرا هێرشـیان کـردە سـەر شـاری"رایحـا" و داگیریـان کـرد و تێیـدا نیشتەجێ بون.

کۆتایی

ابو علي الكردي
www.iqra.forumarabia.com

PDF 4 KURD

ناوم"موتی"یە، هاوڕێی"ست"ی هاوسەری"ست هوس"[١]م کە بەفیرعەون بانگ دەکرێت، "ست"ە لەمیسردا بەو کەسانە دەوترێت کە پیس و نەفرەت لێکراون، بەواتا ئەو کەسەی کوڕ یان نەوەی ئەهریمەنە، بەڵام بۆچی فیرعەونەکان کە هەمیشە ناوی خوداکانیان لەخۆیان ناوە و هەڵگری ناوی خوداکان بون ناوی"ست هوس"یان لێ ناوە؟ چونکە شێوازی ئەم ناو لێنانە لەگەڵ ئەو ڕوداوانەی کە من دەمەوێت لێرەدا باسیان بکەم، هەروەها لەگەڵ پاڵنەر و هۆکاری نوسینی ئەم یادگاریانەدا پەیوەندیەکی زۆر بەهێزیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە کە ناچارم لێرەدا ئاماژەی پێبدەم. بۆ پەیبردن بەڕەگ و ڕیشەی ئەم ڕوداوانە پێویست بەوە دەکات کەمێك بگەڕێمەوە بۆ دواوە و ئەوەی لەزڕ دایکەکەم"موتی"ەوە بیستومە لێرەدا باسی بکەم. سەرەتا ئاماژە بەوە بدەم کە ناوی من لەناوی زڕدایکەکەمەوە سەرچاوە دەگرێت، لەڕاستیدا ئەو منی"بەکیپا"بانگ دەکرد، چونکە لەخۆشی خاوەنەکەیەوە ئەم ناوەی لێ ناوم، هەڵبەت بۆئەوەی بەهەڵەدا نەچن و وا نەزانن کە دایکم کەنیزەك بووە، دەبێت بڵێم ئەو-بەواتا موتی- خزمەتکار و یار و هاوڕێی پزیشکێکی پایەبەرز بووە کە چەندین قۆناخ و سەردەمی فەرمانڕەوایی فیرعەونەکانی بینیوە و ڕۆڵێکی گرنگیشی لە ژیانیاندا گێڕاوە. ئەو کەسەش"سینۆهە"ی زڕباوکی منە. ئەو ناوە بەواتا"سینۆهە" ئەویش زڕ دایکەکەی ئەو ناوەی لێناوە: "کیپا" ناوی دایکی هەمان ئەم"سینۆهە"یە بووە.....

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ (7000) دینار